كۆماری عێراق
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
بووژاندنەوەی کەلەپووری ئیسلامیی
- ٢٣ -

إقتران النيرين في مجمع البحرين

تەرجەمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی
مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی
محمد علی قەرەداغی

بەرگی چوارەم

چاپی یەکەم ١٤٠٧ ك ١٩٨٧ ز

کۆماری عێراق
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی
بووژاندنەوەی کەلەپووری ئیسلامی
- ٢٣ -

إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

ترجمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی
مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی
محمد علی قەرەداغی

بەرگی چوارەم

چاپی یەکەم ١٤٠٧ ك ١٩٨٧ ز

الجمهورية العراقية
وزارة الاوقاف والشؤون الدينية
إحياء التراث الاسلامي
- ٢٣ -

إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

تأليف

ملا رشيد بيگ بابان

تحقيق

محمد علي القرەداغي

الجزء الرابع

١٤٠٧هـ ١٩٨٧م

مجمع البحرين قصيدة حسان بن ثابت

رجام وایە لە خزمەت ملا سلاما ئەم شعرانە بە شعوری عربیانە تکا ئەکەم لە تەرجەمەی وەدیوانەکەوە ئەم جلدە .

بە خوێنی کافران تیغمان وە کو شیرە ، ئەگەر دوژمن لە جیهان لابدە وە ترسیرە .

ئەبارن ئەسپەکانمان بەشلی باران بە پێشکی توزی ئەسپ کەلەگەل داران .

ئەگەر رێی وە لە ئێمە وازبهێنن ، کە ئەصحابە کرام عمرە بهێنن لە بەیخا پەردەشک هەڵ ئەگیری

ئەگەر نا ئەگین صبر کەین گریە فیرابری تەڵیل بەرلای خوا عزیز بێ ، گەر بین فتح کە خوا بومان ئەکرێت .

خوا فەرمویە تی نار دوومە عبدێ ، کە حق گویە و دروا نا زانی کردە .

خوا فەرمویە کە ناردوم لەشکرێ بووت ، ئە ظفر کە لە بچی بیر پیشی ناو کووت .

هەموو روژی چو مە تیومان لە لای معمە ، شەرەچوونی یا هەجو یا خوشەرە بەرید .

ئا شڕدە کرد رسول اللە ئەگا مەجوو ، و یا مدح بکا یا یاریەی ئەدو .

هەرکە جبرئیلمان والە ناوا ، رسول روحی قدسە وکەس نیە ماوا .

رجام وایە من لای مەلا سلام ترجمەی بکا بە شعری بە تام

ئەم شعرە بێ تامانە ~~کەلای بە~~ یا خوا کرد خوی باقلی ئەمری

تاکا ئەم کانە دەبا

ئەمرو ویش دعوتم کرد مقصەدێکی وەرحق تو هەستە گوم ئەوە کە پێرسنا خوش بو لە خوا عز وجل طلب بکە کە
هدایتی دایکی ابو هریرە بدا پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم فەرموی خوایا دایکی ابو هریرە هدایت بدە بەو ئەسەری
دعای پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم بە دلخوشی لە خزمەتی چومە دەر کە گەیشتمە مالەوە و لە دەرگاکەوە نزیک
بومەوە گوێم لێ دەرگاکە داخرابو دایکم خشپەی پێی بیستم فەرموی ئەی ابو هریرە لە جێی خوت بوەستە
گوێم لە شلپەی شلپی ئاو بو غسلی کرد کراسەکەی لەبەر کرد و عجلەی کرد سەرپوشەکەی نەدا بەسەریا و دەرگا
کەکەی کردەوە لە دوای ئەوە فەرموی یا ابو هریرە اشهد ان لا اله الا الله و اشهد ان محمدا عبده و رسوله
گەرامەوە بو خزمەت پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم لە خوشیانا ئەگریام چومە خزمەتی عرضم کرد یا رسول الله مژدە بێ
خوا دعاکەی قبول کردی هدایتی دایکی ابو هریرەی دا پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم حمد و ثنای خوای کرد
قسەی خێری فەرمو عرضم کرد یا رسول الله لە خزمەت خوادا دعا بکە کە خوم و دایکم لای عبدی مؤمنی خوی
خوشەویست بکا ئەوانیشی بە ئێمە خوش بوێ پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم فەرموی خوایا ئەم عبدانی خوتە
کە ابو هریرە و دایکیەتی بە عبادە مؤمنی خوتت خوش بوێ لای ئەوانیش عبادی مؤمنی خوتت خوشەویست بکە
ئەمجا هیچ مسلمانێ نیە کە ناوی من ببیستێ یام ببینێ و منی خوش نەوێ؟

چ معجزەیێکی گەورە بو پیغمبر صلی الله تعالی علیه وسلم کە دەزانێ بە جرئەوی لە خوای طلب کرد خوا عز وجل عینی ئەوەی بو کرد
چ فضیلتێکی گەورە یە بو ابو هریرە رضی الله تعالی عنه کە بە طلبی ئەو خوی و دایکی نائل بون بە دعای خێری پیغمبر
صلی الله تعالی علیه وسلم کە ئێستە لە مشرق و مغربا یا هەر ئەم ژینە کەس پەیدا نابێ ناوی نەزانێ کە ناوی ابو هریرە رضی الله تعالی عنه
لە ورد و درشت و تا روژی قیامەت ناوی مبارکی ئەلێتی اسلاما و لە ئەوی مسلمانانا بە خێریا یادی باقیە
رضی الله تعالی عنه — لە دوای حصول نعمت حمد و ثنای خوا لازمە رجاکار بە خلق نشان ئەدا بە خصوص
بە خزمی احبابە ئەستینم دعای خێر بو مسلمانان ئەستینم و خوا ئەبێشێ ملا حسینی شوکارە
خزمی خوشیان لە ئەم هەموا ئەهلی اسلاما لە آفتی دنیا و آخرت محفوظ بکا امین بجاه خاتم
النبیین علیه صلاة تعد بلا الی یوم الدین امین ٥

خوایا وەکو ئەم مرکبە بەم کاغەزەدا بلاوە ئەبێتەوە ئەم دلی دڕە و دلی ئەوانی چەرزی بەو ئەوە
دلی رەوی منو ملا حسین خوشەویستی احبابی تو نوری ایمانی مسلمانتی بچرژێ امین
و ئەستا هیچ لا بە بو کاغەز و مرکبێت دەستە نەکەوی چ شتێکی بجا بیە ٥

٢٠٤ عن ابى بصرة — مجمع البحرين وصية النبي صلى الله تعالى عليه وسلم باهل مصر

٢٧١/١١٤٨ عن ابي ذر [رضي الله تعالى عنه] يقول قال رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم انكم ستفتحون ارضا يذكر فيها
القيراط فاستوصوا باهلها خيرا فان لهم ذمة ورحما فاذا رأيت رجلين يقتتلان في
موضع لبنة فاخرج منها قال فمر بربيعة وعبد الرحمن ابني شرحبيل بن حسنة يتنازعان
في موضع لبنة فخرج منها ٩/٤٢٥ وفي رواية ستفتحون مصر وهي ارض يسمى فيها
القيراط فاذا فتحتموها فاحسنوا الى اهلها فان لهم ذمة ورحما او قال ذمة وصهرا فاذا رأيت الخ

ابو ذر رضي الله تعالى عنه ئەفەرموێ پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم فەرمووی فتحی ئەوەیەك ئەكەن لە روایەتە
كەی ترا فتحی مصر ئەكەن كەلەوێدا قیراطی تیایە بەوە خەریدو فرۆشت ئەكەن دەرحق اهلی مصر خێر توصیە
بكەن بە یەكتری چونكی ئەوان لەگەل ئێوەدا عهد وپەیمانیان هەیە رحمیەت لەبەینمانا هەیە چونكی
دایكی اسماعیل كە هاجرە علیهما السلام لەوانە لە روایەتەكەی ترا ئەفەرموێ لەگەل ئەوانا پەیمانی زاوایەتی
خزمو زوریان هەیە چونكی دایكی ابراهیم علیه السلام كە حضرتی ماریە یە رضي الله تعالى عنها لەوانە كەچاوتان
پێ دەكەوێ كەدوو كەس بەسەر جێگەی خشتێ نزاعیانبوو لێی بچنە دەرێ ابوذر رضي الله تعالى عنه ئەفەرموێ
ربیعەو عبدالرحمن كوڕی شرحبیلم دی لەسەر جێگەی خشتێ نزاعیان كرد لێی هاتمە دەرێ.
پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم خەبەری دابەوەی مصر فتح ئەكرێ لەوێدا لەسەر جێگەی خشتێ نزاع ئەبێ عینی فەرموودەكەی
هاتە دی دوو معجزەی گەورە صدق رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم. خوارەوەی منورەكان رشكا
منورە لەرەدا لە قیبلی جلدت البحر یە فافهم.

فضائل اهل عمان بضم العين وتخفيف الثاني

٢٧٢/١١٤٩ ابو برزة [رضي الله تعالى عنه] يقول بعث رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم رجلا الى حي من
احياء العرب فسبوه وضربوه فجاء الى رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم فاخبره فقال
رسول الله صلى الله تعالى عليه وسلم لو ان اهل عمان اتيت ما سبوك وما ضربوك
٩/٤٢٦ ابو برزە رضي الله تعالى عنه ئەفەرموێ پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم پیاوێكی نارد بۆلای
عشیرەتێكی عرب [كە دعوەتیان بكات بۆ اسلامتی] جوێنیان پێدا و لێیان دا هاتەوە خدمت
پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم عرضی كرد پێغەمبەر صلى الله تعالى عليه وسلم فەرمووی ئەگەر بچیتایە بۆلای اهلی
عُمان نە جوێنیان پێ ئەدای نە لێیان ئەدای یعنی چونكی دلنەرمن گوێگرن لە حق.

تم ولله الحمد ١٤ / ١٢ / ٩٤٠ شهر ويليه السير والجهاد ان شاء الله تعالى
لانه من فضائله عليه الصلاة والسلام و فضائل اصحابه الكرام رضي الله تعالى عنهم اجمعين

فضائل الأنصار وسائر أصحابه

ـ عليه الصلاة والسلام ، وعليهم الرضوان ـ

١٠٧٣/١٩٦ ـ جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقـول : غزونـا مع النبي ـ ﷺ ـ وقد ثاب [أي : اجتمع ، أو رجع] معه ناس من المهاجرين ، حتى كثروا ، وكان من المهاجرين رجل لعّاب فكسع [ضرب] أنصاريا [سنـان بن وبرة] ، فغضب الأنصـاري غضبـا شـديـدا حتى تـداعـوا [استغاثوا بالقبائل يستنصرون بهم على عادة الجاهلية] وقال الأنصاري : يا للأنصار ! وقال المهاجري : يـا للمهاجـرين ! فخرج النبي ـ ﷺ ـ فقال : ما بال دعوى أهل الجاهلية ؟ ثم قال : ما شأنهم ؟ فأُخْبِرَ بكَسعة المهاجري الأنصاريَ . قال : فقال النبي ـ ﷺ ـ : دعوهـا فإنها خبيثـة وقال [نحو حب رمانك تقليدا للقزلجي[1] ـ رحمه الله ـ]عبدالله بن أُبي ابن سلول [لعنه الله] : أَقَدْ تداعوا علينا ؟ لئن رجعنا إلى المدينة ليخـرجنَّ الأعزُّ منها الأذلَّ [يريد النبي وأصحابه ـ عليه الصلاة والسلام ، وعليهم الرضوان] فقال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ألا نقتل يا رسول الله هذا الخبيث ؟ لعبـدالله . فقال النبيُّ ـ ﷺ ـ : لا ، (سـەکتـەی لـەطیفـە) يتحدث الناس : إنه كان يقتل أصحابه ! ح ـ ١٥/٦ . م ـ ١٧/١٠ .

(ئەگەر لە فەضائیلی قورئانا نووسرابێ لێرە مەینووسن)

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەررا

(١) مەبەستی لە (حب رمانك) ئەوەیە کە موضاف دووجار ئیضافە ناکرێ و کە شتێکی وا رووی دا ئیضافەی یەکەم (مولغا) ئەبێت و ، هەر لەم قسەیشەوە وەك نوکتە (عبدالله بن أبي) ی خستۆتە ئەو بابەو ، دەیەوێ بڵێ : ئیضافەی (عەبد) بۆ لای (الله) مولغایە ؛ چونکە ئـەگەر (عبـدالله) بوایـە مونـافیق نەئەبوو عەبدی (الله) ئەبوو !

ـ ﷺ ـ غەزامان کرد ، گەلێ موهاجیر کۆبوونەوە تا زۆر بوون ، لە ناو موهاجیرانا پیاوێکی گاڵتەکەریان بوو ، بە گاڵتەوە لە ئەنصارییێکی دا ، ئەو ئەنصاری‌یە زۆر تووڕە بوو تا بە عادەتی جاهیلی‌یەت هەرکەس بۆ موعاوەنەتی قەبیلەی خۆیی بانگ‌کرد . ئەنصاری‌یەکە وتی : ئەی ئەنصاری هاوار ! موهاجیرەکە وتی : ئەی موهاجیرین هاوار ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هاتەدەرێ فەرمووی : ئەمە چی‌یە بە هاواری ئەهلی جاهیلی‌یەت یەکتری بە هاوارتانەوە بانگ ئەکەن ؟ پرسی : چی بوە ؟ عەرزیان‌کرد : کە موهاجیرێك لە ئەنصارییێکی داوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەم عادەتی جاهیلی‌یەتە تەرك بکەن عادەتێکی پیسە .

عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول ـ لعنه الله ـ وتی : موهاجیران وایان لێ هات کە خەڵقمان بانگەکەنە سەر ! ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە ئەوی عەزیزو غاڵبە ـ یەعنی نەفسی خەبیثی خۆی ـ ئەوی کە ذەلیلە ، یەعنی پێغەمەرو ئەصحابی کە لە دنیاو ئاخیرەتا عەزیزن ـ لە مەدینە ئەکەنە دەرێ .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (یا رسول الله) ئایا ئەو خەبیثە نەکوژین ؟ فەرمووی : خەیر مەیکوژن ؛ چونکی خەڵق ئەڵێن : محەمەد ـ ﷺ ـ ئەصحابی خۆی ئەکوژێ ! [ئەووەختە هەرکەس بە قەومی خۆی ئەڵێ : ئەوە چۆن دینی ئەو قەبووڵ ئەکەن کە جوزئییێ حەرەکەتتان لێ صادر ببێ ئەڵێ : ئەمە مونافیقەو بەو بەهانە سەرتان‌و ماڵتان حەلاڵ ئەکا ، بەوە خەڵق ئەسڵەمێننەوە لە دینی ئیسلام] .

ئیبن‌و ئیسحاق لەم حەدیثە ئەوەی لێ زیاد کردوە کە : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری‌کرد ـ ﷺ ـ : ئەمر بکە بە

عوبادی کوڕی بیشر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بیکوژێ . فەرمووی : خەیر خەبەر بدە کە بار بکەن ، لە ساعەتێکا باریان کرد کە لەو ساعەتەدا باریان نەکردبێ . ئوسەیدی کوڕی حوضەیری بە خزمەت گەیی ، عەرزیکرد : بۆچی وا لە غەیری وەختی خۆیا ئەمرت کرد بکەونە رێ ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری دایێ . عەرزیکرد : (یا رسول) (أعز) تۆیو (أذل) ئەوە . ئەم حادیثەیە بە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵا گەیی ـ رضي الله تعالی عنه ، ولعن أباه ـ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) بیستوومە ئیرادەت وایە کە باوکم بکوژی لەو ناماقووڵی‌یە کە فڵتانوویەتی ، ئەگەر ئیرادەییکی وات هەیە ئەمرم پێ بفەرموو کەللەکەییت بێنمە خزمەت ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : مولایەمەتی لەگەڵ بکەو بەخۆشیی لەگەڵا رابوێرە . قسطلاني ـ ٣٧١/٧ .

وا پێ بە خەیاڵما کە لە فەضائیلی قورئانا ئەم حەدیثەم نووسیبێ . ئەم حەدیثە بە حەدیثی قەسطەلانی‌یەکەوە فەضلی عەبدوڵڵای کوڕی (ابن ابي) دەرەکەوێ .

فضائل أنس ابن مالك - رضي الله تعالى عنه -

١٠٧٤/١٩٧ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : دخل النبي - ﷺ - علينا ، وما هو إلا أنا ، وأمي ، وأم حرام - خالتي - فقالت أمي : يا رسول الله خويدمك ادع الله له ، قال : فدعا لي بكل خير ، وكان في آخر ما دعا لي به أن قال : أللهم أكثر ماله وولده وبارك له فيه . م - ٩/٣٩٠ .

تەرجەمە :

ئەنەس ئەفەرموێ - رضي الله تعالى عنه - : پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی هاتە ماڵی ئێمە من و ، دایکم و ، پووری دایکیم ئومموحەرام بووین ، کەسی تری لێ نەبوو . دایکم عەرزی کرد : (یا رسول الله) ئەمە خزمەتکارە بچکۆلەکەتە دۆعای بۆ بفەرموو . پێغەمەر - ﷺ - هەموو دۆعا یێکی خێری بۆ کردین ، لە ئاخری ئەو دۆعایانەدا کە بۆی کردین ئەوە بوو فەرمووی : خوایا ماڵ و ئەولادی = زۆربکە = .

١٠٧٥/١٩٨ - وعنه قال : جاءت بي امي - أم أنس - إلى رسول الله - ﷺ - وقد أَزَّرَتْني [صيره(كذا) اِزارا] بنصف خمارها . وردَّتني [من ردّى ، أي جعله (كذا) رداء] بنصفه ، فقالت : يا رسول الله هذا أُنيس ابني أتيتك به يخدمك ، فادع الله له ، فقال : أللهم أكثر ماله وولده . قال أنس - رضي الله تعالى عنه - : فو الله اِن مالي لكثير ؛ واِن ولدي وولد ولدي ليتعادّون على نحو المائة اليوم . وفي أخرى : وبارك له فيما أعطيته : وفي أخرى : فدعا لي رسول الله - ﷺ - ثلاث دعوات ، قد رأيت منها اثنتين في الدنيا ، وأنا أرجو الثالثة في الآخرة . م - ٩/٣٩٠

خ ـ ٩/ ١٩٠ .

ته‌رجه‌مه :

ئـه‌نه‌س ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئـه‌فه‌رمـوى : دايكم ـ دايكى ئه‌نه‌س ـ منى برده خذمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ نيوه‌ى سه‌رپۆشه‌كه‌ى خۆيى تێوه‌پێچام و نيـوه‌كـه‌ى تـرى دايـه‌وه بـه‌سـه‌رمـا وه‌ك ئيـزارو ريـدا ، عه‌رزى كرد : (يا رسول الله) ئه‌مه ئه‌نه‌سۆڵه‌يه هێناومه‌ته خذمه‌تت كه خذمه‌تت بكا ، دۆعاى له خذمه‌ت خوادا بۆ بكه . فه‌رمووى : خوايا ماڵى بۆ زۆر بكه‌و به‌ره‌كـه‌تى بۆ بخـه‌ره ئه‌وه‌وه كـه ئه‌يـدـه‌تىٰ . ئه‌نـه‌س فه‌رمووى : وه‌ڵلاهى ماڵم زۆره ، ئه‌ولادو ئه‌ولادى ئـه‌ولادم ئه‌مـڕۆ تا نزيكى صه‌د هه‌ڵه‌ژمێررێن .

له ريوايه‌ته‌كه‌ى ترا ئه‌فه‌رموێ : سێ دۆعاى بۆكردم ، دوانيانم دى له دنيادا ، ئومێدى ئه‌وى تريانم ـ سێيه‌مينيانم ـ هه‌يه له ئاخيره‌تا .

١٠٧٦/١٩٩ ـ وعنه قال : أتى عليَّ رسول الله ـ ﷺ ـ وأنا ألعب مع الغلمان ، قال : فسلم علينا ، فبعثني إلى حاجة ، فأبطأت على أمي ، فلما جئت قالت : ما حبسك ؟ قلت : بعثني رسول الله ـ ﷺ ـ لحاجة ، قالت : ما حاجته ؟ قلت : إنها سرٌّ ، قالت : لا تحدثنَّ بسرِّ رسول الله ـ ﷺ ـ أحدا . قال أنس : والله لو حدَّثتُ به أحدا لحدَّثتك يـا ثابت .

م ـ ٩/ ٣٩١ .

ته‌رجه‌مه :

ثابيتى به‌نانى له ئه‌نه‌سه‌وه [رضي الله تعالى عنه] ريوايه‌ت ئه‌كا : له ناو منالاَنا ياريم ئه‌كرد پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ته‌شريفى هات به‌لامانا ، ناردمى بۆ ئيحتياجێكى خۆى ، چووم و دره‌نگم پێ چوو بۆ لاى دايكم ، لێى پرسيم : بۆ وا دره‌نگت پێ چوو ؟ وتم : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ بۆ فرمانێكى

ناردم . پرسی : ئەو فرمانە چیە ؟ وتم : سیڕە ، فەرمووی : سیڕی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لای هیچ کەس مەڵێ . ئەنـەس بە ثـابیتی فەرمـوو : وەڵڵاهی (یا ثابت) ئەگەر لای هیچ کەسێکم بوتایە پێم‌ئەوتی .

سەلام لە بوچووك‌کردن سوننەتە .

سیڕی ئینسان ـ با خوصووص هی پیاوی گەورە ـ نابێ ئاشکارا بکرێ .

تەودیعی سیر بە منداڵ کە ئەمین بێ دروستە .

طەلەبی دوٓعا لە پیاوی صالح ، ئیجابـەتی طەلـەبەکـەی ئەگـەر دوٓعای دنیایی بێ دوٓعای بەرەکەتیشی عەلاوەکردن . . سوونەتە .

موعجیزەی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ کە ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ماڵ‌و منداڵێکی زوٓرو بە بەرەکەتی مەحفووظ بوون لە فیتنەی ئەو زەمانە ، بێ زەرەرو بێ قوصوور بوون بوٓ دین‌و دنیا ، دەوڵەتی دنیـا مەغـرووری نەکردن .

٢٠٠/١٠٧٧ ـ غيـلان بن جريـر قـال : قلت لأنس : أرأيت اسم الأنصار كنتم تسمّون به ، أمْ سمّاكمُ الله ؟ قال : بل سمّانا الله ـ عـز وجل ـ [قال الله ـ عـز وجل ـ : «والسـابقون الأولـون من المهاجـرين والانصار»[1] قال غيلان] : كنا ندخل على أنس فيحدثنا مناقب الأنصار ومشاهدهم ، ويقبل عليَّ أو على رجل من الأزد ، فيقول : فعل قومك يوم كذا وكذا ، كذا وكذا . ح ـ ١٤٠/٦ ، ن .

تەرجەمە :

غەیلانی کوڕی جەریر ئەفەرموێ : عەرزی ئەنەسم کرد ـ رضي الله تعـالى عنه ـ : خـەبەرم بـدەرێ ئیسمی ئەنصـارتان ئێـوە خـوٓتـان

(١) سوورەتی : تەوبە ، ئایەتی : ١٠٠ .

کردووتانە بە ناو بۆ خۆتان ، یاخۆ خوا ـ عز وجل ـ ناوی ناون ئەنصار ؟ فەرمووی : خوا ناوی ناوین ئەنصار ، لە قورئانا ئایەتی (دالّ) لەسەر ئەوە زۆرە . غەیلان ئەفەرموێ : ئەچووینە خدمەت ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەحثی مەناقیبو وەقایعی ئەنصاری بۆ ئەکردین ، رووی ئەکردە من ، یا رووی ئەکردە پیاوێ لە ئەزد ـ کە جەددی ئەعلای ئەنصارە ـ ئەیفەرموو : قەومەکەت کە ئەنصارە لە فلانو فلان رۆژا ئەوەو ئەوەی کردوە .

١٠٧٨/٢٠١ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كان يوم بُعاث يوما قدمه الله لرسول الله ـ ﷺ ـ ، فقدم رسول الله ـ ﷺ ـ [المدينة] وقد افترق مَلأهم ، وقتلت سَرَواتهم [أشرافهم] وجُرِحوا [وعن المستملي : وخرجوا] فقدمه الله لرسول الله ـ ﷺ ـ في دخولهم في الاسلام . ح ـ ٦/١٤٠ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : رۆژی بوعاث [کە جێیەکە بەقەد دوو میل لە مەدینەوە دوورە لەوێدا پێنج ساڵ لە پێش هیجرەتەوە شەڕێك لە بەینی ئەوسو خەزرەجا بوو .] رۆژێکە خوا ئەو رۆژەی بۆ پێغەمبەر ـ ﷺ ـ پێش خستبوو . پێغەمبەر ـ ﷺ ـ کە تەشریفی چوو بۆ مەدینە ئەوسو خەزرەج گەورەو ئەشرافیان کوژرابوون ، بریندارکرابوون ، یا لە مەدینە چوویوونە دەرێ ، خوا ئەو رۆژەی بۆ پێغەمبەر ـ ﷺ ـ کردبوو بە (مقدمه) کە ئەنصار داخڵی دینی ئیسلام ببن [چونکی هەموو کەللەڕەقو موتەکەببیرەکانیان نەمابوو کە دەعیەیان نەبێنێ موسوڵمان بن] .

١٠٧٩/٢٠٢ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قالت الأنصار يوم

فتح مكة ، وأعطى قريشا : والله إن هذا لهو العجب ! إن سيوفنا لتقطر من دماء قريش وغنائمُنا تُردُّ عليهم ! فبلغ ذلك النبيّ ـ ﷺ ـ فدعا الأنصار . قال : فقال : ما الذي بلغني عنكم ؟ وكانوا لايكذبون ، فقالوا : هو الذي بلغك . قال : أوَلا ترْضونَ أنْ يرجع الناس بالغنائم إلى بيوتهم ، وترجعون برسول الله ـ ﷺ ـ إلى بيوتكم . لو سلكتِ الأنصار واديا أو شعبا لسلكت وادي الأنصار أو شِعبهم .
ح ـ ٦/١٤١/٣٩٩ . م ـ ٥/١٠/ن ، ت .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ڕۆژی[1] فەتحی مەککە کە غەنائیمی حونەینی تەقسیم کرد هەمووی دا بە (مؤلفةِ القلوب)ی قورەیش بەشی ئەنصاری لێ نەدا ، ئەنصار لە ناو خۆیانا وتیان : ئەمە شتێکی سەیرە ! شیرەکانمان ئێشتا خوێنی قورەیشی لێ ئەتکێ ، کەچی غەنیمەتەکانمان ئەدرێ بە قورەیش ، ئەم قسەی ئەنصارە بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەییەوە بانگی کردنە حوزووری خۆی .
ئەنەس فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموون : ئەو قسەیە چی یە کە دەرحەق ئێوە بە من گەییوە تەوە ؟ ئەوانیش درۆیان نەدەکرد ، فەرموویان : ئەوەیە کە پێت گەییوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئێوە بەوە رازی نابن کە خەلْق ماڵی تالانیی بەرێتەوە ماڵی خۆی ، ئێوە (رسول الله) ـ ﷺ ـ بەرنەوە بۆ ماڵی خۆتان ؟ ئەگەر ئەنصار بچنە بیابانێ یا ناو شاخێکەوە من ئەچمە ئەو ناو شاخ و بیابانە کە ئەنصاری چوونێ .

(١) مەبەست لە ڕۆژی فەتحی مەککە دەبێ ساڵی لێ بگیرێ ، چونکە بەشکردنی غەنائیمی حونەین دوو مانگە دوای ئەو ڕۆژە بوە .

٢٠٣/١٠٨٠ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما كان يوم حنين اِلتقى [النبي ـ ﷺ ـ و] هوازن ، ومع النبي ـ ﷺ ـ عشرة آلاف والطلقاء [وهم الذين منَّ عليهم النبيّ ـ ﷺ ـ يوم فتح مكة ؛ فلم يأسرهم ولم يقتلهم منهم : ابو سفيان ، وابنه معاوية ، وحكيم بن حزام] فأدبروا . قال : يا معشر الأنصار ! قالوا : لبيك يا رسول الله وسعديك ، لبيك نحن بين يديك . فنزل النبي ـ ﷺ ـ فقال : أنا عبدالله ورسوله . [وفي أحمد : فأخذ كفا من تراب ، وقال : شاهت الوجوه] فانهزم المشركون . فأعطى الطلقاء والمهاجرين ، ولم يعط الأنصار شيئا فقالوا [ما في الحديث الأول] فدعاهم ، فأدخلهم في قبة ، فقال : أما ترضون أن يذهب الناس بالشاة والبعير وتذهبون برسول الله ـ ﷺ ـ ؟ [فقالوا : بلي يا رسول الله . أخرى] فقال النبي ـ ﷺ ـ : لو سلك الناس واديا وسلكت الأنصار شعبا لاخترت شعب الأنصار . ح ـ ٦/٣٩٩ . م ـ ٥/١١ .

تەرجەمە :

کە ڕۆژی حونەین بوو پێغەمەر ـ ﷺ ـ و هەوازین مولاقاتیان بوو بۆ حەرب پێغەمەر ـ ﷺ ـ دە هەزار [لە موهاجیرو = ئەنصار= و [ئەو] بەرەڵڵا کراوانە کە لە غەزای فەتحی مەککەدا پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەفوی کردن ، نەیکوشتن ، نەیکردن بە ئەسیر ، ئەبوسوفیان و موعاویەی کوری و حەکیمی کوری حیزامیان لە ناوا بوو] لە خزمەتا بوو ، پشتیان هەڵکردو شکان . . . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ بانگی فەرموو : ئەی جەماعەتی ئەنصار ! جوابیان دایەوە فەرموویان : [لبيك يا رسول الله وسعديك ، لبيك نحن بين يديك] بەڵێ (یا رسول الله) لە خزمەتتاین حازرین ، ئەمر بفەرموو لە بەردەستتاین . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی دابەزیی [ومستێ

خۆڵی هەڵگرتو فەرمووی : (شاهت الوجوه) رووی کافران قەبیح و ناشیرین بێ] من عەبدی خواو رەسووڵی خوام . موشریکەکان شکان [شەش هەزار ژنو منداڵ ئەسیر بوون ، بیستو چوار هەزار وشترو چل هەزار مەڕ غەنیمە ت کرا] .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو غەنیمەتە عەظیمەی بەو فیراریانەو موهاجیر بەخشی . بەشی ئەنصاری لێ نەدا . ئەنصار [لە حیکمەتی موعامەلەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەگەیین] بەعزێ قسەیان کرد [فەرموویان : لە تەنگانەدا ئێمە بانگ ئەکرێین غەنیمەتیش ئەدرێ بە غەیری ئێمە] پێغەمەر ـ ﷺ ـ بردنیە ژێر قوبەیێکەوە ، فەرمووی : بەوە رازی نابن خەڵق مەڕو وشتر بەرێو ئێوە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ببەن ؟ عەرزیان کرد : بەڵێ (یا رسول الله) رازین .

[لەم فەرموودەی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ چە شەرەفێکی گەورەی تیایە بۆ ئەنصار ؟ . . .] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەگەر هەموو خەڵق بچنە دەشتێکەوەو ، ئەنصار بخرێنە دووتوێی شاخێکەوە ئیختیاری ئەو دوو توێی شاخە ئەکەم کە ئەنصاری ئەچنە = ناو = .

١٠٨١/٢٠٤ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جمع النبي ـ ﷺ ـ ناسا من الأنصار فقال : إن قريشا حديث عهد بجاهلية ومصيبة ، وإني أردت أن أجبرهم . وأتألفهم ، أما ترضون أن يرجع الناس بالدنيا وترجعون برسول الله ـ ﷺ ـ إلى بيوتكم ؟ قالوا : بلى . قال : لو سلك الناسُ واديا وسلكت الأنصار شعبا لسلكت وادي الأنصار ، أو شعب الأنصار ، [بالشك من الراوي] ح ـ ٣٩٩/٦ . ت . ن .

ئەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە دوای ئەوەی کە گلەیی ئەنصاری پێگەیی یەوە کۆیکردنەوە ، فەرمووی : قورەیش نۆ موسوڵمانن ، کەس و کاریان زۆر کوژراوە ، بە ماڵی دنیا برینیان ئەبرژێنمەوە ، رامیان ئـەکەم . . . . . بەوە رازی نابن . . . الخ .

١٠٨٢/٢٠٥ ـ عن عبدالله بن زيد بن عاصم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : ما أفاء الله على رسوله ـ ﷺ ـ يوم حنين قسم في الناس ، في المؤلّفة قلوبهم ، [أُناس أسلموا إِسلاما ضعيفا ، منهم أبو سفيان و . . . راجع قسط ـ ٣٩٦/٦] ولم يعط الأنصار شيئا ، فكأنهم وجَدوا إِذ لم يُصبِهْم ما أصابَ الناسَ ، فخطبهم ، فقال : يا معشر الأنصار ألم أَجدكُم ضلالا فهداكم الله بي ؟ وكنتم متفرقين فألّفكم الله بي ، وعالة [فقراء] فأغناكم الله بي ؟ كلما قال ـ ﷺ ـ شيئا قالوا : الله ورسوله أمنُّ . قال : ما يمنعكم أن تجيبوا رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ قال : كلما قال شيئا قالوا : الله ورسوله أمنّ . قال : لو شئتم قلتم : جئتنا كذا وكذا .

[وفي حديث أبي سعيد فقـال : أما والله لـوشئتم لقلتم فصدَّقتُم وصُـدِّقتم : أتيتنا مكـذَّبا فصـدَّقناك ، ومخـذولا فنصرنـاك ، وطريـدا فآويناك ، وعائلا فواسيناك .

وزاد أحمد من حديث أنس : قالوا : بل المنّة لله ولرسوله .] ألا ترضون أن يذهب الناس بالشاء والبعير ، وتذهبون بالنّبي ـ ﷺ ـ إلى رحالكم ؟ لولا الهجرة لكنت امرأً من الأنصار . ولو سلك الناس واديا وشعبا ، لسلكت وادي الأنصار وشعبها . والأنصار شعار [الثوب الذي يلي الجلد] والناس دثار [ما يجعل فوق الشعار] إنكم ستلقون بعدي أثرة [وبضم فسكون] . فاصبروا حتى تلقوني على الحوض . ح ـ ٣٩٦/٦ .

م ـ ٥/١٥ .

٢٠٦/١٠٨٣ ـ سميط عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : إفتتحنا مكة ، ثم إنا غزونا حنينا . قال : فجاء المشركون بأحسن صفوف رأيت . قال : فصفت الخيل ، ثم صفت المقاتلة ، ثم صفت النساء من وراء ذلك ، ثم صفت الغنم ثم صفت النعم . قال : ونحن بشر كثير قد بلغنا ستة آلاف ، وعلى مجنبة خيلنا خالد بن الوليد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : فجعلت خيلنا تلوي خلف ظهورنا ، فلم نلبث أن انكشفت خيلنا ، وفرَّت الأعراب ، ومن يعلم من الناس ، قال : فنادى رسول الله ـ ﷺ ـ : يا للمهاجرين ! يا للمهاجرين ! ثم قال : يا للأنصار ! يا للأنصار ! قال [سميط] : قال أنس : هذا حديث عميّة [شديدة ، عُمّيّة ، عمّيَة ، عمِّيَّة . أي : سمعته من أعمامي ، أي جماعتي وقومي] . قال : قلنا : لبيك يا رسول الله . قال : فتقدم رسول الله ـ ﷺ ـ قال : فأيم الله ! ما اَتيناهم حتى هزمهم الله . قال : فقبضنا ذلك المال ، ثم انطلقنا إلى الطائف ، فحاصرناهم أربعين ليلة ، ثم رجعنا إلى مكة فنزلنا ، فجعل رسول الله ـ ﷺ ـ يعطي الرجل المائة من الإبل . ثم ذكر باقي الحديث . م ـ ٥/١٢ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی زەیدی کوڕی عاصیم ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە خوا ـ عز وجل ـ لە غەزای حونەینا غەنیمەتی زۆری بەسەر پێغەمەرا ـ ﷺ ـ رژان . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو غەنیمەتەی هەموو دا بە (مؤلفة القلوب) ؛ چونکی نابەدڵ موسوڵمان بووبوون ، بەڵکە بە طەمەعی دنیا بکەون بە تەواوەتی لە کوفر واز بهێنن . لەو غەنیمەتە هیچی نەدا بە ئەنصار . بەوە وەك مەحزوون بین = وابوو = ؛ چونکی ئەو

قسمەتەی بە خەڵق گەیبوو بەوان نەگەیبوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ خوطبەی بۆ خوێنن ، فەرمووی : ئەی جەماعەتی ئەنصار ! بۆ من ئێوەم وا دەست نەکەوت کە گومڕا بوون و بە واسیطەی منەوە خوا هێنانیە سەر ڕێ ؟ بڵاو نەبوون و خوا بە واسیطەی منەوە کۆی کردنەوەو ئولفەتی خستەوە بەینتان ؟ بۆ فەقیر نەبوون و خوا بە واسیطەی منەوە دەوڵەمەندی کردن ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ هەر شتێکی بفەرمودایە ئەوان ئەیانفەرموو : خواو ڕەسوولی خوا منەتی زۆرترە .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆ جوابم نادەنەوە ؟ ئەوان هەر ئەیانفەرموو : خوداو ڕەسوولی بەمنەتترن . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەگەر هەوەستان بێنێ ئەڵێن : تۆ وا هاتی و ، وا هاتی . . . [ئەبو سەعید ئەفەرموێ : کە فەرمووی : قەسەم بە خوا هەوەستان بێنێ ئەڵێن ـ و ڕاست ئەکەن و تەصدیقیش ئەکرێن ـ : تۆ لە وەختێکا هاتیە لای ئێمە کە قورەیش تەکذیبیان ئەکردی و ئێمە تەصدیقمان کردی . هاتی یاریەدەرت نەبوو یاریەمان دایت ، بێ جێ و ڕێ بووی جێ و ڕێمان دایێ . فەقیر بووی موعاوەنەتمان کردی . وتیان منەت هەر هی خوایەو هی ڕەسوولی خوایە . یەعنی ئەوی ئێمە کردوومانە بۆ تۆ لە چاو ئەوەی کە بە واسیطەی تۆوە نائیلی بووین قەطرەییێکە لە بەحرێ . کە وابێ منەت هەر هی خوایەو هی رەسوولیەتی] .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ = فەرمووی = : ئێوە بەوە ڕازی نین کە خەڵق وشترو مەڕ بەرنە ماڵەوەو ئێوە پێغەمەر بەرنە ماڵەوە ؟ ئەگەر شەرەفی هیجرەت نەبوایە من پیاوێك ئەبووم لە ئەنصار . ئەگەر ئینسان بچنە دەشتێ یا دوو توێی شاخێ من ئەچمە ئەو دەشت و دوو توێی شاخە کە ئەنصاری چوونێ . ئەنصار ئەو لیباسەن کە لەسەر گۆشتەوە لەبەر

ئەکرێ ، خەڵقی تر ئەو لیباسەن کە لە سەرەوە لەبەر ئەکرێ [یـەعنی ئەوان لە هەموو کەس لە من نزیکترن] ئەی ئەنصار لە دوای من تووشی ئەوە ئەبن کە خەڵقتان بەسەراتەرجیح ئەدرێ ، صەبر بکەن تا لەسەر حەوض ئێنە لام .

تەرجەمە :[1]

ئـەنـەس ـ رضي الله تعـالی عنـه ـ فـەرمـووی : مـەککـەمـان فەتح کرد ، لە دواییا غەزای حونەینمان کرد ، موشریکان لە حەربا کام صەف بۆ حەرب جوان بوو هێنایان ؛ سوارە صەفیان بەست ، لە دوای ئەوان ئەوانە کە شەرکەر بن صەفیان بەست ، لە پشت ئەوانەوە ژنان صەفیان بەست ، لە دوای ئەوانە مەرو بزن ، لە پشت ئەوانەوە وشترو گـاو گامێش ، ئێمـەیش خەڵقێکی زۆر بـووین گەییبـووین بە شـەش هەزار[2] ، لە مەیمەنەی خەیلەکەمانەوە خالیدی کوڕی وەلیـدی لێ بوو ـ رضي الله تعالی عنه ـ خەیلەکەمان ـ سوارەکەمان ـ ئیحاطەی پشتەوەی دابووین بۆ موحافەظە ، زۆری پێ نەچوو سوارەکانمان شکان و ئەعراب فیراریان کرد ، لەگەڵ ئەوانەی کە مەعلوومن .

---

(۱) دانـەر ـ خ ـ حەدیثـەکانی (۲۰۵/۱۰۸۲ و ۲۰۶/۱۰۸۳)ی بـە یەکـەوە نووسی و دوایی بەرو دوا تەرجەمـەکەیانی نووسیـوە . ئەمـە تەرجـەمەی حەدیثی (۲۰۶/۱۰۸۳)یە .

(۲) لە حەدیثی : (۲۰۳/ ۱۰۸۰)دا فەرمووی : دە هەزار لە موهاجیرو ئەنصارو ئازادکراوەکانی مەکە لە خزمەت پێغەمەرا ـ د ـ بوون . لێرەدا تەنها شەش هەزاری فەرموو . ئەوەیشی زانراوێ ئەوەیە دە هەزارەکـە راستە . دەبێ راویی مەبەستی لای خۆیان ، یان ئەو بەشەی سوپاکە بێت کە ئەوی تێدا بوە . یان هەڵەیە لە راوی‌یەوە .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ بانگی فەرموو ئەی موهاجیرین ! ئەی ئەنصار ! دووجار بانگی فەرموون . سومەیط ئەفەرموێ : ئەنەس فەرمووی : ئەم حەدیثە حەدیثی قەومەکانمە ، یەعنی وا دەرەکەوێ خۆی حازر نەبووبێ لە هەموویا ، لە خزمانی بیستبێ . ئەنەس فەرمووی : وتمان : لە خذمەتتاین (یا رسول الله) پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێشکەوت : ئەنەس فەرمووی : نەچووینە طەرەفی دوشمنەکە تا خوا هەمووی شکانن . ئەو مالیاتەمان بەتالان گرت ، لە دواییا چووین بۆ طائیف چل رۆژ موحاصەرەمان داو ، گەڕاینەوە بۆ مەککەو دابەزین ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە تەنها پیاوێك صەد وشتری ئەدایێ . . . الخ .

١٠٨٤/٢٠٧ ـ عن رافع بن خديج ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أعطى رسول الله ـ ﷺ ـ [من غنائم حنين] أبا سفيان بن حرب ، وصفوان ابن أمية ، وعيينة بن حصن ، والأقرع بن حابس ، [وعلقمة بن عُلاثة . م في أخرى] كل إنسان منهم مائة من الأبل . وأعطى عباس بن مرداس دون ذلك فقال عباس بن مرداس :

أتجعل نهبي ونهب العبيـ ... د بين عيينة والأقرع

فما كان بدر ولا حابس ... يفوقان مرداس في المجمع

وما كنت دون امرئ منهما ... ومن يخفض اليوم لا يرفع

قال : فأتم له رسول الله ـ ﷺ ـ مائة . م ـ ٥/١٣ .

تەرجەمە :

رافیعی کوڕی خەدیجە ـ خوایان لێ رازی بێ ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە تەقسیمی غەنیمەتی حونەینی فەرموو ، بە ئەبو سوفیانو ، بە صەفوانی کوڕی ئومەییەو ، عویەینەی کوڕی حیصنو ، ئەقرەعی کوڕی حابیسو ، عەلقەمەی کوڕی عولاثەی صەدوشتر ، صەد وشتر عەطا

فەرموو . بە عەباسی کوڕی مەرداسی لەوان کەمتر دا . عەباسی کوڕی مەرداس ئەم شیعرانەی عەرزی پێغەمەر کرد - ﷺ - کە تەرجەمەی وایە :

تالآنی من و (عەبید)ی ئەسپم
لە سایەی خواو تۆ بوە بە کەسبم
لەوە عویەینەو ئەقرەعی حابیس
بەشیان زیاتر بێ و عەباس ناقیص
مەرداسی باوکم لە باوکی ئەوان
بۆچی کەمترە لە ناو پاڵەوان ؟
خۆ خۆیشم لەوان کەمتریم نی یە
ئیتر بەسەرما تەرجیحیان چی یە ؟
کە ئیمرۆ کەسێ سەری کەوتە ئەرز
مەحاڵە ئیتر بیکاتەوە بەرز

کە عەباس ئەم شیعرانەی عەرزی پێغەمەر کرد - ﷺ - پێغەمەر ﷺ - صەد وشتریشی بۆ ئەو تەواو کرد .

دروستە بۆ ئینسان مەدحی خۆی بکا کە خۆفی ببێ کە لە خەڵق بە کەمتر ئەناسرێ . سوننەتە بهێنرێتە مەرتەبەی خۆی .

۱۰۸۵/۲۰۸ - عن أنس - رضي الله تعالى عنه - أنه قال قدم علينا عبدالرحمن بن عوف ، وآخى رسول الله - ﷺ - بينه وبين سعد بن الربيع - رضي الله تعالى عنهما - وكان كثير المال . فقال سعد : قد علمت الأنصار أني من أكثرها مالا ، سأقسم مالي بيني وبينك شطرين ، ولي اِمرأتان ، فانظر أعجبهما اليك فأطلقها ، حتى إذا حلّت تزوجتها ! فقال عبدالرحمن : بارك الله لك في أهلك [ومالك] أين سوقكم ؟ فدلّوه على

سوق بني قَيْنُقاع [فما انقلب . اخرى] فلم يرجع يومئذ حتى أفضل شيئا من سمن واَقِط ، فلم يلبث اِلا يسيرا حتى جاء رسول الله ـ ﷺ ـ وعليه وَضر [لطخ] من صفرة [أي صفرة خلوق . والخلوق : طيب يصنع من زعفران ونحوه] فقال له رسول الله ـ ﷺ ـ : مهيم ؟ [أخبرني ما هذا ؟] قال : تزوجت امرأة من الأنصار . فقال : ما سقت فيها ؟ قال : وزن نواة من ذهب ، أو نواة من ذهب . فقال : اَوْلِمْ ولو بشاة . ح ـ ٦/١٤٤ ، ٢٢٦ . وفي البيع ، والوليمة .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە هیجرەتا عەبدورەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هات بۆ مەدینە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە بەینی ئەوو سەعدی کوڕی رەبیعا ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەستە برایەتی پێ گرتن . سەعد ماڵی زۆر بوو ، بە عەبدورەحمانی فەرموو : ئەنصار ئەزانن کە لە هەموویان دەوڵەمەنترم ، ماڵەکەم تەقسیم ئەکەم لە بەینی من و تۆدا بە نیوەیی . دوو ژنیشم هەیە تێیان فکرە کامیانت لا باشتر بێ بۆت تەڵاق بدەم ، کە عیددەی چوو مارەی بکە !

عەبدورەحمان فەرمووی : خوا بەرەکەت بخاتە ماڵ و مناڵتەوە ، بازاڕتان لە کوێیە ؟ بازاڕی قانیقاعیان پێ نیشان دا ، تەشریفی چوو ، نەگەڕایەوە تا بەعزێ کەشك و رۆنی قازانج کرد . ئەوەندەی پێ نەچوو تا هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بۆنی خۆشی عەطری لێ ئەهات . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : [دیارە شتێکت کردوە وا بۆنی خۆشت لێ بێ] چی یە ؟ عەرزی کرد : ژنێکم لە ئەنصار هێناوە . فەرمووی : چیت کردوە بە مارەیی ؟ عەرزی کرد : بە قەد دەنکی خورمایێ لە ئاڵتوون ، یا

فەرمووی : دەنكێ ئالتوونم كردوە بە مارەیی ، پێغەمەر - ﷺ -
= فەرمووی = : با مەڕێكیش بێ بۆی بكە بە چێشتی شایی .

برادەری دینی ی ئەبێ فەرقی لەگەڵ نەفسی خۆی نەكرێ ، هیچ شتێكی لێ درێغ نەكرێ ، ئەویش بۆ ئەوی تر ئەبێ وابێ .

ئینسان بێ زەروورەت باری خۆی نەخاتە سەر برای دینی ی .

ئینسان سوننەتە تا پێی بكرێ لە كەسبی خۆی بخوا .

كاسبی سوننەتە .

قازانج دروستە .

ئینسانی (مقتدر) سوننەتە ژن بێنێ ، شایی بۆ بكا ، عەطرو مەطر لە خۆی هەڵسوێ .

عەقدی (اخوة) لە شیعاری پێغەمەرە - ﷺ - .

١٠٨٦/٢٠٩ - عن جابر بن عبدالله - رضي الله تعالى عنهما - قال : فينا نزلت : «إذ همَّتْ طائفتان منكم أن تفشلا ، والله وليهما»[1] بنو سلمة ، وبنو حارثة . وما نحب أنها لم تنزل ؛ لقول الله : «والله وليهما» م - ٤١٢/٩ . ح - ٢٨٥/٦ . واللفظ لمسلم .

تەرجەمە :

جابیر = كوڕی عەبدوڵلا = - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : ئەم ئایەتەی ئالی عیمران كە مەعنای وایە : «كە دوو طائیفە لە ئێوە قەصدیان وا بوو كە بترسن و هەڕاكەن ، خوا دۆستی ئەو دوو طائیفەیەو سەرداریانە»[2] ئەو دوو طائیفە بەنو سەلەمەو ، بەنو حاریثەیە . حەزمان

---

(١) سوورەتی : (آل عمران) ئایەتی (١٢٢)

(٢) دانەر - خ - مانای (نزلت فینا)ی لەبیر چوە . دەبوو بینووسیایە : - دوای سەرداریانە - «لە ئێمەدا هاتە خوارەوە» .

نەئەکرد کە نازڵ نەبوویایە ؛ چونکی ئەوەی تیایە کە خوا دۆستی ئەوانەو سەرداریانە . ئەگەر چە ئەوەی تیایە کە ئێمە قەصدی فیرارمان کرد . ئەمما چونکی نەمان هێنایە جێ خوا ئەم ئایەتەی نازڵکرد کە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە بەوە موئاخەذەمان ناکاو بوویشە بە (محب)و سەردارمان .

لە غەزای ئوحودا پێغەمەر ـ ﷺ ـ هەزار کەسی لە خذمەتا چوو ، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی = کوڕی = سەلوول لە رێ لەگەڵ سێیەکی لەشکرەکەدا گەڕانەوە ، وتیان : بۆ بە خۆڕایی خۆمان بدەین بەکوژ . بەنو سەلەمە لە خەزرەجو ، بەنو حاریثە لە ئەوس ، ئەوانیش تەمایان بوو شوێن ئەو مونافیقە بکەونو بگەڕێنەوە . خوا لەوە حیفظی کردنو ئەباتیان کرد . موشریکان ئەو رۆژە سێ هەزار بوون .

١٠٨٧/٢١٠ ـ عن زيد بن أرقم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : اللهم اغفر للأنصار ، ولأبناء الأنصار ، وأبناء أبناء الأنصار . م ـ ٤١٢/٩ .

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی ئەرقەم ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوایا لە ئەنصار خۆش ببی ، لە کوڕانی ئەنصاریش خۆش ببی ، لە ئەبنای ئەبنای ئەنصاریش خۆش ببی .

١٠٨٨/٢١١ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ حدَّث أن رسول الله ـ ﷺ ـ إستغفر للأنصار ، وأحسبه قال : وللذراري الأنصار . ولموالي الأنصار . لا أشك فيه . م ـ ٤١٢/٩ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ

ئیستیغفـاری بۆ ئـەنصار کـرد . ئیسحاقی کـوڕی عەبـدوڵڵای کـوڕی ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : وا بزانم کـە ئەنـەس فەرمووی : کە ئیستیغفاری بۆ ذورریيەتی ئەنصاریش کرد . فەرمووی : بۆ مەوالی ی ئەنصاریشی کرد ، لەوەدا شکم نی یە . خوڵاصە ئیسحاق سێ شت لە ئەنەسی مامیەوە ریوایەت ئەکا ، لە یەکێکیانا کە ذورریيەتە شکی هەیە ، لە دوانیانا شکی نیە کە ئەنەس ریوایەتی کردوە .

١٠٨٩/٢١٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـال : قالت الأنصار [للنبي ـ ﷺ ـ أخرى] : أقسم بيننا وبينهم النخل ، قال : لا ، قال [الأنصار للمهاجرين] : تكفونا المؤنة وتَشْرَ كونا [ومن الافعال ، وبضمير جمع الغائب . منه] في التمر قالوا [أي المهاجـرون] : سمعنا وأطـعنـا . ح ـ ١٤٤/٦ . ح ـ ١٦٨/٤ . وفـيــه : بيـنـنــا وبــين إخواننا . ن .

تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەنصار عەرزی پێغەمەریان کرد : دارخورماکانمان لە بەینی ئێمەو موهاجیرینا بەش بکە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ [حەزی نەکـرد کە دارخـورماکـانیان لـە دەست بچێتە دەرێ] فەرمووی : خـەیر بـەشی ناکـەم . ئەنصـار ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بە موهاجیرەکانیان فەرموو : کە واێ بەخێوکردنەکەیمان لە کۆڵ بخەن و لە خورماکەیا شەریکمان بن ! مـوهاجیـرەکان فـەرموویـان : بەسەرچاو . (سمعا وطاعة) بیستمان و ئیطاعەتان ئەکەین .

١٠٩٠/٢١٣ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنـه ـ قـال : رأى النبي ـ ﷺ ـ النساء والصبيان مقبلين قال [عبدالعزيز] : حسبت أنه قال : من

عُرس [وفي النكاح : من عُرس . بلا شك] فقام النبي ـ ﷺ ـ ممثلا [متصبا قائما] ، [وفي النكاح : ممتنا] فقال : اللهم أنتم من أحب الناس إليّ . قالها ثلاث مرات . ح ـ ٦/١٤٥ . م ـ ٩/٤١٢ ، ليس فيه ثلاث مرات .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ چاوی کەوت بە چەند ژن و منالێ لە شایی ئەگەڕانەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە بەریان هەڵسا ، بە پێوە تەشریفی ڕاوەستا ، فەرمووی : خوایا [یەعنی شاهید بە] ئەی ئەنصار ئێوە لەوانەن کە لە هەموو کەسم لە لا خۆشەویسترن . سێ جاری وا فەرموو . لە موسلیما سێ جاری تیا نی یە .

١٠٩١/٢١٤ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاءت امرأة من الأنصار إلى رسول الله ـ ﷺ ـ ومعها صبي لها ، فكلمها رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : والذي نفسي بيده ! إنكم أحبُّ الناس اليّ مرتين . ح ـ ٦/١٤٥ . م ـ ٩/٤١٣ . ن . ليس فيه الصبي .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ژنێ لە ئەنصار هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ منالێکی لەگەڵ بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ قسەی لەگەڵ فەرموو ، لە دواییا فەرمووی : قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسم وا لە قەبضەی قودرەتیا ! ئێوە خۆشەویسترینی خەڵقن لە لای من . دووجار وای فەرموو . لە موسلیما بەحثی لە منالْ تیا نی یە .

١٠٩٢/٢١٥ ـ عن زيد بن أرقم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قالت الأنصار : يا رسول الله لكل نبي أتباع ، وإنا قد اتبعناك ، فادع الله أن يجعل أتباعنا منا ، فدعابها ، [قال عمرو بن مرة] فنميت ذلك إلى ابن أبي

لیلی ، قال قد زعم زید ذلك . ح ـ ٦/١٤٥ .

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی ئەرقەم ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەنصار عەرزی پێغەمەریان کرد ـ ﷺ ـ : کە هەر پێغەمەرێ تەبەعەی هەیە ، ئێمەیش تەبەعەی تۆین ، لە خـوا ـ عز وجـل ـ طەلـەب بفەرمـوو کە تەبەعەی ئێمەیش ، یەعنی سوێن‌خوارو عەبدو ئازادکراوی ئێمەیش لە ئێمە بن [یەعنی ئەوانیش ئەنصار بن ، پەیرەوی ئێمە کەن ، موعاوەنەتی دین بکەن ، ئەو شەرەفی بۆ ئێمە هەیە بۆ ئەوانیش ببێ] عەمری کوڕی مـوڕە ئەڵێ : ئـەم قسەی زەیـدەم بۆ ئیبن‌و ئـەبو لـەیـلا گێـڕایـەوە ، فەرمووی : زەید وا ئەڵێ .

١٠٩٣/٢١٦ ـ عن أُسيد بن حُضير ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنَّ رجلا من الأنصار قال : يا رسول الله ألا تستعملني كما استعملت فلانا ؟ قال : ستلقـون بعـدي أُثْـرة ، فـاصبـروا حتى تلقـوني عـلى الحـوض . ح ـ ٦/١٤٨ . م ـ ٩/٤١٣ ، م ـ ٨/٤٤ ، ن ، ت .

تەرجەمە :

ئوسەیدی کوڕی حوضەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمـووی : پیاوێ لە ئەنصار عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : (یا رسول الله) بۆ وەك فلان کەست لەسەر وەظیفە تەعیین فەرموە منیش بۆ بۆ وەظیفەیێ تەعیین ناکەی ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئێوە دوای من گەلێ کەس تووش ئەبن کە تەرجیحی غەیرتان بەسەرا بدەن ، ئەو وەختە صەبر بکەن تا لەسەر حەوضی کەوثەر بە من ئەگەن .

[(یا سیدي) حەوزی کەوثەر لای تۆیە ، رەنگە ئەم حەدیثەیشی تیا بێ (فانظر)] .

١٠٩٤/٢١٧ ـ عن يحى بن سعيد الأنصاري سمع أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ حين خرج معه إلى الوليد [بن عبدالملك بن مروان . . . . وكان أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قد توجه من البصرة حين آذاه الحجاج إلى دمشق يشكوه فأنصفه منه] قال : دعا النبي ـ ﷺ ـ الانصار الى أن يقطع لهم البحرين ، فقالوا : لا اِلاّ أن تقطع لاخواننا المهاجرين مثلها . قال : أمّا لا ، فاصبروا حتى تلقوني [على الحوض] فإنه سيصيبكم بعدي أُثرة . ح ـ ٦/١٤٨ . ح ـ ٥/٣٢٥ .

تەرجەمە :

ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی لە بەصرە ئەبێ ، حەججاج ئەذیەتی ئەدا ، ئەویش تەشریفی لە بەصرەوە هەڵەستێ ئەچێ بۆشام ، لای وەلید شکاتی حەججاجی لە لا ئەکا ، لەو سەفەرەدا یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنصاریی لە خدمەت ئەنەسا ئەبێ ، یەحیا ئەفەرموێ : ئەنەس فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەنصاری بانگ‌کردە خذمەت خۆی کە (بەحرەین) یان بۆ ببڕێتەوەو قەیدی کا لەسەریان ، عەرزیان‌کرد : (یا رسول الله) تا بۆ برادەرە موهاجیرینەکانیشمان ئەوەندەیان بۆ نەبریتەوە بۆ ئێمەی مەبڕەرەوە ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە هەر ئێیا ئەکەن‌و ناتانەوێ صەبر کەن تا لەسەر حەوز ئەگەنەوە بە من ؛ چونکی دوای من ئەگەنە ئەو زەمانە کە خەڵق بەسەر ئێوەدا تەرجیح ئەدرێ .

١٠٩٥/٢١٨ ـ عن أبي أُسيد الساعدي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ ﷺ ـ : خير دور الأنصار بنو النجار [من الخزرج] ثم بنو عبد الأشهل [من الاوس] ثم بنو الحرث بن الخزرج [من الاوس] ثم بنو ساعدة [من الخزرج] وفي كل دور الأنصار خير . فقال سعد : ما أُري

النبي ـ ﷺ ـ إلا قد فضل علينا ، فقيل : قد فضلكم على كثير . ح ـ ٦/١٤٦ ، ١٤٧ عن أبي حميد . م ـ ٩/٤١٤ ، ١٥ . عن أبي هريرة . ت . ن .

تەرجەمە :

ئەبو ئوسەیدی ساعیدیی ، ئەبو حەمیدی ساعیدیی ، ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بە بەعزێ فەرقی لەفظیی ریوایەت ئەکەن کە : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : چاکترینی مالآنی ئەنصار بەنونەججارە لە خەزرەج ، لە دوای ئەوان بەنوعەبدولئەشهەلە لە ئەوس ، لە دوای ئەوان بەنولحەرثی کوڕی خەزرەجی بچکۆلەیە لە ئەوس ، لە دوای ئەوان بەنوساعیدەیە لە خەزرەج . هەموو مالآنی ئەنصار خێریان تیا هەیە . سەعدی کوڕی عوبادە لەوە رقی هەڵسا فەرمووی : وا ئەزانم پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە تەفضیلی خەڵقی داوە بەسەر ئێمەدا . تەمای بوو بچێتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە لەو خوصووصەوە قسەی لە خزمەتا بکا ، پێیان‌وت : بۆ ئەوە چۆن لە خزمەتیا قسە ئەکەی ؟ ئەوەندەت بەس نی‌یە کە ئێوە لەو چوارەن کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناوی بردوون ؟ ئەوانی کە ناوی نەبردوون گەلێ زۆرترن . کە وابێ ئێوە بەسەر گەلێ خەڵقی ترا تەرجیح دراون .

أم سليم

١٠٩٦/٢١٩ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] عن النبي - ﷺ - قال : دخلت الجنة فسمعت خشفة ، فقلت : من هذا ؟ قالوا : هذه العميصاء بنت ملحان ، أم أنس بن مالك . م - ٣٣٦/٩ .

تەرجەمە :

پێغـەمەر - ﷺ - فـەرمووی : چـوومە بـەهەشتـەوە خشپەیێکم بیست ، پرسیم : ئەوە کێیـە ؟ وتیان : عـومەیصـایە کچی مـەلحان ، دایکی ئەنەسی کوڕی مالیکە .

١٠٩٧/٢٢٠ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : كان النبي - ﷺ - لايدخل على أحد من النساء إلاّ على أزواجه ، إلاّ أم سليم ، فإنه كان يدخل عليها . فقيل له في ذلك . فقال : إني أرحمها ، قتل أخوها معي . م - ٣٦٥/٩ . ح - ٦٤/٥ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - عادەتی وابوو غەیری ئەزواجی طاهیرات لای هیچ ژنێ نـەئەچـوو ، فەقـەط تەشـریفی ئـەچـوە لای ئـوممِ‌وسـولـەیم . لێیانپرسی ، فەرمووی : بەزەییم پیا یێ حەرامی برای لە وەقعەی بیری مەعوونەدا کوژرا لەگەڵ منا . [یەعنی لەگەڵ ئـەمرو ئیـطاعەی منـا ؛ چونکی پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی نەچوو بۆ بیئری مەعوونە (سهلە) کە ئوممو سولەیمەو دایکی ئەنەسەو ئوممِ‌وحـەرامی خوشکی - رضي الله تعالى عنهم - پووری پێغەمەر بوون - ﷺ - مەحرەمی بوون یا لە شیرەوە یا لە نەسەبەوە ؛ بۆیە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی ئەچوەماڵیان . ئەگەرچی خەڵوەتی ئەو لەگەڵ (أجنبیە) دا دروست بوە ؛ چونکی (لاينطق - أي ولا

يفعل ـ عن الهوى) هه‌موو حاڵ و حه‌ره‌كه‌و قسه‌فه‌رمووني هه‌مووی له‌ ژێر نه‌ظاره‌تی خوادا بوه‌ .]

له‌م حه‌دیثه‌دا ئیشاره‌ته‌ به‌مه‌ كه‌ خه‌ڵوه‌ت له‌گه‌ڵ (أجنبيه) ـ با هه‌ردوكیان له‌ صوڵه‌حا بن ـ حه‌رامه‌ ؛ چونكی جێی توهمه‌ته‌ .

[مه‌سئه‌له‌ی رابیعه‌ی عه‌ده‌وی‌یه‌و حه‌سه‌نی به‌صریی ـ رحمهما الله ـ نابێ به‌ ده‌لیل ؛ چونكی ئه‌وه‌ له‌ عولوومی باطینی‌یه‌ ، ئێمه‌ تێی ناگه‌ین] .

دروسته‌ خه‌ڵوه‌ت له‌گه‌ڵ مه‌حره‌ما .

ره‌حمه‌ت و ته‌واضوع و ته‌لطیفی فه‌لاكه‌ت‌زه‌ده‌ سوننه‌ته‌ .

(استثنا) له‌ (مستثنى) دروسته‌ (نووي)

١٠٩٨/٢٢١ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : أُريتُ الجنة فرأيت امرأة أبي طلحة . ثم سمعت خشخشة أمامي فإذا بلال . م ـ ٩/٣٦٦ .

ته‌رجه‌مه‌ :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ . . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : به‌هه‌شتم پێ نیشان‌درا ، ژنی ئه‌بو طه‌لحه‌م دی ، له‌ دواییا خشه‌خشێكم هاته‌گوێ ، كه‌چی بیلال بوو .

١٠٩٩/٢٢٢ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : مات ابن لأبي طلحة [رضي الله تعالى عنه] فقالت لأهلها : لا تحدثوا أبا طلحة بابنه حتى أكون أنا أُحدِّثُه . قال : فجاء فقرَّبت إليه عشاء ، فأكل وشرب ، فقال : ثم تصنعت له أحسن ما كانت تصنع قبل ذلك ، فوقع بها ، فلما رأت أنه قد شبع ، وأصاب منها قالت : يا أبا طلحة أرأيتَ لو أن قوما أعاروا عاريتهم أهل بيت فطلبوا عاريتهم ، ألَهُمْ أن يمنعوهم ؟ قال : لا . قالت : فاحتسب ابنك . قال : فغضب وقال : تركتيني حتى

تلطخت ثم أخبرتيني بابني ! فانطلق حتى أتى رسول الله ـ ﷺ ـ فأخبره بما كان . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : بارك الله لكما في غابر ليلتكما . قال : فحملت . قال : فكان رسـول الله ـ ﷺ ـ في سفر وهي معـه ، وكان رسول الله ـ ﷺ ـ إذا أتى المدينة من سفر لايطرقها طروقا ، فدنوا من المدينة ، فضربها المخاض ، فاحتبس عليها أبو طلحة ، وانطلق رسول الله ـ ﷺ ـ قال : يقول أبو طلحة : انـك لتعلم يارب اَنـه يعجبني أن اَخرج مع رسولك ـ ﷺ ـ إذا خـرج ، وأدخل معـه اِذا دخل ، وقـد احتبست بما ترى . قال : تقول أم سليم : يا أبا طلحة ما اَجِد الذي كنت اَجِد ، إنطلق فانطلقنا ، قال : وضربها المخاض حين قدما ، فـولدت غلاما ، فقالت اُمي : يا أنس لايرضعه أحد حتى تغدو به على رسول الله ـ ﷺ ـ .

فلما أصبح إحتملته ، فانطلقت به إلى رسول الله ـ ﷺ ـ . قال : فصادفته ومعه ميسم ، فلما رآني قال : لعـل أم سليم ولدت . قلت : نعم . فوضع الميسم . قال : وجئت به فوضعته في حِجره ، ودعا رسول الله ـ ﷺ ـ بعجوة من عجوة المدينة ، فلاكها في فيه حتى ذابت ، ثم قذفها في فِيّ الصبي ، فجعل الصبيُّ يتلمَّظها . قال : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : انظروا إلى حِبِّ الأنصار التمر . قال : مسح وجهه وسمـاه عبدالله . م ـ ٣٦٦/٩ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کوڕێکی ئەبوطەلحە کە لە ئومم و سولەیم بوو مرد ، ئومم و سولەیم ـ رضي الله تعالی عنها ـ بە کەس و کارەکەی فەرموو : خەبەر مەدەن بە ئەبو طەلحە کە کورەکەی مردوە تا خۆم خەبەری ئەدەمێ . ئەبوطەلحە هاتەوە ، ئومم و سولـەیم

شێوی بۆ دانا ، خواردیو خواردیەوە . لەوەپێش ئوممو‌سولەیم چۆن خۆیی ئەرازانەوە بۆ ئەبو طەلحە لەوە جوانتر خۆیی بـۆ جوان کـرد ، تا ئەبوطەلحە لەگەڵی دروست بوو . ئوممو‌سولەیم کە زانی ئەبو طەلحە تێری خواردو لەویش ئیحتیاجی ژنومێردیی هێنـایە جێ فـەرمووی : ئـەی ئەبوطەلحە خەبەرم بدەرێ : کە قەومێ شتێکیان بە ئەمانەت لای ئەهلو بەیتێ داناو لە دواییدا ئەو ئەمانەتەیان لێ ویستنەوە ئایا بۆیان هەیـە کە ئەمانـەتەکـەی نەدەنـەوە ؟ فـەرمـووی : خـەیـر . ئـوممو‌سـولـەیم پێی فەرموو : کە وابێ وابزانە کوڕەکەی تۆیش ئەو ئەمانەتەیە . [یەعنی صاحیبەکەی بردیەوە بۆ خۆی کە خوایە ـ عز وجل ـ] . ئەبوطـەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوە رقي هەڵسا ، فەرمووی : وازت لێ هێنام تا خۆمم پیس کردو لە دواییدا خەبەرت دامێ کە کوڕەکەم مردوە !

هەڵسا تەشریفی چـوو بۆ خـزمەت پێغـەمەر ـ ﷺ ـ خـەبەری موعامەلەی ئوممو‌سولەیمی عەرزکرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوا ئەو شەوی رابوردوەتان بۆ موبارەك بکا . ئەنەس فەرمووی : کە دایکی بەوە حامیلە بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە دوای ئەوە تەشریفی بۆ سەفەرێ چوو . ئوممو سولەیمیش لەو سەفەرەدا لەگەڵ ئەبو طولحە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە خزمەت پێغەمەرا بوو ـ ﷺ ـ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ عادەتی وابوو کە تەشریفی لە سەفەرێ عەودەتی بفەرموودایەوە بۆ مەدینە لە پڕ بە بێ خەبەر تەشریفی نەدەچوە ماڵێ . لە مەدینە نزیك بوونەوە ، ئوممو‌سولـەیم ژانی پیاهـات ، ئەبـوطەلحـەی لەسەر بەند بوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی موبارەکی رۆیی بۆ مەدینە . ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : یارەبی خۆ تۆ بۆ خـۆت ئەزانی کە وام لە لا خۆشە کە هەر وەختێ پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە

مەدینە بچێتە دەرێ منیش لە خزمەتیا بچمە دەرێ . کە ئەو تەشریفی داخڵی مەدینە بێ منیش لە خزمەتیا داخڵی مەدینە ببم [یەعنی هیچ لێی جوێ نەبمەوە] ئێستەیش بە واسیطەی ئەوەوە کە تۆ ئەیبینی من لێرە حەبس بووم و لە خزمەتیا نەچوومەوە . ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە ئەبو طەلحە ئەم موناجاتەی کرد ئوممو‌سولەیم وتی : (یا ابو طلحه) ئەو ژانەی کە پیاما هات نەم‌ما ، هەڵسە بکەوەرە رێ . هەردوکیان کەوتنە رێ ، لەو وەختەدا کە گەیینە مەدینە ژانی پیاهات و کوڕێکی بوو ، فەرمووی : ئەی ئەنەس هیچ کەس شیر نەدا بەم کوڕە تا سبەینێ ئەیبەیتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە رۆژ بۆوە کوڕەکەم هەڵگرت بردمە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە وەختێکا تەصادوفی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ کە ئەوی داغی حەیوانی پێ ئەکرێ بە دەستی موبارەکیەوە بوو حەیوانی پێ داغ ئەفەرموو . کە چاوی پێم کەوت فەرمووی : وا بزانم ئوممو‌سولەیم منداڵی بوە . عەرزم کرد : بەڵێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ داغەکەی دانا ، کوڕەکەم برد لە باوەشی موبارەکیا دام‌نا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەجوەی طەلەب کرد [کە چاکترینی خورمای مەدینەیە بردمانە خدمەتی و] جوی تا لە دەمی موبارەکیا توایەوە ، لە دواییا خستیە دەمی منداڵەکەوە ، منداڵەکە ملچەملچ دەستی کرد بە مژینی خورماکە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تەماشا بکەن ئەنصار چەندە حەز لە خورما ئەکەن ! ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستی موبارەکی هێنا بە سەرو چاوی منداڵەکەداو ناوی نا عەبدوڵلا .

ئەمجا تەماشای فەضیلەتی ئوممو‌سولەیم بکەین : لەگەڵ ئەمەدا

خۆی لەو وەختەدا جگەرپارەی وەفاتی کردبو چەندەی صەبر کرد تا ئەبوطەلحەی بە هەموو ئارەزووی خۆی نەگەیان خەبەری نەدایێ ؟ بە چە نەوعێ (تسلي) ئەبوطەلحەی دا : کە صاحیب ئەمانەت ئەمانەتی خۆیی بردۆتەوە حەقی ئەوەت نی یە لەبەرت گران بێ ؟ بەوە نائیلی دۆعاو بەرەکەتی پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ .

دۆعاکەی لای خوا قەبوولْ بوو ، هەر ئەو شەوە حامیلە بوو ، کوڕێکی عومردرێژی صاحیبی ئەولادی زۆری بوو ، ئەو کورەیشی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە تفی موبارەکی خۆی گۆشی کرد ، ئەووەلْ طەعامی ئەوە بوو ، ئوممووسولەیم ـ رضي الله تعالى عنها ـ نەیهێشت شیری کەسی بدرێتێ تا نەبرێتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

ئەبو طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ چەندە مولازیمی پێغەمەر بوە ـ ﷺ ـ ؟ بە تەمەنای ئەو لە حوزووری خوادا ـ عز وجل ـ بۆ خاتری ئەمە کە لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەجێ نەمێنێ خوا ـ عز وجل ـ چۆن ژانی ئوممووسولەیمی بردە دواوە تا گەیینە مەدینە ؟ ئەم خاریقی عادەتە کەرامەتە بۆ ئەبوطەلحەو موعجیزەیە بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

خۆجوانکردنی ژن بۆ مێردی سوننەتە ؛ چونکی ئەوە بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەیی و تەقریری فەرموون .

لە پێش شیردان بە منالْ بەخورماگۆشکردنی سوننەتە .

تەسەللی ئەهل و عەیال بە ئەحسەنی وەجهـ سوننەتە .

داغکردنی حەیوان بۆ نیشانە سوننەتە .

تەقدیمی (اهم) لە (مهم) سوننەتە .

دۆعاکردن بۆ فەلاکەتزەدە سوونەتە .

زانینی مالْ و منالْ بە موعامەلەی ژن ومێرد ـ بەو شەرتە لە جێیێکی

ترا بن ـ بەئسی نی یە .

۲۲۳ / ۱۱۰۰ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما كان يوم أُحد اِنهزم الناس عن النبي ـ ﷺ ـ وأبو طلحة بين يدي النبي ـ ﷺ ـ مجوِّبٌ به عليه بحجفة له [أي مترس به بترس] وكان أبو طلحة رجلا راميا شديد القدِّ [وتر القوس] يكسر يومئذ قوسين أو ثلاثا ، وكان الرجل يمر ومعه الجعبة من النبل فيقول ـ ﷺ ـ : أنثرها لأبي طلحة ، فأشرف النبي ـ ﷺ ـ ينظر إلى القوم ، فيقول أبو طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : يا نبي الله بأبي أنت وأمي لاتشرف يصيبك سهم من سهام القوم نحري دون نحرك ! ولقد رأيت عائشة بنت أبي بكر وأم سليم ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وإنهما لمشمرتان أرى خدم سوقهما [خلخال ساقيهما] تنقزان القُرب على متونهما تفرغانه في أفواه القوم ، ثم ترجعان فتملآنها ثم تجيئان فتفرغانها في أفواه القوم . ولقد وقع السيف من يدي أبي طلحة اِما مرَّتين وإمَّا ثلاثا [من النعاس .م] ح ـ ٦/١٥٦ . م . ٧/٤٦٥ . في الجهاد ، وفي غزوة أُحد .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە ڕۆژی ئوحود بوو خەڵق شکان پێغەمەریان ـ ﷺ ـ بە تەنها بەجێ هێشت [غەیری ئەبوبەکرو عومەرو عەلی و طەلحەو ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە بەردەمی پێغەمەرا بوو ـ ﷺ ـ قەڵغانێکی کردبوو بە سوپەر بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ تیرانداز بوو ژێی کەوانەکەی زۆر توند بوو ، ئەو ڕۆژە سێ قەوسی شکان .

پیاو بەوێدا رائەبوردن تیرکەشی پڕ لە تیریان پێ بوو پێغەمەر

ـ ﷺ ـ ئـەمری پێ ئـەفەرمـوون : تیرکـەشەکـانتان بـۆ ئـەبـوطـەلحـە هەڵبرێژن . پێغەمەر ـ ﷺ ـ خۆی بەرزکردەوە تەماشای موجاهیدەکانی ئەکرد ، ئەبو طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیفەرموو : (یا رسول الله) باوكو دایکم بە صەدەقەت بێ خۆت بەرز مـەکەرەوە مـەبادا تیـرێکی دوشمنەکانت لێ‌کەوێ ، سنگی من قەڵغانی سنگی تۆیە لە پێشتەوەیە ! ئەنەس ئەفەرموێ : حەزرەتی عائیشەو ئومموسولەیم دی ـ رضي الله تعالى عنها ـ قولیان لێ هەڵکردبوو خلخاڵەی پێیانیم ئەبینی ، کونـنـەیان لەسەر پشت بوو ئەیانکردە ناودەمی قەومەکەوە ، لە دواییدا ئەگەڕانەوەو کونەکانیان پڕەکردەوە ئەهاتنەوەو ئەیانکردە دەمی غەزاییەکـانەوە . ئەو رۆژە لە بەر وەنەوز چاوم پێکەوت دوو دەفعە یا سێ دەفعە شیر لە دەست ئەبوطەلحە کەوتەخوارێ .

١١٠١/٢٢٤ ـ عن أنس قال : دعا النبي ـ ﷺ ـ الأنصار خاصـة ، فقال : هل فيكم أحد من غيركم ؟ قالوا : لا إلا ابن أخت لنا [نعمان بن المقـرن . أحمـد] فقـال رسـول الله ـ ﷺ ـ : ابن أخت القـوم منهم .

ح ـ ١٣/٦ . م ـ ١٠/٥ . ن . ت .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : [کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ قسەی ئەنصاری پێگەیی‌یەوە لە غەزای حونەینا .] پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە خوصووصی ئەنصاری بـانگ‌کـرد ، فەرمـووی : هیچ غـەیرەتـان لە ناوایە ؟ عەرزیان‌کرد : خەیر تەنها خوشکەزاییکمـان لایە . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوشکەزای قەوم لەو قەومەیە . (وباقي الحديث كما سبق في فضائل الانصار) .

١١٠٢/٢٢٥ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال رسول

الله ـ ﷺ ـ وهو في مجلس عظيم من المسلمين : أُحدِّثكم بخير دور الأنصار . قالوا : نعم يا رسول الله ـ ﷺ ـ قال رسول الله ـ ﷺ ـ : بنو عبد الأشهل . قالوا : ثم من يا رسول الله ؟ قال : ثم بنو النجار . قالوا : ثم من يا رسول الله ؟ قال : ثم بنو الحرث بن الخزرج . قالوا : ثم من يا رسول الله ؟ قال : ثم بنو ساعدة . قالوا : ثم من يا رسول الله ؟ قال : ثم في كل دور الأنصار خير . فقام سعد بن عبادة مغضبا فقال : اَنحنُ آخر الأربع ؟ حين سمى رسول الله ـ ﷺ ـ دارهم ، فأراد كلام رسول الله ـ ﷺ ـ فقال له رجال من قومه : إجلس ! ألا ترضى اَنْ سمى رسول الله ـ ﷺ ـ داركم في الأربع الدور التي سمى ؟ فمن تُرك فلم يسم أكثر ممن سمي . فانتهى سعد بن عبادة عن كلام رسول الله ـ ﷺ ـ م ـ ٤١٥/٩ .

وفي حديث أبي اسيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ تقديم بني النجار على بني عبد الأشهل . وفيه : وبلغ ذلك سعد بن عبادة فوجد في نفسه ، وقال : خُلِّفنا فكنّا آخر الأربع ! اَسرِجوا لي حماري آتي رسول الله ـ ﷺ ـ . فكلمه ابن أخيه سهل فقال : اَتذهب لترد على رسول الله ـ ﷺ ـ ورسول الله ـ ﷺ ـ أعلمُ ؟ اَوَليس حسبُك اَن تكون رابع أربع ؟ فرجع ، وقال : الله ورسوله أعلمُ . واَمر بحماره فحلّ عنه . م ـ ٤١٤/٩ .

مەعنای مەقصوود رابورد[1] ، نە قەسطەلانی و نە نەوەویی ـ رحمهما

(١) مەبەستی لە (مەعنای مەقصوود رابورد) حەدیثی (١٠٩٥/٢١٨)ە ، وەك ئەم حەدیثە وایەو لەوێ تەرجەمەكەی نووسیوە . مامۆستا مەلا سەلامیش هیچی بۆ (تەوفیق)ەكە نەكردوە .

الله ـ قسەیان لە تەقدیمی بەنی نەججارو بەنی (عبد الأشهل) نەکردوە . مەلا سەلام ـ سلمه الله ـ قسەی لێ بکاو تەوفیق لە بەینیانا بکا . (وفقه الله) .

١١٠٣/٢٢٦ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : خرجت مع جرير بن عبدالله البجلي ـ رضي الله تعالى عنه ـ في سفر ، فكان يخدمني ، فقلت له : لا تفعل . فقال : إني قد رأيت الأنصار تصنع برسول الله ـ ﷺ ـ شيئا آليت أن لا أصحب أحدا منهم إلا خدمته . زاد ابن المثنى وابن بشار في حديثهما : وكان جرير أكبر من أنس . قال ابن بشار : أسنُّ من أنس . م ـ ٩/٤١٥ .

تەرجەمە :

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەفەرموێ : لەگەڵ جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلی ی بۆ سەفەرێ چوومە دەرێ ، جەریر خزمەتی ئەکردم ، پێم‌وت : وا مەکە . فەرمووی : ئەنصارم دی شتێکی گەورەیان ئەکرد بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ سوێندم‌خوارد : کە رەفیقایەتی هیچ ئەنصاریی ێ ناکەم ئیللا ئەبێ هەر خزمەتی بکەم . (ابن المثنى) ئەفەرموێ : جەریر لە ئەنەس گەورەتر بوو . ئیبن و بەششار ئەفەرموێ : جەریر لە ئەنەس بە عومرتر بوو .

گلی خوش‌بوی درحمام روزی[1] . . . الخ

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەساڵ خزمەتی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ .

(١) ئەمە بەشێکە لە چەند شیعرێکی شێخی سەعدی وا لە خوارەوە ئەو دواکەی دەنووسین :ـ

رسید از دست محبوبی بدستم
بدو گفتم که : مشکی یا عبیری ؟
که از بوی دلاویز تو مستم

أبو دجانة ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١١٠٤/٢٢٧ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالىٰ عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ أخذ سيفا يوم أُحد ، فقال : من يأخذ مني هذا ؟ فبسطوا أيديهم كل إنسان منهم يقول : أنا ، أنا . قال : فمن يأخذه بحقه ؟ فأحجم القوم ، فقال سماك بن خرشنة ـ أبو دجانة ـ ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أنا آخذه بحقه . قال : فأخذه ففلق به هام المشركين م ـ ٩/٣٧٧ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ شیرێکی گرت بە دەستەوە لە رۆژی ئوحودا ، فەرمووی : کێ ئەم شیرەم لێ وەرەگرێ ؟ هەموو دەستیان بۆ درێژ کرد ، هەموو ئەیانوت : من من . [ئەوەم هاتەوە فکر : موروویێکی زەردو ، سوورو ، سەوزو ، شینم هەڵدا . کێ ئەیگرێتەوە بۆ خۆی . . من ، من][1] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کێ بەو شەرتە وەری ئەگرێ کە حەقی بەجێ بێنێ ؟ خەڵق هەموو بێدەنگ بوون . سەماکی کوڕی خەرەشە ـ کە ئەبو دوجانەیە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من بەو شەرتە کە حەقی بەجێ بێنم وەری ئەگرم . ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : [پێغەمەر ـ ﷺ ـ شیرەکەی دا بە ئەبو دوجانە] ئەویش وەری گرت و کەللەی موشریکانی پێ لەت کرد .

بگفتا : من گولی ناچیز بودم
ولیکن مدتی با گول نشستم
جمال همنشین در من أثر کرد
وگر نه همان خاکم که هستم

(١) ئەمە وەك جۆرە یاریەکی کۆن بێت وایە ، گەلێکم پرسی هیچم دەربارەی دەست نەکەوت .

فضائل عبدالله بن عمرو بن حرام ـ والد جابر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ

١١٠٥/٢٢٨ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : لما كان يوم أُحد جيئ بـأبي مسجىً ، وقد مُثِّل به ، قـال : فأردت أن أرفـع الثوب ، فنهاني قومي ، فرفعه رسول الله ـ ﷺ ـ أو أمر به فرُفِعَ ، فسمع صوت باكية أو صائحة ، فقال : من هذه ؟ فقالوا : بنت عمرو ، أو أخت عمرو ، فقال : ولِمَ تبكي ؟ فما زالت الملائكة تظله بأجنحتها حتى رفع ! م ـ ٣٧٨/٩ .

وعنه قال : أُصيبَ أبي يـوم أُحد ، فجعلت أكشف الثـوب عن وجهه وأبكي ، وجعلوا ينهوني ، ورسول الله ـ ﷺ ـ لاينهاني ، قال : وجعلت فاطمة بنت عمرو تبكيه ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : تبكيه أو لا تبكيـه ، فـما زالت المـلائكـة تـظله بـأجنحتهـا حتى رفعتمـوه ! . م ـ ٣٧٨/٩ .

تەرجەمە :

جابيری کوڕی عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرمـوێ : باوکم لە ڕۆژی ئوحودا شەهیدکرا ، لووت و ، لێوو ، گوێیان کردبوو ، بە سەرداپۆشراویی هێنرایە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ سەترەکەم لەسەر لاداو گریام ، قەومەکەم نەهیان لێ کردم ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ نـەهی لێ نـەدەکردم . فـاطیمەی کچی عـەمر بـۆی ئەگـریا ، پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆی بگریی یا بۆی نەگریی تا هەڵتان گرت [لەو جێیەی کە لێی شەهید کرابوو] مەلائیکە بە باڵیان هەر سێبەریان بۆ ئەکرد !

گریان بۆ مردوو دروستە بە شەرتی خۆی . پێغەمەر ـ ﷺ ـ مەنعی

جابیری نەکرد . بە تەعریض مەنعی فاطیمەی کرد ؛ چونکی ئـەو بە دەنگی بەرز ئەگریا .

مەلائیکە سێبەر ئەکا بۆ شەهید تا لە مـەعرەکـە هەڵـەگیررێ .

عەیبی دنیایی مردوو شاردنەوە سونتەتە .

فضائل جُلَيْبيب ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١١٠٧/٢٣٠ ـ عن أبي برزة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبيَّ ـ ﷺ ـ كان في مغزى له ، فأفاء الله عليه ، فقال لأصحابه : هل تفقدون من أحد ؟ قالوا : نعم ، فلانا ، وفلانا ، وفلانا . ثم قال : هل تفقدون من أحد ؟ قالوا : لا . قال : لكني اَفقِد جليبيا ، فاطلبوه ، فطُلِب في القتلى ، فوجدوه إلى جنب سبعة قد قتلهم ، ثم قتلوه . فأتى النبيُّ ـ ﷺ ـ فوقف عليه . فقال : قتل سبعة ثم قتلوه ! هذا مني وأنا منه ، هذا مني وأنا منه . قال : فوضعه على ساعده ليس له سرير اِلاّ ساعدي النبي ـ ﷺ ـ . قال : فحفر له ووضع في قبره ، ولم يذكر غسلا . م ـ ٩/٣٧٩ .

تەرجەمە :

ئەبوبەرزە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە غەزاییێکا بوو [ناوی نەبراوە لە نەوەویدا] خوا تالآنی زۆری بەسەر پێغەمەرا ـ ﷺ ـ باراند ، لە ئەصحابی کیرامی پرسی : هیچ‌کەستان لێ کەم بۆتەوە ؟ عەرزیان‌کرد : بەڵێ فلآن‌و ، فلآن‌و ، فلآن . لە دواییدا فەرمووی : هیچ کەستان لێ ون‌بوە ؟ عەرزیان‌کرد : خەیر . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەمما من (جلیبیب)م لێ ون بوە . بچن بۆی بگەڕێن . تەشریفیان چوو لە ناو مەقتولەکانا بۆی گەڕان ، دۆزییانەوە ، لە تەنیشت حەوت کەسەوە راکشابوو . [کە خەبەریان دا بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ] پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوو بەسەر جولەیبیبەوە راوەستاو فەرمووی : حەوت کەسی کوشتوەو لە دواییا شەهیدیان کردوە . فەرمووی : ئەمە لە منەو من لەوم ، ئەمە لە منەو من لەوم .

ئەبوبەرزە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ جولەیبیی لەسەر هەردوو بازووی موبارەکی دانا تەختـنـەبوو کـە لە سەری دابنرێ غەیری ساعیدی سیمینی مـوبارەکی پێغـەمەر ـ ﷺ ـ . ئەبوبەرزە فەرمووی : قەبریان بۆ هەڵکەندو نایانە ناو قـەبرەکـەیەوە . ئەبوبەرزە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەوەی ذیکر نەکردوە کە شۆراوە یان نا .

شەهید نوێژی لەسەر ناکرێ . ناشۆررێ . بە جلی بەریەوە دفن ئەکرێ .

سکووت لە مەعرەضی بـەیانـا حەصـر ئەگـەیێنێ کە هـەر دفن ئەکرێو هیچی تر .

لە حەربا (تفقد)ی ئۆردوو لازمە .

مەدحو تەرغیبی پیاوی ئازا سوننەتە .

١١٠٨/٢٣١ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : خرج رسول الله ـ ﷺ ـ وعليه ملحفة منعطفا ، [متعطفا] [مرتـديا] بهـا على منكبيه ، وعليه عصابة دسماء [سوداء] حتى جلس على المنبر ، فحمد الله وأثنى عليه ، ثم قال : أما بعد : أيها الناس ، فإن الناس يكثـرون ، وتقل الأنصار حتى يكونوا كالملح في الطعام . فمن وُلِّيَ منكم أمرا يضر فيـه أحـدا أو ينفعـه فليقبـل من محسنهم ويتجـاوز عن مسيئهم . ح ـ ١٥١/٦ ت . ن . م ـ ٤١٣/٩ مختصرا .

تەرجەمە :

ئیبنو عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئـەفەرمـوێ : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ [لە مەرەضی وەفاتیا] تەشریفی هـاتەدەرێ بـەرماڵێکی دابـوو بـەسـەر شـانیـا مێـزەرێکی رەشی بـەسـەرەوە بـەستبـوو، لـەبــەر

ناساغی یەکەی ، هات تا تەشریفی لەسەر مینبەر دانیشت . حەمدو ئەنای خوای کرد ، لە دواییدا فەرمووی : ئەی ئینسانان خەڵق تا ییّ زۆر ئەبن [چونکە لە هەر چوار طەرەفەوە خەڵق ییّ ئیسلام ئەبن] ئەنصار کەم ئەبن [بەنیسبەت خەڵقەوە] تا وایان لیّ دیّ وەك خوێی ناوچێشتیان لیّ بیّ [یەعنی کەمە بن و تامی خەڵق خۆشە کەن] هەرکەسیّ لە ئێوە ئەی موهاجیرین ـ ئیشێکی وای پیّ سپێررا کە بتوانیّ زەرەرو نەفع بە خەڵق بگەیێنیّ ـ لە ئەنصار ـ لەوانەیان کە چاك بن چاکەکەیان لیّ قەبوول بکەن . تەجاوز لە خراپەی خراپەکانیان بکەن . یەعنی عەفویان بکەن .

١١٠٩/٢٣٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : إن رجلا [هو نفسه] أتى النبي ـ ﷺ ـ [قال : أتى رجل رسول الله] ـ ﷺ ـ فقال : يا رسول الله أصابني الجهد . فأرْسل إلى نسائه ، فلم يجد عندهن شيئا ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : ألا رجل يُضَيِّف هذا الليلة يرحمه الله ؟ فقام رجل من الأنصار [يقال له : أبو طلحة . م] فقال : أنا يا رسول الله . فذهب به إلى أهله ، فقال لامرأته : [أكرمي ضيف رسول الله ـ ﷺ ـ فقالت : ما عندنا اِلّا قوت صبياني ، فقال : هيئ طعامك ، وأصبحي سراجك ، ونومي صبيانك اِذا أرادوا عشاء . فهيأت طعامها واصبحت سراجها ، ونومت صبيانها . ثم قامت كأنها تصلح سراجها ، فأطفأته ، فجعلا يريانه أنهما يأكلان ، فباتا طاويين . فلما أصبح غدا إلى رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : ضحك الله الليلة ، أو عجب من فعالكما . فأنزل الله : ﴿ويؤثرون على أنفسهم ـ ولو كان بهم خصاصة ـ ومن يوق شح نفسه فأولئك هم المفلحون﴾[1] ح ـ ١٤٩/٦ . ت ، ن .] ضيف رسول الله

(١) سوورەتی : حەشر . ئایەتی : (٩)

ـ ﷺ ـ لا تدخريه [لاتمسكي عنه] شيئا . قالت : والله ما عندي إلا قوتَ الصبية ، قال : فإذا أراد الصبية العشاء فنوميهم ، وتعالي فأطفئْ السراج ، ونطوي بطوننا الليلة ، ففعلت ثم غدا الرجل على رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : لقد عجب الله ـ عز وجل ـ من فلان وفلانة ! فأنزل الله ـ عز وجل ـ : ﴿ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهم خصاصة﴾ ح ـ ٣٦١/٧ . ح ـ ١٤٩/٦ . م ـ ٣٣٦/٨ .

تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ ـ کە ئەبوهورەیرە خۆی بوە ـ ئەچێتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی ئەکا : (یا رسول الله) برسیمە ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردیە لای ئەزواجی طاهیرات هیچی لەلایان دەستنەکەوت کە بیدا بە ئەبوهورەیرە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کێ ئیمشەو ئەمە ئەکا بە میوانی خۆی وخوا مەرحەمەتی پێ بکا ؟ پیاوێ لە ئەنصاری ، ئەبوطەلحە ناو ، هەڵسا عەرزیکرد : (یا رسول الله) من . پیاوەکە ئەبوهورەیرەی بردەماڵەوە ، بە ژنەکەی فەرموو : ئەمە میوانی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ ئیکرامی میوانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بگرە ، هیچیان لێ پاشەکەوت مەکە . ژنەکەی پێی وت : وەڵلاهی غەیری شێوی مناڵەکان نەبێ هیچی ترمان نیە . ئەمری پێکرد : چرا داگیرسێنە ، طەعامەکەت حازر بکە ، مناڵەکان داوای شێویانکرد بیاننوێنە ، لە دواییا چراکە بکووژێنەرەوە . . . ژنەکەی وایکرد . ئەوانیش خۆیان لای میوانەکەیان وا دایە قەڵەم کە نانی لەگەڵ ئەخۆن ، نەیشیان ئەخوارد . ئەو شەوە هەموویان بێشێو سەریان نایەوە !

صبحەینێ ئەبوطەلحە چوە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : ئیمشەو خوا عەجایبی لە ئیشی ئێوە ما ! یا

فەرمووی : بە ئیشی ئێوە پێکەنی . خوا ئەم ئایەتەی نازڵکرد لە مەدحی ئەنصارا کە مەعنای وایە : «ئەنصار ـ ئەگەر چی خۆیشیان برسی و موحتاج بن ـ خەڵقی تر بەسەر خۆیانا تەرجیح ئەدەن ، خۆیان تەحەمولی ئەو برسێتی و ئیحتیاجی یە ئەکەن . هەرکەسێ لە خیسسەتی نەفسی مەحفوظ بێ ئەوانە ـ ئەوانەن کە فەلاحیان بوە» .

تەرجیحی موحتاج بەسەر خۆیا سونەتە .

باوك بۆی هەیە نەفەقەی ماڵ و منـاڵ بدا بە ئینسانی موحتاج .

ئیکرامی موسافیر سونەتە .

خوا ـ عز وجل ـ بە هیچ (متأثر) نابێ ، تا بە واسیطەی تەعەجوبەوە پێ بکەنێ . هەر شتێ لە ئایەتاو لە ئەحادیثا دەلالەت بکا لەسەر صیفەتێ کە مەحاڵ بێ بۆ خوا ـ عز وجل ـ وەك : رەحمەت ، تەعەجوب ، پێکەنین ، . . . موراد لەو صیفەتە مەبدەئی ئەو صیفەتە نی یە ، بەڵکو ئەو غایەتەیە کە لەو صیفەتەوە پەیدا ئەبێ ، کەسێ بەزەیی بە یەکێکا بێ چاکەی لەگەڵ ئەکا ، کەسێ تەعەجوبی لە ئیشێ بمێنێ چاك تەحسینی ئەکا ، بە پێی ئەوە موکافاتی ئەداتەوە . ئەگەر ئەو ئیشە ئیشێکی خراپ بێ تەقبیحی ئەکا ، ئیرادەی موجازاتی ببێ موجازاتی ئەدا .

ئینسان خۆی موعاوەنەتی کەسێکی پێ بکرێ خۆی بیکا ، پێی نەکرێ شەفاعەتی لای خەڵق بۆ بکا .

ئیطاعەی ئەمری مەشرووعی مێرد لەسەر ژن فەرزە .

۲۳۳ / ۱۱۱۰ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : مرَّ أبو بكر والعباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بمجلس من مجالس الأنصار ـ وهم

يبكون ـ فقال : ما يبكيكم ؟ قالوا : ذكرنا مجلس النبي ـ ﷺ ـ منا ، فدخل أحدهما على النبي ـ ﷺ ـ فأخبره بذلك . قال : فخرج النبي ـ ﷺ ـ قد عصب على رأسه حاشية برد . قال : فصعد المنبر ـ ولم يصعد بعد ذلك اليوم ـ فحمد الله وأثنى عليه . ثم قال : أوصيكم بالأنصار ؛ فإنهم كَرِشِي وعَيْبتي ، وقد قضوا الذي عليهم ، وبقي الذي لهم . فاقبلوا من محسِنهم ، وتجاوزوا عن مسيئهم . ح ـ ٦/ ١٥٠ . ن .

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەبوبەكرو عەبباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە لای مەجلیسێكی ئەنصارا تەشریفیان رابورد ، ئەنصار ئەگریان ، لێی پرسین : بۆچی ئەگرین ؟ عەرزیان كرد : ئەو مەجلیسەمان فكركردەوە كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەناومانا تەشریفی دائەنیشت [ئەترسین بەم ناساغی یە وەفات بكا ، ئەو مەجلیسە ون بكەین] عەبباس ، یا ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تەشریفی چوە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ . . ئەو قسەی ئەنصارەیان خەبەردا بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هاتەدەرەوە ، سەری موبارەكی پێچابوو بە كەناری بوردێ ، تەشریفی سەركەوتە سەر مینبەر ، دوای ئەو دەفعەیە ئیتر تەشریفی نەچوە سەر مینبەر ، حەمدو ئەنای خوای كرد ، لە دواییدا فەرمووی : ئەنصارتان پێ تەوصیە ئەكەم ؛ چونكی ئەنصاری چیكڵدانەی منن ، یەعنی قووتی منن ، خورجی سیرو مەتاعی نەفیسی منن . ئەو وەظیفەی لەسەریان بوو بەجێیان هێنا ، ئەو موكافاتەیان ماوە كە لازمە پێیان عەطا بكرێ ، چاكەی چاكیان قەبووڵ بكەن ، لە خراپەی خراپیان ببوورن .

ئەسەف بۆ فەوتی ئەهلی فەضل مەشرووعە ، بە پێی دەرەجەی

فەضیلەتەکەی .

تەوصیەی ئەهلی فەضل بە ئەربابی ئیقتیدار سونەتە . ریعایەتی حەقیان سونەتە .

١١١١/٢٣٤ ـ البراء [بن عازب] ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : أُهدِيتْ للنبي ـ ﷺ ـ حلَّةٌ [جبة من سندس ، وكان ينهى عن الحرير . م] حرير [أهداها له أكيدر دومة . م] فجعل أصحابه يَمَسُّونها ، ويَعجَبون من لينها . فقال : أتعجبون من لين هذه ؟ [والذي نفس محمد بيده ! مسلم] لمناديل سعد بن معاذ [في الجنة . أخرى] خير منها أو ألينُ .

ح ـ ١٥٢/٦ . م ـ ٣٧٦/٩ . [فيه وفي سعد بن عبادة قال الشاعر :

فإن يسلم السعدان يصبح محمد
بمكة لا يخشى خلاف المخالف

تەرجەمە :

بەرائی کوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : (اکیدر)ی (دومة) جبەیێکی سوندوسی بە هەدیەیە نارد بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو وەختانەیشا نەهی لە ئاوریشم ئەکرد . ئەصحابی کیرام ـ رضي الله تعالى عنهم ـ دەستیان لێئەداو تەعەجوبیان لە جوانیو نەرمیی ئەکرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عەجایەبتان لە نەرمیی ئەمە لێ ئەمێنێ ؟ قەسەم بەوەی کە نەفسی محەمەدی بە دەستە ! مەندیلی سەعدی بنی مەعاذ لە بەهەشتا لەمە چاکترە . یا فەرمووی : لەمە نەرمترە .

لە مەدحی ئەم دوو سەعدەدا شاعیر ئەم بەیتەی وتوە ، کە مەعناکەی ئەمەیە :

موسوڵمان بن ئەگەر ئەم سەعدو ئەو سەعد

نەبێ باکی لە موشریك قەط محەمەد

ـ ﷺ ، ورضي عنهما ـ

١١١٢/٢٣٥ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : سمعت النبيَّ ـ ﷺ ـ يقول : إهتز العرش لموت سعد بن معاذ . وعن الأعمش بالواسطة عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ مثله ، وفيه : فقال رجل لجابر : فإن البراء يقول : إهتز السرير . فقال : كان بين هذين الحيَّين ضغائن . سمعت النبيَّ ـ ﷺ ـ يقول : إهتز عرش الرحمن لموت سعد بن معاذ ! ح ـ ١٥٢/٦ . م ـ ٣٧٥/٩ . جه .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : عەرش بە مردنی سەعدی کوڕی مەعاذ هاتەلەرزین . پیاوێ عەرزی جابیری کرد : کە بەراء ئەفەرموێ : موراد لە عەرش تابووتەکەیەتی ، یەعنی تابووتەکەی لە بەر دەستاو دەست هاتە لەرزین . جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بەراء لە (خزرج)ە . سەعد لە (ئەوس)ە ، لە بەینی ئەو دوو قەبیلەدا عەداوەت هەیە ، یەعنی بۆیە بەراء وای وتوە . من لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : عەرشی ڕەحمان هاتە لەرزین لە بەر مەوتی سەعدی کوڕی مەعاذ ! کە وابێ موراد لە عەرش تابووت نی یە .

زۆر دوورە لە بەرائەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە زەمانی جاهیلییەتا لە بەینی قەومی ئەوو سەعدا عەداوەتێکی قەدیمە بووبێ بێنێ ئەو عەداوەتە بکا بە سەبەبی ئەوە بە مەخصووصی مەعنای ئەو حەدیثە واضیحە بگۆڕێ ؛ چونکی بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە فوضەلای صەحابە بوە ، واقیف بوە بە دەرەجەو حورمەتی سەعد لە خزمەت

پێغەمەرا ـ ﷺ ـ بە نەصی قورئان عەداوەتی پێشوویشیان موبدەل بوە بە حوبب‌و (اخوة)ی ئیسلامی . (في آل عمران)[1] .

مەعنای عەرشی کە بە تابووت لێداوەتەوە بە ئیجتیهاد بوە ، ئەو حەدیثەی کە بە لەفظی (عرش الرحمن) ریوایەت‌کراوە پێی نەگەییوە .

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وای تێگەییوە کە بەراء لە رقی سەعد وای فەرموە ؛ بۆیە جابیر بە لەفظی (عرش الرحمن) نوصرەتی سەعدی داوە ـ رضي الله تعالى عنهم ، أجمعين ـ .

١١١٣/٢٣٦ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أُناسـًا [وهم بنو قريظة] نزلوا [من قلعتهم بخيبر بعد أن حاصرهم النبي ـ ﷺ ـ خمسا وعشرين ليلة ، وقذف الله في قلوبهم الرعب . قسطلاني] على حكم سعد بن معاذ ، فأرسل إليه [النبي ـ ﷺ ـ وكان رُمي في غزوة الخندق بسهم قطع منه الأكحل . قسطلاني] فجاء على حمار فلما بلغ قريبـا من المسجد [الذي أعدَّه النبي ـ ﷺ ـ هناك للصلاة أيام المحاصرة . قسط] قال النبي ـ ﷺ ـ : قوموا إلى خيركم ، أو سيدكم ! فقال : يا سعد إن هؤلاء نزلوا على حكمك . قال : فإني أحكم فيهم أن تُقْتل مقاتلتهم ، وتسبى ذراريهم . قـال : حكمتَ بحكم الله ، أو بحكم الملك . [عز وجل] ح ـ ١٥٣/٦ . ٣١٧ . م ـ ٣٧٩/٧ .

تەرجەمە :

ئەبو سـەعیدی خـدریی ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفـەرموێ : بەعزێ لە خەڵق کە یەهوودی بەنی‌قورەیظەیە [لە دوای ئەمە کە بیست‌و

(١) دەبێ مەبەستی ئایەتی : «واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا . . » بێت.

پێنج رۆژ پێغەمەر ـ ﷺ ـ موحاصەرەی دان و خوا ترسی خستە دڵیانەوە] لەسەر حوکمی سەعدی کوڕی مەعاذ ـ رضي الله تعالی عنە ـ لە قەڵاکەیان هاتنەخوارێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردی بە شوێن سەعدا [سەعدیش ـ رضي الله تعالی عنە ـ لە غەزای خەندەقا تیرێك درابو لە رەگی رۆحی ، لەبەر ئەوە نەچووبو بۆ بەنی قورەیظە] تەشریفی سواری گۆیدرێژێ بووبو هات بۆ خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە تەشریفی نزیك بوەوە لەو جێگەیەی [کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ حازری کردبوو بۆ نوێژ لە موددەی موحاصەرەدا] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەڵسن بچن بۆ لای چاکترینی ئێوە ، وە یا فەرمووی : بۆ لای سەییدو گەورەی خۆتان . ئەمجا پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : یا سەعد ئەمانە لەسەر حوکمی تۆ لە قەڵاکەیان هاتوونە خوارێ . [یەعنی بە حوکمی تۆ رازین ؛ حوکم بە عەفویان بکەی یا بە ئیعدامیان ئەڵێی چی ؟] فەرمووی : من حوکم ئەکەم بەوە ئەوانەی کە ئیقتیداری حەربیان هەیە بیانکوژی ، ماڵو منالەکانیشیان بکەی بە ئەسیر . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بە حوکمی خوا حوکمت کرد . یا فەرمووی : بە حوکمی پادشا کە خوایە ـ عز وجل ـ حوکمت کرد .

مناقب عبدالله بن سلام - رضي الله تعالى عنه -

١١١٤/٢٣٧ - سعد بن أبي وقاص - رضي الله تعالى عنه - قال : ما سمعت النبي - ﷺ - يقول لأحد يمشي على الأرض إنه من أهل الجنة إلا لعبد الله بن سلام . قال : وفيه نزلت هذه الآية : ﴿وشهد شاهد من بني إسرائيل . . . الآية﴾[1] قال [عبدالله بن يوسف التنيسي] : لا أدري قال مالك الآية أو في الحديث . ح - ١٥٨/٦ . م - ٣٩١/٩ .

تەرجەمە :

سەعدی بنی ئەبی وەقاص - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : بۆ غەیری عەبدوڵلای بنی سەلام لە پێغەمەرم نەبیستوە - ﷺ - دەرحەق کەسێ کە ئەمرۆ بەسەر ئەرزەوە بگەڕێ فەرمووبێتی کە لە ئەهلی بەهەشتە . ئەم ئایەتە کە مەعنای وایە : کە شاهیدێ لە بەنی ئیسرائیل شەهادەتی داوە بە میثلی قورئان کە لە طەرەف خواوەیە . . . (الآیة) . . دەرحەق ئەو نازڵ بو . (أحقاف) لە حدیثەکەدا ئەوەی تێدایە کە عەبدوڵلا وتی : نازانم مالیك خۆی ئایەتەکەی خوێندەوە یاهەر لە حەدیثەکەدایە .

١١١٥/٢٣٨ - عن قيس بن عباد [رحمه الله . قتله الحجاج صبرا] قال : كنت جالسا في مسجد المدينة فدخل رجل على وجهه أثر الخشوع ، فقالوا : هذا رجل من أهل الجنة ، فصلى ركعتين تجوز فيهما ، ثم خرج ، وتبعته فقلت : إنك حين دخلت المسجد قالوا : هذا رجل من أهل الجنة . قال : والله ما ينبغي لأحد أن يقول ما لايعلم . وسأحدّثك لم ذاك : رأيت رؤيا على عهد النبي - ﷺ - فقصصتها عليه . ورأيت كأني

---

(١) بڕوانە : سوورەتی ئەحقاف . ئایەتی : ١٠ .

في روضة ، ذكر من سعتها وخضرتها ، وسَطَها عمود من حديد أسفله في الأرض وأعلاه في السماء ، في أعلاه عروة ، فقيل له : ارْقَهْ ، قلت : لا أستطيع ، فأرقاني مِنْصَف [وصيف ، أخرى] ح ـ ١٠/١٣٥ ، ١٣٧ ، ن . جه . [خادم ، صغير] فرفع ثيابي من خلفي ، فرقِيت حتى كنت في أعلاه ، فأخذت بالعروة ، فقيل لي : إستمسك فاستيقظت وإنها لفي يدي ! فقصصتها على النبي ـ ﷺ ـ قال : تلك الروضة الاسلام ، وذلك العمود عمود الاسلام ، وتلك العروة الوثقى ، فأنت على الاسلام حتى تموت . وذاك الرجل عبدالله بن سلام . ح ـ ١٥٩/٦ . م ـ ٣٩٢/٩ .

تەرجەمە :

قەیسی کوڕی عوبباد ئەفەرموێ : لە مزگەوتی مەدینەدا دانیشتبووم ، پیاوێ هات ، عەلامەتی خوشووعی لە ڕووا دیار بوو ، وتیان : ئەمە پیاوێکە لە ئەهلی بەهەشت . دوو ڕەکعەت نوێژی بە خەفیفەوە کرد ، لە دواییدا تەشریفی چوە دەرێ ، شوێنی کەوتم عەرزم کرد : کە تۆ تەشریفت هاتە مزگەوت وتیان : ئەمە پیاوێکە لە ئەهلی بەهەشت . فەرمووی : وەڵڵاهی لایەق نی‌یە بۆ کەسێ عیلمی بە شتێك نەبێ و بیڵێ . خەبەرت دەدەمێ کە سەبەبی ئەوە چیە : لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ خەوێکم‌دی ، عەرزی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ : لە خەوما وام دی وەکوو لە ناو باغێکی گەورەدا بووم ، باسی گەورەیی و سەوزیێتی ئەو باغەی کرد ، لە ناوەڕاستیدا کۆڵەکەیێکی ئاسنی تیابوو ، بنی لە ئەرز بوو سەری لە ئاسمان بوو ، لای سەروویەوە قوڵفەیێ بوو ، پێیان وتم : سەرکەوە ، وتم : ناتوانم ، غولامێ هات لە پشتەوە لیباسەکەی هەڵگرتم و تا سەری سەرەوە سەرکەوتم ، تا حەڵقەکەم گرت ، وتیان : دەست مەحکەم بگرە . خەبەر بوومەوەو حەڵقەکە لە

دەستیا بوو ! عەرزی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەو باغە ئیسلامە ، ئەو کۆڵەکەیە کۆڵەکەی ئیسلامە ، ئەو حەڵقەیە (عروة الوثقی) یە . تۆ لەسەر ئیسلامی تا ئەمری . قەیس ئەفەرموێ : ئەو پیاوە (ابن السلام) بوو .

١١١٦/٢٣٩ ـ عن أبي موسى الأشعري [رضي الله تعالى عنه] قال : أتيت المدينة فلقيت عبدالله بن سلام [رضي الله تعالى عنه] فقال : ألا تجيئ فأطعمك سويقا وتمرا وتدخل في بيت [دخله النبي ـ ﷺ ـ] ؟ ثم قال : إنك بأرض الربا بها فاش . إذا كان لك على رجل حقٌّ فأهدى إليك حِمْل تِبْن ، أو حمل شعير ، أو حمل قتٍّ [نوع من علف الدواب] فلا تأخذه فإنه ربا . ح ـ ٦/١٦٠ .

تەرجەمە :

ئەبو مووسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : چوومە مەدینە بە عەبدوڵڵای کوڕی سەلام گەییم ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بۆ نایێی قاوت و خورمات بدەمێ بیخۆی ، بچیە ماڵێك کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوویێتە ئەو ماڵە ؟ لە دواییدا عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی فەرمووم : تۆ لە مەملەکەتێکی (کە عێراقە] ریبا لەو مەملەکەتەدا زۆرە ، حەقێکت بەسەر کەسێکەوە بێ ئەو کەسە بارێ کا ، یا بارێ جۆ ، یا بارێ دارووجانت[1] بۆ بێنێ لێی وەرمەگرە ؛ چونکە ئەوە سوودە .

لەم حەدیثەدا فەضیلەتی عەبدوڵڵای ـ رضي الله تعالى عنه ـ

(١) دانەر ـ خ ـ مانای (قت)ی بە دارووجان لێدایەوە ، بەڵام رەنگە مەبەست لە (قت) وێنجە بێ .

ئەوەندە تیا هەیە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوەتە ماڵیان .

ئەوەی تیایە کە زۆر بەتەقوا بوە حەقی لای یەکێ بووبێ لە موددەی قەرزداریی ئەو کەسەدا هیچی لێ قەبووڵ نەکردوە .

۱۱۱۷/۲٤۰ ـ عن خَرَشة بن الحر . . قال : كنت جالسا في حلقة في مسجد المدينة ، قال : وفيها شيخٌ حسن الهيئة وهو عبدالله بن سلام]رضي الله تعالى عنه] قال : فجعل يحدثهم حديثا حسنا . قال : فلما قام قال القوم : من سرَّهُ أن ينظر إلى رجل من أهل الجنة فلينظر إلى هذا .

قال : فقلت : والله لَأتَّبعنَّه فلأعلمنَّ مكان بيته ! قال : فتبعته ، فانطلق حتى كاد أن يخرج من المدينة ، ثم دخل منزله ، قال : فاستأذنت عليه ، فأذِن لي ، فقال : ما حاجتك يا ابن أخي ؟ قال : فقلت له : سمعت القوم يقول لك ـ لَمَّا قمت ـ : من سرَّهُ أن ينظر إلى رجل من أهل الجنة فلينظر إلى هذا . فأعجبني أن أكون معك . قال : الله أعلم بأهل الجنة ، وسأحدِّثك مم قالوا ذاك : إني بينما أنا نائم إذ أتاني رجل ، فقال لي : قم ، فأخذ بيدي ، فانطلقت معه . قال : فإذا أنا بجوادٍّ عن شمالي ، قال : فأخذت لآخذ فيها ، فقال لي : لا تأخذ فيها فإنها طرق أصحاب الشمال ، قال : وإذا جوادُّ منهج [من أكرم ، أو فتح ، أي : طريق مستقيم أو واضح] على يميني ، فقال لي : خذ ههنا ، قال : فاتي بِي جبلا ، فقال لي : إصعد . قال : فجعلت إذا أردت أن أصعد خَرِرتُ على إستي . قال : حتى فعلت ذلك مرارا . قال : ثم إنطلق بي حتى أتى بي عمودا رأسه في السماء وأسفله في الأرض في أعلاه حلقة ، فقال لي : إصعد فوق هذا . قال : قلت : كيف أصعد ورأسه في السماء ؟ ! قال : فأخذ بيدي فزجل بي [رمى بي] قال : فإذا أنا متعلق بالحلقة . قال : ثم

ضرب العمود ، فخرَّ . قال : وبقيت متعلقا بالحلقة حتى أصبحت . قال : فأتيت النبيَّ ـ ﷺ ـ فقصصتها عليه . قال : أما الطرق التي رأيت عن يسارك فهي طرق أصحاب الشمال . قال : وأما الطرق التي رأيت عن يمينك فهي طرق أصحاب اليمين . وأما الجبل فهو منزل الشهداء ، ولن تناله ! وأمّا العمود فهو عمود الاسلام ، وأمّا العروة فهي عروة الاسلام ولن تزال متمسكا بها حتى تموت . م ـ ٩/٣٩٣ .

(ئەمە ئەحواڵی مەرەکەبەکەم و کاغەذەکەمە)(١)

تەرجەمە :

مەثالی ئەم حەدیثەیش عەینی مەثالی حەدیثەکەی قەیسە ، ئەوەندەی زیادە کە خەرەشە شوێن عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەکەوێ تا نزیك ئەبێ کە لە مەدینە بچێتە دەرێ ، ئیذن ئەخوازێ ئیذنی ئەدەن ، ئەچێتە خذمەت عەبدوڵلا ، قسەی ئەو جەماعەتەی عەرز ئەکا کە وتوویانە : کەسێ حەزەکا پیاوێکی بەهەشتیی ببینێ تەماشای ئەم پیاوە بکا . ئەفەرموێ : کوڕی برای خۆم خوا ئەزانێ کە بەهەشتیی کێیە . سەبەبی قسەی ئەو جەماعەتە ئەوەیە :

خەوێکم بینی لە خەوما دیم کە پیاوێ هاتەلام ، وتی : هەڵسە ، دەستی گرتم لەگەڵی رۆییم ، لای چەپمەوە گەلێ جادەم دی ، تەمام بوو پیا برۆم ، وتی : بەوێدا مەڕۆ ، ئەو جادانە رێی ئەصحابی شیمالە : کە نامەی ئەعمالیان لە لای چەپەوە ئەدرێتە دەستی چەپ . تێفکریم لای

(١) دانەر ـ خ ـ گەلێ جار گلەیی لە بێکاغەزو مەرەکەبیی دەکات و دەڵێت : لە ئەستەموولا بەو کاغەزت دەست نەکەوێ ! لێرەیشدا لە دامێنی لاپەرەیەکەوە لە کاغەزی بۆرو چڵکن و کۆن و ـ جگە لەمانەیش مەرەکەب بڵاودەکاتەوە ـ دەڵێ : ئەمە ئەحواڵی . . .

دەستە راستمەوە گەلێ جادەی ئاشکاراو واضیحم دی ، پێی وتم : لێرەوە برۆ . تووشی شاخێ بووم ، تەمام بوو کە سەرکەوم کەوتم ، تا چەند دەفعە بەو نەوعە . لە دواییدا بردمیە لای کۆڵەکەیێ بنی لە ئەرزاو سەری لە ئاسمان لای سەروویەوە حەلقەیێ بوو ، پێی وتم : سەرکەوە ، وتم : چۆن سەرکەوم بنی لە ئەرزاو سەری لە ئاسمانە ؟ ! فەرمووی : دەستی گرتمو هەڵیدام ، کە تێفکریم دەستم بە حەڵقەکەوە بوو ، لە دوایدا بە کۆڵەکەکەیا ماڵیو خستی ، دەستم بە حەڵقەکەوە مایەوەو پێوە هەڵاوەسرام . تا سبەینێ .

کەخەبەربوومەوە چوومە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزم کرد . فەرمووی : ئەو رێگەیانەی کە لای چەپەوە بوون رێی ئەصحابی شیمالە . ئەو رێگەیانەی کە لای راستەوە بوون رێگەی ئەصحابی یەمینە [وەك لە خەوەکەیا پێیان وتوە] ئەمما ئەو شاخەیش مەنزڵی شەهیدانە تۆ نایگەیتێ .

باقیەکەی وەك حەدیثەکەی قەیسە .

ئەگونجێ ئەو خادیمە لە پشتەوە لیباسەکەی هەڵدابێتەوەو دەستیشی گرتبێ و هەڵیدابێ . لە حەدیثی قەیسا جل هەڵدانەوەی ، لە حەدیثی خەرەشەدا دەستگرتنی ذیکر کردوە .

اسلام عبدالله بن سلام - رضي الله تعالى عنه -

مرَّ في حديث الهجرة نبذة منه

١١١٨/٢٤١ - أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - أن عبدالله بن سلام - رضي الله تعالى عنه - بلغه مقدم النبي - ﷺ - المدينة فأتاه يسأله عن أشياء ؛ فقال : إني سائلك عن ثلاث لا يعملهن إلا نبيٌّ : ما أول أشراط الساعة ؟ وما أول طعام يأكله أهل الجنة ؟ وما بال الولد ينزع إلى أبيه أو إلى أمه ؟ فقال : أخبرني جبريل آنفا . قال ابن سلام ذاك عدو اليهود من الملائكة . قال : أمَّا أول أشراط الساعة : فنار تحشرهم من المشرق إلى المغرب . وأمَّا أول طعام يأكله أهل الجنة فزيادة كبد الحوت . وأمّا الولد فإذا سبق ماء الرجل ماء المرأة نزع الولد . وإذا سبق ماء المرأة ماء الرجل نزعت الولد .

قال : أشهد أن لا إله الله وأنك رسول الله . قال : يا رسول الله إن اليهود قوم بُهُت [جمع بهيت ، كقضيب وقضب . قسطلاني] فاسألهم عنيً قبل أن يعلموا بإسلامي . فجاءت اليهودُ فقال النبيّ - ﷺ - : أي رجل عبدالله بن سلام فيكم ؟ قالوا : خيرنا وابن خيرنا ، وأفضلنا وابن أفضلنا . فقال النبي - ﷺ - : أرأيتم إن أسلم عبدالله بن سلام ؟ قالوا : أعاذه الله من ذلك ! فأعاد عليهم ، فقالوا مثل ذلك . فخرج إليهم عبدالله فقال : أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله . قالوا : شرُّنا وابن شرِّنا ! وتنقصوه . قال : هذا كنت أخاف يا رسول الله

ح - ٦/٢٢٧ .

تەرجەمە :

کە خەبەری گەیینی پێغەمەر - ﷺ - . . . بە مەدینە گەیی بە

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ـ رضي الله تعالی عنه ـ هاتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەعزێ شتی لێ پرسی ؛ عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : سێ شتت لێ ئەپرسم کە غەیری پێغەمەر هیچ کەس نایانزانێ : ئەووەلی ئەشراطی ساعەت چیە ؟ ئەووەڵ طەعامێ کە بەهەشتی ی ئەیخوا چیە ؟ بۆچ منالْ بەعزێکیان ئەچنەوە سەر باوکیان و بەعزێکیان ئەچنەوە سەر دایکیان ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : زۆر نی یە کە جیبریل خەبەری دامێ . عەبدوڵڵا وتی : جیبریل لە ناو مەلائیکەدا دوشمنی جوولەکەیە .

[سەبەبی نوزوولی ئەم ئایەتە : ﴿من كان عدوًا لجبريل[1] . . . البقرة﴾]

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەووەڵ ئەشراطی ساعەت ئاگرێکە خەڵق لە مەشریقەوە سەوق ئەکا بۆ مەغریب [یەعنی ئەووەڵ ئەشراطی گەورە ؛ گینا تا ئێستە گەلێ لە ئەشراط رابوردوە] ئەووەڵ طەعامێ کە ئەهلی بەهەشت ئەیخوا پارچەگۆشتێکی زیادەیە کە بە جگەری نەهەنگەوەیە . لە موعامەلەی ژن و مێردیدا ئەگەر لە پێشا پیاو ئینزالی ببێ منالەکە ئەکێشێتە سەر خۆی ، ئەگەر ژنەکە لە پێشا ئینزالی ببێ منالەکە ئەکێشێتە سەر خۆی .

عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : (أشهد أن لا إله الا الله وأنك رسول الله . یا رسول الله) جوولەکە میللەتێکی ئیفتیراکەرن ، لە پێش ئەمەدا کە بزانن من موسوڵمان بووم ئەحواڵی منیان لێ بپرسە . یەهوودیی هاتنە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێی پرسین : عەبدوڵڵای کوڕی سەلام لەناو ئێوەدا چۆن پیاوێکە ؟ عەرزیان کرد :

(١) البقرة/ ئایەتی : ٩٧ .

سەییدی ئێمەیەو کوڕی سەییدی ئێمەیە ، چاترینی ئێمەیەو کوڕی چاترینی ئێمەیە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ . . فەرمووی : ئەگەر عەبدوڵڵای کوڕی سەلام موسوڵمان بووبێ ئەڵێن چی ؟ عەرزیان کرد : خوا لەوەی پەنا بدا کە موسوڵمان ببێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو سوئالەی دوو سێ جار بۆ تیکرارکردنەوە ، ئەوانیش هەر ئەو جوابەیان عەرزکرد . ئەو وەختە عەبدوڵڵا هاتەدەرێ لایان وتی : (أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله) ئەو وەختە جوولەکەکان وتیان : خراپمانەو کوڕی خراپمانەو ، تەنقیصی عەبدوڵڵایان کرد ! عەبدوڵڵا عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : من لەمە ئەترسام .

فضائل حسان بن ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١١١٩/٢٤٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ مرَّ بحسان ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهو ينشد الشعر في المسجد ، فلحظ إليه ، فقال : قد كنت أنشد وفيه من هو خير منك ! ثم إلتفت إلى أبي هريرة فقال : أُنشِدكَ الله [توخوا] أسمعتَ رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : أجب عنيٍّ ، أللّهم أيده بروح القدس ؟ قال : أللّهم نعم . م ـ ٩/٣١٤ . [أنشد قرأ الشعر ، نشد إستحلف] ح ـ ٥/٢٥٩ . ح ـ ١/٤٣٥ عن أبي سلمة بن عبدالرحمن بن عوف .

ئەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : عومەر بە لای حەسانا رابورد لە مزگەوتی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ شیعری ئەخوێنەوە . ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە گۆشەی چاو تەماشای حەسانی کرد [کأنە ئینکاری ئەوەی ئەکرد کە لە مزگەوتی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ شیعر بخوێنرێتەوە] حەسان ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیکرد : من شیعرم تیاخوێندوّتەوەو لە تۆ چاکتری تیا بوو کە پێغەمەرە ـ ﷺ ـ لە دواییدا حەسان رووی‌کردە ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : توخوا تۆ لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ت بیستوە کە ئەیفەرموو : لە باتی من جوابی کوففار بدەرەوە ، خوایا (روح القدس) بکە بە پشتیوانی ؟ ئەبوهورەیرە فەرمووی : خوایا بەڵێ . [وەکوو جاف ئەڵێن : خوا بەردت لێ بارێ !]

[دروستە لە مزگەوتا شیعری موباح بخوێنرێتەوە .

سوننەتە ئەگەر ئەو شیعرە مەدحی ئیسلام و ئەهلی فەضلی تیا بێ ، یا لە ذەمی کافرانا بێ ، یا تەشویقی موسوڵمانانی تیا بێ لەسەر حەربی

كافران .

سوننەتە دۆعاكردن بۆ صاحيبى ئەو نەوعە شيعرانە .

دروستە طەلەبى ئينتيقام لە كافران و ئەهلى باطيل . نووي] .

١١٢٠/٢٤٣ ـ براء بن عازب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول لحسان بن ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أهْجهم ، أوهاجهم وجبريل معك . م ـ ٩/٣٩٥ .

تەرجەمە :

بەرائى كوڕى عازيب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە حەسانى ئەفەرموو : هەجوى كافران بكە ، جيبريل ـ عليه السلام ـ ت لەگەڵە .

١١٢١/٢٤٤ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : قال حسان : يا رسول الله ائذن لي في أبي سفيان [بن الحرث بن عبدالمطلب ، وهو ابن عم النبي ـ ﷺ ـ وكان يؤذي النبي ـ ﷺ ـ والمسلمين ، ثم أسلم وحسن إسلامه . نووي] قال : كيف بقرابتي منه ؟ قال : والذي أكرمك لأسُلنَّك منهم كما تسل الشعرة من الخمير ، [العجين . أخرى] فقال حسان :

وإن سنام المجد من آل هاشم
بنوبنت مخزوم ووالدك العبد

قصيدته هذه . م ـ ٩/٣٩٦

[وبعد البيت :

ومن ولدت أبناء زهرة منهمو
كرام ، ولم يقرب عجائزك المجد

نووي]

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : حەسان ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : ئیـذنم بدە کـە هەجـوی ئەبوسوفیانی کوڕی حەرثی مامت بکەم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی چی ئەکەی لە خزمایەتی من بەو ؟ حەسان عەرزی کرد : قەسەم بەو ذاتەی کە ئیکرامی تۆی گرتوە ! تۆ لەو قەومە وا بێنمە دەرەوە وەك موو لە هەویر بێنرێتە دەرەوە ، یەعنی ئەو هەجوە هیچی بە تۆوە نانووسێ .

حەسان ئەو قەصیدەیە فەرموو کە دوو بەیتی لێ نوسراوە ، مەعنای وایە :

هـەرەژووروی گەورەیی لـە ناو ئـالی هاشمـایـە کـوڕی کچی مەخزوومن ، باوکی تۆ بەندەزادە ؛ چونکە دایکی حەرثی مامی پێغەمەر ـ ﷺ ـ (سمية)یە سومەییە کچی (موهب) مەوهیب غولامی ئـەولادی عەبدی مەنافە ، دایکی ئەبو سوفیـانیش وابوە . یـەعنی ئەبـوسوفیـان خۆی و باوکی کە ئەولادی عەبدن . فەقەط کچی مەخزووم کە فاطیمەی کچی عەمری کوڕی عائیذی کوڕی عیمرانی کوڕی مـەخزوومـە . . . دایکی عەبدوڵلای باوکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبوطالیب و زوبەیرە .

ئەم زوبەیرە ئەبێ مامی پێغەمەر بووبێ ـ ﷺ ـ زوبـەیری کـوڕی عەوام نی یە ؛ چونکی دایکی ئەو (صفیە)ی کچی (عبدالمطلب)ە .

چونکی قەصیدەکە تەواو نی یە مەعنای بەیتەکەی دواییم نەزانی . عەیب نی یە ، ئەوە عەیبە کە بە غەلەط مەعنای لێ بدەمەوە .

یـەعنی بەنی هـاشم زۆرن ، تۆیش لـەوانی فەقـەط شەجـەرەی گەورەیی تۆ رەگێکی لە ئەرزی پیسایە . هی پێغـەمەر ـ ﷺ ـ چـە لە طەرەف دایکەوە چە لە طەرەف باوکەوە لە نەقص (منزه)ە .

١١٢٢/٢٤٥ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : اهجوا قريشا ؛ فإنه أشد عليها من رشق بالنبل . فأرسل إلى ابن رواحة فقال : أهجهم ، فهجاهم فلم يرض ، فأرسل إلى كعب بن مالك . ثم أرسل إلى حسان بن ثابت ، فلما دخل عليه قال حسان : قد آن لكم أن ترسلوا إلى هذا الأسد الضارب بذنبه . ثم أدلع لسانه ، فجعل يحركه . فقال : والذي بعثك بالحق ! لأفرينهم بلساني فري الأديم .

فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : لا تعجل فإن أبا بكر أعلم قريش بأنسابها ، وإن لي فيهم نسبا ، حتى يلخص لك نسبي ، فأتاه حسان ، فقال : يا رسول الله قد لخص لي نسبك والذي بعثك بالحق ! لأسلنّك منهم كما تسل الشعرة من العجين . قالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : فسمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول لحسان : إن روح القدس لايزال يؤيدك ما نافحت عن الله ورسوله . وقالت : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : هجاهم حسان فشفى واشتفى . قال حسان ـ ـ رضي الله تعالى عنه ـ :

هجوتَ محمدا فأجبت عنه
وعند الله في ذاك الجزاء
هجوت محمدا برًّا تقيا
رسول الله شيمته الوفاء
فإن أبي ووالده وعرضي
لعرض محمد منكم وقاء
ثكلت بنيتي إن لم تروها
تثير النقع من كنفي كداء

يبارين الأعنة مصعدات
على اكتافها الأسل الظماء
تظل جيادنا متمطرات
تلطمهن بالخمر النساء
فإن أعرضتموا عنا اعتمرنا
وكان الفتح وانكشف الغطاء
وإلا فاصبر والضراب يوم
يعز الله فيه من يشاء
وقال الله : قد أرسلت عبدا
يقول الحق ليس به خفاء
وقال الله : قد يسرت جندا
هم الأنصار عرضتها اللقاء
لنا في كل يوم من معد :
سباب ، أو قتال ، أو هجاء
فمن يهجو رسول الله منكم
ويمدحه وينصره سواء
وجبريل رسول الله فينا
وروح القدس ليس له كفاء

(مماثل) م ـ ٩/٣٩٧

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەجوی قورەیش بکەن ؛ چونکی هەجوکردنیان لە لا لە تیرەبارانکردنیان بەشیددەتترە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردیە لای

عەبدوڵلای کوری رەواحە ؛ ئەمری پیّ فەرموو : هەجویان بکە . هەجوی کردن پیّی رازی نەبوو . ناردیە لای کەعبی کوری مالیك ئەویش وا . لە دواییدا ناردیە لای حەسانی کوری ثابیت . کە حەسان هاتە خزمەت پیّغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی‌کرد : وەختی ئەوە هات کە بنیّرن بۆ لای ئەم شیّرە کە لە رقا کلکی لە ئەرز ئەدا . لە دواییدا زمانی دەرکیّشا ، ئەی‌بزوان ، وتی : قەسەم بەوەی کە تۆی بە حەق ناردوە ! بە زمانم شرو وریان ئەکەم وەکوو پیّست پارچەپارچە ئەکریّ ! پیّغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : عەجەلە مەکە ئەبوبەکر لە هەموو کەس چاکتر نەسەبی قورەیش ئەزانیّ ، منیش لە ناو قورەیشا نەسەبم هەیە ، صەبر کە تا ئەو نەسەبی منتان بۆ خوّلاصە بکا . حەسان عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) نەسەبت بوّم خوّلاصە کراوە ، قەسەم بەوەی تۆی بە حەق رەوانەکردوە ! تۆ لە قورەیش ییّنمە دەریّ وەك موو لە هەویر دەربکیّشریّ هیچ هەویراوی نەبیّ .

حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : لە پیّغەمەرم ـ ﷺ ـ بیست بە حەسانی ئەفەرموو : تا تۆ مودافەعەی خواو رەسوولی خوا بکەی جیبریل تەئییدت ئەکا . حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : لە پیّغەمەرم ـ ﷺ ـ بیست ئەیفەرموو : حەسان هەجوی موشریکانی کردو شیفای موسوڵمانانی داو خوّیشی لە قەهری موشریکان شیفایاب بوو . حەسان خیطاب بەو کەسەی کە هەجوی پیّغەمەری ـ ﷺ ـ کردبوو فەرمووی :

ئەکەی هەجوی محەمەد بۆ جەوابت
ئەوابم زۆرە لای خوا تۆ عەذابت
رەسوولی خوایە گەورەو زۆر بە تەقوا

وەفا خولقی ئەوە لای خەڵق و لای خوا
بە تەحقیق باوك و باپیرم لەگەڵ عیرض
ویقایەی عیرضی یە وەك شیرو وەك گورز[1]
نەمێنم من ئەگەر ئێوە نەبینن
لە هەردوو رووی گەڕا تۆز هەڵنەسێنن
ئەوانەی سواری شانیان بوون ئەوانە
وەکو : دڕکی لەش ، رم و ، تیرو کەوانە(!)
بە خوێنی کافران تینوون وەکوو شێر
ئەکەن دوشمن لە مەیدانا سەرەوژێر
ئەبارن ئەسپەکانمان میثلی باران
بە مشکیی تۆزی ئەسرن گوڵەنداران
ئەگەر ئێوە لە ئێمە واز بهێنن
کە ئەصحابی کیرام عومرە بهێنن
لە بەینا پەردەی شك هەڵئەگیرێ
ئەبێ فەتحێ کە خوا بۆمان ئەنێرێ
ئەگەر نایکەن صەبرکەن کێ بەفیز بێ
ذەلیل بێ لای خوا غەیری عەزیز بێ
خوا فەرموویەتی : ناردوومە عەبدێ
کە حەق گۆیەو درۆ نازانێ گەردێ

(١) لێرەدا دانەر ـ خ ـ نووسیویە : «لە کوردی‌یا : ز ، ذ ، ض ، ظ ، یەکێکن» . خوالێ‌خۆشبوو مامۆستا مەلا سەلامیش لە دوایەوە نووسیویە : «لە کوردی‌یا هەمووی بە ز ئەخوێنرێتەوە» .

خوا فەرمووی : کە ناردم لەشکرێ بۆت
ئەکا کافر کەلەپچە پێیشی ناو کۆت
هەموو رۆژێ هەیە بۆمان لە لای مەعد :
شەرەجوێن ، یا هەجو ، یا خو شەرەبەرد
لە ئێوە کێ (رسول الله) ئەکا هەجو
وە یا مەدحی بکا یا یاری‌یەی ئەو
یەکێکە ، جوبرەئیلمان وا لە ناوا
رەسوول‌و رۆحی قودسەو کەس نی‌یە وا

* * *

رجام وایە من لای مەلاسەلام
تەرجەمەی بکا بە شیعری بەتام
ئەم شیعرە بێ تامانەم کاتە دەرێ
یاخوا کوڕو خۆی‌و باوکی نەمرێ[1]

(١) دانەر لە سەرەتای ئەم لاپەڕەیشەوە نووسیویە : «رجام وایە لە خذمەت مەلا سەلاما ئەم شیعرانە بە شیعر تەرجەمە بکا . کاغەذەکەم فەرقی ئەمدیوو ئەودیوی نەماوە» .
دیارە مامۆستا مەلا سەلام لێرەیشدا رجاکەی نەگرتووە ، شیعرەکانی وەك خۆیان هێشتوەتەوە .
بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئەوەیش تۆمار بکەم کە لەدەورو بەری نووسینی ئەم شوێنەدا مامۆستا مەلاسەلام پاش تەمەنێکی پیرۆزو کۆتایی یەکی نەختێك سەخت بە هۆی کوێربوونی‌یەوە لە دوادوایی تەمەنیدا . . لە رۆژی ١٩٨٤/٨/٢٥دا کۆچی دوایی کردو ، بۆ یەکجاریی چاوی لێك‌ناو ئەم جیهانەی بەجێ هێشت .

فضل أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١١٢٣/٢٤٦ ـ قال : لما قدمت على النبي ـ ﷺ ـ قلت في الطريق :

يـا ليلة من طـولها وعنـائهـا   عـلى أنها من دارة الكفــر نجت

وأبَقَ غلام لي في الطريق . فلما قدمت على النبي ـ ﷺ ـ فبايعته ، فبينا أنا عنده إذ طلع الغلام ، فقال لي النبي ـ ﷺ ـ : يا أبا هريرة هذا غلامك ، فقلت : هو لوجه الله فأعتقته . ح ـ ٦/٤٢٨ .

تەرجەمە :

کە هاتمە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە ڕێ وتم : ئـەی شەو چـە دوورو درێژ یو بە زەحمەتی ! (مع مافيه) ئەم شەوە منی لە (دار الكفر) نەجات داوە . غولامێکیشم بوو لە ڕێدا ڕایکرد . کە چوومە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ و موبایەعەم لە خزمەتا کرد لەو وەختانەدا کە لە خزمەت پێغەمەرا بووم ـ ﷺ ـ ئەوەندەم زانی غولامەکەم دەرکەوت ، پێغەمـەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : (يا أبا هريرة) ئەمە غـولامەکـەتە ، ئـەبوهـورەیرە فەرمووی : وتم : لە ڕێی خوادا بێ و ئازادم کرد .

ئەمە موعجیزەیە بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە بێ ئەمە غولامەکەی دیبێ و زانیبێتی کە لێی ونبوە خـەبەری دا بـە ئەبـوهورەیـرە . فەضیلەتـە بۆ ئەبوهورەیرەیش کە تێگەیی غولامەکەی هەڕای نەکردبـوو لە خـۆیەوە هاتەوە ئازادی کرد .

ئەبوهورەیرە دوای ئەم حادیثەیە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناوی ناوە (ابـو هريرة) . (تأمل يا عبدالسلام) .

١١٢٤/٢٤٧ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت أدعو أمّي

إلى الاسلام ، وهي مشركة ، فدعوتها يوما . فأسمعتني في رسول الله ـ ﷺ ـ ما أكره . فأتيت رسول الله ـ ﷺ ـ وأنا أبكي ، قلت : يا رسول الله ـ ﷺ ـ إني كنت أدعو أمي إلى الاسلام فتأبى عليَّ ، فدعوتها اليوم ، فأسمعتني فيك ما أكره ، فادع الله ن يهدي أم أبي هريرة ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : أللهم اهد أم أبي هريرة ، فخرجت مستبشرا بدعوة نبي الله ـ ﷺ ـ فلما جئت فصرت إلى الباب فإذا هو مجاف [مغلق] فسَمِعَتْ أمي خَشَفَ قدمي ، فقالت : مكانك يا أبا هريرة ، وسمعتُ خضخضة الماء [شلّپه شلّپی] ، قال : فاغتسلَتْ ولبسَتْ درعها ، وعجلت عن خمارها ففتحت الباب ، ثم قالت : يا أبا هريرة أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا [رسول الله] عبده ورسوله .

قال : فرجعت إلى رسول الله ـ ﷺ ـ فأتيته وأنا أبكي من الفرح . قال : قلت : يا رسول الله أبشر قد استجاب الله دعوتك وهدى أم أبي هريرة ، فحمد الله وأثنى عليه ، وقال خيرا . قال : قلت : يا رسول الله أدع الله أن يحببني أنا وأمي إلى عبادك المؤمنين ويحببهم إلينا ، قال : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : اللّهم حبب عبيدك هذا ـ يعني أبا هريرة ـ وأمه إلى عبادك المؤمنين ، وحبب إليهم المؤمنين . فما خلق مؤمن يسمع بي ولا يراني إلا أحبَّني م ـ ٩/ ٤٠٠ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : دایکم موشریك بوو ، دەعوەتم ئەکرد بۆ ئیسلامەتی ، رۆژێ دەعوەتم کرد ، قسەیێکی وای دەرحەق پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێ بیستم کە لام ناخۆش بوو .

بەگریانەوە چوومە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزم کرد : (یا رسول الله) من هەموو وەختێ دایکم دەعوەت ئەکرد بۆ موسوڵمانەتی = بە

قسەی نەدەکردم = ئیمڕۆیش دەعوەتم کرد قسەیێکی دەرحەق تۆ خستە گوێمەوە کە پێم ناخۆش بوو ، لە خوا ـ عز وجل ـ طەڵەب بکە کە هیدایەتی دایکی ئەبوهورەیرە بدا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوایا دایکی ئەبوهورەیرە هیدایەت بدە . بە واسیطەی دۆعای پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ بە دڵخۆشیی لە خذمەتی چوومەدەرێ ، کە گەییمە ماڵەوەو لە دەرگاکەوە نزیك بوومەوە کەچی دەرگاکە داخرابوو ، دایکم خشپەی پێی بیستم فەرمووی : ئەی ئەبوهورەیرە لە جێی خۆت بوەستە . گوێم لە شڵپەشڵپی ئاو بوو غوسڵی کرد ، کراسەکەی لەبەرکرد ، عەجەلەی کرد ، سەرپۆشەکەی نەدا بە سەریاو دەرگاکەی کردەوە ، لە دواییدا فەرمووی : (یا أبو هریرة أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله) .

گەڕامەوە بۆ خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە خۆشییانا ئەگریام و چوومە خذمەتی ، عەرزم کرد : (یا رسول الله) موژدە بێ خوا دۆعاکەی قەبووڵ کردی ، هیدایەتی دایکی ئەبوهورەیرەی دا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ حەمدو ثەنای خوای کرد ، قسەی خێری فەرموو . عەرزم کرد : (یا رسول الله) لە خذمەت خوادا دۆعا بکە کە خۆم و دایکم لای عەبدی موئمینی خۆی خۆشەویست بکا ، ئەوانیشی بە ئێمە خۆش بوێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوایا ئەم عەبدانی خۆتە کە ئەبو هورەیرەو دایکی یەتی بە عیبادی موئمینی خۆتت خۆش بوێ ، لای ئەوانیش عیبادی موئمینی خۆت خۆشەویست بکە . ئێستە هیچ موسوڵمانێ ـ نی یە کە ناوی من ببیێ یا بمبینێ و منی خۆش نەوێ .

چە موعجیزەیێکی گەورەیە بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە دەزبەجێ ئەوی لە خوای طەڵەب کرد خوا ـ عز وجل ـ عەینی ئەوەی بۆ کرد ؟

چە فەضیلەتێکی گەورەیە بۆ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە بە طەڵەبی ئەو خۆیو دایکی نائیل بوون بەو دۆعای خێری پێغەمەرە ـ ﷺ ـ کە ئێستە لە مەشریقو مەغریبا باوەڕم نی یە کەسێ ببێ کە ناوی نەزانێ ، کە ناوی برا نەڵێ ـ رضي الله تعالى عنه ـ . لەو رۆژەوە تا رۆژی قیامەت ناوی موبارەکی لە کوتوبی ئیسلاماو ، لە ئەلسینەی موسوڵمانانا بەخێر پایەدارو باقی یە ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

لە دوای حوصوولی نیعمەت حەمدو ثەنای خوا لازمە .

رێی چاکە بە خەڵق نیشاندان ـ با خوصووص بە خزمو ئەحباب ـ سوننەتە .

دۆعای خێر بۆ موسوڵمانان سوننەتە .

خوا منیشو مەلا حسەینیشو کەسو کارو خزمو خوێشمان لەگەڵ هەموو ئەهلی ئیسلاما لە ئافەتی دنیاو ئاخیرەت مەحفووظ بکا .
(آمين بجاه خاتم النبيين ـ عليه صلاة الله وسلامه إلى يوم الدين آمين ـ)

خوایا وەك ئەم مەرەکەبە بەم کاغەزەدا بڵاوئەبێتەوە ئەمدیوو ئەودیوی ئەیچێژێ بەو نەوعە دڵو رۆحی منو مەلا حسەینو خۆشەویستو ئەحبابمان نووری ئیمانو موسوڵمانەتی بچێژێ (آمين) .

لە ئەستامبوولا بەو کاغەذو مەرەکەبت دەست نەکەوی ! چە شتێکی عەجایبە ! ؟

١١٢٥/٢٤٨ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : يقولون : إن أبا هريرة قد أكثر ، والله الموعد . ويقولون : ما بال المهاجرين والأنصار لا يتحدثون مثل أحاديثه ؟ وسأخبركم عن ذلك . إن إخواني من الأنصار كان يشغلهم عمل أرضيهم . وإن إخواني من المهاجرين كان يشغلهم الصفق بالأسواق ، وكنت ألزم رسول الله ـ ﷺ ـ على ملْ بطني ؛ فأشهد

إذا غابوا ، وأحفظ إذا نسوا . ولقد قال رسول الله ـ ﷺ ـ يوما : أيكم يبسط ثوبه فيأخذ من حديثي هذا ثم يجمعه إلى صدره ، فإنه لم ينس شيئا سمعه ؟ فبسطت بردة علي حتى فرغ من حديثه ، ثم جمعتها إلى صدري فما نسيت بعد ذلك اليوم شيئا حدثني به ، ولولا آيتان أنزلهما الله في كتابه ما حدثت شيئا أبدا . ﴿إن الذين يكتمون ما أنزلنا من البينات والهدى[1] . . . إلى آخر الآيتين﴾ م ـ ٤٠١/٩ . ح ـ ٢٠٦/١ في حديثين بفرق ما ، يحتمل أني كتبته في العلم أيضا[2] .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : خەڵق ئەڵێن : کە ئەبو هورەیرە ریوایەتی حەدیثی زۆرکـرد . وەعدەی منو ئـەوان لە حوزووری خوادا بێ ! ئەڵێن : بۆچی موهاجیرو ئـەنصار بـە قەد ئـەو حەدیث ریوایەت = ناکـەن = ؟ خەبـەرتان بـدەمێ کە بـۆچ وایە ؟ : برادەرانی ئەنصاریم ئیشو کاری ئەرازییان ئەوانی مەشغووڵ ئەکـرد . برادەرانی موهاجیرینم خـریدو فـرۆختیان لـە بازارا ئـەوانی مەشغـووڵ ئەکرد .[3] من بە نانەزگی ی لازمی پێغەمەر بووم ـ ﷺ ـ ، کـە ئەوان غائیب بوونایە من لە خذمەتیا حازر ئەبووم ، کە لە فکریان بچوایەوە من حیفظم ئەکرد . رۆژێ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کێ لیباسی خۆی رائەخا گوێ لە قسەی من ئەگـرێ لە پـاشا لیباسەکـەی کۆئـەکاتـەوە بەسنگیەوە ئەو کەسە هەرچی لە من ببێی ئیتر لە فکری ناچێتەوە ؟ من

(١) سوورەتی بەقەرە ، ئایەتی : ١٥٩ .

(٢) نعم قد سبق في باب العلم في الحديث المرقم ٦٨/٤٠٨ .

(٣) لە هەردوو جێگەکەدا بگوترێ (مەشغووڵی ئەکردن) باشترە .

بەرماڵێکم بەکۆڵەوە بوو رام‌خست تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ ، لە حەدیثەکەی بۆوە ، لە دواییا بەرماڵەکەم کۆکردەوەو بە سنگمەوە گرت . لە دوای ئەو رۆژە هیچ شتێکم لە فکر نەچۆتەوە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ قسەی بۆ کردووم .

ئەگەر لە قورئانا دوو ئایەت نەبوایە قەط قسەم لە حەدیث نەدەکرد . ئەو دوو ئایەتە لە صەحیفەی سێیەمی جزووی دوەمی (البقرە) دایە ـ مەعنای وایە : بە تەحقیق ئەو کەسانەی کە کەتمی ئەو (بینات)و هیدایەتە ئەکەن کە ئێمە نازڵمان کردوە لە دوای ئەوە کە بەیانی کردوە لە قورئانا بۆ خەڵق . . بیشارنەوەو بە خەڵقی نەڵێن ، ئەو کەسانە خوا لەعنەتیان لێ ئەکاو لەعنەتکەری تریش ـ کە مەلائیکەو ئینسانن ـ لەعنەتیان لێ ئەکەن . فەقەط ئەوانەی کە تۆبە بکەن لە کەتمی ئایەت‌و ئیصلاحی حاڵی خۆیان بکەن‌و بەیانی ئایاتی خوا بکەن بۆ ئەوانە کە نایزانن . . ئەو تەوبەکارانە من تەوبەیان لێ قەبووڵ ئەکەم ؛ چونکی من تەوبە قەبووڵ ئەکەم‌و رەحم بەخەڵق ئەکەم .

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەم ئایەتەی (تشمیلی !) حەدیثیش کردوە . نەظیری ئەم ئایەتە لە قورئانا زۆرە .

فضائل حاطب بن بلتعة ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١١٢٦/٢٤٩ ـ علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : بعثني رسول الله ـ ﷺ ـ أنا والزبير والمقداد ـ رضي الله تعالى عنهم ـ قال : إنطلقوا حتى تأتوا روضة خاخ [على إثني عشر ميلا من المدينة ، بينها وبين مكة] فإن بها ظعينة [المرأة في الهودج ، اسمها سارة] ومعها كتاب فخذوه منها ، فانطلقنا تعادى [تجري] بنا خيلنا ، حتى انتهينا إلى الروضة ، فإذا نحن بالظعينة ، فقلنا : أخرجي الكتاب ! فقالت : ما معي من كتاب . فقلنا : لتخرجنَّ الكتاب أو لتلقينَّ الثياب ، فأخْرجتهُ من عقاصها . فأتينا به رسول الله ـ ﷺ ـ فإذا فيه : من حاطب بن أبي بلتعة إلى ناس من المشركين من أهل مكة [هم صفوان بن أمية ، وسهل بن عمرو ، وعكرمة بن أبي جهل] يخبرهم ببعض أمر رسول الله ـ ﷺ ـ [ولفظه ـ كما في تفسير يحى بن سلام ـ : أما بعد : يا معشر قريش فإن رسول الله ـ ﷺ ـ جاءكم بجيش كالليل ، يسير كالسيل ، فوالله لو جاءكم وحده لنصره الله وأنجز له وعده ، فانظروا لأنفسكم ، والسلام . قسطلاني]

فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : يا حاطب ما هذا ؟ قال : يا رسول الله لا تعجل عليَّ ، إني كنت إمرأً ملصقاً في قريش ، ولم أكن من أنفسها ، وكان من معك من المهاجرين لهم قرابات بمكة يحمون بها أهليهم وأموالهم ، فأحببت إذا فاتني ذلك من النسب فيهم أن أتخذ عندهم يداً يحمون بها قرابتي ، وما فعلت كفرا ، ولا ارتدادا ، ولا رضا بالكفر بعد الاسلام ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : لقد صدقكم .

فقال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : يا رسول الله دعني أضرب عنق هذا المنافق . فقال : إنه شهد بدرا . وما يدريك لعل الله أن يكون قد

اطلع على أهل بدر فقال : إعملوا ماشئتم فقد غفرت لكم ؟ [فأنزل الله ـ عز وجل ـ : ﴿يا أيها الذين آمنوا لاتتخذوا عدوي وعدوكم أولياء . م﴾[1] فدمعت عينا عمر ، وقال : الله ورسوله أعلم . خ آخر] ح ـ ٥/١٢٦ . ح ـ ٦/٢٤٦ بفرق يسير ، وفيه : أبو مرثد بدل المقداد . وفيه : كلنا فارس . وفيه فالتمسنا فلم نَرَ كتابا ، فقلنا : ما كذب رسول الله ـ ﷺ ـ لتخرجن الكتاب ، أو لنجردنكِ ! فلما رأت الجدَّ أهوت إلى حجزتها [أي معقد إزارها] وهي محتجزة بكساء فأخرجته . والباقي هو الباقي .

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ منو ، زوبەیرو ، میقدادی ـ لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : منو ، زوبەیرو ، ئەبو مەرثەدی ـ نارد ، فەرمووی : تا رەوضـەی خاخ بچن ـ کە باخێکە لە بەینی مەککەو مەدینەدا ـ لەوێ ژنێ هـەیە کـاغەذێکی پێیـە ، کاغـەذەکـەی لێ‌بستێنن . ئێمـەیش کـەوتێنـە رێو ، هـەمـوو سواربووین ، ئەسپەکانمان ئەیان‌ڕفانین ، تا گەیینە باغەکە ، ژنەکەی لێ بوو . پێمان‌وت : کاغەذەکەت دەرێنە ! وتی : هیچ کاغەذم پێ نی‌یە ، پشکنیمـان نەمـان‌دۆزی‌یەوە . وتمـان : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ بـە خـۆڕایی نەیفەرموە . یا کاغەذەکە دەرێنە ، یا رووتت ئەکەینەوە ، کاغەذەکەی لە ناو پرچیا ـ لە ریوایەتەکەی ترا لە ناو پزووی دەرپێکەیا ـ هێنـایە دەرێ بردمان بۆ خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

لە پشتی نووسرابوو : لە حاطەبی کوری ئەبوبەلتەعەوە بۆ بەعزێ

(١) الممتحنة/١

لە کوففاری قورەیش . [لە ناویا نووسرابوو : (أما بعد) : ئەی قەومی قورەیش پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە لەشکرێکی وەك شەو زۆری دنیاگیرەوە(1) بۆتان بێ . وەك لافاو ئەڕۆن وەڵلاهی ئەگەر بە تەنهایش تەشریفی بێ خوا یاریەی ئەداو ئەو وەعدەی کە پێیداوە بەجێی ێنێ . کەوابێ دیقەت لە خۆتان بکەن . والسلام] .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی حاطەب ئەمە چیە ؟ عەرزیکرد : (یا رسول الله) عەجەلەم لێمەکە ، من پیاوێ بووم لە قورەیش نەبووم ، لە لاوە پێیانەوە لکابووم . ئەو موهاجیرانەی کە لە خذمەتتان خزم و کەس و کاریان هەیە لە مەککەدا ، بە واسیطەی ئەوانەوە ماڵ و منالیان موحافەظە ئەکەن لە ظوڵمی موشریکان . من کە لە ناو قورەیشا مەحرووم لە خذمایەتیی کە ماڵ و منالی ئەوێمی پێ موحافەظە بکەم ، حەزم کرد کە چاکەو منەتێکم بەسەریانەوە ببێ ، بە واسیطەی ئەوەوە کەس و کارم کە لەوێدا ماونەوە لەشەری ئەوان مەحفووظ بێ . ئەو کاغەذەم کە = بۆ = نووسیون بۆییکم نەنووسیوە کە کافر بم ، بۆییکم نەنووسیوە کە مورتەد بووبم ، بۆییکم نەنوسیوە کە لە دوای ئەمە کە موسوڵمان بووم بە کوفر رازیی بم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : حاطەب قسەییکی راستی پێ وتن .

[لە مەثالی کاغەذەکەیشی دەرەکەوێ کە موسوڵمانە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ هیچ لەشکریشی نەبێ ، تەنها نەفسی خۆی بێ خوا نەصرەتی ئەدا بەسەریاناو ئیشی ریسالەتی بۆ ئەچێتە سەر . لەمەدا بەڵکو تەهدیدی موشریکەکانی تیایەو (ضمنا) دەعوەتیان ئەکاتە سەر ئیسلامەتی] .

(1) لە دەسخەتەکەدا (دنیاگیر) بوو .

حەزرەتی عومـەر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ [یا ئـەبێ گوێی لـەوە نەبووبێ کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ شەهادەتی لەسەر راستیی حاطەب داوە لە ئیعتیذارەکەدا ، یاخۆ هەر بەوەندە کە حاطەب موشریکەکانی خەبەردار کـردوە لە لای وابـوە دروستە کـوشتنی و ناوبـردنی بە مـونافیق ؛ بـۆیە] فەرمووی :.(یا رسول الله) وازم لێ بێنە کە لە گەردنی ئەم مونافیقە بدەم .

[موراد لە مونافیق مونافیقی کوفر نی یە ، بەڵکو نیفاقی خیانەتە] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خەیر ، حاطەب حازری غەزای بەدر بوە ، بە چە مەعلووم کە خوا ـ عز وجل ـ طولووعی نەکردوە بەسەر ئەهـلی بەدراو پێی نەفەرموون : هەرچیتان هـەوەسە بیکـەن من لێتان خـۆش بـووم ؟ ! ئیمامی عـومەر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ چـاوی ئاوی کـردو فەرمووی : خواو رەسوولی خوا لە هەموو کەسێ عالمترن .

[خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتی سوورەتی (ممتحنه)ی نازڵ فەرموو کە مەعنای وایە : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە دوشمنی من و دوشمنی خۆتان مەگرن بە دۆست ، مەوەددەت و مەحەببەتی خۆتانیان پێ مەبەخشن ، کەچی ئەوان کافر بـوون بەو حـەقەی کـە لە طـەرەف خواوە بـۆ ئێوە هاتوەو ، چونکی ئێوە ئیمانتان هێنـاوە بە خـواو رەببی خۆتـان ، ئێوەو رەسوولی خوایان لە مەککە ئەکردە دەرێ . ئەگەر ئێوە بۆ غەزا لە رێی خواداو طەڵەبی رەزای خوا هـاتوونـە دەرێ مەیـانکەن بـە دۆست و بە دزی یەوە ئیظهاری مەحەببەتیان لەگەڵ بکەن ، خوا عیلمی هەیە بەوەی کە ئیخفای ئەکەن و بەوەی کە ئیعلانی ئەکەن ، هەرکەسێ لە ئێوە کافران بگرێ بە دۆست بە تەحقیق ئەو کەسە رێگەی راستی ونکردوە ، ئەگەر ئەوان ظەفەرتان پێ ببەن دەستان ئەکێشنێ کە بتانکوژن ، بـە جوێن و قسەی ناخۆش زمان درێژ یتان لەگەڵا ئەکەن] .

لەم حەدیثەدا[1] سێ ئیشکال هەیە :

١ ـ ئیختیلافی دوو حەدیث ؛ لە یەکێکیانا ئەبومەرثەدو ، لەیەکێکیانا میقدادی ناردوە .

٢ ـ طەلەبی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە حاطەب بکوژێ . ئەم دوو ئیشکالە دەفع کرا .

٣ ـ لە حەدیثێکیانا کاغەذەکەیان لە ناو پرچیا هێنایە دەرێ ، لە یەکێکیانا لەسەر پزووی دەرپێکەیی هێنایە دەرێ . نە لە قەسطەلانیدا نە لە شەرحی موسلیمی نەوەوی‌یا نەمدۆزی‌یەوە . ئەگونجێ لە پێشا لە ناو پرچیا بووبێ ، لەو وەختەدا کە پشکنیویانە لە ناو پرچی هێنابێتە دەرێ‌و خستوویێتیە ناو سەر پزووی دەرپێکەیەوە ، لە دواییدا لەوێی هێنابێتە دەرێ . بەعزێ لەو ذەواتەی کە تەشریفیان حازر بوە لەو وەختەدا دیویەتی کە لە پرچی هێناوەتە دەرێ . بەعزێکیان ئەوەی نەدیوە هەر ئاگای لەوە بوە کە لە پزووی دەرپێکەیی دەرهێنابێ ؛ بۆیە بە دوو نەوع ریوایەت کراوە .

وە نی‌یە راویی حەدیثەکەیش هەر حەزرەتی عەلی بێ ـ رضي الله تعالى عنه ـ تا ئیختیلاف لە لەفظی ئەوا بێ . چەند ئەصحابێکی تریش کە تەشریفیان مەوجوود بوە ریوایەتیان کردوە . (والله أعلم) .

موعجیزەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ و فەضلی حاطەب ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەم حەدیثانەدا ظاهیرە .

سووئی ظەن چاك نی‌یە .

---

(١) لە دەسخەتەکەدا (لەم حەدیثە) بوو .

غەیری خوا کەس کەس بە تەواویی ناناسیٚ .

عوذری مەعقوول مەقبوولە .

دۆستایەتی لەگەڵ کوففارا دروست نی‌یە ، ئەمما لە حینی حاجەتا صوڵحیان لەگەڵ ئەکریٚ .

سیڕڕی ئیسلام فاشکردن کەبیرەیە ، مووجیبی عەذابی دنیاو ئاخیرەتە .

پشکنینی ژنی نامەحرەم ـ حەتا رووتکردنەوەی ـ بە قەدەر ئیحتیاجی ولەبەر ضەروورەت لە سونتەتەو تا دەرەجەی فەرزی هەیە .

جاسووس کوشتن دروستە . تەعزیری لازمە .

(تأني) لە ئیشا سونتەتە .

خەتای ئەهلی فەضل بە فەضیلەتەکەی ئەبەخشریٚ .

١١٢٧/٢٥٠ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن عبداً لحاطب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ جاء رسول الله ـ ﷺ ـ يشكو حاطبا ؛ فقال : يا رسول الله ليدخلنَّ حاطبٌ النار . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : كذبت ، لا يدخلها ؛ فإنه شهد بدرا والحديبية . م ـ ٩/٤٠٤ .

تەرجەمە :

عەبدێکی حاطەب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هاتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ شکاتی لە حاطەب کرد ؛ عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) بە تەحقیق حاطەب ئەچێتە جەهەنەمەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : درۆت‌کرد . حاطەب ناچێتە ناو ئاگرەوە ؛ چونکی حازری غەزای بەدرو (حديبية) بوە .

لەمەدا بە صەراحەت شەهادەتی بۆ حاطەب تیایە کە ناچێتە جەهەنەمەوە . (ضمنا) شەهادەتی تیایە کە ئەچێتە بەهەشتەوە .

کەسێ غەیبەتی کەسێك بکا بە درۆخستنەوەو مەنعکردنی سوننەتە .

مەدحی موسوڵمانان لەحینی حاجەتا بە ئەعمالی صالیحە سوننەتە .

بە بێ لوزووم مووجیبی غورووره ، (إن شاء الله) لە (رقاق)١ بێ .

١١٢٨/٢٥١ - أم مبشر ـ رضي الله تعالى عنها ـ سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول عند حفصة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : لا يدخل النار ـ إن شاء الله تعالى ـ من أصحاب الشجرة أحد ، الذين بايعوا تحتها . قالت : بلى يا رسول الله . فانتهرها [فـ] قالت حفصة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ﴿وإن منكم إلا واردها﴾[1] فقال النبي ـ ﷺ ـ : قد قال الله ـ عز وجل ـ : ﴿ثم نُنَجِّي الذين اتقوا ، ونذر الظالمين فيها جثيا﴾[2] م ـ ٩/٤٠٤ .

تەرجەمە :

(أم مبشر) ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ی بیست لە لای حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەیفەرموو : (إن شاء الله) هیچ کەس لە ئەصحابی شەجەرە کە لە ژێریا بەیعەتیان لە خذمەت پێغەمەرا کرد ـ ﷺ ـ ناچنە ناو ئاگری جەهەننەمەوە . حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ [بۆ خاتری ئەمە لە سەبەبەکەی بگا نەك لە وەجهی ئیعتیراضەوە] فەرمووی : بەڵێ (یا رسول الله) ئەیچنێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێی توورە بوو ، حەزرەتی حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : هیچ کەس لە ئێوە نی‌یە کە نەچێتە ناو ئاگری جەهەننەمەوە [یەعنی خوا لەو ئایەتەدا بۆچ وا ئەفەرموێ ؟] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ لە

(١) مريم/٧١
(٢) مريم/٧٢

دوای ئەو ئایەتەوە فەرموویەتی : لە دوای ئەوە کە چوونە ناویەوە نەجاتی ئەوانە ئەدەین = کە تەقوایان کردوەو خۆیان پاراستوە = لە چوونە ناویەوەو ، ئەوانەی کە زاڵمن لە جەهەننەما تەرك ئەکەین لە ناویا بەچۆکا بێن .

[یەعنی موراد لە چوونەناوی ئەوەیە کە هەموو کەس بەسەر پردی صیراطا رائەبوورێ ؛ ئەهلی تەقوا نەجاتی ئەبێ‌و ناکەوێتە ناوی . زاڵم ئەکەونە ناوی . وەك لە ئەحادیثی ئەحواڵی ئاخیرەتا رابورد .]

ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە کە موناظەرە بۆ تێگەیشتنی حەق‌و ئیزالەی شوبهەو ، سوئال‌و جواب دروستە ، مەقصوودی حەفصە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وابوا . مەقصوودی رەدی فەرموودەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەبوە . نووي]

فضائل الأشعريين - رضي الله تعالى عنهم -

١١٢٩/٢٥٢ - عن أبي موسى [الأشعري] - رضي الله تعالى عنه - قال : كنت عند النبي - ﷺ - وهو نازل بالجِعْرانة [وبكسر العين وتشديد الراء] بين مكة والمدينة ، ومعه بلال - رضي الله تعالى عنه - فأتى النبي - ﷺ - أعرابي ، فقال : ألا تُنْجِز لي ما وعدتني [من غنيمة حنين] ؟ فقال [عليه الصلاة والسلام] : أبْشِر . فقال : قد أكثرت عليَّ من أبْشِر ! فأقبل [عليه الصلاة والسلام] على أبي موسى وبلال - رضي الله تعالى عنها - كهيئة الغضبان ، فقال : ردَّ البشرى . فأقبِلا أنتما ، قالا : قبلنا . ثم دعا بقدح فيه ماء ، فغسل يديه ووجهه فيه ، ومج فيه ، ثم قال : إشربا منه وأفرغا على وجوهكما ونحوركما وأبشرا . فأخذا القدح ففعلا ، فنادت أم سلمة [أم المؤمنين - رضي الله تعالى عنها -] من وراء الستر : أفْضِلا لأمكما ، فأفضلا لها طائفة . ح - ٣٩٥/٦ . م - ٤٠٥/٩ .

تەرجەمە :

ئەبو مووسای ئەشعەریی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا بووم - ﷺ - تەشریفی لە جیعرانەدا دابەزیبوو - کە لە بەینی مەککەو مەدینەدایە ، بیلالیشی لە خزمەتا بوو - رضي الله تعالى عنه - عەرەبێکی بەرِرِانی هاتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزی کرد : بۆچ ئەوەی کە وەعدەت پێدام کە لە غەنیمەتی حونەین بمدەیتێ بەجێی ناهێنی ؟ پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : موژدە بێ لە تۆ . عەرەبەکە وتی : زۆرت موژدە داومێ ! پێغەمەر - ﷺ - بە رقەوە رووی کردە ئەبومووساو بیلال - رضي الله تعالى عنها - و فەرمووی : ئەم عەرەبە موژدەکەی رەدکردەوە ئێوە قەبوولی بکەن . ئەبومووساو بیلال - رضي الله تعالى

عنهما ـ فەرموویان : (یا رسول الله) ئێمە قەبـوولمان کـرد . لە دواییـدا پێغەمەر ـ ﷺ ـ قەدەحێکی طەلـەب‌کرد کـە ئاوی تیـا بوو ، دەست‌و دەمـوچـاوی مـوبـارەکی پێ‌شت‌و لـە دەمی وەرداو کـردی‌یـەوە نـاو قەدەحەکە ، فەرمـووی : لێی بخۆنـەوەو بیکەن بـە دەم‌و چاوو سـەر سنگتاناو موژدە بێ لە ئێوە . بیلال‌و ئەبوموسا ـ رضي الله تعالی عنهما ـ قەدەحەکەیان لە دەستی موبارەکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەرگرت‌و ئەوەیان کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێکردن . . کرد . (ام سلمه)ی دایکمان ـ رضي الله تعالی عنها ـ لە پشتی پەردەوە بانگی کردن : بەشی دایکیشتان بهێڵنەوە لەوەی کە لە قەدەحەکەتانایە . ئەوانیش بەعزێکیان بۆ پێشتەوە .

ئەم حەدیثە فەضیلەتی ئەبوموساو ، بیلال‌و ، (ام سلمه)ی تیایە ـ رضي الله تعالی عنهم ـ .

ئەو عەرەبە بەرڕانی‌یە چە بەرەکەتێکی گەورەی لە کیس خـۆی داوە !

۲۵۳ / ۱۱۳۰ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما فرغ النبي ـ ﷺ ـ من حنين بعث أبا عامر على جيش إلى أوطاس فلقي دُرَيْدَ بن الصمة ، فقُتلَ دريد ، وهزم الله أصحابه . قال أبو موسى وبعثني مع أبي عامر [رضي الله تعالى عنهما ، عمه] فرُمي أبو عامر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ في ركبته رماه جشمي ، فأثبته في ركبته ،[1] فانتهيت إليه [فقلت : يا عم من رماك ؟] فأشار إلى أبي موسى فقال : ذاك قاتلي الذي رماني ، فقصدت له ، فلحقته ، فلما رآني ولّى ، فاتبعته ، وجعلت أقول له : الا

(۱) دانەر ـ خ ـ «رماه جشمي ، فأثبته في ركبته»ی لەبیر چوو بوو ، نووسیمان‌و مانایشمان کرد .

تستحي ؟ ألا تثبت ؟ [ألست من العرب ؟ مسلم] فكف ، فاختلفنا ضربتين بالسيف ، فقتلته ، ثم قلت لأبي عامر : قتل الله صاحبك . قال : فأنْزِع هذا السهم ، فنزعته فنزا منه الماء ، قال : يا ابن أخي أقْرِئ النبيَّ ـ ﷺ ـ السلام وقل له : إستغفر لي ، واستخْلَفَني أبو عامر على الناس ، فمكثت يسيرا ، ثم مات ـ رضي الله تعالى عنه ـ [ثم قاتلهم أبو موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ حتى فتح الله عليه] .

فرجعت فدخلت على النبي ـ ﷺ ـ في بيته على سرير مُرْمَل [أو بفتحتين وتشديد الميم الثانية] و [ما . ظ] عليه فراش قد أثر رمال السرير في ظهره وجنبيه ، فأخبرته بخبرنا وخبر أبي عامر ، وقال : قل له ـ ﷺ ـ إستغفر لي ، فدعا بماء فتوضأ ، ثم رفع يديه ، فقال : اللهم اغفر لعُبَيدٍ أبي عامر . ورأيت بياض إبطيه . ثم قال : اللهم اجعله يوم القيامة فوق كثير من خلقك من الناس . فقلت : ولي ، فاستغفر ، فقال : اللهم اغفر لعبد الله بن قيس ذنبَهُ وأدْخله يوم القيامة مدخلا كريما . قال أبو بردة : إحداهما لأبي عامر والأخرى لأبي موسى . ح ـ ٦/٣٩٢ . م ـ ٩/٤٠٥ بفرق ما ، لفظي .

تەرجەمە :

ئەبو مووسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ كە لە غەزای حونەین بوّوه ئەبوعامیری مامی كرد بە سەركردەی لەشكرێك ، ناردی بۆ (ئەوطاس) گەیی بە دورەیدی كوڕی (صحة)، دورەید كوژرا ، لەشكرەكەی شكا . ئەبو مووسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : منی لەگەڵ ئەبوعامیری مامما نارد ، ئەبوعامیر تیرێكیان دا لە ئەژنۆی كابرایەكی جەشمیی تیرەكەی لێدا ، چووم

بەلایەوە ، لێم‌پرسی : مامە کێ ئەم تیرەی لێدایت ؟ ئیشارەتی کردو فەرمووی : ئەوە قاتیلی منە کە تیری لێدام . بۆی چووم‌و پێیگەییم ، کە چاوی پێمکەوت پشتی هەڵکردو هەرای‌کرد ، شوێنی کەوتم ، پێم‌ئەوت : حەیا ناکەی هەڕا ئەکەی ؟ بۆ ناوەستی لە حەربا ؟ [بۆ تۆ عەرەب نیت ؟ م] کە وام‌وت وەستا ، شیرمان بۆ یەکتر داهێناو من ئەوم کوشت .

لە دواییدا بە ئەبوعامیرم وت : رەفیقەکەتم کوشت . فەرمووی : ئەم تیرەم لە ئەژنۆ دەرێنە . تیرەکەم لە ئەژنۆی دەرهێنا لە جێی تیرەکە ئاوی لێ هات . پێی فەرمووم : ئەی کوڕی برای خۆم لە منەوە سەلام لە پێغەمەر کە ـ ﷺ ـ عەرزی بکە ئیستیغفارم بۆ بکا . منی لە جێی خۆی کرد بە سەرکردە [شەرم لەگەڵ کردن‌و شکانمن] نەختێ وەستام ئەبوعامیر وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

گەڕامەوە چوومە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە ماڵەوە بوو ، لەسەر تەختێ بوو بە پووش‌وپەن چنرابوو ، هیچ فەرشی لەسەر نەبوو . شریتی تەختەکە لە پشت‌و تەنیشتی موبارەکی جێی خۆی کردبووەوە . خەبەری خۆمان‌و ئەبوعامیرم عەرزکرد کە ئەبوعامیر پێی فەرمووم عەرزی پێغەمەر بکە ـ ﷺ ـ کە ئیستیغفارم بۆ بکە .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئاوی طەڵەب فەرموو ، دەزنوێژی شت ، لە دواییدا دەستی موبارەکی هەڵبری ، فەرمووی : خوایا لە عوبەید ـ کە ئەبوعامیرە ـ خۆش ببەو ، چاوم‌کەوت بە سپیانی[1] بن‌باخەڵی شەریفی . لە دواییا فەرمووی : خوایا لە رۆژی قیامەتا بیخەرە ژوور گەلێ

(١) لەم شوێنانەدا (سپیایی) دەوترێ نەك (سپیانی) .

مەخلوورقی خۆت لە ئینسان . عەرزم‌کرد : بۆ منیش ئیستیغفار بکە . فەرمووی : خوایا لە عەبدوڵڵای کوڕی قەیس خۆش ببە ، لە گوناهی ببوورە ، رۆژی قیامەت بیخەرە جێیێکی موبارەکەوە . ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو مووسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەم دۆعایە یەکێکیان بۆ ئەبوعامیرە ، ئەوی تریان بۆ ئەبومووسایە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ .

١١٣١/٢٥٤ ـ وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : إني لأعرف أصوات رفقة الأشعريين بالقرآن حين يدخلون بالليل ، وأعرف منازلهم من أصواتهم بالقرآن بالليل ، وإن كنت لم أرَ منازلهم حين نزلوا بالنهار ومنهم حكيم [صفة أو علم لرجل . نووي] إذا لقي الخيل ، أو قال العدو ، قال لهم : إن أصحابي يأمرونكم أن تنظروهم [مثل «أنظرونا نقتبس من نوركم»[1] . قسطلاني ، ونووي] ، [اي تنتظروهم] . م/٩/٤٠٧ . ح ـ ٦/٣٥٩ .

تەرجەمە :

ئەبومووسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەفەرموێ : بە قورئان دەنگی رێبواری ئەشعەریی ئەناسمەوە کە ئەچنە ماڵێ بەشەو ، لە شەوا کە قورئان ئەخوێنن بە دەنگیان مەنزڵەکانیان ئەزانم ، ئەگەر چی بە رۆژا کە مەنزڵ ئەگرن مەنزڵەکانیانم نەدیبێ . لە ناو ئەوانا یەکێکی حەکیم ناو هەیە ، یا پیاوێکی عاقڵ هەیە کە تووشی لەشکری سوارە ببێ ، یا فەرمووی : تووشی دوشمن ببێ پێیان ئەڵێ : کە رەفیقەکانم ئەمرتان پێ ئەکەن کە

(١) الحديد/١٢ .

مونتەظیریان بین [یەعنی تا حەربتان لەگەڵا بکەن ، یەعنی شەجیعن لە دوشمن ناترسن قورئان خوێنن ، فەرقی شەوو رۆژو رێو بان ناکەن] .

بەشەو بەرێوە قورئان خوێندن دروستە .

دەنگ هەڵبرین بە قورئان دروستە بەو شەرتە نوێژو خەو لە خەڵق تێك نەدا ، بەڵکو سوننەتیشە .

١١٣٢/٢٥٥ ـ وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ إن الأشعريين إذا أرملوا في الغزو [أي : فني طعامهم] أو قلَّ طعام عيالهم بالمدينة جمعوا ما كان عندهم في ثوب واحد ثم اقتسموه بينهم في إناء واحد ، بالسوية ؛ فهم مني وأنا منهم . م ـ ٤٠٧/٩ . ح ـ ٢٧٣/٦ .

تەرجەمە :

ئەبوموساى ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە قەومی ئەشعەریی کە لە غەزادا خۆراکیان نەما ـ یەعنی هی بەعزێکیان ـ یا لە مەدینەدا طەعامی عەیالیان کەم بۆوە . . . ئەو طەعامانەی کە لە لایان ماوە هەمووی لە ناو جلێکا کۆ ئەکەنەوە ، لە دواییدا بە قاپێ بە موساوات لە بەینی خۆیانا تەقسیمی ئەکەن . [لە صیفاتی فاضیلەی بەشەری‌یەتا] ئەوان لە خوڵقی منان و من لە خوڵقی ئەوانام .

لەم حەدیثەدا مەدحیان ئەکا لە ئەخلاقی حەسەنەدا بە : سەخا ، بە خزم دۆست ، بە صیلەی رەحم ، بە زوهدو قەناعەت . . .

لە حەدیثەکەی پێشوودا مەدحیان ئەکا بە : شەجاعەت ، بە تەقوا ، بە عیبادەت .

فضائل جعفر وأسماء بنت عميس وأهل سفينتهم
- رضي الله تعالى عنهم -

١١٣٣/٢٥٦ عن أبي موسى - رضي الله تعالى عنه - قال : بلغنا مخرج النبي - ﷺ - ونحن باليمن ، فخرجنا مهاجرين إليه ، أنا وأخوان لي ، أنا أصغرهم ، أحدهما أبو بردة [عامر بن قيس] والآخر أبو رهم . إما قال : بضع ، وإما قال : ثلاثة وخمسين ، أو إثنين وخمسين رجلا من قومي ، فركبنا سفينة ، فألقتنا سفينتنا إلى النجاشي بالحبشة ، فوافقنا جعفر بن أبي طالب - رضي الله تعالى عنه - ، وأصحابه عنده ، فقال جعفر : إن رسول الله - ﷺ - بعثنا ههنا ، وأمرنا بالاقامة فأقيموا معنا . قال مسلم:فأقمنا معه حتى قدمنا جميعا ، فوافقنا النبي [رسول الله . م] - ﷺ - حين إفتتح خيبر ، فأسهم لنا ، أو قال : أعطانا منها ، وما قسم لأحد غاب عن فتح خيبر منها شيئا إلا لمن شهد معه ، إلا لاصحاب سفينتنا مع جعفر وأصحابه ، قسم لهم معهم . [ح/٥/٢٠٩] .

قال : فكان اناس من الناس يقولون لنا - يعني لأهل السفينة - : سبقناكم بالهجرة . ودخلت أسماء بنت عميس [زوجة جعفر] ، وهي ممن قدم معنا ، على حفصة - رضي الله تعالى عنها وعنهم - زوج النبي - ﷺ - زائرة ، وقد كانت هاجرت إلى النجاشي فيمن هاجر . فدخل عمر على حفصة ، وأسماء عندها - رضي الله تعالى عنهم - فقال عمر - حين رأى أسماء - : من هذه ؟ قالت : أسماء بنت عميس . قال عمر : الحبشية هذه ، البحرية هذه . قالت أسماء : نعم . قال : سبقناكم بالهجرة ؛ فنحن أحق برسول الله - ﷺ - منكم . فغضبت ، وقالت ، كلا والله ! كنتم مع رسول الله - ﷺ - يطعم جائعكم ، ويعظ جاهلكم . وكنا في

دار أو أرض البعداء البغضاء بالحبشة . وذلك في الله وفي رسوله . وأيم الله لا أطعم طعاما ، ولا أشرب شرابا حتى أذكر ما قلت لرسول الله ـ ﷺ ـ ونحن كنا نؤذى ونخاف ، وسأذكر ذلك للنبي ـ ﷺ ـ وأساله ، والله لا أكذب ، ولا أزيغ ، ولا أزيد على ذلك .

قال : فلما جاء النبي ـ ﷺ ـ قالت : يا نبي الله إن عمر قال كذا وكذا . قال : فما قلت له ؟ قالت : قلت له كذا وكذا . قال [عليه الصلاة والسلام] : ليس بأحق بي منكم ، وله ولأصحابه هجرة واحدة ولكم أنتم أهل السفينة هجرتان ! قالت : فلقد رأيت أبا موسى وأصحاب السفينة يأتوني أرسالا [أفواجا] يسألوني عن هذا الحديث ، ما من الدنيا شيٌ هم به أفرح ولا أعظم مما قال لهم النبي ـ ﷺ ـ .

قال أبو بردة [بن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : قالت أسماء : فلقد رأيت أبا موسى وإنه ليستعيد هذا الحديث مني .

ح/٦/٣٥٨ . م/٩/٤١٠ .

تەرجەمە :

ئەبومووسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە خەبەری خوروجی پێغەمەرمان پێگەیی ـ ﷺ ـ ئێمە لە یەمەن بووین بە هیجرەت چووینە خذمەتی ، من لەگەڵ دوو براما ، من بچووکیان بووم ، یەکێکیان ئەبو بوردە بوو ، ئەوی تریان ئەبوروهم بوو . ئەبومووسا یا فەرمووی : پەنجاو ئەوەندە ، یا فەرمووی : پەنجاو سێ ، یا پەنجاو دووکەس لە قەومەکەم لە سواری سەفینەیێکا بووین ، سەفینەکەمان ئێمەی هاویتە لای نەجاشیی لە حەبەشەستان ، تووشی جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب بووین ، ئەصحابی لە خذمەتیا بوو ـ رضي

الله تعالى عنهم ـ جەعفەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ : ئێمەی نارده ئێرەو ئەمری پێکردین کە لێرەدا ئیقامەت بکەین ، ئێوەیش لەگەڵ ئێمە بەند ببن ، لەگەڵ ئەو لەوێدا ماینەوە تا هەموو بەیەکەوە هاتینە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەصادوفی پێغەمەرمان کرد ـ ﷺ ـ کە فەتحی خەیبەری ئەکرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە غەنیمەتی خەیبەر بەشی داین . بە ئەصحابی سەفینەنەبێ بەشی هیچ کەسی نەدا غەیری ئەوانەی کە لە حینی فەتحا لە خزمەتیا بوون .

بەعزێ خەڵق بە ئەهلی سەفینەیان ئەووت : ئێمە لە هیجرەتا لە ئێوە پێشکەوتین .

ئەسمای کچی عومەیس ـ کە حەرەمی جەعفەر بوو ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەویش لەوانە بوو کە لەگەڵ ئێمە ، کە ئەصحابی سەفینە بووین ، هاتبوو بۆ مەدینە ، زیارەتی حەزرەتی حەفصەی حەرەمی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ؛ورضي عنها ـ عومەریش هاتە خزمەت حەفصەو ئەسمای = لە = خزمەتا بوو ـ رضي الله تعالى عنهم ـ پرسی : ئەمە کێیە ؟ عەرزیان کرد : کە ئەسمایە . فەرمووی : ئەسمای حەبەشیی ، ئەسمای بەحریی . ئەسما عەرزی کرد : بەڵێ . عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی فەرموو : لە هیجرەتا ئێمە لە ئێوە پێشکەوتین . کە وابێ ئێمە لە ئێوە نزیکترین بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ . ئەسما لەوە رقی هەڵسا ، فەرمووی : حاشا ؛ ئێوە لە خذ مەت پێغەمەرا بوون ـ ﷺ ـ برسیتانی تێرئەکرد ، وەعظی بۆ نەزانتان دادەدا . ئێمە لە دیارێکی ، یا فەرمووی : لە ئەرزێکی دوورا بووین ، لە ئەرزێکی مەبغووضا بووین لە حەبەشستان . ئەوە بۆ خواو بۆ پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ . قەسەم بە خوا ! نە ئەخۆم نە ئەخۆمەوە تا ئەوی بە منت وت عەرزی پێغەمەری ئەکەم

ـ ﷺ ـ ؛ ئێمە ئەذیەت ئەدراین ئەترساین . ئەوەی کـە تۆ وتت ئـەبێ عەرزی پێغەمەری بکەم ـ ﷺ ـ . لێی ئەپرسم ، وەڵڵاهی هیچ درۆی تیا ناکەم . لە حەق لانادەم ، لێی زیاد ناکەم .

کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی هاتەوە ، ئەسـما ـ رضي الله تعالى عنها ـ عەرزی کرد : (يا نبي الله) عومەر واو وای پێ وتم . فەرمووی : تـۆ چیت بەو وت ؟ وتی : ئـەوەو ئـەوەم پێ وت . پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەو لە ئێوە بە من نزیکتر نی یە . بۆ ئەوو بۆ ئەصحابی تەنها هیجرەتێ هەیە ، بۆ ئێـوە ـ ئەی ئـەصحابی سـەفینە ـ دوو هیجـرەتتان هەیە : یەکێکی بۆ ئەرزی حەبەشە ، یەکێکی بۆ لای من !

ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئەبوموساو ئەصحابی سەفینەم وا دی فەوج ، فەوج [یەعنی کۆمەڵ ، کۆمەڵ] ئەهاتنە لام ئەم حەدیثەیان لێ ئەپرسیم . هیچ شتێ نەبوو لە دنیادا لایان خۆشتر بێ یا لایان گەورەتر بێ لەوەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەرحەقی فەرموون . ئەبوبوردە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە ئەسما فەرمووی : ئەبوموسام وا دی کە ئەم حەدیثەی پێ تیکرار ئەکردمەوە[1] . ـ رضي الله تعالى عنهم أجمعين ـ .

---

(١) دەبوو دانەر بینووسیایە : ئەم حەدیثەی لە منەوە تیکرار ئەکردەوە .

فەضائیلی جەریری بنی عەبدوڵڵای بەجەلی
ـ رضي الله تعالى عنه ـ

[أسلم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قبل وفاته ـ عليه الصلاة والسلام ـ بقليل ، وقال ـ عليه الصلاة والسلام ـ في حجة الوداع : إستنصت الناس ، وكان حسن الصورة . قال عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ : جرير يوسف هذه الأمة ، وهو سيد قومه .

وفي الطبراني : أنه لما دخل على النبي ـ ﷺ ـ أكرمه وبسط له رداءه ، وقال : إذا أتاكم كريم قوم فأكرموه . وتوفي ـ رضي الله تعالى عنه ـ بعيد الخمسين من الهجرة . قسطلاني . ١٦٣/٦] .

٢٥٧/١١٣٤ عن بيان عن قيس [بن حازم] قال سمعته يقول قال جرير بن عبد الله ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ما حجبني رسول الله ـ ﷺ ـ منذ أسلمت ، ولا رآني إلا ضحك . ح ـ ١٦٣/٦ .

تەرجەمە :

قەیسی کوڕی حازم ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : جەریری کوری عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لەو وەختەوە کە موسوڵمان بووم پێغەمەر ـ ﷺ ـ قەط مەنعی نەکردم لەچوونە حوضووری ، قەط چاوی پێم نەکەوتوە کە بە ڕوومەوە پێ نەکەنیبێ .

[جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە قەد سێ مانگ لە پێش وەفاتی سەییدی کائیناتا ـ عليه الصلاة والسلام ـ موسوڵمان بوو ، لە حەججی ویداعا پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ فەرموو : کە خەڵق بێدەنگ بکا تا گوێیان لە خوطبەی پێغەمەر بێ ـ ﷺ ـ .

جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پیاوێکی جوان و بەشەوکەت بوە .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرموویەتی : كە جەریر یوسفی ئەم ئوممەتەیە . جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ گەورەی قەومی خۆی بوە .

لە طەبەرانیدایە : كە جەریر چوو بۆ خـزمەت پێغـەمەر ـ ﷺ ـ ئیكرامی گرت بەرماڵەكەی خۆیی بۆ راخست و فەرمووی : كە كەریمی قەومێكتان هاتە لا ئیكرامی بگرن . جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە تەئریخی نەختێ دوای پەنجای هیجرەت وەفاتی كرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ] .

١١٣٥/٢٥٨ عن جرير ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال لي رسول الله ـ ﷺ ـ : ألا تريحني من ذي الخلصة ؟ فقلت : بلى . فانـطلقت في خمسين ومائة فارس من احمس [بوزن أحمر] وكـانوا أصحـاب خيل ، وكنت لا أثبت على الخيل . فذكرت ذلك للنبي ـ ﷺ ـ ، فضرب يده على صدري حتى رأيت أثر يده في صدري . فقال : اللهم ثبته [على الخيل] واجعله هاديا مهديا . قال : فما وقعت عن فرس بعد .

قال : وكان ذو الخلصة بيتا باليمن لخثعم وبجيلة[إسم امرأة نسبت القبيلة إليها] فيه نصُب يُعبـد يقال لـه : الكعبة [اليمـانية ، والكعبـة الشامية . أخرى . خ] [سميت يمانية ؛ لأنها في اليمن ، وشامية باعتبار أن بابها كان مقابلا للشام . قسطلاني] . قال قيس : فـأتاهـا فحرقهـا بالنار ، وكسرها . قال : ولما قدم جرير ـ رضي الله تعالى عنه ـ اليمن كان بها رجل يستقسم بالأزلام . فقيل له : إن رسول رسول الله ـ ﷺ ـ ههنا فإن قدر عليك ضرب عنقك . قال : فبينما هو يضرب بها إذ وقف عليه جرير ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : لتكسرنها ولتشهد أن لا إله إلا الله أو لأضربن عنقك . قال : فكسرها وشهد ، ثم بعث جرير رجلا من

أحمس ، يكنى أبا أرطاة ، إلى النبي ـ ﷺ ـ يبشره بذلك . فلما أتى النبي ـ ﷺ ـ قال : يا رسول الله والذي بعثك بالحق ! ما جئت حتى تركتها كأنها جمل أجرب . قال : فبرَّك النبي ـ ﷺ ـ على خيل أحمس ورجالها خمس مرات . ح/٦/٤٠٩ ، م/٩/٣٨٧ .

تەرجەمە :

قەیسی کوڕی حازم لە جەریری کوڕی عەبدوڵڵای بەجەلیی ریوایەت ئەکا ، جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ فەرمووم : بۆچی دڵم رەحەت ناکەی لە (ذو الخلصة) ؟ عەرزم کرد : بەڵێ رەحەتت ئەکەم . بە صەدو پەنجا سواری ئەحمەسەوە چووم . ئەحمەس عەشیرەتێکی صاحیب ولاغی بەرزەن . منیش خۆم بەسەر ئەسپەوە نەئەگرت . ئەوەم عەرزی پێغەمەر کرد ـ ﷺ ـ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستێکی ماڵی بەسەر سنگما تا جێی دەستی موبارەکی پێغەمەرم دی ـ ﷺ ـ لە سنگما . فەرمووی : خوایا لەسەر ولاغ ثابت و مەحکەمی بکەو بیشی کە بە هیدایەتدەرو هیدایەتدراو .

جەریر فەرمووی : لە دوای ئەوە هیچ لەسەر ولاخ نەکەوتوومە خوارێ .

(ذو الخلصة) خانوویێ بوو لە یەمەن هی عەشیرەتی خەثعەم و بوجەیلە بوو ، بتی زۆری تیا بوو عیبادەتی بۆ ئەکرا . جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوو بۆ ئەو جێگەیە کە ئەو خانوەی لێبوو بە ئاگر خانوەکەی سووتان و تێکی شکان .

قەیس فەرمووی : کە جەریر گەیی یە یەمەن پیاوێکی تیا بوو ، تەفەئولی بە ئەزلام ئەکرد . پێیان وت : رەسوولی (رسول الله) ـ ﷺ ـ تەشریفی لێرەیە ، دەستی بەسەرتا بێ لە گەردنت ئەدا . لەو وەختەدا کە

ئەو پیاوە بە ئەزلام فالّی ئەگرتەوە جەریر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بەسەریەوە حازر وەستا ئەمری پێ فەرموو : ئەبێ ئەم ئەزلامە بشكێنی و شەهادەتیش بێنی بە (لا إله الا الله) گینا لە گەردنت ئەدەم . ئەو پیاوە ئەزلامەكەی شكان و شەهادەتی هێنا . لە دواییدا جەریر ـ رضي الله تعالی عنه ـ پیاوێكی لە ئەحمەس ناردە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناوی ئەبوئەرطاة بوو كە موژدە بدا بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ پیاوەكە گەیی یە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ ، عەرزی كرد : (یا رسول الله) قەسەم بەو ذاتەی كە تۆی بە حەق رەوانەكردۆتە سەر خەلّق ! تا وەك وشتری گەر ئەو خانوەم بەجێ نەهێشت نەهاتمە خزمەت تۆ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تا پێنج دەفعە دۆعای بەرەكەتی كرد بۆ خەیلی ئەحمەس و بۆ پیاویان .

سێ موعجیزەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ی تیایە :

١ ـ جەریر كە شلەپەتە بوو بە دەستپیادانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەزبەجێ شیفایاب بوو .

٢ ـ بە بەرەكەتی دۆعای ئەو خوا هیدایەتی داو گەلێ خەلّقیشی موسولّمان كرد .

٣ ـ مووەفەق بوو بەسەر تەخریبی ئەو بتخانەدا بە بێ كولفەت .

ئەم موعجیزانەیش هەرسێكی فەضیلەتن بۆ جەریر ـ رضي الله تعالی عنه ـ .

حذيفة بن يمان العبسي
ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١١٣٦/٢٥٩ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : لما كان يوم أحد هزم المشركون هزيمة بينة ، فصاح إبليس : أي عباد الله أخراكم ! فرجعت أولاهم على أخراهم ، فاجتلدت [أي : فاقتتلت] أخراهم . فنظر حذيفة ، فإذا هو بأبيه ، فنادى : أي عباد الله أبي ، أبي ! فقالت : فوالله ما احتجزوا [أي : ما انفصلوا] حتى قتلوه . فقال حذيفة : غفر الله لكم . [قال هشام] : قال أبي [عروة] : فوالله ما زالت في حذيفة منها [من هذه الكلمة] بقية خير [دعاء واستغفار لقاتل أبيه] حتى لقي الله ـ تعالى عز وجل ـ . ح/٦/١٦٤ . ح/٦/٢٨٩ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : کە غەزای ئوحود بوو موشریك بە شکانێکی ئاشکارا شکان . ئیبلیس ـ لعنە الله ـ بانگێکی قایی کرد : ئەی (عباد الله) ئاگاتان لە دواوە بێ ! ئەوانە کە لە پێشەوە بوون گەڕانەوە سەر دوایی یەکەیان ، هی دواوەیش لەگەڵ هی پێشەوەیان ، دەستیان کرد بە شەڕکردن [یەعنی بەرو دوای لەشکری ئیسلام کەوتنە شەڕکردن لەگەڵ یەکتری] .

حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەماشای کرد (یەمان)ی باوکی یان گرتۆتە ناو خۆیانەوە خەریکن بیکوژن . حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بانگی کردنێ : ئەی (عباد الله) ئەوە باوکمە مەیکوژن . حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : وەڵڵاهی بەو بانگی حوذەیفەیە

وازیان لە باوکی نەهێنا تا کوشتیان . ئەو وەختە حوذەیفە فەرمووی ؛ خوا لێتان خۆش ببێ .

عورووە ـ کە راویی حەدیثەکەیە ـ ئەفەرموێ : وەڵڵاهی لە حوذەیفەدا تا وەفاتی کرد ئەو دوعای مەغفیرەتەی بۆ قاتڵی باوکی تەرك نەکرد . هەر دوعای خێرو مەغفیرەتی بۆ ئەکردن .

فەضیلەتێکی گەورەیە بۆ حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە بە دەوام دوعای مەغفیرەتی ئەکرد بۆ قاتیلی باوکی ، لە موقتەضای بەشەرییەت وازی هێنا ، کە بە عادەت ئەبو کینی لێیان بەدڵەوە بگرتایە .

فضائل أويس القرني
- رضي الله تعالى عنه -

١١٣٧/٢٦٠ عن اسير بن جابر أن أهل الكوفة وفدوا إلى عمر - رضي الله تعالى عنه - وفيهم رجل ممن كان يسخر بأويس ، فقال عمر : هل ههنا أحد من القرنيين ؟ فجاء ذلك الرجل ، فقال عمر - رضي الله تعالى عنه - : إن رسول الله - ﷺ - قد قال : إن رجلا يأتيكم من اليمن يقال له : أويس ، لايدع باليمن غير أم له ، قد كان به بياض ، فدعا الله فأذهبه عنه إلا موضع الدينار أو الدرهم ، فمن لقيه منكم فليستغفر لكم . م/٩/٤٣٣ .

وفي أخرى عن عمر - رضي الله تعالى عنه - : سمعت رسول الله - ﷺ - يقول : إن خير التابعين رجل يقال له : أويس ، وله والدة ، وكان به بياض ، فمروه فليستغفر لكم . م/٩/٤٣٤ .

تەرجەمە :

ئوسەیری کوڕی جابیر ئەفەرموێ : ئەهلی کووفە هاتنە خزمەت ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - پیاوێکیان تیابوو کە ئیستیهزاو گاڵتەی بە ئوەیسی قەرەنی ئەکرد . عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : کەستان تیایە لە خەڵقی قەرەن ؟ ئەو پیاوە چوە خزمەت ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : کە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : پیاوێ لە یەمەن یێتە لای ئێوە ئوەیسی پێ ئەڵێن ، لە یەمەنا غەیری دایکی کەس بەجێ نایێڵێ ، بەڵەکی یێکی پێوە بو ، لە خوای طەڵەب کرد ، خوا ئەو بەڵەکی یەی لەسەر لابرد ، هەر بە قەد دیناری یا درهەمێکی ماوە ، هەرکەسێ لە ئێوە تووشی ببێ طەڵەبی لێ بکا کە

ئیستیغفاری بۆ بکا .

لـە ریوایـەتەکـەی ترا ئیمـامی عومـەر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فەرمووی : لە پێغەمەرم ـ ﷺ ـ بیست : کە چاکترینی هەموو تـابیعین پیاوێکە پێی ئەڵێن : ئوەیس دایکێکی هەیە ، بەڵەکی ییکی پێوەیە ، پێی بڵێن : کە ئیستیغفارتان بۆ بکا .

١١٣٨/٢٦١ عن اسير بن جابر قال : كان عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ إذا أتى عليه إمداد أهل اليمن سألهم : أفيكم أويس بن عامر ؟ حتى أتى على أويس ، فقال : أنت أويس بن عامر ؟ قال : نعم . قال : من مراد ، ثم من قرن ؟ قال : نعم . قال : فكان بـك برص فبرأت منه إلا موضع درهم ؟ قال : نعم . قال : لك والدة ؟ قال : نعم . قال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : يأتي عليكم أويس بن عامر مع إمداد أهل اليمن ، من مراد ، ثم من قرن . كان به برص فبرأ منه إلا موضع درهم . له والدة هو بها بر ، لو أقسم على الله لأبره . فإن استطعت أن يستغفر لك فافعل ، فاستغفر لي ، فاستغفر له .

فقال له عمر : أين تريد ؟ قال : الكوفة . قال : ألا أكتب لك إلى عاملها ؟ قال : أكون في غبراء الناس أحب الي .

قال : فلما كان من العام المقبل حج رجل من أشرافهم ، فوافق عمر ، فسأل عن أويس . فقال : تركتـه رث البيت ، قليل المتـاع . قال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : يأتي عليكم أويس بن عامر مع إمداد من أهل اليمن من مراد ، ثم من قرن ، كان به برص فبرأ منه إلا موضع درهم . له والدة هـو بها بـر ، لو أقسم عـلى الله لابره ! فـإن استطعت أن يستغفر لك فافعل . فأتى أويسـا ، فقال : إستغفـر لي ، فقال : أنت أحدث عهدا بسفر صالح ، فـاستغفر لي . قـال : لقيت

عمر ؟ قال : نعم . فاستغفر له . ففطن له الناس ، فانطلق على وجهه . قال اسير : وكسوته بردة ، فكان كلما رآه إنسان قال : من أين لأويس هذه البردة ؟ م/٩٠/٤٣٤ .

تەرجەمە :

ئوسەیری کوڕی جابیر ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە یەمەنەوە مەدەدی بۆ بهاتایە لێی ئەپرسین : ئوەیستان لەناوایە ؟ تا هاتە سەر ئوەیس ـ رضي الله تعالى عنه ـ لێی پرسی : تۆ ئوەیسی کوڕی عامیری ؟ فەرمووی : بەڵێ . فەرمووی : لە مواردی لە دوای = ئەوە = لە قەرەنی ؟ فەرمووی : بەڵێ . فەرمووی : بەڵەکیت پێوە بوو چاك بوویێتەوەو جێی درهەمێ نەبێ پێتەوە ما ؟ فەرمووی : بەڵێ . فەرمووی : دایکت هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : لەگەڵ مەدەدی ئەهلی یەمەن ئوەیسی کوڕی عامیرتان یێتە لا لە قەبیلەی موراده ، لە دوای ئەو لە قەبیلەی قەرەنە . بەڵەکی یێکی پێوە بوو چاك بۆوە بە قەد جێی درهەمێ نەبێ هیچی پێوە نەما ، دایکێکی هەیە لە ئەمرو ئیطاعەی ئەو دایکەیایە ، ئەگەر سوێن لەسەر خوا بخوا ، یەعنی = بڵێ = یارەببی وەڵڵاهی ئەبێ ئەو ئیشە بکەی خوا سوێنەکەی ناخاو ئەو شتەی کە سوێنی لەسەر خواردوە بۆی ئەکا . ئەگەر ئەتوانیو دەستت ببێ کە طەڵەبی ئەوەی لێ بکەی کە ئیستیغفارت بۆ بکا طەڵەبی لێ بکە [ئێستە ئەمەوێ کە ئیستیغفارم بۆ بکەی] ئیستیعفارم بۆبکە . ئوەیس ئیستیغفاری بۆ کرد .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لێی پرسی : لە کوێت ئەمایە کە ئیقامەتی لێ بکەی ؟ عەرزی‌کرد : لە کووفە . فەرمووی : با

بۆت بنووسمە لای عامیلی کووفە . عەرزیکرد : ئەوەم لە لا خۆشترە کە لە ناو ئینسانی ضەعیفو فەقیرو بێ دەستەلاٌتا بم .

ئوسەیر ـ رحمە اللە ـ فەرمووی : ساڵی دوایی پیاوێ لە ئەشـرافی کووفە حەجی کرد ، بە حەزرەتی ئیمامی عومەر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ مولاقاتی کرد ، ئیمامی عومەر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ ئەحواڵی ئوەیسی ـ رحمە اللە تعالی ـ لێپرسی . عەرزیکـرد : وام بەجێ هێشت کـە لە خانوویێکی خراپایە ، مەتاعی کەمە . ئیمامی عومەر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ ئەو فەرموودەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ی بۆ ئەویش ریوایەتکرد .

ئەو پیاوە کە گەرایەوە چوە خزمەت ئوەیس طەڵەبی ئیستیغفاری کرد . فەرمووی : تۆ تازە سەفەرێکی صالحت کردوە ئیستیغفار بۆ من بکە . ئوەیس ـ رحمە اللە ـ لەو پیاوەی پرسی : مولاقاتت لەگەڵ عومەرا کردوە ـ رضي اللە تعالی عنە ـ ؟ عەرزیکرد : بەڵێ . ئوەیس ـ رحمە اللە ـ ئیستیغفاری بۆ کرد . لە دوایی یا خەڵق بە ئەحواڵی ئوەیسیان زانی ـ رحمە اللە ـ . ئوەیس ـ رحمە اللە ـ سەری خۆیی هەڵگرتو رۆیی . [یـەعنی ئیحتیرازی لە شوهرەتکرد] ئوسەیر ـ رحمە اللە ـ فەرمووی : جبەیێکم دایێو پێم پۆشی ، هەرکەسێ کە چاوی پێ ئەکەوت ئەیوت : عەجەبا ئوەیس ئەم بوردەی لە کوێ بوو؟ !

پێغەمەر ـ ﷺ ـ چەند ساڵ لە پێشەوە خەبەری داوە بە ئیمـامی عومەر کە ئوەیس ـ رحمە اللە ـ لەگەڵ ئەوانەی بۆ غەزا مەدەدی لەشکری ئیسلام ئەدەن لەگەڵ مەدەدی ئەهلی یەمەنا ئەچێ بۆ حیجاز . . عەینی فەرموودەکەی واقیع بوو لە خەلافەتی حەزرەتی عومەرا ـ رضي اللە تعالی عنە ـ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ شەهادەتی داوە کە ئوەیس ـ رحمه الله ـ دۆعا بـۆ هەرکەسێ بکاو هەرچی لە خوا طەڵەب بکا خوا بۆی ئەکا . ئەمری بە ئەصحاب و هەرکەسێ کە بە ئوەیس بگا فەرموە کە طەڵەبی دۆعای خێری لێ بکا . خەبەری داوە بەوە کە ئوەیس ئەفضەلی تابیعینە .

گەورە با (متقي)ش بێ سوننەتە طەڵەبی دۆعای خێر بکا لەوەی لە خوار خۆیەوەیە لە دەرەجەدا .

خۆلاصە : مەسئەلەی عومەرو وەیس ئەشوبهێ بە مـەسئەلـەی حەزرەتی مووساو خضر ـ عليهما الصلاة والسلام ، ورضي عنهما ـ .

أيام الجاهلية

بوخاری ـ رحمه الله ـ ئەم بەحثانەی لە فەضائیلا ذیکرکردوه .

١١٣٩/٢٦٢ عن قيس بن أبي حازم ـ رحمه الله ـ قال : دخل أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ على امرأة من أحمس [قبيلة من بجيلة] يقال لها : زينب ؛ فرآها لاتتكلم ، فقال : ما لها لاتتكلم ؟ قالوا : حجت مصمتة ، قال لها : تكلمي فإن هذا لايحل ، هذا من عمل الجاهلية فتكلمت .

[وعند الاسماعيلي : إن المرأة قالت له : كان بيننا وبين قومك في الجاهلية شر ، فحلفت إن الله عافاني من ذلك أن لا أكلم أحدا حتى أحج . فقال : إن الاسلام يهدم ذلك]

فقالت : من أنت ؟ قال : امرؤ من المهاجرين . قالت : أي المهاجرين ؟ قال : من قريش . قالت : من أي قريش أنت ؟ قال : إنك لسؤل ؛ أنا أبو بكر . قالت : ما بقاؤنا على هذا الأمر الصالح الذي جاء الله به بعد الجاهلية ؟ قال : بقاؤكم عليه ما استقامت بكم أئمتكم . قالت : وما الأئمة ؟ قال : أما كان لقومك رؤس وأشراف يأمرونهم فيطيعونهم ؟ قالت : بلى . قال : فهم أولائك على الناس . ح/١٦٨/٦ .

تەرجەمە :

قەیسی کوڕی ئەبو حازم ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوە لای ژنێ لە ئەحمەس ، ناوی زەینەب بوو . چاوی پێکەوت قسەی نەدەکرد ، پرسی : بۆچی قسە ناکا ؟ عەرزیان کرد : کە بە بێ ئەمە قسە بکا حەج ئەکا .

ئەمری پێ فەرموو : کە قسە بکە ئەو نەذرە حەڵاڵ نی یە ، لە عەمەلی جاهیلیەتە . ئەمجا دەستی کرد بە قسەکردن .

[ئیسماعیلی ئەفەرموێ : ژنەکە جوابی دایەوە : کە لە بەینی ئێمەو قەومی تۆدا شەڕێ بوو ، سوێنم خوارد : ئەگەر خوا لەم بەلایە سەلامەتم بکا تا حەج نەکەم قسە نەکەم ! حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئیسلامەتی ئەو نەوعە نەذرو سوێندانەی هەڵگرتوە]

زەینەب لە حەزرەتی صەدیقی پرسی ـ رضي الله تعالى عنه ـ : تۆ کێی ؟ فەرمووی : پیاوێکم لە موهاجیران . عەرزی‌کرد : لە کام موهاجیر؟ فەرمووی : لە موهاجیری قورەیش . عەرزی‌کرد : لە کام قورەیش ؟ فەرمووی : تۆزۆر ئەپرسی ! من ئەبوبەکرم . عەرزی‌کرد : تا کەی لەسەر ئەم ئەمرە خێرە ئەمێنینەوە کە خوا ـ عز وجل ـ لە دوای جاهیلیەت بۆی هێناوین ؟ فەرمووی : تا ئیمامەکانتان بە رێی راستا بتانبا بەرێوە لەسەری ئەمێننەوە . عەرزی‌کرد : ئیمام چیە ؟ فەرمووی : بۆ قەومەکەی تۆ پیاوی گەورەو بە قودرەتی تیا نەبوە کە ئەمریان پێ بکا ئەوانیش بەگوێی بکەن ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ تیایانا بوە ، فەرمووی : ئیمامیش ئەوانەن کە بەسەر خەڵقا ئەمرو نەهی ئەکەن .

حەیف ئەو ئیمامانەی کە خەڵق بەرێی راستا بەرێوە ببەن هەر سی ساڵ لە دوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەوامی کرد ، لە دوای ئەوە هەموو بوون بە درندە (إلا قليلا منهم) .

۱۱٤۰/۲٦۳ سعيد بن المسيب عن أبيه عن جده [حزن ـ رضي الله تعالى عنهما ، ورحمه الله] . قال : جاء سيل في الجاهلية ، فكسا ما بين الجبلين ، قال سفيان [بن عيينة] ويقول [عمرو بن دينار] إن هذا

الحديث له شأن [أي قصة طويلة]

فایدەی ئەم ئەثەرە چیە ؟ (قصه) طەویلەکەیش ذیکر نەکراوە . نەفسی سەیل هەموو ساڵێ ئەبێ . حەتتا پار چەند شاری ئەنادۆڵی وێران کرد[1] !

١١٤١/٢٦٤ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : أسلمت إمرأة سوداء لبعض العرب ، وكان لها حفش في المسجد [بيت صغير فيه] قالت : فكانت تأتينا ، فتحدث عندنا ، فإذا فرغت من حديثها قالت :

ويوم الوشاح من تعاجيب ربنا
ألا إنه من بلدة الكفر أنجاني

فلما أكثرت ، قالت لها عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : وما يوم الوشاح ؟ قالت : خرجت جويرية لبعض أهلي وعليها وشاح ، [ما يقدُّ من الجلد ، ويرصع بالجواهر ، وتشده المرأة بين عاتقيها وكشحيها] من أدم ، فسقط منها ، فانحطت عليه الحديا ، وهي تحسبه لحما . فأخذت ، فاتهموني به ، فعذبوني حتى بلغ من أمرهم أنهم طلبوا في قبلي ! فبيناهم حولي وأنا في كربي ، إذ أقبلت الحديا حتى وازت برؤسنا ثم ألقته ، فأخذوه ، فقلت لهم : هذا الذي اتهمتموني به ، وأنا منه بريئة . ح/٦/١٧٠ . ح/١/٤٢٦ . وفيه : فالتمسوه ، فلم يجدوه ، قالت : فاتهموني به ، قالت فطفقوا ، يفتشون حتى فتشوا قبلها .

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی (ئەثەر)ەکەی نەنووسی ، ئەمە تەرجەمەکەیەتی : سەعیدی کوڕی موسەییەب لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : لە سەردەمی جاهیلیەتا لافاوێك هات نێوانی دوو کێوی داپۆشی . سوفیان وتی : عەمری کوڕی دینار ئەڵێ : ئەم قسەیە بەسەرهاتێکی درێژی هەیە .

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : ژنێکی رەشی جاریەی بەعزێ لە عەرەب موسوڵمان بوو ، لە مزگەوتی نەبەوی‌یا ـ علیه الصلاة والسلام ـ هۆدەیێکی بچکۆلانەی بوو ، لەوێدا ئەبوو ، جارجارێ ئەهاتە لامان ، قسەی ئەکرد ، کە لە قسەکەی ئەبۆوە ئەم بەیتەی ئەخوێنەوە :

ڕۆژی حەمایەڵ لە شتانی عەجیبی خوایە . خەبەرتـان بدەمێ ! خوا لە شاری کوفر ـ کە مەککە بوو لەو زەمانەدا ـ نەجاتی دام .

هەموو جارێ ئەم بەیتەی ئەخوێنەوە ، کە خوێننەوەی بەیتەکـەی زۆرکرد حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ لێی پـرسی : ڕۆژی ویشـاح چیە ؟ وتی : ڕۆژێ کچێکی بچکـۆلانەی بـەعزێ ئـاغاکـانم [تازەبووك بوو] حەمایەڵێکی لە ملا بـوو لە [مێشنێکی(!)] [سـوور ، بەجەواهێر رازێنرابووەوە ، چوو غوسڵ بکا ، جلەکانی داکەن ، ئەویشی دانا ، یا] لیی کەوت . کۆڵلارەیێ وای زانی کە گۆشتە رفانی . وایان زانی کە من بردوومە ، عەذابیان دام ، بۆی گەڕان ، تاکو فەرجیشم گەڕان ! ئێشتـا ئەوان لـە دەورو پشتم بوون ، منیش لـە غەمی خـۆما بـووم ، ئـەوەندەم زانی کـۆڵلارەکـە هـات تـا لـە عـاستی سـەرمـان وەستـا ، حەمایەڵەکەی فرێدایە خوارێو هەڵیان‌گرت . وتم : ئـەوەیە کـە ئێوە بوهتانتان بە من ئەکردو منیش لێی بەریی بووم .

[لە دوای ئەو حادیثەیە هات موسوڵمان بوو ، خذمەتی مەسجیدی ئەکرد ، تا لەوێدا وەفاتی کرد . ـ رضي الله تعالی عنها ـ]

١١٤٢/٢٦٥ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ ﷺ ـ أصدق كلمة قالها الشاعر كلمة لبيد [رضي الله تعالى عنه ـ أسلم مع قومه بنو جعفر] :

ألا كل شيءٍ ما خلا الله باطلٌ
[وكل نعيم لا محالة زائل
ذهب الذين يعاش في أكنافهم
وبقيت في خلف كجلد الأجرب .[1]

فقالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : يرحم الله لبيدا كيف لو أدرك زماننا هـذا ؟ ! وقال لـه عمر ابن الخـطاب : أنشدني شيئـا من شعرك ! فقال : مـا كنت لأقول شعـرا بعد أن علمني الله البقـرة وآل عمران . وتوفي في خـلافة عثمـان ـ رضي الله تعالى عنهـما ـ عن مائـة وأربعين سنة . وهو القائل :

ولقد سئمت من الحياة وطولها
وسؤال هذا الناس : كيف لبيد ؟]

وكـاد أميــة بن أبي الصلت أن يـسلم . ح/٦/١٧١ ـ. م/في الشعر . ت ، جه .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : راسترینی ئەو قسانەی کە شاعیر وتوویەتی ئەوەیە کە لەبید وتوویەتی کە مەعنای وایە :

درۆیە هەموو شت بە غەیری خوا
هەموو نیعمەتێ رائەبووریٚ و ئەڕوا

(١) ئەم بەیتەی دوەم پەیوەندیی بە بەیتی یەکەمەوە نی یەو کێش و قافیەیشیان جیایە ، ئەم بەیتە لەگەڵ بەیتەکەی دواییدا پەیوەندییان بە باسەکەوە هەیەو قەسطەلانی نووسیونی .

حەزرەتی عائیشە کە ئەو شیعرەی لەبیدی خوێنەوە ـ رضي الله تعالی عنها ـ کە مەعنای وەهایە :

ئەوانەی خەڵق لە ژێر سایەی ژیاون
هەموو رۆییونو ئێستە نەماون
یاخۆ : ئەوانەی لە سایەی ئەوانا خەڵق ئەژین
هەموو رۆییونو دوای ئەوان درکەزین
ئەوانەی دوای ئەوان ماون هەموو گەڕ
لە حەق دوورن ، هەموو کوێرن هەموو کەڕ

فەرمووی : ئەگەر لەبید بمایە تا ئێستەکە ئەیوت چی ؟

حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ = بە لەبیدی = فەرموو : بۆچی لە شیعری خۆت نەختێکمان بۆ ناخوێنیەوە ؟ فەرمووی : دوای ئەوەی کە خوا ـ عز وجل ـ سوورەتی (البقرة)و (ئالی عیمران)ی فێرکردم حەز ناکەم کە شیعر بخوێنمەوە .

صەدو چل ساڵی عومر بوو ، لە خەلافەتی ئیمامی عوثمانا وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالی عنها ـ .

نزیك بـوو کە ئـومەییـەی کوڕی صـەلت موسـوڵمان بیێ ، [لـە جاهیلیەتا عیبادەتی ئەکرد ئیمانی بە ئاخیرەت بوو گەیی بە وەقتی بەعثەتا ئەمما موسوڵمان نەبوو] .

القسامة في الجاهلية

٢٦٦/١١٤٣ عن عكرمة عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : إن أول قسامة كانت في الجاهلية لفينا - بني هاشم - ؛ كان رجل من بني هاشم [عمرو بن علقمة بن المطلب] إستأجره رجل من قريش [خداش بن عبدالله بن أبي قيس العامري] من فخذ أخرى فانطلق معه في إبله فمر رجل به من بني هاشم قد انقطعت عروة جوالقه ، فقال : أغثني بعقال أشد به عروة جوالقي لا تنفر الابل ، فأعطاه عقالا ، فشد به عروة جوالقه ، فلما نزلوا عقلت الابل إلا بعيرا واحدا . فقال الذي استأجره : ما شأن هذا البعير لم يعقل من بين الابل ؟ قال : ليس له عقال . قال : فأين عقاله ؟ [فاخبره بما فعله . كما في أخرى] . قال : فحذفه بعصا كان فيها أجله .

فمر به رجل من أهل اليمن ، فقال : أتشهد الموسم ؟ قال : ما أشهده ، وربما شهدته . قال : هل أنت مبلغ عني رسالة مرة من الدهر ؟ قال : نعم . قال : فكنت إذا أنت شهدت الموسم فناد : يا آل قريش . فإذا أجابوك فناد يا آل بني هاشم . فإن أجابوك ، فاسأل عن أبي طالب ، فأخبره أن فلانا قتلني في عقال . ومات المستأجر .

فلما قدم الذي استأجره أتاه أبو طالب ، فقال : ما فعل صاحبنا ؟ قال : مرض ، فأحسنت القيام عليه ، فوليت دفنه ، قال : قد كان أهل ذاك منك . فمكث حينا ، ثم إن الرجل الذي أوصى إليه أن يبلغ عنه وافى الموسم . فقال : يا آل قريش . قالوا : هذه قريش . قال : يا آل بني هاشم . قالوا : هذه بنو هاشم . قال : أين أبو طالب ؟ قالوا : هذا أبو طالب . قال : أمرني فلان أن ابلغك رسالة ان فلانا قتله في عقال ،

فأتاه أبو طالب ، فقال : إختر منا إحدى ثلاث : إن شئت أن تؤدي مائة من الابل ، فإنك قتلت صاحبنا ، وإن شئت حلف خمسون من قومك أنك لم تقتله ، فإن أبيت قتلناك به . فأتى قومه ، فقالوا : نحلف . فأتته امرأة من بني هاشم [زينب أخت المقتول] كانت تحت رجل منهم قد ولدت له [حويطبا] فقالت : يا أبا طالب أحب أن تجيز ابني هذا برجل من الخمسين ولا تصبر يمينه حيث تصبر الأيمان [بين الركن والمقام] ففعل . فأتاه رجل منهم ، فقال : يا أبا طالب أردت خمسين رجلا أن يحلفوا مكان مائة من الابل ، يصيب كل رجل بعيران ، هذان بعيران فاقبلهما عني ولا تصبر يميني حيث تصبر الأيمان ، فقبلهما ، وجاء ثمانية وأربعون [فحلفوا بين الركن والمقام] .

قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : فوالذي نفسي بيده ما حال الحول ومن الثمانية والأربعين عين تطرف . ح/٦/١٧٣ .

[وابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ولد بعد ذلك بزمان طويل .]

تەرجەمە :

ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئەوەڵ قەسامەتێ کە لە زەمانی جاهیلیەتا بوو لە ئێمەدا بوو کە بەنی‌هاشمین ، پیاوێ لە بەنی هاشم کە عەمری کوڕی عەلقەمەی کوڕی (مطلب) بوو ، پیاوێ لە فیرقەیێکی تری قورەیش کە ناوی خیداش بوو بەکرێی گرت لەگەڵیا ، لەگەڵ وشترەکانیا چوو بۆ شام . لە رێ پیاوێکی لە بەنی‌هاشم پێگەیی ، قوڵفی جەواڵەکەی بچرابوو ، پێی وت : فریام کەوە عەقاڵێکم بدەرێ کە قوڵفی جەواڵەکەمی پێ قائیم کەمەوە تا وشترەکەم نەسڵەمێتەوە . ئەشکێڵێکی دایە ، قوڵفی جەواڵەکەی پێ بەستەوە ، کە

باریان خست وشترەکانی ئەشکێڵ کرد ، یەکێکی بێ ئەشکێڵ مایەوە ، ئەوی بەکرێی گرتبوو لێی پرسی : ئەو وشترە بۆچ ئەشکێڵ نەکراوە ، وتی : عەقالی نی‌یە . وتی : ئەی عەقالەکەی چی لێ هاتوە ؟ خەبەری دایە . عەصایێکی بەدەستەوە بوو بۆی هاویت ، ئەجەلی بەوەوە بوو [ئەو لەوێ مایەوە ، خیداش باری کردو رۆیی] .

پیاوێ لە ئەهلی یەمەن بەوێدا رابـورد عەمـر پێی وت : حازری مەوسیم ئەبی یان نا ؟ وتی : حازری نابم ، فەقەط زۆر جـار حازری ئەبم . = عەمر بە کابرای رێبـواری یەمـەنی وت = : رۆژێ لە رۆژان خەبەرێ لە منەوە ئەگەیێنی ؟ وتی : بەڵێ ئەیگـەیێنم . وتی : حازری مەوسیم [یەعنی حـەج]بووی بـانگ بکـە : ئەی ئـالی قورەیش ، کـە جوابیان دایەوە بانگ‌کە : ئەی ئالی بەنی‌هاشم . کە جوابیـان دایەوە ئەبوطالیبیان لێ بپرسە ، خەبەری بدەرێ کە : فلان ـ یەعنی خیداش ـ لەسەر عەقالێ منی کوشت .

بەکری گێراوەکە مرد ئەوی کە بەکرێی گرتبوو ـ یەعنی خیداش ـ کە چووەوە مەکە ئەبوطالیب چوە لای لێی پرسی : رەفیقەکەمان چی لێ هات ؟ وتی : نەخۆش کەوت ، زۆر چاك بەسەریەوە وەستام ، مردو دفنم‌کرد . ئەبوطالیب وتی : ئەهل بوە بۆ ئەو موعامەلەی کە لەگەڵت کردوە . موددەیێکی پێ چوو ئەو پیاوە کە عەمر وەصیەتەکەی لە لا کرد کە خەبەری بدا بە قـەومەکـەی چوو بـۆ حەج ، بـانگی‌کرد : ئـەی ئالی قورەیش ! وتیان : ئەمە قـورەیشە . بـانگی‌کرد : ئـەی ئالی هـاشم ! وتیان : ئەمە ئالی هاشمە . وتی : ئەبوطالیب لەکوێیە ؟ وتیان : ئەمـە ئەبوطالیبە . وتی : فلان ـ یەعنی عەمر ـ ئەمری پێ کردووم کە خەبەری ئەوەت بدەمێ کە فلانەکەس خیداش کوشتوویەتی .

ئـەبوطـالیب چـوە لای خیـداش لێی پـرسی ، ئینکـاری کـرد . پێی وت : لە بەینی سێ شتا موخەییەر بە : یا صەد وشتر (دیە)ی عەمر بدە ، یا پەنجا کەس لە قەومەکەت سوێن بخۆن کە تۆ نەتکـوشتوە . ئەگەر یەکێ لەم دوانەت نەکرد لە خوێنی عەمرا ئەتکوژینەوە . خیداش چوو بە قەومەکەی خۆیی وت ، قەومەکەی وتیان : سوێن ئەخۆین . ژنێ لە بەنی‌هاشم ناوی زەینەب بوو ، خوشکی مەقتولەکە بوو ، ژنی پیاوێ بوو لە قەومی قاتیلەکە ، کوڕێکی لێی بووبوو ناوی (حـویطب) بوو ، چوو بە ئەبوطالیبی وت : وا حەزەکەم کە (حویطب) لە سوێندان عەفو بکەی بە پیاوێکی تر لە پەنجاکەو [مەعنای ئەمەمە نەزانی ، وەك نووسراوە مەعنام لێدایەوە تەصحیحی بکەن][1] سوێنی لەسەر تەغلیظ مەکە لەو جێیەی کـە سوێنی (مغلظ)ەی لێ ئـەخورێ یـەعنی لە بـەینی (روکن)و (مەقام)ا . ئەبوطالیب رجاکەی قەبووڵکرد ، یەکێکی تر هات پێی وت : تۆ لە باتی صەد وشتر پەنجاکەس سوێن ئەدەی ، هەر پیاوی دوو وشتری بەرەکەوێ ، ئەمە دوو وشتر لێم قەبووڵ بکەو لەو جێگەیەی کـە سوێنی تیـا قورس ئـەکرێ سـوێندم لـەسـەر گـران مـەکـە . دوو

(١) وا بزانم ماناکەی زۆر گران نی‌یەو ، بەرو دوای قسەکان یەك بخرێ ماناکەی بەم شێوە دەرەکەوێ : «ژنەکە هاتە لایی و وتی : وا بزانـە ئەم کـوڕی منە یەکێکە لەو پەنجا کەسـەی کە سـوێنیان دەدەیی و ـ رەنگیشـە هەر لـە ناو هۆزەکەدا بە یەکێك لە پەنجاکـەیان دانـابێ‌و ، دایکەکـەی دەسپێشکەریی کردبێ‌و زوو فریای کەوتبێ ـ بەڵام لە بەر خزمایەتی من لەگەڵ خۆتانا کوڕەکەم ببەخشەو سوێنی مەدە . کابرایش تکاکەی گـرت‌و کوڕەکـەیی بەخشی .» بەڵگەی ئەم مانایش ئەوەیە کە دوایی هـەر (٤٨) کەسی سـوێن دا ، واتە کوڕەکەی ئەو یەکێکیان‌و ، کابرای خاوەنی دوو وشتریش ئەوی دیکەیان .

وشترەکەیشی لەو قەبووڵ کرد ، چل و هەشت کەس مانەوە ، لە بەینی روکن و مەقاما سوێنیان خوارد .

ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ساڵی تێوەرنەسوورایەوە لەو چل و هەشت کەسە یەکێکیان نەمایەوە کە چاو بتروکێنێ . بەوە خیداش لە خوێنی مەقتولەکە بەریی بوو ، فەقەط قەومەکەیشی بە قڕدا ، میراتیان هەموو بە (حویطب) برا .

ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەو وەختەدا ئاگای لە هاتنەدنیایش نەبوە ، ئەمە لە پێش بیعثەتا بوە ، ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ سێ ساڵ لە پێش هیجرەتا تەشریفی هاتۆتە دنیاوە ؛ چونکی صەحابی یەو ئەمەیش شتێك نی یە بە عەقڵ بزانرێ ، ظاهیر وایە کە لە پێغەمەری بیستبێ ـ ﷺ ـ .

ئەم قەسامەتە حوکمی لە ئیسلامەتیشا باقی یە . (کما یأتي ـ إن شاء الله تعالى ـ في الدية) .

١١٤٤/٢٦٧ عن عمرو بن میمون [رحمه الله ، مخضرم ، اسلم زمن النبي ـ ﷺ ـ ولم یره] قال : رأیت في الجاهلیة قردة إجتمع علیها قردة قد زنت ، فرجموها ، فرجمتها معهم . ح/١٧٥/٦ .

تەرجەمە :

عەمری کوری مەیموون [رحمه الله ـ (مخضرم)ە[1] ، لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ موسوڵمان بوە ، ئەمما پێغەمەری ـ ﷺ ـ نەدیوە] ئەفەرموێ : لە زەمانی جاهیلیەتا مەیموونێکم دی زینای کردبوو ،

(١) (مخضرم) بە کەسێك دەوترێ دوو چەرخ و سەردەمی جیای دیبێ ، واتە ئەم عەمرە سەردەمی جاهیلیەت و ئیسلامەتی ی دیوە .

مەیموونی تری لێ کۆبووبوەوە رەجمیان‌کرد ، منیش لەگەڵ ئەوانا رەجمم کرد .

[ئیسماعیلی وای لێ ریوایەت ئەکا کە عەمر وتی : من لە یەمەن بووم ، لە ناو گەلەیێ مەری خۆمانا بووم ، لەسەر جێیەکی بەرز بووم ، مەیموونێکی نێرو مەیموونێکی مێ هاتن ، مەیموونە مێیەکە دەستی‌کرد بە سەرین بۆ مەیموونە نێرەکە ، مەیموونە نێرەکە نوسَت ، مەیموونێکی لەو بچووکتر هات دەستی مەیموونە مێیەکەی گوشی ، مەیموونە مێیەکە بە هێواش دەستی لە ژێر سەری جووتەکەی هێنایەدەرێ ، شوێن مەیموونەکەی تر کەوت ، چاوم لێبو کە لەگەڵیا دروسَت بوو . لە دواییدا گەڕایەوە ، لەو وەختەدا کە خەریك بوو دەستی بخاتەوە ژێر سەری مێردەکەی خۆی ، مێردەکەی راپەڕیو خەبەری بوەوە ، بۆنی کرد بە مەیموونە مێیەکەوە بە دەنگێکی بەرز نەڕەییکی کرد . مەیموونی تری لێ کۆبوەوە ، مەیموونە نێرەکە ئەی‌نەڕان‌و ئیشارەتی مەیموونە مێیەکەی ئەکرد . مەیموونەکان بەراستەو چەپەدا بلاوەیان لێ‌کرد . لە دواییدا مەیموونەکەیان[1] دۆزی‌یەوەو هێنایان من ناسیمەوە . چاڵێکیان بۆ هەڵکەن نایانە ناوی‌و رەجمیان‌کرد . عەمر ئەڵێ : لە غەیری بەنی ئادەما رەجمم دی . قسطلاني . ٦/١٧٦] .

(١) دیارە مەبەست ئەوەیە بۆ مەیموونە نێرەکە گەڕاون کە کەتنەکەی کردو رۆیی ، واتە ئەوەی رەجم‌کراوە مەیموونە نێرە زیناکەرەکە بوە .

مؤاخاة النبي = بين أصحابه =

ـ عليه الصلاة والسلام ، وعليهم الرضوان ـ

١١٤٥/٢٦٨ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ آخى بين أبي عبيدة الجراح وبين أبي طلحة . ـ رضي الله تعالى عنهما ـ . م/٩/٤٢٣ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستەبرایەتیی گرت بە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح و ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ .

دەستەبرایەتی لە بەینی موسوڵمانانا سوننەتە ، خێریان خێرو شەڕیان شەڕ . ئەمما هەیهات ! ئێمە خێرمان لە زەرەری برای دینیدا ئەوێ ، با ئەو زەرەرەیش هیچ فایدەی بۆ ئێمە تیا نەبێ .

١١٤٦/٢٦٩ عاصم الأحول قال : قيل لأنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ : بلغك أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال لا حلف في الاسلام ؟ فقال أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : قد حالف رسول الله ـ ﷺ ـ بين قريش والأنصار في داره . م/٩/٤٢٣ . ح/٤/١٤٤ . وفي أخرى : في داري التي بالمدينة .

تەرجەمە :

لە ئەنەسیان پرسی ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ئایا گەییوە بە تۆ کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرموویەتی : کە لە ئیسلامەتیدا سوێنخواریی نییە ؟ [یەعنی سوێن بخۆن بۆ یەکتری کە دۆستی دۆستی یەکتری بن و دوشمنی دوشمنی یەکتری بن ؛ لە زەرەرو نەفعا شەریك بن] ئەنەس ـ رضي الله

تعالى عنه ـ فـەرمووی : پێغـەمەر ـ ﷺ ـ لـە خانـووی خۆیـا ! یەعنی ئەنەس ـ سوێنی بە موهاجیرو ئەنصـار خوارد . لـە ریوایـەتەکـەی ترا ئەفەرموێ : لەو خانووی منەدا کە لە مەدینەیە .

هیچ سوێن خواردنو دەستەبرایەتیش لە بەینا نەبێ لە ئیمانا رابورد کە موسوڵمان برای موسوڵمانە .

موسوڵمان نابێ بە موسوڵمان تـا چی بۆ خـۆی ئەوێ ئـەوەیشی بۆ موسوڵمانی تر بوێ .

نیسبەتی ئیسلام لە نیسبەتی نەسەب بەقووەتترە .

١١٤٧/٢٧٠ عن جبير بن مطعم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لاحلف في الاسلام ، وأيما حلف كان في الجاهلية لم يزده الاسلام إلا شدة . م/٩/٤٢٣ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە ئیسلامەتیدا سوێن خواریی نی یە . هەر سوێنێ کە لە جاهیلیەتا بوە ئیسلامەتی بە قوەتتری ئەکا .

ظاهیر وایە مەعنای ئەوە کە سوێن لە ئیسلامەتیدا نی یە وابێ . پێی ناوێ بە قەرینەی ئاخری حەدیثەکە ؛ چونکی واجبـە لەسـەر هەمـوو موسوڵمان کە موعاوەنەتی موحتاج بە موعاوەنەت بکا .

وصية النبي - ﷺ - بأهل مصر

١١٤٨/٢٧١ عن أبي بصرة عن أبي ذر - رضي الله تعالى عنه - يقول : قال رسول الله - ﷺ - : إنكم ستفتحون أرضا يذكر فيها القيراط ، فاستوصوا بأهلها خيرا ؛ فإن لهم ذمة [حرمة] ورحما ، فإذا رأيت رجلين يقتتلان في موضع لبنة فاخرج منها ، قال : فمر بربيعة وعبدالرحمن ابني شرحبيل بن حسنة يتنازعان في موضع لبنة فخرج منها . م/٩/٤٣٥ .

وفي رواية : ستفتحون مصر وهي أرض يسمى فيها القيراط ، فاذا فتحتموها فأحسنوا إلى أهلها ؛ فإن لهم ذمة ورحما ، أو قال : ذمة وصهرا . فإذا رأيت . . . الخ .

تەرجەمە :

ئەبوذەڕ - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : فەتحی ئەرزێك ئەكەن ، لە ریوایەتەكەی ترا : فەتحی میصر ئەكەن ، كە لەوێدا قیراطی تیایە ، بەوە خریدو فرۆخت ئەكەن ، دەرحەق ئەهلی میصر خێر تەوصی یە بكەن بە یەكتریی ؛ چونكی ئەوان لەگەڵ ئێوەدا عەهدو پەیمانیان - مەعنەوی یان(!) - هەیە ، رەحمی یەت لە بەینتانا هەیە . [چونكی دایكی ئیسماعیل كە هاجەرە - علیهما السلام - لەوانە] . لە ریوایەتەكەی ترا ئەفەرموێ : لەگەڵ ئەوانا پەیمان و زاوایی و خەسووو خەزووریتان هەیە ؛ چونكی دایكی ئیبراهیم - علیه السلام - كە حەزرەتی ماری یە یە - رضي الله تعالى عنها - لەوانە . كە چاوتان بە دوو پیاو كەوت كە لەسەر جێگە خشتێ نیزاعیان بوو لێی بچنە دەرێ . ئەبوذەڕ - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : رەبیعەو عەبدوڕەحمانی كوڕی شەرەحبیلم دی لەسەر جێگەخشتێ نیزاعیان كرد لێی

هاتمەدەرێ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری دا بەمە کە میصر فەتح ئەکرێ ، لەوێدا لەسەر جێگەخشتێ نیزاع ئەبێ . . عەینی فەرموودەکەی هاتەدی .

دوو موعجیزەی گەورە . (صدق رسول الله ـ ﷺ ـ) .

خوا رووی (منور)ەکان رەش کا . (منور) لێرەدا لە قەبیلی (جلدت البعیر)[1] یە (فافهم) .

(١) (جلدت البعیر) : یانی وشترەکەم کەوڵکرد ،نەك کەوڵم بۆ کرد،دانەر مەبەستی ئەوەیە (منور)ەکان نا مونەووەرن !

فضل أهل عمان

١١٤٩/٢٧٢ أبو برزة - رضي الله تعالى عنه - يقول : بعث رسول الله - ﷺ - رجلا إلى حي من أحياء العرب ، فسبوه وضربوه . فجاء إلى رسول الله - ﷺ - فأخبره ، فقال رسول الله - ﷺ - : لو أن أهل عمان أتيت ما سبوك وما ضربوك . م/٩/٤٣٦ .

تەرجەمە :

ئەبوبەرزە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - پیاوێکی نارد بۆ لای عەشیرەتێ لە عەشائیری عەرەب [کە دەعوەتیان بکاتە سەر ئیسلامەتی] . جوێنیان پێداو لێیان دا ، هاتەوە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزی کرد . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئەگەر بچوویتایە بۆ لای ئەهلی عومان نە جوێنیان پێ ئەدای نە لێیان ئەدای . یەعنی چونکی دڵ نەرمن گوێگرن لە حەق .

تم ولله الحمد .

١٤/١٢/٩٤٠ شەممە .

ويليه السير والجهاد - إن شاء الله تعالى - لأنه من فضائله - عليه الصلاة والسلام - وفضائل أصحابه الكرام - رضي الله تعالى عنهم - أجمعين .

الجهاد والسير

١٧/١٢/٩٤٠

﴿إن الله اشترى من المؤمنين أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة ؛ يقاتلون في سبيله فيَقتلون ويُقتلون ، وعدا عليه حقاً في التوراة والانجيل والقرآن ، ومن أوفى بعهده من الله ؟ فاستبشروا ببيعكم الذي بايعتم به . [وذلك هو الفوز العظيم . التائبون العابدون الحامدون السائحون الراكعون الساجدون الآمرون بالمعروف والناهون عن المنكر والحافظون لحدود الله] . وبشر المؤمنين﴾[1] براءة ، جزء : ١١ . ص ٣ . خ/٥/٣٠ .

قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : الحدود : الطاعة . ح/٥/٣٠ .

ته‌رجه‌مه :

له شه‌وی عه‌قه‌به‌دا كه ئه‌نصار له مه‌وسیمی حه‌جا ته‌شریفیان ئه‌چێته خذمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ كه ته‌شریفی هیجره‌ت بكا بۆ مه‌دینه عه‌بدوڵلای كوڕی ره‌واحه ـ رضي الله تعالى عنه ـ عه‌رزی پێغه‌مه‌ر ئه‌كا ـ ﷺ ـ (يا رسول الله) : بۆ خوای خۆت چیمان له‌سه‌ر شه‌رط ئه‌كه‌ی ، بۆ خۆیشت چیمان له‌سه‌ر شه‌رط ئه‌كه‌ی بیكه . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : بۆ خوا ئه‌وه‌تان له‌سه‌ر شه‌رط ئه‌كه‌م كه باوه‌ری پێ بكه‌ن ، هیچ شتێكی نه‌كه‌ن به شه‌ریك . بۆ خۆیشم ئه‌وه‌تان له‌سه‌ر شه‌رط ئه‌كه‌م كه ماڵو رۆحی خۆتان له چی موحافه‌ظه ئه‌كه‌ن منیش له‌وه موحافه‌ظه بكه‌ن . ئه‌نصار ـ رضي الله تعالى عنهم ـ عه‌رزیان‌كرد : (يا رسول الله) كه ئێمه ئه‌وه‌مان كرد چ ئه‌جرێكمان بۆ ئه‌بێ ؟ فه‌رمووی :

(١) التوبة ١٢ .

بەهەشت . عەرزيان‌كرد : ئەم بەيعە بەيعێكى بە قـازانجە ، نـە لێى پەشيمان ئەبينەوەو نە طەڵەبى ئەوەيش ئەكەين كە تۆ پەشيمان ببيەوە . ئەو وەختە ئەم ئايەتە نازل بوو . (قسطلاني بلا ذكر المأخذ) .

تەرجەمەى ئەم ئايەتە وايە :

بە تەحقيق خوا ـ عز وجل ـ بە موقابيلى ئەمە كە بەهەشتيـان پێ عەطا بفەرموێ ماڵو رۆحى موئمينانى لە موئمينان كرى ؛ ئەو موسوڵمانانە لە رێى خوادا كافر ئەكوژن[1] ، خۆيان ئەكوژرێن ، ئەو وەعدەى كە خوا داويەتى بە غەزايى وەعدەيێكى ثابيتە لەسەر خوا ـ عز وجل ـ لە تەوراتا ، لە ئينجيلا ، لە قورئانا . خوا قەرارى داوە ، خولفى تيا نىيە ، كێ هەيە كە لە خوا ـ عز وجل ـ وەعدەبەجێهێنەرتر بێ ؟ كە وابێ بەو بەيعەى كە خوا لەگـەل ئێوەيـا كردوە دڵخـۆش ببن ، ئەو بـەيعە قـازانجێكى زۆر گەورەيە . ئەو موسوڵمانانەى كە خوا ـ عز وجل ـ ئەو بەيعـەى لەگـەڵ كردوون ئەو كەسانەن كە تۆبەيان لە هەموو گوناه كردوە كە عيبادەتى خوا ئەكەن ، كە حەمدى خوا ئەكەن ، كە بەڕۆژوو ئـەبن [يەعنى صـەبر ئەكەن لەسەر طاعات ، صەبر ئەكەن لە شتى حەرامو مەكرووهـ ، هيچ موخالەفەى ئەمرو نەهى خواو پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناكەن ، بەوە سەياحەت ئەكەن لە مەلەكووتى ئـەرزو ئاسمـانا رۆژبـەڕۆژ ساعـەت‌بەساعەت دەرەجەيان تەرەقى ئەكا] روكووع ئەبەن ، سوجدە ئەبەن [يەعنى نوێژى حەقيقى ئەكەن] ئەمر بە چاكە ئەكەن ، نەهى لە خراپە ئەكەن [يەعنى لە

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا ماناى (يقاتلون)ى لەبيرچوەو تۆزێك ماناكەيشى رەسا نىيە ؛ بەم جۆرە باشتر دەبێ : «خوا گيانو ماڵى موسوڵمانانى لێ كڕيون بەمە كە جەنگ بكەن لـە رێگەى خـوادا جا لـە كافـران دەكوژنو لـەخۆيـان دەكوژرێو . . . ئەنجامو پاداشى مامەڵەيش بەڵێنى بەهەشتە » .

دوای ئەمە کە خۆیان (تکامل)یان کرد ڕێگەی چاکەو خراپە بە ئینسان نیشان ئەدەن] حـودوودێ کە خـوا ئەمـری پێ فەرمـوە لە دائیـرەی ئەو سەرحەدو سنوورەدا حەرەکەت ئەکەن ، لەو خەتە ناچنەدەرێ ، ئەوانە موئمینن موژدە بدە بە هەموو موئمینان [بە ئەجـرێکی عەظیم کـە هەر عیلمی خوا ئیحاطەی گەورەیی ئەو ئەجرە ئەدا] .

[سیرەت : بە رەوشتو ئـەخلاق ئـەڵێن ، فـوقەهـاو (محدث)و عولەمای دینی هەموو ئیصطیلاحیان لەسەر ئەمەیە کە بۆ ئەبوابی جیهاد ئەڵێن : (سیر) چونکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە غەزاکانیا چە ئەحواڵێکی بوە ئـەبوابی جیهـاد لەو ئـەحوالانـەی ئیستیخـراج کـراوە . جیهـاد : بـە زەحمـەتکێشانو مـاندوویـەتیی ئەڵـێن ، جیهادی بـەدەنیو جیهـادی نەفسی زەحمەتو مەشەقەتی زۆری تیایە .

ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : حودوودی خوا ئیطاعەی خوایە ؛ چونکی خوا کە ئیطاعەی کرا ئەبێ ئینسان لە ئەمرو نەهیی نەچێتەدەرێ .

١/ ١١٥٠ أبو سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قيل : يا رسول الله أي الناس أفضل ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : مؤمن يجاهد في سبيل الله بنفسه وماله ، قالوا : ثم من ؟ قال : مؤمن في شعب من الشعاب يتقي الله ويدع الناس من شره . ح/٥/٣٣ . م/٨/٩٣ ، د ، جه .

تەرجەمە :

لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ یان پرسی : (یا رسول الله) چاکترینی خەڵق کێیە ؟ فەرمووی : موسوڵمانێکە کە لە ڕێی خوادا بـە نەفسیو بـە ماڵی موجاهەدە بکا . عەرزیان کرد : دوای ئەو ئەفضەل کێیە ؟ فەرمووی :

پیاوێکه که له ناو دووتوێی شاخێ له شاخانا ته‌قوای خوا بکا ، واز له خه‌ڵق بێنێ‌و شه‌ڕیان پێنه‌گه‌یێنێ .

١١٥١/٢ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : مثل المجاهد في سبيل الله ـ والله أعلم بمن يجاهد في سبيله ـ كمثل الصائم القائم ، وتوكل الله [تكفل] للمجاهد في سبيله بأن يتوفاه أن يدخله الجنة ، أو يرجعه سالما مع أجر أو غنيمة ، [مع أجر] ح/٥/٣٣ . ن .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوهوره‌یره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : له پێغه‌مه‌رم ـ ﷺ ـ بیست ئه‌یفه‌رموو : ئه‌وی له رێی خوادا جیهاد بکا ـ خوا هه‌ر خۆی عیلمی هه‌یه به‌وه‌ی که له رێی خوادا موجاهه‌ده ئه‌کا ؛ چونکی هه‌ر ئه‌و عیلمی هه‌یه به نییه‌تی ـ مه‌ثه‌لی ئه‌و که‌سه وه‌کوو مه‌ثه‌لی ئه‌و که‌سه‌یه که به ده‌وام به‌ڕۆژوو بێ‌و هیچ ئیفطار نه‌کاته‌وه ، به شه‌و له نوێژا رابوه‌ستێ‌و هیچ نه‌نوێ . خوا ـ عز وجل ـ بوه به که‌فیل بۆ ئه‌و که‌سه‌ی که له رێی خوادا شه‌ڕ بکا که بیمرێنێ‌و بیخاته به‌هه‌شت یا له‌گه‌ڵ ئه‌جر به سه‌لامه‌تی بیگێڕێته‌وه بۆ جێی خۆی یا غه‌نیمه‌تی بداتێ له‌گه‌ڵ ئه‌جرا .

١١٥٢/٣ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء رجل إلى رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : دلني على عمل يعدل الجهاد . قال : لا أجده . قال : هل تستطيع إذا خرج المجاهد أن تدخل مسجدك فتقوم ولا تفتر ، وتصوم ولا تفطر ؟ قال : ومن يستطيع ذلك ؟ قال أبو هريرة [موقوفا عليه هنا ، ومرفوعا في أخرى] إن فرس المجاهد ليستن في طِوَله فيكتب له حسنات ! ح/٥/٣٢ . ن .

تەرجەمە :

پیاوێ هاتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی کرد : (یا رسول الله) عەمەلێکم پێ نیشان بدە کـە لەگـەڵ غەزادا لـە ئەوابـا بەرابـەر بێ ؟ فەرمووی : نایدۆزمەوە . پێی فەرموو : ئایـا ئەتـوانی کە غـەزایی چوە دەرێ بۆ غەزا تۆیش بچیتە مزگەوتی خۆتەوە لە نوێژا رابوەستی و هیـچ سستێیتی نـەکـەی ، بـەڕۆژوو ببی و هیـچ ئیفـطار نـەکـەیتـەوە ؟ عەرزی کرد : کێ ئەوە ئەتوانێ ؟ ئەبوهورەیـر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفەرموێ : ئەسپی غەزایی لەو گوریسەدا کـە بۆی درێـژ ئەکـرێ لە چایەرا کە بلەوەڕێ بە دەوری خۆیا غار ئەکا ئەو غارە بۆ ئەو غەزایی یە بە حەسەنات ئەنووسرێ .

١١٥٣/٤ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقـول : كان رسول الله ـ ﷺ ـ يدخل على أم حرام بنت ملحان [وهي أخت أم سليم] فتطعمه ،وكـانت أم حرام تحت عبادة بن صامت ـ رضي الله تعالى عنه ـ فدخل عليها رسول الله ـ ﷺ ـ فأطعمته ، وجعلت تفلي رأسه [وكانت منه ذات محرم ؛ لأن أم عبدالمطلب من بني النجار] فنام رسول الله ـ ﷺ ـ ثم إستيقظ وهو يضحك ، قالت : فقلت : وما يضحكك يا رسول الله ؟ قال : ناس من أمتي عرضوا علي غزاة في سبيل الله يركبون ثبج هذا البحر [محركا وسطه] ملوكا على الأسرة ، او مثل الملوك على الأسرة . ـ شك إسحاق ـ قالت : فقلت : يا رسول الله أدع الله أن يجعلني منهم ، فدعا لها رسول الله ـ ﷺ ـ ثم وضع رأسه ، ثم إستيقظ وهو يضحك ، فقلت : وما يضحكك يا رسول الله ؟ قال : ناس من أمتي عرضوا علي غزاة في سبيل الله ـ كما قال في الأول ـ قالت : فقلت : يا رسول الله أدع الله أن يجعلني منهم . قال : أنت من الأولين ، [فخرجت مع زوجها عبادة بن

الصامت غازيا أول ما ركب المسلمون البحر مع معاوية [في خلافة عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فلما انصرفوا من غزوهم قافلين فنزلوا الشام فضربت إليها دابة لتركبها ، فصرعتها فماتت . ح/٥/٤٠ . د ، ث ، ن . م ـ ٨/١٢٠ ح/ ـ ٥ ٨٠ ، ٨٨ .] فركبت البحر في زمن معاوية بن أبي سفيان [أميرا من طرف عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فصرعت عن دابتها حين خرجت من البحر فهلكت. ح/٥/٣٤ .

٥/١١٥٤ عمير بن الأسود العنسي [من كبار التابعين] أتى عبادة بن الصامت ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهو نازل في ساحل حمص ، وهو في بناء له ومعه أم حرام ـ رضي الله تعالى عنها ـ قال عمير : فحدثتنا أم حرام أنها سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : أول جيش من أمتي يغزون البحر [هو جيش معاوية أميرا من طرف عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قد أوجبوا [المغفرة والرحمة] قالت أم حرام : يا رسول الله أنا فيهم ؟ قال : أنت فيهم .

ثم قال النبي ـ ﷺ ـ أول جيش من أمتي يغزون مدينة قيصر [يعني القسطنطينية ، وهو جند يزيد لعنه الله] مغفور لهم ، فقلت : أنا فيهم يا رسول الله ؟ قال : لا . [وفي ذلك الجند جماعة من سادات الصحابة ؛ كابن عباس ؛ وابن عمر ، وابن الزبير ، وأبي أيوب الانصاري ، ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] ح/٥/١٠٠ .

ته رجه مه :

پێغه مه ر ـ ﷺ ـ زۆر ته شريفى ئه چوو بۆ لاى (أم حرام)ى پوورى ئه نه سى كورى ماليك ـ رضي الله تعالى عنها ـ له وێ ته شريفى ئه نوست . (أم حرام) ـ رضي الله تعالى عنها ـ طه عامى ئه دا به پێغه مه ر

ـ ﷺ ـ عافێتی ئەکرد . دەفعەیێ پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوە لای ، طـەعامی دایێ خـواردی . تـەشـریفی نـوست . (أم حـرام) سـەری مـوبارەکی ئـەدۆزیی . لە دواییـدا پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ خـەبـەری بـۆوە پێ ئەکەنی ، (أم حرام) فەرمووی : عەرزمکرد : (یا رسول الله) بۆچ پێ ئەکەنی ؟ فەرمووی : بەعزێ ئینسانم لە ئـوممەتی من پێ نیشـان‌درا سواری ناوەڕاستی ئەم بەحرە ئەبن ، هـەموو پـادشان لـەسەر تـەخت دانیشتوون ، یا فـەرمووی : وەك پـادشان لـەسەر تـەختن . أم حرام ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : عەرزمکرد : (یا رسول الله) دۆعا بفەرموو کە خوا بمکا بە یەکێ لەوانە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوایا بیکە بە یەکێ لەوانە .

دووبارە پێغەمەر ـ ﷺ ـ سەری نایەوە لە دواییدا خەبەری بـۆوە پێ ئەکەنی . عەرزمکرد : (یا رسول الله) بۆچ پێئەکەنی ؟ فەرمووی : بەعزێ ئینسان لە ئوممەتی من پێ نیشانم دران غەزا ئەکەن لە ڕێی خوادا . وەك ئەوەڵ جار چۆنی فەرموو ئەم جـارەیش وای فەرمـو . (أم حرام) فەرمووی : عەرزمکرد : (یا رسول الله) لە خوا طەڵەب کە کە بمکا بە یەکێ لەوانە. پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : تۆ لەوانەی کە سواری بەحر ئەبن .

(أم حرام) لە زەمانی موعاویەی = کوڕی = ئەبوسوفیـانا [کـە لە طەرەفی ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ وە بە ئەمیری نێررا بـۆ غەزای قوبروص لەگەڵ عوبادەی مێردی ـ رضي الله تعالى عنها ـ لـەو سەرەوە کە گەڕانەوە بۆ شام حەیوانیان بۆ هێنـا = کە سـواری بێ = لە حەیوانەکە کەوتەخوارێ وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالى عنها ـ . [. . . .]

٦/١١٥٥ عن بريدة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسـول الله ـ ﷺ ـ إذا أمَّر أميرا على جيش أو سرية أوصاه في خاصته بتقوى الله ـ عز وجل ـ ومن معه من المسلمين خيرا ، ثم قال : أغزوا بسم الله في سبيل الله ، قاتلوا من كفر بالله ، أغزوا ولا تغلوا ، ولا تغدروا ، ولا تمثلوا ، ولا تقتلوا وليدا ، وإذا لقيت عدوك من المشـركين فـادعهم الى ثلاث خصال ، أو خلال ، فأيهن ما أجابوك فاقبل منهم وكف عنهم :

١ ـ ثم [زائد أو للترتيب الذكري] أدعهم إلى الاسلام ؛ فإن اجابوك فـاقبـل منهم ، وكف عنهم ، ثم [بعـد أن أسلمـوا] أدعهم إلى التحول من دارهم إلى دار المهاجرين ؛ وأخبرهـم أنهم إن فعلوا ذلك فلهم ما للمهاجرين وعليهم ما على المهاجرين ؛ فإن أبوا أن يتحولوا منها فأخبر أنهم يكونون أعراب المسلمين ، يجري عليهم حكم الله الـذي يجري عـلى المؤمنين ، ولا يكـون لهم في الغنيمة والفيئ شيئ إلا أن يجاهدوا مع المسلمين .

٢ ـ فإن هم أبوا فسلهم الجـزيـة ؛ فـإن هم أجابـوك فاقبـل منهم ، وكف عنهـم .

٣ ـ فإن هم أبوا فاستعن بالله وقـاتلهم . وإذا حاصـرت أهل حصن فأرادوك أن تجعل لهم ذمة الله وذمة نبيـه [أي عهدهمـا] فلا تجعـل لهم ذمـة الله ولا ذمة نبيـه ،ولكن إجعل لهم ذمتك وذمة أصحابك ، فإنكم أن تخفر ذممكم وذمم أصحابكم أهون أن تخفـروا ذمة الله وذمة رسوله . [أخفرت : نقضت ، خفرت : وقيت . نووي] وإذا حاصرت أهل حصن فأرادوك أن تنزلهم على حكم الله فـلا تنزلهم على حكم الله ، ولكن أنزلهم على حكمك ، فإنك لا تدري أتصيب حكم الله فيهم أو لا ؟ م/٧/ ٣١٠ .

تەرجەمە :

بورەيدە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ يەكێكی بكردايە بە ئەميری لەشكرێ يـا بە گـەورەی دەستەيـە كە لـە لەشكرەكەی جوێئەكاتەوەو بە شـەو ئەيـان‌نێرێ بـۆ جێگەيێ . . بـۆ خوصووصی خۆی . . ئەمری پێ ئەفەرمووكە : تەقوای خوا بكا ، بۆ خوصووصی (معية)(١) ەكەی ئەمری بەخەيری پێ‌ئەفەرموو ، لە دواييدا ئەيفەرموو : بە موعاوەنەتی ئيسمی خوا غەزا بكەن ، بۆخوا شەر بكەن لەگەڵ ئەوانەی كە ئيمانيان بە خوا نی‌يەو كافرن غەزا بكەن ، لە پێش تەقسيما لە غەنيمەت هيچ لامەدەن بۆ خۆتان ، غەدر مەكەن ، يەعنی عەهد هەڵمەوەشێنن ، لووت‌و گوێ مـەكەن ، منـاڵ مەكـوژن ، كە تووشی دوشمنی موشريك ببی دەعوەتيان بكەرە سەر سێ شت ، لـەو سێ شتە هەركامێكيان لێ قـەبووڵ كـردی تۆيش لێيـان قەبـووڵ بكەو دەستيان مەكێشەرێ ، ئەو سێ شتە ئەوەيە :

(أولا) : دەعوتيان بكەرە سەر موسوڵمانەتی ، بۆ ئەوە ئيجابەتيان كردی لێيان قەبووڵ بكەو دەخلێيان مەكە . ئەگەر ئيسلامەتيان قـەبووڵ كـرد بانگيان‌كەرە سەر ئەوە كە لە داری كوفر نەقڵ بكەن بۆ ناو موهاجيرين ، خەبەريان بدەرێ كە ئەوەيان كرد لە خێرو نەفعا وەك موهاجير ئەبن . ئەگەر ئەوەيان قەبووڵ نـەكرد خـەبەريـان بدەرێ كـە ببن بە عـەرەبی بادی‌يەنشينی موسوڵمانان ؛ ئەو ئەحكامەی بەسەر موسوڵمـانانـا ئەكـرێ بەسەر ئەوانيشا بكرێ لە غەنيمەتاو لە فەيئا ، يەعنی لەوەدا كـە بە پێ قووەتی سيلاح دەست موسوڵمانان ئەكەوێ هيچ بەشيان نەبێ ، مـەگەر

(١) (معية) ئەوانەی كە لەگەڵيان ، واتە سەربازەكانی .

ئاوشانی موسوڵمانانی تر شەڕ لەگەڵ کافرانا بکەن ، ئەوە ئەو وەختە بەشیان ئەدرێتێ .

دوەم : ئەگەر ئیسلامەتیان قەبووڵ نەکرد داوای سەرانەیان لێ بکە ، ئەگەر قەبووڵیان کرد لێیان قەبووڵ بکەو وازیان لێ بێنە .

سێیەم : ئەگەر ئەوەیشیان نەکرد لە خوا موعاوەنەت طەڵەب بکەو شەڕیان لەگەڵ بکە .

کە ئەهلی قەڵایێکت موحاصەرە دا ئەهلەکەی طەڵەبی ئەوەیان لێ کردی کە بە عەهدی خواو رەسووڵی خوا عەهدیان لەگەڵ بکەی بەو نەوعە عەهدیان لەگەڵ مەکە ، بە عەهدی خۆت و رەفیقەکانت عەهدیان لەگەڵ بکە ؛ چونکی وا ئەبێ کە بەعزێ ناکەسانیان ئەو عەهدە هەڵئەوەشێنن،هەڵوەشانی عەهدی تۆو رەفیقەکانت ئەهوەنترە لەوە کەعەهدی خوا هەڵبوەشێنرێ . کە قەڵایێکت موحاصەرەکرد ئەوەت لێ طەڵەب بکەن کە لەسەر حوکمی خوا لە قەڵاکە بێنەخوارێ ـ مەیکە ، ئەمما لەسەر حوکمی خۆت بیانهێنەرە خوارێ ؛ چونکی تۆ نازانی لە حوکمی خوادا ئیصابەتت کردوە یان نا !

یەعنی ئەوەڵەن ئیسلامەتیان لێ طەڵەب بکە کە قەبووڵیان کرد شەڕیان لەگەڵ مەکە ، فەقەط طەڵەبی هیجرەتیان لێ بکە ، کە هیجرەتیان کرد لە حوقووقا وەك موسوڵمانی تر ئەبن ، ئەگەر هیجرەتیان نەکرد ببن بە ئەعرابی موسوڵمانان ؛ لە نەفعیان بێبەش ئەبن .

٢ ـ ئەگەر موسوڵمان نەبوون داوای سەرانەیان لێ بکە .(١)

٣ ـ ئەگەر سەرانەیان نەدا ئەمجا حەربیان لەگەڵ بکە .

(١) لێرەدا دووپات بوونەوە هەیە .

فه‌وائيدى ئه‌م حه‌ديثه :

١ ـ غه‌در ، يه‌عنى عه‌هدشكانن حه‌رامه .

٢ ـ له پيش ته‌قسيما له غه‌نيمه‌ت ماڵ‌هه‌ڵگرتن حه‌رامه .

٣ ـ منالْ كوشتن حه‌رامه ، ئه‌مما ئه‌گه‌ر شه‌ڕ بكه‌ن دروسته .

٤ ـ (موثله) يه‌عنى لووت و لێوو گوێ‌برين مه‌كرووهه .

٥ ـ ته‌وصيه‌ى ئيمام به ئومه‌راى له‌شكر به ته‌قواو به حوسنى موعامه‌له له‌گه‌ڵ ئه‌فرادى له‌شكرا سوننه‌ته . له حه‌ربا چى لازم بێ سوننه‌ته پێنيشانيان بدا . (من نووي) .

١١٥٦/٧ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ ﷺ ـ أنها قالت : خرج رسول الله ـ ﷺ ـ قبل بدر فلما كان بحرة الوبرة [موضع على نحو من أربعة أميال من المدينة] أدركه رجل قد كان يذكر منه جرأة ونجدة ، ففرح أصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ حين رأوه ، فلما أدركه قال لرسول الله ـ ﷺ ـ : جئت لاتبعك وأصيب معك . قال رسول الله ـ ﷺ ـ : تؤمن بالله ورسوله ؟ قال : لا . قال : فارجع فلن أستعين بمشرك ! قالت : ثم مضى حتى إذا كنا بالشجرة أدركه الرجل فقال له كما قال أول مرة ، فقال له النبي [رسول الله] ـ ﷺ ـ كما قال أول مرة . قال : فارجع فلن أستعين بمشرك . قال : ثم رجع فأدركه بالبيداء فقال له كما قال أول مرة : تؤمن بالله ورسوله : قال : نعم . فقال له رسول الله ـ ﷺ ـ : فانطلق . م/٧/٤٧٦ .

ته‌رجه‌مه :

حه‌زره‌تى عائيشه‌ى حه‌ره‌مى پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ورضي عنها ـ ئه‌فه‌رموێ : كه پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ته‌شريفى برد بۆ به‌در كه گه‌يى يه شاخى (وه‌بره) ـ كه چوار ميله له مه‌دينه‌وه ـ پياوێكى مه‌شهوور به ئازايى به

خدمەتی گەیی ، ئەصحابی کیرام ـ رضي الله تعالی عنهم ـ کە چاویان پێکەوت زۆر دڵخۆش بوون . ئەو پیاوە عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : کە هاتوومە خذمەتت تابیعی تۆ بم و لە خذمەتتا ئیستیفادەی غەنیمەتیش بکەم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : ئیمانت بە خواو پێغەمەری هەیە ؟ عەرزی‌کرد : نەء . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە وابێ بگەڕێرەوە من قەت لە موشریك موعاوەنەت طەڵەب ناکەم . پیاوەکە ڕۆیی تا ئێمە گەیینە لای (شجرة) [جێگەیێکە دارێکی لێیە] . دووبارە ئەو پیاوە بە خدمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەیی وەك ئەوەڵ‌جار کە عەرزی‌کرد دووبارە عەرزی‌کردەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەك لە ئەوەڵەوە جوابی دایەوە ـ جوابی دایەوە . فەرمووی : بگەڕێرەوە من لە موشریك موعاوەنەت طەڵەب ناکەم ، گەڕایەوە ، جاری سێیەم لە بەیدا بە خذمەتی گەیی‌یەوە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەك ئەوەڵ‌جار فەرمووی : بڕوات هەیە بە خواو رەسوولی ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ : فەرمووی : کە وابێ لەگەڵمان بێ .

[لە حەدیثێکی ترا هەیە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە صەفوانی کوڕی ئومەییە ـ لە پێش موسوڵمان بوونیا ـ موعاوەنەتی طەڵەب کرد .

ئیمامی شافیعیی ـ رضي الله تعالی عنە ـ ئەفەرموێ : ئەگەر موشریك صاحیب رەئی بێ دەرحەق موسوڵمانان ئیحتیاجیش ببێ بە موعاوەنەتی ـ موعاوەنەتی لێ طەڵەب ئەکرێ . وەك (إستعانه)بە صەفوان ـ رضي الله تعالی عنە ـ ئەگەر وا نەبێ ئیستیعانە لە موشریك کەراهەتی هەیە ، وەك لەم حەدیثەدایە .

شافیعیی و ئەبوحەنیفە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموون : کە کافر ئیذن‌درا کە لە حەربا لەگەڵ موسوڵمان بێ و موقابیل بە کوففار حەربی کرد . . وەك موسوڵمان بەشی نادرێتێ ، مەحروومیش ناکرێ ، کەمێکی

ئەدرێتێ .

زوهريى و ئەوزاعى ـ رحمهما الله ـ ئەفەرموون : چى ئـەدرێ بە موسوڵمان بەوانیش ئەدرێ . جومهوور لەسەر مەذهەبى شافیعى و ئـەبو حەنیفەن . نووي] .

ئـەسەف بـۆ ئەوانـەى كە نـاويـان ئیسـلامـە ، بـە ئـەحكـامى شەرعى یەى موطەهھەرە ئەڵێن : ئەحكامى ئیبتیدائى و خستـوویانـەتە پشت‌گوێوە !

١١٥٧/٨ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : من آمن بالله وبرسوله وأقام الصلاة وصام رمضان كان حقا على الله أن يدخله الجنة ، جاهد في سبيل الله أو جلس في أرضه التي ولد فيها . فقالوا : يا رسول الله أفلا نبشر الناس ؟ قال : إن في الجنة مائة درجة أعدها الله للمجاهدين في سبيل الله ، ما بين الدرجتـين كما بـين السماء والأرض ، فإذا سألتم الله فاسألوه الفردوس ، فـإنه أوسط الجنـة [أي أفضلها] وأعلى الجنة أراه قال وفوقه عرش الرحمان ، ومنه تفجر أنهار الجنة . قال محمد بن فليح عن أبيه : وفوقه عرش الرحمان [بدون شك] ح/٥/٣٦ ، ت . ح/١٠/٣٨٥ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : هـەركەسێ ئیمـان بێنێ بە خـواو پێغەمـەرىۆ نوێـژ بكاو رەمەزان بەرۆژوو بێ [بە وەعدو كەرەم و فەضلى خوا] حەقە لەسەر خوا كە بیخاتە بەهەشتەوە ، حەزەكا لە رێى خوادا غەزا بكا یا لەو ئەرزە كە تێیا بەوەلەد بوە دانیشێ . عەرزیان كرد : (یا رسول الله) موژدە نەدەین بە خەڵق ؟ فەرمووى : لە بەهەشتا صەد دەرەجە هەیـە كە خـوا حازرى

كردوە بۆ غەزايي لە رێی خوادا ، مابەينی هەر دوو دەرەجەيێكی وەكوو مابەينی ئەرزو ئاسمانە . كە بەهەشت لە خوا طەڵەب بكەن فيردەوسی لێ طەڵەب بكەن كە ناوەڕاستو چاكترينی بەهەشتەو بەرەوژوورترينی بەهەشتە .

يەحيای كوڕی صاڵح ، كە شێخی بوخاریيە ، ئەفەرموێ : وا ظەن ئەبەم كە فولەيح فەرمووی : لە ژوور فيردەوسەوە عەرشی رەحمانە . محەمەدی كوڕی فولەيح ئەفەرموێ : كە فولەيح فەرمووی : لە ژوور فيردەوسەوە عەرشی رەحمانە . محەمەد شەكی نەبوە لەو لەفظەدا ، يەعنی ئينسان با بە مەحضی ئيمانو نوێژ و رۆژوو بچێتە بەهەشتەوە ناگاتە دەرەجەی موجاهيد .

١١٥٨/٩ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لغدوة في سبيل الله أو روحة خير من الدنيا وما فيها . ح/٥/٣٧ . وعن سهل بن سعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ بلفظ (أفضل) بدل (خير) ح ـ ٥/٣٧ . م ـ ٨/٨٤ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بەيانيێ يا ئێوارێيێ[1] لە رێی خوا ئەوابێ لە دنياو لە ئەوی لە دنيادايە چاكترە .

١١٥٩/١٠ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لقاب قوس في الجنة خير مما تطلع عليه الشمس وتغرب . وقال : لغدوة أو روحة في سبيل الله خير مما تطلع عليه الشمس وتغرب .

(١) دەبوو دانەر لێرەدا بيفەرموايە : چوونێ يا هاتنەوەيێ ، يا چوونێكی ئێوارەيێ يا بەيانيێ لە رێی خودا بۆغەزا . . .

ح/٥/٣٧ . م/٨/٨٥ عن أبي أيوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : میقداری قه‌وسێ له به‌هه‌شت چاكتره له‌وه‌ی كه رۆژی له‌سه‌ر هه‌ڵیێ و رۆژی له‌سه‌ر ئاوا ئه‌بێ . به‌یانیێ یا ئێواریێ له رێی خوادا له‌وه چاكتره كه رۆژی له‌سه‌ر هه‌ڵیێ و له‌سه‌ری ئاوا ئه‌بێ .

١١/ ١١٦٠ عن حميد [الطويل] قال : سمعت أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : ما من عبد يموت له عند الله خير يسره أن يرجع إلى الدنيا ، وأن له الدنيا وما فيها ، إلا الشهيد لما يرى من فضل الشهادة ، فإنه يسره أن يرجع الى الدنيا فيقتل مرة أخرى .[عشر مرات لما يرى من الكرامة . ح ـ ٥/٣٨ . م ـ /٨١] .

وسمعت أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لروحة في سبيل الله أو غدوة خير من الدنيا وما فيها ، ولقاب قوس أحدكم من الجنة ، أو موضع قيد ، يعني سوطه ، خير من الدنيا وما فيها . ولو أن امرأة من أهل الجنة اطلعت أهل الأرض لأضاءت ما بينهما وللأته ريحا ، ولنصيفها [أي : خمارها] على رأسها خير من الدنيا وما فيها . ح/٥/٣٨ .

[وعن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : خلقت الحور العين من أصابع رجليها إلى ركبتيها من الزعفران ، ومن ركبتيها إلى ثديها من المسك الاذفر ، ومن ثديها الى عنقها من العنبر الأشهب ، ومن عنقها من الكافور الأبيض .

وعند الطبراني من حديث أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ مرفوعا

للنبي ـ ﷺ ـ عن جبريل : لو أن بعض بنانها بـدا لقلب ضوؤه ضـوء الشمس والقمر ! ولو أن طاقة من شعرها بدت لملأت ما بين المشـرق والمغرب من طيب ريحها الحديث . قسطلاني ٥/ ٣٩ .]

ته رجه مه :

حه ميد ـ رحمه الله ـ ئه فه رموێ : له ئه نه سی کوڕی مالیکم بیست ـ رضي الله تعالى عنه ـ له پێغه مه ره وه ـ ﷺ ـ ریوایه تی ئه فه رموو : که پێغه مه ر ـ ﷺ ـ فه رمووی : غه یری شه هید هیچ عه بدێ نی یه بمرێت و له خذمه ت خوادا ئه وابێکی بێ و حه زکا بێته وه دنیا ، به و شه رته که دنیاو مافیهای دنیای ببێ ، فه قه ط شه هیـد مه منـوون ئه بێ کـه بێته وه دنیـاو ده فعه یێکی تر بکـوژرێ ؛ چونکی چـاوی ئه کـه وێ به وه کـه فه ضـلی شه هیدیی چه نده زۆره . له ریواته که ی ترا : ده ده فعه بکوژرێ ، له به ر ئه و که رامه ته ی که ئه یبینێ .

حه میده ئه فه رموێ : که له ئه نه سی کوڕی مالیکم بیست ـ رضي الله تعالى عنه ـ له پێغه مـه ره وه ـ ﷺ ـ ریوایـه ت ئه کـا ـ عليه الصـلاة والسلام ـ که فه رمووی : به یانییێ یا ئێوارێیێ له رێی خوادا غه زاکردن له دنیاو مافیها چاکتره . جێیێ که وانێکی یه کێ له ئێوه له به هه شت ، یا فه رمووی : جێی قه مچییێکی یه کێ لـه ئێوه لـه به هـه شت له دنیـاو له مـافیهای چاکتره ! ئه گه ر ژنێ له ئه هلی به هه شت خۆی ده ربخا بۆ ئـه هلی ئـه رز مابه ینی ئه رزو ئاسمان رووناك ئه کاته وه ، پڕی ئه کا لـه بۆنی خـۆش ، سه رپۆشی سه ری چاکتره له دنیاو مافیها .

له قه سـطه لانیدا لـه ئیبن و عه بـاسه وه ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ ریوایه ت ئه کا که فه رموویه تی : که (حور العين) له په نجه ی پێیـه وه تا

ئەژنۆی لە زەعفەران ، لە ئەژنۆیەوە تا مەمکی لە میسکی خالیص ، لە مەمکیەوە تا ملی لە عەنبەری رەش و سپی ، کە سپێتی یەکەی لە رەشێتی یەکەی زیاتر بێ ، لە ملیەوە لە کافووری سپی دروست کراوە .
یەعنی وەك ژنی دنیا لە گڵ دروست نەکراوە .
طەبەرانی ـ رحمه الله ـ لە حەدیثی ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەوە بە مەرفووعیی لە پێغەمەرەوە ، ئەویش لە جیبریلەوە ـ عليهما الصلاة والسلام ـ ریوایەت ئەکا : ئەگەر بەعزێ پەنجەی (حور العين) دەربکەوێ رووناکی ی ئەو لە رووناکیی مانگ و رۆژ بەشەوقتر ئەبێ ، ئەگەر تەنها موویێکی دەربکەوێ بۆنی خۆشی مابەینی مەشریق و مەغریب پڕ ئەکا ! قسطلاني] .

١١٦١/١٢ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قيل للنبي ـ ﷺ ـ : ما يعدل الجهاد في سبيل الله ؟ قال : لاتستطيعوه . قال : فأعادوا عليه مرتين أو ثلاثا ، كل ذلك يقول : لاتستطيعوه ، قال في الثالثة : مثل المجاهد في سبيل الله كمثل الصائم القائم القانت [المطيع العامل] بآيات الله لا يفتر من صيام ولا صلاة حتى يرجع المجاهد في سبيل الله تعالى . م/٨/٨٢ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : عەرزی پێغەمەر ـ ﷺ ـ کرا : کە چە عەمەلێ بە قەد غەزا لە رێی خوادا ئەجری هەیە ؟ فەرمووی : ناتوانن بیکەن . دوو جار یا سێ جار ئەو سوئالەی عەرزکرا ، لە هەموو جارێکا ئەیفەرموو : ناتوانن بیکەن . لە دەفعەی سێیەما فەرمووی : مەثەلی ئەوەی کە لە رێی خوادا غەزا بکا وەك مەثەلی

ئەو كەسەيە كە بەرۆژوو بێو لە نوێژا بێ ، موطيعى ئەمرو نەهى خوا بێ ، نە لە نوێژا نە لە رۆژووا سستى نەكا تا ئەو كەسەى كە لە رێى خوادا چوە بۆ غەزا ئەگەڕێتەوە .

چونكى ئەوى كە ئەچێ بـۆ غەزا نـوستنى ، خواردنى ، ذەوقو صەفاكردنى ، رۆيينى ، دانيشتنى ، هەر دەقيقەو ثانێكى . . . بە غەزا حسێبە . ئەوى كە عيبادەت بكا ئەويش ئەبێ بە دەوام لە عيبادەتا بێ تا ئەو بێتەوە لەگەڵ ئەمەدا ئەم لە ماڵى خۆيا بە بێ ترس دانيشتوە ، ئەو بە دەوام لە مەعرەضى هيلاك بوونايە . ئەمجا بزانە غەزا لـە رێى خوادا چـەندە گەورەيە كە لە ئەفضەلى ئەعمال گەورەترە] .

١١٦٢/١٣ نعمان بن بشير ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت عند منبر رسول الله ـ ﷺ ـ فقال رجل : مـا أبالي أن لا أعمـل عملا بعـد الاسلام إلا أن أسقي الحاج . وقال آخر : ما أبالي أن أعمل عملا بعد الاسلام إلا أن أعمر المسجد الحرام . وقال آخر : الجهاد في سبيل الله أفضـل مما قلتم ، فـزجرهم عمـر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ . وقـال : لاترفعوا أصواتكم عند منبر رسول الله ـ ﷺ ـ وهو يوم الجمعة ، ولكن إذا صليت الجمعـة دخلت فـأستفتيـه فيـها اختلفتم فيـه ، فـأنـزل الله ـ تعالى ـ : ﴿أجعلتم سقاية الحاج وعمارة المسجد الحرام كمن آمن بالله واليوم الآخر ؟ . . الآية إلى آخرها . [وجاهد في سبيل الله ؟ لايستوون عند الله ، والله لايهدي القوم الظالمين﴾[1] براءة ص : ٣] م/٨/٨٣ .

تەرجەمە :

نوعمانى كوڕى بەشير ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمـووى : لاى

(١) التوبة /١٩

مینبەری پێغەمەرەوە بووم ـ ﷺ ـ پیاوێ وتی : لە دوای موسوڵمانەتی باکم نی‌یە کە هیچ ئیشێکی خەیر نەکەم غەیری ئەوە کە ئاو بدەم بە حاجی یان . یەکێکی تر وتی : لە دوای ئیسلامەتی هیچ بە تەنگەوە نیم کە هیچ ئیشێکی تر نەکەم غەیری ئەمە کە (مسجد الحرام) ئاوا بکەم [یەعنی تیا بم] یەکێکی تر وتی : لە رێی خوادا غەزاکردن خێری لەوە زیاترە کە ئێوە وتتان . حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعالی عنە ـ مەنعی کردن ، فەرمووی : لای مینبەری پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ دەنگ بەرز مەکەنەوە . ئەو رۆژە رۆژی جومعە بوو ، فەرمووی : کە نوێژی جوومعەم کرد ئەچمە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێی ئەپرسم لەوەی ئیختیلافتان تیاکردوە .

[دوای جومعە چوە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو ئیختیلافەی عەرزکرد] ئەو ئایەتی سوورەتی بەرائەتە نازڵ بوو : «چۆن ئێوە ئاوبەحاجیان = دان = و ئیعماری مەسجیدی حەرام لە ئەوابا بەرابەر ئەکەن بە ئیمان بە خواو بە رۆژی قیامەت و بە غەزا لە رێی خوادا ؟ ئەوی ئاو بدا بە حاجیان و ئیعماری مەسجیدی حەرام بکا بەرابەر ئەگرن لە ئەجرا لەگەڵ موسوڵمانان و غەزایی لە خزمەت خوادا ؟ قەت نە ئەو ئیشانە نە ئەهلی ئەو ئیشانە بەرابەر نابن لە ئەوابا . خوا قەومێ کە زوڵم لە نەفسی خۆی بکات و لەسەر ئەو زوڵمە ئیصرار بکا قەت هیدایەتی نادا بۆ رێی صەواب . یەعنی (والله أعلم) کافرو موشریکیش ئاو ئەدەن بە حاجی یان و ئیعماری مەسجیدی حەرام ئەکەن ، ئەگەر مەحضی ئەوە موجیبی ئەواب و ئەجر ئەبێ ، زاڵمیش کە ئەوەی کرد ئەبێ ئەجری ببێ ، حاڵ وایە خوا هیدایەتی ئەوانەی نەداوە بۆ ئێشی خێر نایشی دا ، کە وابێ دوای ئیمان غەزا بۆ ئیعلای (کلمة الله) لە هەموو عەمەلێ ئەفضەلترە .

ئيمامى عومه ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ چه نده حورمه تى پيْغه مه رى ـ عليه الصلاة والسلام ـ له لا بوه ، حه تتـا له لاى مينبـه ره كه يشيـه وه ده نگ هه لْبرِينى له لا خيلافى ئاداب بوه ! ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

١١٦٣/١٤ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : يا أبا سعيد من رضي بالله ربا ، وبالاسلام دينا ، وبمحمد ـ ﷺ ـ نبيا وجبت له الجنة . فعجب لها أبو سعيد . فقال : أعدها علي يا رسول الله ، ففعل ، ثم قال : وأخرى يرفع بها العبد مائة درجة في الجنة ما بين كل درجتين كما بين السماء والأرض . قال : وما هي يا رسول الله ؟ قال : الجهاد في سبيل الله ، الجهاد في سبيل الله ، الجهاد في سبيل الله . م/٨/٨٥ .

ته رجه مه :

ئه بو سـه عيدى خـدريى ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئه فـه رمویٚ : پيْغه مه ر ـ ﷺ ـ فه رمووى : ئه ى ئه بوسه عيد هه ركه سىٚ به خـوايه تيى خوا رازى بىٚو ، به دينيْتى ئيسلام رازى بىٚو ، به پيْغـه مه ريْتى محـه مه د ـ ﷺ ـ رازى بىٚ جه ننه ت بوٚ ئه و كه سه واجب ئه بىٚ . ئه بوسه عيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه م فه رموودە ى پيْغه مه ره ى ـ ﷺ ـ له لا عه جايب و خوٚش بوو ، عه رزى كـرد : (يا رسـول الله) بوٚم تيكـرار بكه ره وه ، پيْغـه مه ر ـ ﷺ ـ بوٚى تيكرار فه رموه وه ، له دواييدا فـه رمووى : شتيْكى تـريش هه يه كه به وه صـه د ده ره جه عـه بد بـه رز ئه كـاته وه مـابه ينى هـه ر دوو ده ره جه ى به قه د به ينى ئه رزو ئاسمانه ، عه رزى كرد : ئـه وه چيه (يـا رسول الله) ؟ پيْغه مه ر ـ ﷺ ـ سىٚ ده فعه فه رمووى : ئه وه غه زاكردنه له ريْى خوادا .

١١٦٤/١٥ حدث أبو موسى الاشعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رجلا أعرابيا أتى النبي ـ ﷺ ـ فقال :ـ يارسول الله الرجل يقاتل للمغنم ، والرجل يقاتل ليذكر ، والرجل يقاتل ليرى مكانه . . . . فمن في سبيل الله ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : من قاتل لتكون كلمة الله أعلى فهو في سبيل الله .

م/٨/١١٠ . ح/٥/٤٦ ، وفي أخرى : يقاتل شجاعة ، ويقاتل حمية ؛ ويقاتل رياء . . . أي ذلك في سبيل الله ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله . وفي أخرى يقاتل غضبا .

م/ ٨/١١١ ، ح/١/٢١٣ ،ح ـ ٥/٤٦ . ذكره البخاري في الخمس والتوحيد والعلم .

تەرجەمە :

ئەبو مووساى ئەشعەريى ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پياوێ [كە ناوى لاحيقى كوڕى عومەيرەيە ـ رضي الله تعالى عنه ـ] هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزى‌كرد : يارسول الله بەعزێ پياو بۆ غەنيمەت ، بەعزێ بۆ شوهرەت ، بەعزێ بۆ ئەوەى كە دەرەجەى ئازايى ببينرێ . . . شەڕ ئەكا ، كە وابێ كێ لە رێى خوادا غەزا ئەكا ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : ئەو كەسە شەڕ بۆيە بكا كە هەر (كلمة الله) كە (لا إله الا الله) يە سەركەوێ‌و هيچ مەقصوودى ترى نەبێ ئەو كەسە لە رێى خوادا شەڕ ئەكا .

لە عيبادەتا ئيخلاص نەبێ ئەو عيبادەتە مەردوودو نامەقبوولە .

(من يصرع في سبيل الله فمات فهو منهم ، وقول الله ـ تعالى ـ :

﴿ ومن يخرج من بيته مهاجرا الى الله ورسوله ثم يدركه الموت فقد وقع

أجره على الله ﴾[1] وقع : وجب . ح/٥/٤٠ نساء جزء ٥ ، ٩٣ من القرآن .

هەركەسێ لە رێی خوادا بمرێ با نەیشكوژرێ ئەو كەسە لە موجاهیدینە . خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : هەركەسێ لە ماڵی خۆی بچێتە دەرێ بۆیێ كە هیجرەت بكا بۆ لای خواو رەسوولی خوا لە دواییدا ئەجەلی تووش ببێ و بمرێ ئەجری ئەو كەسە لە سەر خوا واجب ئەبێ .

[ضەمره ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە مەككەدا موقیم بوو كە ئەم ئایەتەی بیست كە ئەفەرموێ : بۆ ئەرزی خوا واسیع نی یە كە هیجرەتی تیا بكەن و خۆتان و دینتان لە كافران موحافەظە بكەن ؟ لەو وەختەدا نەخۆش بوو بە ماڵ و مناڵەكەی وت : لە مەككەم بەرنەدەرێ بۆ طەرەفی مەدینە ، بردیانە دەرێ ، لە رێگەدا وەفاتی كرد ئەو وەختە ئەو ئایەتەكەی پێشوو نازڵ بوو . (قسطلاني عن رواية الطبراني) .

١٦/١١٦٥ عن جندب [بن عبدالله بن] سفيان [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ ﷺ ـ كان في بعض المشاهد [قيل : في غزوة أحد] وقد دَمِيت ، أي : جرحت أصبعه فقال :

هل أنت إلا أصبع دميت ؟

و [لكنه] في سبيل الله مالقيت

ح/٥/٤١ . ت ، ن .

تەرجەمە :

جوندوبی كوڕی سوفیان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە بەعزێ لەو غەزایانەدا كە (بالذات) تەشریفی تیاحازر

(١) النساء/١٠٠ .

بوە ، وا ئەڵێن کە غەزای ئوحود بوە ، پەنجەیێکی موبارەکی بـریندار بووبوو ، خیطاب بە پەنجە موبارەکەکەی فەرمووی : تۆ چیت ؟ هەر پەنجەیێ نیتو بریندار بووی ؟ ئەوەندە هەیە کە ئەوی بە تۆ گەییوە لە رێی خوادا پێتگەییوە . یەعنی ئەجرت هەیەو هەدەر نیت .

١١٦٦/١٧ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : غاب عمي أنس بن النضر عن قتال بدر ، فقال : يا رسول الله غبت عن أول قتال قاتلت المشركين ، لان الله أشهدني قتال المشركين ليرين الله ما أصنع . فلما كان يوم أحد وانكشف المسلمون ، قال : أللهم إني أعتذر إليك مما صنع هؤلاء ، يعني أصحابه ، وأبرأ إليك مما صنع هؤلاء ، يعني المشركين . ثم تقدم ، فاستقبله سعد بن معاذ [ـ رضي الله تعالى عنه ـ منهزما] فقال : يا سعد بن معاذ الجنة ورب النضر ! إني أجد ريحها من دون أحد ، قال سعد : فما استطعت يا رسول الله ما صنع . قال أنس : فوجدنا به بضعا وثمانين من : ضربة بالسيف ، أو طعنة برمح ، أو رمية بسهم . ووجدناه ، قد قتل وقد مثل به المشركون ، فما عرفه أحد إلا أخته ببنانه !

قال أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : كنا نرى ، أو نظن أن هذه الآية نزلت فيه وفي أشباهه : ﴿من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه . . . إلى آخر الآية ـ فمنهم من قضى نحبه ، ومنهم من ينتظر ، وما بدلوا تبديلا﴾[1] أحزاب ، آخر صحيفة الجزء الحادي عشر . وقال : إن أخته ، وهي تسمى الربيع كسرت ثنية إمرأة [فطلبوا الأرش ، وطلبوا العفو ، فأبوا ؛ فأتوا النبي ـ ﷺ ـ ح/٤/٤٠٩ . ن ، د ، جه] فأمر

(١) الأحزاب / ٢٣

رسول الله ـ ﷺ ـ بالقصاص ، فقال أنس : يا رسول الله والذي بعثك بالحق لاتكسر ثنيتها ، فرضوا بالأرش ، وتركوا القصاص ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : إن من عباد الله من لو أقسم على الله لابره ح/٥/٤٣ . وإلى قصة الربيع م/٨/١٠٩ . وقصة الربيع وحدها ح/٤/٤٠٩ . وفي مواضع أخرى .

ته‌رجه‌مه :

ئـه‌نه‌سی کـوڕی مالیـك ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئه‌فـه‌رموێ : ئه‌نه‌سی مامم که ئه‌نه‌سی کوڕی نه‌ضره ـ رضي الله تعالى عنه ـ له غه‌زای به‌درا حازر نه‌بوو ، عه‌رزی پێغه‌مه‌ری کرد ـ ﷺ ـ : (يا رسول الله) له ئه‌ووه‌ڵ غه‌زاییکا که له‌گه‌ڵ موشریکانتا کرد من غائیب بووم ، ئه‌گه‌ر خوا من حازری غه‌زای موشریکان بکا ، خـوا ئه‌وه‌تـان پێ نیشان ئـه‌دا که ئه‌یکه‌م . که ڕۆژی ئوحـود بوو مـوسوڵمـانان شکـان ، ئه‌نـه‌سی مامم فه‌رمووی : یاره‌ببی ئیعتیذار ئه‌که‌م له حوزوورتا له‌وه‌ی که موسوڵمانان کردیان ، به‌رییشم له خدمه‌تتا له‌وه که موشـریکان کـردیان ، ئـه‌وه‌ی فه‌رموو له دواییدا پێکه‌وت بۆ طه‌ره‌فی کافران ، له ڕێدا سه‌عدی کوڕی مه‌عاذ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی بـه‌ره‌وپیر هـات . فه‌رمـووی : ئه‌ی سه‌عدی کوڕی مه‌عاذ قه‌سه‌م به ره‌ببی نه‌ضری باوکم ! بۆ بـه‌هه‌شت ئه‌چم بۆنی به‌هه‌شت ئه‌که‌م له به‌رده‌می ئوحوده‌وه !

سه‌عدی کوڕی مه‌عاذ ـ رضي الله تعالى عنه ـ [که له شوجعـانی ئه‌نصار بوو] عه‌رزی پێغه‌مه‌ری کرد ـ ﷺ ـ : (يا رسول الله) ئه‌و ئیقدام و شه‌جاعه‌ته‌ی که ئه‌و کردی به من نه‌کرا .

ئه‌نه‌سی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووی : هه‌شتاو ئه‌وه‌نده برینه‌مان پێوه دی که به شیر ، یا به رم ، یا به تیر لێی کرابوو ، به

شەهیدکراویی دۆزیمانەوە لووت و لێـوو گوێ کـرابوو ، خـوشکەکـەی نەبێ ، کە رویەیعە ، کەس نەیناسی یەوە . ئەنەس فەرمووی : ظەنمان وایە کە ئەو ئایەتی سوورەی ئەحزابە کە ئەفەرموێ : بەعزێ لە موئمینان ئەو وەعدەی کە بە خوایان دابوو - عز وجل - بەجێیان هێناو کـردیان ، بەعزێ لەوانە لە پێش ئەمەدا کە موکافاتی دنیایی پێ عەطا بکرێ ئەجەلی مەوعوودی برانەوە ، بەعزێکیشیان مونتەظیری ئەو موکافاتەیە ، هیچیان ئەو وەعدەیانْ تەبدیل نەکرد . ئەم ئایەتە دەرحەق ئەوو ئەمثالی نازڵ بوە [تا ئێرەی ئەم حەدیثە لە موسلیمیشا هەیە] .

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : رویەیعی خوشکی ئەنەسی مامم - رضي الله تعالى عنها - ددانی ژنە ئەنصارییێکی شکان ، بە خوێندان و بە عەفو طەڵەبی ئەوەیان لێ کردن کە واز لە قیصاص بێنن ، رازیی نەبوون ، هاتنە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - پێغەمەر - ﷺ - ئەمری بە قیصاص فەرموو ، ئەنەسی مـامم - رضي الله تعالى عنـه - عەرزی پێغەمەری کرد - ﷺ - : قەسەم بەو ذاتە کە تۆی بەحەق رەوانەی سەر خـەڵق کردوە ! ددانی رویـەیع نـاشکێنێ [فەرمـووی : حـوکمی خـوا قیصاصە] کە ئەو ئەو سوێنەی خوارد بە ئومێدی ئەوە کە خوا - عز وجل - خەصمەکانی بە ئەرش[1] یا بە عەفو رازیی بکا ، خەصمەکانی بە ئەرش رازیی بوون و وازیان لە قیصاص هێنـا . ئەو وەختـە پێغەمـەر - ﷺ - فەرمووی : خوا - عز وجل - بەعزێ عەبدی هەیە ئەگەر سوێن بخۆن لەسەر خوا کە شتێکیان بۆ بکا خوا سوێنەکەیان ناخاو ئەو شتەیـان بۆ ئەکا .

---

(١) ئەرش : بەو ئەندازە ماڵ یا پارە دەوترێ کە لە باتیی ئەندامێکی شکاو یا برراو دەدرێ بە بریندارەکە .

لەم حەديثانەدا چ فەضلێكی گەورەی تیایە بۆ ئەنەسی مامی ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ؟ !

١١٦٧/١٨ بـراء ـ رضي الله تعالى عنـه ـ يقول : أتى النبي ـ ﷺ ـ رجل مقنع [مغطى وجهه] بالحديد ، فقال : يا رسول الله أقاتل وأسلم ، قال : أسلم ثم قاتل . فأسلم ثم قاتل فقتل . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : عمل قليلا وأجر كثيرا . ح/٥/٤٥ . م/٨/١٠٥ . بلفظ : جاء رجل من بني النبيث إلى النبي ـ ﷺ ـ فقال : أشهد أن لا إله إلا الله وأنك عبده ورسوله ، ثم تقدم فقاتل حتى قتل . فقال النبي ـ ﷺ ـ : عمل هـذا يسيرا وأجر كثيرا . م/٨/١٠٥ .

تەرجەمە :

بەرای كوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ سەرو چاوی بە ئاسن داپۆشرابوو عەرزی پێغەمەری كرد ـ ﷺ ـ : (يا رسول الله) شەڕ ئەكەم و موسوڵمان ئەبم . پێی فەرموو : موسوڵمان ببەو لە دواییدا حەرب بكە . مـوسوڵمـان بوو ، ئەمجا چوو بۆ حەرب حەربی كرد هەتا شەهيد كرا .

لە ڕیوایەتەكەی موسلیما ئەفەرموێ : پیاوێ لە بەنی نەبیث هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی كرد : كە شەهـادەت ئەدەم بـەوە كە غەیری خوا هیچ مەعبوودی بە حەق نی یـەو ، بەوەیش كـە تۆ عـەبدو ڕەسووڵی ئەوی ، لە دواییدا پێشكەوت و شەڕی كرد هەتا شەهیدكرا . لە ئاخری هەردوو ڕیوایەتەكەدا بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەمە عـەمەلێكی كـەمی كردو ئـەجرێكی زۆری پێ عەطا كرا .

[ئيبن و ئيسحاق به ئيسناديْكى صه حيح له ئه بوهوره يره وه ـ رضي الله تعالى عنه ـ ريوايه ت = ئه كا = كه به له غه ز ئه يفه رموو : خه به رم بده نىٚ له پياوىٚ كه ئه چيْته به هه شته وه و هيچ نويْژى نه كردبىٚ ! له دواييدا ئه يفه رموو : ئه و پياوه عه مرى كوڕى ثابيتى ئه نصارى يه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسطلاني] .

١١٦٨/١٩ عن أبي قتادة ـ رضي الله تعالى عنه ـ يحدث عن رسول الله ـ ﷺ ـ أنه قام فيهم ، فذكر لهم أن الجهاد في سبيل الله والايمان بالله أفضل الأعمال ، فقام رجل فقال : يا رسول الله أرأيت إن قتلت في سبيل الله تكفر عني خطاياى ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : نعم إن قتلت في سبيل الله وأنت صابر ، محتسب ، مقبل غير مدبر . ثم قال رسول الله ـ ﷺ ـ : كيف قلت ؟ قال : أرأيت إن قتلت في سبيل الله أتكفر عني خطاياى ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : نعم وأنت صابر ، محتسب ، مقبل غير مدبر إلا الدين ! فإن جبريل ـ عليه السلام ـ قال لي ذلك . م/٨/٨٦ .

١١٦٩/٢٠ عن عبدالله بن عمرو بن العاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : يغفر للشهيد كل ذنب إلا الدين ! م/٨/٨٨ .

ته رجه مه :

ئه بو قه تاده ـ رضي الله تعالى عنه ـ ريوايه ت له پيْغه مه ره وه ـ ﷺ ـ ئه كا كه پيْغه مه ر ـ ﷺ ـ له ناو ئه صحابى كيراما ته شريفى راوه ستا ئه وه ى بۆ ذيكر كردن كه له ريْى خوادا غه زاكردن و ئيمان به خوا له چاكترينى هه موو عه مه ليْكه ، پياوىٚ هه ڵسا عه رزى پيْغه مه رى كرد ـ ﷺ ـ : (يا رسول الله) خه به رم بده رىٚ ئه گه ر له ريْى خوادا بكوژريْم هه موو گوناهم

بەوە عەفو ئەکرێ ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بەڵێ ئـەگەر لـە رێی خوادا بکوژرێی ، بەو شەرتە صەبر بکەی ، ئەوە بە ئیخلاصیی بکەی ، هیچ غەرەضی دنیایی تێکەڵ نـەکەی ، رووت لـە لەشکـری دوشمن بێ و ، پشت هـەڵنـەکـەی ، لـە دواییـدا فـەرمـووی : چیت وت ؟ عەرزی کرد : خەبەرم بدەرێ ئەگەر لە رێی خوادا بکوژرێم ئایا گوناهی پێ ئەپۆشرێ ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمـووی : بەڵێ بـەو شەرتـە صەبـر بکەی ، ئیخلاصت ببێ ، رووت لە دوشمن بێ ، پشت هەڵنەکەی ، غەیری قەرز هەموو گوناهێکت ئەپـۆشرێ ! جیبـریل ـ علیـه السلام ـ ئەوەی پێ فەرمووم .

لـە ریوایـەتەکـەی عەبـدوڵڵای کـوڕی عەمـری کوڕی عـاصـا ئەفەرمویێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : شەهید غەیری قەرز هـەموو گوناهێکی عەفو ئەکرێ !

هیچ شتێ قەرزداریی لەسەر ئینسان لانادا ، ئـەبێ : یا گـەردنی ئازاد بکرێ ، یا بدرێتەوە ، یا حەقێکی بەسەر صاحیب قەرزەکەوە ببێ بری ئەوە بخرێ .

٢١/١١٧٠ عن مسروق قال : سـألنا عبـدالله [بن عمرو ، أو ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] عن هذه الآية : ﴿ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتا ، بل أحياء عند ربهم يرزقون﴾[1] [آل عمران ، جزء : ٤ ، ص : ١١] قال : اما انا قد سألنا عن ذلك ، فقال [يعني رسول الله ـ ﷺ ـ نووي] : أرواحهم في جوف طير خضر ، لها قناديل معلقة بالعـرش ، تسرح من الجنـة حيث شاءت ، ثم تـأوي إلى تلك

(١) آل عمران / ١٦٩

القناديل فاطلع عليهم ربهم إطلاعة ، فقال : هل تشتهون شيئا ؟ قالوا : أي شيْ نشتهي ونحن نسرح من الجنة حيث شئنا ؟ ففعلَ ذلك بهم ثلاث مرات ، فلما رأوا أنهم لن يتركوا من أن يسألوا ، قالوا : يا رب نريد أن ترد أرواحنا في أجسادنا حتى نقتل في سبيلك مرة أخرى ! فلما رأى أن ليس لهم حاجة تركوا . م/٨/٨٩ .

ته‌رجه‌مه :

مه‌سرووق ئه‌فه‌رموێ : له عه‌بدوڵلأمان پرسی : [یا ئیبنی مه‌سعوود ، یائیبنی عه‌مری بنی عاص . هه‌ر کامێکیان بێ صه‌حابی‌یه‌و حه‌دیثه‌که‌ی پێ ئه‌بێ به مه‌رفووع . ئیختیلاف له صه‌حابی‌یا زه‌ره‌ری نی‌یه ؛ چونکی هه‌موو عه‌دلن] له‌م ئایه‌تی ئالی عیمرانه که خوا ئه‌فه‌رموێ : وا تێ مه‌گه که ئه‌وانه‌ی له رێی خوادا کوژراون مردوون ، به‌ڵکوو زیندوون ، له طه‌ره‌ف خواوه رزقیان ئه‌درێتێ . عه‌بدوڵلا ئه‌فه‌رموێ : مه‌علوومت بێ که ئێمه له پێغه‌مه‌رمان پرسی ـ ﷺ ـ له مه‌عنای ئه‌م ئایه‌ته ، فه‌رمووی : ئه‌رواحی شه‌هید له به‌ر طه‌یری سه‌وزان ، ئه‌و طه‌یرانه هه‌موو ، یه‌عنی هه‌ر یه‌ك ، قه‌ندیلێکی هه‌یه به عه‌رشا هه‌ڵئاوه‌سراوه ، بۆ هه‌ر جێیێ له به‌هه‌شت هه‌وه‌سیان بێنێ ئه‌چن ، ئێوارێ ئه‌چنه‌وه بۆ ئه‌و قه‌ندیلانه . خوا ـ عز وجل ـ (ظوهوورێکی) بۆ کردن فه‌رمووی : ئیشتیهای هیچتان هه‌یه ؟ عه‌رزیان‌کرد : ئاره‌زووی چیمان بێ ؟ ئێمه بۆ هه‌موو جێیێ له به‌هه‌شت هه‌وه‌سمان بێنێ ئه‌یچینێ . تا سێ ده‌فعه ئه‌و طولووعه‌ی بۆ کردن‌و ئه‌و سوئاله‌ی لێ‌کردن که زانییان وازیان لێ نایێنرێ‌و هه‌ر لێیان ئه‌پرسێ عه‌رزیان‌کرد : یاره‌ببی ئه‌وه‌مان ئه‌وێ که بکرێینه‌وه به به‌ر

به ده نه کاڼمانا تا له ڕێی تۆدا بکوژرێین ! که (مصر) بوون له سه ر ئه وه که هیچ ئاره زوویان نی یه وازیان لێ هێنرا .

زاهیری ئه م حه دیثه وایه که هه موو ئه نواعی شه هید . . شه هیدی ئاخیره ت بێ ، یا شه هیدی دنیاو ئاخیره ت بێ ؛ چونکی شه هیدی ئاخیره ت له گه ڵ شه هیدی مه عره که دا هه ر ئه وه نده یان فه رقه که شه هیدی مه عره که ناشۆرێن ، نوێژ یان ناکرێ ، ئه مما ئایه ته که ته نها ده رحه ق شه هیدی حه قیقیی مه عره که یه ، قیاسی شه هیدی تری مومکینه که لێ بکرێ .

دوای مردن له پێش حه شرو نه شرا چوونه به هه شت و چوونه جه هه ننه م هه یه ، ئه مما به غه یری ئه و نه وعه چوونه ی له دوای حه شرو حیساب ئه بێ .

جه ننه ت مه خلووقه ، دوای مردن نیعمه ت و عه ذاب و عیقاب هه یه ، خواردن و له ذذه ت هه یه .

١١٧١/٢٢ حدث أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أم الربيع بنت البراء [وهم صوابه : أن الربيع بنت النضر ـ رضي الله تعالى عنها ـ] وهي أم حارثة بن سراقة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أتت النبي ـ ﷺ ـ [فقالت : يا رسول الله قد عرفت منزلة حارثة مني ، فإن يكن في الجنة أصبر وأحتسب ، وان تك الأخرى ترى ما أصنع ؟ فقال : ويحك أو هبلت ؟ أو جنة واحدة هي ؟ إنها جنان . . . إلخ ح/٦/٢٤٦] فقالت : يا نبي الله ألا تحدثني عن حارثة ! وكان قتل يوم بدر ، أصابه سهم غرب [لايعلم راميه] فإن كان في الجنة صبرت ، وإن كان غير ذلك إجتهدت عليه في البكاء ، قال : يا أم حارثة إنها جنان في الجنة ، وإن ابنك أصاب

الفردوس الأعلى . [فرجعت وهي تضحك وتقول : بخ ، بخ لك يا حارثة] ح/٥/٤٦ .

تەرجەمە :

روبەيعى كچى نەضر ، پوورى ئەنەسى كوڕى ماليك ، - رضي الله تعالى عنها - كە حاريثەى كوڕى بە تيرێكى ناكاوى لە غەزاى بەدرا شەهيد ئەكرێ ئەچێتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزى ئەكا : (يا رسول الله) ئەزانى كە دەرەجەى حاريثە لاى من چۆن بوە ؟ يەعنى چەندە لە لام عەزيز بوە ، خەبەرم لە ئەحواڵى ئەو بدەرێ ئەگەر لە بەهەشتايە صەبر ئەكەم ، ئەگەر غەيرى ئەوە بێ ئەزانى چى بۆ ئەكەم ! هەتا پێم بكرێ بۆى ئەگريم . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووى : بۆ تۆ شێت بووى ، عەقڵت لێ تێكچوە ؟ بۆچ جەننەت هەر جەننەتێكە ؟ لە بەهەشتا چەند دەرەجە هەيە . كوڕەكەت فيردەوسى ئەعلاى دەست كەوتوە . [روبەيع - رضي الله تعالى عنها - بە پێكەنينەوە گەڕايەوەو ئەيفەرموو : خۆشيى لە خۆت ئەى حاريثە] .

١١٧٢/٢٣ أخبر أبو عبس هو عبدالرحمن بن جبر أن رسول الله - ﷺ - قال : ما اغبرت قدما عبد [ساعة من نهار . أحمد] في سبيل الله فتمسه النار ! ح/٥/٤٧ . ح/٢/١٦٧ . ولفظه عن عباية بن رفاعة : قال أدركني أبو عبس - رضي الله تعالى عنه - وأنا أذهب إلى الجمعة فقال : سمعت النبي - ﷺ - يقول : من أغبرت قدماه في سبيل الله حرمه الله على النار . في الجمعة .

[عن أبي الدرداء مرفوعا : من أغبرت قدماه في سبيل الله حرم الله سائر جسده على النار . قسطلاني]

سێ حەديث مەئالى هەموويان ئەوەيە كە پێغەمەر - ﷺ -

فەرمووی : هەر کەسێ سەعاتێ لە رۆژ لە رێی خوادا پێی تۆزاویی ببێ خوا ئەو کەسە لە . . .[1] سائیری جەسەدی ئەو کەسە لەسەر ئـاگری جەهەننەم حەرام ئەکا .

[لەفظی حەدیثەکـە عامـە ، شامیـلی هەمـوو ئیشی خێرە کـە بە ئیخلاص بێ .] [ئەمما مەغروور مەبە بەوەندە !]

(١) لێرەدا کەلیمەیەکم بۆ نەخوێنرایەوە ، وەك (طەبەرانیدا) وایە .

الغسل بعد الحرب والغبار

١١٧٣/٢٤ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ لما رجع يوم الخندق ووضع السلاح واغتسل فأتاه جبريل [عليه الصلاة والسلام] وقد عصب رأسهُ الغبارُ ، فقال : وضعت السلاح ؟ فوالله ! ما وضعته . [والله ما وضعناه ، فاخرج اليهم قال] : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : فأين ؟ قال : ههنا ، وأومأ إلى بني قُرَيظة ، قالت : فخرج رسول الله ـ ﷺ ـ ح/٥/٤٨ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : کە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ ڕۆژی خەندەق گەڕایەوە بۆماڵێ و غوسڵی کرد جوبرەئیل ـ علیه السلام ـ تەشریفی هات ئەوەندەی تۆز لە سەرو چاو نیشتبوو وەك شتی لەسەریەوە پێچابێ وابوو ! بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ی فەرموو : بۆچ سیلاحەکەت داناوە ؟ وەڵڵاهی ئێمە دامان نەناوە ، بـۆیان بچـۆرەدەرێ ، پێغەمـەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆکوێ ؟ حەزرەتی جیبریل ـ علیه السلام ـ ئیشارەتی بەنی‌قورەیظەی کردو فەرمووی : بۆ ئەوێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی بۆیان چوەدەرێ .

حەزرەتی جیبریل ـ علیه السلام ـ چە ئیحتیاجی یەکی هـەیە بـە وڵاغ سواری ببێ،بە سیلاح موحافەظەی خۆیی پێ بکا یا شـەڕی پێ بکـا ؟ ئەتـوانێ کە بـە دوو پەنجـە ئەرز لـە جێیی خـۆی هـەڵگـرێ‌و سەرەوژێری بکا . موسەللەح بوونی بۆ تەعلیمی عیبادە کە هەموو ئیشێ ـ دنیایی بێ یا (أخروي) ـ موحتاجە بە (تشبث) بە ئەسباب ، بێ سەبەب هیچ مومکین نابێ ؛ نە هی دنیایی نە هی ئاخیـرەت ؛ چونکی (عـادة

الله)وا جاری بوە ، بۆیە کەسێ خیلافی عادەتی لەسەر دەست صادر ببێ ئەبێ بە موعجیزە ، یا ئەبێ بە کەرامەت ، بۆچ لە بیدایەتی ظوهووری ئیسلاما ئیسلامەتی رۆژ بەرۆژ هەر لە تەرەقی یا بوە لە دواییدا کە وازیان لە (تشبث) بە ئەسبابی تەرەقی هێنا رۆژ بەرۆژ دەستی کرد بە (تنزل) تا گەیی یە ئەم دەرەجەیە کە ئێستە لەسەر ئەرزا حوکومەتێکی ئیسلام نەماوە کە بتوانێ موحافەظەی خۆی بکا لە کوففار . بۆچ کوففار بەدەوام لە تەرەقی یان ؟ بۆچ لەوەپێش موجتەهیدی زۆر بوەو ، ئەولیای زۆر بوە ؟ ئێستە نە موجتەهیدێ هەیە ، نەوەلی یێك ئەبینین ؟ چونکی بۆ دنیا ئەبێ (تشبث) بە ئەسبابی دنیایی بکرێ ، بۆ دین ئەبێ (تشبث) بە ئەسبابی دینیی بکرێ . فەرقی ئینسانی ئەو وەختەو ئێستە چیە ؟ ئینسان تا نەخوێنێ نابێ بە خوێندەوار ، تا نەچێتە بەر صنعەتێ فێری ئەو صنعەتە نابێ ، تا ئەسباب و ئالات و ئەدەواتی حەربی یەی نەبێ شەری لەگەڵ کوففارا پێ ناکرێ . بە : گورزو ، کەمەندو ، تیرو ، شیر . . . حەرب لەگەڵ طەیارەو تۆپ و (قر الیوز) ناکرێ . . . إلخ

٢٥/١١٧٤ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : اصطبح ناس الخمر يوم أحد ثم قتلوا شهداء ، فقيل لسفيان ابن عيينة : مِنْ آخر ذلك اليوم ؟ قال : ليس هذا فيه ح/٥/٤٩ .

تەرجەمە :

جابیری کوری عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : بەعزێ لە خەڵق لە غەزای ئوحودا بەیانی شەرابیان خواردەوە ، لە دواییدا هەموو بە شەهیدیی کوژران . لە سوفیانی کوری عویەینەیان پرسی : کە لە ئاخری ئەو رۆژەدا شەهید بوون ؟ سوفیان فەرمووی : لە حەدیثەکەدا ئەوەی تیا نی یە .

ئەو وەختە ، باشەراب حەلاڵیش بووبێ ، چونکی ئیزالەی عەقڵی کردوون ئەبوو نەگەیینایە بەو دەرەجە عەظیمـە کە لـە ناو (أجـواف)ی طـەیری سـەوزا بن و بۆ هـەر جێیێ کە ئـارەزوویان بێنێ لـە بەهـەشتا بیچنێ و ، خوا لە قورئانا مەدحیـان بکاو ، عـەبدوڵـڵای باوکی جـابیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تا لە مەعرەکە هەڵئەگیراوە مەلائیکە بە باڵی خۆی سێبەری بۆ بکا کە ئێشتا زگی شەرابەکەی تیا بوە .

٢٦/١١٧٥ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : قال سليمان بن داود ـ عليهما السلام ـ لأطوفن الليلة عـلى مائـة إمرأة ، أو تسع وتسعين [وفي رواية : ستين] كلهن يأتي بفارس يجاهد في سبيل الله . فقال له صاحبه [أو الملك م] : قل إن شاء الله . فلم يقل ، فلم تحمل منهن إلا أمرأة واحدة ؛ جاءت بشق رجل ، [وفي رواية : بشق غلام . وفي رواية : نصف إنسان . وهو الجسد الذي أُلْقِي على كرسيه .] والذي نفس محمد بيده ! لو قال إن شاء الله لجاهدوا في سبيل الله فرسانا أجمعون . خ/٥/٥١ ، معلقـا ، وأسنده البخـاري في ستة مواضع . ح ـ ٥/٤٠٢ . وفيه على سبعين امرأة .

[وعن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنـه كان لـه أربعمائـة إمرأة ، وستمائة سرية . وفي رواية : كان له ألف بيت من قوارير على الخشب ، فيها ثلاثمائة صريحة ، وسبعمائة سرية . قسطلاني]

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە حەزرەتی سولەیمـانی کوڕی داود ـ عليهما السلام ـ فەرمووی : ئیمشەو لەگەڵ صەد ژن ئەنووم کوللێکیان کوڕێکی سوار بە وەلەد بێنن کە هەموو بۆ خوا غەزا بکا ، ئەو مەلائیکەی کە لە مەجلیسەکەیا حازر بوو فەرمووی : بلێ (إن شاء الله) لە فکری چوو

كە (إن شاء الله) بلێ . هيچيان حاميلە ، نەبوو يەكێكيان نەبێ كە نيوە ئينسانێكى بوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووى : قەسەم بەوەى نەفسى محەمەد لە دەستى قودرەتيايە ! ئەگەر بيفەرمووايە (إن شاء الله) هەر صەد ژنەكەى = يەكى = كوڕێكى سوارى ئەبوو هەموو غەزايان ئەكرد بەسواريى لە رێى خوادا .

لە ريوايەتێكا شەصت ، لە ريوايەتێكا نەوەدونۆ = ، لە ريوايەتێكا هەزار . لە ريوايەتێكا هەزار خانووى لە بلوور بوە ، سێصەد ژنى حوڕى بوە حەوصەد جاريەى بوە .

ئينسان كە وتى ئەوە ئەكەم سوننەتە بلێ (إن شاء الله) .

١١٧٦/٢٧ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لاهجرة بعد الفتح ، ولكن جهاد ونية ، وإذا استُنْفِرتُم فانفروا . ح/٥/٣١ ، ٥٥ . ح/٣/٢٩٦ . بأبسط مما هنا ، سيذكر ـ إن شاء الله تعالى ـ في الحج .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە رۆژى فەتحى مەككەدا فەرمووى : لە دواى فەتحى مەككە هيجرەتكردن نىيە ، ئەمما جيهادو ، نييەتى خەيرو ، ئەعمالى صاليحە هەيە . هەر وەختێ ئەمرتان پێ كرا كە بچن بۆ غەزا . . بچن .

جيهاد فەرزى كيفايەيە .

نييەتى ئيشى خێرو غەزاكردن جێى هيجرەت ئەگرێتەوە لە ئەوابا .

١١٧٧/٢٨ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن رسول الله ـ ﷺ ـ أنه قال : من خير معاش الناس لهم رجل ممسك عنان فرسه في

سبيل الله ، يطير على متنه كلما سمع هَيْعة أو فَزْعة ، طار عليه يبتغي القتلَ والموتَ مظانَّه ، أو رجل في غنيمة في رأس شَعَفة من هذه الشَّعَف ، أو بطن وادٍ من هذه الأودية ؛ يقيم الصلاة ويؤتي الزكاة ، ويعبد ربه حتى يأتيه اليقين ، ليس من الناس إلا في خير . م/٨/٩٤ .

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ئه‌فه‌رموێ : له چاكترینی ئینسانان ئه‌و كه‌سه‌یه كه له‌غاوی ئه‌سپه‌كه‌ی گرتبێ له رێی خوادا ، هه‌ر وه‌قتێ ده‌نگێكی بیست ، یا چوونه سه‌ر دوشمنێكی حیس كرد له‌سه‌ر پشتی ئه‌سپه‌كه‌یه‌وه بێ بفرێ بۆ ئه‌و جێیه كه ئه‌و ده‌نگه‌ی یا ئه‌و دوشمنه‌ی لێ بێ ، بۆ ئه‌و جێیه ئه‌گه‌ڕێ كه ئیحتیمالی ئه‌وه‌ی هه‌یه لێی شه‌هید بێ یا لێی بمرێ ، یا پیاوێكه له ناو به‌عزێ مه‌ڕی خۆیا بێ له‌سه‌ر ته‌وقه‌سه‌ری شاخێ بێ له‌م شاخانه ، یا له ناو دۆڵێ بێ له‌م دۆڵانه ؛ نوێژ ئه‌كاو ، زه‌كات ئه‌داو ، تا ئه‌مرێ عیباده‌تی خوای خۆی ئه‌كا ، له خوصووصی ئینسانانه‌وه هه‌ر له خێرا بێ زه‌ره‌ری بۆ كه‌س نه‌بێ ، یه‌عنی ئیختیلاط نه‌كا (منزوي)[1] بێ .

١١٧٨/٢٩ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : لايجتمع كافر وقاتله في النار أبدا . م/٨/٩٧ .

١١٧٩/٣٠ وعنه قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : لايجتمعان في النار إجتماعا يضر أحدهما الآخر . قيل : من هم ؟ قال : مؤمن قتل كافرا ثم سَدَّدَ . م/٨/٩٧ . مشكل لم يعرفه لا النووي ولا القاضي عياض .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوهوره‌یره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : كه پێغه‌مه‌ر

(١) منزوي : گۆشه‌گیرو له خه‌ڵق دوور .

ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەت کافرو قاتیـلی موسـوڵمانی لـە جەهـەننەمـا کۆ نابنەوە . لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : قەت وا لە جەهەننە مـا کۆ نابنەوە کە یەکێکیان زەرەر بگەیێنێ بەوی تریان . عەرزیان‌کرد : ئەوانە کێن (یا رسول الله) ! فەرمووی : موسوڵمانێکە کە کافرێ بکوژێ ، لە دواییدا ئەو موسوڵمانە لەسەر رێی حەق بە راستێتی بمێنێ‌و گوناهی تێکەڵ نەکا . [ئەمە مەعنای مەتنی حەدیثەکانە] .

ئەگەر ریوایەتی دوەم نەبێ ریوایەتی ئەوەڵ مەعناکەی ظاهیـرە . یەعنی غەزا هەموو گوناه لائەبا ؛ غەزایی کافر بکوژێ‌و نەکوژێ ناچێتە جەهەننـەمەوە. قەیدی کافر کوشتن قەیدی ئیحتیرازیی نی‌یە ، بینای لەسەر غالبە . قەیدی (مسـدد)یش کە ئیستیقـامەتـە لەسـەر طەریقی ئیسلامەتی دیارە کە شـەرطە ؛ چـونکی : موسـوڵمان بـوون ، غەزا ، حـەج ، جومعـە . . . (والحاصـل) هەرچی ببێ بـە کەفـارەتی گونـاه ـ غەیری صەومی عەرەفە ـ هەر گوناهی پێشی مەحو ئەکاتەوە گوناهی دوای ئەوانە مەشرووطە بە ئیستیقامەت ، بە تەوبە ، بە ئەسبابی سائیرە .

قاضی ئەفەرموێ : قەیدی (سدَّد) بۆ موسوڵمـان نی‌یە دەرحـەق کافرە ، مەعنای وایە : کافرێ موسوڵمانێ بکوژێ لە دواییدا کافرەکەیش موسوڵمان ببێ لەسـەر رێی راست بمێنێ . . ئەو وەختـە هیچیان نـاچنە جەهەننەم . وە عەینی حەدیثەکەی (إن شاء الله) ئێستە ئەینووسم . . بەعزێك ئەڵێن : عیبارەتەکە بە سەهو ریوایەت کراوە ، صـەوابی وایە (مؤمن قتله کافر) یەعنی : موسوڵمانێکە کە کافرێ بیکوژێ‌و کافرەکەیش موسوڵمان ببێ‌و ئیستیقامەتی ببێ . . . ئەمە عەینی مەعناکەی قاضی‌یە . مەعنای ئەوە کە ئەفەرموێ : ئیجتیماعیان نابێ بە ئیجتیماعێ کە زەرەر بە یەکتر بگەیێنن وایە . خوا لە سوورەتی (كـها)دا ئەفەرموێ : هیچ کەس

نی یه له ئێوه كه واریدی جه هه ننه م نه بێ ، وروودی ئێوه بۆ جه هـه ننه م له سه ر خوا واجبه ؛[1] چونكی خوا وای ته قدیر كردووه . ئه و كافره كه موسوڵمان ئه كوژێ و له دوایيـدا خۆیشی مـوسوڵـمان ئه بێ و ئیستیقـامه تی ئـه بێ . . له و وورووده (مستثنـان) ، له سـه ر پـردی صیـراط نیـزاعیـان نابێ . یه عنی بۆ تێپه ڕینی پردی صیراط ته نگ به یه كتر هه ڵناچنن ، وه ك له به ینی به عزێ موسوڵمانی ترا ئه بێ ، (والحاصل) نه ئه چنه جه هه ننه م ، نه نیزاعیان ئه بێ ، ده ستی یه كتر ئه گرن و ئه چنه به هه شت . مه ثالی كه لامی قاضی كه نه وه ویی نه قڵی ئه كا . (والله أعلم) چونكی (لم يشف غليـل صدري) .

١١٨٠/٣١ عن أبي هـريرة - رضي الله تعـالى عنـه - أن رسـول الله - ﷺ - قال : يضحك الله إلى رجلين [يرضى عنهما ، ويثيبهما ، نووي] [إن الله ليعجب من رجلين . ن] يقتـل أحدهمـا الآخر يـدخلان الجنـة [قالوا : كيف ذلك يا رسول الله ؟ قـال·مسلم] : يقاتل هذا في سبيل الله فيُقتل ، ثم يتوب الله على القاتل [فيهديه إلى الاسلام ، ثم يجاهد في سبيل الله . م] فيشهد . ح/٥/٥٥ - م/٨/٩٥ . ن أحمد .

ته رجه مه :

پێغه مه ر - ﷺ - فه رمووی : خوا - عز وجل - له دوو كـه س كه یه كێكیان ئه وی تریان بكوژێ ، = لێیـان = رازی ئه بێ ، ئـه وابیان پێ عه طا ئه فه رموێ ، ئه یانباته به هه شت ! عه رزیان كرد : ئه وه چۆن ئه بێ (یا رسول الله) ؟ فه رمووی : موسوڵمانه كـه له رێی خـوادا غه زا ئـه كاو

(١) مه به ستی ئایه تی ﴿وإن منكم إلا واردها ، كان على ربك حتما مقضيا﴾یه . (مريم/٧١)

شه‌هيد ئه‌كرێ ، له‌ دواييدا خوا هيدايه‌تى قاتيله‌كه‌ى ئه‌داو ته‌وبه‌ ئه‌كاو ، بۆ خوا جيهاد ئه‌كاو شه‌هيد ئه‌كرێ .

١١٨١/٣٢ عن أبي مسعود الأنصاري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء رجل بناقة مخطومة [تێى‌كه‌ باوانم خه‌زێمێ !][1] فقال : هذه في سبيل الله . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : لك بها يوم القيامة سبعمائة ناقة كلها مخطومة ! [كمثل حبة أنبتت سبع سنابل][2] . م/٨/٩٨ .

ته‌رجه‌مه :

پياوێ هاته‌ خذمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ وشترێكى به‌له‌غاوه‌وه‌ى ته‌قديم كرد ، عه‌رزى‌كرد : (يا رسول الله) ئه‌مه‌ له‌ رێى خوادا بێ . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووى : به‌ موقابيلى ئه‌مه‌وه‌ له‌ رۆژى قيامه‌تا حه‌وصه‌د وشترت به‌ له‌غاوه‌وه‌ ئه‌درێتێ .[3]

١٩٨٢/٣٣ عن أبي مسعود الأنصاري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء رجل إلى النبي ـ ﷺ ـ فقال : إني أُبْدعَ بي [هلك مركوبي] فاحملني . فقال : ما عندي . فقال رجل : يا رسول الله أنا أدله على من يحمله . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : من دلَّ على خير فله مثلُ أجرِ فاعله.

(١) ئه‌مه‌ وه‌ك په‌ند وايه‌و نازانم له‌ چيوه‌ هاتوه‌ .

(٢) البقرة/ ٢٦١ .

(٣) دانه‌ر ـ خ ـ له‌ دواى حه‌ديثه‌ عه‌ره‌بى‌يه‌كه‌وه‌ (كمثل حبة . . .)ى نووسى‌و دواييش ماناى لێ نه‌دايه‌وه‌ . مه‌به‌ستى ئه‌و ئايه‌ته‌ى سووره‌تى به‌قه‌ره‌يه‌ كه‌ ئه‌فه‌رموێ : ئه‌وانه‌ى ماڵى خۆيان له‌ رێگه‌ى خوادا ده‌به‌خشن وه‌ك ئه‌وه‌ وايه‌ يه‌كێك يه‌ك ده‌نك دانه‌وێڵه‌ بچێنێ ، ئه‌و ده‌نكه‌ حه‌وت گوڵ بروێنێ ، هه‌ر گوڵێك صه‌د ده‌نكى تيا بێ . . . كه‌ ده‌كاته‌ يه‌ك به‌ حه‌وصه‌د .

م/٨/٩٩ .
تەرجەمە :

پیاوێ هاتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی کرد : (یا رسول الله) حەیوانی سواریم بە هیلاك چوە حەیوانێکم بدەرێ سواری ببم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هیچ حەیوانم لا نی‌یە . یەکێ عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : (یا رسول الله) من یەکێکی پێ نیشان ئەدەم کە سواری بکا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەرکەسێ ئیشێکی خەیر بە یەکێ نیشان بدا ئەو کەسە بە قەد ئەوەی کە خێرەکە ئەکا ئەجری هەیە .

١١٨٣/٣٤ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن فتى من أسلم قال : يا رسول الله إني أريد الغزو وليس معي ما أَتَجهزُ به . قال : أئت فلانا ؛ فإنه كان تجهز فمرض ، فأتاه فقال : إن رسول الله ـ ﷺ ـ يقرئك السلامِ ، ويقول : أعطني الذي تجهزت به . قال : يا فلانة أعطيه الذي تجهزتُ به ولا تحبسي عنه شيئا . فوالله لا تحبسي منه شيئا فيبارِكَ لـكِ فيه . م/٨/٩٩ .
تەرجەمە :

جەهێڵێ لە ئەسلەم عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : (یـا رسول الله) من ئیرادەی غەزام هەیە فەقەط هیچم نی‌یە کە بیکەم بە تەدارەکی غەزا ، فەرمووی : بچۆرە لای فلان کەس ئەو تەدارەکی کردوە بۆ غەزاو نەخۆش کەوتوە ، ئەو پیاوە چوە لای نەخۆشەکـە پێی وت : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ سەلامت لێ ئەکا ئەفەرموێ : کە ئەوەی تەدارەکت کردوە بۆ غەزا بیدەی بە من . نەخۆشەکە بە ژنەکەی وت : ئەوی تـەدارەکم کردوە بیدەرەێ هیچی لێ مەگێـڕەوە ، وەڵڵاهی هیچی لێ نـاگێڕیتـەوەو خوا بەرەکەتت بۆ تێ بخا .

١١٨٤/٣٥ زيد بن خالد ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : من جهز غازيا في سبيل الله بخير فقد غزا ، ومن خلف غازيا [في أهله . م] في سبيل الله بخير فقد غزا . ح/٥/٦٣ . م/٨/١٠٠ . د ، ت ، ن .

تەرجەمە :

زەیدی کوری خالیدی جوهەنی ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەرکەسێ تەدارەك بکا بۆ کەسێ لە رێی خوادا بچێ بـۆ غەزا ، ئەو کەسە غەزا ئەکا ،[1] بانەیشچێ بۆ غەزا ، هەرکـەسێ لە دوای ئەمە کە کەسێ چووبۆغەزا لە باتی ئەوئیشی ماڵومناڵی غازی‌یەکە بەجێ بێنێو نەیێڵێ بێ‌ئەوی‌یان پێوە دیاریی بدا . . . ئـەو کەسـە غەزا ئەکا .

١١٨٥/٣٦ أبو سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ بعث بَعْثا إلى بني لَحيان من هذيل فقال : لينبعث من كل رجلين أحدهما والأجر بينهما . م/٨/١٠١ .

١١٨٦/٣٧ وعنـه أن رسول الله ـ ﷺ ـ بعث بعثـا إلى بني لحيان : ليخرج من كل رجلين رجل . ثم قال للقاعد : أيكم خَلَّفَ الخارج في أهله وماله بخير كان له نصف أجر الخارج . م/٨/١٠١ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فیرقەییێکی ناردە سەر بەنی‌لەحیان لە هوذەیل ، لە دواییـدا فەرمـووی : لە کـوللی دوو کـەسێ یـەکێکیـان بچێو یـەکێ بمێنێتەوە . لە دواییدا بەوەی کە دانیشتومایەوە فەرموو : هەرکامێکتان

---

(١) لێرەدا بگوترێ : وەك ئەوە وایە غەزای کردبێ ، یا پـاداشی وەك پاداشی ئەوانە وایە کە غەزا ئەکەن . . باشترە .

دەرحەق ماڵو مناڵی ئەوەی کە ئەچێت جێگەی بەخێر بگرێتەوەو هەموو ئیحتیاجییێکیان بەجێ بێنێ نیوەی ئەجری ئەوی هەیە .

١١٨٧/٣٨ عن أبي بريدة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : حرمة نساء المجاهدين على القاعدين كحرمة أمهاتهم . وما من رجل من القاعدين يخلف رجلا من المجاهدين في أهله فيخونه فيهم إلا وقف له يوم القيامة فيأخذ من عمله ما شاء . فما ظنكم [في رغبته في أخذ حسناته والاستكثار منها في ذلك المقام] ؟ م/٨/١٠٣ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : حورمەتی ژنی موجاهیدین لەسەر ئەوانەی کە ماونەوە وەکوو حورمەتی دایکیانە . هیچ پیاوێ نی یە لەوانەی کە دانیشتوونو نەچوون بۆ غەزاو جێ نشینی ئەوانەن کە چوون بۆ غەزا دەرحەق ماڵو مناڵی کە ئیشیان ببینن . . بێ دەرحەق ماڵو مناڵی خیانەت بکا کە لە رۆژی قیامەتا ئەو خائینە بۆ ئەو موجاهیدە رانەوەستێو بە هەوەسی خۆی موجاهیدەکە لە عەمەلی چاکەی خائینەکە وەرنەگرێ . ئێوە چۆنی تێ ئەگەن ؟ وا ظەن مەبەن تا مومکینی بێ لە حەسەناتی هیچی بۆ بهێڵێتەوە !

١١٨٨/٣٩ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أتيت رسول الله ـ ﷺ ـ [سنة سبع] وهو بخيبر بعدما فتحوها ، فقلت : يا رسول الله أَسْهِم لي ، فقال بعض بني سعيد بن العاص [أَبان بن سعيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : لا تُسْهِم له يا رسول الله . فقال أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : هذا قاتل ابن قَوْقَل [النعمان بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فقال ابن سعيد بن العاص : واعجبا لوَبْر [دويبة أصغر من السنور ؛ يحل أكلها] تدلّى علينا من قدوم ضأن [جبل] يَنْعى [يعيب] عليَّ

قتل رجل مسلم أكرمه الله على يديَّ ولم يُهِني على يديه ! قال : فلا أدري أسْهم له أم لم يُسهم له . ح/٥/٥٦ . ح/٦/٣٦٠ . واعجبا لك وبر تدأدأ [هجم] ح/٦/٣٦١ .

٤٠/١١٨٩ أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - يخبر سعيد بن العاص ، قال : بعث رسول الله - ﷺ - اَبان على سرية من المدينة قِبَل نجد . قال أبو هريرة : فقدم أبان وأصحابه على النبي - ﷺ - . بخيبر ، بعد ما افتتحها ، وإن حُزُم خيلهم لليف . قال أبو هريرة : قلت : يا رسول الله لاتقسم لهم ، قال أبان : وأنت بهذا يا وبر تحدّد من رأس ضأن [ضال . نسخة] فقال النبي - ﷺ - : يا أبان إجلس ، فلم يقسم لهم . ح/٦/٣٦١ .

قال أبو عبدالله [البخاري] الضال : [بتخفيف اللام] السدر [البري] ح/٦/٣٦١ .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوهوره‌يره - رضي الله تعالى عنه - ئه‌فه‌رموێ : له سالّى حه‌وته‌مى هيجره‌تا هاتمه خذمه‌ت پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ته‌شريفى له خه‌يبه‌ر بوو دواى فه‌تحى خه‌يبه‌ر ، عه‌رزم‌كرد : (يا رسول الله) به‌شى منيش دابنێ له‌م غه‌نيمه‌ته ، ئه‌بانى كوڕى سه‌عيدى كوڕى عاص - رضي الله تعالى عنه - عه‌رزى پێغه‌مه‌رى كرد - ﷺ - : (يا رسول الله) به‌شى بۆ دامه‌نێ ، ئه‌بوهوره‌يره عه‌رزى پێغه‌مه‌رى كرد - ﷺ - : (يا رسول الله) ئه‌مه قاتيلى ئيبن و قه‌وقه‌له - كه نه‌عمانى كوڕى ماليكى ئه‌نصارى‌يه - ئه‌بان وتى : عه‌جايه‌بم ئه‌مێنێ له مشكه‌كوێره‌يێ كه له شاخى قه‌دوومى ضه‌ئن هاتۆته‌خوارێ ناو ئێمه ! [كه له ئێمه نى‌يه ، له عه‌شيره‌تمان نى‌يه ، خه‌ڵقى مه‌مله‌كه‌تمان نى‌يه ، ئه‌وه‌نده قه‌درى نى‌يه كه ئيشاره‌ت بكا به

مەنع و عەطا ، قودرەتی حەربی نی‌یە] بەوە عەیبم لێ ئەگرێ کە موسوڵمانێکم کوشتوەو شەهید بوە ، خوا لەسەر دەستی منا ئیکرامی گرتوە . خوا ئیهانەتی منی نەکرد لەسەر دەستی ئەوا کە بە کافری بمکوژێ . یەکێ لە روایەکان ئەفەرموێ : نازانم پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەشی ئەبوهورەیرەی دا یا نەیدا .

لە ریوایەتەکەی ترا کە ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ کە خەبەر ئەدا بە سەعیدی کوڕی عاصی باوکی ئەبان ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەبانی کرد بە سەرکردەی فیرقەیێ ناردی بۆ طەرەفی نەجد لە دوای فەتحی خەیبەر کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە خەیبەرا بوو ، ئەبان و رەفیقەکانی تەشریفیان عەودەتیان کردەوە بۆ خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستەجڵەوی حەیوانەکانیان لە پووشی خورما بوو ، ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ :

عەرزی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ : (یا رسول الله) بەشیان مەدە لە غەنیمەتی خەیبەر . ئەبان ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەی مشکەکوێرەی کە لە قوللەی شاخی ضەئن گلۆر بوویتەوە ! تۆ لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ بۆگەییویتە ئەو پایەیە کە تەدبیر بکەی بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ؟ [نە لە قەومی ئەوی نە = لە = بیلادی ئەوی] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی ئەبان دابنیشە . بەشی نەدان .

لەم حەدیثەدا دەرەکەوێ کە ئەبو هورەیرەیش و ئەبانیش ، هەردوکیان ، عەرزی پێغەمەریان کردبێ ـ ﷺ ـ کە بەشی ئەوی تریان نەدا . ئەبوهورەیرە بەوە دەلیلی هێناوە کە ئەبان قاتیلی ئیبن و قەوقەلە ، ئەبانیش بەوە دەلیلی هێناوە کە : ئەبوهورەیرە قودرەتی حەربی نی‌یە ، لە

قەوم و عەشیرەتی پێغەمەر نی یە - ﷺ - تا ئیستیحقاقی ئەوەی ببێ کە لە غەنیمەت بەشی بۆ جوێ بکرێتەوە .

ئەوی لە حەربا نەبێ و ، لە (مؤلفة القلوب) نەبێ و ، لە ئەهلی خومس نەبێ لە غەنیمەت و نەفل حیصەی نابێ .

١١٩٠/٤١ أنس بن مالك - رضي الله تعالى عنه - قال : كان أبو طلحة لا يصوم على عهد رسول الله - ﷺ - من أجل الغزو ، فلما قبض النبي - ﷺ - لم أره مفطرا إلا يوم فِطْرٍ أو أضحى [أي يوما تشرع فيه الأضحيه فتشمل أيام التشريق] ح/٥/٥٦ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : ئەبوطەلحەی باوەپیارەی - رضي الله تعالى عنه - لە بەر غەزا لە زەمانی پێغەمەرا - ﷺ - بەرۆژوو نەدەبوو ، دوای وەفاتی پێغەمەر - ﷺ - غەیری رۆژی جەژنی رەمەزان و قوربان و ئەییامی تەشریق نەمدی کە ئیفطار بکاتەوە لە هیچ رۆژێکا .

غەزا لە رۆژووی نەفل خێری زیاترە . غەزا (لا أقل) فەرضی کیفایەتە .

١١٩١/٤٢ عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - عن النبي - ﷺ - قال : جعل رزقي تحت ظل رمحي ، وجعل الذلة والصغار [بذل الجزية . قسطلاني] على من خالف أمري . ح/٥/٩٧ . طرف حديث رواه أحمد . وهنا معلق .

تەرجەمە :

پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فـەرمووی : رزقی من خـراوەتە ژێـر سێبەری رمەوە ، ذیللەتو جیزیەدانیش لەسەر ئەو کـەسەیـە کە مـوخالـەفەی ئەمری من بکا .

الجنة تحت بارقة السيوف

١١٩٢/٤٣ عن سالم أبي النضر مولى عمر بن عبيد الله [التيمي] وكان كاتبا [له] قال : كتب إليه عبدالله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : واعلموا أن الجنة تحت ظلال السيوف . ح/٥/٥٠ . م/٧/٣٢٢ .

١١٩٣/٤٤ وعنه أن عبدالله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كتب [إلى عمر بن عبيد الله] فقرأته : أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : إذا لقيتموهم فاصبروا . ح/٥/٥٩ . م/٧/٣٢٣ .

١١٩٤/٤٥ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ ﷺ ـ قال : لاتتمنوا لقاء العدو ، فإذا لقيتموهم فاصبروا . م/٧/٣٢٠ .

تەرجەمە كانیان :

١ ـ سالم ـ كە (أبو النضر) ی مەولای عومەری كوڕی عوبەیدوڵڵای تەیمی یە ، كاتبی عوبەیدوڵڵا بوە ، ئەفەرموێ : عەبدوڵڵای كوڕی ئەبوئەوفا بۆ عومەری نووسی كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : كە بەهەشت لە ژێر سێبەری شیرایە . یەعنی غەزاكردن بە سیلاح مووجیبی چوونەبەهەشتە .

٢ ـ ئەفەرموێ : عەبدوڵڵای كوڕی ئەبوئەوفا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بۆ عومەری كوڕی عوبەیدوڵڵای نووسی و خوێنمەوە كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : كە تووشی دوشمن بوون صەبر بكەن [هەڕا مەكەن] .

٣ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ

فه‌رمووی : ته‌مه‌ننای ئه‌وه مه‌كه‌ن كه تووشی دوشمن ببن ، ئه‌گه‌ر تووش بوون صه‌بر بكه‌ن‌و [فیرار مه‌كه‌ن] .

١١٩٥/٤٦ عن سالم أبي النضر مولى عمر بن عبيد الله ، وكان كاتبا له ، قال : كتب إليه عبدالله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [حين خرج إلى الحرورية . ح/١٤٨/٥] فقرأته أن رسول الله ـ ﷺ ـ في بعض أيامه [غزواته] التي لقي فيها انتظر حتى مالت الشمس ، ثم قام في الناس (خطيبا) قال : أيها الناس لاتتمنّوا لقاء العدو وسلوا الله العافية ، فإذا لقيتموهم فاصبروا ، واعلموا أن الجنة تحت ظلال السيوف . ثم قال : اللهم منزل الكتاب ، ومجري السحاب ، وهازم الأحزاب ، إهـزمهم وانصرنا عليهم .

[وفي رواية الاسماعيلي في هذا الحديث من وجه آخر أنه ـ ﷺ ـ دعا ـ أيضا ـ أللهم أنت ربنا وربهم ، ونحن عبيدك ، نواصينا ونواصيهم بيدك ، فاهزمهم وانصرنا عليهم . ح/١١٨/٥ ، ١٤٨ . م/٣٢٠/٧ .

(ئه‌م حه‌دیثه (مغنی)یه له سێ حه‌دیثه‌كه‌ی پێشه‌وه)

ته‌رجه‌مه :

سالمی مه‌ولای عومه‌ری كوڕی عوبه‌یدوڵڵا كه كاتبی عوبه‌یدوڵڵا بوو ئه‌فه‌رموێ : كه عومه‌ر چوو بۆ سه‌ر (حرورية) عه‌بدوڵڵای كوڕی ئه‌بو ئه‌وفا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بۆ عومه‌ری نووسی‌و خوێنمه‌وه كه : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ له به‌عزێ غه‌زایا ، كه له‌و غه‌زایه‌دا به دوشمن گه‌یی تا وه‌قتی زه‌وال مونته‌ظیر بوو ، دوای زه‌وال به خه‌طیبی ته‌شریفی له‌ناومانا راوه‌ستا فه‌رمووی : ئه‌ی خه‌ڵقینه ته‌مه‌ننای ئه‌مه مه‌كه‌ن كه تووشی عه‌دوو ببن له خوا داوای صیحه‌ت‌و عافیه‌ت بكه‌ن له مه‌صایب ، ئه‌مما

کە تووشی بوون صەبر بکەن ، مەعلوومتان بێ کـە جەننـەت لە ژێـر سێبەری شیرایە لە دواییدا فەرمـووی : ئەی خـوایا ئـەی ئەو ذاتـە کە قورئان و تەورات و ئینجیلت ناردوەو ، بە قودرەتی خۆت هەور پێنی و باران ئەبارێنی ، بە تەنها جەماعەتی کافران ئەشکێنی . [تـۆ رەببی ئێمەیش و رەببی ئەوانی ،[1] ئێمە هەموو عەبدی تۆین ، ناوچاوانی ئێمەو ئەوان بە دەست تۆیە] ئەحزاب بشکێنەو نوصرەتمان بدە بە سەریانا .

---

(١) دەبوو بیگوتایە : ئەوانیشی .

حفر الخندق

١١٩٦/٤٧ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : خرج رسول الله ـ ﷺ ـ إلى الخندق فإذا المهاجرون والأنصار يحفِرون في غداة باردة ، فلم يكن لهم عبيد يعملون ذلك لهم ، فلما رأى ما بهم من النَّصَب والجوع قال :

اللهم إن العيش عيش الآخرة فاغفر للأنصار والمهاجرة

فقالوا مجيبين له :

نحن الذين بايعوا محمدا على الجهاد ما بقينا أبدا

ح/٥/٦٠ . م/٧/٤٥١ . بفرق قليل لفظي .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە مەدینە چوە دەرێ بۆ خەندەق ، کە چاوی پێکەوت ئەنصارو موهاجیرین لە بەیانییێکی زۆر ساردا خەندەقیان هەڵەکەند ، عەبدیان نەبوو کە ئەو ئیشەیان بۆ بکا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە چاوی کەوت بەو ماندوویەتیو برسێتی یە کە بوویان فەرمووی : خوایا عەیش هەر عەیشی ئاخیرەتە ، کە وابێ لە ئەنصارو موهاجیر خۆش ببە . ئەنصارو موهاجیر جوابیان دایەوە : کە : ئێمە ئەوانەین بەیعەتمان بە محەمەد ـ ﷺ ـ کردوە لەسەر ئەمە تا ماوین هەر جیهاد بکەین .

١١٩٧/٤٨ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جعل المهاجرون والأنصار يحفرون الخندق حول المدينة وينقلون التراب على متونهم ويقولون :

نحن الذين بايعوا محمدا على الجهاد ما بقينا أبدا
والنبي ـ ﷺ ـ يجيبهم ويقول :
اللهم لا خير إلا خير الآخرة [فاغفر .م] فبارك في الأنصار والمهاجرة ح/٥/٦٠ . م/٧/٤٥١ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : موهاجيرو ئەنصار بە دەوری مەدینەدا خەندەقیان ئەدایەوە ، بە کوڵ گڵیان ئەگوێزایەوەو ئەیانفەرموو : ئێمە ئەوانەین کە بەیعەتمان لە خزمەت محەمەدا ـ ﷺ ـ کردوە لەسەر ئەوە هەتا ماوین کە ئیسلام بین و موعاوەنەتی ئیسلام بکەین ، پێغەمەریش ـ ﷺ ـ جوابی ئەدانەوەو ئەیفەرموو : خوایا غەیری خێری ئاخیرەت هیچ خێر نی یە ، کە وابێ لە ئەنصارو موهاجیر خۆش ببەو بەرەکەتیان تێخە .

لە حەدیثەکەی پێشووا لە پێشا پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو ئەوان جوابیان ئەدایەوە ، لەم حەدیثەدا ئەنصارو موهاجیرین ئەیانفەرموو پێغەمەر ـ ﷺ ـ جوابی ئەدانەوە . کە وابێ لە هەردوو حەدیثەکە وا دەرەکەوێ کە هەردوو لا بۆ یەکتریان سەندبێتەوە .

بە شیعرو قەصیدەو رەجەز تەرغیبو تەشویق لەسەر ئیشی خێر سونەتە .

لە غەزادا ئەوانە کە مەوجوود بن فەرقی گەورەو بوچووك نی یە ، هەموویان لەسەریان فەرزە هەرکەس بە قەدر تاقەتی خۆی ئیش و فرمان بکا ، هیچ ئیشێ بۆ هیچ کەس عەیب نی یەو فەضیلەتەو ئەجری گەورەی هەیە

(إستحكام)و سپەرهەڵکەندن لە حینی حاجەتا فەرضە .

١١٩٨/٤٩ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رأيت رسول الله ـ ﷺ ـ يوم الأحزاب ينقل التراب ، وقد وارى التراب بياض بطنه ، وهو يقول :

[والله . م] لولا أنت ما اهتدينا
ولا تصدقنا ، ولا صلينا
فأنزل (ن . م) السكينة علينا
وثبت الأقدام إن لاقينا
إن الأولى قد بغوا علينا
إذا أرادوا فتنة أبينا

ح/٥/٦٠ . م/٧/٤٥١ . وفيه : ويرفع بها صوته .

تەرجەمە :

بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : چاوم کەوت بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە رۆژی ئەحزابا گڵی ئەگوازتەوە ، تۆز سپێتی زگی موبارەکی داپۆشیبو ، ئەیفەرموو : وەڵلاهی خوایا ئەگەر تۆ نەبوویتایە ، یەعنی هیدایەتی تۆ نەبوایە ، ئێمە رێی راستمان نەدەدۆزیەوە ، نە صەدەقەمان ئەدا ، نە نوێژمان ئەکرد ، کە وابێ سەکینەو قووەتی مەعنەویمان بۆ بنێرە کە لەگەڵ دوشمن بەرابەر وەستاین ، پێمان ثابت بکە نەشکێین ، بە تەحقیق ئەحزاب لە پێشا هاتوون داویانە بەسەرمانا ، کە ئیرادەی ئەوەیان کرد کە بمانخەنە فیتنەی کوفرەوە ئێمە ئیبامان لێ کرد ، یەعنی لەسەر ئەوە بە ناحەق هاتوونە سەرمان ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەم رەجەزە دەنگی خۆیی لێ هەڵەبری .

[فەوائیدی ئەم حەدیثەیش وەك حەدیثەكانی پێشوە]

١١٩٩/٥٠ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رجعنا من غزوة تبوك مع النبي ـ ﷺ ـ ح/٥/٦١ .

عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ ﷺ ـ كان في غزاة [تبوك] فقال : إن أقواما بالمدينة خَلْفنا [وراءنا] ما سلكنا شِعْبا [طريقا في الجبل] ، ولا واديا إلا وهم معنا فيه [بالنية . ولأبي داود عن حماد : لقد تركتم بالمدينة أقواما ما سرتم من مسير ، ولا أنفقتم من نفقة ، ولا قطعتم واديا إلا وهم معكم فيه . قالوا : يا رسول الله وكيف يكونون معنا وهم بالمدينة ؟ قال قسطلاني] : حبسهم العذر [حبسهم المرض . م] ح/٥/٦١ . م/٨/١٢٠ . وفي رواية في مسلم : إلا شركوكم في الأجر . م/٨/١٢٠ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە غەزایێكا بوو [لە ریوایەتەكەی ترا ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ لە غەزای تەبوك گەرامەوە] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەومێ لە مەدینەدا ماونەوە هیچ كەلێ نیە كە پیابرۆین هیچ شیوێ نیە كە تیا برۆین ئیللا ئەوانیش ، بە واسیطەی نییەتیان ، لەو ناو شاخ و شیوەدا لەگەڵ ئێمەن ، [لە ئەجرا شەریكی ئێوەن . م] [لە ریوایەتی حەمادا ، كە ئەبوداود لێی ریوایەت ئەكا ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە مەدینەدا قەومێكتان بەجێ هێشتوە هیچ رێیێ نیە كە ئێوە پیا برۆن ، هیچ نەفەقەیێ نیە كە ئێوە بیكەن ، هیچ وادییێ نیە كە ئێوە بیبرن ئیللا ئەوانیش لەگەڵ ئێوەن لە ئەجر و ئەوابا . عەرزیانكرد : (یا رسول الله)

چۆن له‌گه‌ڵ ئێمه ئه‌بن ئه‌وان له مه‌دینه‌دان ؟ فه‌رمووی] : عوذر ئه‌وانی حه‌بس کردوه . لـه موسلیـما ئه‌فـه‌رموێ : نـه‌خۆشیی ئـه‌وانی حه‌بس کردوه . یه‌عنی گینا ئه‌هاتن .

ئینسان نییه‌تی خێرێکی ببێ‌و عوذرێ ببێ بـه مانیـع وه‌کوو ئـه‌و خێره‌ی کردبێ ئه‌وابێ بۆ ئه‌نووسرێ به ته‌واویی .

١٢٠٠/٥١ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : تضمن الله لمن خرج في سبيله ، لا يخرجه إلا جهادا في سبيلي وإيمانا وتصديقاً برسلي فهو عليّ ضامن أن أُدْخِله الجنة أو أُرجعه [من رجع أو ارجع] إلى مسكنه الذي خرج منه نائلا ما نال من أجر أو غنيمة ، والذي نفس محمد بيده ! ما من كَلْم يكلم في سبيل الله ـ تعالى ـ إلا جاء يوم القيامة كهيئته حين كُلِمَ ، لونه لون دم ، [والعَرْف (الريح) عرف المسك . م/٨/٧٩ .] وريحه مسك . والذي نفس محمد بيده لولا أن يشق على المسلمين ما قعدت خلاف سرية تغزو في سبيل الله أبدا ، ولكن لا أجد سعة فأحملهم ، ولا يجدون سعة ويشق عليهم أن يتخلفوا عني ، والذي نفس محمد بيده ! لوددت أن أغزو في سبيل الله فأقتل ، ثم أغزو فاقتل ، ثم أغزو فأقتـل . م/٨/٧٦ . ح ـ ٤٢/٥ بأخصـر ، والمعنى واحد .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بو هوره‌یره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : خوا بوه به ضامنی ئه‌و که‌سه که له رێی خوادا بچێته ده‌رێ بۆ غه‌زا ، غه‌زا نه‌بێ‌و ئیمان به من‌و ته‌صدیق به پێغه‌مه‌رانی من نه‌بێ هیچ فکری تر له ماڵ نه‌یکردبێته ده‌رێ ، ضامنێتی ئه‌و که‌سه له‌سه‌ر منه : یا

بيخه‌مه به‌هه‌شته‌وه ئه‌گه‌ر بكوژرێ ، يا بيهێنمه‌وه ئه‌و مه‌سكه‌نه‌ی كه لێی چۆته ده‌رێ له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌دا كه ئه‌جريشی هه‌يه‌و غه‌نيمه‌تيشی ده‌ست‌ئه‌كه‌وێ . قه‌سه‌م به‌وه‌ی كه نه‌فسی محه‌مه‌د له ده‌ستی قودره‌تيايه ! هيچ برينێ نی‌يه كه له رێی خوادا له ئينسان ئه‌كرێ ئيللا كه كرا ئه‌و برينه له رۆژی قيامه‌تا وه‌ك ئه‌و ساعه‌ته ئه‌بێ كه كراوه ، ره‌نگی ـ ره‌نگی خوێنه‌و بۆنی ـ بۆنی ميسكه ، قه‌سه‌م به‌و ذاته‌ی كه نه‌فسی محه‌مه‌د له ده‌ستی قودره‌تيايه ! ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر موسوڵمانان به‌زه‌حمه‌ت نه‌بوايه قه‌ت له دوای هيچ فيرقه‌يێ دانه‌ئه‌نيشتم كه بچێته غه‌زا له رێی خوادا يه‌عنی لێيان پاش نه‌ئه‌كه‌وتم ؛ له‌گه‌ڵيان ئه‌چووم بۆ غه‌زا ئه‌مما چی بكه‌م ؟ من ئيقتيداری ئه‌وه‌م نی‌يه كه حه‌يوانيان بده‌مێ‌و سواريان بكه‌م ، ئه‌وانيش ئيقتيداری ئه‌وه‌يان نی‌يه كه خۆيان حه‌يوان ته‌داره‌ك بكه‌ن‌و سواری ببن ، له به‌ريشيان گران‌و ناخۆشه كه له من پاش‌بكه‌ون‌و نه‌يێن . قه‌سه‌م به‌وه‌ی نه‌فسی محه‌مه‌دی له ده‌ستايه حه‌زه‌كه‌م كه له رێی خوادا غه‌زا بكه‌م‌و بكوژرێم ، له دواييدا غه‌زا بكه‌م‌و بكوژرێم ، له دواييدا غه‌زا بكه‌م‌و بكوژرێم .

له ريوايه‌تی م/٨/٧٩ وح/٥/٤٢ دا ئه‌فه‌رموێ : هه‌ر برينێ كه له رێی خوادا له موسوڵمان بكرێ رۆژی قيامه‌ت ئه‌و برينه وه‌ك ئه‌و ساعه‌ته ئه‌بێ كه بريندارکراوه خوێنی لێ هه‌ڵه‌قوڵێ‌و ره‌نگی خوێنه‌كه‌ی ره‌نگی خوێنه‌و بۆنی بۆنی ميسكه .

١٢٠١/٥٢ عن موسى بن أنس [بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال ـ وذكر يوم اليمامة ـ : قال أتى أنس ثابتَ بن قيس [ابن شماس ، خطيب الأنصار ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] وقد حسر [كشف] عن فخذيه

وهو يتحنط ، فقال : يا عم ما يحبسك ألاَّ تجيئ ؟ قال : الآن يا ابن أخي ، وجعل يتحنط ـ يعني من الحنوط ـ ثم جاء فجلس ، فذكر في الحديث إنكشافا [إنهزاما] من الناس فقال : هكذا عن وجوهنا [أي : إفسحوا لنا] حتى نضارب القوم ، ما هكذا كنا نفعل مع رسول الله ـ ﷺ ـ بئسما عوَّدتم أقرانكم ! ح/٥/٦٤ .

[روى الطبراني : أن ثابت بن قيس بن شماس ـ رضي الله تعالى عنه ـ جاء يوم اليمامة ـ وقد تحنط ولبِس ثوبين أبيضين تكفن فيهما ـ وقد إنهزم القوم ، فقال : اللهم إني أبرأ مما جاء به هؤلاء وأعتذر إليك مما صنع هؤلاء ، ثم قال : بئسما عودتم أقرانكم ، منذ اليوم خلوا بيننا وبينهم ساعة . فحمل فقاتل حتى قتل ، وكانت درعه قد سرقت ، فرآه رجل فيما يرى النائم ، فقال : إنها في قدر تحت أكاف بمكان كذا وكذا . فأوصاه بوصايا فوجدوا الدرع وأنفذوا وصاياه . وعند الحاكم : إنه أوصى بعتق بعض رقيقه . قسطلاني]

تەرجەمە :

مووسای کوڕی ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە باوکی یەوە ریوایەت ئەکا ، ئەفەرموێ : باوکم بەحثی لە وەقعەی رۆژی یەمامە کرد ، کە ئەنەسی باوکی چوە لای ثابیتی کوڕی قەیسی خەزرەجیی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ثابیت ـ رضي الله تعالى عنه ـ رانی هەڵمالیبو حەنووطی بەخۆیەوە ئەچەن . فەرمووی : ئەی مامە بۆچ دواکەوتیتو نایێی ؟ فەرمووی : وا هەر ئێستە یێم ئەی کوڕی برای خۆم ، خەریك بوو حەنووطی بە خۆیەوە ئەچەن ، لە دواییدا هاتو دانیشت . ئەنەسی باوکم ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە قسەکەیا بەحثی

ئەوەی کرد کە خەڵق لە شکانا بوون ، ثابیت ـ رضي الله تعالى عنە ـ لە روومان بەدەستی وای کرد ، یەعنی رێم بۆ بەتاڵ کەن ، تا لەگەڵ قەومەکەدا ، یەعنی دوشمنا ، بەیەکا بدەین . ئێمە لەگەڵ پێغەمەرا ـ ﷺ ـ وامان نەدەکرد چ عادەتێکی پیس و خراپە کە ئەقرانی خۆتان فێرکردوە !

[طەبەرانی ریوایەت ئەکا ئەفەرموێ : ثابیت ـ رضي الله تعالى عنە ـ لە رۆژی وەقعەی یەمامەدا هات ، حەنووتی بەسەر خۆیا کردبوو ، دوو کفنی سپی پۆشیبو ، لەشکری ئیسلامیش شکابوون ، فەرمووی : خوایا من بەریم لەوانە کە ئەمانە هێناویانە ، یەعنی دوشمن ، عوذرخواهی ئەکەم بۆ ئەوەی کە ئەوانە کردیان . چ عادەتێکی پیسە لەم رووەوە کە ئەقرانی خۆتانتان فێرکردوە ، ساعەتێ رێ چۆڵ کەن لە بەینی ئێمەو ئەوانا . ئەوەی فەرموو حەملەی برد ، شەڕی کرد تا شەهید کرا . زرێکەی دزرابوو ، پیاوێ لە خەوا چاوی پێکەوت ، لە خەوەکەیا پێی فەرمو : زرێکەم وا لە ناو دیزەییێکا لە ژێر کۆپانێکا لە جێیەکی واو وادایە ، بە بەعزێ شتیش وەصیەتی لای ئەو پیاوە کرد . ئەو جێی کە فەرمووبووی چوون گەڕان زرێکەیان دۆزیەوە ، وەصیەتەکەیان بەجێ هێنا . حاکم ریوایەت ئەکا کە وەصیەتی کردبوو بە ئازاد کردنی بەعزێ لە عەبدەکانی . قسطلاني .

الخيل معقود بنواصيها الخير

١٢٠٢/٥٣ عن جرير بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رأيت رسول الله ـ ﷺ ـ يلوي ناصية فرس بأصبعه وهو يقول : الخيل معقود بنواصيها الخير إلى يوم القيامة : الأجر ، والغنيمة . م/٨/٧٣ . وعن عروة البارقي ـ رضي الله تعالى عنه ـ وعن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ح/٥/٦٦ . وفي رواية عن عروة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : الخير معقوص بنواصي الخيل ، فقيل له : يا رسول الله لم ذاك ؟ قال : الأجر والمغنم إلى يوم القيامة . م/٨/٧٣ .

١٢٠٣/٥٤ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : البركة في نواصي الخيل . ح/٥/٦٧ . م/٨/٧٤ ، ن .

تەرجەمە :

جەریری کوڕی عەبدوڵلاو ، عەبدوڵلای کوڕی عومەرو ، عوروەی باریقی ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەفەرموون : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ولاغی بەرزە خێریان بەناوچاوانەوە بەستراوە ، گرێدراوە .

لە حەدیثی جەریرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ مووی ناوچاوانی ئەسپێکی بە پەنجەی موبارەکی بائەدا ئەیفەرموو : ولاغی بەرزە خێری بە ناوچاوانەوە گرێدراوە .

لە ریوایەتی ئەنەسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەرەکەت لەناوچاوانی ولاغی بەرزەدایە .

له زه كاتا حه ديثێكى درێژ دێت (إن شاء الله) .

الجهاد ماض مع البرِّ والفاجر لقول النبي ـ ﷺ ـ : الخيل معقود في نواصيها الخير إلى يوم القيامة .[1] ح/٥/٦٧ .

ته رجه مه :

جيهاد له گه ڵ چاك و خراپا ده وام ئه كا له به ر ئه و حه ديثه ؛ چونكى ئه فه رموێ : تا رۆژى قيامه ت خێر به ناوچاوانى ئه سپه وه يه ، ئه و خێره ئه جرو غه نيمه ته . ده خلى به سه ر ئه مه وه نى يه ئيمامى عومه ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خه ليفه بێ يا . . . .

١٢٠٤/٥٥ سهل بن سعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان للنبي ـ ﷺ ـ في حائطنا فرس يقال له : اللُّحَيْف [لطول ذَنَبه] . ح/٥/٦٩ .

ته رجه مه :

سه هل ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه فه رموێ : پێغه مه ر ـ ﷺ ـ له ناو باغى خورماى ئێمه دا ئه سپێكى بوو ناوى لوحه يف بوو . كلكى ئه وه نده درێژ بوو ئه رزى ئه ماڵى .

١٢٠٥/٥٦ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : إنما الشؤم في ثلاثة : في الفرس [إذا لم يغز عليه ، أو كان شموسا] والمرأة [إذا كانت غير ولود ، أو غير قانعة ، أو سليطة] والدار [ذات الجار السوء ، أو الضيقة ، أو البعيدة عن المسجد] . [وإبقاؤه على العموم أولى] ح/٥/٧٠ .

---

(١) ئه م قسه يه حه ديث نى يه و ، سه ره تاى بابێكى (بوخارى)يه و ، نووسراوه : «باب ، الجهاد ماض . .» هه ر له به ر ئه مه يشه دانه ر ژماره ى بۆ دانه ناوه .

ته رجه مه :

پێغه مه ر ـ ﷺ ـ فه رمووی : شه ئامه ت هه ر له سێ شتایـه : له ئه سپایه ، که غه زای له سه ر نه کرێ یا به دخولق بێ . له ژنایه که منالی نه بێ یا به دخولق بێ . له خانووایه که دراوسێی خراپی ببێ ، یا ته نگ بێ ، یا دوور بێ له مزگه وت .

١٢٠٦/٥٧ وفي أخرى عنه : أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : إن كان في شيئ ففي : المرأة ، والفرس ، والمسكن . ح/٥/٧١ .

ته رجه مه :

ئه گه ر شه ئامه ت ببێ له سێ شتایه : ژن و ، ئه سپ و ، خانوو .

عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسول الله ـ ﷺ ـ يكره الشِّكال من الخيل . والشكال : أن يكون الفرس في رجله اليمنى بياض وفي يده اليسرى أو في يده اليمنى ورجله اليسرى . م/٨/٧٥ .

ئه م حه دیثه له لای حه دیثی (الخيل معقود بنواصيها الخير) ئه نووسرێ . ئه گه ر له وێ نه منووسیبێ بینووسن .

ته رجه مه :

ئه بوهوره یره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه فه رموێ : پێغه مه ر ـ ﷺ ـ حه زی له ولاغی راست و چه پ نه ئه کرد . راست و چه پ ئه و ولاخه یه له پێی راست و ده ستی چه پیا یا له ده ستی راست و پێی چه پیا سپێتی ببێ .

ئـه م ته فسیـره تـه فسیـری مـوسلیمـه . نـه وه وبی ـ رحمـه الله ـ ئه فه رموێ : ئه بوعوبه یده و جومهووری ئه هلی لوغه ت ئه لێن : شیکال : ئه وه یه سێ په لی سپی بێ ، وه ك ئه شکێل که له سێ په لیا ئه کرێ . ئه بو عوبه یده ئه لێ : ته نها په لێکیشی سپی بێ بـه راست و چه پ حسێبـه .

سپێتی هەر ئەبێ لە پێدا بێ ، بێنیشانیی نابێ لە پێیدا بێ .

ئیبن و دورەید ئەڵێ : شیکال ئەبێ هەر لە لایەکیا بێ ، دەستی راست و پێی راست ، یا دەستی چەپ و پێی چەپ . ئەگەر لە چەپ و راست بێ پێی ئەڵێن : موخالیف ، پێی ناڵێن شیکال .

ئەبو عەمر ئەڵێ : بەعزێك ئەڵێن : شیکال ئەوەیە هەردوو دەستی یا هەردوو پێی سپی بێ . بەعزێك ئەڵێن : هەردوو دەست و پێیێکی سپی بێ . بەعزێك ئەڵێن : هەردو پێ و دەستێکی سپی بێ .

بۆیێکی حەز لێنەکردوە چونکی بە تەجرەبە ثابت بوە کە لەو جینسەدا نەجابەت نیە .[1] (نووي) .

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم حەدیثەی لە دوای بابی (جهاد وسير)ەوە ـ واتە لە دوای حەدیثی ژمارە (١٣١٩/١٧٠)ەوە نووسیوە ، دوایی ، وەك دەبینی ، دەڵێ : «ئەم حەدیثە لە لای حەدیثی (الخيل معقود بنواصيها الخير) ئەنووسرێ . . .» کە گەراینەوە سەر شوێنەکە ئەم حەدیثە نەنووسرابوو ، بۆیە لەسەر داوای دانەر وەك خۆی گواستمانەوە ئێرە .
دەبێ ئەوەیش بڵێین کە دانەر ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە .

الركوب على الدابة الصعبة ، والفحولة من الخيل

١٢٠٧/٥٨ ـ وقال راشد بن سعد [تابعي مُقْرَئي ؛ قرية من قرى دمشق] كان السلف يستحبون الفحولة [أن يقاتلوا عليها ؛ لأنها أجرى وأجسر] ح/٥/٧٣ .

[وروى الوليد بن مسلم من طريق عبادة بن نسي أنهم كانوا يستحبون اناث الخيل في الغارات والبيات ، ولما خفي من أمور الحرب . ويستحبون الفحول في الصفوف والحصون ، ولما ظهر من أمور الحرب . قسطلاني] أثران معلقان ، وفيه حديث أبي طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

له شه‌جاعه‌تی پێغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ رابورد .

ته‌رجه‌مه :

راشیدی كوڕی سه‌عدی موقره‌ئی ئه‌فه‌رموێ : سه‌له‌فی صالیح بۆ غه‌زا حه‌زیان له ئه‌سپ ئه‌كرد ؛ چونكی زۆرتر هه‌ڕا ئه‌كاو جه‌سوورتره له مایین .

[وه‌لیدی كوڕی موسلیم وا ریوایه‌ت ئه‌كا كه سه‌له‌ف بۆ تالاْن‌و شه‌به‌یخوون‌و ئیشی په‌نهانیی حه‌رب حه‌زیان له مایین ئه‌كرد ؛ چونكه حیله‌حیل ناكاو دوشمن خه‌به‌ردار ناكا ، حه‌زیان له ئه‌سپ ئه‌كرد بۆ صه‌فی حه‌رب‌و ئیشی ئاشكرایی حه‌رب‌و موحاصه‌ره‌ی قه‌لاْ . قسطلاني] .

سهام الفرس

وقال مالك : يسهم للخيل والبرازين [غير الفرس العربي] منها [وزاد في الموطأ : والهجين] لقوله ـ تعالى ـ : ﴿والخيل والبغال والحمير لتركبوها﴾[1] ولايسهم لأكثر من فرس ح/٥/٧٣ . [أثر معلق . وهو مذهب الشافعية ، والحنابلة وأبي يوسف ومحمد . قسطلاني]

تەرجەمە :

ئیمامی مالیك ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : لە غەنیمەت بەشی ئەسپیش جوێئەکرێتەوە ، هەجین و ولاغی بەرزەی غەیری عەرەبیش داخڵی خەیلە ؛ چونکی خوا ئەفەرموێ : خوا ولاغی بەرزەو ئێسترو گوێدرێژی خەڵق کردوە کە سواریان ببن . بۆ غەیری ئەسپێ سەهم نی یە . مەذهەبی (شافعی)و (حنبلي)و (أبو یوسف)و (محمد)یش ـ رحمهم الله ـ وایە .

١٢٠٨/٥٩ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ جعل للفرس سهمين ولصاحبه سهما . ح/٥/٧٤ . م/٧/٣٦٧ . ح/٦/٣٥٧ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ بۆ ئەسپ دوو حیصەی جوێ کردۆتەوە ، بۆ صاحیبەکەی حیصەیێ . یەعنی سێ حیصەی داوە بە سوار حیصەیێك بە پیادە .

[ئیمامی ئەعظەم ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : حەز ناکەم

(١) النحل / ٨ .

تەرجيحی حەيوان بدەم بەسەر ئينسانا ؛ ئەسپيش وەكو صاحيبەكـەی حيصەيێكی هەيە . ئەم ئيجتيهادە خيلافی ظاهيری حەديثەكەيە ، دەليلی حەديثێكی تری ئيبن وعومەرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كە ريوايەتی كردوە كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوو سەهمی عـەطافـەرموە بـە سوارە ، ئـەبوداود ريوايەت ئەكا لە ئەبوعەمرەوە كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ سێ سەهمی داوە بە فارس كە وابێ بەم حەديثەو بە حەديثە ئەووەڵەكە مەعنای حەديثی دوەم وايە كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوو سەهمی داوە بەسوارە لەبەر سوارێتی يەكەی غەيری سەهمی خۆی . قسطلاني]

١٢٠٩/٦٠ عن أبي إسحاق قال رجل للبراء بن عـازب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : أَفَررْتم [أَوَلَّيتم . أخرى] عن النبي ـ ﷺ ـ يوم حنين ؟ قال : لكن رسول الله ـ ﷺ ـ لم يفرَّ ؛ إن هوازن كانوا قوما رماة ، وإنا لمَّا لقيناهم حملنا عليهم فانهزموا ، فأقبل المسلمون على الغنائم واستقبلونا بالسهام . فأما رسول الله ـ ﷺ ـ فلم يفر ، فلقد رأيته وإنه لعلى بغلته البيضاء ، وإن أبا سفيان [بن الحرث بن عبد المطلب ـ رضي الله تعالى عنه ـ] آخذ بلجامها والنبي ـ ﷺ ـ يقول : أنا النبي لاكذب . أنا ابن عبدالمطلب . ح/٥/٧٤ . ح/٥/٧٩ . وفيه ولكن ولّى سرعان القوم ، فلقيهم هوازن بالنبل ، والنبي ـ ﷺ ـ . . . الحديث . . .

١٢١٠/٦١ وفي أخـرى : ولكنه خـرج شُبَّان أصحـابه وأَخِفَّـاؤهم حُسَّراً ليس بسلاح ، فأتوا قوما رماةً جمعَ هوازن ، وبني نضر ، ما يكاد يسقط لهم سهم ، فرشقوهم ما يكادون يخطئون ، فأقبلوا هنالـك إلى النبي ـ ﷺ ـ وهو على بغلته البيضاء ، وابن عمه أبو سفيان بن الحرث بن عبدالمطلب ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقود به ، فنزل واستنصر ، ثم قال :

أنا النبي لاكذب ؛ أنا ابن عبدالمطلب . ثم صف أصحابه . ح/٥/١٠٣ . وفي أخرى في آخرها : قال : فما رؤي من الناس يومئذ أشد منه . ح/٥/١٥٦ . وفي أخرى : قال رجل من قيس . ح/٦/٣٨٨ .

تەرجەمە :

ئەبوئیسحاق ئەفەرموێ : پیاوێ لە قەیس عەرزی بەرای کوڕی عازیبی کرد - رضي الله تعالى عنهما - : بۆ ئێوە لە رۆژی حونەینا فیرارتان کردو پێغەمەرتان - ﷺ - بەجێ هێشت ؟ فەرمووی : ئەمما پێغەمەر - ﷺ - فیراري نەکرد ، هەوازین قەومێکی تیرئەنداز بوون ، ئێمە کە تووشیان بووین حەملەمان بردنێو شکان ، موسوڵمانان روویان کردە تاڵان کردن ، هەوازینیش بە تیر بەرەورووومان هاتن ، پێغەمەر - ﷺ - هەرای نەکرد ، چاوم پێی کەوت کە بەسەر ئێسترە سپی یەکەیەوە بوو ، ئەبوسوفیانی ئامۆزای کوڕی حەرثی کوڕی (عبدالمطلب) دەستەجڵەوەکەی رائەکێشا . پێغەمەر - ﷺ - دابەزیو دوعای نەصرەتی کردو ئەیفەرموو : من پێغەمەرم درۆ نی یە ، کوڕی (عبدالمطلب)م . لە دواییدا صەفی بە لەشکرەکەی بەست ، بەراء ئەفەرموێ : لەو رۆژەدا کەسم نەدی کە لە پێغەمەر - ﷺ - بەشیددەتتر بێ .

لە ریوایەتێکا ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - فیراری نەکرد ئەمما ئەوانەی کە لە ئەصحابی ئەو جەهێڵ بوونو سووك بووونو بێ سیلاح بوون بە قەومێکی تیرئەنداز گەیین لە هەوازینو بەنی نەضر لەوانە کە تیریان نەئەکەوتە سەر ئەرز ، هیچ تیریان بەخۆرایی نەئەچوو ، تیرەبارانیان کردن ، ئەو وەختە موسوڵمانەکان روویان کردە پێغەمەر - ﷺ - .... إلخ .

باب المسابقة

١٢١١/٦٢ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أجرى النبي ـ ﷺ ـ ما ضُمِّر من الخيل من الحَفْياء إلى ثنية الوداع ، وأجرى مالم يضَمَّر من الثنية إلى مسجد بني زريق ، قال ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : وكنت فيمن أجري . [وفي م/٨/٧٢ فطفف بي الفرس المسجد . . . . أي : علا ووثب إلى المسجد ، وكان جداره قصيرا ـ نووي] قال سفيان [الثوري] : بين الحفياء إلى ثنية الوداع خمسة أميال ؛ أو ستة ، وبين ثنيةَ إلى مسجد بني زُرَيق [قبيلة من الأنصار] ميل . ح/٥/٧٥ .

وفي رواية : [قال أبو إسحاق] فقلت لموسى [بن عقبة ، أحد الرواة] : كم كان أمدها [من الحفياء إلى الثنية] ؟ قال : ستة أميال أو سبعة قلت له [من الثنية إلى المسجد] : فكم بين ذلك ؟ قال : ميل أو نحوه .ح ـ ٥/٧٥ .

تەرجەمە :

ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەعزێ ئەسپیان زەعیف ئەكرد بۆ حەربو موسابەقە . عەبدوڵلای كوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ موسابەقەی بە ئەصحاب ئەكرد ، ئەو ئەسپانە كە لەڕ كرابوون موسابەقەی پێ ئەكردن لە بەینی (حەفیا)و (ثنية الوداع)ا . ئەو ئەسپانەی كە قەڵەوبوونو لەڕنەكرابوون موسابەقەی پێئەكردن لە (ثنية)وە بۆ مزگەوتی بەنیزورەیق . سوفیان ئەفەرموێ : مابەینی حەفیاو ئەنیە پێنج یا شەش میل بوو . مابەینی ئەنیەو مزگەوتی بەنی زورەیق میلێ بوو . مووسای كوڕی عەقەبە ئەفەرموێ : مابەینی

حەفیاو ئەنیە شەش یا حەوت میلە ، بەینی ئەنیەو مەسجیدی بەنیزورەیق میلێ یا میقداری[1] میلێکە . عەبدوڵلای کوڕی عومەر ئەفەرموێ : من لەو موسابەقەدا بووم ئەسپەکەم بەسەر دیواری مزگەوتەکا بازدی داو بردمی یە ناو مزگەوتەکەوە . دیواری مزگەوتەکە نزم بوو .

١٢١٢/٦٣ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان للنبي ـ ﷺ ـ ناقة تسمى العضباء لاتسبق . فجاء أعرابي على قَعود [وهو ما استحق الركوب من الابل من سنتين إلى ست . فيُسمى جملا] فسبقها ، فشق ذلك على المسلمين ، حتى عرفه . فقال : حقٌّ على الله أن لا يرتفع شيْ من الدنيا إلا وضعه . ح/٥/٧٧ .

تەرجەمە :

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ وشترێکی بوو ناوی عەضبا بوو هیچ وشترێ لێی پێش نەئەکەوت . عەرەبێکی بەرانی هات سواری وشترێکی تازەگیراو بوو ، لە موسابەقەدا لە وشترەکەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێش کەوت . ئەصحاب لەبەریان گران = بوو = پێیان ناخۆش بوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرقی کرد بەوە کە ئەصحاب لە ـیان ناخۆش بوو . فەرمووی : خوا بە عیلمو ئیرادەی قەدیمەی خۆی وای موقەدەر کردوە کە لە دنیادا دەرەجەو پایەی هیچ شتێ بڵند نابێتەوەو کە لە دواییدا خوا پەستی نەکاتەوەو دای نەنەوێنێ .

ئینسان لازمە لەسەری کە خوا حورمەتی پایەیێکی پێ ئیحسان کرد

(١) لێرەدا باشتر وایە بگوترێ ، یا نزیکی میلێکە .

ئه‌بێ شوكری خوا بكات و ئه‌كه‌بورو غورووری نه‌كا ؛ گینا خوا به‌ ته‌حقیق ئه‌یشكێنێ .

به‌ چاوی خۆمان گه‌لێكمان دی
بدولت منازو ، به‌ نكبت منال
كه‌ این هردورازود باشد زوال[1]

(١) واته :
به‌ ده‌وڵه‌ت و ده‌سته‌ڵاتدا مه‌نازه‌و ، له‌ نوشوستی و كزیشدا مه‌ناڵێنه‌ ، ئـه‌م دوانه‌ ـ هه‌ردوكیان ـ زوو لائه‌چن ٠

رباط يوم في سبيل الله

وقول الله ـ تعالى ـ : «يا أيها الذين آمنوا اصبروا ، وصابروا ، ورابطوا ، واتقوا الله لعلكم تفلحون . . . آخر آية آل عمران»(1) ح/٥/٨٦ .

تەرجەمە :

ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە بە خواو بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و بەوە کە خوا ناردوویەتی بۆ پێغەمەرانی ـ علیهم الصلاة والسلام ـ صەبر بکەن لەسەر مەصائیبو طاعات ، کە دوشمنیشتان لە حەربا صەبرو ثەباتی کرد ئێوە لە صەبرو ثەباتا غەڵەبەیان بەسەرا بکەن ، لەوان زیاتر صەبرو ثەبات بکەن بۆ جیهاد ، حەیوان بەخێو بکەن ، بە دەوام موهەییا بن لە موخالەفەی ئەمرو نەهی خواو رەسوولی خۆتان بپارێزن ، کە ئەوەتان کرد ئەمجا ئومێدی نەجاتتان ببێ .

١٢١٣/٦٤ عن سهل بن سعد الساعدي ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : رباط يوم في سبيل الله خير من الدنيا وما عليها . وموضع سوط أحدكم من الجنة خير من الدنيا وما عليها . والروحة يروحها العبد في سبيل الله أو الغدوة خير من الدنيا وما عليها . ح/٥/٨٠ ، ٣٧ من موضع سوط إلخ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : = رۆژێ = بۆ خوا خۆحازرکردن بۆ غەزا لە دنیاو ئەوی لەسەر دنیایە چاکترە [چونکی غەزاکردن لە دنیادا

---

(1) سوورەتی ئالی عیمران ، ئایەتی (٢٠٠)

مووددەتێ ئینسان نارەحەت ئەکا بە موقابیلی ئەوە خوا بە بەهەشتی ئەداتێ] جێ قەمچیی یەکێ لە ئێوە لە بەهەشت لە دنیاو ئەوی لەسەر دنیایە چاکترە . ئێوارێ‌یێ ئینسان بۆ غەزا بە رێدا بڕوا ، یا بەیانی‌یێ ئینسان بۆ خوا بەرێدا بڕوا لە دنیاو ئەوی لەسەر دنیایە چاکترە .

[یەعنی ئینسان بچێ بۆ غەزا ئەگەر شەهید نەکرێ مووددەیێکی کەم نارەحەت ئەبێ ، ئەگەر شەهید بکرێ دنیایێکی لە کیس ئەچێ کە مووددەیێکی زۆر کەمە ئەویش بەلێڵیی ڕائەبوورێ ، موقابیلی ئەو حەیاتێکی ئەبەدیی و جەنناتی عالیەی پێ عەطا ئەکرێ] .

١٢١٤/٦٥ عن سلمان قال : سمعت رسول الله - ﷺ - [ورضي عنه] يقول : رباط يوم وليلة خير من صيام شهر وقيامه ، وإن مات جرى عليه عمله الذي كان يعمله ، وجرى عليه رزقه ، وأَمِنَ من الفُتَّان . م/١٢٥/٨ . طبري ، د . [الفُتان : بضم الفاء جمع فاتن . وبالفتح مبالغته . ولفظ أبي داود أومِنَ من فتاني القبر . من نووي]

تەرجەمە :

سەلمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیست ئەیفەرموو : شەووڕۆژێ خۆموهەییاکردن بۆ غەزا لە ڕۆژووی مانگێك و شەونوێژی مانگێ خێری زیاترە . ئەگەر ئینسان لەو مووددەیەدا کە موهەییایە بۆ غەزا ئەگەر بمرێ لە دوای مردنیش ئەو رزقەی کە بوویەتی و ئەو عەمەلەی کە کردوویەتی هەر دەوام ئەکا بۆیی و قەطع نابێ ، لەو مەلائیکانەی کە ئینسان مەفتوون ئەکەن لە قەبراو حەشرو نەشرا ئەمین ئەبێ ، هیچ فیتنە نابینێ .

[لە حەدیثێکی غەیری موسلیما ئەفەرموێ : غەیری موڕابیط

هه‌موو مردووییّ له وه‌ختی مردنا به چه عه‌مه‌لیّکـه‌وه مه‌شغـوولّ بووبیّ له‌سه‌ر ئه‌و عه‌مه‌له ئه‌بریّتـه‌وه . عه‌مـه‌لی مورابیط نـابریّتـه‌وه تا رۆژی قیامه‌ت ده‌وام ئه‌کا . نووي] .

١٢١٥/٦٦ جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال رجـل [للنبي ـ ﷺ ـ يوم أُحد م/٨/١٠٥] : أين أنا يا رسول الله إنْ قتلتُ ؟ قال : في الجنة . فألقى تمرات في يده ، ثم قاتل حتى قتل . م/٨/١٠٤ .

ته‌رجه‌مه :

رۆژی ئوحود پیـاویّ عه‌رزی پیّغـه‌مه‌ری کـرد ـ ﷺ ـ : ئه‌گـه‌ر بکوژریّم من له کویّم ؟ فه‌رمووی : له به‌هه‌شتای . ئه‌و پیـاوه چه‌نـد خورماییّکی له ده‌ستا بوو فریّی داو ده‌ستی‌کرد به حه‌رب تا شه‌هید کرا . ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

١٢١٦/٦٧ عن أبي بكر بن عبدالله بن قيس [الأشعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن أبيه وهو بحضرة العدو يقولِ : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : إن أبواب الجنة تحت ظلال السيوف . فقام رجل رث الهيئة فقال : يا أبا موسى أأنتَ سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول هذا ؟ قال : نعم . قال : فرجع إلى أصحابه فقال : أقرأ عليكم السلام . ثم كسر جَفن سيفـه فألقاه ! ثم مشى بسيفه إلى العدو فضرب به حتى قتل . م/٨/١٠٧ .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوبه‌كری كوڕی ئه‌بومووسای ئه‌شعه‌ریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ له باوكیه‌وه ریوایه‌ت ئه‌كا ، له‌و وه‌خته‌دا ئه‌بومووسا ـ رضي الله تعالى عنـه ـ به‌رابـه‌ر به دوشمنی وه‌ستـابوو ئـه‌یفه‌رمـوو : پیّغـه‌مـه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : كه قاپی بـه‌هه شت لـه ژیّر سیّبـه‌ری شیرایـه ، پیاویّكی

هەيئەت پەژموردە عەرزی‌كرد : ئەی ئەبوموسا تۆ ئەمەت لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ = بيست = كە ئەيفەرموو ؟ فەرمووی : بەڵێ . پياوەكە گەڕايەوە بۆ لای رەفيقەكانی دۆعاخوازيی لێ‌كردن ، فەرمووی : سەلامتان لێ ئەكەم . لە پاشا كالانەی شيرەكەی شكان‌و فرێی‌دا ! دەست بەشير چوو بۆ طەرەفی دوشمن ، بە شيرەكەی لە كوففاری دا تا شەهيدكرا .

١٢١٧/٦٨ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : من يصعد الثنية ثنية المرار ؟ [مهبط الحديبية ، والمرار شجر مرٌّ عندها] فانه يحط عنه ما حط عن بني إسرائيل . قال : فكان أولُ من صعدها خيلنا خيل بني الخزرج ثم تنامّ [كتمادّ] الناس ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : وكلكم مغفور له إلا صاحب الجمل الأحمر [جدّ بن قيس المنافق] فأتيناه فقلنا له : تعالي يستغفر لك رسول الله ـ ﷺ ـ . فقال : والله أن اَجِدِ ضالّتِي أحب إليَّ من أن يستغفر لي صاحبكم . قال : وكان الرجل ينشد ضالة له . م/ ١٠/٢٥٧ .

تەرجەمە :

جابيری كوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : كێ سەرەكەوێتە سەر كەلی مورار ؟ [كەلێكە بەسەر حودەيبيەدا ئەچێتە خوارێ ، دارێكی تاڵی لێيە] ئەو كەسەی كە لێی سەركەوێ چە گوناهێ لە بەنی‌ئيسرائيل وەريوە ئەوەندەی گوناە لێ هەڵوەرێ . جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەووەڵ سوارە كە سەركەوت ، سوارەی ئێمە بوو كە بەنی‌خەزرەجين ، لە دواييدا خەڵق بەرەودوا هاتن تا تەواو بوون . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : صاحيبی وشترو سوورەكە نەبێ خوا هەمووی عەفوكردوون . چووينە لای [جەدی

بنی قەیسی مونافیق] پێمان وت : وەرە تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیستیغفارت بۆ بکا . وتی : وەڵڵاهی وشترە ونبوەکەم بدۆزمەوە لەوە لام چاترە کە رەفیقەکەتان ئیستیغفارم بۆ بکا ! جابیر ئەفەرموێ : ئەو پیاوە شتێکی لێ ون بووبوو بۆی ئەگەڕا .

ئەو پیاوە بە دوو نەوع کافر بوە :

١ ـ دۆزینەوەی وشترەکەی بە چاکتر زاینوە لە ئیستغفاری پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

٢ ـ ئیستیعمالکردنی لەفظی [صاحیبی ئێوە] بەوە تەبەڕڕی کردوە لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

خەبەردانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەوە کە خوا لەو پیاوە خۆش نابێ موعجیزەیەکی زۆر ئاشکرایە .

١٢١٨/٦٩ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قدم من سفر ، فلما كان قرب المدينة هاجت ريح شديدة تكاد أن تدفن الراكب ! فزعم أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : بعثت هذه الريح لموت منافق ، فلما قدم المدينة فإذا منافق عظيم من المنافقين قد مات . م/١٠/٢٥٩ .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە سەفەرێ هاتەوە ، کە تەشریفی لە مەدینەوە نزیك بۆوە بایێکی زۆر بە قووەت هات ، ئەوەندە بە قووەت بوو نزیك بوو کە سوار بەهیلاك بەرێت و لە ئەرزا دفنی بکا . جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەم بایە بۆیە نێرراوە کە

عەلامەت بێ بۆ ئەوە کە مونافیقێك ئەمرێ . کە تەشریفی چوەوە مەدینە مونافیقێکی گەورە لە مونافیقان مردبوو .
ئەم خەبەرەیش موعجیزەیە .

غزو النساء

١٢١٩/٧٠ قال ثعلبة بن مالك أن عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسم مُروطا بين نساء من نساء المدينة ، فبقي مِرط جيد ، فقال له بعض من عنده : يا أمير المؤمنين أعط هذا ابنة رسول الله ـ ﷺ ـ التي عندك ، يريدون أم كلثوم بنت علي [أصغر بنات فاطمة الزهراء ـ رضي الله تعالى عنهم ـ]فقال عمر : أم سَليط ـ رضي الله تعالى عنها ـ أحق . وام سليط ـ رضي الله تعالى عنها ـ من نساء الأنصار ممن بايع رسول الله ـ ﷺ ـ . قال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : فإنها كانت تزفر [تحمل] لنا القرب . قال أبو عبدالله : تزفر تخيط . ح/٥/٨٢ .

تەرجەمە :

ثەعلەبەی کوڕی ئەبومالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەعزێ لیباسی خوریی و ئاوریشمی بەشەکرد لە بەینی ژنانی مەدینەدا ، تەنها لیباسێکی باش مایەوە ، بەعزێ لەوانەی کە لە خذمەتیا بوون عەرزیانکرد : ئەی (أمیر المؤمنین) ئەم لیباسە بدە بەو کچی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ کە لای تۆیە ، مەقصوودیان (أم كلثوم)ی کچی حەزرەتی فاطیمەو ئیمامی عەلی بوو ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئوممو سەلیط موستەحەقترە لەو . ئوممو سەلیط ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە ژنانی ئەنصار بوو ، لەوانە بوو کە موبایەعەیان لە خذمەت پێغەمەرا کردبوو ـ ﷺ ـ . ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : چونکی ئوممو سەلیط ـ رضي الله تعالى عنها ـ کوننەی بۆ هەڵئەگرتین لە موحارەبەدا . بوخاریی ئەفەرموێ : (تزفر) یەعنی

ئه‌یدروو .

تـه‌ماشـای عـه‌دالـه‌ت بکـه ـ رضي الله تعـالى عن فـاعلهـا ـ ! ته‌رجیحی حه‌ره‌می خۆی‌و کچه‌زای پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ی نه‌داوه به‌سـه‌ر ژنێکا که له حه‌ربا کوننه ئاوی هه‌ڵگرتبێ بـۆ موجـاهید یـا کوننـه‌ی بۆ دروونبن . رووی دوشمنانی ره‌ش بێ له جه‌هه‌ننه‌ما .

١٢٢٠/٧١ عن الرُّبيِّع بنت مُعَوِّذ ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كنا مع النبيّ ـ ﷺ ـ نسقي ، ونداوي الجرحى ، ونردُّ القتلى إلى المدينة . ح/٨٢/٥ . ن .

ته‌رجه‌مه :

روبـه‌یعی کچی (معوذ) ئـه‌فه‌رمـوێ : له غـه‌زادا له خـذمه‌ت پێغه‌مه‌را بووین ـ ﷺ ـ ئاومان ئه‌دا به ئه‌صحابی ، بریندارمان ته‌داوی ئه‌کرد ، شه‌هیدمان ئه‌برده‌وه بۆ مه‌دینه .

١٢٢١/٧٢ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قـال : تَعِس [هلك] عبدالـدينـار ، وعبـدالـدرهم ، وعبـدالخميصـة [وعبدالقطيفـة . أخرى] ؛ إن أعـطي رضي وإن لم يُعْط سَخِط تعس وانتكس ، وإذا شيك فلا انتقش . طوبى لعبد آخذ بعنان فرسه [لجامه] في سبيل الله ، أشعثَ رأسه ، مغبرَّةً قدماه ، إن كان في الحراسة كان في الحراسة ، وإن كان في الساقة كان في الساقة . إن استأذن لم يؤذن له ، وإن شفـع لم يُشَفع . ح/٨٤/٥ . ح/٢٣٨/٩ ، جـه . [طوبى اسم الجنة ، أو شجرة فيها] .

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : به‌هیلاك بچێ ئاڵتوون په‌رست‌و زیو

پەرستو قەديفەو طاقە پەرست . ئەگەر شتيان بدرێتێ رازی ئـەبن ، ئەگەر نەياندرێتێ تووڕە ئەبن ! بەهيلاك بچێ نوخون بێتەوە ! درکێکی پياچوو بە مووکێش لێی نەيێتە دەرێ . بەهەشتو خۆشيی بۆ ئەو کەسە بێ کە لە رێی خوادا دەستەجڵەوی ئەسپی خۆيی گرتوەو ، مووی سەری تێك ئاڵۆزاوە ، هەردوو پێی تۆزاوی‌یەو ، ئەگەر لە لەشكرا لە دەستەی پێشەوا بێ هەر لە پێشەوە ئەبێ ، لە دەستەی دواوە بێ هەر لە دواوە ئەبێ . [يەعنی کەس لێی ناپرسێتەوە ماوە يا نەماوە] . ئەگەر ئيذن بخوازێ بۆ لای يەکێ ئيذن نادرێ ، ئەگەر شەفـاعەت بكـا شەفـاعەتی قـەبووڵ ناکرێ . [ئەوەندە بێقيمەتە لای خەڵق] .

١٢٢٢/٧٣ عن سليمان بن يسار قال : تفرق الناس عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال له ناتل أهل الشام [تابعي ابن صحابي] : أيها الشيخ حدثني حديثا سمعته من رسول الله ـ ﷺ ـ قال : نعم . سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : إن أول الناس يقضى يوم القيامة عليه رجل أستشهد ، فأتي به ، فعرَّفه نعمه ، فعرفها ، قال : فما عملت فيهـا ؟ قال : قاتلت فيك حتى استشهدت ، قال : كذبت ، ولكنك قاتلت لأن يقال جريئ فقد قيل . ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار . ورجل تعلَّم العلم وعلَّمه ، وقرأ القرآن ، فأتي به فعرَّفه نِعَمه فعرفها . قال : فما عملت فيها ؟ قال : تعلمت العلم وعلّمتـه ، وقرأت فيـك القرآن . قال : كذبت ، ولكنك تعلمت العلم ليقـال عالم ، وقـرأت القرآن ليقال هو قارئ ، فقد قيل ، ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار . ورجل وسع الله عليه وأعطاه من أصناف المال كله ، فأتي به فعرَّفه نعمه فعرفها . قال : فما عملت فيها ؟ قال : ما تركت من سبيل

تحب أن ينفق فيها لك إلاّ أنفقت فيها . قال : كذبت ، ولكنك فعلت ليقال هو جواد ، فقد قيل ، ثم أمِر به فسحب على وجهه ثم أُلقي في النار . م/١١٢/٨ .

ته رجه مه :

سوله یمانی کوڕی یه سار ئه فه رموێ : خه ڵق له ئه بوهوره یره ـ رضي الله تعالی عنه ـ دوورکه وتنه وه ، (ناتل)ی خه ڵقی شام عـه رزی کرد : یاشێخ حه دیثێکم بۆ ریوایه ت بکه که له پێغه مه ر ـ ﷺ ـ ت بیستبێ ، فه رمووی : به ڵێ ، له پێغه مه ر ـ ﷺ ـ م بیست ئـه یفه رمـوو : ئه ووه ڵ کـه سێ که رۆژی قیـامه ت حـوکمی به سـه را ئه کـرێ [سێ که سن ، ئه وه ڵیان] :

پیاوێکه که شه هیدکراوه ، ئه یهێنن خوا ـ عز وجل ـ ته عریفی ئه و نیعمه تانه ی بۆ کرد که له دنیادا پێی عه طا فه رمووبوو ، ئه و نیعمه تانه ی ناسی یه وه ، لێی پرسی : چیت له و نیعمه تانه کرد ؟ عه رزی کرد : بۆ تۆ شه ڕم له گه ڵ کوففارا کرد تا شه هید بووم ، خوا ـ عز وجل ـ ئه فه رموێ : درۆت کرد ، بۆییکت حه ربکرد بڵێن ئازایه وا وتیان ! له دواییدا ئه مر ئه کرێ له سه ر روو رائه کێشرێ تا ئه خرێته ناو ئاگره وه .

دوه م : یه کێکه تـه عه للومی عیلمی کـردوه ، ته علیمی خـه ڵقی کردوه ، قورئانی خوێنـدوه ، ئه یهێنن خـوا ـ عز وجـل ـ ته عـریفی ئه و نیعمه تانه ی که پێی عه طا فه رمووبوو بۆ کرد ، ئه ویش ناسی یه وه ، خوا ـ عز جل ـ فه رمووی : چیت کرد له و نیعمه تانه دا ؟ عه رزی ئه کا : عیلم فێربووم ، فێـری خه ڵقم کـرد ، قورئـانم خوێنـد ، خوا فـه رمووی : درۆت کرد . بۆییکت تـه عه للوم کـردوه بڵێن عالـمه ، بۆییکت قـورئان

خوێندوە کە بڵێن قورئان خوێنە ، وا وترا ! لە دواییدا ئەمری پێ ئەکرێ لەسەر روو رائەکێشرێ تا ئەخرێتە ئاگرەوە .

سێیەم : پیاوێکە خوا دەرووی لێکردۆتەوە ، ئەنواعی مالی پێ عەطا فەرموە ، پێنرێتە حوضووری خوا ـ عز وجل ـ تەعریفی ئەو نیعمەتانەی بۆ ئەکا کە پێی عەطا فەرموە . ئەیانناسێتەوە ، خوا ئەفەرموێ : بەو نیعمەتانە چیتکرد ؟ عەرزی ئەکا هیچ رێی خێر نی‌یە کە تۆ بتەوێ کە لەو رێیەدا مال صەرف بکرێو لەوەدا صەرفی مالم نەکردبێ بۆ رەزای تۆ ، خوا ئەفەرموێ : درۆتکرد ، بۆیێکت کردوە کە بڵێن سەخی‌یە وا وترا ! لە دواییا ئەمر ئەکرێ بەسەر روودا رائەکێشرێ تا ئەیخەنە ناو ئاگرەوە .

١٢٢٣/٧٤ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : [ما من غازية أو سرية تغزو فتغنم وتسلم ، إلا كانوا قد تعجلوا ثلثي أجورهم ، وما من غازية أو سرية تخفق وتصاب ، إلا تم أجورهم . م/١١٤/٨ .] ما من غازية تغزو في سبيل الله فيصيبون الغنيمة إلا تُعُجِّلوا ثلثي أجرهم من الآخرة ، وإن لم يصيبوا غنيمة تم لهم أجرهم . م/١١٣/٨ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هیچ لەشکرێ یا دەستەیێك نی‌یە کە لە رێی خوادا غەزا بکاو بە سەلامەتی‌ی بێتەوەو غەنیمەت بێنێو دوو بەشی ئەجرەکەی لە دنیادا پێشەکی وەرنەگرتبێ . هیچ لەشکرێ یا هیچ دەستەیێ نی‌یە کە لە رێی خوادا غەزا بکاو غەنیمەت وەرنەگرێو

بئەنگێورێ‌و ئەجری بۆ تەواو نەکرێ .

[یەعنی ئەوی بچێ بۆ غەزا ئەگەر شەهیدکرا ئەجری تەواوی هەیە ، ئەگەر بە سەلامەتی هاتەوەو غەنیمەتی نەهێنا ئەجری لە ئەجری ئەوەی کە شەهید بوە کەمترەو ، لەوەی کە غەنیمەتی هێناوە زیاترە] . سەلامەتیی موقابیلی جوزئێکە لە ئەجرەکەی ، غەنیمەت موقابیلی جوزئێکە . کە وابێ بە غەنیمەت‌و سەلامەتیی دوو بەشی ئەجرەکە پێشەکی وەرئەگرێ .

١٢٢٤/٧٥ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : من مات ولم يغزُ ، ولم يحدث به نفسه مات على شعبة من نفاق . قال عبدالله بن المبارك [رحمه الله] : فنرى أن ذلك كان على عهد رسول الله ـ ﷺ ـ م/٨/١١٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەرکەسێ بمرێ‌و غەزا نەکاو بە دڵیشیا نەیێ کە غەزا بکا ئەو کەسە لە سەر شوعبەیێ لە نیفاق ئەمرێ [یەعنی لەو صیفەتەدا وەك مونافیق ئەبێ . نووي] . عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئێمە وا ظەن ئەبەین کە ئەوە مەخصووصە بە زەمانی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ [چونکی حەربی ئەم زەمانانە هەر بۆ دنیایە ، مەقصوودی پادشاکانی دوای (أئمە)ی ئەربەعەو عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنهم ـ صیرف ئیعلای (كلمة الله) نەبوە . بەعزێ عولەما ئەڵێن : حەدیثەکە لەسەر عوموومی خۆی باقی‌یە ؛ چونکی بە هەر نەوعێ حەرب بکرێ ئیعلای (كلمة الله)ی تیایە .

کەسێ نیەتی خێرێکی ببێ و لە پێش کردنیا بمرێ ، مەثەلا نیەتی نوێژی هەیە لە ئەوەڵی وەقتەوە نایکاو ، لە ناوەراستی وەقتا بمرێ گوناهکار نابێ . ئەمما لە حەجا ئیختیلاف هەیە . نووي]

۷٦/۱۲۲٥ عن مصعب بن سعد قال : رأى سعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن له فضلا على من دونه [من أصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ ن] فقال النبي ـ ﷺ ـ : هل تنصرون وترزقون إلا بضعفائكم [بصومهم وصلاتهم ودعائهم . ن] ؟ ح/٥/٨٨ .

تەرجەمە :

موصعەبی کوری سەعدی ئەبو وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ [لە باوکیەوە ریوایەت ئەکا . اسماعیلی] کە سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ وای ظەن ئەبرد کە فەضلی هەیە بەسەر ئەو ئەصحابی پێغەمەرەدا ـ ﷺ ـ کە لە شەجاعەت و ئیقتیدارا لە خوار ئەوەوەن ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆچ ئێوە بە غەیری نوێژ و رۆژووو دۆعای زەعیفەکان هیچ نەصرەتتان ئەبێ و رزقتان ئەدرێتێ ؟

[عیبادەت و دۆعای فەقیری صالح بەرەکەتی هەیە بۆ خەڵقی تر] .

۷۷/۱۲۲٦ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبيّ ـ ﷺ ـ قال لأبي طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : إلتمِسْ غلاما من غلمانكم يخدمني حتى أخرج إلى خيبر ، فخرج بي أبو طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ مُردِفِيٌّ وأنا غلام راهقت الحلم ، فكنت أخدم رسول الله ـ ﷺ ـ إذا نزل ، فكنت أسمعه كثيرا يقول : أللّهم إني اعوذ بك من الهمِّ والحَزَنِ ، والعَجْز والكسل ، والبُخْل والجُبْن ، وضَلَع الدَّيْن [ثقله] وغلبة الرجال . ثم قدمنا خيبر ، فلما فتح الله عليه الحصن [المسمى بالقموس]

ذكر له جمال صفية بنت حُييّ بن أخطب ، وقد قتل زوجها [كنانة بن أبي الحقيق] وكانت عروسا ، فاصطفاها رسول الله - ﷺ - لنفسه ، فخرج بها حتى بلغنا سدَّ الصهباء حلَّتْ [طهرت من الحيض] فبنى بها ثم صنع حيسا [خورماو رۆن به په‌نير] في نطع صغير ثم قال رسول الله - ﷺ - : آذن من حولك ، فكانت تلك وليمة رسول الله - ﷺ - على صفية - رضي الله تعالى عنها - .

ثم خرجنا إلى المدينة قال فرأيت رسول الله - ﷺ - يُحوِّي لها وراءه بالعباءة ، ثم يجلس عند بعيره فيضع ركبته فتضع صفية - رضي الله تعالى عنها - رجلها على ركبته حتى تركب فسرنا حتى إذا أشرفنا على المدينة نظر إلى أُحد فقال : هذا جبل يحبنا ونحبه ، ثم نظر إلى المدينة فقال : أللهم إنِّي أُحرِّم مابين لابتيها بمثل ما حرَّم إبراهيمُ مكة [إلا في وجوب جزاء الصيد] . أللّهم بارك لهم في مدِّهم وصاعهم . ح/٥/٨٧ - ح/٦/٧٦ - ح/٩/١٩٩ مختصرا بدون حديث صفية - رضي الله تعالى عنها -

ته‌رجه‌مه :

ئه‌نه‌س - رضي الله تعالى عنه - ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ئه‌مری كرد به‌ ئه‌بو طه‌لحه : غولامێكم بۆ دۆزه‌ره‌وه له غولامانی خۆتان ، خذمه‌تم بكا تا ئه‌چم بۆ خه‌يبه‌ر . ئه‌بو طه‌لحه - رضي الله تعالى عنه - منی سواری پاشكۆی خۆی كردو بردمی ، من ئه‌و = وه‌خته = نزيكی بالّغ بوونم بوو . كه پێغه‌مه‌ر - ﷺ - دائه‌به‌زی خذمه‌تم ئه‌كرد ، زۆر جار لێم = ئه‌بيست = ئه‌م دۆعايه‌ی ئه‌فه‌رموو كه مه‌عنای وايه : ئه‌ی خوايه له غه‌م و دلّته‌نگی و عاجزبوون و سستێتی و به‌خيلی و ترسنۆكی و ، باری گرانی

قەرزو ، غالْببوونی خەڵق بەسەرما . . پەنا ئەگرم بە تۆ .

لە دواییا گەیینە خەیبەر کە خوا قەڵاکەیی بۆ فەتح کردین بەحثی جەماڵو جوانیی صەفیەی کچی حویەیی کوڕی ئەخطەبیان بۆ کـرد . مێردەکەی کە کەنانەی کوڕی ئەبوحەقیق بوو کوژرا بوو ، = صەفیە = بووك بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئینتیخابی کرد بۆ خۆی . لە خزمەت خۆیا لە خەیبەر بردی‌یە دەرێ ، تا گەیینە سەددی صەهباء . لە حەیز پاك بۆوە حەڵاڵ = بوو = بۆی . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەوێ تەشریفی چوە زەفافەوە . لە دوایيدا خـورماوڕۆنی بـە پەنیـری بۆ کـرد . ئەمجـا پێغەمـەر ـ ﷺ ـ = ئـەمـری = پێ کـردم : خـەڵقی ئـەطـرافی خـۆت بـانـگ بکـە [بـۆ نانخواردن] . ئەو خورماو ڕۆنە چێشتی شایی پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ کە کردی بۆ صەفیە ـ رضي الله تعالى عنها ـ .

لە پاشا چووین بۆ مەدینە چاوم کەوت بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە پشت خۆیەوە عەباکەیی بۆ ئەکرد بە پەردە تەشریفی لای وشترەکەی دائەنیشت ئەژنۆی موبارەکی دائەنا ، صەفیە ـ رضي الله تعالى عنها ـ پێی ئەنایـە سەر ئەژنۆی موبارەکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ و سوار ئەبو ، ڕۆیین تا لە مەدینە نـزیكبـووینەوە ، پێغـەمەر ـ ﷺ ـ تـەمـاشـای ئـوحـودی فـەرمـوو ، فـەرمووی : ئـەمە شـاخێکە ئێمـەی خۆش ئـەوێو ئێمەیش ئـەومان خۆشەوێ . لە پاشا تەماشای مەدینەی فەرموو ، فەرمووی : خوایا من مابەینی ئەم دوو شاخی مەدینەیە حەرام ئەکەم [لەوە خراپەی تیا بکرێ حـەربی تیا بکـرێ] وەکوو چـۆن ئیبراهیم ـ علیـە السلام ـ مـەککەی حەرامکرد . خوایا بەرەکەتیان بۆ بخەیتە (مُدّ)و ربەیان .

خزمەتکار ڕاگرتن دروستە . ئیشوفرمان بە هـەتیو سپـاردن بە

موقابيلى ئوجرەت دروسته .

بۆ ئەميرى لەشكر ئينتيخابكردنى (جاريه)و عەبد لە ئەسير دروسته بە قەد بەشى خۆى .

ژنى حەربيى عيددەى پێ ناوێ .

ضيافەتى شايى دواى زەفاف سونتەتە .

(بالذات) موعاوەنەتى ئەهل و بەيت سونتەتە .

دۆعاكردن بە خەير بۆ ئەهلى وەطەن سونتەتە .

ئيستيعـاذە لەوانـەى پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ ئيستيعـاذەى لێ كـردوون سونتەتە .

ئيمامى نەوەوى ـ رحمه الله ـ لە ئەذكارا ريوايەت ئەكا كە قەرزار بە قەد كێو قەرزى بەسەرەوە بێ بە دەوامكردن لەسەر ئەو دۆعايە خوا ـ عز وجل ـ قودرەتى ئەوەى ئەداتێ كە قەرزەكەى بداتەوە .

١٢٢٧/٧٨ عن أبي أسيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قـال النبي ـ ﷺ ـ يوم بدر حين صففنا لقريش وصَفّوا لنا : إذا أكثبوكم [دنوا منكم] فعليكم بالنبل . وفي أخرى فارموهم واستبقوا نبلكم . ح/٦/٢٤٨ .

تەرجەمە :

پێغـەمەر ـ ﷺ ـ رۆژى بـەدر ، كە ئێمـە صەفمـان بـەست بـۆ قورەيش و ئەوان صەفيان بەست بۆ ئێمە ، فەرمووى : كە لێتان نزيك بوونەوە ئەوەندەى تيريان بگاتێ ئەو وەختە تيرەبارانيان بكەن ، تيرەكانتان بەخەسار مەدەن تا لێتان نزيك نەبنەوە تيريان تێ مەگرن ، تيرەكانتـان بهێڵنەوە .

١٢٢٨/٧٩ عن سهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما كسرت بيضة

النبي ـ ﷺ ـ على رأسه ، وأدمي وجهه ، وكُسِرت رباعيته وكان علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ يختلف بالماء في المجنِّ ، وكانت فاطمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ تغسله ، فلما رأت الدم يزيد على الماء كثرة عَمَدت الى حصير فأحرقته[حتى صارت رمادا . طبراني] وألصقتها على جرحه ، فرقأ الدم . ح/٥/٩٢ .

ته‌رجه‌مه :

سه‌هل ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : كه كلاوزرێی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ له‌سه‌ريا شكاو ، ده‌م‌وچاوی موباره‌كی خوێنی پیاهاته‌خوارێو ، ددانی موباره‌كی ته‌نیشت ددانی پێشه‌وه‌ی شكاو ، حه‌زره‌تی عه‌لی ـ رضي الله تعالى عنه ـ له قه‌ڵغانا ئاوی ئه‌هێناو ئه‌مبه‌رو ئه‌وبه‌ری ئه‌كرد . حه‌زره‌تی فاطیمه ـ رضي الله تعالى عنها ـ برینه‌كانی ئه‌شت ، كه حه‌زره‌تی فاطیمه ـ رضي الله تعالى عنها ـ چاوی كه‌وت به‌وه كه خوێنه‌كه‌ی له ئاوه‌كه زیاتره پارچه‌یێ حه‌سیری هێناو سووتانی ، تا بوو به خۆڵه‌مێش نووسانی به برینه‌كه‌یه‌وه خوێنه‌كه‌ی وه‌ستایه‌وه .

١٢٢٩/٨٠ عن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كانت أموال بني النضير مما أفاء الله على رسوله ـ ﷺ ـ مما لم يوُجف المسلمون عليه بخيل ولا ركاب ، فكانت لرسول الله ـ ﷺ ـ خاصة ، وكان ينفق على أهله نفقة سنته ثم يجعل ما بقي في السلاح والكُراع عدة في سبيل الله . ح/٥/٩٢د ، ت ، ن .

ته‌رجه‌مه :

ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووی : ماڵی به‌نی نه‌ضیر له‌وانه بوو كه خوا ـ عز وجل ـ دابووی به پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ، له‌و ماڵه بوو كه موسوڵمان به سیلاح و سواره‌و ولاغ په‌یدایان نه‌كردبوو ، ئه‌و ماڵه خاص

بوو بە نەفسی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەوە نەفەقـەی ساڵی ماڵو منالی لێ ئەکێشا ، لە دواییا باقیەکەی صەرفی سیلاحو حەیوان ئەکرد تا حازریو تەدارەك بێ بۆ ڕێی خودا .

ذەخیرەدانان بۆ ساڵێ بە بێ کەراهەت دروستە .

لە پێش حەربا موهەییابوونو تەدارەکی وەسائیلی حەرب لازمە .

٨١/ ١٢٣٠ شعبة بن عامر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ يقول : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ وهو على المنبر يقول : ﴿وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة﴾(١) . [الآية ،] ألا إن القوة الرمي ، ألا إن القوة الرمي ، ألا إن القوة الرمي . م ـ ١٢٨/٨ .

تەرجەمە :

شوعبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیست تەشریفی لەسەر مینبەر بوو ئەیفەرموو . . . ئەم ئایەتی بەرائەتەی خوێندەوە کە مەعنای وایە : لە قووەت چیتان لە دەست یێ بۆیان حازر بکەن . ئەیفەرموو : خـەبەرتـان ببێ کە قـووەت تیرهـاویتنە . (سێ دەفعەی فەرموو) .

رمو نێـزەو شیرو قـەڵغـانو خـەنجـەرو سـائیـری ئـەسلیحـەو سواریو . . . بۆ ئەم زەمانە : تۆپو ، تفەنگو ، تەیارەو ، واپۆری حەربو ، بۆمباو ، تانقو ، مەترالیۆزو ، شەمەندەفەرو . هەرچی بۆ حەرب لازمو بەکارە هەمووی بۆ جیهاد فەرزە ، بە دەرەجەی ئیقتیدارو حاجەت .

١٢٣١/٨٢ عن عقبة بن عامر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت

(١) الأنفال / ٦٠ .

رسول الله - ﷺ - يقول : ستفتح عليكم أَرَضون ، ويكفيكم الله ، فلا يعجز أحدكم أن يلهو بأسهمه . م/٨/١٢٩ .

تەرجەمە :

عەقەبە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم بیست - ﷺ - ئەیفەرموو : لەمەولا گەلێ ئەرزتان بۆ فەتح ئەكرێ ، خوا كافیە بۆ ئێوە . كە وابێ لەوە عاجز مەبن كە بە تیرەكانتان یاریی بكەن .

مەقصوود لە تیر موطلّەقی سیلاح و سائیری ئەسبابی حەربە . ئەو وەختە سیلاحی زۆر موهیم تیر بوە ، رم و ، شیرو ، خەنجەر نـزیكاو نزیك ئەبێ ، تیر دووراو دوور ئەبێ . تەوەقوفی بەستۆتە سەر مەهارەت لە تیرئەنـدازیی و نیشـان شكـانن . ئێستـە لـە جێی ئـەوانـە : تـۆپ و ، تفەنگ و ، بۆمباو ، ئەمثالی هەیە .

١٢٣٢/٨٣ فقيم اللخمي قال لعقبة بن عامر - رضي الله تعالى عنه - : تختلف بين هذين الغرضين وأنت كبير يشق عليك . قال عقبة - رضي الله تعالى عنه - : لولا كلام سمعته من رسول الله - ﷺ - لم أعانيه [وبحذف الياء] قال الحرث فقلت لابن شَماسة [الراوى عن فقيم] : وما ذاك ؟ قال : إنه قال : مَنْ عَلِمَ الرميَ ثم تـركه فليس منـا ، أو قد عصى . م/٨/١٢٩ .

تەرجەمە :

ئیبن وشەماسە - رحمه الله - ئەفەرموێ : فەقیمی لەخمی ی عەرزی عەقەبەی كوڕی عامیری كرد - رضي الله تعالى عنه - : تۆ هاتوچۆ ئەكەی لە بەینی ئەم دوو هەدەفەدا تۆیش پیری زەحمەتە لەسەر تۆ . عـەقەبـە - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : ئەگەر قسەیێ نەبوایە كە لە پێغەمەرم بیستـوە - ﷺ - ئەو زەحمـەتەم نـەئەكێشـا . حەرث ئـەفەرمـوێ : بـە

ئیبن وشەماسەم وت : ئەو قسەیە چیە ؟ فەرمووی : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ تیرئەندازیی بزانێو تەرکی بکا ئەوە لـە ئێمە نیە [یەعنی لەسەر ئەخلاقی ئێمە نیە] یا فەرمووی : بە تەحقیق ئەو کەسە گوناهکار ئەبێ .

[عیلمی حەرب فێربوون لازمە ، لـە دوای فێربـوون لە فکـری خۆبردنەوەی حەرامە .]

١٢٣٣/٨٤ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : إذا سافرتم في الخِصْب فأعطوا الابل حظها من الأرض ، فإذا سافرتم في السَّنة فبادروا بها نقيّها [فأسرعوا عليها السير . أخرى] وإذا عرَّستم فاجتنبوا الطريق ؛ فـإنها طرق الـدواب ، ومأوى الهـوام بالليل . م/٨/١٣٣ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : کە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە لە فەرەحیداو گیازۆریدا سەفەرتان کرد حەزی وشتر بە تەواوی بەجێ بێنن ، یەعنی بە تەواوەتی بیلەوەرێنن ، ئەگەر لە وەختی بێگیایی و بێپووشیـدا سەفـەرتان کـرد عەجـەلە بکـەن کە زوو بیانگەیێننە جێی فەرەحی . [یەعنی مەبادا وشترەکانتان برسییان ببێ و پەکیان بکەوێ ریعایەت و تەماشاکردنی حەیوان لازمە . ئیحتیاط لازمە] کە لە ئاخری شـەوا بۆ ئیستیـراحەت بـارتان خست لـە رێ لابدەن ؛ چونکی رێ جێی مارو مێرووەو رێی حەیواناتە .

١٢٣٤/٨٥ عن أبي هـريرة ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ أن رسـول الله ـ ﷺ ـ قال : السفر قطعة من العذاب : يمنع أحـدكم نومـه وطعامـه

وشـرابه ، فـإذا قضى أحـدكم نَهْمتـه من وجهـه فليعجـل إلى أهله .
م/٨/١٣٥ .

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : سـه‌فه‌ر پـارچه‌یێکـه له عـه‌ذاب ؛ چونکی مه‌نعی خه‌وو له‌ذه‌ت زانین له خۆراك و ئیستراحه‌ت له ئێوه ئه‌کا . [سه‌رماو گـه‌رماو مـاندوێتی و تـرس و دوورکه‌وتنـه‌وه‌ی له مـاڵ و منالْ و ئه‌حباب یێنێ به‌سه‌ر ئینسانا] که له سه‌فه‌ره‌که‌تان ئیحتیاجیتان به‌جێ هێنا گورج بگه‌رێنه‌وه بۆ لای ماڵ و منالْتان .

١٢٣٥/٨٦ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ كـان لايـطرق أهله ليـلا ، وكـان يـأتيهم غـدوة أو عشيـة .
م/٨/١٣٥ .

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ له سه‌فه‌ر ته‌شریفی بهاتـایه‌وه لـه‌ناکـاو به‌شـه‌و نه‌ئه‌چووه‌وه بۆ ماڵه‌وه ، یا به‌یانی یا ئێوارێ ته‌شریفی ئه‌چووه‌وه .

١٢٣٦/٨٧ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كنا مع رسول الله ـ ﷺ ـ في غزاة ، فلما قدمنا المدينة ذهبنـا لندخـل . قال : أمهلوا حتى ندخل ليلا أي عشاء كي تمتشط الشعثة ، وتستحد المغيبة .
م/٨/١٣٦ .

ته‌رجه‌مه :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : له غه‌زاییێکا له خذمه‌ت پێغه‌مه‌را بووین ـ ﷺ ـ که هاتینه‌وه مـه‌دینه تـه‌مامـان بوو نـه‌وه‌ستین و بچینه ماڵه‌وه . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : جارێ صه‌بر بکه‌ن تا ئێوارێ بچینه‌وه ؛ بۆ خاتری ئه‌وه ئه‌وه‌ی که پرچی تێك ئاڵۆزاوه پرچی داهێنێ ،

ئه‌وی ئیحتیاجی به گوێزان‌و ئه‌وانه هه‌یه گوێزان له عه‌مه‌ل بێنێ‌و خۆی پاك بكاته‌وه . م/١٣٨/٨ .

١٢٣٧/٨٨ وعنه قال : نهى رسول الله - ﷺ - إذا أطال الرجل الغيبة أن يأتي أهله طُروقا . م/١٣٦/٨ .

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر - ﷺ - نه‌هی كردوه له‌وه كه پیاو غه‌یبووبه‌تی طوولی كێشا[1] له ناكاو بچێته‌وه ناو ماڵ‌و منالێ .

١٢٣٨/٨٩ عن جابر - رضي الله تعالى عنه - قال : نهى رسول الله - ﷺ - أن يطرق الرجل أهله ليلا ، يتخونهم [أو يلتمس عثراتهم . أخرى] أو يطلب عثراتهم . قال سفيان : لا أدري هذا في الحديث أو لا ؟ يعني : أن يتخونهم أو يتلمس عثراتهم . م-١٣٦/٨ .

ته‌رجه‌مه :

جابير- رضي الله تعالى عنه - ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر - ﷺ - نه‌هی فه‌رموه له‌وه كه ئینسان به شه‌و له پڕ بچێته ماڵه‌وه بۆ خاتری ئه‌مه بزانێ كه ماڵ‌و مناڵه‌كه‌ی خیانه‌تی ده‌رحه‌ق ئه‌كه‌ن ؟ فه‌رمووی : تا بزانێ زه‌لله‌و مه‌لله ئه‌كه‌ن یان نا ؟

سوفیان ئه‌فه‌رموێ : نازانم كه طه‌لَه‌بی = زانینی = خیانه‌ت‌و (إطلاع) به سه‌ر زه‌لله‌یانا له حه‌دیثه‌كه‌یه یان نا ؟

[له حه‌دیثێكی تری جابیرا - رضي الله تعالى عنه - ئه‌و له‌فظه نی‌یه] .

---

(١) یانی كه پیاو له سه‌فه‌را زۆری پێ‌چوو كاتێ هاته‌وه له پڕ خۆی نه‌كاته‌وه به‌ماڵدا .

له‌م حه‌ديثانه‌دا ئه‌فه‌رموێ : ئينسان به‌هه‌ر فكرێ بێ كه له سه‌فه‌ر هاته‌وه نه‌دا به‌سه‌ر ماڵو منداڵا ، ئه‌وه‌نده صه‌بر بكا كه خه‌ڵق بزانن كه هاتوه‌ته‌وه . ماڵو مناڵيش پێ بزانن تا ته‌داره‌كى يان بۆ بكه‌ن . له ماڵو مناڵيش نه‌كه‌وێته شكه‌وه‌و ته‌فتيشى ئه‌حواڵيان نه‌كا بزانێ زه‌لله‌و خه‌يانه‌تيان هه‌يه يان نا ؛ چونكى ئه‌وه مونافيى حوسنى عوشره‌ته .

١٢٣٩/٩٠ أبو أمامة [صُديّ الباهلي ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : لقد فتح الفتوح قومٌ ما كانت حلية سيوفهم الذهب ولا الفضة . إنما كانت حليتهم العلابي [جميع عِلباء . عصب في عنق البعير] والآنك [الرصاص] والحديد . ح ـ ٩٥/٥ ، جه .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بو ئومامه ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : به‌عزێ قه‌وم له صه‌حابه ـ رضي الله تعالى عنهم ـ گه‌لێ فه‌تحيان كردوه زينه‌تى شيره‌كانيان نه ئاڵتوون بوه‌و نه زيو . زينه‌تيان : ره‌گى ملى وشترو ، قورقوشمو ، ئاسن بوه .

١٢٤٠/٩١ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن عبدالرحمن بن عوف والزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ شَكَوا إلى النبي ـ يعني القُمَّل ـ فأرخص لهما في الحرير . فرأيته عليهما في غزاة . ح/٥/٩٩ . م ـ ٨/٣٨٨ ، جه ، د ، ن .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌نه‌س ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : عه‌بدوره‌حمانى كورى عه‌وفو زوبه‌ير شكاتى ئه‌سپێ زۆرييان له خزمه‌ت پێغه‌مبه‌را كرد ـ ﷺ ـ ئيذنى دان كه ئاوريشم بپۆشن . له غه‌زايێكا چاوم پێكه‌وت كه ئاوريشميان له‌به‌را بوو .

له حينى حاجه تا ئاوريشم له به ركردن بۆ پياو حه لاڵه .

١٢٤١/٩٢ جويرية عن نافع قال : قال ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : رجعنا من العام المقبل [الذي بعد صلح الحديبية إليها] فما اجتمع منا اثنان على الشجرة التي بايعنا تحتها ، كانت رحمة من الله ، فسألت نافعا : على أي شيء بايعهم ؟ على الموت ؟ قال : لا ، بايعهم على الصبر . ح ـ ١١٦/٥ .

ته رجه مه :

جوه يريه له نافيعه وه ئه ويش له ئيبن و عومه ره وه ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ريوايه ت ئه كا ساڵى دواى صوڵحى حوده يبيه گه ڕاينه وه بۆ ئه و جێيه ى كه به يعه تى ريضوان له ژێر درخته كه يا كرابوو ، دوو كه س له ئێمه ئيتيفاقيان نه كرد له سه ر جێيه كه ى ، كه س نه يزانى له كوێيه . شاررانه وه ى جێيه كه ى ره حمه تێ بوو له طه ره ف خواوه [چونكى جاهيلان ته عظيميان ئه كرد .] جوه يريه ئه فه رموێ : له نافيعمان پرسى : له سه ر چى به يعه تيان له خذمه ت پێغه مه را ئه كرد ؟ له سه ر مردن بوو ؟ نافيع ـ رحمه الله ـ فه رمووى : خه ير له سه ر صه برو ئه بات موبايه عه ى له گه ڵ فه رموون .

١٢٤٢/٩٣ عن أبي عثمان [النهدي] قال : حدثني مجاشع قال : أتيت النبي بأخي [مجالد أبي معبد] بعد الفتح ، قلت : يا رسول الله جئتك بأخي لتبايعه على الهجرة . قال : ذهب أهل الهجرة بمافيها [مضت الهجرة لأهلها] . فقلت : على أي شئ تبايعه ؟ قال : أبايعه على الاسلام والايمان والجهاد . [قال أبو عثمان . أخرى] : فلقيت أبا معبد (مجالدا) بعدُ ، وكان أكبرهما ، فسألته ، فقال : صدق مجاشع . ح ـ ٣٨٥/٦ ، ح ـ ١١٧/٥ ، م ـ ٦٢/٨ .

تەرجەمە :

ئەبوعوثمانی نەهەدیی ئەفەرمویٚ : موجاشیع : قسەی بۆکردم ، فەرمووی : کە موجالیدی برای خومم لـە دوای فەتـح بردە خـذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزم کرد : (یا رسول الله) موجالیدی برامم هێناوەتە خذمەتت کە لەسەر هیجرەتکردن موبـایەعـەی لەگـەڵ بفەرمـووی ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەهلی هیجرەت ئەوابی هیجرەتیان بـرد بۆ خۆیان ، هیجرەت بۆ ئەهلی خۆی رابورد . [یەعنی دوای فەتح هیجرەت نەماوە] عەرزم‌کرد : ئەی لەسەر چی بەیعەتی لەگـەڵ ئەفـەرمووی ؟ فەرمووی ؛ لەسەر ئیسلامو ، ئیمانو ، غەزا بەیعەتی لەگەڵ ئەکەم ، ئەبوعوثمان ئەفەرمویٚ : لەدوای ئەوە بە ئەبومـەعبەد ـ کـەموجـالیدی برای موجـاشیعە ـ گـەییم لێم‌پرسی ، فـەرمووی : مـوجاشیـع راستی کردوە .

١٢٣٤/٩٤ عن سلمـة بن الأكـوع [فـارس النبي ، ومن شجعـان الصحابة ـ ﷺ ـ [ورضي عنهم] أنه دخل على الحجاج ، فقال : يا ابن الأكوع ارتددت على عقبيك ؟ تعربت ! قال : لا ، ولكن رسـول الله ـ ﷺ ـ أذن لي في البدو . م ـ ٨/٦١ .

تەرجەمە :

سەلەمەی کوری ئەکوەع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـویٚ : چوومە لای حەججاج ، فلٚتانی : ئەی (ابن الأكوع) پاشەوپاش لەدین گەڕاویتەوە ؟ فەرمووی : پێم‌وت : خەیر لە دین وەرنەگەڕاوم ، نەبووم بە عەرەبی بەڕانی ، ئەمما پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیذنی‌داوم کە لە چۆڵا دانیشم .

(١) ئەم حەدیثە بە ژمارە ١٢٤٣/٩٤و ١٢٤٦/٩٧ یش دوویات دەبێتەوە .

١٢٤٤/٩٥ عن معْقل بن يسار ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لقد رأيتني يوم الشجرة ، والنبي ـ ﷺ ـ يبايع الناس وأنا رافع غصنا من أغصانها عن رأسه ، ونحن أربع عشرة مائة . قال : لم نبايعه على الموت ، ولكن بايعناه على أن لانفر . م/٨/٥٩ .

ته‌رجه‌مه :

مه‌عقه‌لی کوڕی یه‌سار ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : به‌ ته‌حقیق رۆژی به‌یعه‌تی (شجرة الرضوان) خۆمم دی که پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ به‌یعه‌تی له‌گه‌ڵ خه‌ڵقا ئه‌فه‌رموو ، لقێکم له‌و داره به‌رزکردبۆوه له سه‌ری پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ [که له سه‌ری موباره‌کی نه‌که‌وێ] ئێمه چوارده‌صه‌د بووین [یه‌عنی هه‌زارو چوارصه‌د بووین] فه‌رمووی : له‌سه‌ر مردن به‌یعه‌تمان له خذمه‌تا نه‌کرد ، ئه‌مما له‌سه‌ر ئه‌مه که فیرار نه‌که‌ین به‌یعه‌تمان له خذمه‌تا کرد .

١٢٤٥/٩٦ عطاء [بن أبي رباح ـ رحمه الله ـ] يقول ذهبت مع عبيد بن عمير إلى عائشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ وهي مجاورة بثبير ، فقالت لنا : انقطعت الهجرة منذ فتح الله على نبيه ـ ﷺ ـ مكة . ح ـ ٥/١٧٨ .

ته‌رجه‌مه :

عائیشه[1] ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : له‌و وه‌خته‌وه که خوا مه‌که‌ی بۆ پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌تح کرد هیجره‌ت براوه‌ته‌وه .

(١) دانه‌ر ـ خ ـ مانای سه‌ره‌تای حه‌دیثه‌که‌ی نه‌کرد که ئه‌مه‌یه : عه‌طای کوڕی ئه‌بوره‌باح ئه‌ڵێ : له‌گه‌ڵ عوبه‌یدی کوڕی عومه‌یرا چووین بۆ لای عائیشه ـ خ ـ ئه‌ویش له لای کێوی (ثبیر)دا بوو . . . .

١٢٤٦/٩٧ يزيد بن أبي عبيد ـ رحمه الله ـ عن سلمة [بن الأكوع] ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بايعت النبي ـ ﷺ ـ ثم عدلت إلى ظل الشجرة ، فلما خفَّ الناسُ قال : يا ابن الأكوع ألاتبايع ؟ قلت : قد بايعت يا رسول الله . قال : وأيضا . فبايعته الثانية . فقلت له : يا أبا مسلم على أي شيء كنتم تبايعون يومئذ ؟ قال : على الموت [أي على أن لانفرَّ وإن أنتجَ الموتَ ؛ لأن نفس الموت ليس مقصودا .] ح ـ ١١٦/٥ .

ته‌رجه‌مه :

يه‌زيدى كورِى ئه‌بوعوبه‌يد ـ رحمه الله ـ ئه‌فه‌رموێ : سه‌له‌مه‌ى كورِى ئه‌كوه‌ع ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووى : به‌يعه‌تم له خذمه‌ت پێغه‌مه‌را كرد ـ ﷺ ـ ، له دواييدا چووم بۆ ژێر سێبه‌رى شه‌جه‌ره‌ى ريضوان ، كه خه‌ڵق سووك بوون پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووى : ئه‌ى (ابن الأكوع) به‌يعه‌ت ناكه‌ى ؟ عه‌رزم كرد : (يا رسول الله) به‌يعه‌تم كرد ، فه‌رمووى : دووباره . دووباره به‌يعه‌تم له خذمه‌تا كرده‌وه .

يه‌زيد ئه‌فه‌رموێ : عه‌رزم كرد : ئه‌ى ئه‌باموسليم ئه‌و وه‌خته له‌سه‌ر چى به‌يعه‌تتان له خذمه‌تا ئه‌كرد ؟ فه‌رمووى : له‌سه‌ر مردن . [يه‌عنى له‌سه‌رئه‌مه كه له حه‌ربا فيرار نه‌كه‌ين ، ئه‌بات بكه‌ين ؛ چونكى مه‌قصوود له حه‌رب هێنانى گومرايه بۆسه‌ر رێى حه‌ق و ته‌نكيلى كوففاره ، خۆبه‌كوشتدان مه‌قصوود نى‌يه] .

١٢٤٧/٩٨ عن عبدالله بن زيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما كان زمن الحرة [يوم أباح يزيد ـ لعنه الله ـ مدينة الرسول ـ ﷺ ـ وفعل ما فعل بالأنصار والمهاجرين وذراريهم] أتاه آت فقال له : إن ابن حنظلة (غسيل الملائكة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] يبايع الناس على الموت . فقال : لا

أبايع على هذا أحداً بعد رسول الله ـ ﷺ ـ ح ـ ٥/١١٦ .

ته‌رجه‌مه :

عه‌بدوڵڵای كوڕی زه‌یدی ئه‌نصاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ = ئه‌فه‌رموێ = كه‌ وه‌قعه‌ی حه‌ره‌ بوو [یه‌عنی كه‌ یه‌زیدی كوڕی موعاویه‌ ، كه‌ موعاویه‌ی باوكی له‌ دوای خۆی كردی به‌ قه‌راڵ ، ناردیه‌ سه‌ر مه‌دینه‌ ، سێ ڕۆژ مه‌دینه‌ی حه‌ڵاڵ = كرد = غه‌یری ماڵ و مناڵ نزیك به‌ دوانزه‌ هه‌زار كه‌سی شه‌هید كرد] یه‌كێ چوه‌ لای عه‌بدوڵڵا ـ رحمه الله ـ عه‌رزی كرد : كه‌ عه‌بدوڵڵای كوڕی حه‌نظه‌له‌ی غه‌سیلی مه‌لائیكه‌ ـ رضي الله تعالى عنه ـ به‌یعه‌ت له‌گه‌ڵ خه‌ڵق ئه‌كا له‌سه‌ر مردن . عه‌بدوڵڵای كوڕی زه‌ید ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووی : له‌ دوای پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ئه‌و به‌یعه‌ته‌ له‌گه‌ڵ هیچ كه‌سا ناكه‌م . [چونكی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ لازمه‌ له‌سه‌ر هه‌موو كه‌س كه‌ به‌ ماڵ و ڕۆح موحافه‌ظه‌ی بكا ، خه‌ڵقی تر وا نی‌یه‌ . ئه‌مما ئه‌بات له‌ غه‌زای كوففارا لازمه‌] .

١٢٤٨/٩٩ قال عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ لقد أتاني اليوم رجل فسألني عن أمر ما دَرَيت ما أَرُدُّ عليه . فقال : أرأيت رجلا مُؤْديا [قويا من آدى ؛ قوِيَ . ومن أداة الحرب أي تم سلاحه] نشيطا يخرج مع أمرائنا في المغازي فيعزم علينا [إلتفات . أي : عليه] في أشياء لانحصيها ؟ فقلت له : والله ما أدري ما أقول لك إلا أنا كنا مع النبي ـ ﷺ ـ فعسى أن لايعزم علينا في أمر إلا مرة حتى نفعله ، وإن أحدكم لن يزال بخير ما اتقى الله ، وإذا شك في نفسه شيء سأل رجلا فشفاه منه ، وأوشك أن لاتجدوه ، والذي لا إله إلا هو ما أذكر ما غبر من الدنيا إلا كالثَّغْب [أي الماء المستنقع] شرب صفوه ، وبقي كَدِره . ح ـ ٥/١١٧ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ئەفەرموێ : ئیمرۆ پیاوێکم هاتە لا لە شتێکی لێ‌پرسیم نەمزانی چۆنی جواب بدەمەوە . وتی : خەبەری ئەوەم بدەرێ پیاوێکی بەقووەت‌و سیلاح‌تەواوو بە کەیف‌و نیشاط بۆ غەزا لەگەڵ ئومەرای ئێمە ئەچێتە دەرێ بۆ غەزا ، ئەو ئەمیرە لەسەر گەلێ شت کە لە حساب نایێ ئەمری قەطعیمان پێ ئەکا کە بیکەین [یەعنی لە چاك‌و خراپا بە قسەی بکەین یان نا] ؟ پێم‌وت : وەڵلاهی ! نازانم چیت جواب بدەمەوە . ئەوەندەی هەیە ئێمە لە خزمەت پێغەمەرا بووین - ﷺ - دەفعەیێ نەبێ ، هیچ وەقت لە هیچ ئیشێکا بە قەطعی ی ئەمری پێ نەکردووین کە بیکەین ، ئێوە لەمەولا هەر لەسەر خێر ئەبن مادام کە تەقوای خواتان بێ ، ئەگەر یەکێکتان لە شتێکا (تردد)تان ببێ کە چاکە یا خراپە لە پیاوێ بپرسن کە شیفاتان بدا نزیکیشە کە یەکێکی واتان دەست نەکەوێ [چونکە ئەو نەوعە ئینسانانە بەرەودوا یەکەیەکە ئەمرن] قەسەم بەو ذاتەی کە غەیری ئەو مەعبوودی بە حەق نی‌یە نازانم لە دنیا کە چی لێ رۆییوەو چی ماوە ئەوە نەبێ وەك ئاوێکی پالاوتەو تەنقیەکراو ، صافەکەی خوراوەتەوەو خڵتەکەی ماوە [یەعنی ئومەرای موسوڵمانان چاکیان نەماوە ، ئەوی ماوە بە هەواو هەوەسی خۆی ئەمر ئەکا چاك‌و خراپ لێك ناداتەوە ئێوەیش دیقەت بکەن لە بێ‌شەرعییا بە قسەیان مەکەن] .

الجعائل والحُملان

١٠٠/١٢٤٩ قال مجاهد : قلت لابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : الغزوُ ، قال : إني أُحِبُّ أن أُعينك بطائفة من مالي . قلت : أوسع الله علي . قال : إن غناك لك ، وإني أُحب أن يكون من مالي في هذا الوجه . ح ـ ١٢١/٥ .

١٠١/١٢٥٠ وقال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : إن ناسا يأخذون من هذا المال ليجاهدوا ثم لا يجاهدون ، فمن فعله فنحن أحقُّ بماله حتى نأخذ منه ما أَخَذَ . وقال طاوس ومجاهد : إذا دُفع إليك شيء تخرج به في سبيل الله فاصنع به ماشئت وضعه عند أهلك . ح ـ ١٢٢/٥ . آثار .

تەرجەمە :

موجاهید ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : عەرزی ئیبن‌وعومەرم کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : کە ئیرادەی غەزام هەیە . فەرمووی : حەزەکەم کە بە بەعزێ لە ماڵی خۆم موعاوەنەتت بکەم . عەرزم‌کرد : خوا قودرەتی ماڵی بۆ زۆر کردووم . فەرمووی : دەوڵەمەندیی خۆت بۆ خۆت من وا حەزەکەم کە ماڵی من بێ . = کە هەندێ لە ماڵی من لەم ڕێگەدا بێ = .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەعزێ لە خەڵق بەعزێ لەم ماڵی (بيت المال)ە وەرئەگرن بۆ ئەمە کە غەزای پێ‌بکەن‌و غەزایش ناکەن ، هەرکەسێ وا بکا ئێمە موستەحەقترین بەو ماڵە کە دراویەتی‌و لێی بستێنینەوە .

طاوس‌و موجاهید ئەفەرموون : کە شتێکت درایە کە لە ڕێی خوادا پێی بچیتەدەرێ ، چی لەو ماڵە ئەکەی بیکە ، حەزەکەی بیدە بە ماڵ‌و

منالّت ، [ئەویش لە ڕێی خوادایە] .

قسەی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خاصە بەوەوە کە هەر بۆ خوصووصی غەزای بدرێتێ ، قسەی موجاهیدو طاوس ئەوەیە کە بۆ صەرفی لە ڕێی خوادا بیدرێتێ . (فلاتعارض) .

الأجير في الغزو

١٠٢/١٢٥١ قال الحسن وابن سيرين [رحمهما الله] : يقسم للأجير من المغنم ، وأخذ عطية بن قيس فرسا على النصف ، فبلغ سهم الفرس أربعمائة دينار ، فأخذ مائتين وأعطى صاحبه مائتين . ح - ١٢٣/٥ .

تەرجەمە :

حەسەنی بەصریی و ئیبن‌و سیرین - رحمهما الله - ئەفەرموون : بۆ ئەوەی لە غەزادا بە ئوجرەت بگیررێ لە غەنیمەت حیصەی بۆ جوێ‌ئەکرێتەوە . عەطیەی کوری قەیس بە نیوەیی ئەسپێکی گرت بە کرێ ، حیصەی ئەسپەکەی گەیی بە چوارصەد دینار . عەطیە دووصەدی بۆ خۆی هەڵگرت‌و دووصەدیشی دا بە صاحیبی ئەسپەکە .

١٠٣/١٢٥٢ عن صفوان بن يعلى عن أبيه - رضي الله تعالى عنه - قال : غزوت مع رسول الله - ﷺ - غزوة تبوك ، فحملت على بكر ، فهو أوثق أعمالي في نفسي فاستأجرت أجيراً ، فقاتل رجلا [يعلى] فعض أحدهما [يعلى] الآخر [الأجير] فانتزع يده من فيه : ونزع ثنيته ، فأتى العاض [يعلى] النبيَّ - ﷺ - فأهدرها ، فقال : أيدفع يده إليك فتقضمها كما يقضم الفحل ؟ ح - ١٢٣/٥ .

تەرجەمە :

يەعلا - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خذمەت پێغەمەرا - ﷺ - چووم بۆ غەزای تەبووك پیاوێکم سواری ئوشترێکی جوان‌کرد ، لام وابوو کە ئەوە چاکترینی عەمەلێکمە کە ئومێدم پێی ببێ . یەکێکم بە کرێ‌گرت [کە لە رێ خذمەتم بکا] شەڕی لەگەڵ کردم بەدەستیا گەزیم ، دەستی لە دەمم راپسکان دوو ددانی پێشەوەی دەرهێنام ، چوومە

خزمەت پێغەمەر - ﷺ - بە هەدەری برد ؛ قەصاصی بۆ نەستەنم و دییەیشی بۆ لێنەستەندم . فەرمووی : بۆ دەستی خۆی لە دەمی تۆدا بێڵێتەوە تا بیکورۆژێ وەك فەحل شت ئەكورۆژێ ؟

١٢٥٣/١٠٤ نافع بن جبير قال : سمعت العباس يقول للزبير - رضي الله تعالى عنهما - : ههنا [بالحجون] أمرك النبي أن تركُز الراية . ح - ١٢٤/٥ .

تەرجەمە :

عەباس بە زوبەیری فەرموو : پێغەمەر - ﷺ - ئەمری پێ فەرمووی : كە بەیباخەكە لێرەدا دابچەقێنی .

بەیباخ تا ئەمری سەركردە نەبێ دانانرێ و لە جێێ بە بێ ئەمری ئەو داناچەقێنرێ ؛ چونكی بەیباخ عەلامەتی ئەمیرو جێگەیەتی .

١٢٥٤/١٠٥ عن أسامة بن زيد - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله - ﷺ - ركب على حمار على إكاف عليه قطيفة ، وأردف أسامة وراءه ح - ١٢٨/٥ ن م - في المغازي . أخرجه أيضا في اللباس . تفسير ، أدب ، إستئذان .

تەرجەمە :

ئوسامەی كوری زەید - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - سواری گوێدرێژێ بووبوو كۆپانێكی لێكرابوو قەطیفەیێكی بەسەرا راخرابوو ، ئوسامەی سواری پاشكۆی خۆی كرد .

حەیوان تەحەمولی ببێ دووپشتەكبی سواربوونی دروستە .

نەرمەزین لەعەمەل هێنان دروستە .

١٢٥٥/١٠٦ عبدالله بن عمرو بن العاص - رضي الله تعالى عنهما -

قال : أقبل رجل إلى رسول [نبي] الله ، فقال : أبايعك على الهجرة والجهاد ، أبتغي الأجر من الله ـ تعالى ـ . قال : فهل من والديك أحد حيٌّ ؟ قال : نعم بل كلاهما . قال : فتبتغي الأجر من الله ؟ قال : نعم . قال : فارجع إلى والديك فأحسن صحبتهما ! م ـ ٩/٤٤١ . وفي اخرى أخصر : ففيهما فجاهد . ح ـ ٥/١٣٤ .

تەرجەمە :

پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی کرد : بەیعەتت لە خزمەتا ئەکەم لەسەر هیجرەت و غەزا ، بەوە ئەجر لە خوای تەعالا طەلەب ئەکەم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێی پرسی : هیچ کامێ لە باوك و دایکت زیندوون ؟ عەرزی کرد : بەڵێ هەردوکیان زیندوون . فەرمووی : ئەجر لە خوا طەڵەب ئەکەی ؟ عەرزی کرد : بەڵێ ، فەرمووی : بگەڕێرەوە لە صوحبەتیانا موعامەلەی چاکیان لەگەڵ بکە .

غەزاو هیجرەت گوناه نایێڵن ، خزمەت و ئیطاعەی دایك و باوك لە هەردوکیان خێری زیاترە .

١٠٧/١٢٥٦ أبو إسماعيل السكسكي [رحمه الله] قال : سمعت أبا بردة [الأشعري] واصطحب هو ويزيد بن أبي كبشة [رحمهما الله] في سفر ، فكان يزيد يصوم في السفر ، فقال له أبو بردة : سمعت [أبي] أبا موسى [الأشعري رضي الله تعالى عنه] مرارا يقول : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : إذا مرض العبد أو سافر كتب له مثل ماكان يعمل مقيما صحيحا . ح ـ ٥/١٣٢ .

تەرجەمە :

ئەبو بوردە ـ رحمه الله ـ لەگەڵ یەزیدی کوڕی ئەبوکەبشەدا لە سەفەرێکا رەفیق ئەبن . یەزید ـ رحمه الله ـ لەو سەفەرەدا بەڕۆژوو

ئەبوو ، ئەبوبوردە ـ رحمه الله ـ فەرمووی : چەند دەفعە لە ئەبوموسای باوکمم بیستوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیفەرموو : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە عەبد نەخۆش کەوت یا سەفەری کرد ، بە ساغی و بە موقیمی ی چە عەمەلێکی کردوە ئەوابی ئەو عەمەلەی بۆ ئەنووسرێ .

بە عوذر تەرکی عیبادەتێ کە عادەتیی بووبێ ، ئەگەر ئەو عوذرەی مانیع نەبوایە ئەیکرد ، ئەو عیبادەتەی بۆ ئەنووسرێ .

قەصر لە سەفەرا ئەوابی تەمامی هەیە ، بە دانیشتنەوە ، یا بە پاڵکەوتنەوە ، یا بە ئیشارەت نوێژ کردن ئەوابی تەواوی هەیە . فەرز ، یا واجب یا سوننەت ، کە ئینسان عاجز بێ لەبەجێهێنانی لە ئەوابی مەحرووم نابێ .

١٠٨/١٢٥٧ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : لو يعلم الناس ما في الوحدة ما أعلم ما سار راكب بليل وحده .

ح ـ ٥/١٣٣ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : لە دەرحەق بەتەنهایی بەرێدا رۆیین ئەگەر ئەوەی من ئەیزانم خەڵقیش بیانزانیایە هیچ کەس ، هیچ سوارێ بە شەو بە تەنها بەرێدا نەئەرۆیی .

١٠٩/١٢٥٨ أبو بشير الأنصاري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخبر أنه كان مع رسول الله ـ ﷺ ـ في بعض أسفاره ، قال عبدالله : حَسِبتُ أنه قال : والناس في مبيتهم ، فأرسل رسول الله ـ ﷺ ـ رسولا : لا تَبْقَيَنَّ وترا أو قِلادة إلا قطعت ، قال مالك (الامام) : أرى ذلك من العين

م ـ ٨/٢٤٧ . د ، ن . ح ـ ٥/١٣٥ .

ته رجه مه :

ئه بوبه شيرى ئه نصاريى ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه فه رموێ : له به عزێ سه فه رى پێغه مه را ـ ﷺ ـ له خذمه تيا بووم ، عه بدوڵڵاى كورى ئه بوبه كرى كورى حه زم ئه ڵێ : وابزانم كه ئه وه يشى فه رمووه : كه خه ڵق له جێ مۆڵگه ى خۆيانا بوون پێغه مه ر ـ ﷺ ـ يه كێكى نارد ئه مرى فه رموو : كه هيچ قه لاده و په ت له ملى حه يوانا نه مێنێ هه مووى ببرن ، مه بادا له تاودانا مليان دابپرێ . يا له به ر چاوه زار كراوه ته مليان ئه وه قه زاو قه ده ر ناگێرێته وه .

١١١/١٢٦٠[1] **عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كان النبي ـ ﷺ ـ إذا قفل من الحج أو العمرة ، ولا أعلمه إلا قال الغزو ، يقول : كلما أوفى على ثنية (أعلى الجبل ، أو الطريق في الجبال) أو فدفد (الفلاة من الأرض لاشيء فيها ، او الغليظة ، أو ذات الحصى المستوية ، أو المرتفعة) كبر ثلاثا ، ثم قال : لا إله إلا الله وحده لاشريك له ، له الملك وله الحمد ، وهو على كل شيء قدير ، آيبون ، تائبون ، عابدون ، ساجدون ، لربنا حامدون ، صدق الله وعده ، ونصر عبده ، وهزم الأحزاب وحده . ح ـ ١٣١/٥ .**

ته رجه مه :

عه بدوڵڵاى كورى عومه ر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه فه رموێ : پێغه مه ر ـ ﷺ ـ كه له حه ج يا عومره (سالمى كورى عه بدوڵڵا ئه فه مۆى) : كه عه بدوڵڵا هه ر ئه وه ى فه رموو كه پێغه مه ر ـ ﷺ ـ كه له غه زا بگه ڕايه وه

(١) دانه ر ـ خ ـ لێره دا ژماره (١١٠/١٢٥٩)ى له بيرچوه ، له به ر تێك نه چوونى ژماره ى حه ديثه كانى كتێبه كه وه ك خۆى هێشتمانه وه .

هـه‌ر وه‌ختێ كه لـه شاخێ سـه‌ربكه‌وتـايه يـا له بـاسكێكی به‌رده‌ڵانی سه‌ربكه‌وتايه سێ ده‌فعه (الله أكبر)ی ئه‌كرد ، له دواييدا ئه‌يفه‌رموو : غه‌يری خوا مه‌عبوودی به حه‌ق نی‌يه ، هيـچ شه‌ريكی نی‌يـه ، كه‌س موڵكی نی‌يه ، موڵك هه‌ر هی ئه‌وه ، هه‌موو ئه‌نواعی حه‌مدو ئه‌نا هه‌ر بۆ ئه‌وه ، قودره‌تی به‌سه‌ر هه‌موو شتێكا هه‌يه ، ئێمه روجووع ئه‌بينه‌وه بۆ لای خوا ، هه‌ر بۆ لای ئه‌و ته‌وبـه ئه‌كـه‌ين ، هه‌ر بـۆ ئه‌و عيبـاده‌ت ئه‌كه‌ين ، هه‌ر بۆ ئه‌و سوجده ئه‌به‌ين ، هه‌ر بۆ ئه‌و حه‌مد ئه‌كه‌ين ، خوا ـ عز وجل ـ وه‌عده‌ی به‌جێ هێنا كه دينی ئێمه سه‌ربخـا . موعـاوه‌نه‌تی عه‌بدی خۆيی كرد كه محه‌مه‌ده ـ ﷺ ـ به ته‌نها خۆی له‌شكری ئه‌حزابی شكان . (. . . .) .

١١٢/١٢٦٤ عبدالله بن عمرو (بن العاص) ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقـول : جاء رجـل إلى النبي ـ ﷺ ـ (جاهمـة بن العبـاس بن مـرداس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ن) يستأذنه في الجهاد ، فقال : أحيٌّ والـداك ؟ قال : نعم . قال : ففيهما فجاهد[1] . ح ـ ١٣٤/٥ .

ته‌رجه‌مه :

جـاهيمه‌ی كـوڕی عه‌بـاسی عوڕی مـه‌رداس ـ رضي الله تعالى عنهـا ـ هاتـه خزمـه‌ت پێغه‌مـه‌ر ـ ﷺ ـ ئيذنی لێ خـواست بۆ غـه‌زا ، فه‌رمووی : دايك و باوكت زيندوون يان نا ؟ عه‌رزی كرد : زيندوون .

(١) حه‌ديثی ژماره (١٢٥٥/١٠٦) وه‌ك ئه‌م حه‌ديثه وايه‌و ، له‌وێيش ئيشاره بۆ ئه‌م ريوايه‌ته كراوه .

فه‌رمووی : له‌وانا موجاهه‌ده بکه . نه‌نك‌و باپیریش وایه .

صیله‌ی ره‌حم‌و ئیطاعه‌ی دایك‌و باوك له ئه‌مری مه‌شرووعا فه‌رزی عه‌ینه ، جیهاد فه‌رزی کیفایه‌یه ، فه‌رزی عه‌ین له فه‌رزی کیفایه پێش ئه‌خرێ .

الأساري في السلاسل يدخلون الجنة

١٢٦٢/١١٣ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : عجب الله من قوم يدخلون الجنة في السلاسل ! ح ـ ٥/١٣٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوا تەعەجوبی فەرموو لە قەومێ کە لە زنجیرا ئەچنە بەهەشت !

تەعەجوب لەسەر خوا مەحاڵە . یەعنی کەسێ لە کەسێ تەعەجوب بکا چە موعامەلەیێکی لەگەڵ بکا خوا بەو نەوعە موعامەلەی لەگەڵ ئەکا لەم مەقامەدا . مەعنای وایە ئەو ئەسیرانەی کە بە ناحەق بە زوڵم پێوەند کراون خوا بە موقابیلی = ئەوە = لە ئاخیرەتا ئەیانباتە بەهەشتو موکافاتی مەزڵوومێتییان ئەداتەوەو ، بە زنجیرەوە ئەچنە بەهەشت ، ئیظهاری ئەکا بۆ خەڵقی بەهەشت .

١٢٦٣/١١٤ عن ابن عباس عن الصعب بن جَثامة ـ رضي الله تعالى عنهم ـ قال : مرَّبي النبي ـ ﷺ ـ بالأبواء [موضع ثلاثة وعشرون(!) ميلا من المدينة] أو بودّان [بينه وبين الأبواء ثمانية أميال] وسُئل [السائل الراوي] عن أهل الدار يبيتون من المشركين فيصاب من نسائهم وذراريهم قال : هم منهم . وسمعته يقول : لاحمى إلا لله ورسوله ـ ﷺ ـ ح ـ ٥/١٤١ . م ـ ٧/٣٢٤ . د ، جه ، ت ، ن .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس لە صەعبی کوڕی جەثامەوە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ریوایەت ئەفەرموێ : کە لە (ئەبوا) یا لە (وەدان) پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە لاما رابورد لێیان پرسی [لێم پرسی . قسطلانی] : کە ئەهلی ماڵێ لە

موشریك شه‌به‌یخوونیان به‌سه‌را ئه‌كرێ له‌وه‌دا ماڵ و مناڵیانیش پێوه ئه‌بن [یه‌عنی گوناهه یان نا ؟] فه‌رمووی : ئه‌وانیش له‌وانن . لێم بیست ئه‌یفه‌رموو : پاوان هه‌ر هی خواو هی پێغه‌مه‌ری خوایه - ﷺ - .

[ئه‌صڵی پاوان ئه‌وه بوه : ره‌ئیسی عه‌شیره‌تێ سه‌گێكی بردوته جێیێكی به‌رز . ئه‌و سه‌گه‌یان هێناوه‌ته وه‌ڕین ده‌نگی تاكوو كوێ ڕۆیبێ تا ئه‌و جێیه هه‌ر ئه‌و ره‌ئیسه حه‌یوانی لێ له‌وه‌ڕانوه ، ره‌ئیسه‌كه خۆی له‌گه‌ڵ خه‌ڵقا له جێی تریش حه‌یوانی لێ له‌وه‌ڕانوه . شه‌رع ئه‌وه‌ی به‌تاڵ كردۆته‌وه ، ته‌خصیصی كردوه به پێغه‌مه‌رو خوله‌فای پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ورضي عنهم - ئه‌ویش بۆ حه‌یوانی (بیت المال) بۆ حه‌یوانی خۆیان له‌گه‌ڵ خه‌ڵق فه‌رقیان نی‌یه ؛ گینا فه‌رقی نابێ له‌گه‌ڵ عاده‌تی جاهیلییه‌ت] .

١٢٦٤/١١٥ عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن امرأة وُجِدت في بعض مغازي النبي - ﷺ - [غزوة الفتح] مقتولة ، فأنكر رسول الله - ﷺ - [فنهى رسول الله - ﷺ - أخرى عن م]قتل النساء والصبيان ح - ١٤٢/٥ . م - ٣٢٤/٧ .

ته‌رجه‌مه :

له به‌عزێ غه‌زای پێغه‌مه‌را - ﷺ - [له غه‌زای فه‌تحا] ژنێكی مه‌قتوول دۆزرایه‌وه ، پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ئینكاری ئه‌وه‌ی كرد كه بۆچییان كوشتوه‌و ، نه‌هی كرد له كوشتنی ژن و مناڵ .

حه‌دیثه‌كه‌ی پێشوو له شه‌به‌یخوونا به بێ قه‌صد بكوژرێن به‌ر هێرش بكه‌ون . له‌م حه‌دیثه‌دا كه به عه‌مد بكوژرێن .

١٢٦٥/١١٦ عن عكرمة أن عليا - رضي الله تعالى عنه - حرَّق قوما [هم السبائية ، أتباع عبدالله بن سبأ ، يزعمون الألوهية لعلي - رضي الله

تعالى عنه ـ] فبلغ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فقال : لو كنت أنا لم أُحرقهم ؛ لأن النبي ـ ﷺ ـ قال : لا تعذبوا بعذاب الله ، ولقتلتهم كما قال النبي ـ ﷺ ـ : من بدَّل دينه فاقتلوه . ح ـ ١٤٣/٥ . فبلغ ذلك عليا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : صدق ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قسطلاني . د ، ن ، جه ، ت .

ته رجه مه :

عه كره مه ئه ڵێ : ئيمامى عه لى ـ رضي الله تعالى عنه ـ ته به عه ى عه بدوڵلاى كورى سه به ئى ـ له سه ر ئه مه كه ئيدديعاى ئولووهييه تى بـۆ ئه كه ن ـ سووتان . ئه و خه به ره گه يى به ئيبن وعه باس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فه رمووى : ئه گه ر من بوومايه نه مه سووتانن ، چونكى پێغه مه ر ـ ﷺ ـ فه رموويه تى : به عه ذابدانێ كه مه خصـووصه بـه خواوه كـه س عه ذاب مه ده ن . من ئه مكوشتن وه ك پێغه مه ر ـ ﷺ ـ فـه رموويـه تى : هه ركه سێ دينى خـۆى بگۆرێ بيكـوژن . [ئه م قســه ى ئيبن وعه بـاس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ به ئيمامى عه لى ـ رضي الله تعالى عنه ـ گه ييه وه فه رمووى : ئيبن وعه باس راست ئه كا . قسطلاني] .

رۆح له به ر سووتانن حه رامه . ئيمـامى عه لى ـ رضي الله تعـالِي عنه ـ ئه وه ى به ئيجتيهاد كردوه ، حه ديثه كه ى ئيبن وعه باسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێ نه گه ييبوو ؛ بۆيه ته صويبى ئيبن وعه باسى كرد ـ رضي الله تعالى عنهم ـ .

١٢٦٦/١١٧ عن أبي قلابة عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رهطا من عُكْل ثمانيـة قدموا على النبي ـ ﷺ ـ فاجتـووا المدينـة ، فقالوا : يا رسول الله أبغنا رِسْلا [لبنا] ، قال : ما أجد لكم إلا أن تلحقوا بالذَّوْدِ [من الثلاث إلى العشرة من الابل] فانطلقوا ، فشربوا من أبوالها

وألبانها حتى صحوا وسمنوا [ورجعت إليهم ألوانهم . إسماعيلي] وقتلوا الراعي [يسارا ـ رضي الله تعالى عنه ـ] واستاقوا الذود وكفروا بعد إسلامهم. فأتى الصريخ النبيَّ ـ ﷺ ـ فبعث الطلب . فما ترجل النهار [ارتفع حتى أُتي بهم . فقطع أيديهم وأرجلهم [من خلاف . ت] ثم أمر بمسامير فأُحميت ، فكحلهم بها ، وطرحهم بالحرة يستسقون فما يسقون حتى ماتوا . قال ابو قلابة [رحمه الله] : قتلوا وسرقوا وحاربوا الله ورسوله ـ ﷺ ـ وسعوا في الأرض فسادا . خ ـ ٥/١٤٤ ـ ح ـ ١/٢٩٢ . خ ـ ٧/١٠٠ . م ـ ٧/١٧٥ ـ ١٨٠ . وفيه : ولم يحسمهم [أي لم يكوهم] د ، ن . والبخاري في المغازي والديات .

[يكتب بعد هذا الحديث حديث ١٣٢/١٢٨١ .](١)

تەرجەمە :

قەومێکی هەشت کەسی لە عوکل هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ [موسوڵمان بوون] ئاب و هەوای مەدینەیان پێ نەکەوت ، نەخۆش کەوتن عەرزی پێغەمەریان کرد ـ ﷺ ـ : (یا رسول الله) شیرمان بۆ پەیداکە بیخۆینەوە ، فەرمووی : هیچم نی یە مەگەر بچنە لای وشترەکان . لێیان داو چوونە ئەو جێیەی کە وشترەکانی پێغەمەری ـ ﷺ ـ لێ بوو ، لە میزو لە شیری وشترەکانیان خواردەوە ، چابوونەوەو قەڵەو بوون و رەنگیان گەرایەوە روو . لە موکافاتی ئەو چاکەی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ شوانەکەیان شەهیدکردو وشترەکانیان برد ! لە دوای موسوڵمانەتی کافر بوون ، هاوارکەر هاواری هێنا بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ چەند سوارێکی نارد

(١) لەسەر ئەم داوای دانەرە حەدیثەکە دەگوێزینەوە ئێرە ، بەڵام هەر بە ژمارەکەی خۆیی و لە کاتی خۆیشیدا ئەم ژمارە ئەبوێرین .

بەشوێنیانا لە پێش ئەمەدا ڕۆژ بەرزبێتەوە هێنانیـان ، پێغەمـەر ـ ﷺ ـ ئەمری کرد : ڕاستو چەپی کردن [چونکی ماڵیان بـردبوو] لـە پاشـا ئەمری فەرموو ئاسنیان بۆ داغکردن هێنایان بەچاویانا ، فڕێیان‌دانە سەر بەردەڵانی یەکەی مەدینە ، داوای ئاویان ئەکرد ئاویان نەدرایێ تا مردن . ئەبو قەلابە ئـەفەرمـوێ : ئەوان پیـاویان کـوشتبوو ، وشتـرەکانیـان بردبوو ، موحارەبەیان لەگەڵ خواو پێغەمەرا کردبوو ـ ﷺ ـ ، لەسـەر ئەرزا فەسادیان کردبوو .

[ئەمما لای من وایە هیچ حاجەت بە تەئویل ناکا ، چونکی ئەم حادیثەیە لە مەدینەدا بوە . سوورەی (والنجم) لە مەککەدا نازڵ بوە ، لە سوورەی (والنجم)١ خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : کـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ هیێچ قسەیێ بە هەواو هەوەس ناکا ، ئەوی ئەیفەرموێ هەر بە وەحیە . کە وابێ ئەم ئەمری پێغەمەرە ـ ﷺ ـ وەحی ئیلاهی‌بـوە ، ئەو تەعذیبە بە ئەمری خوا بوە . خوا ـ عز وجل ـ لەوەی کە ئەیکا هیچ کەس حەقی ئەوەی نی‌یە لێی بپرسێ کە بۆچیت کردوە ؟ ڕەشید]

بوخاریی ئەم حەدیثەی لە پێنج جێدا ذیکرکردوە .

١٢٨١/١٣٢ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه قال : بعثنا رسول الله ـ ﷺ ـ في بعثٍ [أميره حمزة بن عمرو الأسلمي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] وقـال لنا : إن لقيتم فـلانا وفـلانا ـ لـرجلين من قريش سماهما ـ فحرِّقوهما بالنار . ثم أتيناه نودعه حين أردنا الخروج ، فقال : إني كنت أمرتكم أن تحرقوا فلانا وفلانا بالنار ، وإن النار لا يُعذِّب بها إلا الله ، فإن أخذتموهما فاقتلوهما . ح ـ ١١٤/٥ ، ١٤٢ . [فيه نسخ الأمر قبل العمل] .

يكتب هذا الحديث بعد ١٢٦٦/١١٧ .

ته رجه مه :

[زه ينه بى كچى پيغه مه ر ـ ﷺ ـ ، ورضي الله عنها ـ حاميله ئه بى و سوارى وشتريك ئه بى ، هه بيارى كورى ئه سوه دو يه كيكى تر ـ كه خيلافى تيايه : يا نافيعى كورى عه بدى عه مره ، يا خاليدى كورى عه بدى قه يسه ، يا نافيعى كورى قه يسه ، سا هه ركاميكيان بى مه طلووب نى يه ـ ئه و دوانه له و وشتره وه يان ژه ن كه حه زره تى زه ينه بى سوار بووبوو . زه ينه ب ـ رضي الله تعالى عنها ـ به وه مناله كه ى له بار چوو . قسطلاني]

ئه بوهوره يره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه فه رموى : پيغه مه ر ـ ﷺ ـ ئيمه ى له گه ل له شكريكا نارد بو جيبى فه رمووى : كه تووشى فلان و فلان بوون ـ ده رحه ق دووكه س له قوره يش = ناوى بردن = به ئاگر بيان سووتينن . له دواييدا ، كه ته مامان بوو برؤين ، چووينه خذمه تى كه ويداعى بكه ين ، فه رمووى : من ئه مرم پيكردن كه فلان و فلان بسووتينن به ئاگر ـ ئاگر غه يرى خوا كه س عه ذابى پى نادا [يه عنى ئه و عه ذابه لايه ق به ذاتى ئه وه ـ عز وجل ـ] ئه گه ر ئه و دوانه تان گرت بيان كوژن .

١٢٦٧/١١٨ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : [قال : نزل نبي من الأنبياء تحت شجرة فلدغته نملة ، فأمر بجهازه فأخرج من تحتها ، ثم أمر بها فأحرقت . فأوحى الله إليه : فهلّا نملة واحدة . م ـ ٩١/٩] قرصت نملة نبيا من الأنبياء [عُزيرا . وعند الترمذي : موسى ـ عليهما الصلاة والسلام ـ] فأمر بقرية النمل فأحرقت ! فأوحى الله إليه : أن قرصتك نملة أحرقت أمة من الأمم تسبح الله ! ح ـ ١٤٥/٥ . م ـ ٩١/٩ . د ، ن ، جه ، ت .

تەرجەمە :

ئەبوهورەيرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : مێروولـەیێ یەکێ لە پێغەمەرانی خوای گەزت [یا عوزەیر ، یا موسا ـ علیهما الصلاة والسلام ـ] ئەو پێغەمەرە ـ علیه السلام ـ ئەمری کـرد بە شـارەمێروەکـە سووتانیان . خوا ـ عز وجل ـ وەحی کردە سە ر : کە لە بەر ئەمە تەنها مێرووڵەیێ تۆی گەزت ئوممەتێ لە ئوممەتانت سووتان کە تەسبیحی خوای ئەکرد . لە ریوایەتەکەی موسلیما فەرمـووی : بۆ تـەنها مێروولـەییێکت نەسووتان ؟ یەعنی ئەوەی کە تۆی گەزتبوو .

(إحراقي بالنار) حەرامە

١٢٦٨/١١٩ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : حرق النبي ـ ﷺ ـ [سنة أربع] نخل بني النضير . وقطع وهي البُوَيرة . فأنزل الله ـ تعالى ـ : ﴿ما قطعتم من لينة أو تركتموها قائمة على أصولها ، فبإذن الله ، وليخـزي الفاسقـين﴾[1] ح ـ ٧/٣٥٩ [وخَـرَّب بيـوتهم بعـد أن حاصرهم خمسة عشر يوما . وفيهم نـزلت الآيات في سـورة الحشر . قسطلاني .] ح ـ ٥/١٤٦ . ح ـ ٧/٣٥٩ . ح ـ ٦/٢٦٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ باغی خورمای بەنی نەضیری سووتان [لە دوای ئەمە کە پانزە رۆژ موحاصەرەی دان ، خـانوەکـانی رووخانن . ئـایاتی حەشر دەرحەق ئەم حادیثەیە نازڵبـوە] (ومباحثـه تأتي إن شـاء الله في المغازي) .

کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری فەرموو دارخورمای بەنی نەضیر ببڕن و

(١) بڕوانە : سوورەتی حەشر . ئایەتی : ٥ .

بيسووتێنن ، عه‌رزيان‌كرد : ئه‌ی محه‌مه‌د تۆ نه‌هی ئه‌كه‌ی له‌مه كه له ئه‌رزا فه‌ساد بكرێ . كه‌چی خۆت دارخورما ئه‌سووتێنی‌و ئه‌يان‌بری ! ئه‌و وه‌خته ئه‌و ئايه‌ته نازڵ بوو : ئه‌و دارخورمايانه كه‌بريوتانه يا نه‌تان‌بريوه‌و به‌پێوه هێشتووتانه‌وه به ئيذنی خوا بوه‌و بۆيه بوه كه خوا فاسق‌و فاجير بێ ده‌ست‌و بێ قودره‌ت بكا .

يه‌عنی فه‌سادی (في الأرض) ئه‌وه‌يه كه به بێ سه‌به‌ب مه‌حض بۆ نه‌فعی دنياو (إضرار)ی خه‌ڵق رێ‌بگرێ‌و ،خه‌ڵق تاڵان بكاو ، پياو بكوژێ . . ئه‌وی كه به ئه‌مری خوا بێ‌و بۆ دين بێ بۆ مه‌نعی فه‌ساد بێ‌و بۆ ئيقامه‌ی عه‌داله‌ت بێ له جێی ظوڵم ئه‌وه فه‌ساد نی‌يه ، به‌ڵكو صه‌لاحه بۆ عيباد وه‌ك گياو گژه‌و درك پاك‌كردنه‌وه‌يه بۆ مه‌صله‌حه‌تی مه‌زرووعات .

الحرب خُدعة

١٢٠/ ١٢٦٩ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : سمى النبي - ﷺ - الحرب خُدْعة . ح - ٥/ ١٥٠ . م - ٧/ ٣٢٠ .

١٢١/ ١٢٧٠ جابر بن عبدالله - رضي الله تعالى عنهما - قال : قال النبي - ﷺ - : الحرب خُدعة . ح - ٥/ ١٥٠ . م - ٧/ ٣٢٠ . د ت ، ن .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرموویەتی : حەرب عیبارەتە لە خەڵەتانی دوشمن . [یەعنی بە هەر نەوعێ بێ ئیستیعمالی حیلە بۆ مەغلووبکردنی دوشمن لازمە ، ئەو لە ئیستیعمالی شەجاعەت موهیمترە] .

فكاك الأسير وفداؤه

١٢٧١/١٢٢ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ ﷺ ـ : فَكّوا العاني ، يعني الأسير ، وأطعموا الجائع ، وعودوا المريض . ح ـ ٥/ ١٦٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەسیر لە ئەسارەت دەرهێنن ، برسیی تێر بکەن ، ئەحواڵی نەخۆش بپرسن ، بچنە لای .

عەیادەتی نەخۆش سوننەتی موئەککەدەیە ، نەجاتی ئەسیردان و ، برسی تێرکردن . . فەرزی کیفایەیە .

[ئەبێ ئەوانەی کە شت گران ئەکەن و ئیحتیکار ئەکەن ، بە حیلە پارەی فەقیرو فوقەرا لە دەستیان پێننە دەرێ ، ئەحواڵیان چۆن بێ کە بەو نەوعە ئینسانی تێر برسی ئەکەن ؟ ! (أصلح الله حالنا وحال المحتكرين)] .

١٢٧٢/١٢٣ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رجالا من الأنصار إستأذنوا رسول الله ـ ﷺ ـ فقالوا : يا رسول الله إئذن = فلنترك = لابن أختنا عباس فداءه . فقال : لا تدعون منها درهما . ح ـ ٥/ ١٦١ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەعزێ پیاو لە ئەنصار ئیذنیان خواست لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیان کرد : (یا رسول الله) ئیذنمان بدە کە فیدیەی عەباسی خوشکەزامان بدەین ؛ لە ئەسارەت دەری هێنین . فەرمووی : نابێ درهەمێکی بەسەرەوە بێڵی ، ئەبێ هەموو

فيديه‌كه‌ی به ته‌واوه‌تی لیّ بستیّنن .

ئه‌نصار خالّی (عبدالمطلب)ن ؛ هاشم له به‌نی نه‌جار سه‌لمای كچی عه‌مری ماره كرد ، (عه‌بد المطلب)ی لیّبوو ، هاشم له‌وێ وه‌فاتی كرد . (عبدالمطلب)یّ باوك له مه‌دینه‌دا مایه‌وه . موطه‌لیبی برای هاشم چوو هیّنایه‌وه . (عبدالمطلب) رووت‌و قووت بوو ، له رێ له موطه‌لیبیان ئه‌پرسی : ئه‌و كوڕه‌ی كه پیّته كیّیه ؟ موطه‌لیب رووی نه‌ده‌هات بلّیّ برازامه ئه‌یوت : ئه‌وه عه‌بدمه . بۆیه ناونرا (عبدالمطلب) .

پیّغه‌مه‌ریش - ﷺ - بۆیێ رازی نه‌بوو به‌وه كه ئه‌نصار فیدیه‌ی بۆ بده‌ن ؛ تا له دینا طه‌ره‌فگیریی نه‌بیّ . هه‌موو ئه‌سیره‌كان كه له به‌درا به ئه‌سیریی گیران‌و به ئیشاره‌تی ئه‌بوبه‌كر - رضي الله تعالى عنه - به فیدیه له قه‌تل عه‌فوكران وه‌كوو یه‌ك بن . عه‌باس - رضي الله تعالى عنه - به واسیطه‌ی ئه‌مه كه مامی پیّغه‌مه‌ر بوو - ﷺ - فه‌رق نه‌كرێ له‌گه‌لّ ئه‌وانی تر .

١٢٧٣/١٢٤ عن أسلم [مولى عمر] أن عمر بن الخطاب - رضي الله تعالى عنه - استعمل مولى له يدعى هُنَيًّا على الحِمى ، فقال : يا هُنَيَ اضمم جناحك عن المسلمين ، واتق دعوة المظلوم ؛ فإن دعوة المظلوم مستجابة ، وأدخل رب الصُّريمة [القطيعة من الابل بقدر الثلاثين] والغُنيمة ، وإياي ونعم ابن عوف ، ونعم ابن عفان ؛ فإنهما إن تهلك

(١) دانه‌ر - خ - له ده‌قی عه‌ره‌بی‌یه‌كه‌دا وشه‌ی (فلنترك)ی له‌بیر چووبوو ، ئه‌و وشه بخریّته‌وه جیّگه‌ی خۆی‌و مانای لیّك بدریّته‌وه مانای حه‌دیثه‌كه هه‌ندیّك ده‌گۆریّت‌و ئاوای لیّ دیّت : «ئه‌ی پیّغه‌مه‌ری خوا ئیذنمان بده ده‌ست له فیدیه‌ی عه‌باسی خوشكه‌زامان هه‌لّگرین . . .» نه‌ك «بۆی بده‌ین . . .» .

ماشيتهما يرجعان إلى نخل وزرع ، وإن ربّ الصريمة ورب الغنيمة إن تهلك ماشيتهما يأتني ببنيه فيقول : يا أمير المؤمنين ، يا أمير المؤمنين ! أفتاركهم أنا لا أبا لك ؟ ! فالماء والكلأ أيسر عليَّ من الذهب والورق . وأيم الله إنهم ليرون أني قد ظلمتهم ! إنها لبلادهم ، فقاتلوا عليها في الجاهلية ، وأسلموا عليها في الإسلام . والذي نفسي بيده لولا المال الذي أحمل عليه في سبيل الله ما حميت عليهم من بلادهم شبرا . ح ـ ٥/١٦٨ .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌سله‌می مه‌ولای عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هونه‌یی مه‌ولای خۆیی کرد به مه‌ئمووری موحافه‌ظه‌ی پاوانی (بيت المال) ئه‌مری پێ فه‌رموو : که ده‌ستی خۆت له زوڵم‌کردن له موسوڵمانان مه‌نع بکه ، خۆت له دۆعای مه‌زڵووم بپارێزه ؛ چونکی دۆعای مه‌زڵووم لای خوا قه‌بووڵ ئه‌کرێ صاحیبی وشتری که‌م و صاحیبی مه‌ڕی که‌م ئیذن بده که حه‌یوانیان بکه‌نه ناو پاوانه‌که‌وه . زینهار ! حه‌یواناتی ئیبن‌وعه‌وف و ئیبن‌وعه‌ففانی نه‌که‌یته ناوه‌وه ؛ چونکی ئه‌وان ئه‌گه‌ر حه‌یواناتیان به هیلاك بچێ موراجه عه‌تی باغی[1] خورماو زه‌راعه‌تیان ئه‌که‌ن ، به‌وه مه‌عیشه‌تیان ته‌ئمین ئه‌که‌ن . ئه‌وانی که وشترو مه‌ڕیان که‌م بێ وشترو مه‌ره‌کانیان به هیلاك بچێ ماڵی تریان نی‌یه که به‌وه گوزه‌ران بکه‌ن به مناڵه‌وه بێنه لای من . ئه‌ڵێن : (يا أمير المؤمنين ، يا أمير المؤمنين !) ئایا من ئه‌وانه ته‌رك ئه‌که‌م و هیچیان نه‌ده‌مێ ؟ ! یا خوا باوکت نه‌مێنێ ! ئاوو گیام له لا سووکتره که بیانه‌مێ له ئاڵتوون و له زیو ، قه‌سه‌م به‌خوا !

(١) واته ئه‌گه‌ڕێنه‌وه سه‌ر باخ و کشت‌وکاڵ .

ئەوان وا ظەن ئەبەن کە من زوڵمم لێ کردوون . کە لە ئەرازیی ئەوان پاوانم جوێ‌کردۆتەوە بۆ حەیوانی (بیت المال) ؛ چونکی ئەو ئەرازی‌یە مەملەکەتی خۆیانە لە جاهیلییەتا شەڕیان لەسەر کردوە ، لە ئیسلامەتییا لەسەر ئەوە بە خواهش موسوڵمان بوون . قەسەم بەوەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! ئەگەر ئەو ماڵیاتە نەبوایە کە لە ڕێی خوادا غەزایی سوار ئەکەم لە مەملەکەتی ئەوان بستێ ئەرزم لێ قەدەغە نەئەکردن .

عەدالەتی ئیمامی عومەر تەماشاکە - رضي الله تعالى عنه - چەندە بەتەنگ فەقیرەوە بوە ! تەرجیحی داون بەسەر دەوڵەمەندانی موهاجیرو ئەنصارا !

جێگەیێ بە حەرب فەتح بکرێ خۆ یانو ماڵو مناڵیانو ئەملاكو ئەرازییان فەیئە بۆ موسوڵمانان حەقی صاحیبەکانیان نامێنێ ، ئەمما جێیێ بە صوڵح فەتحی بکرێ خۆیان حورنو ئەملاكو ئەرازییان بە موڵکایەتی بە دەستەوە ئەمێنێ ، بۆ کەس دروست نی‌یە کە هیچیان لێ بستێنێ . ئیمامی عومەریش - رضي الله تعالى عنه - وای موعامەمەلە لەگەڵ کردوون ، ئەو ئەرازی‌یەی کە قەدەغەی کردوە بۆ حەیوانی (بیت المال) ئاوا نەبـوونو مەوات[1] بوون ، ئەو ئیحیای کردۆتەوە بۆ مەصلەحەتی میللەت .

---

(١) مەبەست لە (مەوات) زەوی زاری مردووو بێ‌خاوەنـەو ، هەرکـەسێ بیەوێ - بە مەرجی خۆی - بوی هەیە زیندووی بکاتەوە .

إعادة مال المسلم إذا غنمه المشركون ثم غلب اليهم[1]

١٢٥/١٢٧٤ عن نافع عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - قال : ذهب فرس له ، فأخذه العدو ، فظهر عليه المسلمون فرُدَّ عليه في زمن رسول الله - ﷺ - ، وأبق عبد له فلحق بالروم فظهر عليهم المسلمون فرده عليه خالد بن الوليد بعد النبيّ - ﷺ - ح - ٥/١٧٢ . معلق وصله أبو داود .

تەرجەمە :

ئەسپێکی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەڕوا ، دوشمن ئەیگرێتەوە ، لە دواییدا موسوڵمانان فائیق ئەبن بەسەریانا ، لە زەمانی پێغەمەرا - ﷺ - ئەسپەکە ئەدرێتەوە بە عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - لە دوای پێغەمەر - ﷺ - [لە زەمانی خەلافەتی ئەبوبەکری صەدیقا - رضي الله تعالى عنه -] عەبدێکی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - هەڕا ئەکا ئیلتیحاق ئەکا بە ڕۆم ، موسوڵمانان غاڵب ئەبن بەسەریانا ، خالیدی کوڕی وەلید - رضي الله تعالى عنه - عەبدەکە ئیعادە ئەکاتەوە بۆ عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - .

لای ئیمامی شافیعي - رضي الله تعالى عنه - و جەماعەتێ لە عولەما . . کافر غاڵب ببن بەسەر موسوڵمانا بیانکەن بە ئەسیر ماڵیان

---

(١) مەبەستی لەم ناونیشانە ئەوەیە کە کافران ماڵی موسوڵمان بەتاڵان بەرن و دوایی موسوڵمانان سەرکەون بەسەر کافرەکاناو ئەو ماڵەیان چنگ بکەوێتەوە دەبێ بدرێتەوە بە خاوەنەکەی .

بەش بكەن لە بەینی خۆیانا ، نە خۆیان نە مالّیان نابیّ بە مولّكی ئەوان ، خۆیان هەر حورِن ، دووبارە موسولّمان غالّب ببن بەسەر كافرانا مالّی كافرەكان با تەقسیمیش بكریّ لە بەینی غەزاییدا هەر موسولّمانیّ مالّی خۆی بە دەست هەر كەسیّكەوە ببینیّ بۆی هەیە لیّی بستیّنیّتەوە .

ئەحمەدو مالیك ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموون : لە پیّش تەقسیما ئەیدریّتەوە ، لە دوای تەقسیم بە قیمەتی خۆی نەبیّ نایدریّتەوە .

ئەبوحەنیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویّ : عەبدی ئابیق[1] لە پیّش تەقسیمو دوای تەقسیم هی صاحیبەكەی خۆیەتی ، لە مالّی ترا وەك مالیكو ئەحمەدە ـ رضي الله تعالى عنهم أجمعين ـ .

دەلیلی شافیعی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەم حەدیثەیە .

(١) عەبدی ئابیق : بەندەی راكردووو هەلاّتوو .

الغلول[1]

١٢٧٥/١٢٦ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قام فينا النبي ـ ﷺ ـ فذكر الغلول فعظمه وعظم أمره قال : لا أُلْفِيَنَّ أحدكم يوم القيامة على رقبته شاة لها ثغاء ، على رقبته فرس له حَمْحَمَةٌ ، يقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئا قد أبلغتك . وعلى رقبته بعير له رغاء ، يقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئا أبلغتك . وعلى رقبته صامت (ذهب أو فضة) فيقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئا قد أبلغتك . أو على رقبته رِقاع (متاع غير النقدين) تَخْفِقُ (تضطرب) فيقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئا قد أبلغتك . ح ـ ٥/١٧٥ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە بەینمانا راوەستا بەحثی لە (غلول) ـ یەعنی خیانەتکردن لەماڵی غەنیمەت ـ فەرموو ، زۆری بە گەورە حسێب کرد ، بە گوناهێکی زۆر گەورەی ژمارد فەرمووی : لە رۆژی قیامەتا تووشی هیچ کەسێکتان نەبم کە مەڕێ وا لەسەر ئەستۆی ئەبارێنێ ، یا ئەسپێ وا لەسەر ئەستۆی ئەحیلێنێ . ئەڵێ[2] : (یا رسول الله) بە ئیمدادمەوە بێ ! ئەڵێم هیچ شتێکم لە دەست نایێ بۆت بکەم ، لە دنیادا ئەحکامی خوام پێگەیانی . یا وشترێکی لەسەر ئەستۆ بێ دەنگەدەنگی لێوە بێ بڵێ : (یا رسول الله) بە

(١) دزیی کردن لە غەنیمەت و تالانیی جەنگ .

(٢) زەلامەکە نەك مەڕو ئەسپەکە (ئەڵێ) .

ئیمدادمەوە بێ ! منیش ئەڵێم : هیچم لە دەست نایێ بۆت بکەم ، لە دنیادا ئەمرو نەهی خوام پێگەیانی . یا لەسەر ئەستۆی باری گرانی ئاڵتوون‌و زیو ببێ بڵێ : (یا رسول الله) بمگەرێ ! منیش بڵێم : هیچم پێ ناکرێ بۆت بکەم ، چاك‌و خراپم تێگەیانی . یا لەسەر ئەستۆی مەتاع‌و ماڵی تری دنیایی ببێ‌و بڵێ : (یا رسول الله) فریام کەوە ! منیش بڵێم هیچم لە دەست نایێ بۆ تۆ ، ئەحکامی ئیلاهی یەم تەبلیغ کردی .

یەعنی هەر لە ئێستەوە پێتان ئەڵێم ، نەصیحەتتان ئەکەم لە حەربا لە پێش تەقسیما لە ماڵی غەنیمەت لامەدەن ، لە قیامەتا لە ناو خەڵقا (مفتضح) ئەبن ، ئەو شتە ئەگرن بە کۆڵەوە یێنە لام کە نەجاتتان بدەم لە دەستی ، ئەو رۆژە هیچم پێ ناکرێ ئێوەیش عوذرتان نامێنێ .

ئەم حەدیثە تەهدیدێکی زۆری تیایە بۆ ئەوانەی کە (غلول) ئەکەن مەخصووصە بە بەعزێ ئەحواڵەوە (وإلا) پێغەمبەر - ﷺ - (شفيع المذنبين)ە ، فەقەط نابێ کەس مەغروور ببێ بەوە .

١٢٧/١٢٧٦ عن عبدالله بن عمرو - رضي الله تعالى عنهما - قال : كان على ثَقَل النبي - ﷺ - (أي على عياله ومتاعه) رجل يقال له : كَرْكَرْة (أهداه له صاحب اليمامة) فمات . فقال رسول الله - ﷺ - : هو في النار . فذهبوا ينظرون إليه ، فوجدوا عباءة قد غلها . ح/٥/١٧٦ .

تەرجەمە :

پیاوێ - غولامێکی کەرکەرە ناو بەسەر بارو گرانی پێغەمەرەوە بوو - ﷺ - چاوێری ئەکرد ئەو پیاوە وەفاتی کرد . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : لە ئاگرایە : چوون تەماشایان کرد ، عەبایێکی لە غەنیمەت لادابوو .

ئه‌مه موعجیزه‌یێكه بۆ پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ . بوونی له‌ ئاگرا موعه‌لله‌قه به‌ مه‌شیئه‌تی ئیلاهی ؛ گینا صه‌حابه‌ی پێغه‌مه‌رو خذمه‌تكاری بوه ـ ﷺ ، ورضي عنه ـ .

١٢٧٧/١٢٨ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنا مع النبي ـ ﷺ ـ مَقْفَلهُ من عُسفان ، ورسول الله ـ ﷺ ـ على راحلته ، وقد أردف صفية بنت حُيَي ـ رضي الله تعالى عنها ـ فعثرت ناقته ، فصرعا جميعا ، فاقتحم أبو طلحة (ـ رضي الله تعالى عنه ـ ، أي رمى نفسه) فقال : يا رسول الله جعلني الله فداءك ! قال : عليك المرأة ، فقَلَب ثوبا على وجهه وأتاها فألقاها عليها ، وأصلح لهما مركبهما فركبا ، واكتنفنا رسول الله ـ ﷺ ـ فلما أشرفنا على المدينة قال : آيبون تائبون عابدون لربنا حامدون ، فلم يزل يقول ذلك حتى دخل المدينة . ح ـ ٥/ ١٨٠ ، ١٨١ وفيه : فأتى رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : يانبي الله جعلني الله فداءك ! هل أصابك من شيء ؟ قال : لا ولكن عليك المرأة .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌نه‌س ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : له‌ خذمه‌ت پێغه‌مه‌را بووم ـ ﷺ ـ كه‌ ته‌شریفی له‌ عوسفـان ئه‌گـه‌رایه‌وه‌ ، صـه‌فیه‌ی كچی حوه‌یه‌یی ـ رضي الله تعالى عنها ـ سـواری پاشكـۆی خۆی كـردبوو ، وشتره‌كه‌ی سه‌رسمی داو هه‌ردوكیان كه‌وتنه‌خوارێ . ئه‌بوطه‌لحه‌ ـ رضي الله تعالى عنه ـ خۆی له‌سه‌ر وشتره‌كه‌ی فرێدایه‌ خوارێ ، هاته‌ خذمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ عه‌رزی كرد : (یا رسول الله) خوا به‌ فیدای تۆم كا ! هیچ ئازارت پێگه‌یی ؟ فه‌رمووی : خه‌یر ، ئـه‌مما بچـۆ به‌ لای ژنـه‌كه‌وه‌ ، ئه‌بوطه‌لحه‌ ـ رضي الله تعالى عنه ـ جلێكی له‌ سه‌رو چاویه‌وه‌ پێچاو چوه

خزمەت صەفیە - رضي الله تعالى عنها - جلەکەی دا بەسەرا . (یەعنی سەتری کرد لە بینـران) وشترەکـەو جێی بۆ چـاك‌کردن ، تـەشریفیـان سـواربوونـەوە ، ئێمەیش دەورەی پێغـەمەرمـان دا - ﷺ - کە نـزیـك بووینەوە لە مەدینە فەرمووی : لە سەفەر گەڕاینەوە ، تەوبەمان کرد ، عیبادەتی خوامان کرد ، حەمدی خوامان‌کرد . . هەر ئەوەی فەرموو تا داخڵی مەدینە بووین .

فرض الخمس

١٢٧٨/١٢٩ علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان لي شارف (ناقة مسنة) من نصيبي من المغنم يوم بدر ، وكان النبي ـ ﷺ ـ أعطاني شارفا من الخمس (من سرية عبدالله بن جحش ـ رضي الله تعالى عنه ـ) فلما أردت أن أبتني بفاطمة بنت النبي ـ ﷺ ـ ، (ورضي عنها) واعدت رجلا صوَّاغا من بني قَيْنُقاع أن يرتحل معي فنأتي بإذخِرٍ (زورناتك) أردت أن أبيعه الصواغين وأستعين به في وليمة عرسي ، فبينا أنا أجمع لشارِفيّ متاعا من الأقتاب والغرائر (خەرار) والحبال ، وشارفاي مناخان إلى جنب حجرة رجل من الأنصار ، رجعت حين جمعت ما جمعت ، فإذا شارفاي قد أُجِبَّتْ (أي : قطعت) أسنمتهما ، وبقرت خواصرهما (أي شُقَّت) وأخِذ من أكبادهما ! فلم أملك عينيَّ حين رأيت ذلك المنظرَ منهما ! فقلت : مَنْ فعل هذا ؟ فقالوا : فَعَل حمزةُ بن عبدالمطلب ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهو في هذا البيت في شَرْب من الأنصار .

فانطلقت حتى أدخلَ على النبي ـ ﷺ ـ وعنده زيد بن حارثة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فعرف النبي ـ ﷺ ـ في وجهي الذي لقيت ، فقال النبي ـ ﷺ ـ : مالَكَ ؟ فقلت : يا رسول الله ما رأيت كاليوم قط ! عدا حمزة على ناقَتَيَّ ؛ فأجَبَّ أسنمتهما ، وبقر خواصرهما ، وها هو ذا في بيت معه شَرْب (جماعة اجتمعوا لشرب الخمر) فدعا النبي ـ ﷺ ـ بردائه فارتدى ، ثم انطلق يمشي ، واتبعته أنا وزيد بن حارثة ، حتى جاء البيت الذي فيه حمزة ، فاستأذن ، فأذنوا لهم ، فإذا هم شَرْب ، فطفق رسول الله ـ ﷺ ـ يلوم حمزة فيما فعل ، فإذا حمزة قد ثَمِل (أي سكر) محمرة عيناه ، فنظر حمزة ـ رضي الله تعالى عنه ـ إلى رسول الله ـ ﷺ ـ ثم

صَعَّد النَّظَر فنظر إلى ركبته ، ثم صعد النظر فنظر إلى سُرَّته ، ثم صعد النظر فنظر إلى وجهه ، ثم قال حمزة : هل أنتم إلا عبيد لأبي ! ؟ فعرف رسول الله ـ ﷺ ـ أنه قد ثَمِل فنكص رسول الله ـ ﷺ ـ على عقبيه القهقريَّ وخرجنا معه . ح ـ ٥/١٨٢ . م ـ ٨/٢٢٢ . وفيه : قالوا : فعله حمزة بن عبدالمطلب وهو في هذا البيت في شرب من الأنصار غَنَّتْهُ قينة وأصحابه ، فقالت في غنائها :

ألا يا حمز للشُّرُف النواء .

فقام حمزة بالسيف فاجتبَّ أسنمتهما . . الحديث والباقي مثله .

[وقد جاء في غير مسلم تمام البيت :

ألا يـاحمـز للشــرف النـواء ... وهن معقــلات بــالفنــاء
ضـع السكين في اللبـات منها ... وضـرّجهن حمزة بـالدمـاء
وعجّـل من أطايبهـا لشَرْب ... قـديدا من طبيـخ أو شـواء

نووي]

الشُرُف : جمع شارفٍ . والنواءُ : السمانُ

تەرجەمە :

ئيمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : وشترێكی پێنج شەش ساڵەم بوو حيصصەی خۆم بوو لە غەنيمەتی بەدر . پێغەمەريش ـ ﷺ ـ لە خـومس وشترێكی تری دابوومێ ، كە ئيرادەی ئەوەم كرد كە فاطيمەی كچی پێغـەمەر ـ ﷺ ، ورضي عنهـا ـ بهێنم وەعدەم دا بـە پياوێكی ئاسنگەر(١) لە بەنی قەينوقاع كە لەگەڵم بێ بچين زورناتك بێنين

(١) دانەر ـ خ ـ مانای (صواغ)ی بە (ئاسنگەر) لێداوەتەوە ، بەڵام راست وايە (زەرەنگەر) بنووسرێ ؛ چونكە (حداد) ئاسنگەرە نەك (صواغ) .

بیفرۆشم بە ئاسنگەران کە پارەکەی صەرفی شایی بووك بکەم ، لەو وەختەدا کە تەداروکی کۆپان‌و خەرارو گوریسم بۆ وشترەکانم ئەکرد وشترەکانیشم لە تەنیشت دیواری ماڵێکی ئەنصارا ییخ‌دابوو ، سا چیم کۆکردبووەوە کۆم‌کردەوەو گەڕامەوە . چی‌ببینم ؟ وشترەکانم کۆپارەکانیان بررابوو ، کەلەکەیان لەت‌کرا بوو ، سیوجگەریان دەرهێنرابوو ، کە ئەوەم دی چاوم لەگریان پێ مەنع نەکرا ! پرسیم : کێ ئەمەی کردوە ؟ وتیان : حەمزەی کوڕی (عبدالمطلب) کردوویەتی . وا لەو ماڵەدا لەگەڵ چەند ئەنصارێ شەراب ئەخۆنەوە .

ڕۆییم بۆ خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ زەیدی کوڕی حاریثەی لە خزمەتا بوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە سیمام فەرقی بەوە کرد کە تووشی بوویووم ، فەرمووی : چیت لێ قەوماوە ؟ مەسئەلەکەم عەرزکرد . بەرماڵەکەی طەلەب فەرموو ، دای بەشانیاو تەشریفی ڕۆیی ، من‌و زەیدی کوڕی حاریثە شوێنی کەوتین تا تەشریفی چوە ئەو ماڵەی کە حەمزەی لێ‌بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیستیذانی فەرموو ، ئیذن‌درا کە تەشریفی چوە ژوورێ چەند کەسێکی لێ‌بوو شەرابیان ئەخواردەوە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستی‌کرد بە سەرزەنشی حەمزە کە بۆچی وای کردوە .

ئیمامی حەمزە سەرخۆش بوو ، چاوی سوور بووبوو تەماشای پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ لە دواییا چاوی هەڵبری تەماشای ئەژنۆی کرد ، لە دواییا چاوی بەرزکردەوە تەماشای ناوکی کرد ، لە دواییدا چاوی بەرز کردەوە تەماشای وەجهی کەریمی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ لە دواییدا وتی : بۆ ئێوە غەیری عەبدی باوکی من چین ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ زانی کە زۆر سەرخۆش بوە ، مەبادا زیاتر تەجاوزبکا ، پاشەوپاش گەڕایەوە ، ئێمەیش لە خزمەتیا چووینە دەرێ (لە پاشا پێغەمەر ـ ﷺ ـ وشترەکانی بە

حه‌رزه‌تی حه‌مزه بژارد . م) .

له موسلیما ئه‌وه‌ی لیٚ زیادکردوه که حه‌زره‌تی حه‌مزه ـ رضي الله تعالى عنه ـ له‌و ماڵه‌دا خوٚی‌و ئه‌حبابی شه‌رابیان ئه‌خوارده‌وه . جاریه‌یێ به‌سته‌ی بوٚ ئه‌وتن ، له به‌سته‌که‌یا وتی :

ئه‌ی حه‌مزه هه‌ڵسه بوٚ ئه‌و وشتره قه‌ڵه‌وانه (که له مه‌یدانا ئه‌شکیٚل کراون ، کیٚرد بیٚنه به گه‌ردنیانا ، ئه‌ی حه‌مزه له خویٚنیان هه‌ڵکیٚشه ، به عه‌جه‌له له‌جیٚی به‌له‌ذه‌تیان گوٚشتی کولاّو یا برژاو حازر بکه بوٚ ئه‌م شه‌رابخوٚرانه . غه‌یری موسلیم ، نووي) که جاریه‌که ئه‌و به‌سته‌ی خویٚنه‌وه حه‌زره‌تی حه‌مزه ـ رضي الله تعالى عنه ـ ته‌شریفی هه‌ڵسا چوو کوٚپاره‌ی وشتره‌کانی بری ، که‌له‌که‌ی هه‌ڵدرین جگه‌ره‌که‌ی لیٚ هیٚنانه ده‌ریٚ‌و بوٚی بردن کردیان به مه‌زه .

ئه‌و وه‌خته ئیٚشتا شه‌راب حه‌رام نه‌کرابوو . حه‌زره‌تی حه‌مزه ـ رضي الله تعالى عنه ـ سه‌رخوٚش بووبوو ، عه‌قڵی له‌سه‌ریا نه‌مابوو ، بوٚیه وشتره‌کانی کوشت ، بوٚیه بیٚ ئه‌مه سه‌ریان ببریٚ به وه‌جهی شه‌رعي ، جگه‌رو دووگه‌که‌ی خواردن ، بوٚیه به‌و قسه‌یه موقابه‌له‌ی پیٚغه‌مه‌ری کرد ـ ﷺ ـ . (والحاصل) له‌و وه‌خته‌دا موکه‌لله‌ف نه‌بوو ، فه‌قه‌ط غه‌یره موکه‌لله‌ف زه‌ره‌ری دا پیٚی ته‌ضمین ئه‌کریٚ[1] . (من نووي) .

۱۲۷۹/۱۳۰ عن أسلم أنه سمع عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : أما والذي نفسي بيده ! لولا أن أترك آخر الناس بَبَّانا (أي مَكَّاسا فقراء) ليس لهم شيء مافُتِحتْ عليَّ قرية إلا قسمتها كما قسم النبي

(۱) پیٚی ته‌ضمین ئه‌کریٚ : واته پیٚی ئه‌بژیٚرریٚ .

ـ ﷺ ـ خيبر ، ولكني أتركها خزانة لهم يقتسمونها (أي خراجها) ح ـ ٦/ ٣٦٠ . وفي رواية : لولا آخر المسلمين .ـ الخ ح ـ ٦/ ٣٦٠ .
ته‌رجه‌مه :

ئه‌سله‌م ئه‌فه‌رموێ : كه له عومه‌ری كوڕی خه‌طابم بيست ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌يفه‌رموو : خه‌به‌رتان بێ قه‌سه‌م به‌وه‌ی نه‌فسم وا له ده‌ستی قودره‌تيا ئه‌گه‌ر ئه‌وه نه‌بوايه كه ئاخری خه‌ڵق فه‌قير ئه‌بن و ئه‌بن به باجگرو هيچيان نابێ . . هيچ جێيێكم فه‌تح نه‌ده‌كرد كه ته‌قسيمی نه‌كه‌م له به‌ينی غه‌زاييدا وه‌ك پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ خه‌يبه‌ری ته‌قسيم كرد (يه‌عنی منيش هه‌ر جێيێكم بگرتايه ته‌قسيمم ئه‌كرد له به‌ينی غه‌زاييدا ، ئه‌مما له‌وه ئه‌ترسم ئه‌و جێيه‌ی كه فه‌تحی ئه‌كه‌م ئه‌گه‌ر بێنم ته‌قسيمی بكه‌م ئه‌وانه‌ی كه نه‌هاتوون بۆ غه‌زاو ئه‌وانه كه له‌مه‌ولا موسوڵمان ئه‌بن ، يا يێنه دنياوه ، هيچيان نه‌بێ و فه‌قيربن و له‌به‌ر فه‌قيريی مه‌جبوور ببن به باجگريی . (لكن) ئه‌و جێگه‌يانه‌ی كه فه‌تحی ئه‌كه‌م ئه‌يێڵمه‌وه‌و به‌شی ناكه‌م ، ئه‌يكه‌م به خه‌زێنه له دواييدا خه‌راجه‌كه‌ی له به‌ينی خۆيانا ته‌قسيم بكه‌ن .

(هه‌يهات ! ئه‌م ته‌دبيره عومری هه‌ر به قه‌د عومری خۆی بوو)

١٢٨٠/ ١٣١ جوه‌يريه‌ی كوڕی قدامة التميمي قال : سمعت عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قلنا : أوصنا يا أمير المؤمنين . قال : أوصيكم بذمة الله ؛ فإنه ذمة نبيكم ورزق عيالكم . ح ـ ٥/ ٢٢٥ .

ته‌رجه‌مه :

جوه‌يريه‌ی كوڕی قودامه ئه‌فه‌رموێ : عه‌رزی ئيمامی عومه‌رمان كرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ كه وه‌صيه‌تمان بۆ بكه . فه‌رمووی :

وه‌صيه‌تتان به‌وه بۆ ئه‌كه‌م كه عه‌هدى خوا به‌جىٚ بێنن ؛ چونكه عه‌هدى پێغه‌مه‌رى ئێوه‌يه‌و رزقى ماڵو مناڵتانه . (يه‌عنى موعامه‌له‌ى باش بكه‌ن له‌گه‌ڵ ئه‌هلى ذيمـه‌تا ، بـه عه‌دالـه‌ت جيزيـه‌يان لىٚ‌بستێنن ، زوڵميـان لىٚ‌مه‌كه‌ن ، به‌وه‌ى كه موافيقى ئه‌مرى خواو پێغه‌مه‌رى خـوايه - ﷺ - لێيان ته‌حصيل ئه‌كه‌ن ، ماڵو مناڵتانى پىٚ به‌خه‌م ئه‌كه‌ن . ئه‌مما ئێسته گاورو ، جووو ، موسوڵمان وه‌ك يه‌ك سه‌رانه‌يان لىٚ ئه‌ستێنرىٚ !)

١٢٨٢/١٣٣ [١] عن أبي سعيد الخدري - رضي الله تعالى عنه - قال : بينما نحن في سفر مع النبي - ﷺ - إذ جاء رجل على راحلة له ، قال : فجعل يصرف بصره يمينا وشمالا ، فقال رسول الله - ﷺ - : من كان معه فضل ظهر فليعد به على من لا ظهر له ، ومن كان له فضل من زاد فليعد به على من لا زاد له . قال : فذكر من أصناف المال ماذكر ، حتى رأينا أنه لا حق لأحد منا في فضل . م - ٧/٣٠٥ .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بو سه‌عيدى خدرى - رضي الله تعالى عنه - ئه‌فـه‌رموىٚ : لـه وه‌ختێكا كه ئێمه له سه‌فه‌رێكـا له خـذمه‌ت پێغـه‌مه‌را بـووين - ﷺ - پياوێكى وشترسوار هات چاوى به‌م‌لاوبه‌ولادا ئه‌گێرا به‌راسته‌و چه‌په‌دا (بـه ئوميـدى ئه‌مـه كه ده‌فعى ئيحتيـاجى بكرىٚ) ، پێغـه‌مـه‌ر - ﷺ - فه‌رمووى : هه‌ركه‌سىٚ له خۆى زيـاد حه‌يـوانێكى سواريى لابىٚ بيـدا به‌وه‌ى كه حه‌يوانى نى‌يه ، هه‌ركه‌سىٚ زياد له خۆى زوادێكى هه‌يه بيدا به‌وه‌ى كه زوادى نى‌يه . ئه‌بوسه‌عيد - رضي الله تعالى عنه - ئه‌فه‌رموىٚ :

(١) وه‌ك له‌وێيش دياريمان كرد حه‌ديثى ژماره (١٢٨١/١٣٢) مان دواى حه‌ديثى (١٢٦٦/١١٧) له‌سه‌ر داواى دانه‌ر نووسى .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە ئەنواعی ماڵ ئەوی کە فەرمووی ـ فەرمووی ، حەتا لامان وابووکە هیچ کەس حەقی نی‌یە لە زیادیدا .

(لەم حەدیثەدا تەرغیبو تەشویقی تیایە بە صەدەقەو سەخاوەتو ئیحسانو چاکی ی لەگەڵ برادەرانی دینیدا .

موحتاج ـ با داوایش نەکا ـ کە حەرەکەتێکی وای کرد لەوە مەعلووم بێ کە موحتاجە سوننەتە ، بەڵکو لە بەعزێ ئەحوالاً فەرزی کیفایەیە ، کە دەفعی ئیحتیاجی‌یەکەی بکرێ با سواریش بێو پۆشتەو پاراویش بێو لە جێی خۆیا دەوڵەمەند بێ ، لەو حاڵەدا لە زەکات لە بەشی (إبن السبیل) بەشی بۆ جوێ ئەکرێتەوە . نووي)

١٢٨٣/١٣٤ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال : ما أعطيكم ولا أمنعكم ، أنا قاسم أضع حيث أمرت . ح ـ ١٩٧/٥ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : من نە شتتان ئەدەمێ نە شتتان لێ مەنع ئەکەم (یەعنی موعطیو مانیع هەر خوایە ـ عز وجل ـ) من غەیری تەقسیم کەر هیچی تر نیم (ئەوی لە دەستمایە) لەو جێیەی دائەنێم کە ئەمرم پێ ئەکرێ کە لێی دانێم .

١٢٨٤/١٣٥ عن خولة الأنصارية ـ رضي الله تعالى عنها ـ [زوج حمزة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] ؟قالت :سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : إن رجالا يتخوضون في مال الله بغير حق فلهم النار يوم القيامة . ح ـ ١٩٧/٥ .

تەرجەمە :

خەولەی ئەنصاری‌یە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم بیست ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : کە بەعزێ پیاو بە ناحەق

ته‌صه‌رِوف ئه‌كه‌ن له [بيت المال] له رۆژی قيامه‌تا به‌شی ئه‌وان ئاگره .

١٣٦/١٢٨٥ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : غزا نبي من الأنبياء [يوشع ـ عليه الصلاة والسلام ـ] فقال لقومه : لا يتبعني رجل ملَكَ بُضْع امرأة وهو يريد أن يبني بها ولما لم يَبْن بها ، ولا أحدبنى بيوتا ولم يرفع سقوفها ، ولا أحد إشترى غنما [حَوامِل] أو خَلِفات [الحامل من النوق] وهو ينتظر ولادها . فغزا ، فدنا من القرية صلاة العصر أو قريبا من ذلك ، فقال للشمس : إنك مأمورة ، وأنا مأمور أللهم احبسها علينا فحبست حتى فتح الله [تعالى] عليه ، فجمع الغنائم ، فجاءت ـ يعني النار ـ لتأكلها فلم تَطْعَمها . فقال : إن فيكم غُلولا فليبايعني من كل قبيلة رجل فلَزِقت يد رجل بيده ، فقال : فيكم الغلول ، فليبايعني قبيلتك ، فلَزِقت يد رجلين أو ثلاثة بيده ، فقال : فيكم الغلول ، فجاؤا برأس مثل رأس بقرة من الذهب فوضعوها ، فجاءت النار فأكلتها ، ثم أحل الله لنا الغنائم . رأى ضعفنا وعَجْزنا فأحلها لنا . ح ـ ٥/١٩٩ . م ـ ٣٢٧/٧ . ح ـ ٦٣/٨ إلى ولما يبن بها .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوهوره‌يره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : پێغه‌مه‌رێ له پێغه‌مه‌ران [عليهم الصلاة والسلام] (كعب الأحبار) ئه‌ڵێ : ئه‌و پێغه‌مه‌ره حه‌زره‌تی يوشع ـ عليه الصلاة والسلام ـ بوو له دوای حه‌زره‌تی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ بوو به پێغه‌مه‌ر ، خوا ـ عز وجل ـ ئه‌مری پێكرد كه‌ حه‌رب له‌گه‌ڵ جه‌بباران بكا] غه‌زای كرد به قه‌ومه‌كه‌ی [كه به‌نی ئيسرائيله] فه‌رمووی : كه‌سێكم شوێن

نـەکەوێ کـە ژنێکی مارەکـردبێو تەمـای بێ بچێتە زەفـافـەوەو ئێشتـا نـەچـوویێتـە زەفـاف . کـەسێکیشم شـوێن نـەکـەوێ کـە خـانـووی دروستکردبێو ئێشتا سەری نەگرتبێ . کەسێکیشم شوێن نەکەوێ کە مەڕو وشتری ئاوسی کڕیبێو چاوەڕوانی زایینیان بێو [ئێشتا نەزابن] .

ئەو پێغەمـەرە (ـ علیه الصـلاة والسلام ـ لـەگەڵ ئـەوانەی کـە موافیقی مەطلووبی بوو) تەشریفی چوو بۆ غەزا ، نزیك بۆوە لەو شارەی کە غەزای ئەکرد ، کە ئەریحایە ، یا وەقتی عەصر بوو یا نزیکی عەصر بوو ، [ڕۆژی جومعە بوو لەوە ترسا کە شەوێ شەممە دابێو غەزایان بۆ دروست نەبێ] بە ڕۆژی وت : تۆ مەئمووریو منیش مەئموورم ، خوایە ڕۆژمان بۆ حەبس بکە ، حەبس کرا تا خوا ئەریحای بـۆ فەتـح کردن ، غەنیمەتی کۆکردەوە ، ئاگر هات کە بیخوا [یەعنی بیسووتێنێ] ئاگرەکە تامی غەنیمەتەکەی نەکرد ، [یەعنی نەیسووتان . یوشع ـ علیه الصلاة والسلام ـ] فەرمووی : لە ناو ئێوەدا خیانەت هەیە ، لە هەر قەبیلەیێ یەکێکیان دەست بنێتە ناو دەستمەوەو بەیعەتم لەگەڵ بکا . دەستی پیاوێ بە دەستیەوە نووسا . فەرمووی ، لە قەبیلەی ئێوەدا غولـوول هەیـە ، قەبیلەکەت موبایەعەم لەگەڵ بکـەن . دەستی دوو پیاو یـا سیانیـان بە دەستیەوە نووسا . فەرمووی : خیانەت لە ئێـوەدایە . چـوون بە قـەد سەری گاجووتێ ئاڵتوونیان هێنا لە ناو غەنیمەتەکە دایاننا ئاگر هاتو خواردی ـ سووتانی ـ .

پێغەمەر فەرمووی ـ ﷺ ـ خوا غەنیمەتی بۆ ئێمە حەلاڵ فەرمووە . عیلمی هەیە کە ئێمە ضەعیفو عاجـزین بۆیـە غەنیمـەتی بۆ حـەلاڵ کردووین .

١٢٨٦/١٣٧ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ان رسول الله ـ ﷺ ـ بعث سرية [فكنت فيها . أخرى] فيها عبدالله بن عمر قِبَل نجد فغنموا إبِلا كثيرا [وغنما . م] فكانت سهامهم إثنى عشر بعيرا ، أو أحد عشر بعيرا ، ونُفِلوا بعيرا بعيرا . ح ـ ٢٠٨/٥ . ح ـ ٤٠١/٦ ، وليس فيه الشك . وفيه : فرجعنا بثلاثة عشر بعيرا . م ـ ٣٣١/٧ .

ته‌رجه‌مه :

ئيبن و عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ده‌سته‌يێكى بۆ شه‌به‌يخوون نارد ، منيشيان له‌ناوا بووم ، ئوشترێكى زۆرو مه‌رێكى زۆريان به‌تالاَن هێنا به‌شى كوللى كه‌سێ دوانزه وشتر بوو سه‌رو وشتريشى زياد له به‌شى خۆيان پێ عه‌طا فه‌رموون هه‌ر يه‌كه به سێنزه وشتره‌وه گه‌راينه‌وه .

١٢٨٧/١٣٨ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ كان يُنَفِّل [أو من باب علم] بعض من يبعث من السرايا لأنفسهم خاصة سوى قَسْم عامة الجيش . ح ـ ٢٠٩/٥ . م ـ ٣٣٣/٧ . وفيه : والخمس في ذلك واجب كله .

١٢٨٨/١٣٩ وعنه قال : نَفَلَنا رسول الله ـ ﷺ ـ نفلا سوى نصيبنا من الخمس ، فأصابني شارف ، والشارف : المسنُّ الكبير . م ـ ٣٣٢/٧ .

ته‌رجه‌مه :

ئيبن وعومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ به‌عزێ له‌وانه‌ى كه به شه‌وره‌ويى ئه‌يناردن بۆ جێيێ له (خمس الخمس)ى غه‌نيمه‌ت زياد له حه‌قى خۆيان له‌گه‌ڵ عومومى له‌شكرا ئه‌يدانێ ، به

خوصووصی بەشی تریشی ئەدانێ . لە موسلیما ئەفەرموێ : خومس لە هەموو غەنیمەتەکەدا لازمە کە تەقسیم بکرێ .

ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ غەیری حەقی خۆمان لە خومس لە (خمس الخمس) یش بەشی داین ، وشترێکی بە عومرم بەرکەوت .

نەفل : یەعنی زیادەبەشی مەخصووصە بەوانەوە کە لە حەربا هونەرێکی زیادیان نوانبێ ، بە هەموو کەسێ لە لەشکرەکە نادرێ .

لای ئیمامی شافیعی و مالیك و ئەبوحەنیفە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لە (خمس الخمس) ئەدرێ ، لای حەسەنی بەصری و ، ئەوزاعی و ، ئیمامی ئەحمەد ـ رحمهم الله ـ لە ئەصلی غەنیمەتەکە ئەدرێ ، لە قەولێکی تری شافیعیدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە چوار خومسەکەی تری ئەدرێ . قەولێکی تریشی موافیقی ئەحمەدە ، کە وابێ سێ قەولی هەیە . ئەصەحی هەموویان قەولی ئەوەڵە . (من نووي) .

بركة الغازي في ماله حيا وميتا مع النبي - ﷺ - وولاة الأمر

١٢٨٩/١٤٠ عن عبدالله بن الزبير - رضي الله تعالى عنهما - قال : لما وقف الزبير - رضي الله تعالى عنه - يوم الجمل [على باب البصرة ، سنة ست وثلاثين ، بعد مقتل عثمان - رضي الله تعالى عنه -] دعاني فقمت إلى جنبه فقال : يا بُنيَّ إنه لا يقتل اليوم إلا ظالم أو مظلوم وإني لا أُراني إلا سأقتل اليوم مظلوما (لقوله - عليه الصلاة والسلام - : بشر قاتل ابن صفية بالنار) وإن من أكبر همِّي لَدَيْني ! أَفَتُرى يُبْقي دَيْنُنا من مالنا شيئا ؟ فقال : يا بني بع مالنا فاقض ديني ، وأوصى بالثلث (مطلقا) وثلثِه لبنيه يعني (بني . أبو ذر) عبدالله بن الزبير ، يقول : ثلث الثلث ، فإن فضل من مالنا فضل بعد قضاء الدين شيئ فثلثه لولدك .

[الظاهر أن في متن الأثر إسقاطا لأنه قال أولا أوصى بالثلث مطلقا وبثلث ثلثه لبني عبدالله - رضي الله تعالى عنه - وهنا يقول : إن بقي شيء فثلثه أي ثلث الباقي . ولا يلتئم مع ما سبق . وحق العبارة أن يقول : فإن فضل بعد قضاء الدين شيء فثلثه للوصية ، وثلثه ، أي ثلث الثلث ، لولدك . رشيد] .

قال هشام : وكان بعض ولد عبدالله قد وازىٰ [في أنصبائهم] بعض بني الزبير [في أنصبائهم ؛ لأن ثلث الثلث إذا قسم بين بني عبدالله بلغ سهم كل منهم مقدار سهام بني الزبير لكثرتهم . ولا تلتفت إلى قول العيني : إن المعنى وازىٰ سن بعض بني عبدالله سن بعض ولد الزبير - رضي الله تعالى عنهما - والوصية لبني عبدالله - رضي الله تعالى عنه - ليس

من الوصية للوارث لحجبهم بأبيهم وأعمامهم . رشيد] خبيبٌ وعَبَّادٌ وله يومئذ تسعة بنين وتسع بنات . [وهذا يؤيد ما قلت . رشيد] =ح ـ ٢٠٣/٥ = .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کە زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە [لە ساڵی سی وشەشی هیجرییا] لە بەر دەرگای بەصرە وەستا [کە لەگەڵ حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ] لە وەقعەی جەمەلا [بچن لە گەڵ ئیمامی عەلی شەڕ بکەن تاکو قاتیلی ئیمامی عوثمانیان بداتێ بە قیصاص بیکوژنەوە] منی بانگ‌کرد ، کە چووم لە تەنیشتیەوە وەستام ، فەرمووی : ئەی کوڕە بچکۆلەی خۆم = ئەی ڕۆڵەی خۆم ، ئیمڕۆ هەرکەسێ بکوژرێ یا زاڵمە یا مەزڵوومە ، من هەر وا ظەن ئەبەم کە ئیمڕۆ بە مەزڵوومی ئەکوژرێم ؛ [چونکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرموویەتی : موژدە بدەن بەو کەسەی کە زوبەیر ئەکوژێ ئەچێتە ناو ئاگرەوە] . گەورەترینی غەمی من قەرزەکەمە ، ئایا ظەن = ئەبەی = کە قەرزەکەمان هیچ بهێڵێتەوە لە ماڵی ئێمە ؟

فەرمووی : ئەی ڕۆڵەی خۆم هەرچی ماڵێکی ئێمە هەیە بیفرۆشە ؛ قەرزەکەم بدەرەوە . وە وەصیەتی بە سێیەکی کرد . سێیەکی سێیەکیشی کرد بە وەصیەت بۆ ئەولادی عەبدوڵلا . [ئەوە وەصیەت نی یە بۆ واریث ؛ چونکی مەحجووب ئەبن بە باوکیان و مامەکانیان] هیشامی کوڕی عوروە ئەفەرموێ : بەعزێ لە ئەولادی عەبدوڵلا کە خەبیب و عەبادە [لە عومرا (عيني) . لە بەشا (ابن بطال)] بەرابەر ئەبوون بە بەعزێ لە ئەولادی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو ڕۆژە زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ نۆ کوڕو نۆ کچی بوو .

(بە فەرائيض تەقسيمم كرد لە دووصەدو چل و سێ سەهم هەشتاو يەك سەهمی وەصيەتی موطلەقە ، بيست و حەوت سەهمی هی كوڕانی عەبدوڵڵايە . عەبدوڵڵا لەگەڵ براكانيا يەكی دە سەهميان بەرەكەوێ كچانيشی يەكی پێنج سەهميان بەرئەكەوێ . ئێوەيش حسێبی بكەن)

قال عبدالله : فجعل يوصيني بدَيْنه ويقول : يا بُنَيَّ إن عجزت عنه في شيء فاستعن عليه مولاي [عز وجل] قال : فوالله ما دَرَيت ما أراد ، حتى قلت : يا أَبَتِ من مولاك ؟ قال : الله . قال : فوالله ماوقعت في كُربْة من دَيْنه إلا قلت : يا مولى الزبير إقض عنه دينه فيقضيه . فقتل الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

[روى الحاكم من طرق متعددة : أن عليا ذكرَّ الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ ﷺ ـ قال له : لتقاتلن عليا وأنت ظالم له ، فرجع قبل القتال . فقتله عمرو ابن جُرْمُوز ، وهو نائم بوادي السباع . من قسطلاني]

ولم يدع دينارا ولا درهما إلا أَرَضين منها الغابة [أرض كبيرة من عوالي المدينة ، إشتراها بسبعين ومائة ألف . وبيعت بألف ألف وستمائة ألف] وإحدى عشرة دارا بالمدينة ، ودارين بالبصرة ، ودارا بالكوفة ، ودارا بمصر .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵا ئەفەرموێ : ئيتر هەر وەصيەتی بۆ قەرزەكەی لا ئەكردم ؛ ئەيفەرموو : ئەی رۆڵەی خۆم ئەگەر لە شتێكا لە قەرزدانەوەدا عاجز = بووی = لە مەولام موعاوەنەت طەلەب كە . عەبدوڵڵا ئەفەرموێ : وەڵلاهی نەمزانی مەقصوودی لە مەولای كێيە تا عەرزم كرد : بابەلێ مەولات كێيە ؟ فەرمووی : خوايە . عەبدوڵڵا

ئه‌فه‌رموێ : وه‌ڵڵاهی هه‌ر ته‌نگانه‌یێ تـووش بوومـایه بـۆ قه‌رزه‌کـه‌ی ئه‌موت : یا مه‌ولای زوبه‌یر قه‌رزه‌که‌ی زوبـه‌یر بـده‌ره‌وه ، خوا ـ عـز وجل ـ ئه‌یدایه‌وه . زوبه‌یر ـ رضي الله تعالى عنه ـ شه‌هیدکرا .

[حاکم ریوایه‌ت ئه‌کا که ئیمامی عه‌لی ئه‌خاته‌وه فکری زوبه‌یر که پێغه‌مه‌رر ـ ﷺ ـ به = زوبه‌یری = فه‌رموو : تۆ شـه‌ڕ له‌گـه‌ڵ عه‌لیـدا ئه‌که‌ی ، له‌وه‌دا تۆ زاڵمی . له‌به‌ر ئه‌وه زوبه‌یر له پێش شه‌ڕا گه‌ڕایه‌وه ، له (وادی السباع) نوستبوو عه‌مری کوڕی جورموز به ناغافڵ شه‌هیدی کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ]

نه دیناڕێ نه درهه‌مێکی به‌جێ نه‌هێشت ، ته‌نها چه‌نـد ئه‌رزێ نه‌بێ که غابه یه‌کێ بوو له‌و ئه‌رزانه [غابه ئه‌رزێکی زۆر گه‌وره‌یه له ژوور مه‌دینه‌وه] یازده خانوویشی له مه‌دینه بوو ، دوو خانووی له به‌صره بوو ، خانووییکی له کووفه بوو ، خانووییکی له میصرا بوو .

قال : وإنما كـان دَينه الـذي عليه أنِ الـرجل كـان يأتيـه بالمـال فيستودعه إياه ، فيقول الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لا ، ولكنه سَلَف (قرض) فإني أخشى عليه الضيعة . وما ولِيَ إمارة قط ولا جباية خراج ، ولا شيئا إلا أن يكون في غزوة مع النبي ـ ﷺ ـ أو مع أبي بكر ، وعمر ، وعثمان ـ رضي الله تعالى عنهم ـ [روى الزبير بن بكّار أنه كان له ألف مملوك يؤدّون إليه الخراج] .

قال عبدالله بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : فَحَسَبْتُ ما عليه من الدين فوجدته ألفي ألف ومائتي ألف . قال : فلقي حكيم بن حِزام ـ رضي الله تعالى عنه ـ عبدالله بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فقال : يا ابن أخي كم على أخي من الدين ؟ فكتمه . فقال : مائة ألف . فقال

حكيم - رضي الله تعالى عنه - : والله ما أُري أموالكم تسع لهذه . فقال له عبدالله : أفرأيْتُك إن كانت ألفي ألف ومائتي ألف ؟ ! قال : ما أراكم تطيقون هذا ، فإن عجزتم عن شيء منه فاستعينوا بي .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵا ئەفەرموێ : ئەو قەرزەی کە لەسەر زوبەیر بوو - رضي الله تعالى عنه - هەر ئەوە بوو خەڵق ماڵیان ئەهێنایە لای بە ئەمانەت ، ئەویش فەرموویە : ئەمانەت قەبووڵ ناکەم ، ئەترسم کە ضایع ببێ ، ئەمما بە قەرز قەبووڵی ئەکەم . زوبەیر - رضي الله تعالى عنه - نە ئەمیرێتی کردوە ، نە تەحصیلاتی خەراجی کردوە ، نە هیچی تر ، ئەوەندەی هەیە لە خزمەت پێغەمەرا - ﷺ - یا لە خزمەت ئەبوبەکرا ، یا عومەرا ، یا عوثمانا - رضي الله تعالى عنهم - چووبێ بۆ غەزا . [زوبەیری کوری بەکار ئەفەرموێ : هەزار عەبدی بوو خەراجیان ئەدایێ] . عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : قەرزەکەیم حیساب کرد . دوو هەزارهەزارو دووصەد هەزار بوو ، فەرمووی : بە حەکیمی کوری حیزام گەیی - رضي الله تعالى عنه - لێی پرسی : ئەی کوری برای خۆم قەرزی براکەم چەندە ؟ عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - کەمی میقدارەکەی کرد ، فەرمووی : صەد هەزارە - حەکیم فەرمووی : وەڵڵاهی ظەننم نی یە کە ماڵی ئێوە بەشی ئەو قەرزە بکا . عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : ئەگەر دوو هەزارهەزارو دووصەدهەزار بێ ئەڵێی چی ؟ حەکیم فەرمووی : ظەننم نی یە کە بتوانن بیدەنەوە . ئەگەر لە میقدارێکی عاجز بوون موعاوەنەتم لێ طەلەب بکەن .

قال : وكان الزبير - رضي الله تعالى عنه - إشترى الغابة بسبعين ومائة ألف ، فباعها عبدالله بألف ألف وستمائة ألف ، ثم قام فقال : من كان له على الزبير - رضي الله تعالى عنه - حقٌ فليوافنا [فليأتنا] بالغابة ، فأتاه عبدالله بن جعفر - رضي الله تعالى عنهما - وكان له على الزبير أربعمائة ألف ، فقال لعبدالله : إن شئتم تركتها لكم . قال عبدالله : قال لا . قال : فإن شئتم جعلتموها فيما تؤخرون - إن أخرتم - فقال عبدالله : لا . قال : فأقطعوا لي قطعة . فقال عبدالله : لك من هٰهنا إلى ههنا . قال : فباع منها [من الغابة وغيرها] فقضى دَيْنه فأوفاه ، وبقي منها أربعة أسهم ونصف ، فقدم على معاوية وعنده عمرو بن عثمان - رضي الله تعالى عنه - والمنذر بن الزبير - رضي الله تعالى عنه - وابن زمعة أخو أم المؤمنين سودة - رضي الله تعالى عنها - فقال له معاوية : كم قوِّمتَ الغابة ؟ قال : كل سهم مائة ألف . قال : كم بقي ؟ قال : أربعة أسهم ونصف . قال المنذر بن الزبير - رضي الله تعالى عنه - : قد أخذت سهما بمائة ألف . قال عمرو بن عثمان - رضي الله تعالى عنه - : قد أخذت سهما بمائة ألف . وقال ابن زمعة : قد أخذت سهما بمائة ألف . فقال معاوية : كم بقي ؟ فقال : سهم ونصف . قال : أخذته بخمسين ومائة ألف .

قال : وباع عبدالله بن جعفر - رضي الله تعالى عنهما - نصيبه من معاوية بستمائة ألف . فلما فرغ ابن الزبير - رضي الله تعالى عنهما - من قضاء دينه قال بنو الزبير : أقسم بيننا ميراثنا قال : لا والله لا أقسم بينكم حتى أنادي بالموسم أربع سنين : ألا من كان له على الزبير دين فليأتنا فلنقضه ! قال : فجعل كل سنة ينادي بالموسم . فلما مضى أربع سنين

قسم بينهم . قال : فكان للزبير أربع نسوة ، ورفع الثلث فأصاب كل إمرأة ألف ألف ومائتا ألف فجميع ماله خمسون ألف ألف ومائتا ألف . ح ـ ٥/٢٠٣ . غلط في الحساب في زيادة مائتا ألف على ألف ألف في حصص نسوة الزبير . [كما غلطتُ أنا في الحساب حيث لم أُدخل النسوة في تصحيح المسألة ، فصححوه .[1] وفي القسطلاني توجيهات للسهو الذي رواه البخاري] .

تەرجەمە :

عـورِوە ئەفـەرموێ : زوبـەیر غـابەی بـە صەدو حـەفتا هـەزار کڕیبوو ، عەبدوڵڵا بە هەزار هەزارو شەشصەد هەزاری فرۆت ، لـە دوایيدا عەبـدوڵڵا راوەستـا فەرمـووی : هەرکـەسێ حەقێکی بـەسەر زوبەیرەوە هەیە لە غابە بێتە لام . عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ چوار سەد هەزاری لەسەر زوبەیر بوو فەرمووی : ئەگەر هەوەستان هەیە واز لە قەرزەکەم بێنم . عەبدوڵڵا فەرمووی : خەیر . فەرمووی : ئەگەر هـەوەستان بێنێ بمخـەنە دواوە ، ئـەگەر بـەعزێکی تەئخیر ئەکەن . عەبدوڵڵا فەرمـووی : خەیـر . فەرمـووی : کە وابێ پارچەیێکم لە غابە بۆ بربدەن . عەبدوڵڵا فەرمووی : لەوێوە تا ئەوێ بۆ تـۆ بێ ، عورِوە ئـەڵێ : ئەو پـارچەیـەی پێ فـرۆت و تـەسلیمی کـردو قەرزەکەی بە تەواوی دایەوە .

---

(١) دانەر ـ خ ـ مەبەستی لەم هەڵەی خۆی لەو مەسئەلـەدایە کـە لە پێشـەوە فەرمووی : «بە فەرائیض تەقسیمم . .» خۆی لێـرە بە دواوە ژنـەکانیش دەخاتە مەسئەلەکەو حەلی دەکات .

له غابه چوار سه‌هم‌و نیوی مایه‌وه عه‌بدوڵلا ته‌شریفی چوه لای موعاویه ، عه‌مری کوڕی عوثمان‌و ، مونذیری کوڕی زوبه‌یرو ، عه‌بدوڵلای کوڕی - رضي الله تعالى عنهم - له لای موعاویه بوو ، موعاویه له عه‌بدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - ی پرسی : غابه به چه‌نده نرخی بڕرا ؟ فه‌رمووی : هه‌ر سه‌همێکی به صه‌دهه‌زار . وتی : چه‌ند سه‌همی ماوه ؟ فه‌رمووی : چوار سه‌هم‌و نیوی ماوه . مونذیری کوڕی زوبه‌یر - رضي الله تعالى عنه - فه‌رمووی : سه‌همێکم به صه‌د هه‌زار وه‌رگرت . عه‌مری کوڕی عوثمان - رضي الله تعالى عنه - وتی : منیش سه‌همێکم به‌صه‌د هه‌زار وه‌رگرت . عه‌بدوڵلای کوڕی (زمعه) - رضي الله تعالى عنه - فه‌رمووی : منیش سه‌همێکم به صه‌دهه‌زار وه‌رگرت . موعاویه وتی : چه‌ند سه‌همی ماوه ؟ عه‌بدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - فه‌رمووی : سه‌هم‌و نیوێکی ماوه . موعاویه وتی : منیش ئه‌وه‌م به صه‌دو په‌نجاهه‌زار وه‌رگرت .

عوروه ئه‌فه‌رموێ : عه‌بدوڵلای کوڕی جه‌عفه‌ر حیصه‌که‌ی خۆیی به موعاویه فرۆت به شه‌شصه‌د هه‌زار ، که (ابن الزبير) - رضي الله تعالى عنهما - له قه‌رزدانه‌وه بوه‌وه کوڕانی زوبه‌یر - رضي الله تعالى عنه - عه‌رزیان کرد : ئیتر میراته‌که‌مان له‌ به‌ینا به‌ش‌بکه . فه‌رمووی : وه‌ڵلاهی تا چوار ساڵ له مه‌وسیمی حه‌جا جاڕ نه‌ده‌م که کێ قه‌رزی به‌سه‌ر زوبه‌یره‌وه هه‌یه - رضي الله تعالى عنه - بێ بیده‌مه‌وه . . . به‌شی ناکه‌م ! چوار ساڵ له مه‌وسیما به‌و نه‌وعه جاڕی دا ، دوای چوار ساڵه له به‌ینیانا ته‌قسیمی کرد . زوبه‌یر - رضي الله تعالى عنه - چوار ژنی بوو ثولثی و[ثولثی ثولثی] لێ جویٚ‌کرده‌وه ، ژنه‌کانی هه‌ر یه‌کی صه‌د هه‌زار

هه‌زارو دووصه‌دهه‌زاريان به‌ركه‌وت . به‌م حسابه مه‌جمووعى ته‌ريكه‌ى زوبه‌ير په‌نجاهه‌زار هه‌زارو دووصه‌د هه‌زار بوو .

ته‌صحيحى مه‌سئه‌له‌ى ميراثى يه[1] . ٧٧٧٦ :

---

(١) گه‌لێك گه‌ڕام نه‌مزانى دانه‌ر ـ خ ـ ئه‌م مه‌سئه‌له‌ى له كوێ ـ به‌م شێوه ـ وه‌رگرتوه . له‌سه‌ر ئه‌م ماڵى زوبه‌يره گه‌لێ قسه كراوه‌و ، قه‌سطه‌لانى‌و عه‌سقه‌لانى‌و كه‌سانى ديكه‌يش قسه‌يان له‌سه‌ر كردوه ، بۆ زياده متمانه‌ى باسه‌كه چوومه خزمه‌ت مامۆستا مه‌لا عه‌بدولكه‌ريمى مدرس ، ئه‌نجام پاش گه‌ڕان‌و پشكنين ئه‌مه نه‌تيجه‌ى باسه‌كه بوو : تێكڕاى ماڵى زوبه‌ير (٢٠٠ر٥٠) په‌نجا مليۆن‌و دووصه‌د هه‌زار درهه‌م بوه . ئه‌مه‌يش به هه‌موو سامانه‌كه‌ى كه (غابه)و زه‌وى‌و زارو خانوه‌كانى مه‌دينه‌و به‌صره‌و ميصرو . . تاد قازانجى مانه‌وه‌ى ئه‌و چوار ساڵه كه عه‌بدوڵلا ماڵه‌كه‌ى هێشته‌وه‌و به‌شى نه‌كرد . به‌شكردنه‌كه‌يش به‌م شێوه ده‌بێت :

دوو مليۆن‌و دووصه‌د هه‌زارى قه‌رز لێ ده‌رده‌چێت .

سێ‌يه‌كيشى ـ كه (١٦) شازده ـ مليۆنه جياده‌كرێته‌وه . دواى ئه‌وه‌ى كه ئه‌مانه ده‌ركرا (٣٢) مليۆن ده‌مێنێته‌وه ، به پێى زانيارى فه‌رائيض به‌ش ده‌كرێ .

چوار ژنه‌كه هه‌ر يه‌كه‌يان هه‌شت‌يه‌ك ده‌بات كه ده‌كاته يه‌ك مليۆن ، واته به‌شى چوار ژنه‌كه چوار مليۆن ده‌بێت . (٢٨) به‌ش ده‌مێنێته‌وه به‌سه‌ر كوڕو كچه‌كاندا ـ نێر دوو به‌ش‌و مێ به‌شێك ـ به‌ش ده‌كرێت . كوڕه‌كان كه (٩) ن (١٨) به‌ش‌و ، كچه‌كانيش كه نۆن (٩) به‌ش ، ئه‌مه (٢٧) به‌شى ، يه‌ك‌به‌ش ده‌مێنێته‌وه ـ له به‌شى كچ‌و كوڕه‌كان ـ دووباره به ياساى پێشوو به‌ش ده‌كرێته‌وه به‌سه‌ريانا .

ثلث/٢٥٩٢ ، ثلث الثلث/٨٦٤ ، أربع نسوة لكل منها/٢٤٣ ، البنات لكل منها/١٢٤ ، والبنون لكل منهم/٢٤٨ ، مسألة/٧٧٧٦ .

١٤١/١٢٩٠ مروان بن الحكم [. . . .] ومسور بن مخرمة [ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أسلم مع أبيه بعد الفتح] أخبرا أن رسول الله ـ ﷺ ـ قال حين جاءه وفد هوازن مسلمين فسألوه أن يرد إليهم أموالهم وسبيهم [وعند الواقدي كان فيهم أبو برقان السعدي ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : يا رسول الله إنْ في هذه الحظائر إلا أمهاتك ، وخالاتك ، وحواضنك ، ومرضعاتك . فامننْ علينا منَّ الله عليك ! وفي شعر زهير بن صُرَد كما في المعجم الصغير للطبراني :

أمنن على نسوة قد كنتَ ترضعها إذ فوك تملؤه من محضها الدرر

قسطلاني]

فقال لهم رسول الله ـ ﷺ ـ : أحبُّ الحديث إلي أصدقه ، فاختاروا إحدى الطائفتين : إمّا السبي ، وإمّا المال ، وقد كنت إستأنيت بهم . وقد كان رسول الله ـ ﷺ ـ إنتظرهم بضع عشرة ليلة حين قفل من الطائف ، فلما تبين لهم أن رسول الله ـ ﷺ ـ غير راد إليهم إلا إحدى الطائفتين قالوا : فإنا نختار سبينا ، فقام رسول الله ـ ﷺ ـ في المسلمين فأثنى على الله بما هو أهله ، ثم قال : أما بعد : فإن إخوانكم هؤلاء قد جاؤنا تائبين ، وإني قد رأيت أن أرد إليهم سبيهم ، من أحبَّ أن يُطَيِّبَ فليفعل ، ومن أحبَّ منكم أن يكون على حظه حتى نعطيه إياه من أول ما يفيء الله علينا فليفعل . فقال الناس : قد طيَّبْنا ذلك يا رسول الله لهم . [ولأبي ذر : قد طيَّبنا ذلك لرسول الله ـ ﷺ ـ] فقال لهم رسول الله ـ ﷺ ـ : إنا لاندري من أذِن لكم في ذلك ممن لم يأذن ، فارجعوا حتى

يرفع إلينا عرفاؤكم أمركم . فرجع الناس ، فكلّمهم عرفاؤهم ثم رجعوا إلى رسول الله ـ ﷺ ـ فأخبروه أنهم قد طيّبوا فأذنوا . (قال ابن شهاب) : فهذا الذي بلغنا عن سبي هوازن . ح ـ ٢٠٧/٥ .
ح ـ ١٥٤/٤ ، ٣٠٥ ، ٣٤٣ ، ح ـ ٣٨٩/٦ . د ، ن .
ح ـ ٢٣٦/١٠ .

ئه‌گه‌ر تيكراری به‌عزێ حه‌ديث بينێ له (مجمع البحرين)ا عه‌ييم لێمه‌گرن ، موكه‌ڕه‌ره‌كه‌ی طه‌ی بكه‌ن .

ئه‌م حه‌ديثه مورسه‌له ؛ چونكی مه‌روان صه‌حابه نی‌يه ، تابيعی‌يه . ميسوره‌يش ـ رضي الله تعالى عنه ـ حازری وه‌قعه‌كه نه‌بوه فه‌قه‌ط مورسه‌لی صه‌حابی‌يه حوكمی مه‌رفووعی هه‌يه .

ته‌رجه‌مه :

ميسوه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خه‌به‌ری داوه به عورووه‌ی كوڕی زوبه‌ير ـ رضي الله تعالى عنه ـ : له‌و وه‌خته‌دا كه وه‌فدی هه‌وازين به موسوڵمانه‌تی هاتنه خزمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ طه‌ڵه‌بيان لێكرد كه ئه‌سيره‌كان‌و ماڵه‌كانيان پێ ببه‌خشێ . (ئه‌بو به‌رقانی) سه‌عديی ـ رضي الله تعالى عنه ـ يشيان له‌ناوا بوو ، عه‌رزی پێغه‌مه‌ری كرد ـ ﷺ ـ : (يا رسول الله) ئه‌وانه‌ی كه له‌و حه‌بسخانه‌ی تۆدان غه‌يری[1] دايك‌و ، پوورو ، دايه‌ن‌و ، به‌خێوكه‌ری تۆ كه‌سی تر نين ، به عه‌فويان له ئه‌سيری منه‌تمان به‌سه‌را بنێ ، خوا مه‌منوونت بكا . زوهه‌ير له شيعری

(١) له ئه‌سڵه‌كه‌دا (غه‌يری ئه‌وانه‌ی غه‌يری دايك‌و . . .) بوو به‌هه‌ڵه‌مان زانی‌و ، وه‌ك سه‌ره‌وه راستمان كرده‌وه .

= خۆیا = ئەڵێ : منەت بنێ بەسەر ئەو ژنانەدا کە شیرت ئەمژین ، لەو وەختـەدا کە مـژینیان دوڕی قـەطرەی شیـریان دەمی مـوبارەکی پـڕە کردی) .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموون : خۆشترین قسە لای من ئەو قسەیە کە راست بێ ؛ لە دوو شت یەکێکیان ئیختیار بکەن : یا ئەسیرەکان ، یا ماڵەکانتان . تا ئێستە تەئخیرم خست بەشم نەکرد . راویی ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دە پانزە رۆژ مونتەظیریان بوو ، لەو وەختەدا کە تەشریفی لە طائیف گەڕایەوە (بەشکردنەکەی دوا خست) .

کە لێیان مەعلووم بوو کـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ هەر یـەکێ لەو دوو طائیفەیان ئەداتەوە عەرزیانکرد : ئێمە هەر ئەسیرەکانمان ئـەوێتەوە ، یەعنی ماڵمان ناوێ ، کە ئەوەیان عەرزکرد پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لە ناو موسوڵمانانا راوەستا ، بەوەی کە لایەق بە شەئنی خوابێ حەمدو ثـەنای خوای کرد ، لە دواییدا فەرمووی : (أما بعد) کە برادەرانی دینیی ئێوە کە فروستادەی هەوازینن تۆبەیان لە کوفر کردوەو هاتوونـە لامان ، منیش رەئیم وایـەو وا مەصڵەحـەت ئەبینم کـە ئەسیـرەکانیـان بـدەمـەوە . هـەرکەسێ حـەزەکا بـە طیبی نەفسی بێ عیـوەض کە ئـەسیرەکـانیان بدرێتەوە با بیکا ، هەرکەسێ لە ئێوە وا حەزەکا کە لەسەر بەشی خۆی بمێنێ تا لە ئەوەڵ غەنیمەتێ کە خوا بۆمان بنێرێ بێئەمێ[1] بیکا . هەموو خـەڵق عەرزیـانکـرد : (یـا رسـول الله) بـە طیبی نـەفس رازین کـە بیاندرێتەوە بێ عیوەض . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی . ئێمە نازانین کێ ئیذنی داوەو کێ ئیذنی نەداوە ، بگەڕێنەوە تا وەکیـلو حەکـەمەکـانتان

(۱) بێئەمێ : بیدەمێ .

ئیراده‌و فیکری هه‌مووتانمان بینێته لا .

خه‌ڵق گه‌رانه‌وه ، وه‌کیله کانیان (یه‌که یه‌که) قسه‌یان له‌گه‌ڵ کردن ، له دواییدا گه‌رانه‌وه بۆ خذمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ خه‌به‌ریان دایێ و عه‌رزیان‌کرد که هه‌موو به حوسنی ره‌زای خۆیان ئیذنیان دا .

[که پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ به بێ عیوه‌ض بیان‌داته‌وه . ئیبن و شه‌هاب ـ رحمه الله ـ ئه‌فه‌رموێ : ئه‌مه‌یه گه‌ییوه به ئێمه له ئه‌سیرانی هه‌وازین .]

من قتل قتيلا فله سلبه

١٢٩١/١٤٢ عن عبدالرحمن بن عوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بينا أنا واقف في الصف يوم بدر فنظرت عن يميني وشمالي فإذا أنا بغلامين من الأنصار حديثة أسنانها [معاذ بن عمرو ، ومعاذ بن عفراء ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] تمنيت أن أكون بين أضْلَع [أقوى] منهما ، فغمزني أحدهما فقال : ياعم هل تعرف أبا جهل ؟ قلت : نعم ما حاجتك إليه يا ابن أخي ؟ قال : أُخْبِرتُ أنه يَسبُّ رسول الله ـ ﷺ ـ والذي نفسي بيده ! لئن رأيته لايفارق سوادي سواده [شخصي شخصه] حتى يموت الأعجل منا [أي الأقرب أجلا] فتعجبت لذلك . فغمزني الآخر ، فقال لي مثلها .

فلم أنشب [ألبث] أن نظرت إلى أبي جهل يجول في الناس [يزول . م] قلت : ألا إن هذا صاحبكما الذي سألتماني ، فابتدراه بسيفيهما فضرباه حتى قتلاه ، ثم إنصرفا إلى رسول الله ـ ﷺ ـ فأخبراه ، فقال : أيكما قتله ؟ قال كل واحد منهما : أنا قتلته . فقال : هل مسحتما سيفيكما ؟ قالا : لا . فنظر في السيفين فقال : كلاكما قتله . سَلَبه لمعاذ بن عمرو بن الجموح [لأنه هو الذي أثخنه] . وكانا معاذ بن عفراء ومعاذ بن عمرو بن الجموح . ح ـ ٢١٢/٥ . م ـ ٣٤١/٧ ـ ح ـ ٢٤٩/٦ . ولفظه :

إني لفي الصف يوم بدر إذ إلتفتت ، فإذا عن يميني وعن يساري فَتَيان حديثا السِّنِّ ، فكأني لم آمن بمكانهما ، إذ قال لي أحدهما سرًّا مِن صاحبه : ياعم أرني أبا جهل . فقلت : يا ابن أخي وما تصنع به ؟

قال : عاهدت الله ، إن رأيته ، أن أقتله أو أموت دونه ! فقال لي الآخر سرًّا مِن صاحبه مثله . قال : فما سرَّني أني بين رجلين مكانهما . فأشرت لهما إليه ، فشدَّا عليه مثل الصقرين حتى ضرباه ، وهما ابنا عفراء والحرث بن رفاعة : معاذ ومعوِّذ . وليس فيه السلَب . وفيه مباينة للحديث الأول في معوِّذ .

ته‌رجه‌مه :

عه‌بدوره‌حمانی کوڕی عه‌وف ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : ڕۆژی به‌در له وه‌ختێکا که له صه‌فی حه‌ربا وه‌ستابووم ته‌ماشای ڕاست‌و چه‌پی خۆم کرد ، تێفکریم له ئه‌نصار دوو جوانکه‌ی تازه‌عومرم له ته‌نیشته‌وه بوو ، ته‌مه‌ننای ئه‌وه‌م کرد که له به‌ینی له‌وان به‌قووه‌تترا بوومایه ، یه‌کێکیان به‌دزیی ئه‌ویتریان پێی وتم : مامه ئه‌بوجه‌هل ئه‌ناسی ؟ لێم‌پرسی : ئیشت چیه به ئه‌بوجه‌هل ئه‌ی کوڕی برای خۆم ؟ وتی : خه‌به‌رم دراوه‌تێ که جوێن ئه‌دا به پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ، قه‌سه‌م به‌وه‌ی که نه‌فسی منی به‌ده‌سته ! ئه‌گه‌ر ببینم لێی جوێ نابمه‌وه تا کاممان زووتر ئه‌جه‌لی هاتبێ ئه‌مرێ . له‌وه عه‌جایب مام . ئه‌وی تریشیان تێوه‌ژه‌ندم وای وت . زۆری پێ نه‌چوو ته‌ماشام کرد ئه‌بوجه‌هل له ناو خه‌ڵقائه‌گه‌ڕێ ، له جێێ ناوستێ . پێم‌وتن : ها ئه‌وه ئه‌وه‌یه که لێتان‌پرسیم ، عه‌جه‌له‌یان بۆکرد [وه‌ك هه‌ڵۆ تێوه‌ڕۆهاتن .م] لێیان دا تا کوشتیان ، له دوواییدا گه‌ڕانه‌وه خه‌ذمه‌ت پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ و عه‌ررزیان‌کرد ، فه‌رمووی : کامتان کوشتی ؟ هه‌ردوکیان عه‌رزیان‌کرد : من کوشتم . فه‌رمووی شیره‌کانتان سریوه یان‌نا ؟ عه‌رزیان‌کرد : خه‌یر . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ته‌ماشای شیره‌کانی کردن ،

فەرمووی : هەردوکتان کوشتووتانە . سەلەبەکەی[1]دا بە مەعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح ؛ چونکی بەشیرەکەی ئەو ئیشی تەواو بووبوو .
ئەو دوانە : مەعاذی کوڕی عەفرای کوڕی حەرثی کوڕی رەفاعەو ، مەعاذی کوڕی عەمری کوڕی جەمووح بوون .

لە ریوایەتەکەی تری بوخارییا ئەفەرموێ : کە مەعاذو (معوذ)ی کوڕی عەفراو کوڕی حەرث بوون . ئیحتیمالی هەیە موعەویذیش ئیشتیراکی کردبێ لەوەدا ؛ چون ئیبن و مەسعوود[2] ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئێشتا ئەبوجەهل رۆحی تیا مابوو لە دوای سوئالو جوابێ لە بەینیانا جاریی بوو ، سەری بڕیو بردی بۆ خذمەتی سەعادەت ـ علیه الصلاة والسلام ـ بۆیە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەردوکتان کوشتووتانە بەوە دڵی ئەوی هێنایەجێ ؛ چونکی شەریکی (ابن الجموح) بوو لە لێدانا فەقەط بە برینەکەی کە (ابن الجموح) لێی کردبوو ئیشی تەواو بووبوو پێی

(١) سەلەب : ئەو کەلوپەلو شتومەکەیە کە بەکوژراوەکەوەیە .

(٢) ئەم باسە لەم حەدیثەی ئێرەدا نی‌یەو ، حەدیثێکی ترەو کورتەی باسەکە وایە : دوای برانەوەی شەڕی بەدرو ، شکانی کافرانو سەرکەوتنی موسوڵمانان . . ئیبن‌ومەسعوود بە ناو کوژراوەکاندا دەگەڕا ، ئەبوجەهلی لە سەرەمەرگدا دی ، چوو چۆکی دادایە سەردڵی . ئەبوجەهل لێی پرسی : پیرۆزیو سەرکەوتن دەست کێ کەوت ؟ ئیبن و مەسعوود فەرمووی : پیرۆزیو سەرکەوتن بۆ خواو پێغەمەری خوایە ! دوای ئەوە ئەبوجەهل وتی : بە راستی ئەی شوانکارە شوێنێکی سەختت گرتوە ـ کەسەر سنگی ئەوە ـ . دوای ئەوە ئیبن و مەسعوود سەری لە لاشەی جیاکردەوەو بردی بۆ خزمەت پێغەمەر ـ د ـ .

ئەمرد ، بە بریني (ابن العفراء) چونکی شیرەکەی زۆر نەڕۆییبو پێی نەدەمرد .

ئینسان بە چاوی بچووکیی تەماشای کەس نەکا . بۆیە عەبدورەحمانی بنی عەوف لە دواییدا فەرمووی ـ وەك لە حەدیثەکەی ترایە ـ : ئەوەم پێ خۆش نەبوو کە لە باتی ئەوان لە بەینی دوو پیاوی ترا بوومایە .

پەلەپەلکردن بۆ کردنی فەضائیلی ئەعمال ، رقهەڵسان لەگونەهکار صیرف بۆ خواو پێغەمەر ـ ﷺ ـ سونەتە .

سەلەبی مەقتوول حەقی قاتیلەکەیەتی .

قاتیل لە غەزادا بڵێ : من کافرێکم کوشتوە پیێ بڕوا ئەکرێ بەو شەرتە ئەمارەتێکی ببێ .

١٢٩٢/١٤٣ مصعب بن سعد عن أبيه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أخذ أبي من الخمس سيفا فأتى به النبي ـ ﷺ ـ فقال : هب لي هذا . فأبى ، فأنزل الله ـ عز وجل ـ : ﴿يسألونك عن الأنفال ، قل : الأنفال لله والرسول﴾[1] . م ـ ٣٢٩/٧ . وقد مر بأبسط في فضائل[2] سعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

تەرجەمە :

موصعەب ئەفەرموێ : سەعدی باوکم ـ رضي الله تعالى عنه ـ شیرێکی لە خومس هەڵگرت بردیە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئەم شیرەم پێ هیبە بفەرموو : پێغەمەر

(١) سوورەتی ئەنفال/ ٩ .

(٢) بڕوانە : بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە . ل : ٤٨٦ .

ـ ﷺ ـ ئيباى فه‌رموو نه‌يدايێ . ئه‌م ئايه‌ته نازڵ بوو كه مه‌عناى وايه : له ئه‌نفال لێت ئه‌پرسرێ ؛ بڵێ : ئه‌نفال هى خواو ره‌سوولى خوايه .

١٢٩٣/١٤٤ عن عوف بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قتل رجل من حمير رجلا من العدوّ فأراد سلَبَه فمنعه خالد بن الوليد ـ رضي الله تعالى عنه ـ وكان واليا عليهم ، فأتى رسول الله ـ ﷺ ـ عوف بن مالك فأخبره ، فقال لخالد : ما منعك أن تعطيه ؟ قال : إستكثرته يا رسول الله . قال : إدفَعْه إليه ، فمرَّ خالد بعوف فجرَّ بـرداثه ثم قـال : هل أنجزت لك ما ذكرت لك عن رسول الله ـ ﷺ ـ ؟ فسمعـه رسول الله ـ ﷺ ـ فاستغضب فقال : لا تعطه يا خالد ، لاتعطه يا خالد ، هل أنتم تاركو لي أمرائي ؟ إنما مثلكم ومثلهم كمثل رجل استرعى إبلا أو غنما فرعاها ، ثم تحين سقيها ، فأوردها حوضا فشرعت فيه فشربت صفوه وتركت كَدِره ؛ فصَفْوُه لكم وكدره عليهم . م ـ ٣٤٣/٧ . وفي أخرى عنه : قال : خرجت مع من خرج مع زيد بن حارثة ـ رضي الله تعالى عنه ـ في غزوة مؤتة (مهموزا وغير مهموز) ورافقنى مددي من اليمين . . وساق الحديث عن النبي ـ ﷺ ـ بنحوه ، غير أنه قال في الحديث : قال عوف : فقلت : يا خالد أما علمت أن رسول الله ـ ﷺ ـ قضى بالسَّلَب للقاتل ؟ قال : بلى ولكني إستكثرته . م ـ ٣٤٥/٧ .

ته‌رجه‌مه :

عه‌وفى بنى ماليك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فـه‌رموێ : لـه‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ى كه له‌گه‌ڵ زه‌يدى كوڕى حاريثه‌دا چوون بۆ غه‌زاى مۆته منيش چووم ، يه‌كێ له‌وانه‌ى كه مه‌ده‌دى له‌شكره‌كه بوو . بوو به ره‌فيقم ، پيـاوێ له حيميـه‌ر پياوێكى لـه دوشمن كوشت [زاهـير وايه ئـه‌و پياوه

ره‌فيقه‌كه‌ى بووبێ] ، سه‌له‌بى كوژراوه‌كـه‌ى ويست . خاليـدى كوڕى وه‌ليد ـ رضي الله تعالى عنه ـ نه‌يدايێ ، خاليد ـ رضي الله تعالى عنه ـ واليى ئه‌و جێيه‌ بوو ، پێم‌وت : ئه‌ى خاليد بۆ نازانى كه‌ پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ حوكمى وا كردوه‌ كه‌ كه‌سێ ـ كه‌سێ له‌ دوشمن بكوژێ ماڵى ئه‌و كه‌سه‌ كوژراوه‌ كه‌ پێيه‌تى بۆ ئه‌و كه‌سه‌يه‌ كه‌ كوشتوويه‌تى ؟ وتى : به‌ڵێ ئه‌زانم ، ئه‌مما لام وايه‌ كه‌ سه‌له‌به‌كه‌ى زۆره‌ هه‌مووى نادرێتێ . عه‌وف ـ رضي الله تعالى عنه ـ ته‌شريفى چـوه‌ خذمـه‌ت پێغه‌مـه‌ر ـ ﷺ ـ كه‌يفيـه‌ته‌كـه‌ى عـه‌رزكـرد ، پێغــه‌مـه‌ر ـ ﷺ ـ بـه‌ خـاليــدى فـه‌رمــوو : بـۆچيت نه‌داوه‌تێ ؟عه‌رزى‌كرد : به‌ زۆرم زانى . فه‌رمووى : بيده‌رێ . له‌ دواى ئه‌وه‌ حه‌زره‌تى خاليد به‌ لاى عه‌وفا رابورد ، عه‌وف كه‌واكه‌ى راكێشاو پێى‌وت : خـۆ ئه‌وه‌ى كـه‌ له‌ (رسـول الله)وه‌ ـ ﷺ ـ بۆم ذيكـر كردى به‌جێم‌هێنا ! [يه‌عنى به‌مه‌ طه‌عنى له‌ حه‌زره‌تى خاليد دا ـ رضي الله تعالى عنه ـ] پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ بيستى غه‌ضه‌بى هه‌ڵسا ، دوو ده‌فعه‌ فه‌رمووى : ئه‌ى خاليد مه‌يده‌رێ ، ئێوه‌ بۆ خاتـرى من واز له‌ ئـومه‌راكـانم يێنن ؟ [يه‌عنى وازيان لێ بێنن طه‌عنيان لێ مـه‌ده‌ن] مه‌ثـه‌لى ئێوه‌و ئـه‌وان وه‌ك مه‌ثه‌لى پياوێ = وايه‌ = وشتـرێ يا مـه‌رێ بێنێته‌ سه‌ر حه‌وزێ ، ئـاوه‌ سافه‌كه‌ى بخواته‌وه‌و لێڵه‌كه‌ نه‌خواته‌وه‌ . سافى ئه‌وان بۆ ئێوه‌يه‌ لێڵى ئه‌وان بۆ خۆيانه‌ [يه‌عنى ئومـه‌را زه‌حمه‌ت ئـه‌كێشن ، جه‌مـع‌و جيبايـه‌تى ماڵ ئه‌كه‌ن ، حيمايه‌ى ره‌عيه‌ت ئه‌كه‌ن ، به‌ عـه‌دالـه‌ت مـاڵ ئه‌گـه‌يێنن به‌ مـوسته‌حـه‌ق ، شه‌وو رۆژ لـه‌ زه‌حمه‌تـان ، ئێوه‌ بێ زه‌حمـه‌ت مـاڵتـان

(١) دانه‌ر ـ خ ـ سه‌ره‌تـاى ريوايـه‌ته‌كـه‌ى دوايى بردوه‌تـه‌ پێشه‌وه‌و ، لـه‌گه‌ڵ ريوايه‌ته‌كه‌ى ديكه‌دا پێكيه‌وه‌ شێلاون .

تعالى عنه ـ قال : خرجنا مع ررسول الله ـ ﷺ ـ عام حنـين [في السنة الثامنة] فلما إلتقينا كانت للمسلمين جولة [تقدم وتأخر] ، فرأيت رجلا من المشركين عَلا رجلا من المسلمين ، فاستدرت حتى أتيته من ورائه حتى ضربته بالسيف على حَبل عاتقه ، فأَقبل عليَّ فضمَّني ضمَّةً وجدت منها ريح الموت ، ثم أدركه الموت ، فأرسلني ، فلحقت عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقلت : ما بال الناس ؟ قال : أمر الله . ثم إن الناس رجعوا ، وجلس النبي ـ ﷺ ـ فقال : من قتل قتيلا له عليه بيِّنة فَلَهُ سَلَبُه فقمت . فقلت : من يشهد لي ؟ ثم جلست . ثم قال : من قتل قتيلا له عليه بينة فله سلَبه ، فقمت فقلت : من يشهد لي ؟ ثم جلست . ثم قال الثالثة مثله ، فقمت . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : ما لك يا أبـا قتادة ؟ فاقتصصت عليه القصة . فقال رجل : صدق يا رسول الله وسلبه عندي فأرضه عني . فقال أبو بكر الصديق ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لاها الله ، إذا لا يَعمِد إلى أسد مِن أُسد الله يقاتل عن الله ورسولـه ـ ﷺ ـ يعطيك سلَبَه ! فقال النبي ـ ﷺ ـ : صدق . فأعـطاه (سلبه) ، فبعت الدِّرْع فابتعت به مَخْرَفا (بستانا) في بني سَلمة فإنه لَأوّل ما تأثلته (تكلفت جمعه) في الاسلام . ح ـ ٥/٢١٣ . م ـ ٧/٣٣٤ .

ته رجه مه :

ئه بو قه تاده ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه فه رموێ : ساڵى حونه ين له خزمه ت پێغه مه را ـ ﷺ ـ چووينه ده رێ بۆ غه زاى حونه ين ، كه له گه ڵ موشريكا مولاقاتمان بوو ، موسوڵمانان [غه يرى پێغه مه ر ـ ﷺ ـ و ئه وانه كه له ده ورى ئـه وبوون] پـاشكه وتن و پێشكـه وتنيان تێكـه وت ، چاوم كه وت به موشريكێ به سه ر موسوڵمانێكا غـاڵب بوو وه ختبـو بيكوژێ ،

دەورەم كردەوە تا چوومە پشتيەوە ، تا شيرێكم دا لە رەگی ملی ، روويی تێكردمو گوشيمی ، وای گوشيم كە بۆنی مردنم لێكرد ! لە دواييدا مردنی پێگەيی و بەرەڵلای كردم . لە دواييدا موشريكـان شكانو مـوسوڵمـانان گەرانەوە ، پێغەمەر - ﷺ - تەشريفی دانيشت ، فەرمووی : هەركەسێ يەكێكی كوشتبێ و شـاهيدێكی ببێ لـەسەر ئـەوە سەلـەبی ئەو بـۆ ئەو كەسەيە . هەڵسام وتم : كێ شاهيديم بۆ ئەداو ؟ دانيشتمەوە ، دووبارە وای فەرموو ، دووبارە منيش هەڵسامەوە وام‌وت ، دەفعەی سێيەميش فەرمووی‌و هەڵسام ، پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : (يا أبو قتادة) چيت دەوێ ؟ قسەكەم عەرزكرد . پياوێ وتی : راست ئەكا سەلەبەكەی لای منە ، لە طەرەف منەوە رازيی بكـە . حەزرەتی ئـەبوبـەكری صـەديق - رضي الله تعـالى عنه - فـەرمـووی : خـەيـر وەلاهی ، كـەوابێو تـۆ شەهادەتی بۆ ئەدەی كە ئەو كوشتوويەتی پێغەمەر - ﷺ - ئەوە ناكا كـە شێرێ لە شێرانی خوا شەر بكاو دەفعی دوشمن بكا لە خواو رەسوولی خوا بێنێ غەنيمەتی ئـەو كەسـە بدا بـە تۆ ، پێغـەمەر - ﷺ - فـەرمووی : ئەبوبەكر راست ئەكا . پێغەمەر - ﷺ - غەنيمەتی - يـەعنی ئەوەی لـە حەربا بەو كەسە بوو - دايمێ ، زرێكەم فرۆت لە بەنی‌سەلەمەدا باغێكم پێ‌كری ، ئەو باغە ئەو وەڵ ماڵێكە كە لە ئيسلامەتيدا كردوومە بە موڵكی خۆم .

١٢٩٦/١٤٧ عن نافع - مرسل - [عن ابن عمر . أخرى] أن عمر بن الخطاب - رضي الله تعالى عنه - قال : يا رسول الله إنه كان عليَّ إعتكاف في الجاهلية ، فأمره أن يفي به ، قال نـافع [مـرسلا] : وأصـاب عمر - رضي الله تعالى عنه - جاريتين (من الخمس . أخرى) من سبْي حنين ،

فوضعهما في بعض بيوت مكة ، فمنَّ رسول الله - ﷺ - على سبي حنين . فجعلوا يسعون في السكك ، فقال عمر : يا عبد الله أنظر ماهذا ، فقال : منَّ رسول الله - ﷺ - على السبي . [وعند الاسماعيلي : قلت : ما هذا ؟ قالوا : السبي أسلموا . فأرسلهم النبي - ﷺ -] قال : إذهب فأرسل الجاريتين . ح - ٥/٢١٦ .

تەرجەمە :

نافيع [مەولاى ئيبن و عومەر - رضي الله تعالى عنهما -] ئەفەرموێ : كە عومەرى كوڕى خەطاب - رضي الله تعالى عنه - عەرزى پێغەمەرى كرد - ﷺ - : [يا رسول الله] لە جاهيليەتا ئيعتيكافێكم بەسەرەوەيە ، ئەمرى پێ فەرموو كە بەجێی بێنێ .

نافيع ئەفەرموێ : عومەر - رضي الله تعالى عنه - لە ئەسيرانى حونەين دوو جاريەی بەركەوت ، لە يەكێ لە خانوانى مەكە داينان . پێغەمەر - ﷺ - منەتى بەسەر ئەسيرانى حونەينا = نا = ئازادى كردن ، ئەو ئەسيرانە لە خۆشيانا لە كۆڵانى مەكەدا دەستيان بەهەڕاكردن = كرد = . ئيمامى عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووى : ئەی عەبدوڵلا تێفكرە بزانە ئەوە چيە ؟ عەرزى كرد : ئەسيرانى هەوازين موسوڵمان بوون و پێغەمەر - ﷺ - بەرىدان ، فەرمووى بچۆ تۆيش ئەو دوو جاريە بەردە .

١٢٩٧/١٤٨ عمرو بن تغلب - رضي الله تعالى عنه - قال : أعطى رسول الله - ﷺ - قوما ومنع آخرين ، فكأنهم عتبوا عليه ، فقال : إني أعطي قوما أخاف ضَلَعهم وجزعهم [مرض قلوبهم وضعف يقينهم] وأكِل أقواما إلى ما جعل الله في قلوبهم من الخير والغنى منهم عمرو بن تغلب . فقال عمرو بن تغلب : ما أُحبُّ أنّ لي بكلمة رسول الله - ﷺ - حمر النعم . ح - ٥/٢١٦ . خ - ٢/١٧٥ . وفي أخرى عنه : أن رسول

الله ـ ﷺ ـ أُتي بمال أو بسبي فقسمه بهذا .
تەرجەمە :
عـەمری کـوڕی تیغلیب ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفـەرموێ : بەعزێ ماڵیان یا غەنیمەتیان هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەشی کرد ، بە بەعـزێ کەسی داو بـە بەعـزێکی نەدا (کـأنە) گلەیی یـان لێ کرد ، فەرمووی : بەشی بەعزێك ئەدەم لە دڵ نەخۆشی یان و زەعیفی ئیمان و فەریادو فوغانیان ئەترسم . بەعزێ قەومیش حەواڵەی ئەو ئیمان و خێرو غینایە ئەکەم کە خوا ـ عز وجل ـ لە دڵیا خەلقی کردوە [یەعنی ئەوانەی کە ئـەیانـدەمێ وەك موعـاویەو بـاوکی و باقی (مؤلفـة القلوب) ئـەگـەر نەیانـدەمێ ، چونکی ئیمـانیان زەعیفـە ، ئەتـرسم ئیرتیـداد بکەن ، ئەوانەی کە نایاندەمێ ئیمانیان بە قووەتە نەیشیاندەمێ خەلەل بە ئیمانیان ناگا] عەمری کوڕی تیغلیب لەو ئیمان و یەقین بەقووەتانەیە . عەمری بنی تیغلیب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەو کەلیمەی کە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی ناگۆڕمەوە بە هەموو وشتری سووری دنیاو ماڵییاتی .

١٤٩/١٢٩٨ عن بُريدة بن الحُصَيْب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بعث النبي ـ ﷺ ـ عليا إلى خـالـد ـ رضي الله تعـالى عنهـما ـ ليقبض الخمس ، وكنت أبغض عليا [ـ رضي الله تعالى عنه ـ لأنه أخذ من المغنم جارية] وقد اغتل ، فقلت لخالد : ألا ترى إلى هذا ؟ ! فلما قدمنا على النبي ـ ﷺ ـ ذكرتُ ذلك له ، فقال : يا بريدة أتبغض عليا ؟ فقلت : نعم . قال : لاتبغضه فإنه له في الخمس أكثر من ذلك . وإن كنت تبغضه فازدد له حبا . لا تقع في علي فإنه مني وأنا منه ، وهو وليكم بعدي . أحمد . قال : فما كان في الناس أحد أحبَّ إلي من علي ـ رضي الله تعالى

ئه‌دريتێ ، ئێشكتان ئه‌كێشرێ ، مه‌نعی زوڵمتان لێ ئه‌كرێ ، شتێك كه مووجیبی طه‌عن و لـه‌وم بێ روو بدا لـه‌وان ئه‌پـرسرێتـه‌وه ، ئێوه وه‌ك به‌رزه‌كی بانان ده‌ره‌چن ، سوئالتان لێ ناكرێ . نووي]

١٢٩٤/١٤٥ سلَمة بن الأكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : غزونا مع رسول الله ـ ﷺ ـ هوازن ، فبينا نحن نتضحى مع رسول الله ـ ﷺ ـ إذ جاء رجل على جمل أحمر : فأناخه ، ثم إنتزع طَلَقا (عقالا) من حَقَبه [حبل يشد على حقو البعير] ، فقيد بـه الجملِ ، ثم تقـدم يتغدى مـع القوم ، وجعل ينظر ، وفينا ضعفة ورقَّة في الظَّهْر ، وبعضنا مشاة ، إذ خرج يشتدُّ فأتى جمله ، فأطلق قيده ، ثم أناخه فقعد عليه ، فأثـاره ، فاشتدَّ به الجمل ، فأتبعه رجل على ناقة ورقاء . قال سلَمة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : وخرجت [راجلا] أشتد فكنت عند وَرِكَ الناقة ثم تقدمت حتى كنت عند ورك الجمل ؛ ثم تقدمت حتى أخذت بخطام الجمل ، فأنخته ، فلما وضـع ركبته في الأرض إختـرطت سيفي فضربت رأس الرجل فنـدر [سقط] ثم جئت بالجمـل أقوده عليـه رحله وسلاحـه . فاستقبلني رسول الله ـ ﷺ ـ والناس معه ، فقال : من قتل الـرجل ؟ قالوا : ابن الأكوع . قال : له سلبه أجمع . م ـ ٣٤٦/٧ . د ، ن . ح ـ ١٦٢/٥ مختصرا .

ته‌رجه‌مه :

سه‌له‌مه‌ی كوڕی ئه‌كوه‌ع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : له خزمه‌ت پێغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ غـه‌زای هه‌وازینمـان كرد ، لـه وه‌ختێكا لـه خزمه‌ت پێغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ چێشته‌نگاومان ئه‌كرد پیاوێ هات ، سواری وشترێكی سـوور بـووبـوو ، وشتـره‌كـه‌ی یيـخ دا ، لـه دواييـدا لـه

پاشكۆبه‌نده‌كه‌ی[1] ئه‌شكێلێكی هێنایه‌ده‌رێ ده‌ستی پێ ئه‌شكێڵ كرد ، له دواییدا هات له‌گه‌ڵ خه‌ڵقا نانی خوارد ، ده‌ستی كرد به ته‌ماشاكردنمـان ئێمه‌یش نه‌وعه زه‌عیفییێك و له حه‌یوانی سواریدا كه‌میـه‌تیه‌كمـان بوو ، ئه‌وه‌نده‌مان زانی ئه‌و پیاوه هه‌ڵسا به هه‌ڕاكردن چوو بۆ لای وشتره‌كه‌ی ئه‌شكێڵه‌كه‌ی كردوه‌و ییخی داو سواری بوو وشتره‌كـه‌ی كه‌وتـه غار ، پیاوێ (له ئێمه) له‌سه‌ر وشترێكی سووربۆری مێ شوێنی كه‌وت .

سه‌له‌مه - رضي الله تعالى عنه - ئه‌فه‌رموێ : منیش به هه‌ڕاكردن شوێنی كه‌وتم ، گه‌ییمه لای كه‌فه‌ڵی وشتره سووربۆره‌كه‌و لێی پێشكه‌وتم تا گه‌ییمه لای كه‌فه‌ڵی وشتره‌كه‌ی ئه‌و پیاوه ، له دواییدا كه‌وتمه به‌رده‌میه‌وه ده‌سته‌وساره‌كه‌ییم گرت ، ییخم دا ، كه ئه‌ژنۆی وشتره‌كه گه‌یی یه سه‌ر ئه‌رز شیره‌كـه‌مم له كـالان ده‌ركێشاو دام لـه سه‌ری ، سـه‌ری كه‌وتـه خوارێ ، له دواییدا وشتره‌كـه‌م راكێشا ، هـه‌موو سیـلاح و ته‌داره‌كی به‌سه‌ره‌وه بوو ، پێغه‌مه‌رم - ﷺ - پێگه‌یی و خه‌ڵقیشی له خذمه‌تا بوو ، فـه‌رمووی : كێ پیـاوه‌كه‌ی كـوشت ؟ عه‌رزیـان‌كرد : (ابن الأكـوع) فه‌رمووی : هه‌موو سه‌له‌بی بۆ ئه‌و بێ .

۱۴٦/۱۲۹٥ عن أبي قتادة [الحرث بن ربعي الأنصاري] - رضي الله

(۱) دانه‌ر - خ - دوای ئه‌وه‌ی مانای (حه‌قه‌ب)ی به‌پاشكۆبه‌ند لێداوه‌تـه‌وه له په‌راوێزه‌وه نووسیویه : «حه‌قه‌ب : ئه‌و چوار به‌نه‌یه كه دوانی له‌م‌دیوو دوانی له‌ودیوی پاشكۆ شتی به پاشكۆدا پێ ئه‌به‌ستن . ناویم له فكر چۆته‌وه ، مه‌لا سه‌لام - سلمه الله - بینووسێ . نـه‌وزاد - خوا حـافیظی بێ - وتی : پاشكۆبه‌نده» . له هه‌ندێ ناوچه‌ی كورردستاندا به‌و په‌ته ده‌ڵێن : (بـه‌ن ساموته) .

عنه ـ .[1]

تەرجەمە :

بورەيدەی کوڕی حوصەيب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەلی نارده لای خالید کە خومسی لێ وەربگرێ . منیش عەلیم ئەبوغضان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ؛ چونکی لە پێش تەقسیما جاریەیێکی لە غەنیمەت هەڵگرت ، (غل)ی کردبوو ، بە خالیدم وت ـ رضي الله تعالى عنه ـ : تەماشای ئەمە کە ! کە چووینەوە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ ، فەرمووی : ئەی بورەیده بۆ تۆ عەلی ئەبوغضێنی ؟ عەرزم کرد : بەڵێ . فەرمووی : مەیبوغضێنە ؛ چونکی عەلی لە خومس لەوە زیاتری هەیە ، ئەگەر ئەیبوغضێنی دەرحەقی مەحەبەتت زیاد بکە . [دەرحەق ئەو قسەی خراپ مەکە ؛ چونکی ئەو لە منەو من لەوم ، لە دوای من ئەو سەرداری ئێوەیە] بورەیده ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەوەی فەرموو ئیتر هیچ کەسێکم لەو[2] لە لا خۆشەویستر نەبوو .

١٢٩٩/١٥٠ سلمة [بن الأكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : غزونا فزارة وعلينا أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أمّره رسول الله ـ ﷺ ـ علينا ، فلما كان بيننا وبين الماء ساعة أمرنا أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ

(١) دانەر ـ خ ـ سەرچاوەی ئەم حەدیثەی دیاریی نەکردوە ، منیش گەڕام نەمدۆزییەوە تا دیاریی بکەم .

(٢) دیارە دوای خواو پێغەمەر ؛ لەبەر حەدیثی : «لايؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من والده وولده والناس أجمعين»و حەدیثی «ثلاث من كن فيه وجد حلاوة الايمان : أن يكون الله ورسوله أحب إليه مماسواهما . . .»

فعرَّسنا ، ثم شن الغـارة [فرَّقهـا] فورد المـاء ، فقتل من قتـل عليه ، وسبي ، وأنظر إلى عنق من الناس [أي جماعة] فيهم الذراري ، فخشيت أن يسبقوني إلى الجبل ، فرميت بسهم بينهم وبين الجبل ، فلما رأوا السهم وقفوا ، فجئت بهم أسوقهم ، وفيهم امرأة من بني فزارة عليها قَشْع من أدمٍ ، قال : القشع : النطع . معها إبنة لها من أحسن العرب . فسقتهم حتى أتيت بهم أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فنفلني أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ إبنتها ، فقدمنا المدينة ، وما كشفت لها ثوبا . فلقيني رسول الله ـ ﷺ ـ في السوق فقال : يا سلمة هب لي المرأة ، فقلت : يا رسول الله والله لقد أعجبتني وما كشفت لها ثوبا . ثم لقيني رسول الله ـ ﷺ ـ من الغد في السوق ، فقال : يا سلمة هب لي المرأة لله ابوك ! فقلت : هي لك يا رسول الله ، فوالله ماكشفت لها ثوبا . فبعث بها رسول الله ـ ﷺ ـ إلى أهـل مكة ففـدى بهـا نـاسـا من المسلمـين كـانـوا أسـروا بمكـة . م ـ ٧/ ٣٥٠ .

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : غەزای فەزارەمان = کرد = ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ سەردارمان بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ کردبووی بە سەرکردەمان ، کە سەعاتێ مـا لە بـەینی ئێمەو ئـاوا . . ئـەبـوبـەکـر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ ئـەمـری پێ فەرمووین کە = لە = ئاخری شەوا دابەزین ، لە دواییدا تالآنکەری بڵاوکردەوە ، ئەمجا هاتە سەر ئاوەکە ، ئەوی لەوێدا کـوژرا کوژراو ، ئەسیرگیررا ، تەماشام کرد جەماعەتێ لە خەڵق ماڵو منالّیان لە ناوا بوو ، لەوە ترسام کە = لە = پێش ئێمەدا سەرکەونە سەر شاخەکە ، تیرێکم هاویتە بەینی ئەوانو شاخەکە ، کە چاویان بە تیرەکە کەوت وەستان ،

هێنـامن لێم ئـه‌خـورِين ، ژنێكی لـه بـه‌نی‌فـه‌زاره تیــابـو ، پێستێكی له‌به‌رابوو ، كچێكی خۆیی له‌گه‌ڵ بوو له جـوانترینی هـه‌موو عـه‌ره‌ب بوو ، لێم‌خورِین تا هێنامنه خذمه‌ت ئه‌بوبه‌كر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ زیاد له حیصه‌ی خۆم كچه‌كه‌یی دامێ ئه‌مما جلم له‌سه‌ر لانه‌دا ، پێغه‌مه‌رم ـ ﷺ ـ له بازارِ پێگه‌یی ، فه‌رمووی : یا سه‌له‌مه ئه‌و ژنه‌م پێ‌ببه‌خشه ، عه‌رزم كرد : (یا رسول الله) وه‌ڵلاهی حـه‌زم لێ كردوه جلم لـه‌سه‌ر لا نـه‌داوه . سبه‌ینێی دواییش لـه بازارِا پێغه‌مه‌رم ـ ﷺ ـ پێگه‌یی ، فه‌رمووی : ئه‌ی سه‌له‌مه ئه‌و ژنه‌م پێ هیبه بكه باوكت بۆ خوا بێ [كه ئه‌ولادی وه‌كوو تۆی لێ بوه] عه‌رزم‌كرد : (یا رسول الله) بۆ تۆ بێ ، وه‌ڵلاهی جلم له‌سه‌ر لانه‌داوه .

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ئه‌و كچه‌ی نارد بۆ ئه‌هلی مه‌ككه كردی به فیدیه‌ی نه‌جاتی چه‌ند پیاوێ له موسوڵمانان كه به ئه‌سیر گیررابوون له مه‌ككه .

موباده‌له‌ی ئه‌سیر به‌ئه‌سیر ، موباده‌له‌ی پیاو به‌ژن ، ته‌فـریق له به‌ینی دایك‌و وه‌له‌دی باڵغا ، طه‌له‌بی پادشاه له ئه‌هلی ئۆردوه‌كه‌ی كه واز له حیصه‌ی خۆی بێنێ بۆ مه‌صلـه‌حه‌تی موسوڵمانان ، مه‌دحكردن به (لله أبوك ، لله‌درك) . . . دروسته . نووي .

١٥١/ ١٣٠٠ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : أيما قرية أتيتموها أقمتم فيها فسهمكم فيها ، وأيما قرية عصت الله ورســولـه ، فـإن خمسهـا لله ولــرسـولــه ـ ﷺ ـ ثم هي لكم . م ـ ٧/ ٣٥٠ .

ته‌رجه‌مه :

یه‌عنی هه‌ر شارێ هه‌ر دێیێ كه دوشمن چۆڵی بكا یا به صوڵـح بیگرن به‌شی ئێوه له‌وه‌دا وه‌ك باقی فه‌یئ وایه ، یه‌عنی له فه‌یئا چۆنتان

به ش ئه درێ ، له ويشا وا به شتان ئه درێ ، ئه وی به زه بری شيرو رم و تير بيگرن ؛ يه عنی ئيطاعه ی خوا نه كه ن و مه جبوورتان بكه ن به حه رب پێنج يه كێكی هی خواو پێغه مه ری خوايه ، چوار به شی هی ئێوه يه .

ئيمامی شافيعی نه بێ كه فه يئيش وه ك غه نيمه ت ئه كا به پێنج حيصه وه ؛ حيصه يێكی بۆ حوكوومه ت چواری بۆ غه زايی ، هيچ عالمێ = يا = موجته هيدێ فه يئی ته خميس نه كردوه ، يه عنی هه مووی راجيعه به ئيمام .

١٣٠١/١٥٢ عن أسماء إبنة أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : كنت أنقل النوى من أرض الزبير التي أقطعه رسول الله ـ ﷺ ـ على رأسي وهو مني على ثلثي فرسخ . وقال [معلق ، مرسل] أبو ضَمْرة عن هشام عن عروة : أن النبي ـ ﷺ ـ أقطع الزبير أرضا من أموال بني النضير . ح ـ ٢١٩/٥ ، ح ـ ١٠٦/٨ ، ن بأتم . م ـ ٢/٦ ، في النكاح .

ته رجه مه :

ئه سمای كچی ئه بوبه كر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه فه رموێ : له و ئه رزه ی كه پێغه مه ر ـ ﷺ ـ ئيعطای كردبوو به زوبه ير ده نكه خورمام به سه ر سه ر نه قڵ ئه كرد . ئه و ئه رزه له منه وه دوو به شی فه رسه خێ بوو له سێ به ش . ئه و ئه رزه ـ ئه و ئه رزه بوو كه پێغه مه ر ـ ﷺ ـ له ئه موالی به نی نه ضير دابووی به زوبه ير ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

١٣٠٢/١٥٣ أسماء بنت أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : تزوجني الزبير وما له في الأرض من مال ، ولا مملوك ، ولاشيء غير ناضح ، وغير فرسه . وأستقي الماء ، وأغرِزُ غَرْبه [دۆلكه ی گه وره] ، وأعجن ، ولم أكن أُحسن وكان يخبز [لي] جارات لي من الأنصار ، وكن

نسوة صدق ، وكنت أنقل النوى من أرض الزبير التي أقطعه رسول الله ـ ﷺ ـ [من أموال النضير] على رأسي وهي مني على ثلثي فرسخ ، فجئت يوما والنوى على رأسي ، فلقيت رسول الله ـ ﷺ ـ ومعه نفر من الأنصار ، فدعاني ثم قال : إخ ، إخ ، ليحملني خلفه . فاستحييت أن أسير مع الرجال ، وذكرت الزبير وغيرته ، وكان أغير الناس ، فعرف رسول الله ـ ﷺ ـ أني قد استحييت فمضى ، فجئت الزبير ، فقلت : لقيني رسول الله ـ ﷺ ـ وعلى رأسي النوى ومعه نفر من أصحابه ، فأناخ لأركب ، فاستحييت منه وعرفت غيرتك . فقال : والله لحملك النوى كان أشد عليّ من ركوبك معه . قالت : حتى أرسل إليّ أبو بكر بعد ذلك بخادم يكفيني سياسة الفرس ، فكأنما أعتقني . ح ـ ٨/١٠٦ ، م ـ ٩/٢ .

وهذا الحديث مغن عن الأول .

[وزاد م(١) : وأكفيه ، وأسوسه ، وأدق النوى ، لناضحه ، وأعلفه . وفي مسلم في أخرى : كنت أخدم الزبير خدمة البيت ، وكان له فرس ، وكنت أسوسه ، فلم يكن من خدمته شيء أشد علي من سياسة الفرس ؛ كنت أحتش له وأقوم عليه .]

ته‌رجه‌مه :

ئه‌سمای كچی ئه‌بوبه‌كر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه‌فه‌رموێ : زوبه‌یر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ماره‌ی‌كردم ، له‌ ئه‌رزا غه‌یری ئه‌و وشتره‌ی كه‌ ئاوی پێ هه‌ڵه‌كێشاو غه‌یری ئه‌سپه‌كه‌ی ، نه‌ ماڵی بوو ، نه‌ عه‌بدی بوو ، نه‌ شتێكی تری بوو ، كاو ئالیكی ئه‌سپه‌كه‌م ئه‌دا ، ئاوم له‌

(١) ئه‌م زیاده‌ له‌ دوای (أعلف فرسه ، وأستقي الماء)ه‌وه‌یه‌ .

بير هه‌لئه‌هێنجا ، كونه‌ی كه ئاوی پیێ له بير هه‌له‌هێنجرا ئه‌مـدرۆوه ، هه‌ويرم ئه‌شێلا ، نه‌مه‌زانی نان بكه‌م ، دوو دراوسێم بوو له ئه‌نصار ، دوو ژنی دۆستو راست بوون ، ئه‌وان نانيان بۆ ئه‌كردم . سه‌ييسێتی[1] ئه‌سپه‌كه‌م ئه‌كرد ، ده‌نكه خورماكه‌م ئه‌كوتا بۆ وشتره‌كه‌یی و ئه‌ممايێ ، خذمه‌تی زوبه‌يرم ئه‌كرد ، هيچ شتێكم له خذمه‌تی ئه‌سپه‌كه‌ی له لا به زه‌حمه‌تتر نه‌بوو ، گياو پووشو په‌لاشم بۆ حازر ئه‌كرد ، = چاودێـريم ئه‌كرد= .

له‌و ئه‌رزه‌ی كه پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ عه‌طای فه‌رموو بوو به زوبه‌ير له‌سه‌ر سه‌رم ده‌نكه‌خورمام ئه‌برده‌وه ، ئه‌و ئه‌رزه له سێ به‌شی سه‌عاتێ دوو به‌شی دوور بوو له جێی منه‌وه ، پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ م پێگه‌يی چه‌ند كه‌سێكی له ئه‌نصار له خذمه‌تا بوو بانگی كردم ، له دواييدا به وشتره‌كه‌ی فه‌رموو : ئيخ ، ئيخ كه ييخی بداو له پشت خۆيه‌وه سوارم بكا ، له‌وه‌م حه‌ياكرد كه له‌گه‌ڵ پياوانا برۆمو غيره‌تی زوبه‌يريشم له فكر كه‌وته‌وه ، پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رقی به‌وه كردو ته‌شريفی لێيداو رۆيی ، هاتمه‌وه بۆ لای زوبه‌يرو بۆم گێرايه‌وه ، فه‌رمووی : وه‌ڵلاهی ئه‌وه‌م له لا ناخۆشتر بو كه ده‌نكه خورماتێ هه‌ڵگرتبوو له‌وه كه له خذمه‌ت پێغه‌مه‌را سوار ببوويتايه [چونكی له‌وه‌دا عه‌يبو عار نی‌يه ، ئه‌مما ده‌نكه خورماهه‌ڵگرتن ره‌نگه خه‌ڵق حه‌ملی بكه‌نه سه‌ر خه‌سيسی] ئه‌سما فه‌رمووی ـ رضي الله تعالى عنها ـ : هه‌ر به‌م نه‌وعـه بووم تـا ئه‌بـوبه‌كـر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ خادمێكی بۆ ناردم له سه‌ييسێتی ئه‌سپـه‌كه نـه‌جاتی‌دام ، لام وابـوو كه ئازادی كردووم .

(١) كورد له باتی ئه‌م وشه (مه‌يته‌ره‌وانی) به‌كار دێنێ .

فەوائیدی ئەم حەدیثە :

ئەم نەوعە خذمەتانە کە ئەسما ـ رضي الله تعالی عنها ـ کردوویەتی هەمووی ئیحسانەو حوسنی موعاشەرەیە ، هیچی لەسەر ژن لازم نیە بیکا ، ئەگەر نەیکا هیچ داخلی بێ ئیطاعەتیی نابێو گوناهی ناگاتێ ، هەمووی وەظیفەی پیاوە بیکا ، نیهایەت عادەتێکی باش‌و جوانە کە ژن لە قەدیمەوە تا ئێستە گرتوویەتیە ئەستۆی خۆی ، ئەوی لەسەر ژن لازم بێ هەر ئەوەیە بۆ کەیف خۆی تەسلیمی مێرد بکاو ، لەو جێگەیەی کە مێردەکەی لێی دائەنێ بێ ئیذنی ئەو جوێ نەبێتەوە .

دروستە پادشا لە ئەرزی (بیت المال) بە تەملیك یا مەحض بۆ ئینتیفاع بیدا بە خەڵق ، ئەمما لە ئەرزی (موات) بێ ئیذنی ئیمام هەموو کەسێ بۆی هەیە ئیحیای بکاتەوە .

وە خورماو سائیری ئەو شتانەی کە صاحیبی ئیعرازی لێناوەو فرێی داوە کۆکردنەوەو تەمەللوکی دروستە .

دروستە ژن ـ با نامەحرەمیش بێ ـ سواری پاشکۆی پیاو ببێ ، ئەگەر حەیوانەکەی تەواناى ئەوەی ببێ‌و ئەو پیاوە لە صولەحا بێ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ موشفیق بوە بە ئوممەتی خۆی .

غیرەتکێشانی پیاو لەسەر ژن‌و ریعایەتکردنی ژنیش هی مێردی لەو خوصووصەوە لازمەو لە ئەخلاقی (مرضية)یە .

ئینسان تا مومکینی بێ ئیشێکی وا نەکا کە لە ناو خەڵقا بە خەسیس حسێب بێ .

إجلاء اليهود

١٣٠٣/١٥٤ عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن عمر بن الخطاب - رضي الله تعالى عنه - أجلى اليهود والنصارى من أرض الحجاز ، وكان رسول الله - ﷺ - لما ظهر على خيبر أراد أن يخرج اليهود منها ، وكانت الأرض لما ظهر عليها لليهود وللرسول وللمسلمين ، فسأل اليهودُ رسولَ الله - ﷺ - أن يتركهم على أن يَكْفوا العمل ولهم نصف الثَّمرِ ، فقال رسول الله - ﷺ - : نُقِرُّكم على ذلك ما شئنا ، فأقرّوا حتى أجلاهم عمر - رضي الله تعالى عنه - في إمارته إلى تَيْماء وأريحا .
ح - ٥/٢١٩ . م - ٦/٤٣٦ .

تەرجەمە :

ئیبن و عومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : عومەر - رضي الله تعالى عنه - جوولەکەو گاوری لە ئەرزی حیجاز دەرکرد . پێغەمەریش - ﷺ - کە فەتحی خەیبەری کرد ئیرادەی فەرموو کە جوولەکەی لێ بکاتە دەرێ ، ئەو ئەرزە کە فەتح کرا هی خواو پێغەمەرو موسوڵمانان بوو [دوای ئەمە کە پێغەمەر - ﷺ - صوڵحی لەگەڵ کردن ئیتر حەقی جوولەکەی تیا نەما ، لە پێش صوڵحا بەعزێ جێی بەدەست جوولەکەوە مابوو] . ئەو وەختە جوولەکەکان عەرزی پێغەمەریان کرد - ﷺ - کە دەریان نەکا ، بەو شەرتە کە ئیشی تیابکەن و بەرهەمی بێنن و نیوەی حاصلاتی بۆ ئەوان بێ ، پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : تا هەوەسمان بێ لەسەر ئەو شەرتە ئەتان هێڵمەوە ، بەو شەرتە هێشتنیەوە تا عومەر - رضي الله تعالى عنه - دەری کردن بۆ تەیماو ئەریحا .

١٣٠٤/١٥٥ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه قال : بينا نحن في المسجد إذ خرج علينا رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : إنطلقوا إلى يهود ، فخرجنا معه حتى جئناهم [بيت المدراس] فقام رسول الله ـ ﷺ ـ فناداهم ؛ فقال : يا معشر اليهود أسلموا تسلَموا ! فقالوا : فقد بلغت يا أبا القاسم . فقال لهم رسول الله ـ ﷺ ـ : ذلك أريد أسلموا تسلَموا ، فقالوا : قد بلغت يا أبا القاسم . فقال لهم رسول الله ـ ﷺ ـ : ذلك أريد ، فقال لهم الثالثة . فقال : إعلموا إنما الأرض لله ورسوله ، وإني أريد أن أجليكم من هذه الأرض ، فمن وجد منكم بماله شيئا فليبعه ، وإلا فاعلموا أن الأرض لله ورسوله . م ـ ٧/٣٧٦ . واللفظ لمسلم . ح ـ ٥/٢٢٦ . مختصرا . ح ـ ٤/١٧٢ ، ٣ ، ٩ . ح ـ ٦/٣٦٤ مختصرا . د ، ن .

ته رجه مه :

ئه بو هوره يره ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه رمووى : له وه ختێكا ئێمه له مه سجيدا بووين پێغه مه ر ـ ﷺ ـ ته شريفى هاته ده رێ لامان فه رمووى : بكه ونه رێ بۆ لاى جووله كه كان ، له خزمه تيا چووينه ده رێ ، تا چووينه لاى جووله كه كان ناو مه كته به كه يان ، پێغه مه ر ـ ﷺ ـ بانگى كردنێ فه رمووى : ئه ى جه ماعه تى يه هوودیى موسوڵمان ببن به سه لامه تى ده رچن ، عه رزيان كرد : (يا أبا قاسم) ته بليغت كردين ، پێغه مه ر ـ ﷺ ـ پێى فه رموون : ئه و ئيقراره م له ئێوه ئه وێ ، موسوڵمان ببن سه لامه ت ئه بن . عه رزيان كرد : ته بليغت كردين ، پێغه مه ر ـ ﷺ ـ پێى فه رموون : ئه وه م لێتان ئه وێ ، ده فعه ى سێيه ميش پێى فه رموون . له پاشا فه رمووى : مه علوومتان بىێ كه ئه م ئه رزه هه ر هى خواو پێغه مه رى ئه وه ئيراده م وايه له م ئه رزه تان بكه مه

ده‌رێ ، هه‌رکه‌سێ له‌ ئێوه‌ دڵی به‌ ماڵیه‌وه‌ بێ بیفرۆشێ . (وإلا) بزانن که‌ ئه‌م ئه‌رزه‌ هیِ خواو ره‌سووڵی خوایه‌ .

١٥٦/١٣٠٥ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : لما فدع أهل خيبر عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قام عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خطيبا ، فقال : إن رسول الله ـ ﷺ ـ كان عامل يهود خيبر على أموالهم ، وقال : نقركم ما أقركم الله ، وإن عبدالله بن عمر خرج إلى ماله هناك ، فعُدِيَ عليه ففُدِعَتْ يداه ورجلاه [انخلعتا] وليس لنا هناك عدوٌ غيرهم ، هم عدوُّنا وتُهمتنا ، وقد رأيت إجلاءهم ، فلما أجمع عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ على ذلك أتاه أحد بني الحقيق فقال : يا أمير المؤمنين أتخرجنا وقد أقرَّنا محمد ـ ﷺ ـ وعامَلَنا على الأموال وشرط ذلك لنا ؟ فقال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أظننت أني نسيت قول رسول الله ـ ﷺ ـ : كيف بك إذا أُخْرجت من خيبر تعدو بك قلوصك ليلة بعد ليلة ؟ فقال : كانت هذه هُزَيلة من أبي القاسم ! ـ ﷺ ـ قال : كذبت يا عدو الله . فأجلاهم عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وأعطاهم قيمة ما كان لهم من الثمر مالا وإبلا وعروضا من أقتاب وحبال وغير ذلك . . .
ح ـ ٤/٤٢٥ .

ته‌رجه‌مه‌ :

عه‌بدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئه‌فه‌رموێ : که‌ جووله‌که‌ی خه‌یبه‌ر [له‌ وه‌ختێکا که‌ عه‌بدوڵڵای کوڕی عومه‌ر نوستبوو] ده‌ستو پێیان له‌جێ برد [شه‌ویش بوو نه‌یزانی که‌ کێ وای کردوه‌] ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ به‌ خه‌طیبی ته‌شریفی راوه‌ستا ، فه‌رمووی : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ موعامه‌له‌ی له‌گه‌ڵ جووله‌که‌ی خه‌یبه‌رکردوه‌ له‌سه‌ر ئه‌مه‌ که‌ ئه‌و ماڵه‌یان که‌ به‌ ده‌سته‌وه‌ بوه‌ بیِهێننه‌

به‌رهه‌م‌و نیوه‌ی حاصلاتی بۆ ئه‌وان بێ‌و ، فه‌رمووی : تا خوا ئێوه لێره بێلێته‌وه منیش ئه‌تان‌هێڵمه‌وه ده‌رتان ناکه‌م . عه‌بدوڵلای کوری عومه‌ر چۆته سه‌ر ئه‌و ماڵ‌و موڵکه‌ی که له‌وێیه ، قه‌صدی رۆحی کراوه هه‌ردوو ده‌ست‌و پێی له‌جێ براوه ، ئێمه له‌وێ غه‌یری ئه‌وان دوشمنمان نی‌یه ، ئه‌وان دوشمنی ئێمه‌ن‌و موته‌هه‌می ئێمه‌ن ، ره‌ئییم وایه که له خه‌یبه‌ر بیانکه‌مه ده‌رێ .

که ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عه‌زمی له‌سه‌ر ئه‌وه کردو قه‌راری دا یه‌کێ له ئه‌ولادی حه‌قیق هاته‌خزمه‌تی ، عه‌رزی‌کرد : (یا أمير المؤمنين) تۆ چۆنمان ئه‌که‌یته ده‌رێ که پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ له‌سه‌ر ئیداره‌کردنی ماڵمان موعامه‌له‌ی له‌گه‌ڵ کردووین‌و ئیداره‌و نیصفی حاصلاتی کردوه به‌شه‌رت بۆ ئێمه که له خه‌یبه‌را بمان‌بێلێته‌وه ؟ ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووی : بۆ تۆ وا ظه‌ن ئه‌به‌ی که من ئه‌وه‌م له‌فکر چوه‌ته‌وه که پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : تۆ چۆن ئه‌بی که له خه‌یبه‌ر بکرێیته ده‌رێ‌و وشتره‌که‌ت شه‌واوشه‌و بتفرێنێ ؟ [ئه‌و که‌سه که به‌نی‌حه‌قیق بوو بۆ ئه‌و خوصووصه هاتبوه خزمه‌تی] عه‌رزی‌کرد : ئه‌و فه‌رمووده گاڵته‌یێ بوو له طه‌ره‌ف (أبو القاسم) ه وه ـ ﷺ ـ که له‌گه‌ڵ ئێمه‌ی کرد جیددیی نه‌بوو ! ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووی : ئه‌ی دوشمنی خوا درۆت‌کرد جیددیی بوو . ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ده‌ری‌کردن له باقی به‌ری باغه‌کان قیمه‌تی به‌شی ئه‌وان چی بوو ماڵی دانێ ، وشترو ، مه‌تاع‌و ، کۆپان‌و ، گوریس‌و ، شتی تری دانێ .

ئه‌م حادیثه‌یه موعجیزه‌ی پێغه‌مه‌ره ـ ﷺ ـ وه‌ك فه‌رموبووی هاته‌جێ .

ما يصيب المجاهد من الطعام في أرض الحرب هل له أكله قبل القسمة[1] ؟

١٣٠٦/١٥٧ عن عبدالله بن مغَفَّل ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنا محاصِرين قصر خيبرٍ ، فرمى إنسان بجراب فيه شحم فنزوت [أي وثبت] لآخذه فالتفتُّ فإذا النبي ـ ﷺ ـ فاستحييت منه ـ عليه الصلاة والسلام ـ ح ـ ٢١٩/٥ . ح ـ ٢٦٩/٨ . ح ـ ٣٥٥/٦ . م ـ ٣٩٠/٧ ، ٣٨٩ . ن ، د ، وفيه : فالتزمته فقلت : لا أعطي اليوم أحدا من هذا شيئا قال : فالتفتت فإذا رسول الله ـ ﷺ ـ مبتسما .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوری موغەففەل ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : موحاصەرەی قەصری خەیبەرمان = دابوو = ئینسانێ نانەبەرەیێکی فرێدایە خوارێ شەحمی تیا بوو ، خۆم بۆ هاویت کە هەڵی بگرم [وتم : لەمە ئیمرۆ بەشی هیچ کەسی لێ نادەم . مسلم] ئاورم دایەوە کەچی پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی حازر بوو [پێئەکەنی] حەیام کرد لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ [یەعنی چونکی بەحەریصیی دیمی] .

ذەبیحەی کیتابی خواردنی دروستە ؛ چونکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو وەختەدا نەهی لێ نەکردو بەدەمیەوە پێئەکەنی .

ئەبوداودی طەیالیسیش ـ رحمە الله ـ لە ئاخری ئەم حەدیثەدا ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : ئەوە بۆ تۆ بێ .

---

(١) ئایا جەنگاوەران بۆیان هەیە لەو خواردنە بخۆن پێش بەشکردن ـ کەلە شەرگەدا دەیگرن ؟

١٣٠٧/١٥٨ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كنا نصيب في مغازينا العسل والعنب (وعن حماد بن زيد : والفواكه . وعنه : كنا نصيب العسل والسمن في المغازي . قسطلاني) فنأكله ولا نرفعه (إلى النبي ـ ﷺ ـ أو لا نحمله للادخار . قسطلاني) ح ـ ٥/ ٢٢٠ .

تەرجەمە :

ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئێمە لە غەزامانا هەنگوین و ترێ و رۆن و میوەمان دەستئەکەوت ئەمانخواردو نەمانئەبردە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ یا نەمانئەکرد بە ذەخیرە بۆ دوایی .

باب الجزية والموادعة مع أهل الذمة والحرب

وقول الله - تعالى - : ﴿قاتلوا الذين لايؤمنون بالله ولا باليوم الآخر (كإيمان الموحدين) ولا يحرّمون ما حرم الله ورسوله ، ولا يدينون دين الحق من الذين أوتوا الكتاب حتى يعطوا الجزية عن يد (قهر وغلبة) وهم صاغرون﴾[1] (أذلّاء) . وما جاء في أخذ الجزية من : اليهود ، والنصارى ، والمجوس ، والعجم (عند أبي حنيفة) . ح - ٥ / ٢٢٠

خوا - عز وجل - ئەفەرموێ : موحارەبە بکەن لەگەڵ ئەوانەی باوەڕیان نی یە نە بە خواو نە بە ڕۆژی ئاخیرەتو ، = نە = ئەوەی کە خواو ڕەسووڵی خوا حەرامیان کردوە حەرام ئەکەن ، نە بە دینی حەق ، کە دینی ئیسلامە ، (تدیّن) ئەکەن لەوانەی کە کیتابیان بۆ نێرراوە تا لەبەر قەهرو غەڵەبەی ئێوە بەسەریانا بە زەلیلیی جیزیە ئەدەن .

ئەم بابە هەم لە بەیانی ئەوەدایە کە جیزیە لە جولەکەو گاورو مەجووس و لە عەجەم ئەستێنرێ .

ئەبو حەنیفە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە هەموو ئەهلی عەجەم ئەستێنرێ ؛ حەزەکا موشریك بن یا ئەهلی کیتاب بن . شافیعی و ئەحمەد - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموون : جیزیە هەر لە ئەهلی کیتاب و ئەوانەی کە شوبهەی کیتابیان بە دەستەوەیە = وەردەگیرێ = جیزیە لە بتپەرستو ، ڕۆژپەرستو ، مانگ پەرستو ، مورتەدقەبووڵ ناکرێ ، یا ئەبێ بکوژرێن یا موسوڵمان ببن .

---

(١) التوبة / ٢٩ .

جیزیە لەوانەی کە تەمەسوکیان کردوە بە صوحوفی ئیبراهیمو ، زەبووری داود ـ علیهما السلام ـ و ئەوەی یەکێ لە دایكو باوکی کیتابی یەو ئەوی تریان بتپەرستە ـ مثلا ـ = وەردەگیرێ = .

ئیمامی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە غەیری موڕتەد لە هەموو کافرێ جیزیە ئەستێنرێ .

(ئێستە فەرق لە بەینی موسوڵمانو کافرا نی‌یە ، لە هەموویان ئەستێنرێ !)

قال أبن عيينة (مما وصله عبدالرزاق ـ رحمها الله ـ) لە ئەبونەجیحەوە ریوایەت ئەکا : بە موجاهیدم وت : بۆچ ئەهلی شام چوار دیناریان لێ ئەستێنرێو ئەهلی یەمەن دینارێکیان لێ ئەستێنرێ ؟ فەرمووی : لەبەر دەوڵەمەندیی .

ئێستە ماڵی کوللی کەسێ چواریەکی تا نیوەی جیزیەیە ، کەس نە ماڵی هەیە نە موڵکی هەیە .[1] .

١٣٠٨/١٥٩ بجالة قال : كنت كاتبا لجَزْءِ بن معاوية ـ رضي الله تعالى عنه ـ عم الأحنف (بن قيس) فأتانا كتاب عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بن الخطاب قبيل موته بسنة : فرِّقوا بين كل ذي محرم من المجوس ، ولم يكن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخذ الجزية من المجوس حتى شهد عبدالرحمن بن عوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ أخذها من مجوس هجر . ح ـ ٢٢١/٥ . ت ، ن ، د .

تەرجەمە :

بەجالە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : من کاتبی جەزئی کوڕی

(١) دەبێ ئەم قسەی دەربارەی بارودۆخو شوێنو کاتێکی تایبەتی کردبێ .

موعاویەی مامی ئەحنەف بووم ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ساڵێ لـه پێش مردنیا کاغەزی ئیمامی عومەری کوڕی خەطابمان بۆ هات ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە مەجووس کوللی دوو کەسێ کە مەحرەمێتیان لە بەینا بێ و بووبن بە ژن و مێرد لێك جوێ بکەنەوە ، ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ جیزیەی لە مەجووس وەرنەدەگرت تا عەبدورەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ شەهادەتی دا کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ جیزیەی لە مەجووسی هەجەر سەندوە .

١٦٠/١٣٠٩ مسور بن مخرمة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أخبر (عروة بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ـأن عمرو بن بن عوف الأنصاري ، وهو حليف لبني عامر بن لؤي وكان شهد بدرا ، أخبر (مسورا) أن رسول الله ـ ﷺ ـ بعث أبا عبيدة بن الجراح ـ رضي الله تعالى عنه ـ إلى البحرين يأتي بجزيتها (وهو مجوس) وكان رسول الله ـ ﷺ ـ صالَحَ أهلَ البحرين (سنة تسع) وأمر عليهم العلاء بن الحضرمي ، فقدم أبو عبيدة ـ رضي الله تعالى عنها ـ بمال من البحرين ، فسمعت الأنصار بقدوم أبي عبيده ـ رضي الله تعالى عنه ـ فوافت (فوافقت . كش) صلاة الصبح مع النبي ـ ﷺ ـ فلما صلى بهم الفجر إنصرف ، فتعرضوا له ، فتبسم رسول الله ـ ﷺ ـ حين رآهم ، وقال : أظنكم قد سمعتم أن أبا عبيدة قد جاء بشيء ؟ قالوا : أجل يا رسول الله . قال : فأبشروا وأمِّلوا (ومجردا) ما يسرُّكم . فوالله لا الفقر أخشى عليكم ، ولكن أخشى عليكم أن تبسط عليكم الدنيا كما بسطت على من كان قبلكم فتُنافسوها كما تَنافسوها وتهلككم كما أهلكتهم ، (وتلهيكم كما ألهتهم . م أخرى) ح ـ ٢٢٢/٥ . م/٤١٦/١٠ .

ته‌رجه‌مه :

عه‌مری كوری عه‌وفی ئه‌نصاریی به‌دریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ئه‌بوعوبه‌یده‌ی كوری جه‌ڕاحی ـ رضي الله تعالى عنه ـ نارده به‌حره‌ین كه جیزیه‌ی بێنێ . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ له‌وه‌پێش صوڵحی له‌گه‌ڵ ئه‌هلی به‌حره‌ین كردبو عه‌لای (ابن الحضرمی) كردبوو به ئه‌میریان ، ئه‌بوعوبه‌یده ـ رضي الله تعالى عنه ـ له به‌حره‌ین ماڵی هێنا . ئه‌نصار ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بیستیان نوێژی سبه‌ینێ له خـذمه‌تی پێغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ ته‌صادوفی هاتنه‌وه‌ی ئه‌وی كرد . كه پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ نوێژی سبه‌ینێی پێ كردن‌و سه‌لامی دایه‌وه چووه‌وه بۆ مـاڵی خۆیـان[1] ، ئه‌نصار چوونه ڕێگه‌یی و عه‌رزیان كرد . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ كه چاوی پێیان كه‌وت پێكه‌نی‌و فه‌رمووی : وابزانم بیستووتانه كه ئه‌بوعوبه‌یده شتێكی هێناوه ! عه‌رزیان‌كرد : به‌ڵێ . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : موژده لـه ئێوه بێ ، به ته‌مای ئه‌وه بن كه پێی مه‌سرووره‌بن ، كـه ماڵی دنیـایه . [یه‌عنی دنیاتان ده‌ست ئه‌كه‌وێ فه‌قیر نابن] . وه‌ڵڵاهی من له‌وه ناترسم كه فه‌قیر ببن . ئه‌مما له‌وه‌تان ئه‌ترسم كه چۆن دنیا بۆ ئه‌وانه‌ی كه له پێش ئێوه‌وه بوون زۆر بـوه بۆ ئێـوه‌یش زۆر ببێ ، چۆن ئـه‌وان لـه‌سـه‌ر دنیا حه‌سه‌دیان به یه‌كتری بـردوه ، هه‌ركـه‌س بۆ خـۆیی ویستوه ئێـوه‌یش حه‌سه‌د به یه‌كتریی ببه‌ن . دنیا چۆن ئـه‌وانی به‌هیـلاك بردوه ئێـوه‌یش به‌هیلاكا ببا . (معجزة أيُّ (!) معجزة ! صدق رسول الله ـ ﷺ ـ) لـه بوخاریی و له موسلیـما[2] : ئێوه غـافڵ بكـا وه‌ك ئه‌وانی غـافڵ كـردوه .

ح ـ ٩/٢٣٢ . م ـ ١٠/٤١٧ .

(١) لێره‌دا كه‌وتن‌و ئاڵۆزی‌یه‌ك هه‌بوو ، به گوێره‌ی ده‌قه عه‌ره‌بی‌یه‌كه چاكمان كرد .

(٢) واته له ریوایه‌تێكی دیكه‌ی بوخاری‌و موسلیما ئه‌م قسه‌یش هه‌یه .

١٣١٠/١٦١ عن جبير بن حبة [بن مسعود الثقفي] قال : بعث عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ الناس في أفناء الأمصار يقاتلون المشركين ، فأسلم الهُرْمُزان ، فقال : إني مستشيرك في مغازيَّ هذه [فارس ، وأصفهان ، وآذربايجان بأيها نبدأ ؟] قال : نعم مَثَلُها ومثل من فيها من الناس من عدو المسلمين مَثَلُ طائر له رأس وله جناحان وله رِجْلان ، فإن كسر أحد الجناحين نهضت الرجلان بجناح والرأسُ ، فإن كسر الجناح الآخر نهضت الرجلان والرأسُ ، وإن شدخ الرأس ذهبت الرجلان والجناحان والرأس . فالرأس كسرى ، والجناح قيصر ، والجناح الآخر فارس ، فَمُرِ المسلمين فلينْفِروا إلى كسرى .

وقال بكر وزياد جميعا عن جبير بن حبة : فندَبَنا عمرُ ـ رضي الله تعالى عنه ـ واستعمل علينا النعمان بن مُقَرِّن ـ رضي الله تعالى عنه ـ حتى إذا كنا بأرض العدوِّ [نهاوند] وخرج علينا عامل كسرى في أربعين ألفا [من أهلِ فارس وكرمان ، ومن أصفهان ونهاوند مائة ألف وعشرة آلاف] فقام ترجمان ، فقال : ليكلمني رجل منكم . فقال المغيرة [بن شعبة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : سل عما شئت . قال : ما أنتم ؟ قال : نحن أناس من العرب كنا في شقاء شديد وبلاء شديد ؛ نَمَصُّ الجلد والنوى من الجوع ، ونلبس الوبر والشعر ، ونعبد الشجر والحجر ، فبينا نحن كذلك إذ بعث رب السماوات ورب الأرضين ـ تعالى ذكره ، وجلَّت عظمته ـ إلينا نبياً من أنفسنا نعرف أباه وأمه [في شرف منا ، أوسطنا حسبا ، وأصدقنا حديثا . إبن أبي شيبة] فأمرنا نبينا رسول ربنا ـ ﷺ ـ أن نقاتلكم حتى تعبدوا الله وحده أو تؤدوا الجزية [وهم مجوس] . وأخبرنا نبينا ـ ﷺ ـ عن رسالة ربنا أنه من قتل منا صار إلى الجنة في نعيم لم ير مثلها قط ، ومن بقي منا ملك رقابكم . فقال النعمان [بن مُقَرِّن]

ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ربما أشهدك الله مثلها مع النبي ـ ﷺ ـ فلم يندمك [على التأني والصبر] ولم يخزك ، ولكني شهدت القتال مع رسول الله ـ ﷺ ـ كان إذا لم يقاتل في أول النهار انتظر حتى تهب الأرواح وتحضر الصلوات . ح ـ ٥/٢٢٣ .

ته‌رجه‌مه :

جوبه‌یری کوری حه‌ببه ـ رحمه الله ـ ئه‌فه‌رموێ : عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خه‌ڵقی نارد بۆ مه‌مله‌که‌تانی ئه‌طراف که شه‌ر له‌گه‌ڵ موشریکانا بکه‌ن [که گه‌یینه (قادسیه) له‌شکری یه‌زدجوردیان بۆ هات شه‌ڕێکی وایان کرد که نه‌بینرابێ، له ئه‌ووه‌ڵی موحه‌ڕه‌می چوارده‌دا خوا له‌و رۆژه‌دا بایێکی به شیدده‌تی نارد خێوه‌تی دوشمنی له بن هه‌ڵکه‌ند ، سه‌رکرده‌ی له‌شکره‌که‌یان که رۆسته‌می یه‌کده‌ست بوو هه‌ڕای کرد ، موسوڵمانانی گه‌یی پێ کوشتیان ، له‌شکری فارس شکاو موسوڵمانیان شوێن که‌وت تا بردنیانه شاری مه‌دائین ، که تاقی کیسرای لێیه . هورمزانیش له ناو ئه‌وانه‌دا بوو که فیراریان کردبوو ، ئه‌ویش ناوی رۆسته‌م بوو ، له به‌ینی ئه‌وو موسوڵمانانا حه‌ربێ واقیع بوو ، له پاشا صوڵحیان کرد . هورمزان ئه‌و صوڵحه‌ی تێکدا .

ئه‌بوموموسای ئه‌شعه‌ریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ له‌شکری کۆکرده‌وه ، موحاصه‌ره‌ی دان ، طه‌ڵه‌بی ئه‌مانیان کرد تا هورمزان ببرێته خزمه‌ت ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌بوموسا له‌گه‌ڵ ئه‌نه‌سی کوڕی مالیکا ناردی‌یه خزمه‌ت ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] .

هورمزان به ئاره‌زوو موسوڵمان بوو ، ئیمامی عومه‌ر ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی فه‌رموو : من له‌م غه‌زایه‌دا که ئه‌یکه‌م ته‌دبیرت پێ ئه‌که‌م

کە کامیان پێش بخەم . هورمزان عەرزی کرد : مەثەلی ئەو ئەرزەو مەثەلی ئەوانەی کە تیایان وەك مەثەلی مورغێ[1] وایە سەری بێ و دوو باڵ و دوو پێی بێ . ئەگەر یەکێ لە باڵەکانی بشکێ بە باڵەکەی تری و پێی سەری هەڵەستێ ، ئەگەر باڵەکەی تریشی بشکێ پێ و سەری هەڵەستێ . ئەگەر سەری پان بکرێتەوە هەردوو پێ و هەردوو باڵی و سەری بە جارێ ئەڕوٚن نامێنن .

سەر کیسرایە ، باڵ قەیصەرە ، باڵەکەی تر فارسە ، ئەمر بکە بە موسوڵمانان بچنە سەر کیسرا . جوبەیری کوڕی حەببە ئەفەرموێ : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کوٚی کردینەوە بوٚ غەزا ، نوعمانی کوڕی موقەڕینی کرد بە سەرکردەمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ تا گەیینە ئەرزی دوشمن کە نەهاوەندە . عامیلی کیسرا لە لەشکرێکی صەدو پەنجا هەزار کەسیدا هاتە سەرمان ، تەرجومانێکی نارد ، هەڵسا وتی : یەکێ لە ئێوە قسەم لەگەڵ بکا . موغیرەی کوڕی شوعبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : چیت هەوەس هەیە بپرسە . تەرجومانەکە وتی : ئێوە چین ؟ [بەلاوە بەوە تەحقیری کردن] موغیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئێمە کەسانێکین لە عەرەب لە گومراهی یەکی بەشیددەتا بووین ، لە موصیبەتێکی گەورەدا بووین ، لە برسا مەشکاڵەو دەنکە خورمامان ئەمژی ، تووکی وشترو موومان ئەپوٚشی ، عیبادەتی دارو بەردمان ئەکرد ! لەو وەختەدا کە لەو حاڵەدا بووین خوای ئەرزو ئاسمان ـ جل وعلا ـ پێغەمەرێکی لە خوٚمان بوٚ ناردین ، باوك و دایکی ئەناسین ، لە

---

(١) مورغێ : مریشکێ ، باڵداریٚ .

حه‌سه‌با له هه‌مووممان گه‌وره‌تره ، له فه‌رمووده‌یا له هه‌موومان راستتره ، پێغه‌مه‌ری ئێمه که ره‌سوولی ئێمه‌یه له طـه‌ره‌ف خواوه بـۆمان نێـرراوه ـ ﷺ ـ ئه‌مری پێ کردووین تا واتان لێ بێ که هه‌ر عیباده‌تی خوا بکه‌ن و هیچی تر یا جیزیه ئه‌ده‌ن شه‌رتان له‌گه‌ڵا بکه‌ین ، پێغه‌مه‌ری ئێمه ـ ﷺ ـ خه‌به‌ری له طه‌ره‌فی خوای خۆمانه‌وه داوینێ : که هه‌رکـه‌سێ له ئێمـه شـه‌هید بکـرێ ئه‌چێتـه به‌هـه‌شتێکه‌وه لـه نیعمه‌تێکـا که هیـچ میثـلی نه‌بینراوه ، ئه‌وی له ئێمه ئه‌مێنێ ئه‌بێ به مالیکی ره‌قه‌به‌ی ئێوه[1] .

[موغیره ئینکاری له‌سه‌ر ئه‌وه کرد که بۆچی نوعمان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ته‌ئخیری حه‌رب ئه‌کـا ، ده‌ستوبـردێ ناکـا له حـه‌ربا ؟] نوعمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ به موغیره‌ی فه‌رمـوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ : که خوا ـ عز وجل ـ له خذمه‌ت پێغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ له میثلی ئه‌م وه‌قعه‌یه گه‌لێ وه‌قعه‌ی پێ نیشان‌داوی له‌سه‌ر (تأني)و صه‌بر پـه‌شیمانی نه‌کردوویته‌وه تۆیشی له موعاوه‌نه‌تی مه‌حرووم نه‌کردوه‌و خوا نه‌صره‌تی داوی . ئه‌مما من له خذمه‌ت پێغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ له حه‌ربا حـازر بووم ، حاڵی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ وابوو که ئه‌ووه‌ڵی رۆژ حه‌ربی نه‌کردایه مونته‌ظیری ئه‌وه ئه‌بوو که بای (صه‌با) بێ‌و وه‌قتی نوێژی نیوه‌رۆ بێ . [یه‌عنی منیش مونته‌ظیری ئه‌وه‌م بۆیه عه‌جه‌له ناکه‌م له حه‌ربا (بالنتيجة) کیسرا کوژراو هه‌موو ئێران فه‌تح کرا] .

---

(١) واته زاڵ ده‌بێ به‌سه‌رتاناو دیلتان ده‌کا .

غدر ونقض العهد[1]

١٣١١/١٦٢ عن عبدالله بن عمرو - رضي الله تعالى عنهما - عن النبي - ﷺ - قال : من قتل معاهدا [بغير حق] لم يَرُحْ رائحة الجنة . وإن ريحها يوجد من مسيرة أربعين عاما . ح - ٥/٢٢٦ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : کە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : هەرکەسێ موعاهیدێ بکوژێ بە ناحەق‌بۆنی بەهەشت ناکا کە بۆنی لە ڕێی چل ساڵ ڕێوە ئەکرێ .

١٣١٢/١٦٣ وقال عمر - رضي الله تعالى عنه - : إذا قال (مەتەرس) فقد آمنه ، إن الله يعلم الألسنة كلها . وقال عمر - رضي الله تعالى عنه - للهرمزان : لا بأس عليك . ح - ٥/٢٣٠ .

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - = فەرمووی = : کە موسوڵمانێ بە حەربییێکی وت : مەترسە ئەو کەسە ئەمین ئەکا لە زەرەری ماڵ و عیرض و رۆح : یەعنی کەسێ تر بۆی نی‌یە ئیتر دەخڵی بکا . ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - بە هورمزانی فەرموو : هیچ ترس لەسەر تۆ نی‌یە .

---

(١) غەدرو پەیمان شکاندن .

غدر المشركين بالمسلمين[1]

١٣١٣/١٦٤ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : لما فتحت خيبر أُهدِيَتْ للنبي - ﷺ - شاة فيها سُمٌّ [بتثليت السين] فقال النبي - ﷺ - : أجمعوا إليَّ من كان ههنا من يهود ، فجمعوا له ، فقال : إني سائلكم عن شيْ فهل أنتم صادقيَّ عنه ؟ فقالوا : نعم . قال لهم النبي - ﷺ - : من أبوكم ؟ قالوا : فلان . قال : كذبتم ، بل أبوكم فلان . قالوا : صدقت . قال : فهل أنتم صادقيَّ عن شيْ إن سألت عنه ؟ فقالوا : نعم يا أبا القاسم ، وإن كذبنا عرفت كذبنا كما عرفته في أبينا . فقال لهم : مَنْ أهل النار ؟ قالوا : نكون فيها يسيرا ثم تَخْلفونا فيها ، فقال النبي - ﷺ - : إخسؤا فيها ، والله لانخلفكمَ فيها أبدا . ثم قال : هل أنتم صادقيَّ عن شيْ إن سألتكم عنه ؟ فقالوا : نعم يا أبا القاسم . قال : هل جعلتم في هذه الشاة سُمًّا . قالوا : نعم . قال : ما حملكم على ذلك ؟ قالوا : أردنا إن كنت كاذبا نستريح وإن كنت نبيا لم يضرك .
ح/٣٦٤/٦ ، مختصرا . ح - ٢٢٧/٥ ، ح - ٣٩٥/٨ . م - ٢١/٩ ن عن أنس بفرق .

١٣١٤/١٦٥ ولفظ مسلم عن أنس - رضي الله تعالى عنه - : أن إمرأة يهودية أتت رسول الله - ﷺ - بشاة مسمومة فأكل منها ، فجيئ بها إلى رسول الله - ﷺ - فسألها عن ذلك ، فقالت : اردت لأقتلك . قال : ما كان الله ليسلطكِ على ذلك . قال : أو قال : عليَّ . قال : قالوا : ألا نقتلها ؟ قال : لا . قال : فما زلت أعرفها في لهوات رسول الله - ﷺ -

---

(١) خەيانە تكردنی موشريكان لە موسوڵمانان .

م ـ ٩/٢١ . أهدتها له زينب بنت الحرث اليهودية إمرأة سلام بن مشكم . وسألت : أي عضو من الشاة أحب إليه ؟ فقيل : الذراع . فأكثرت فيها السم . قسطلاني : ٣٩٦/٨ .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوهوره‌یره ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : که خه‌یبه‌ر فه‌تح کرا ژنه جووله‌که‌یێ [که زه‌ینه‌بی کچی حه‌رثه که ژنی سه‌لامی کوری میشکه‌م] ه مه‌رێکی زه‌هرپێوه‌کراوی به هه‌دییه هێنا بۆ پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی: جووله‌که‌ی ئێره‌م بۆ کۆبکه‌نه‌وه ، بۆی کۆکرایه‌وه ، پێی فه‌رموون : ئه‌گه‌ر شتێکتان لێ بپرسم راستیم پێ ئه‌ڵێن ؟ عه‌رزیان کرد: به‌ڵێ . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ پێی فه‌رموون : باوکتان کێیه ؟ عه‌رزیان کرد : فلان که‌سه . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : درۆ ئه‌که‌ن به‌ڵکو باوکتان فلان که‌سه . عه‌رزیان کرد : راسته‌فه‌رمووی . پێی فه‌رموون : شتێکتان لێ بپرسم راستیم پێ ئه‌ڵێن ؟ عه‌رزیان کرد : به‌ڵێ (يا أبا القاسم) ئه‌گه‌ر درۆ بکه‌ین ئه‌یزانی وه‌ك ئه‌و درۆیه‌ت زانین که ده‌رحه‌ق باوکمان کردمان . فه‌رمووی : جه‌هه‌نه‌میی کێن ؟ عه‌رزیان کرد : ئێمه که‌مێکی تیا ئه‌بین ، له دواییدا ئێوه ئه‌بن به خه‌له‌فمان . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : چغه ! وه‌ڵڵاهی قه‌ت ئێمه نابین به خه‌له‌فی ئێوه . له پاشا پێی فه‌رموون : شتێکتان لێ بپرسم راستیم پێ ئه‌ڵێن ؟ عه‌رزیان کرد : به‌ڵێ (يا أبا القاسم) . فه‌رمووی : زه‌هرتان کردۆته ناو ئه‌و مه‌ره‌وه ؟ عه‌رزیان کرد : به‌ڵێ . فه‌رمووی : بۆچیتان کردوه ؟ عه‌رزیان کرد : چونکی وتمان ئه‌گه‌ر درۆیکه‌ی له ده‌عوای پێغه‌مه‌ریدا له ده‌ستت ره‌حه‌ت ئه‌بین . ئه‌گه‌ر راست بێ‌و پێغه‌مه‌ر بێ زه‌ره‌رت پێ ناگه‌یێنێ .

له ريوايه‌ته‌كه‌ى موسليما پێغه‌مه‌ر - ﷺ - لێى پرسى : بۆچيت زه‌هر كرده‌ناو ؟ عه‌رزى‌كرد : بۆيه كه بتكوژم . فه‌رمووى : خوا موسه‌لله‌طت ناكا به‌سه‌رما . عه‌رزى پێغه‌مه‌ريان كرد - ﷺ - : بۆ نه‌يكوژين ؟ فه‌رمووى : مه‌يكوژن .

ئه‌نه‌س - رضي الله تعالى عنه - ئه‌فه‌رموێ : ته‌ئثيرى ئه‌و زه‌هره‌م هه‌موو وه‌قت فه‌رق ئه‌كرد له‌ مه‌لاشووى پێغه‌مه‌را - ﷺ - .

خيلاف له‌وه‌دا هه‌يه كه ژنه‌كه‌ى كوشت يان نا .(١)

١٦٦/١٣١٥ عن ابن شهاب [الزهري - رحمه الله -] سئِل : أعَلى مَن سحَر من أهل العهد قتل ؟ قال : بلغنا أن رسول الله - ﷺ - قد صُنِعَ له ذلك ، فلم يقتل من صنعه . وكان من أهل الكتاب . ح - ٥/٢٣١ .

ته‌رجه‌مه :

له ئيبن‌و شه‌هابيان پرسى : ئه‌هلى عه‌هد سيحر بكا له موسوڵمانێ ئه‌كوژرێ يان نا ؟ فه‌رمووى : وامان پێگه‌يوه كه پێغه‌مه‌ر - ﷺ - سيحرى لێ كراو پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ئه‌و سيحركه‌ره‌ى نه‌كوشت ، ئه‌و سيحركه‌ره‌يش له ئه‌هلى كيتاب بوو . [ئه‌مما له‌وه‌دا ده‌ليلى بۆ ئيبن‌و شه‌هاب تيا نى‌يه ؛ چونكى پێغه‌مه‌ر - ﷺ - بۆنه‌فسى خۆى ئينتيقامى له كه‌س نه‌ستاندوه‌و سيحره‌كه‌يش نه له وه‌حيا نه له به‌ده‌نى پێغه‌مه‌را - ﷺ - ته‌ئثيرى نه‌بوو .]

(١) دانه‌ر - خ - ئه‌وه‌ى له ريوايه‌ته‌كه‌ى قه‌سطه‌لانى له‌بير چوه كه «ژنه‌كه پرسى : پێغه‌مه‌ر - ﷺ - زياتر حه‌ز له چ پارچه‌يێكى مه‌ڕ ده‌كات ؟ وتيان : له ده‌ست‌و باسكى . ئه‌ويش زه‌هرى زياتر كرده ئه‌وێ» .

١٣١٦/١٦٧ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال: كيف أنتم إذا لم تجتبوا دينارا ولا درهما ؟ فقيل له : وكيف ترى ذلك كائنا يا أبا هريرة ؟ قال : إي والذي نفس أبي هريرة بيده عن قول الصادق المصدوق . قالوا : عَمَّ ذلك ؟ قال : تنتهك ذمة الله وذمة رسوله ـ ﷺ ـ فيشد الله ـ عز وجل ـ قلوب أهل الذمة فيمنعون ما في أيديهم . ح ـ ٥/٢٣٤ .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوهوره‌يره ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووى : ئێوه چۆنن له‌و وه‌خته‌دا كه نه دينارێ نه درهه‌مێ له ئه‌هلى ذيمه‌ت كۆناكه‌نه‌وه ؟ لێيان پرسى : چۆن وا ئه‌بێ ئه‌ى ئه‌بوهوره‌يره ؟ فه‌رمووى : به‌لێ وا ئه‌بێ قه‌سه‌م به‌و ذاته‌ى نه‌فسى ئه‌بوهوره‌يره به ده‌ستى قودره‌تيه‌تى ، له فه‌رمووده‌ى كه‌سێكه‌وه ئه‌يلێم كه راسگۆيه‌و باوه‌ڕپێكراوه . لێيان پرسى : (يا رسول الله) له‌به‌رچى وا ئه‌بێ ؟ فه‌رمووى : ذيمه‌تى خواو ره‌سوولى ـ ﷺ ـ ريعايه‌ت ناكرێ ؛ خوايش ـ عز وجل ـ دڵى ئه‌هلى ذيمه‌ت به قووه‌ت ئه‌كاو ئه‌وى له ده‌ستيانا هه‌يه نايده‌ن مه‌نعى ئه‌كه‌ن .

[زوڵم له ئه‌هلى ذيمه‌ت حه‌رامه ، ريعايه‌تى حوقووقيان فه‌رزه] .

١٣١٧/١٦٨ عن إبن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : لكل غادر لواء ينصب لغدرته . ح ـ ٥/٢٣٧ . م ـ ٧/٣١٧ .

١٣١٨/١٦٩ وعنه قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : إذا جمع الله الأولين والآخرين يوم القيامة يرفع لكل غادر لواء [يعرف به . أخرى . م] فقيل : هذه غدرة فلان بن فلان . م ـ ٧/٣١٧ .

١٣١٩/١٧٠ وعن أبي سعيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ

قال : لكل غادر لواء [عند أسته] يوم القيامة يرفع له بقدر غدره ، ألا ولا غادر أعظم غدرا من أمير عامة . م ـ ٣١٩/٧ . وفي مسلم كثير ، وهذا القدر كاف .

تەرجەمە :

مەثالى ئەم حەديثانە يەكە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ = ئەفەرموێ = : هەركەسێ غەدر بكا [يەعنى عەهد هەڵبوەشێنێ و بە خيلافى موقتەضاى ئەو عەمەل بكا دەرحەق هەركەسێ بێ پادشاه بێ ، يا ئەهلى ذيمەت بێ] بۆ ئەو كەسە لە رۆژى قيامەتا بەيباخێكى = [لاى قنگى يەوە] = بۆ هەڵەكرێ بە قەد غەدرەكەى بۆى بەرزئەكرێتەوە كە خەڵق ببينێ ئەڵێن : ئەمە غەدرى فلان كەسە . هيچ غەدرێ لەو غەدرە گەورەتر نى يە كە لە طەرەف ئەميرى عامەوە بكرێ .

تم السير بحمد الله فنشرع بتوفيق الله في الغزوات ـ إن شاء الله[1] .

---

(١) باسى (سير) تەواوبوو سوپاس بۆ خودا ، بە يارمەتيى خودا دەست بە باسى غەزەوات ئەكەين .

غزوات النبي - ﷺ -

بسم الله الرحمن الرحيم

باب غزوة العُشَيرة أو العُسَيرة

٩٤١/١/٢٣ (بعد الظهر) پێنج شه‌نبه

وقال إبن إسحاق ، إمام المغازي ، ـ رحمه الله ـ : أول ما غزا النبي ـ ﷺ ـ الأبواء [وهي وَدّان في صفر على رأس إثني عشر شهرا من الهجرة] ثم بَواط [في ربيع الأول سنة اثنتين] ثم العشيرة [في جمادي الأولى سنة (٢) ولم يقع في هذه الثلاث حرب ، وإنما يخرج ـ ﷺ ـ ليلقى عير قريش] ح ـ ٦/٢٣١ .

ته‌رجه‌مه :

ئیبن وئیسحاق ـ رحمه الله ـ ئه‌فه‌رموێ : پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ئه‌وه‌ڵ غه‌زای ئه‌بواء بوو ، دووه‌می به‌واط بوو ، سێیه‌می عوشه‌یره بوو [له‌م غه‌زایانه‌دا موحاره‌به نه‌بوو ؛ بۆیه ته‌شریفی ئه‌چوو تا تووشی کاروانی قوره‌یش ببێ] .

١٣٢٠/١ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : غزوت مع النبي ـ ﷺ ـ خمس عشرة غزوة . ح ـ ٦/٤٦٧ .

ته‌رجه‌مه :

به‌راء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : له خذمه‌ت پێغه‌مه‌را ـ ﷺ ـ پانزه غه‌زام کردوه .

١٣٢١/٢ عن أبي إسحاق : كنت إلى جنب زيد بن الأرقم ـ رضي الله تعالى عنه ـ ليس بيني وبينه غير رجل ، أو بيني وبينه رجل . قال فقلت م ـ ٧/٤٧٢] فقيل له : كم غزا النبي ـ ﷺ ـ من غزوة ؟ قال : تسع عشرة قيل [قلت . م] : كم غزوت أنت معه ؟ قال : سبع عشرة . قلت : فأيهم كانت أول ؟ قال : العُسَيرة أو العُشَيرة . فذكرت لقتادة

فقال : العشير . ح ـ ٦/٢٣١ ، ٤٦٦ . م ـ ٧/٢٧٢ ، ت .
تەرجەمە :
ئەبوئیسحاق ئەفەرموێ : لە تەنیشت زەیدی کوڕی ئەرقەمـەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ دانیشتبووم ، غەیری پیاوێکمان لە بەینا نەبوو ، فەرمووی : عەرزم‌کرد : کە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ چەنـد غەزای کـردوە ؟ فەرمووی : نۆزدە . عەرزم‌کرد : لە چەند غەزادا لە خدمەتیا بووی ؟ فەرمووی : لە حەڤدە غەزادا . عەرزم‌کرد : کامیان لە ئەووەڵەوە بوو ؟ فەرمووی : عوسەیرە یا عـوشەیـرە . ئەوەم بـە قەتـادە وت ، قەتـادە فەرمووی : عوشەیر .

[رەنگە زەید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ددانی کەوتبێ ، وەکوو من (شین)ی بە (سین) خوێندوۆتەوە] .

١٣٢٢/٣ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ غزوت مع رسول الله ـ ﷺ ـ تسع عشرة غزوة . قال جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لم أشهد بدرا ولا أُحُداً ؛ منعني أبي ، فلما قتل عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ يوم أُحد لم أتخلف عن رسول الله ـ ﷺ ـ في غزوة قط . م ـ ٧/٤٧٤ .
تەرجەمە :
جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خذمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ نۆزدە غەزام کردوە ، نەچوومە غەزای بەدرو ئوحود ، بـاوکم نەیهێشت ، کە باوکم لە ئوحودا شەهید کرا لە هیچ غەزایێکا لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە مالا بەجێ نەمام .

عن عبدالله بن بريدة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن أبيه قال : غزا رسول الله ـ ﷺ ـ تسع عشرة غزوة قـاتل في ثمـان ، وفي أخرى ست عشرة غزوة . م ـ ٧/٤٧٤ . ح ـ ٦/٤٦٧ .

تەرجەمە :

بـورەیدە ـ رضي الله تعـالى عنە ـ ئـەفەرمـوێ : نۆزدە غـەزا لە ریوایەتێکا شانزە غەزام کرد ، لە خـذمەت پێغـەمەرا ، لـە هەشتیـانا پێغەمەر ـ ﷺ ـ شـەڕی لەگـەڵ کوففـارا کرد . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ لـەم غەزایانا لە نۆیا (بالذات) شەڕی کردوە :

١ ـ بەدر

٢ ـ ئوحود .

٣ ـ ئەحزاب .

٤ ـ = بەنی = قورەیظە .

٥ ـ بەنولموصطەلەق .

٦ ـ خەیبەر .

٧ ـ فەتحی مەککە .

٨ ـ حونەین .

٩ ـ طائیف .

غزوة بدر

٤/١٣٢٣ ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : شهدت من المقداد بن الأسود ـ رضي الله تعالى عنه ـ مشهدا لأن أكون صاحبه أحب إليَّ مما عُدِل به : أتى النبي ـ ﷺ ـ ، وهو يدعو على المشركين ، فقال : لانقول كما قال قوم موسى [عليه الصلاة والسلام] ﴿إذهب أنت وربك فقاتلا﴾[1] ولكنا نقاتل عن يمينك ، وعن شمالك ، وبين يديك ، وخلفك . فرأيت النبي ـ ﷺ ـ أشرق وجهه ، وسرَّه ، يعني قوله .

ح ـ ٢٣٦/٦ .

ئەرجەمە :

ئیبن و مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە میقدادی کوڕی ئەسوەد ـ رضي الله تعالى عنه ـ شتێکم دی ئەگەر هی من بوایە لە هەموو شتێك کە لە موقابیلی ئەودا بمبێ لە لام خۆشترە : میقداد ـ رضي الله تعالى عنه ـ هاتە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوٚعای لە موشریکان ئەکرد . میقداد ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی کرد : ئێمە وەکوو قەومی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ نین [کە خوا ئەمری پێ کردن بچن شەر لەگەڵ جەبابیرە بکەن] وتیان : تۆو خوات بچن شەریان لەگەڵ بکەن ، ئێمە لێرەدا دائەنیشین . ئەمما ئێمە لای راستەوەو ، لای چەپتەوەو ، لە بەردەمتەوەو ، لە پشتەوەت شەرت بۆ ئەکەین . کە میقداد ئەمەی عەرزی پێغەمەر ـ ﷺ ـ = کرد = پێغەمەرم دی ـ ﷺ ـ رووی گەش بۆوەو ئەو قسەی میقدادە مەسرووری کرد .

[ئیبن و ئیسحاق ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە تەشریفی

---

(١) بڕوانە سوورەتی : مائیدە ، ئایەتی : ٢٤ .

گەیی یە (صفراء)و خەبەری ئەوەی پێگەیی کە قورەیش یێن بۆ بەدرو ، ئەبوسوفیان خۆیو کاروانەکەی نەجاتی بوە ، ئیستیشارەی بە ئەصحابی کیرام کرد . ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - تەشریفی هەڵساو قسەی باشی فەرموو . لە پاشا عومەر - رضي الله تعالى عنه - تەشریفی هەڵساو ئەویش قسەی چاکی فەرموو ، لە دواییدا میقداد - رضي الله تعالى عنه - ئەوەی عەرزی پێغەمەر کرد - ﷺ - و عەرزیکرد : قەسەم بەوەی کە تۆی بە حەق ناردوە ئەگەر تەشریفت بچێتە (بَرْك الغِماد) لە خزمەتتا غەزا ئەکەین .

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : چی ئەڵێن بیڵێن بیکەم ؟ زانییان کە مەقصوودی ئەو ئەنصارە . پێغەمەر - ﷺ - لەوە ترسی بوو کە بۆ بەدر موافەقەی نەکەن ؛ چونکی هەر لەسەر ئەوە موبایەعەیان لە خـزمەتـا کردبوو کـە دوشمنێ هاتـەسەریـان موعـاوەنەتی بکـەن ، لەسـەر ئەوە موبایەعەیان لە خزمەتا نەکردبوو کە لە خزمەتیا بچنە سـەر دوشمن . سەعدی کوڕی مەعاذ - رضي الله تعالى عنه - عەرزی کرد : (یا رسول الله) چیت ئەمر پێ کراوە تەشریفت بچێ بۆی ئێمەت لە خزمەتاین . ئەم قسەی سەعدە - رضي الله تعالى عنـه - پێغەمـەری مەسـروورو کەیف خۆش کرد . قسطلاني] .

٥/١٣٢٤ عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - يقول : لا يستوي القاعدون من المؤمنين عن بدر والخارجون إلى بدر . ح - ٦/٢٣٧ . ت

تەرجەمە :

ئیبن و عەباس - رضي الله تعالى عنه - لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە ئەفەرموێ : ئەو موسوڵمانانەی کە دانیشتوونو ناچن بۆ غەزا لە ئەجرا بەرابەر نابن . .[1] . ئەفەرموێ : ئەو موسوڵمانانەی کە لە غەزای بەدرا

(١) مەبەستی ئایەتی (١٠٥)ی سوورەتی (النساء)ە .

له مالاّ دائه‌نیشن و ناچن بۆ بەدر له ئه‌جرا بەرابەر نابن له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌دا که ئه‌چنه غه‌زای بەدر .

١٣٢٥/٦ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ شاور ، حين بلغه إقبال أبي سفيان ، قال : فتكلم أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأعرض عنه ، ثم تكلم عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأعرض عنه . فقام سعد بن عبادة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : إيّانا تريد يارسول الله ؟ والذي نفسي بيده لو أمرتنا أن نخيضها = البحر = [أي الخيل] لأخضناها ، ولو أمرتنا أن نضرب أكبادنا إلى بَرْك الغِماد لفعلنا ! قال : فندب رسول الله ـ ﷺ ـ الناس فانطلقوا حتى نزلوا بدرا ، ووردت عليهم روايا قريش [جمع راوية : الجمال التي يحمل عليها الماء] وفيهم غلام أسود لبني الحجاج فأخذوه ، فكان أصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ يسألونه عن أبي سفيان وأصحابه فيقول : ما لي علم بأبي سفيان ، ولكن هذا أبو جهل ، وعتبة ، وشيبة ، وأمية بن خلف . فإذا قال ذلك ضربوه . فقال : نعم أنا أخبركم هذا أبو سفيان . فإذا تركوه فسألوه فقال : مالي بأبي سفيان علم ، ولكن هذا أبو جهل ، وعتبة ، وشيبة ، وأمية بن خلف في الناس . فإذا قال هذا أيضا ضربوه ، ورسول الله ـ ﷺ ـ قائم يصلي . فلما رأى ذلك إنصرف وقال : والذي نفسي بيده لتضربوه إذا صدقكم ، وتتركوه إذا كذبكم ! قال : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : هذا مصرع فلان ويضع يده ههنا وههنا . قال : فما ماط أحدهم عن موضع يد رسول الله ـ ﷺ ـ . م ـ ٧/٤١٠ .

تەرجەمە :

ئەنەسی کوری مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ که خەبەری ئەوەی پێگەیی که ئەبوسوفیان لە شام گەراوەتەوەو بێتەوە ، موشاوەرەی لەگەڵ ئەصحابی کیراما کرد ، ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسەی فەرموو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ رووی

لیٚوەرگیٚرا ، ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسەی فەرموو رووی لەویش وەرگیٚرا . سەعدی کوڕی عوبادە هەڵسا فەرمووی : (یا رسول الله) مەقصوودت ئیٚمەیە قەسەم بەوەی نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! ئەگەر ئەمرمان پیٚ بفەرمووی کە ئەسپەکانمان تاوبدەین بۆ[1] ئەو جیٚی کە تەشریفت ئەچیٚ تاوی ئەدەین . ئەگەر ئەمرمان پیٚ بکەی کە جگەرمان[2] بدەین (بەرك الغماد) [کە پیٚنج رۆژ ریٚگەیە] ئەیکەین !

پیٚغەمەر ـ ﷺ ـ خەڵقی بانگکرد تەشریفیان رۆیی تا لە بەدرا دابەزین ، راویەی[3] ئاوی قورەیش بەسەریانا هاتن بۆ ئاو ، عەبدیٚکی رەشیان لە ناوا هی (بني الحجاج) بووگرتیان ، ئەصحابی پیٚغەمەر ـ ﷺ ـ ئەبوسوفیانو رەفیقەکانیان لیٚ پرسی . وتی : خەبەرم لە ئەبو سوفیان نی یە ، ئەمما ئەوە ئەبوجەهلو ، عوتبەو ، شەیبەو ، ئومەییەی کوڕی خەلەفە . کە وای وت دەستیانکرد بە لیٚدانی ، غولامەکە وتی : بەڵیٚ خەبەری ئەبوسوفیانتان ئەدەمیٚ ؛ ئەوە ئەبوسوفیانە . کە وازیان لیٚهیٚناو

(١) لیٚرەدا لە عەرەبی یەکەدا وشەی (البحر) کەوتبوو ئیٚمە خستمانەوە شویٚنی خۆی ، دانەر ـ خ ـ مانای حەدیثەکەی بە بیٚ ئەو وشەیە کردوەو ماناکە نەختیٚك گۆڕاوەو دەبیٚ ئاوا بیٚت : «وەڵڵاهی ئەگەر بفەموویتو فەرمانمان پیٚ بدەی کە ئەسپەکانمان تاو بدەین بۆ دەریاو مل بنیٚینە سەر ئاوی دەریا ئەیکەنو سەرپیٚچی لە فەرمانت ناکەین» .

(٢) لیٚرەدا کەوتنو ئاڵۆزی یەك هەست پیٚدەکریٚت ، دەکریٚ ئاوا بنووسریٚت : ئەگەر ئەمرمان پیٚ بکەی کە بدەین لە جگەرمان بۆ (برك الغماد) ، واتە برۆین تا ئەویٚ . .

(٣) مەبەست لە راوی یە ئەو وشترانەیە ئاویان پیٚ ئەبریٚ بۆ کۆمەڵو سوپا . واتە ئاویەرانی سوپاکەی قورەیش هاتن بەسەریانا .

لێیان پرسی وتی : خەبەرم لە ئەبو سوفیان نیە ، ئەوە ئەبوجەهل و ، عوتبەو ، شەیبەو ، ئومەییەی کوڕی خەلەفە لەگەڵ خەڵقان . کە ئەمەی وت دووبارە دەستیان کرد بە لێدانی ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەستابوو نوێژی ئەکرد ، کە چاوی کەوت بە موعامەلەی ئەصحاب نوێژەکەی بە عەجەلە کردو سەلامی دایەوەو فەرمووی : قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ! کە راستتان پێ بڵێ لێی ئەدەن ، کە درۆیشتان پێ بڵێ وازی لێ یێنن ! لە پاشا فەرمووی : ئەمە جێی کوژرانی فلانە ، دەستی لەسەر ئەرز لەمێ و لەوێ لەسەر دائەنا . ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : هیچ کامێکیان لەجێ دەستی موبارەکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لای نەدا .

دوو موعجیزەی گەورەی تیایە :

١ ـ خەبەردان لە راستیی غولامەکە .

٢ ـ خەبەردان لەو جێگەیەی کە جەبابیرەی[1] قورەیشی بە کوژراویی لێ ئەکەوێ . هەردووکی وەك فەرموودەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ هاتەدی .

دروستە لە کافر بدرێ ، بەو شەرتە موعاهیدو ئەهلی ذیمەت نەبێ ، با ئەسیریش بێ .

لە نوێژا ئیشێ رووی دا سوننەتە تەخفیفی نوێژ بکرێ بۆ دەفعی . (نووي) .

١٣٢٦/٧ حذيفة بن اليمان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : ما منعني أن

(١) جەبابیرە : کۆی جەببارە ، واتە : گەورەو سەردارانی ستەمگەری قورەیش وەك ئەبوجەهل و . .

أشهد بدرا إلا أني خرجت أنا وأبي حُسَيل . قال : فأخذنا كفار قريش ، فقالوا : إنكم تريدون محمدا ـ ﷺ ـ فقلنا : ما نريده ، ما نريد إلا المدينة . فأخذوا منا عهد الله وميثاقه : لنصرفن إلى المدينة ولا نقاتل معه . فأتينا رسول الله ـ ﷺ ـ فأخبرناه الخبر . فقال : إنصرفا ، نَفي لهم بعهدهم ونستعين الله ـ عز وجل ـ عليهم . م ـ ٧/٤٢٧ .

تەرجەمە :

حوذەیفەی کوڕی یەمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : هەر ئەوە منی مەنع کرد لەوە کە بچمە غەزای بەدر من و ئەبوحوسەیل چووینە دەرێ ، کوففاری قورەیش ئێمەیان گرت ، وتیان : ئێوە ئەچنە بەدر لای محەمە د ـ ﷺ ـ . وتمان : خەیر ناچینە لای ئەو ، هەر ئیرادەمان وایە بچینەوە مەدینە ، لەسەر ئەوە عەهدو میثاقی = خوا = یان لێ وەرگرتین کە بگەڕێینەوە بۆ مەدینەو لە خذمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ حەرب نەکەین . هاتینە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزمان کرد ، فەرمووی : بگەڕێنەوە بۆ مەدینە عەهدەکەیان بۆ بەجێ بێنین و لە خوا موعاوەنەت طەڵەب ئەکەین ـ عز وجل ـ .

وەفا بە عەهد لازمە .

١٣٢٧/٨ [عن ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ خ] عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ ﷺ ـ يوم بدر : من ينظر [يعلم . أخرى . م] ما فعل [صنع . خ أخرى] أبو جهل ؟ فانطلق ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ فوجده قد ضربه إبنا عفراء [معاذ ومعوذ] حتى برد [برك . م] فأخذ بلحيته ، فقال : [أأنت . أخرى خ] آنت أبا [أبو . خ أخرى] جهل ؟ قال : وهل [أَعْمَدُ (أي : أشرف) من رجل ؟

خ أخرى] فوق رجل قتله قومه ، أو قال : قتلتموه ؟ ح ـ ٦/٢٣٩ ، ٢٤٠ . م ـ ٧/٤٤٠ . أحمد . وفي اخرى : فلو غير أكار [زراع] قتلني ؟ م .

[وعن ابن إسحاق أن ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ كان يقول : قال لي أبو جهل : لقد إرتقيت ـ يا رويعي الغنم ! ـ مرتقى صعبا . قال : ثم إحتززت رأسه ، ثم جئت به رسول الله ـ ﷺ ـ فقلت : يا رسول الله هذا رأس عدو الله أبي جهل . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : آلله الذي لا إله إلا هو ؟ قال : قلت : والله الذي لا إله غيره ، ثم ألقيت رأسه بين يدي رسول الله ـ ﷺ ـ ، فحمد الله ـ قسطلاني .]

تەرجەمە :

ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژی بەدر فەرمووی : کێ تێئەفکرێ بزانێ ئەبوجەهل چی کردوە ؟ ئیبن و مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی رۆیی ، ئەبوجەهلی بینی کە مەعاذو (معوذ) ی کوڕی عەفراء لێیان دابوو تا سارد بووبووەوە [لە موسلیما : تا کەوتبوو] ئیبن و مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریشی ئەبوجەهلی گرت پێی فەرموو : تۆ ئەبوجەهلی ؟ ئەبوجەهل وتی : لەو کەسە شەریفتر هەیە ، لە ژوور ئەو کەسەوە کەسی تر هەیە کە قەومی خۆی ، یا وتی : کە ئێوە کوشتووتانە ؟ لە ریوایەتەکەی ترا : کاشکی غەیری ئەهلی زەراعەت بیکوشتمایە ! [چونکە هەردوو : مەعاذو (معوذ) لە ئەنصار بوون هەردوکیان لە ئەهلی زەراعەت بوون] .

[ئیبن و ئیسحاق ئەفەرموێ : بەعزێ بەنی مەخزووم ئەڵێن : ئیبن و مەسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەبوجەهل پێی وتم : ئەی شوانە بچکۆلەی مەڕ چوویتە سەر جێیەکی بەرز ! [ظاهیر وایە ئیبن و

مەسعوود - رضي الله تعالى عنه - کە ڕیشی ئەبوجەهلی گرت کە سەری ببڕێ پێی نابێتە سەر سنگی بۆیە وای پێ وت] . ئیبن ومەسعوود - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە پاشا سەرم بڕی و لە بەدەنم کردەوەو بردمە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزم کرد : (یا رسول الله) ئەمە سەری ئەبوجەهلە . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : توو ئەو خوایەی کە غەیری ئەو مەعبوودی بەحەق نی یە ؟ عەرزم کرد : بەو خوایەی کە غەیری ئەو مەعبوودی بەحەق نی یە ! لە پاشا سەرەکەم فڕێدایە بەردەمی پێغەمەر - ﷺ - . پێغەمەر - ﷺ - حەمدی خوای کرد .

١٣٢٨/٩ عن علي بن أبي طالب - رضي الله تعالى عنه - قال : أنا أول من يجثو بين يدي الرحمن للخصومة يوم القيامة . ح - ٦/ ٢٤٠ .

١٣٢٩/١٠ عن أبي ذر - رضي الله تعالى عنه - [يقسم . أخرى] قال : نزلت : ﴿هذان خصمان اختصموا في ربهم . .﴾[1] [هم الذين تبارزوا يوم بدر . خ أخرى] في ستة من قريش : علي ، حمزة ، وعبيدة ابن الحرث - رضي الله تعالى عنهم - وشيبة بن ربيعة ، وعتبة بن ربيعة ، والوليد بن عتبة . ح - ٦/٢٤١ . م - ١٠/٤٨٢ ، ح - ٧/٢٣٦ . ن ، جه .

تەرجەمە :

حەزرەتی عەلی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : من ئەوەڵ کەسێکم کە لە ڕۆژی قیامەتا لە حوزووری خوادا چۆك دائەدەم بۆ موحاکەمە .

ئەبوذەڕ - رضي الله تعالى عنه - ئەم ئایەتی سوورەتی حەجەی

(١) سوورەتی حەج ، ئایەتی : ١٩ .

خوێندەوە = کە ئەفەرموێ : ئەم دوانە دوو خەصمن لە حوزووری خوای خۆیانا موحاکەمە ئەبن : [ئەوانە کە کافر بوون لە ئاگر دەستێ جليان بۆ ئەبڕن ، ئاوی داغيان بەسەرا ئەڕێژرێ ، بەو ئاوە هەموو ناوزگيان‌و پێستيان دائەماڵێ‌و ئەتوێتەوە ، گورزيانيش هەيە لە ئاسن ، [بەوە لێيان ئەدرێ] کوللی دەفعەيێ کە تەمايان ئەبێ بچنە دەرێ لە غەمی ئەو ئاگرە لە وەختی چوونەدەرەوەيان لە جەهەننەم ئەخرێنەوە ناو جەهەننەم ، پێيان ئەڵێن : عەذابی سووتانن بچێژن] .

دەرحەق شەش کەس لە قورەيش نازڵ = بوە = : عەلی‌و ، حەمزەو ، عوبەيدەی کوڕی حەرث - رضي الله تعالى عنهم - و شەيبەی کوڕی رەبيعەو ، عوتبەی کوڕی رەبيعەو ، وەليدی کوڕی عوتبە . [ئيمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه - وەليدی کوشت ، حەمزە - رضي الله تعالى عنه - شەيبەی کوشت ، عوبەيدە - رضي الله تعالى عنه - لەگەڵ عوتبەدا شيريان لە يەکتری دا شيری هەردووکيان کاريگەر بوو ، عەلی‌و حەمزە - رضي الله تعالى عنهما - بايان‌دايەوە سەر عوتبە بە تەواوەتی بە جەهەننەميان گەيان . عوبەيدەيش - رضي الله تعالى عنه - بەو ضەربەی عوتبەيە کە = لە = ئەژنۆی دابوو کە گەڕانەوە لە صەفەردا بە شەهيديی وەفاتی کرد .

لە بەيضاوی‌و جەلالەينا ئەفەرموون : ئەو = دوو = خەصمە موسوڵمانان‌و موشريك‌و يەهوودين . فەقەط ئەبوذەڕ - رضي الله تعالى عنه - حازری وەقعەو نوزوولی ئايەتەکە بوە .

١١ / ١٣٣٠ وقال علي - رضي الله تعالى عنه - : فينا نزلت هذه الآية : ﴿هذان خصمان اختصموا في ربهم﴾[1] [في دينه تعالى] ح - ٦/٢٤١ .

(١) سوورەتی حەج ئايەتی : ١٩ .

١٣٣١/١٢ عن أبي إسحاق [رحمه الله] : سأل رجل البراء - رضي الله تعالى عنه - وأنا أسمع قال : أشَهِد علي - رضي الله تعالى عنه - بدرا ؟ قال : بارز ، وظاهر . [أي لبس درعا على درع] ح - ٢٤٢/٦ .

تەرجەمە :

ئەبوئیسحاق - رحمه الله - ئەفەرموێ : پیاوێ لە بەرای پرسی - رضي الله تعالى عنه - منیش ئـەمبیست وتی : ئایـا عەلی - رضي الله تعـالى عنه - حازری وەقعەی بەدر بوە یان نا ؟ فەرمووی : بەڵێ حازری وەقعەی بەدر بوەو ، موبارەزەیشی کردو ، زرێی لەسەر زرێ پۆشی .

١٣٣٢/١٣ عن عروة [رحمه الله] قال : كان في الزبير - رضي الله تعالى عنه - ثلاث ضربات بـالسيف ؛ إحداهن في عـاتقه ، قـال : إن كنت لأدخِـل أصابعي فيهـا . قال : ضُـرِبَ ثنتين يـوم بدر ، وواحـدةً يوم اليرموك . قال عروة : وقال لي عبدالملك بن المروان . . . . حين قتل عبدالله بن الزبير - رضي الله تعالى عنهما - [أي وأخذ الحجاج ما وجد له ، فأرسله إلى عبدالملك ، وكان من جملته سيفهُ ، وخرج عروة إلى عبدالملك بالشام] : يا عروة هل تعرف سيف الـزبير - رضي الله تعـالى عنه - ؟ قلت : نعم . قال : فما فيه ؟ قلت : فيه فَلَّةٌ فُلَّهـا يوم بـدر . قال : صدَقْتَ .

«بهن فلول من قراع الكتائب»

ثم ردَّه علي عروة ، قال هشام : فأقمناه بيننا ثلاثة آلاف ، وأخذه بعضنا ، ولوَدِدْتُ أنِّي كنت أخَذْتُه .[1] .

(١) ئەم حەدیثە جارێکی دیکە بە ژمـارە (١٠٣٢/١٥٥) لە بـاسی زوبەیـردا رابورد .

وعن هشام عن أبيه ، قال : كان سيف الزبير - رضي الله تعالى عنه - محلى بفضة . قال هشام : وكان سيف عروة محلًى بفضة . ح - ٦/٢٤٢ .

تەرجەمە :

عوروەی کوڕی زوبەیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : زوبەیر - رضي الله تعالى عنه - سێ ضەربەی شیری پێوە بوو ؛ یەکێکیان لە پشتی ملیا بوو ، من پەنجەم پیائەکرد . دوانی لە رۆژی بەدرا لێی درابوو ، یەکێکی لە رۆژی یەرمووکا . [لە زەمانی خەلافەتی ئیمامی عومەرا - رضي الله تعالى عنه - لە ساڵی پانزەی هیجرەتا دوای فەتحی شام ئەمیری موسوڵمانان ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح بوو - رضي الله تعالى عنه - چوار هەزار موسوڵمان شەهید بوو ، لە ڕۆم نزیکی صەدو پێنج هەزار کوژرا ، چل هەزاریان لێ ئەسیر کرا ، لەو غەزایەدا لە ئەهلی بەدر صەد صەحابەی تیا بوو]

عوروە - رحمه الله - ئەفەرموێ : کە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر شەهیدکراو[1] [حەجاج تەریکەی عەبدوڵڵای - رضي الله تعالى عنه - نارد بۆلای عەبدولمەلیك لە ناو تەریکەکەیا شیری زوبەیریش مەوجوود بوو] . عەبدولمەلیك پێی وتم : ئەی عوروە تۆ شیری زوبەیر - رضي الله تعالى عنه - ئەناسیتەوە ؟ عوروە فەرمووی : بەڵێ . وتی : نیشانەی چیە ؟ وتم : کە لێیێکی تیایە لە رۆژی بەدرا تێی بووبوو . وتی : راستەکەی ، ئەو شیعرەی خوێنەوە کە مەعنای وایە : هیچ عەیبیان نی یە غەیری ئەوە

(١) لێرەدا ناکۆکی و ناجۆری یەك لە وەرگێرانەکەی دانەردا بوو ، ئێمە رێکمان خستەوە .

که لەبەر ئەوە کە لەگەڵ پاڵەوانان ئەوەندەیان لە یەك داوە بەشیر ـ شیرەکانیان کەل بوە[1] . لە دواییدا عەبدوڵەلیك شیرەکەی دایەوە بە عوروە .

هیشامی کوڕی عوروە ـ رحمهما الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە بەینی خۆمانا قیمەتی شیرەکەمان بە سێ هەزار بڕی ، بەعزێ لە ئێمە شیرەکەی لە باقی ئیرث وەرگرت ، حەزم ئەکرد کە من هەڵم بگرتایە بۆ خۆم . عوروە ئەفەرموێ : شیری زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە زیو تەزیین کرابوو . هیشام ئەفەرموێ : شیری عوروەیش بە زیو تەزیین کرابوو .

١٤/١٣٣٣ عن أبي طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن نبي الله ـ ﷺ ـ أمر يوم بدر بأربعة وعشرين رجلا من صناديد قريش فقُذِفوا في طويٍّ من أطواء بدر خبيث مُخبث [وطرح باقي السبعين في مواضع أخرى] وكان النبي ـ ﷺ ـ إذا ظهر على قوم أقام بالعرصة ثلاث ليال ، فلما كان ببدر اليوم الثالث أمر براحلته ، فشُدَّ عليها رحلها . ثم مشى وتبعه أصحابه ، وقالوا : ما نُرى ينطلق إلا لبعض حاجته حتى قام على شفة الرَّكِيِّ ، فجعل يناديهم بأسمائهم وأسماء آبائهم : يا فلان بن فلان ، ويا فلان بن فلان [وفي رواية مسلم وأحمد وابن إسحاق : فينادي : يا عتبة بن ربيعة ! ويا شيبة بن ربيعة ! ويا أُمية بن خلف ! ويا أبا جهل بن هشام ! ولم يكن أُمية بن خلف في القليب ؛ لأنه كان ضخما فانتفخ فأُلقي عليه الحجارة] : أيسرُّكم أنكم أطعتم الله ورسوله ؟ فإنا قد وجدنا ما وعدنا

---

(١) ئەمە بەیتێکی مەشهووری نابیغەیە ، لە حەدیثەکەدا نیوەی نووسرابوو ، لێرەدا ـ دانەر هەمووی ماناکردوە ئەمە نیوەکەی تریەتی :

ولا عيب فيهم غير أن سيوفهم

ربنا حقًّا . فهل وجدتم ما وعد ربكم حقًّا ؟ قال : فقال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : يا رسول الله ماتكلم من أجساد لا أرواح لها ؟ [وأنى يجيبوا وقد جيفوا ؟ . م] فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : والذي نفس محمد بيده ! ما أنتم بأَسمعَ لما أقول منهم [ولكنهم لايقدرون أن يجيبوا] . قال قتادة : أحياهم الله حتى أسمعهم قوله ، توبيخا ، وتصغيرا ، ونِقْمة [وبفتح فكسر] وحسرة وندما . ح ـ ٦/٢٤٤ . م ـ ١٠/٣٤١ . بفرق لا يضير .

تەرجەمە :

ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژی بەدر ئەمری فەرموو کە بیستو چوار کەسیان لە صەنادیدی قورەیشیان هاویتە ناو بیرێ لە بیرانی بەدر ، پیسی رەفیقی پیس ، ئەوانی تریشیان فریدایە جێی تر . پێغەمەر ـ ﷺ ـ عادەتی وابوو کە بەسەر قەومێکا غاڵب بوایە سێ رۆژ لەو مەیدانەدا تەشریفی بەند ئەبوو ، کە رۆژی سێیەمی غەڵەبەی بوو ئەمری فەرموو کە کۆپانیان لە وشترەکەی کردو تەشریفی لێیدا رۆیی ، وتیان : ئەڵبەتە ئیشێکی هەیە . ئەصحابیش لە خزمەتیا چوون تا تەشریفی چوو لەسەر لێوی بیرەکەدا راوەستا ، یەکە ، یەکە دەستیکرد بە بانگکردنیان بە ناوی خۆیانو ناوی باوکیانەوە ناوی ئەبردن : ئەی فلانی کوڕی فلان ، ئەی فلانی کوڕی فلان . [ئەی ئەبوجەهلی کوڕی هیشام ! ئەی ئومەییەی کوڕی خەلەف ! ئەی عوتبەی کوڕی رەبیعە ! ئەی شەیبەی کوڕی رەبیعە ! م] : ئێوە مەسروور ئەبن بەوە کە ئیطاعەی خواو رەسووڵی خواتان بکردایە ؟ بە تەحقیق ئێمە ئەوەمان دەستکەوت کە خوا ـ عز وجل ـ وەعدەی پێدابووین [یەعنی بەسەرتانا غاڵب بووین] ئایا ئێوەیش

ئەوەتان دەست کەوت کە خوا وەعدەی پێدابوون ؟ ئەوی خوا وەعدەی پێدابووین بە حەقمان زانی ، ئایا ئێوەیش ئەوی خوا وەعدەی پێدابوون تێی گەیین کە حەقە ؟ ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : تۆ چۆن خیطاب لەگەڵ ئەو لاشە بێ رۆحانە ئەفەرمووی ؟ [ئەوانە چۆن جواب ئەدەنەوە کە بۆگەنیان کردوە ؟ م] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : قەسەم بەو ذاتەی کە رۆحی من لە قەبضەی قودرەتیایە ! ئێوە لەوان زیاتر گوێتان لەوە نی یە کە من ئەیلێم . [ئەمما ناتوانن جواب بدەنەوە . م] قەتادە ـ رحمه الله ـ ئەفەرمووێ : خوا رۆحی کردنەوە بەبەرا تا ئەو فەرموودەی پێغەمەری ـ ﷺ ـ پێ بیستن ، بۆ تەوبیخ و تەحقیرو نەگبەت و حەسرەت و نەدامەت .

١٥/١٣٣٤ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : ﴿الذين بدلوا نعمة الله كفرا﴾[1] هم والله كفار قريش . قال عمرو [بن دينار] : هم قريش ، ومحمد ـ ﷺ ـ نعمة الله ، ﴿وأحلوا قومهم دار البوار﴾ ، قال : النار يوم بدر . ح ـ ٦/٢٤ .

تەرجەمە :

ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرمووێ : ئەوانەی کە تەبدیلی نیعمەتی خوایان کردوە بە کوفر وەڵڵاهی کافرانی قورەیشن . عەمری کوڕی دینار ـ رحمه الله ـ ئەفەرمووێ : ئەوانە قورەیشن ، نیعمەتی خوایش محەمەدە ـ ﷺ ـ مەعنای ﴿وأحلوا قومهم دار البوار﴾ وایە : قورەیش تەبەعەی خۆیان خستۆتە ناو ئاگرەوە کە رۆژی بەدرە .

(١) ئیبراهیم/ ٢٨ .

فضل أهل بدر

١٦/١٣٣٥ رفاعة بن رافع - رضي الله تعالى عنه - عن أبيه ، وكان أبوه من أهل بدر ، قال : جاء جبريل [عليه السلام] إلى النبي - ﷺ - فقال : ما تعدون أهل بدر فيكم ؟ قال : من أفضل المسلمين ؛ أو كلمة نحوها ، قال : وكذلك من شهد بدرا من الملائكة . وكان رافع من أهل عقبة [التي بمنى ، أحد الستة ، والإثني عشر ، والسبعين] وكان يقول لابنه : ما يسرني أني شهدت بدرا بالعقبة قال : سأل جبريل [عليه السلام النبي - ﷺ - بهذا . فقال : ما تعدون ؟ . . الحديث . ح - ٢٥٣/٦ .

تەرجەمە :

رەفاعەی کوڕی رافیع لە باوکیەوە - رضي الله تعالى عنه - ریوایەت ئەکا ، باوکی لە ئەهلی بەدر بوو : جیبریل - علیه السلام - هاتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - لێی پرسی : ئێوە لە ناو خۆتانا ئەهلی بەدر چۆن حسێب ئەکەن ؟ پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : لە چاکترینی موسوڵمانانیان عەد ئەکەین ، یا کەلیمەیێکی وای فەرموو . جیبریل - علیه السلام - فەرمووی : ئەو مەلائیکانەی کە حازری بەدر بوون ئەوانیش ئەفضەلی مەلائیکەن .

رافیع لە ئەهلی هەر سێ عەقەبە بوە کە لە میناداهاتنە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - کە هیجرەت بفەرموێ : بۆ مەدینەو لەوێدا موعاوەنەتی بکەن ، ساڵی ئەوەڵ شەش کەس چوون ، دوەم ساڵ دوانزە ، سێیەم ساڵ حەفتا کەس چوونە خزمەتی . رافیع - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : کە لە باتی عەقەبە لە غەزای بەدرا بوونم لە لا خۆشتر نی یە .

لەگەڵ ئەمەدا کە جیبریل ـ علیه السلام ـ دەرحەق بەدریی وای فەرموە .

راستی فەرموە ؛ چونکی مەبدەئی نەشری ئیسلام ئەو عەقەبانە بوو ، بەدر نەتیجەی ئەوانەیە .

١٣٣٦/١٧ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ ﷺ ـ قال يوم بدر : هذا جبريل آخذ برأس فرسه ، عليه أداة الحرب . ح ـ ٢٥٣/٦ .

[وعند ابن إسحاق أن النبي ـ ﷺ ـ خفق خفقة ، ثم إنتبه ، فقال : أبشر يا أبا بكر أتاك نصر الله ؛ هذا جبريل آخذ بعنان فرسه يقوده ، على ثناياه الغبار . قسطلاني] .

[ومن مرسل عطية بن قيس ـ رحمها الله ـ أن جبريل ـ عليه السلام ـ أتى النبي ـ ﷺ ـ بعدما فرغ من بدر على فرس حمراء معقود الناصية ، قد عصب الغبار ثنيته عليه درعه . وقال : يا محمد إن الله ـ عز وجل ـ بعثني إليك وأمرني أن لا أفارقك حتى ترضى ، أفرضيتَ ؟ قال : نعم . قسطلاني .]

تەرجەمە :

ئەم حەدیثی ئیبن‌وعەباسە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ مورسەلی صەحابی‌یە . ئیبن‌وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژی بەدر فەرمووی : ئەوە جیبریلە سەری ئەسپەکەیی گرتوە سیلاحی حەربی لەسەرە .

[ئیبن‌و ئیسحاق ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ بێخودی‌یێکی بەسەرا هات ، لە پاشا خەبەری بۆوە ، فەرمووی : ئەی ئەبوبەکر موژدە بێ ! نوصرەتت لە خواوە بۆ هات ، ئەوە جیبریلە دەستە جڵەوی ئەسپەکەیی گرتوە رایەکێشێ ، ددانی پێشەوەی تۆزی لێ‌نیشتوە .

عەطیەی کوڕی قەیس بە مورسەلی ڕیوایەت ئەکا کە جیبریل - علیه السلام - لە دوای ئەمە کە پێغەمەر - ﷺ - لە غەزای بەدر بۆوە هاتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - سواری ئەسپێکی سوورکوێت بوو ناوچاوانی پێچابوو ، تۆز لە دەم و ددانی نیشتبوو ، زرێی پۆشیبو ، فەرمووی : ئەی محەمەد خوا - عز وجل - منی ناردۆتە لات ئەمری پێ کردووم تا ڕەزات بێتە جێ لێت جوێ نەبمەوە ، ئایا ڕازی بووی ؟ فەرمووی : بەڵێ . [یەعنی ئەمجا لێی جوێ بۆوە] .

خوا - عز وجل - ئیرادەی ئیشێکی بوو بێ واسیطەو ئەسباب بە [کن فیکون] کفلەکوونێك ئەیکا ، چە ئیحتیاجی بە جیبریلە ؟ جیبریل - علیه السلام - شەشصەد باڵی هەیە ، بە ئانێ لە ئاسمانی حەوتەم بێتە خوارێ و ئەچێتەوە سەرێ ، چە ئیحتیاجی بە ئەسپ هەیە ؟ نە تیر ، نە شیر ، نە رم و گورز تەئثیری لێ ناکا چە ئیحتیاجی بە زرێ هەیە ؟ ئەوەندە گەورەیە کە مابەینی ئوفوق پڕ ئەکا . وەك لە بەدئی وەحیا ڕابورد . بە دوو پەنجە هەموو ئەرز غەور ئەکا ، چە ئیحتیاجی بە سیلاحی حەرب هەیە ؟ خوای - عز وجل - کە وای کردوە ؛ چونکی ئیرادەی ئەزەلیی وایە کە ئیشی دنیایی هەمووی (معلق)ە بە ئەسبابەوە ، خەرقی عادەتێ نەبێ هیچ شتێ بە بێ سەبەب ناکا . مەقصوودی تەعلیمی عیبادە کە (تشبث) بە ئەسباب بکەن ، ئەمجا تەوەکول بکەن ، بۆیە فەرموویەتی : ﴿وأعدوا لهم ما استطعتم . . . الآية﴾[1] تەوەکولی صیرف - صیرف کەرێتییە ، تەوەکولی حەقیقی (تشبث) بە ئەسبابەو ئیعتیمادی تام بە خوایە - عز وجل - هەموو ئیشێ لەوەوە بزانرێ نەك لە سەبەبەکەوە .

(١) الأنفال/ ٦٠ .

١٨/١٣٣٧ براء بن عازب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : جعل النبي ـ ﷺ ـ على الرماة يوم أحد عبدالله بن جبير فأصابوا منا سبعين ، وكان النبي ـ ﷺ ـ وأصحابه أصابوا من المشركين يوم بدر أربعين ومائة : سبعين أسيرا ، وسبعين قتيلا . قال أبو سفيان : يوم بيوم بدر والحرب سجال . ح ـ ٢٤٨/٦ .

تەرجەمە :

بەرای کوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ڕۆژی ئوحود پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیری کرد بە سەرکردەی تیرئەندازەکان ، موشریکان حەفتا کەسیان لە ئێمە شەهید کرد ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەصحابە لە ڕۆژی بەدرا صەدو چل کەسی لیٚ گرتن[1] حەفتایان ئەسیربوون ، حەفتایان کوژران ، ئەبو سوفیان وتی : ئەمە ڕۆژێکە بە ڕۆژی بەدر ، حەرب لە بەینمانا نەوبە نەوبەیە ؛ جاریٚ ئێوە غالٌب ئەبن جاریٚ ئێمە .

١٩/١٣٣٨ عبدالله بن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حدثني عمر بن الخطابُ ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما كان يوم بدر نظر رسول الله ـ ﷺ ـ إلى المشركين وهم ألف ، وأصحابه ثلاثمائه وتسعة عشر رجلا ، فاستقبل رسول الله ـ ﷺ ـ القبلة ثم مد يديه ، فجعل يهتف بربه : اللّهم أنجز لي ما وعدتني ، اللّهم آت ما وعدتني ، اللّهم إنك إن تهلك هذه العصابة [الجماعة] من أهل الاسلام لا تُعبد في الأرض . فما زال : يهتف بربه مادًّا يديه مستقبل القبلة حتى سقط رداؤه عن منكبيه ، فأتاه أبو بكر

(١) گرتن بۆ ماناى (أصابوا) تەواونىيەو باشتر وايە بگوترێ : (لیٚ پێکان) ، يا (دووچار کردن) . . .

ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأخذ رداءه فألقاه على منكبيه ثم التزمه من وراثه ، وقال : يا نبي الله كذاك مناشدتُك ربك [رفع صوتك بسؤال ربك] فإنه سينجز لك ما وعدك . فأنزل الله ـ عز وجل ـ ﴿إذ تستغيثون ربكم ، فاستجاب لكم : أني ممدُّكم بألف من الملائكة مردفين﴾[1] [متتابعين] فأمدّه الله بالملائكة .

قال أبو زميل : فحدثني إبن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : بينما رجل من المسلمين يومئذ يشتدّ في إثر رجل من المشركين أمامه إذ سمع ضربة بالسوط فوقه وصوت الفارس فوقه يقول : أَقْدِم حيزوم [إسم فرس الملَك] فنظر إلى المشرك أمامه فخرَّ مستلقيا ، فنظر إليه فإذا قد خطم أنفه [أُثِرَ فيها] وشُقَّ وجهه كضربة السوط ، فاخضرَّ ذلك أجمع . فجاء الأنصاري فحدَّث بذلك رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : صدَقْتَ ذلك من مدد السماء الثالثة . فقتلوا يومئذ سبعين ، وأسروا سبعين .

قال أبو زميل : قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : فلما أسروا الأسارى قال رسول الله ـ ﷺ ـ لأبي بكر وعمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : ما ترون في هؤلاء الأسارى ؟ فقال أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : يا نبي الله هم بنو العم والعشيرة ، أرى أن تأخذ منهم فدية فتكون لنا قوة على الكفار ، فعسى الله أن يهديهم للاسلام . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : ما ترى يا ابن الخطاب ؟ قال : قلت : لا والله يا رسول الله ما أرى الذي رأى أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ولكني أرى أن تُمكِّننا فنضرب أعناقهم ، فتمكن عليا من عقيل فيضرب عنقه ، وتمكنني من فلان ـ نسيبا لعمر ـ ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأضرب عنقه ، فإن هؤلاء

---

(١) الأنفال/ ٩ .

أئمة الكفر وصناديدها [أشرافها] فَهوِيَ رسول الله - ﷺ - ما قال أبو بكر - رضي الله تعالى عنه - ولم يَهوَ ما قلت ، فلما كان من الغد جئت فإذا رسول الله - ﷺ - وأبو بكر - رضي الله تعالى عنه - قاعدين وهما يبكيان . قلت : يا رسول الله أخبرني من أي شيئ تبكي أنت وصاحبك ؟ فإن وجدت بكاء بكيت ، وإن لم أجد بكاء تباكيت لبكائكما ! فقال رسول الله - ﷺ -- ﷺ - : أبكي للذي عرض على أصحابك من أخذهم الفداء ، لقد عرض عليّ عذابهم أدنى من هذه الشجرة ، شجرة قريبة من نبي الله - ﷺ - فأنزل الله - عز وجل - : ﴿ما كان لنبي أن يكون له أسرى حتى يثخن في الأرض . . . إلى قوله - فكلوا مما غنمتم حلالا طيباً﴾[1] فأحل الله الغنيمة لهم . م - ٧/٣٦٩ . ح - ٥/٩٨ مختصرا . ولفظه :

٢٠/١٣٣٩ عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : قال النبي - ﷺ - وهو في قبة : أللهم إني أنْشُدك عهدك ووعدك ، أللهم إن شئت لم تعبد بعد اليوم ! فأخذ أبو بكر - رضي الله تعالى عنه - بيده فقال : حسبك يا رسول الله فقد ألحَحتَ على ربك ، وهو في الدرع . فخرج وهو يقول : ﴿سيهزم الجمع ويولّون الدبر ، بل الساعة موعدهم والساعة أدهى وأمرُّ﴾[2] . ح - ٦/٢٣٦ . وليس فيه مارواه أبو زميل - رحمه الله - وهذا الحديث وما رواه أبو زميل مرسل صحابي .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوری عەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : عومەری کوری خەطاب - رضي الله تعالى عنه - قسەی بۆ کردووم ، فەرمووی : کە رۆژی بەدر بوو پێغەمەر - ﷺ - تەماشای موشریکانی کرد هەزار بوون ، تەماشای ئەصحابی کیرامی کرد سێصەدو نۆزدە بوون .

(١) الأنفال/ ٦٧ . (٢) القمر/ ٤٥ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ رووی کردە قیبلە دەستی موبارەکی درێژ کردو لە خوای خۆی ئەپارایەوەو ئەیفەرموو : ئەو وەعدە کە پێت عەطا فەرمووم بۆم بەجێ بێنە ، ئەو وەعدەی پێت‌دوام پێم عەطا بفەرموو خوایا ئەگەر ئەم جەماعەتە موسوڵمانە بە هیلاك بەری ئیتر لەسەر ئەرزا عیبادەتت بۆ ناکرێ ! هەر بەم نەوعە بەرەو قیبلە لە پارانەوەدا بوو دەستی موبارەکی هەڵبری‌و دۆعای ئەکرد تا بەرماڵەکەی لە شانی موبارەکی کەوتە خوارێ ، ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هاتەخزمەتی‌و بەرماڵەکەی هەڵگرت‌و دایەوە بەسەر شانی موبارەکیا ، لە پشت پێغەمەرەوە بوو(١) عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) پارانەوەت لە خوا بەسە ، زۆر ئیلحاحت لە خوا کرد ، خوا وەعدەکەت بۆ بەجێ بێنێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ زرێی پۆشیبو تەشریفی [لە خێوەتەکەی] لەو جێگەی کە تیابوو هاتەدەرێ‌و ئەیفەرموو ؛ گەلی قورەیش ئەشکێن‌و پشت هەڵەکەن [هەر بەوەندە ئیش نابڕێتەوە] بەڵکو رۆژی قیامەت مەوعیدی عەذابیانە ، رۆژی قیامەت عەذابی ئەوان لە کوژرانی ئێستەیان گەلێ بەشیددەت‌ترەو گەلێ تاڵترە [سورة القمر] .

ئەو وەختە خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتی ئەنفالەی نازڵ کرد کە مەعنای وایە : کە لە خوا ئەپارێنەوە خوا دۆعاکەی قوبووڵ کردن فەرمووی : هەزار مەلائیکە ئەنێرم بەئیمدادتانەوە یەك لە دوای یەکەوە بێن . خوا ـ عز وجل ـ مەلائیکەی بۆ ناردن .

ئەبو زەمیل ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئیبن‌وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [ئیبن‌وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەو وەختە سێ چوار

(١) دانەر ـ خ ـ مانای (إلتزمه) ی باش لێك نەدایەوە ؛ دەبوو بیفەرموایە : لە پشتەوە باوەشی کرد بە پێغەمەرا ـ ﷺ ـ یان گرتی .

ساڵ بوو لە مەکەدا لای دایکی بوو ، باوکیشی لەگەڵ موشریکان بوو ، کە وابێ حەدیثەکەی ، لێرە بەدواوە ، مورسەلی صەحابی یە ، لە ئیمامی عومەر یا لە ئەبوبەکری بیستوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] فەرمووی : ئەو رۆژە لەو وەختەدا موسوڵمانێ ئەکەوێتە شوێن موشریکێکو ، موشریکەکە لە بەردەمیەوە ئەبێو هەرا ئەکا ، ئەو موسوڵمانە لەپڕ دەنگی قەمچی پیاماڵینێو دەنگی سوارێك ئەبیێ لەسەر ئەو موشریکەوە ، ئەڵێ : ئەی (حەیزووم) پێش کەوە . ئەو موسوڵمانە تەماشای موشریکەکە ، کە لە بەردەمیەوەیەتی ، ئەکا بە پشتا ئەکەوێ ، کە تێی ئەفکرێ وەك چۆن بە قەمچی لێی بدرێ ئەثەری پێوە دیارەو دەمو چاوی لەت بوەو هەموو شینو سەوز بۆتەوە = ئاوایە = !

ئەو ئەنصاری یە[1] هاتەخزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەوەی عەرزکرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : راست ئەکەی ، ئەوە لە مەدەدی ئاسمانی سێیەمە . ئەو رۆژە حەفتایان لە موشریك کوشتو حەفتایان لێ بە دیل گرتن .

ئەبوزەمیل ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : کە ئەسیرەکانیان گرت پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە ئەبوبەکرو عومەری ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرموو : رەئیتان چۆنە دەرحەق ئەم ئەسیرانە ؟ ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (یا نبي الله) ئەوانە ئامۆزاو عەشیرەتی خۆتن ، رەئی من وایە فیدیەیان لێ

(١) لە سەرەتاوە فەرمووی : «لەو وەختەدا موسوڵمانێ . . .» لێرەیشدا ئەفەرموێ : «ئەو ئەنصاری یە . .» دیارە موسوڵمانەکە ئەنصاریی بوە .

بستێنە ؛ ئەبێ بە قووەت بۆ ئێمەو رجایشم وایە کە خوا هیدایەتیان بدا بۆئیسلامەتی ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ = فەرمووی = : ئەی (ابن الخطاب) تۆ ئەڵێی چی ؟ فەرمووی [بەم لەفظە ئەم پارچەیە ئەبێ بەمەرفووع] : عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) رەئی من وەك رەئی ئەبوبەکر نی‌یە ـ رضي الله تعالى عنه ـ (لكن) رەئی من وایە کە موسەللەطمان کەی بەسەریانا کە لە گەردنیان بدەین ؛ عەقیل بدەی بە عەلی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە گەردنی بدا ، فلانیش بدەی بە من لە گەردنی بدەم ؛ چونکی ئەوانە لە پێشکەوتوانی کوفرن ، لە گەورە گەورەی کوفرن . پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە قسەی ئەبوبەکری کردو بە قسەی منی نەکرد ، بۆ سبەینێ چوومە خذمەتی ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفیان دانیشتبوون ئەگریان ، عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) خەبەرم بدەرێ لەبەرچی ئەگرین منیش ئەگەر گریانم هات بگریم ، ئەگەر گریانم نەهات لەبەر گریانی ئێوە خۆم بێنمە گری ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆیە ئەگریم لەبەر ئەوەی کە برادەرەکانت چونکی فیدیەیان لە ئەسیرەکان وەرگرت‌و بەریان‌دان عەذابیان بۆ نێررا ، ئیشارەتی دارێکی کرد کە لێوە نزیك بوو ، فەرمووی : وام پێ نیشان‌درا ئەو عەذابەیان لەو درەختە لێ نزیکتر بوو ، خوا ئەو وەختە ئەو ئایەتی سوورەتی ئەنفالەی نازڵ‌فەرموو :

بۆ هیچ پێغەمەرێ دروست نی‌یە کە ئەسیری ببێ تا لەو ئەرزەی کە تیایایە کوفر دوور نەخاتەوە ، ئێوە دنیاتان ئەوێ‌و خوا ئاخیرەتی لە ئێوەو بۆ ئێوە ئەوێ . تا لە نیهایەتی ئەو ئایەتانەدا ئەفەرموێ : لەوەی کە بە تالان گرتووتانە بە حەلاڵی‌و بە پاکی بیخۆن . خوا ـ عز وجل ـ غەنیمەتی بۆ حەلاڵ‌کردن .

قتل أمية بن خلف

٢١/ ١٣٤٠ عبدالرحمن بن عوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كاتبت أمية بن خلف كتابا بأن يحفظني في صاغيتي [مالي وحاشيتي ، أو أهلي ، ومن يصغي إليه أي يميل] بمكة ، وأحفظه في صاغيته بالمدينة ، فلما ذكرت الرحمن قال : لا أعرف الرحمن ! كاتبني باسمك الذي كان في الجاهلية . فكاتبته عبدُ عمرو . فلما كان في يوم بدر خرجت إلى جبل لِأحرزه حين نام الناس ، فأبصره بلال [وكان يعذبه بمكة] فخرج حتى وقف على مجلس من الأنصار ، فقال : أمية ابن خلف ، لا نجوت إن نجا أمية ! فخرج معه فريق من الأنصار في آثارنا ، فلما خشيت أن يلحقونا خلفت لهم إبنه [عليا] لِأشغُلهم [ومن الافعال] فقتلوه ، ثم أَبَوْا حتى يتبعونا ، وكان رجلا ثقيلا ، فلما أدركونا قلت له : أبرك ، فبرك فألقيت عليه نفسي لِأمنَعه ، فتخلَّلوه بالسيوف [فطعنوه] من تحتي حتى قتلوه . وأصاب أحدُهم رجلي بسيفه ، وكان عبدالرحمن بن عوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ يُرينا ذلك الأثر في ظهر قدمه . ح ـ ٤/ ١٥٠ . ح ـ ٦/ ٢٤٢ .

هنيئا زادك الرحمنُ فضلا * فقد أدركتَ ثأرَك يا بِلالُ

تەرجەمە :

عەبدورەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کاغەزێکم نووسی بۆ ئومەییەی کوڕی خەلەف کە لەمەکەدا ماڵ و کەس و کارم موحافەظە بکا ، منیش ماڵ و تەعەلوقاتی ئەو لە مەدینەدا موحافەظە ئەکەم . لەو کاغەزەدا کە موعاهەدەنامە بوو کە ذیکری (عبدالرحمن)م کرد وتی : من ئەو رەحمانەی کە خۆت کردوە بە عەبدی ئەو ناناسم ! ئەو ناوەت بنووسە کە لە زەمانی جاهیلییەتا بووتە . منیش لە

موعاههدهنامهکهدا عهبدی عهمرم نووسی .

که رۆژی بهدر بوو له وهختێکا که خهڵق نوستن چوومه شاخێ که موحافهظهی = ئومهییه = بکهم ، بیلال چاوی به ئومهییه کهوت [ئومهییه له مهکهدا بیلالی زۆر ئهذیهت دابوو] بیلال ـ رضي الله تعالى عنه ـ چوه دهرێ تا بهسهر مهجلیسێکی ئهنصارهوه وهستا پێی وتن : ئهوه ئومهییهی کوڕی خهلهفه [تهمایهتی خۆی نهجات بدا] نهجاتم نهبێ ئهگهر ئهو نهجاتی ببێ ! فیرقهیێ له ئهنصاری لهگهڵا چوهدهرێ ، به شوێنمانا هاتن ، که ترسام لهوه بمانگهنێ عهلیی کوڕی ئومهییهم بۆبهجێ یێشتن که پێوه مهشغووڵ ببن . عهلییان کوشتو ههر هاتن به شوێنمانا که پێمانگهیین ؛ چونکی ئومهییه پیاوێ قورس بوو [نهیهتوانی بروات] پێموت : چۆك داده ، چۆکی دادا خۆم بهسهرا خست تا نهیێڵم بیکوژن ، له ژێر منهوه به شیر لێیان داو کوشتیان ، شیری یهکێکیان له پێم کهوت . ئیبراهیمی کوڕی عهبدورهحمان ئهفهرموێ : باوکم ئهو جێ شیرهی که له پشتی پێیا بوو پێنیشانی ئێمهی ئهدا .

[رهحمهت لهو شاعیرهی که فهرموویهتی : فهضیلهتت عافیهت بێ ئهی بیلال ، تۆ گهییت به حهقی خۆت،ئیتیقامت له ئومهییه سهند .

١٣٤١/٢٢ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بعث رسول الله ـ ﷺ ـ بُسَيْسَةَ ـ بَسْبَسة [الأنصاري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] عينا ينظر ما صنعت عير أبي سفيان . فجاء وما في البيت أحد غيري وغير رسول الله ـ ﷺ ـ قال [ثابت أو غيره من الرواة] : لا أدري ما استثنىٰ بعض نسائه . قال [أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : فحدثه الحديث . قال : فخرج رسول الله ـ ﷺ ـ فتكلم فقال : إن لنا طِلْبة ، فمن كان ظهره حاضرا فليركب معنا ، فجعل رجال يستأذنونه في ظُهْرانهم [أي

مركوباتهم] في عُلْو المدينة ، فقال : لا إلا من كـان ظهره [مـركوبـه] حاضرا . فانطلق رسول الله ـ ﷺ ـ وأصحابه حتى سبقوا المشركين إلى بدر .

وجاء المشركون فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : لا يقدمنَّ أحد منكم إلى شيئ حتى أكون له دونه [أي قدامه] . فدنا المشركون ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : قوموا إلى جنة عرضها السماوات والأرض . قال : يقول عمير ابن الحُمام ـ رضي الله تعالى عنه ـ : يا رسول الله جنة عرضها السماوات والأرض ؟ قال : نعم . بخ ، بخ ! فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : ما يحملك على قولك بخ بخ ؟ قال : لا والله يا رسول الله إلا رجاءة أن أكون مِن أهلها . قال : فإنك من أهلها . فأخرج تمرات من قرنه [جعبة السهام] فجعل يأكل منهنّ ، ثم قال : لإن أنا حييت حتى آكل تمراتي هذه إنها لحياة طويلة ! فرمى بما كان معه من التمر ، ثم قاتلهم حتى قتل . ـ رضي الله تعالى عنه ـ . م ـ ٨/١٠٥ .

تەرجەمە :

ئـەنەسی کـوڕی مالیـك ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفـەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ بوسەیسەی بە جاسووسي نارد تێفکرێ کە کاروانەکەی ئەبوسوفیان چییان کرد . لە ماڵی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ غەیری من و غەیری پێغەمەری تیا نەبوو ـ ﷺ ـ . راویی ئەفەرموێ : = نازانم = ئەنـەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەعزێ ئەزواجی طاهیراتیشی (استثنا) کرد یان نا ؟ بوسەیسە ـ رضي الله تعالى عنه ـ هاتەوەو قسەی بۆ پێغەمەر کـرد ـ ﷺ ـ ئەنەس ـ رضي الله تعـالى عنە ـ فـەرمووی : پێغـەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لـە ماڵ چـوە دەرێ ، قسەی فـەرموو ، فـەرمووی : ئێمـە ئیشێکمان هەیە کە مەطلووب بێ ، هەرکەسێ ولاخی حازر بێ لە گەڵمان

سوار ببێ . بەعزێ ئەصحاب ئیذنیان لێ خواست : کە ولآخی سواریمان لە ژوور مەدینەوەیە بچین بیهێنین ، پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : هەر ئەوانە کە ولآخیان حازرە .

پێغەمەر - ﷺ - و ئەصحابی کیرامی تەشریفیان کەوتنە رێ ، لە پێش موشریکەکانا گەیینە بەدر ، موشریکەکانیش هاتن ، پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : هیچ کەس هیچ ئیشێ نەکا تا من لە پێشەوە ئەیکەم ، لە موشریکەکان نزیك بوونەوە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : هەڵسن بۆ بەهەشتێ کە پانیی ئەو بە قەد پانیی ئەرزو ئاسمانە . ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : = عومەیری کوڕی حومام فەرمووی = : (یا رسول الله) بەهەشتێ بە قەد ئەرزو ئاسمان پانە ؟ ئۆخەیش ئۆخەیش ! پێغەمەر - ﷺ - = فەرمووی = : ئەم ئۆخەیش ئۆخەیشەت لە چی بوو ؟ عەرزی کرد : (یا رسول الله) وەڵلاهی غەیری ئەوە کە ئومێدم وایە من لە ئەهلی ئەو بەهەشتە بم هیچ مەقصوودی ترم نەبوو . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : کە وابێ تۆ لە ئەهلی ئەو بەهەشتەی . ئەو وەختە عومەیر - رضي الله تعالى عنه - لە تیرکەشەکەی چەند خورماییکی دەرهێناو دەستی کرد بەخواردنی ، لە پاشا وتی : ئەگەر من بژیم تا ئەم خورمایانە ئەخۆم ئەوە ژیانێکی زۆر درێژە ! خورماکانی فڕێداو دەستی کرد بە شەڕکردن تا شەهید کرا . - رضي الله تعالى عنه - .

تێفکرە لە قووەتی ئیمانی ئەصحاب ! لێی یەقین بوە کە هەر لەگەڵ شەهید بوونیا ئەچێتە بەهەشتەوە بەوەندە رەزا نەبوە تادوو سێ دەنك خورما ئەخوا بەجێ بمێنێ ، کەچی ئێمە بۆ دوو سێ دەنك خورما خۆمان ئەهاوینە ناو ئاگرەوە ! (أصلح الله حالنا !)

[دروسته بۆ طه‌له‌بی شه‌هاده‌ت حه‌مله‌بردنه سه‌ر کوففار ، هیــچ که‌راهه‌تی نی‌یه . نووي .]

١٣٤٢/٢٣ عن عروة قال : قال الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ـ لقيت يوم بدر عبيدةَ بن سعيد بن العاص وهو مدجَّج [مغطى] بالسلاح ، وهو يُكنى أبو ذات الكَرش [كثير العيال] فقال : أنا أبو ذات الكِرش . فحملت عليه بالعَنَزَة فطعنته في عينه فمات . قال هشام : فأُخبرت أن الزبير قال : لقد وضعت رجلي عليه ثم تمطأت [تمطيت] فكان الجَهْدُ أن نزعتها . وقد انثنى طرفاها ، قال عروة : فسأله إياها رسول الله ـ ﷺ ـ [عارية] فأعطاه ، فلما قبض رسول الله ـ ﷺ ـ أخذها ، ثم طلبها أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأعطاه ، فلما قبض أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ سألها إياه عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأعطاه إياها . فلما قبض عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخذها .. ثم طلبها عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ منه فأعطاه إياها . فلما قتل عثمان وقعت عند آل علي ـ رضي الله تعالى عنها ـ فطلبها عبدالله بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فكانت عنده حتى قتل . ح ـ ٦/٢٥٤ .

ته‌رجه‌مه :

عورره ـ رحمه الله ـ ئه‌فه‌رموێ : زوبه‌یر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فه‌رمووی : رۆژی به‌در تووشی عوبه‌یده‌ی کوڕی سه‌عیدی کوڕی عاص بووم ، له سیلاحا غه‌رق بوو ، غه‌یری چاوی هیچ جێی نه‌ئه‌بینرا ، کونیه‌ی (أبو ذات الكرش) بو [یه‌عنی باوکی ورگنان ؛ کچی زۆری بوو] وتی : من باوکی ورگنانم ، زوبه‌یر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : به نێزه‌وه هه‌ڵه‌تم بردێ ، نێزه‌یێکم دا له چاوی پێی مرد .

هیشامی کوڕی عورروه [هەر بەو ئیسنادە یەعنی لە عورروەوە ، ئەویش لە زوبەیرەوە ـ رضي الله تعالی عنه ـ کە وابێ نابێ بە حەدیثی مونقەصیع ؛ چونکی راوی‌یێ تەرك کراوە] ئەفەرموێ : خەبەرم دراوەتێ کە زوبەیر فەرمووی : پێم نا بەسەر سەری باوکی ورگنانا خۆم پاشەوپاش کێشایە دواوە بە زۆر دەرم کێشا ، هەردوو سەری خوار بوو بوو ! عورروە ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە عاریە ئەو نێزەیەی لە زوبەیر طەلەب کرد ، پێی ئیعطاکرد . دوای وەفاتی زوبەیر وەری‌گرتەوە لای خۆی . لە پاشا ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ لێی طەلەب کرد ، دایێ . دوای وەفاتی . . عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ داوای لێ‌کرد . دوای وەفاتی . . عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ داوای لێ‌کرد تا شەهید کرا لە لای بوو . دوای ئەو کەوتە لای ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ . دوای ئەو عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر وەری‌گرتەوە لای خۆی تا شەهید کرا .

[مەقصوود لەم حەدیثە وەقعەییێکی رۆژی بەدرە ، فائیدەی ئەوەیە ئالەتی حەرب ئیشێکی گەورەی پێ بکرێ بە قیمەت و بە حورمەت ئەبێ . ئینسانیش بۆ خوا ئیشی باش بکا لای خوا عەزیز ئەبێ ، ئیشی خراپە بکا رەذیل ئەبێ] .

متى يجب الجهاد ؟[1]

عدد أهل بدر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ

١٣٤٣/٢٤ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أستصغرت أنا وابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يوم بدر ، وكان المهاجرون يوم بدر نيفا على ستين (ما بين العقدين) ، والأنصار نيفا وأربعين ومائتين . ح ـ ٢٣٨/٦ .

تەرجەمە :

بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ڕۆژی بەدر من و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە بوچووك درابنەقەڵەم [نەبراین] . ڕۆژی بەدر موهاجیر شەصت و ئەوەندە بوو ، ئەنصار دووصەدو چل و ئەوەندە بوو [یەعنی سێصەدو دوو نەخت] .

وعنه[2] قال : [حدثني أصحاب محمد ـ ﷺ ـ ممن شهد بدرا أنهم كانوا عدّة أصحاب طالوت . .] كنا أصحابَ محمد ـ ﷺ ـ نتحدث أن عدَّة أصحاب بدر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ على عدّة أصحاب طالوت الذين جاوزوا معه النهر ، ولم يجاوز معه إلاّ مؤمن بضعة عشر وثلاثمائة [وفسر البضع بثلاثة] . ح ـ ٢٣٨/٦ .

تەرجەمە :

بەرای کوڕی عازیب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کە ئەصحابی محەمەد ـ ﷺ ـ لەوانەی کە حازری بەدر بوون ـ رضي الله تعالى

(١) کەی جیهاد واجب ئەبێ ؟

(٢) دانەر ـ خ ـ ژمارەی ئەم حەدیثەی لەبیر چوە . ئێمەیش وەك خۆی هێشتمانەوە .

عنهم ـ خەبەریان داومیْ کە عەدەدی ئەصحابی بەدر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بەقەد عەدەدی ئەصحابی (طالوت) بوون کە لە نەهرەکە پەڕینەوە ، غەیری موسوڵمان لەو نەهرە نەپەڕینەوە کە سێصەدو (ئەوەندە) بوون . ئەوەندە بە سێ تەفسیر کراوەتەوە .

[ئیبن و سەعد ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لەگەڵ سێ صەدو پێنج ئەصحابا چوو بۆ بەدر ؛ موهاجیر حەفتاو چوار بوون ، ئەوانی تر ئەنصار بوون . هەشت کەس هەر یەکە لەبەر سەبەبێ تەخەللوفیان کرد نەچوون بۆ بەدر .

١ ـ عوثمانی کوڕی عەفان ؛ روقیەی حەرەمی کە کچی پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ نەخۆش بوو ، بەسەر ئەوەوە بەند بوو .

٢ ـ طەلحەی کوڕی عوبەید ولڵا .

٣ ـ سەعیدی کوڕی زەید . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو دوانەی نارد کە (تجسس)ی کاروانی قورەیش بکەن .

٤ ـ ئەبولوبابە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەسەر مەدینەوە بەجێی هێشت .

٥ ـ عاصیمی کوڕی عەدیی ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەسەر ئەهلی عالیەوە بەجێی هێشت .

٦ ـ حەرثی کوڕی حاطەب ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە (روحا) وە گێرایەوە بۆ تەحقیقی خەبەرێ لە بەنی عەمری کوڕی عەوفەوە پێی گەیی بوو .

٧ ـ حەرثی کوڕی صمە ، لە رەوحا لە حەیوان کەوتە خوارێ جێیلێ شکا ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردیەوە بۆ مەدینە .

٨ ـ خەواتی بنی جوبەیر ، ئەویش بەو نەوعە .

ئەمانەیش ـ رضي الله تعالى عنهم ـ هەموویان لە ئەهلی بەدر حسێبن ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە غەنیمەت وەك ئەوانی تر سەهمی بۆ

دانان . قسطلاني] .

بەم ئیعتیبارە ئەهلی بەدر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەبن بە سێصەدو سێنزە .

عن عروة ـ رحمه الله ـ عن الزّبير ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـال : ضربت يوم بدر للمهاجرين بمائة سهم . ح ـ ٦/٢٦٥[1] .

من سمي من أهل البدر في الجامع الذي وضعه أبو عبدالله محمد بن إسماعيل البخاري ـ رحمه الله ـ على حروف المعجم . [إلا النبيّ ـ عليه الصلاة والسلام ـ والخلفاء الأربعة ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] :

١ ـ النبي محمد بن عبدالله الهاشمي ـ ﷺ ـ .

٢ ـ ثم أبو بكر الصديق .

٣ ـ عمر .

٤ ـ ثم عثمان .

٥ ـ ثم علي ـ رضي الله تعالى عنهم ـ .

٦ ـ ثم أياس بن البكير .

٧ ـ بلال بن رباح ، مولى أبي بكر الصديق .

٨ ـ حمزة بن عبدالمطلب الهاشمي .

٩ ـ حاطب بن أبي بلتعة ، حليف لقريش .

١٠ ـ أبو حذيفة بن عتبة بن ربيعة القرشي .

١١ ـ حارثة بن الرُّبيع الأنصاري . قتل يوم بدر وهو وحارثة بن سراقة

---

(١) دانەر ـ خ ـ ماناى ئەم قسەی عورروەیە نەکردوە ، لە دواییدا قسەیەکی نزیك بەم قسە مانا دەکات . بەڵام ماناى ئەو ناوانەی نە کرد کە لە بەشداربووانی بەدر لێرەدا نووسیونی .

كان في النظارة .

١٢ ـ خُبيب بن عدي الأنصاري .

١٣ ـ خُنيس بن حذاقة السهمي .

١٤ ـ رِفاعة بن رافع الأنصاري .

١٥ ـ رفاعة بن المنذر .

١٦ ـ أبو لبابة الأنصاري .

١٧ ـ الزبير بن العوّام القرشي .

١٨ ـ زيد بن سهل = أبو طلحة الأنصاري .

١٩ ـ أبو زيد الأنصاري .

٢٠ ـ سعد بن مالك الزهري .

٢١ ـ سعد بن خولة القرشي .

٢٢ ـ سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل القرشي .

٢٣ ـ سهل بن حنيف الأنصاري .

٢٤ و ٢٥ ـ ظهير بن رافع وأخوه [مظهر] .

٢٦ ـ عبدالله بن مسعود الهذلي .

٢٧ ـ عتبة بن مسعود الهذلي . (وفيه خلاف) .

٢٨ ـ عبدالرحمن بن عوف الزهري .

٢٩ ـ عبيدة بن الحرث القرشي .

٣٠ ـ عبادة بن صامت الأنصاري .

٣١ ـ عمرو بن عوف .

٣٢ ـ حليف بن عامر بن لؤي .

٣٣ ـ عقبة بن عمرو الأنصاري .

٣٤ ـ عامر بن ربيعة العنزي .

٣٥ ـ عاصم بن ثابت الأنصاري .
٣٦ ـ عويم بن ساعدة الأنصاري .
٣٧ ـ عِتبان بن مالك الأنصاري - رضي الله تعالى عنهم - .
٣٨ ـ قدامة بن مظعون .
٣٩ ـ قتادة بن النعمان الأنصاري .
٤٠ ـ مُعاذ بن عمر بن الجموح .
٤١ و ٤٢ ـ معوذ بن عفراء وأخوه [عوف] .
٤٣ ـ مالك بن ربيعة .
٤٤ ـ أبو أُسيد الأنصاري .
٤٥ ـ مُرارة بن الربيع الأنصاري .
٤٦ ـ معن بن عدي الأنصاري .
٤٧ ـ مِسْطح بن أُثاثة بن عباد عبدالمطلب بن عبدمناف .
٤٨ ـ مِقداد بن عمرو الكندي حليف بني زهرة .
٤٩ ـ هلال بن أمية الأنصاري .

[قال أبو عبدالله البخاري] فجميع من شهد بدرا من قريش ممن ضرب له بسهمه أحد وثمانون رجلا . وكان عروة ابن الزبير يقول : قال الزبير - رضي الله تعالى عنه - : قسمت سُهْمانهم فكانوا مائة [من قريش ممن شهدها ولو حكما] والله أعلم . ح - ٦/٢٦٥ .

تەرجەمە :

بوخاریی - رحمه الله - ئەفەرموێ : هەموو ئەوانەی کە لە قورەیش سەهمی بۆ جوێکردنەوە هەشتاو یەك بوون .

زوبەیر - رضي الله تعالى عنه - فەرموویەتی : ئەوانەی کە لە قورەیش حازری بەدر بوون ، یا وەکوو ئیمامی عوثمان - رضي الله تعالى

عنه ـ لەبەر مەعذەرەتێ حازر نەبوون لەوان حسێبن لە غەنیمەتی بـەدر بەشم بۆ جوێ کردنەوە . . صەد کەس بوون . (واللّه أعلم)

حديث بني النضِير[1]

عن عروة بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ـ كانت على ستة أشهر من وقعة بدر قبل وقعة أُحد [مرسل] ، وقول الله تعالى : ﴿هو الذي أخرج الذين كفروا من أهل الكتاب من ديارهم لأول الحشر ، ماظننتم أن يخرجوا . .﴾[2] وجعله ابن إسحاق بعد بئر معونة [في صفر سنة ٤] وأُحد . ح ـ ٦/٢٦٨ .

تەرجەمە :

عوروەی کوڕی زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : حەدیثی (بنو النضیر) لە پێش ئوحودا شەش مانگ دوای بەدر واقیع بوو . ئیبن و ئیسحاق : لە دوای بیری مەعوونەو ئوحودا بوو لە ساڵی چوارەمی هیجرەتا .

٢٥/١٣٤٤ عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ سمع رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : لأُخرجنَّ اليهود والنصارى من جزيرة العرب حتى لا أدع إلا مسلما . م ـ ٧/٣٧٨ .

تەرجەمە :

عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : كە لـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ ی بیستوە كە ئەیفەرموو : جوولەكەو گاور لە (جزيرة العرب) ئەكەمە دەرێ تا غەیری موسوڵمان هیچ كەسی تیا ناهێڵمەوە .

٢٦/١٣٤٥ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : حاربت النضيرُ وقريظةُ . فأجلى بني النضير وأقرّ قريظة ، ومنَّ عليهم ، حتى

---

(١) باسی بەنو نەضیر .

(٢) الحشر/٢ .

حاربت قريظة [فحاصرهم خمسا وعشرين ليلة حتى جهدهم الحصار ، وقذف الله في قلوبهم الرعب ، فنزلوا على حكمه - ﷺ -] فقتل رجالهم ، وقسم نساءهم ، وأولادهم ، وأموالهم بين المسلمين ، إلا بعضهم لحقوا بالنبي - ﷺ - فآمنهم وأسلموا ، وأجلى يهود المدينة كله بني قَيْنُقاع ، وهم رهط عبدالله بن سلام - رضي الله تعالى عنه - ويهود بني حارثة وكل يهود المدينة . ح - ٦/٢٦٩ . م - ٧/٣٧٧ بفرق في بعض الكلمات .

تەرجەمە :

ئیبن و عومەر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : جوولەكەی نەضیرو قورەیظە موحارەبەیان كرد لەگەڵ پێغەمەرا - ﷺ - . پێغەمەر - ﷺ - بەنی نەضیری لە وەطەن كردە دەرێ ، قورەیظەی هێشتەوەو بە بێ فیدیە منەتی نا بەسەریانا . مانەوە تا دووبارە حەربیان لەگەڵ پێغەمەر كرد - ﷺ - [بیست و پێنج رۆژ موحاصەرەی دان تا موحاصەرە وای لێ كردن نزیكی هەلاكەت بوون و خوا ترسی خستە دڵیان و لەسەر حوكمی پێغەمەر لە قەڵاكەیان هاتنەخوارێ . پێغەمەر - ﷺ - حوكمەكەی بەرەورووی سەعدی كوڕی مەعاذ - رضي الله تعالى عنه - كردەوە ، موافیقی رەئی ئەو] پێغەمەر - ﷺ - پیاوەكانیانی كوشت و ، ژنیان و ، ئەولادیان و ، ماڵیانی لە بەینی موسوڵمانانا بەش كرد . بەعزێكیان نەبێ كە ئیلتیحاقیان بە پێغەمەر كرد - ﷺ - و پێغەمەر - ﷺ - ئەمینی كردنەوەو موسوڵمان بوون . هەموو جوولەكەی مەدینە كە بەنی قەینوقاع بوون = كە = قەومی عەبدوڵڵای كوڕی سەلام بوون و ، جوولەكەی بەنی حاریثە و . . هەموو یەهوودی مەدینەی كردە دەرێ .

١٣٤٦/٢٧ عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن النبي - ﷺ - حرَّق نخل بني النضير . قال : ولها يقول حسان بن ثابت - رضي الله

تعالى عنه ـ :

وهان على سراة بني لؤي　　　حريق بالبويرة مستطير

قال : فأجابه أبو سفيان بن الحرث [ابن عم النبي ـ ص ـ] :

أدام الله ذلك من صنيع　　　وحرق في نواحيها السعير

ستعلم أينا منها بنُزْهٍ　　　وتعلم أي أرضنا تضير !

ح ـ ٦/ ٢٧٠ . م ـ ٧/ ٣٢٦ .

تەرجەمە :

ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ خورمای بەنی نەضیری سووتان ، دەرحەق ئەوە حەسانی کوڕی ثابیت ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لەسەر سادات و گەورە ـ گەورەی قورەیش و بەنی لوئەی ئاگرێ کە خورمای (بویر)ی سووتان و بە ناویا بلاو بۆوە . . سووك و بێقیمەت بوو . ئەبو سوفیانی ئامۆزای پێغەمەر ـ ﷺ ـ کوڕی حەرثی مامی ئێشتا موسوڵمان نەبووبوو . . جوابی حەسانی دایەوە : ئەو صنعەتی سووتاننە خوا هەر بەردەوامی بکاو بیە یلێ و ئاگر لە ئەطرافی مەدینە بەربداو بیسووتێنێ ، ئەو وەختە ئەزانی کە کامان لە تەنەزوهو کەیفا ئەبین و ئەزانی کە ئەرزی کامان زەرەر ئەکا !

قتل كعب بن الأشرف[1] ربيع الأول ٣

١٣٤٧/٢٨ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : من لكعب بن الأشرف ؛ فإنه قد آذى الله ورسوله ؟ فقام محمد بن مَسْلَمة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : يا رسول الله أتُحِبُّ أن أقتُلَه ؟ قال : نعم . قال : فأذن لي أن أقول شيئا . قال : قل [وعند ابن عبد البر فرجع محمد بن مسلمة ، فمكث أياما مشغول النفس بما وعد رسول الله ـ ﷺ ـ من قتل ابن الأشرف ، فأتى أبا نائلة : سلكان بن سلامة بن وقش ـ وكان أخا كعب بن الأشرف من الرضاعة ـ وعباد بن بشر بن وقش ، والحرث بن أوس بن معاذ ، وأبا عبس بن جبر ، فأخبرهم بما وعد به رسول الله ـ ﷺ ـ من قتل ابن الأشرف فأجابوه إلى ذلك . فقالوا : كلنا نقتله ، ثم أتوا رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : يا رسول الله إنه لابد لنا أن نقول . قال : قولوا ما بدا لكم فأنتم في حل . قسطلاني] فأتاه محمد بن مسلمة فقال : إن هذا الرجل قد سألنا صدقة ، وإنه قد عنّانا [أتعبنا] وإني قد أتيتك أستسلفك . قال : وأيضا والله لتملُّنَّه . قال : إنا قد اتبعناه فلا نحب أن ندعه حتى ننظر إلى أي شيٌ يصير شأنه ، وقد أردنا أن تسلفنا وَسقا أو وَسقين [ستون صاعا . والصاع : أربعة أمداد ، كل مد رطل وثلث رطل] = وحدثنا عمرو غير مرة ، فلم يذكر وسقا أو وسقين . فقلت له : فيه وسقا أو وسقين ؟ قال : أرى فيه وسقا أو وسقين = فقال [كعب] : نعم إرهنوني . فقالوا : أي شيٌ تريد ؟ قال : إرهنوني نساءكم . قالوا : كيف نرهنك نساءنا وأنت

---

(١) كوژرانى كەعبى كوڕى ئەشرەف

أجمل العرب ؟ قال : فارهنوني أبناءكم . قالوا : كيف نرهنك أبناءنا فيُسبُّ أحدهم فيقال : رُهِن بوَسق أو وِسقين ؟ هذا عار علينا ، ولكنا نرهنك اللامة . قال : سفيان [ابن عيينة - رحمه الله -] : يعني السلاح ، فواعده أن يأتيه ، فجاءه ليلا ومعه أبو نائلة وهو أخو كعب من

الرضاعة . فدعاهم إلى الحصن ، فنزل إليهم ، فقالت له امرأته أين تخرج هذه الساعة ؟ فقال : إنما هو محمد بن مسلمة وأخي أبو نائلة . قال غير عمرو : قالت أسمع صوتا كأنه يقطر منه الدم ! قال : إنما هو أخي محمد بن مسلمة ورضيعي أبو نائلة . إن الكريم لو دُعي إلى طعنة بليل لأجاب !

قال : ويُدْخل محمد بن مسلمة معه رجلين . قيل لسفيان سماهم عمرو [ابن دينار] قال : سمى بعضهم . قال عمرو : جاء معه برجلين . وقال غير عمرو : أبو عبس بن جبر ، والحرث بن أوس ، وعباد بن بشر . قال عمرو : جاء معه برجلين ، فقال : إذا ما جاء فإني قائل بشَعْره فأشمه ، فإذا رأيتموني إستمكنت من رأسه فدونكم فاضربوه . وقال مرة : ثم أُشِمُّكم فنزل إليهم . متوشحا ، وهو ينفح منه ريح الطيب .

فقال : ما رأيت كاليوم ريحا ، أي أطيب ! وقال غير عمرو : قال : عندي أعطر نساء العرب وأكمل العرب . قال عمرو : فقال : أتأذن لي أن اشم رأسك ؟ قال : نعم . فشمه ، ثم أشم أصحابه ، ثم قال : أتأذن لي ؟ قال : نعم . فلما استمكن منه قال : دونكم ! فقتلوه . ثم أتوا النبي - ﷺ - فأخبروه . ح - ٢٧٣/٦ . م - ٤٤٢/٧ .

تەرجەمە :

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کێ کەعبی کوڕی ئەشرەفم بۆ ئەکوژێ ؟ زۆر ئیذای[1] خواو پێغەمەری کردوە . محەمەدی کوڕی مەسلەمە ـ رضي الله تعالی عنه ـ هەڵسا عەرزیکرد : (یا رسول الله) حەزەکەی بیکوژم ؟ فەرمووی : بەڵێ . عەرزیکرد : ئیذنم بدە کە شتێ بڵێم لە (علیه) تۆ فەرمووی : بڵێ .

[لە ریوایەتی (ابن عبدالبر)ا ئەفەرموێ : محەمەدی کوڕی مەسلەمە ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەڕایەوە ، چەند رۆژێ ذیهنی بەو وەعدەی کە بە پێغەمەری دابوو ـ ﷺ ـ مەشغووڵ بوو ، چوە لای ئەبونائیلە کە سلکی کوڕی سەلامەیە ـ کە برای شیریی کەعب بوو ـ و ، لای عوببادی کوڕی بیشرو ، حەرثی کوڕی ئەوس و ، ئەبو عەبسی کوڕی جەبر ـ رضي الله تعالی عنهم ـ خەبەری دانێ کە وەعدەی داوە بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە کەعبی کوڕی ئەشرەف بکوژێ ، موافەقەیان کرد . فەرموویان : هەموومان ئەیکوژین . لە پاشا هاتنە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیان کرد : (یا رسول الله) لازمە کە شتێك بڵێین لە (علیه) تۆ . فەرمووی : گەردنتان ئازاد بێ هەرچی ئەڵێن بیڵێن .]

محەمەدی کوڕی مەسلەمە ـ رضي الله تعالی عنه ـ چوە لای کەعب

---

(١) یانی سزای خواو پێغەمەری داوە . مانای وا نی‌یە دەستەڵاتی هەبوە بەسەر سزادانی خوادا ، بەڵکو مانای وایە بەدڕەوشتی‌ی بەرانبەری خواو فەرمانەکانی خوا کردوەو کارێکی وای کردوە کە خودا پێی ناخۆشە .

وتی : ئەم پیاوە داوای صەدەقەمان لیٚ ئەکا [ئێمەیش خۆمان هیچمان نی‌یە بیخۆین] ئێمەی زۆر خستۆتە ئەذیەت و مەشەقەتەوە ، هاتوومە لات کە قەرزێکت لیٚ بکەم . کەعب وتی : وەڵلاهی زۆر لێی ئەبێزرێن . = محەمەدی کوڕی = مەسلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئێمە تابیعی بووین حەز ناکەین کە وازی لیٚ بێنین تا بزانین ئیشی بە چی ئەگا . ئیستە ئیرادەمان ئەمەیە کە ویسقیٚ یا دوو وەسق خورمامان بە قەرز بدەیتیٚ . = ⁽¹⁾ راویی ئەڵیٚ : عەمر چەند جار ئەم حەدیثەی بۆ گێراوینەتەوە ، بەڵام باسی ویسقێك و دوو ویسقی نەدەکرد . منیش پێم وت : ئایا ویسقێك و دوو ویسقی تیا نی‌یە ؟ وتی : وابزانم ویسقێك و دوو ویسقی تیایە = کەعب وتی : بەڵیٚ ئەتانئەمیٚ ، ئەمما رەهنم لا دابنێن . فەرموویان : چیت بە رەهن ئەویٚ ؟ وتی : ژنەکانتانم بە رەهن بدەنیٚ ! فەرموویان : چۆن ژنەکانمانت بە رەهن ئەدەینیٚ کە تۆ جوانترینی هەموو عەرەبی ؟ ! کەعب وتی : کوڕەکانتانم بدەنیٚ بە رەهن ! فەرمووی : چۆن کوڕەکانمانت ئەدەینیٚ بە رەهن لە پاشا جوێن بە یەکێکیان بدریٚ پێیان ئەڵێن : تۆ رەهنی ویسقیٚ یا دوو ویسقی ؟ ! ئەوەمان پیٚ عارە ! ئەمما سیلاحەکانمانت بە رەهن ئەدەینیٚ . وەعدەی دایێ کە بچێتەوە لای بیاتیٚ . شەو لەگەڵ ئەبونائیلەدا ـ کە شیربرای کەعبە ـ چۆوە لای بانگی کردن بۆ قەڵاکە ، خۆی چوە خواریٚ لایان ، ژنەکەی وتی : لەم ساعەتەدا بۆ کویٚ ئەچیت ؟ وتی : بۆ ئەوانە کێن ؟ : محەمەدی کوڕی مەسلەمەو شیربراکەم ئەبو نائیلەیە .

---

(١) ئەمە لە عەرەبی‌یەکەیشدا لەبیرکرابوو ، خستمەوە جێی خۆیی و لێرەدا تەرجەمەم کرد .

غەیری عەمری کوڕی دینار ئەفەرموێ : ژنەکەی وتی : دەنگێك ئەبیێم کە خوێنی لێ ئەتکێ ! وتی : بۆ کێن ؟ محەمەدی کوڕی مەسلەمەی برامەو ئەبو نائیلەی شیربرامە ! پیاوی کەریم ئەوەیە ئەگەر بەشەو بانگ بکرێ تا بە شیرو رم لێی بدرێ خۆی ناگرێو ئەچێ !

راویی ئەفەرموێ : محەمەدی کوڕی مەسلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوو پیاوی بردە ناو قەلاکەوە . لە سوفیانیان پرسی : عەمری کوڕی دینار فەرمووی : ئەو پیاوانە کێن ؟ فەرمووی : ناوی بەعز یکی بردن . غەیری عەمر فەرموویانە : ئەبو عەبسی کوڕی جەبرو ، حەرثی کوڕی ئەوس‌و ، عەببادی کوڕی بیشر بوون .

عەمر فەرمووی : دووپیاوی لەگەڵ خۆی برد ، پێی فەرموون : کە کەعب هات من مووی سەری ئەگرم بۆنی ئەکەم ، کەدیتان کە بە تەواویی سەرم توند گرت ئێوە بە شیر لێی بدەن . دەفعەیێکی تر عەمر وای فەرموو : بە ئێوەیشی بۆن ئەکەم . کەعب لە قەلاکەی هاتەخوارێ لایان جلی جوانی لەبەرابوو ، بۆنی خۆشی لێ ئەهات . محەمەدی کوڕی مەسلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بۆنی وەك بۆنی ئیمرۆ خۆشم نەدیوە . کەعب وتی : بۆن‌خۆش‌و ، موعەطەرترین‌و بە کەماڵ‌و جوانترینی عەرەبم لە لایە . محەمەدی کوڕی مەسلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئیذنم ئەدەی کە سەرت بۆن بکەم ؟ وتی : بەڵێ . عەمر بۆنی کردو بە رەفیقەکانیشی بۆن‌کرد . لە دواییدا پێی وتەوە : ئیذنم ئەدەی کە دیسان بۆنی بکەم ؟ وتی : بەڵێ . کە تەواو توند سەری گرت بە رەفیقەکانی فەرموو : دەی لێیدەن ! کوشتیان‌و هاتنەوە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیان‌کرد [کە کوشتمان] .

کوشتنی ئەبو رافیع

قتل أبي رافع عبدالله بن أبي الحقيق . ويقال سلّام بن أبي الحقيق كان بخيبر ، ويقال : كان في حصن له بأرض الحجاز . وقال الزهري : هو بعد قتل كعب بن الأشرف [قال ابن سعد : في رمضان سنة ست . وقيل غير ذلك . . .] ح - ٦/٢٧٥ .

تەرجەمە :

ئەبورافیعی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبولحەقیق ، یا ناوی سەلامی کوڕی ئەبولحەقیق بوو لە خەیبەرا ، یا لە قەڵاییکی خۆیا لە ئەرزی حیجاز ، لە دوای کەعبی کوڕی ئەشرەف کوژرا (زهری) [ئیبن وسەعد ئەفەرموێ : لە رەمەزانی ساڵی شەشەما کوژرا . بەعزێ غەیری ئەوەیان وتوە .]

٢٩/١٣٤٨ عن البراء بن عازب - رضي الله تعالى عنهما - قال : بعث رسول الله - ﷺ - رهطا [مادون العشرة ، منهم عبدالله بن عتيك الأنصاري] إلى أبي رافع ، فدخل عليه عبدالله بن عتيك بيته ليلا وهو نائم فقتله . ح - ٦/٢٧٥ (مختصر الحديث الآتي) .

٢٩/١٣٤٨ (١)عن البراء بن عازب - رضي الله تعالى عنهما - قال : بعث رسول الله - ﷺ - إلى أبي رافع اليهودي رجالا من الأنصار ، فأمّر عليهم عبدالله بن عتيك - رضي الله تعالى عنه - وكان أبو رافع يؤذي رسول الله - ﷺ - ويعين عليه [وهو الذي حزّب الأحزاب يوم الخندق] وكان في حصن له بأرض الحجاز ، فلما دنوا منه وقد غربت الشمس ، وراح الناس بسَرْحهم ، فقال عبدالله لأصحابه : إجلسوا مكانكم فإني

---

(١) دانەر - خ - ئەم ژمارەی دووجار نووسیوە . رەنگە لەبەر ئەوەبێ کە حەدیثەکان وەك یەك وان ، وەك خۆی ئیشارەی بۆ کردوە .

منطلق ومتلطف للبواب لعلي أن أدخل.فأقبل حتى دنا من الباب ، ثم تقنّع بثوبه كأنه يقضي حاجته ، وقد دخل الناس ، فهتف به البواب : يا عبدَ الله إن كنت تريد أن تدخل فادْخُلْ ، فإني أريد أن أغلِّقَ الباب . فدخلت ، فكَمَنْت ، فلما دخل الناس أغلق الباب ، ثم علّق الأغاليق [المفاتيح] على وتدٍ . قال : فقمت إلى الأغاليق [أي المفاتيح] فأخذتها ففتحت الباب ، وكان أبو رافع يُسْمَر عنده [يُتَحدث عنده ليلا] وكان في علاليَ [جمع عُلَيَّة ، أي غرفة] .

فلما ذهب عنه أهل سمره صعدت إليه ، فجعلت كلما فتحت بابا أغلقت عليّ من داخل ، قلت : إنِ القوم نُذِروا [علموا] بي لم يَخْلصوا إليَّ حتى أقتله ، فانتهيت إليه ، فإذا هو في بيت مظلم وَسْط عياله لا أدري أين هو من البيت . فقلت : أبا رافع ! فقال : من هذا ؟ فأهويت نحو الصوت فأضربه ضربة بالسيف ، وأنا دَهيش ، فما أغنيت شيئا . وصاح فخرجت من البيت فأمكث غير بعيد [قليلا] ثم دخلت إليه فقلت : ما هذا الصوت يا أبا رافع ؟ فقال : لِأُمِّك الويلُ ! [دايك واويلات بوّ بكا] إن رجلا في البيت ضربني قبل بالسيف . قال : فأضربه ضربة أثخنته [بالغت في جراحته] ولم أقتله ، ثم وضعت ظُبَة السيف [أي حدّه] في بطنه حتى أخذ في ظهره فعرفت أني قتلته . فجعلت أفتح الأبواب بابا ، بابا . حتى انتهيت إلى درجة له فوضعت رجلي وأنا أُري أني قد انتهيت إلى الأرض ، فوقعت في لية مقمرة ، فانكسرت ساقي فعصَبْتها بعمامة ثم انطلقت حتى جلست على الباب ، فقلت : لا أخرج الليلة حتى أعلم أقتلته ؟ فلما صاح الديك قام الناعي على السُّور ، فقال : أنعىٰ أبا رافع تاجر أهل الحجاز ، فانطلقت إلى أصحابي فقلت : النجاء . فقد قتل الله أبا رافع فانتهيت إلىَ النبي ـ ﷺ ـ فحدثته فقال لي : اُبسط

رجلك ، فبسطت رجلي . فمسحها ، فكأنها لم أشتكها قط .
ح - ٦/٢٧٥ .

١٣٤٩/٣٠ البراء - رضي الله تعالى عنه - قال : بعث رسول الله - ﷺ - إلى أبي رافع عبدالله بن عتيك وعبدالله ابن عتبة في ناس معهم [مسعود بن سنان الأسلمي ، عبدالله بن أُنيس الجُهَني،أبو قتادة الأنصاري ، فأرسل رسول الله - ﷺ - خزاعي بن الأسود الأسلمي - رضي الله تعالى عنهم -] فانطلقوا حتى دنوا من الحصن ، فقال لهم عبدالله بن عتيك : امكثوا أنتم حتى أنطلق أنا فأنظر . قال : فتلطّفت أن أدخل الحصن ، ففقَدوا حمارا لهم ، قال فخرجوا بقَبَس يطلبونه ، قال : فخشيت أن أعرف ، فغطيت رأسي ورجلي كأني أقضي حاجة ، ثم نادى صاحب الباب : من أراد أن يدخل فليدخل قبل أن أُغلِقَه ، فدخلت ، ثم اختبأت في مربط حمار عند باب الحصن ، فتعشّوا عند أبي رافع ، وتحدثوا حتى ذهبت ساعة من الليل ، ثم رجعوا إلى بيوتهم . فلما هدأت الأصوات [سكَنَت] ولا أسمع حركة خرجت .

قال : ورأيت صاحب الباب حيث وضع مفتاح الحصن في كوة ، فأخذته ، ففتحت به باب الحصن . قال : قلت : إن نَذِر بي القوم إنطلقت على مَهَل . ثم عَمَدت إلى أبواب بيوتهم فغلقتها عليهم من ظاهر ، ثم صعدت إلى أبي رافع في سُلَّم ، فإذا البيت مظلم قد طُفِئَ سراجه ، فلم أدْر أين الرجل ، فقلت : يا أبا رافع ! قال : من هذا ؟ قال : فعمدت نحو الصوت فأضربه ، وصاح فلم تُغْن شيئا . قال : ثم جئت كأني أُغيثه ، فقلت : ما لك يا أبا رافع ؟ وغيرت صوتي . فقال : ألا أعجبك ؟ لِأُمِّك الويل ! دخل عليَّ رجل فضربني بالسيف ، قال : فعمدت له أيضا فأضربه أخرى . فلم تغن شيئا ، فصاح وقام أهله .

[وعنـد ابن إسحاق : فصـاحت إمرأتـه فنوهت بنـا ، [فرفعت صوتها] فجعلنا نرفع السيف عنها . ثم نذكر نهي النبي - ﷺ - عن قتل النساء فنكف عنها] . قال : ثم جئت وغيرت صوتي كهيئة المغيث ، فإذا هو مستلق على ظهره ، فأضع السيف في بطنه ، ثم أنكفئُ [انقلب] عليه حتى سمعت صوت العظم . ثم خرجت دَهِشا حتى أتيت السُّلَّم أُريد أن أنزل ، فأسقط منه ، فانخلعت رجلي ، فعصبتها ، ثم أتيت أصحـابي أحْجُل ، فقلت : إنطلقوا فبشروا رسول الله - ﷺ - فإني لا أبرح حتى أسمع الناعية ، فلما كان في وجه الصبح ، صعد الناعية ، فقال : أنعىٰ أبا رافع . قال : فقمت أمشي ما بي قَلَبة ، فأدركت أصحابي قبل أن يأتوا النبي - ﷺ - فبشرته . ح - ٦/٢٧٨ .

تەرجەمە :

ئەم دوو حەدیثە هەر حادیثەییکن ، لە بەعزیٰ ئەلفاظا فـەرقیان هەیە بۆییکم نووسیون .

ئەبورافیع جوولەکەی خەیبەر بوە ، لە خەیبەرا ، یا لە قەلاٌییکی خۆیا ئـەبیٰ لە ئـەرزی حیجاز ، پێغـەمەر - ﷺ - عـەبدولـلاٌی کوڕی عەتیکی لەگەلٌ چەند کەسیٰ لە ئەصحابی ئەنێریٖتە سەر ، بە شـەو لە وەختێکا کە نوستبوو ئـەیکوژیٰ . زوهـری - رحمه الله - ئـەفەرمـویٰ : کوشتنی ئەو لە دوای کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەف بوە . ئیبن وسەعد ئەفەرمویٰ : لە رەمەزانی سالٌی شەشا بوو .

زۆر ئیذای پێغەمەری کردوە - ﷺ - . ئەو ئەحزابی کۆکردۆتەوە کە موحاصەرەی مەدینەیان دا لە رۆژی خەندەقا . کە وابیٰ ئەبیٰ لـە دوای خەندەق بووبیٰ ، لە پێش فەتحی خەیبەرا .

کەیفییەتی قەتلەکەی وابوە :

بەرای کوڕی عازیب - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - عەبدوڵڵای کوڕی عەتیكو عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەی لەگەڵ چەند کەسێکا [کە عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس‌و ، مەسعوودی کوڕی سینان‌و ، ئەبوقەتادەی سوارچاکی پێغەمەر - ﷺ -و خوزاعای‌کوڕی ئەسوەدن] ناردەسەر ئەبو رافیع کە بیکوژن . تەشریفیان لێیان‌دا رۆیین تا لە قەڵاکە نزیك بوونەوە [رۆژئاوا بووبوو خەڵق حەیوانیان هێنابووەوە] .

عەبدوڵڵای کوڕی عەتیك بە رەفیقەکانی فەرموو : ئێوە لێرە بوەستن تا تێفکرم شتێکی وا بکەم کە بچمە قەڵاکەوە ، ئەهلی قەڵاکە کەرێکیان لێ ون‌بووبوو ، بە دەستەچراوە بۆی ئەگەڕان ، لەوە ترسام کە بناسرێم ، سەرو پێی خۆم داپۆشیی وەك قەضای حاجەت بکەم . لە پاشا دەرگاوانەکە بانگی کرد کێ ئێتە ژووریٚ لە پێش ئەمەدا دەرگاکە دابخەم بێت . [لە ریوایەتەکەی ترا بانگی کردم : ئەی عەبدوڵڵا ئەگەر ێیتەژووریٚ وەرە وا دەرگا دائەخەم . چوومە ژووریٚ . کە خەڵق هەموو چوونە ژووریٚ دەگارکەی داخست‌و کلیلەکانی بە سنگێکا هەڵاوەسی] چوومە ژووریٚ ، لە تەویلەیێکا کە کەریان تیا ئەبەستەوە لای دەرگای قەڵاکەوە خۆم شاردەوە . خەڵق لای ئەبورافیع شێویان کردو قسەیان کرد تا ساعەتێ لەشەو رابورد . لە پاشا چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان ، کە دەنگ براو هیچ هاتوچۆکەر نەما ، لە تەویلەکە چوومە دەرێ ، چاوم لە دەرکەوانەکە بوو کە کلیلەکانی لە کوێ دانابوو ، لە تاقێکا دایانابوون ، کلیلەکانم برد دەرکی قەڵاکەم کردەوە ، وتم : ئەگەر پێیان‌زانیم گورج بچمە دەرێ . لە دواییدا چووم بە لای دەرگای هۆدەکانەوە ، لە دەرەوە هەمووم لەسەر داخستن ، لە دواییدا بە پەییژەیێکا سەرکەوتم بۆ لای ئەبورافیع .

[له رایوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : له هەر دەرگاییـك ئەچـوومە ژووریٚ له ناوەوە دەرگاکەم دائەخست ، وتم : ئەگەر پێم بزانن رێیان نەبیٚ بێنەسەرم] . کەگەییمە ئەو هۆدە کە ئەبورافیعی تیابوو تاریك بوو ؛ چرای کوژرابووەوە ، نەمزانی کە له کوێوەیە ، وتم : ئەی ئەبـورافیع . وتی : ئەوە کێیە ؟ عەبدوڵلا ئەفەرموێ : چووم بۆ لای دەنگـەکەوە ، شیرێکم پیاکێشاو هاواری کرد ، شیرەکەم بیٚفایدە بوو ، چووم بەلایەوە وەك بە هاواریەوە بچم ، دەنگی خۆم گۆڕی و وتم : چی بوو ئەی ئەبو رافیع ؟ وتی : دایك واوەیلات بۆ بکا ! بۆ نازانی پیاوێك هاتۆتە سەرم به شیر لێیدام ؟ فەرمووی : دیسان چووم بەلایەوە ، شیرێکی ترم پیاکێشا ئەویش بیٚ فایدە بوو . [له ریوایەتەکەی ترا ئەڵیٚ : بەو شیـرە برینێکی کاری گەرم لیٚکردو نەمکوشت] .

هـاواری کردو ژنـەکەی خـەبەری بـووەوە [ئیبن و ئیسحاق ئەڵیٚ : ژنەکەی هاواری کردو بە ناوی ئێمەوە = دەنگی = بەرزکردەوە ، ئێمەیش شیرمان بۆ هەڵبری کە لێی بدەین لـە پاشـان فکری ئـەوەمان کردەوە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەهی کردوە له ژن کوشتن . . لـەبەر ئـەوە دەخڵمان نەدەکرد] .

فەرمووی : له پاشا چووم بەلایەوە دەنگی خـۆم گۆڕی وەکـوو بـەهاوارەوەچـوو کەچی لـەسەر پشت راکشـابوو، نـووکی شیرەکـەم نایەسەر ورگی و بەسەریاوەرسووڕام تا گوێم له دەنگی ئێسقانی پشتی بوو کە ئەشکا ، له پاشا بە ترسەوە چوومە دەریٚ تا گەیمە لای پەییژەکە تا بچمە خواریٚ [له ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : نووکی شیرەکەم لەسەر زگی دانا تا له پشتیەوە چوەدەریٚ ، ئیتر زانیم کە کوشتوومە ، دەرگاکانم یەکەیەکە کـردەوە تا گـەییمە لای پـەییژەکـە ، پێمداناو لام وابـوو کە

گەییمەوە ئەرزی ، لە شەوێکی مانگەشەوا کەوتمە خوارێ و پێم شکا . بە سەرپێچێ بەستم و چوومە لای دەرگاکەوە دانیشتم و وتم ئیمشەو ناچمە دەرێ تا تێگەم کە کوشتوومە یان نا ؟ کە کەڵەشێر خوێنی خەبەردەر چوە سەر دیواری شوورەکەو بانگی کرد : کە خەبەری کوژرانی ئەبورافیعی تاجیری حیجازتان ئەدەمێ . ئەو وەختە چوومە لای رەفیقەکانم وتم : نەجاتی خۆتان بدەن خوا ئەبو رافیعی کوشت . گەییمە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - کەیفییەتەکەم عەرزکرد . فەرمووی : قاچت راکێشە ، قـاچم راکێشـا دەستی موبـارەکی پیاهێنـا = چاك بـووەوە = وەك هیچ ئـازاری نەبووبێ] . لە پەیژەکە کەوتمە خوارێ قاچم لە جێ چوو ، بـە پارچـە پەڕۆیێ بەستم ، لە پاشا بە شەلەشەل هاتمە لای رەفیقەکانم وتم : ئێوە بچن موژدە بەرن بۆ پێغەمەر - ﷺ - من لێرە نابزووم تا دەنگی خەبەردەر ئەبیێم.کە.وەختی سبەینێ بوو خەبەردەر سەرکەوت و خەبەری دا کە ئەبو رافیع کوژراوە .

ئیبن و عەتیك ئەفەرموێ : هەڵسام هیچ لەنجەم نەبوو ، لە پێش ئەوەدا کە رەفیقەکانم بگەنە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - پێیان گەییم و لـە پێش ئەوانا موژدەم دا بە پێغەمەر - ﷺ - ئەم حەدیثـە موعجیـزەیە بـۆ پێغەمەر - ﷺ - .

غزوة أحـد

فيها آيات من آل عمران ﴿وإذ غدوت . . . ﴾[1]

١٣٥٠/٣١ عن البراء - رضي الله تعالى عنه - قال : لقينا المشركين يومئذ [يوم أحد ، وكان المشركون ثلاثة آلاف ، ومعهم مائتا فارس ؛ وجعلوا على الميمنة خالد بن الوليد ، وعلى الميسرة عكرمة بن أبي جهل ؛ وعلى الخيل صفوان بن أمية ، أو عمرو بن العاص ، وعلى الرماة عبدالله بن ربيعة ، وكان فيهم مائة رام ، وكان المسلمون مع رسول الله - ﷺ - سبعمائة وفرسه - عليه الصلاة والسلام - وفرس أبي بردة بن نيار] وأجلس النبي - ﷺ - جيشا من الرماة [خمسين] وأمّر عليهم عبدالله [بن جبير] وقال : لاتبرحوا إن رأيتمونا ظهرنا عليهم فلا تبرحوا ، وإن رأيتموهم ظهروا علينا فلا تعينونا .

[وعند ابن إسحاق فقال : إنضح الخيل عنا بالنَّبل لا يأتوننا من خلفنا ، إن كانت لنا أو علينا فاثبت مكانك]

[وفي رواية زهير في الجهاد : حتى أرسل إليكم . وعند ابن سعد في الطبقات وكان أول من أنشب الحرب بينهم أبو عامر الفاسق : طلع في خمسين من قومه ، فنادى : أنا أبو عامر . فقال المسلمون : لا مرحبا بك ولا أهلا يا فاسق . فقال : لقد أصاب قومي بعدي شر ! ومعه عبيد قريش ؛ فتراموا بالحجارة هم والمسلمون حتى ولّى أبو عامر وأصحابه . وجعل نساء المشركين يضربن بالدفوف والغرابيل ويحرِّضْن ويذكِّرنهم قتلى بدر ، ويقلن :

---

(١) آل عمران / ١٢١ .

نحن بنات طارق   نمشي على النمارق
إن تُقبلِوا نعانق   او تدبروا نفارق
فراق غير وامق]

فلما لقينا هربوا حتى رأيت النساء يشتددن في الجبل يرفعن عن سوقهن ، قد بدت خلاخلهن .

[ولابن عساكر : لقيناهم ، وجعل الرماة يرشقون خيلهم بالنَّبل ،فتولَّوا هوارب ، فصاح طلحة بن أبي طلحة ، صاحب اللواء : من يبارز ؟ فبرز له على بن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فالتقيا بين الصفين ، فبدره علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ فضربه على رأسه حتى فلق هامته ، فوقع وهو كبش الكتيبة ، فسُرَّ رسول الله ـ ﷺ ـ بذلك وأظهر التكبير ، وكبر المسلمون ، وشددوا على كتائب المشركين يضربونهم حتى نقضت صفوفهم ، ثم حمل لواءهم عثمان بن أبي طلحة أبو شيبة ، وهو أمام النسوة يرتجز ويقول :

إن على أهل اللواء حقا
أن تخضب الصعدة أو تندقا

وحمل عليه حمزة بن عبدالمطلب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فضربه بالسيف على كاهله فقطع يده وكتفه حتى انتهى إلى مؤتزره ـ وسطه ـ وبدا سَحْره ـ وسط صدره ـ ثم حمله أبو سعيد بن أبي طلحة ؛ فرماه سعد بن أبي وقاص فأصاب حنجرته فأدلع لسانه إدلاع الكلب فقتله . ثم حمله مسافع بن طلحة بن أبي طلحة فرماه عاصم بن ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقتله . ثم حمله الحرث بن طلحة بن أبي طلحة فرماه عاصم بن ثابت ـ أيضا ـ فقتله . ثم حمله كلاب بن أبي طلحة فقتله الزبير بن العوّام ـ رضي الله تعالى عنه ـ . ثم حمله الجلاس بن طلحة فقتله طلحة بن عبيد

الله . ثم حمله أرطاة بن شرحبيل فقتله علي بن أبي طالب - رضي الله تعالى عنه - . ثم حمله شريح بن قارظ فقتل . ثم حمله صوّاب غلامهم قتله سعد بن أبي وقاص ، أو علي بن أبي طالب ، أو قزمان - رضي الله تعالى عنهم - فهربوا . . . الخ] .

فأخذوا يقولون : الغنيمة ، الغنيمة ! فقال عبدالله بن جبير : عهد إليّ النبيُّ - ﷺ - أن لا تبرحوا فأبوا ، فلما أبوا صرف وجوههم . [تحيّروا فلم يدروا أين يذهبون . ونظر خالد بن الوليد إلى خلاء الجبل وقلّةِ أهله فكرَّ بالخيل ، وتبعه عكرمة بن أبي جهل ، وحملوا على من بقي من الرماة فقتلوهم ، وقتل أميرهم عبدالله بن جبير - رضي الله تعالى عنهم - وانتقضت صفوف المسلمين ، واستدارت رحاهم ، وحالت الريح فصارت دبورا ، وكانت قبل ذلك صبا . ونادى إبليس - لعنه الله - : إن محمدا قد قتل ، واختلط المسلمون ، فصاروا يقتلون على غير شعار ، ويضرب بعضهم بعضا] فأصيب سبعون قتيلا . [وثبت رسول الله - ﷺ - ما زال يرمي عن قوسه حتى صارت شظايا ، ويرمي بالحجر ، وثبت معه عصابة من أصحابه أربعة عشر رجلا : سبعة من المهاجرين ، وسبعة من الأنصار . وأصيب رسول الله - ﷺ - و أصيبت رباعيته ، وكلمت شفته][1] .

---

(١) دانەر -خ - لەو شوێنانەدا کە لە قەسطەلانی وەرگرتوون لێی کورتکردوونەتەوە . بۆ نموونە ئەم شوێنە وەك قەسطەلانی یەکە دەنووسمەوە :

«. . . سبعة من المهاجرين ، منهم أبو بكر الصديق ، وسبعة من الأنصار ، وكان يوم بلاء وتمحيص، أكرم الله فيه من أكرم من المسلمين بالشهادة . . .»

وأشـرف أبو سفيـان فقال : أفي القـوم محمد ؟ ـ ﷺ ـ فقـال : لاتجيبوه . فقال : أفي القوم إبن أبي قحافة ؟ ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لاتجيبوه . فقال : أفي القوم ابن الخطاب ؟ فقال : إنَّ هؤلاء قتلوا ، فلو كانوا أحياء لأجابوا . فلم يملك عمر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ نفسـه ، فقال : كذبت يا عدو الله أبقى الله عليك ما يَحزنُك [يُخْزيك] قـال أبو سفيان أُعل هبل . فقال النبي ـ ﷺ ـ : أجيبوه . قالـوا : ما نقـول ؟ قال : قولوا : الله أعلىٰ وأجلّ . قال أبو سفيان : لنا العُزّىٰ ولا عزّىٰ لكم . فقال النبي ـ ﷺ ـ : أجيبوه . قالوا : ما نقول ؟ قال : قولوا : الله مولانا ولا مولى لكم . قال أبو سفيان : يوم بيوم بـدر ، والحرب سجال [نُوَب] وتجدون مثلة لم آمر بها ، ولم تسؤني ! ح ـ ٦/ ٢٨٠ .

[عن صالح بن كيسان قال : خـرجت هند والنسـوة معها يمثلن بالقتلىٰ من أصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ : يجـدعن الآذان والأنوف حتى اتخذت هند من ذلك خدما وقلائد ، وأعطت خدمها وقلائدها وقرطها اللاتي كن عليها لوحشيّ جزاء له على قتله حمزة ، وبقرت عن كبد حمزة ، فلاكتها فلم تسغها ، فلفظتها ! ثم علت على صخرة مشرفة ، فصرخت بأعلى صوتها ، فقالت :

نحن جزيناكم بيوم بدر
والحرب بعد الحرب ذات سعر
ما كان عن عتبة لي من صبر
ولا أخي ، وعمه ، وبكر
شفيت نفسي ، وقضيت نذري
شفيت وحشي غليل صدري

فشكر وحشي علي عمري
حتى ترم أعظمي في قبري ؟]
= قسطلاني ٢٨٢ =

[في طبقات إبن سعد عن عمير بن إسحاق قال : كان حمـزة بن عبدالمطلب يقاتل بين يدي رسول الله ـ ﷺ ـ يوم أحد بسيفين ، ويقول : أنا أسد الله ، وجعل يقبل ويدبر ، فبينما ، هو كذلك إذ عثر عثرة فوقع على ظهره ، وبصر به الأسود فزرقه بحربة فقتله . وفيها ـ أيضا ـ أن هندا لما لاكتْ كبده ولم تستطع أكلها قال ـ ﷺ ـ : أأكلتْ منها شيئا ؟ قالوا : لا ، قال : ما كان الله ليدخـل شيئا من حمـزة النار] قسـطلاني ٢٩٦/٦ .

هذه الرواية ـ إن صحت ـ تدل على أن هندا من أهل النار . رشيد بابان .

تەرجەمە :

بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : [رۆژی ئوحود] لەگەڵ موشریکا گەیین بەیەك [ئەوان سێ هەزار پیاو بوون و دووصەد سواریان لـەگەڵ بـوو ، خالیـدی کوڕی وەلیـدیان کـرد بە رەئیسی لـەشکـری دەستەڕاست ، عەکرەمەی کوڕی ئەبـوجەهلیـان کرد بـە سەرکـردەی لەشکری دەستەچەپ ، صەفوانی کوڕی ئومەییەیـان ، وە یا عەمـری کـوڕی عاصیـان ، کرد بـە سەرکـردەی سوارە ، عـەبدوڵـلای کوڕی رەبیعەیان کرد بە رەئیسی تیرانداز ؛ صەد تیرانـدازیان تیـا بوو . ئـەو موسوڵمانانەی لە خزمەت پێغەمەرا بوون ـ ﷺ ـ ورضي عنهم ـ حەوصەد بوون . دوو ئەسپیان بوو : یەکێکی ئەسپی پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ یەکێکی ئەسپی ئەبوبوردەی کوڕی (نیار) بوو !]

پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەشکرێکی پەنجاکەسیی لە تیرانداز دامەزران . عەبدوڵڵای کوڕی جوبەیری ـ رضي الله تعالی عنه ـ کرد بە سەرکردەیان ، ئەمری پێ فەرموون : لە جێی خۆتان مەبزوون ئەگەر بە غاڵبمان ببین هەر مەبزوون ، ئەگەر ئەوان غاڵب بوون هەر مەبزوون و یاریەمان مەدەن . [هەر بە تیر سوارەکانمان لێ دووربخەنەوە لە پشتەوە نەیێنە سەرمان . لە (لە) مان یا لە (علیە) مان بێ هیچ مەبزوون ، لە جێی خۆتان ثابت ببن تا خۆم ئەنێرم بە دواتانا . لە طەبەقاتی ئیبن وسەعدا ئەفەرموێ : ئەووەڵ کەسێ کە حەربی لە بەینا هەڵگیرسان ئەبوعامیری فاسق بوو ؛ لە قەومەکەی لەگەڵ بیست کەسا هات ، بانگی کرد : من ئەبوعامیرم . موسوڵمانان جوابیان دایەوە : مەرحەبات لێ نەبێ ، بە ملی شکاو بێی ئەی فاسق ! ئەو فاسقە وتی : لە پاش من قەومەکەم تووشی شەڕ بوون یەعنی لە بەدرا . عەبیدی قورەیشی لەگەڵا بوو ، لەگەڵ موسوڵمانانا دەستیان کرد بە بەرد لە یەك گرتن تا ئەبوعامیرو رەفیقەکانی پشتیان هەڵکرد . ژنی موشریکەکان بە دەف لێدان و بە کەلەبێژنگ لێدان تەرغیب و تەشویقیان ئەکردن لەسەر حەرب و ، ئەوانەیان ئەخستنەوە بیر کە لە بەدرا کوژرابوون ؟ ئەیانوت : ئێمە کچی ئەستێرەو زەهرەین . بەسەر فەرشی ئاوریشمینا ئەڕۆین . ئەگەر روو بکەنە دوشمن شەو دەستەملانتان ئەبین . ئەگەر پشت هەڵبکەن و هەڕا بکەن لێتان جوێ ئەبینەوە وەك کەسێ کە لە کەسێ جوێ بێتەوە کە هیچ خۆشی ناوێ] کە مولاقاتمان لە گەڵیانا بوو موشریکان هەرایان کرد . بەراء ئەفەرموێ : ژنەکانیان رایان ئەکرد بۆ شاخەکە ، قولیان لێ هەڵکردبوو تا پاوانەکانیان دەرکەوت .

[ئیبن و عەساکیر : مولاقاتمان لەگەڵیانا بوو تیراندازەکانمان بە تیر

تیره‌بارانی سواره‌کانیانی ئه‌کرد ، پشتیان هه‌ڵکردو هه‌ڕایان کرد . طه‌لحه‌ی کوڕی ئه‌بوطه‌لحه که به‌بیاخداریان بوو به‌رانی له‌شکره‌که‌یان بوو ، بانگی کرد موباره‌زه‌ی طه‌له‌ب کرد . ئیمـامی عه‌لی ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ته‌شریفی چوه مه‌یدانی ، له به‌ینی هه‌ردوو صه‌فه‌که‌دا به یه‌ك گه‌یین . ئیمامی عه‌لی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ده‌سته‌بردی کردو شیرێکی به ته‌پڵی سه‌ریا کێشا سه‌ری کرد به دوو له‌ته‌وه‌و که‌وت . پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ به‌وه مه‌سروور بوو ، به ده‌نگی به‌رز (الله أكبر)ی فه‌رموو موسوڵمانانیش له‌گه‌ڵ ئه‌وا (الله أكبر)یان کردو حه‌مله‌یان بۆ بردن ، خۆیان به موشریکه‌کاناو[1] به‌شیر لێیان ئه‌دان تا صه‌فی موشریکه‌کانیان دڕان ، له پاشا عوثمانی کوڕی ئه‌بوطه‌لحه که باوکی شه‌یبه‌یه له به‌رده‌می ژنه‌کـانیانـه‌وه بوو بـه‌بیاخی موشریکه‌کانی هه‌ڵگرت .

ره‌جه‌زی ئه‌خوێنه‌وه‌و ئه‌یوت :

حه‌قه له‌سه‌ر ئه‌وه به‌بیاخدار بێ که رمی خوێناویی ببێ تا ئه‌شکێ !

حه‌مزه‌ی مامی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ورضي عنه ـ حه‌مله‌ی بردێ‌و به شیر دای له‌سه‌ر شانی ده‌ستێـك‌و شانێکی تـا هێنایـه جێ به‌نـده‌خوێنی پـه‌ل‌کرد ، سـه‌رسنگی ده‌رکه‌وت ، لـه پاشـا ئه‌بـوسـه‌عیـدی کـوڕی ئه‌بوطه‌لحه به‌بیاخه‌که‌یـانی هه‌ڵگـرت ، سه‌عـدی کوڕی ئـه‌بووه‌قـاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ تیرێکی تێ‌گرت له قوڕقوڕاگه‌ی که‌وت وه‌ك چۆن سه‌گ زمان ده‌ره‌کێشێ زمانی پێ ده‌رکێشاو کوشتی ، له پاشا مه‌سافیعی کوڕی طه‌لحه‌ی ئه‌بوطه‌لحه به‌بیاخه‌که‌ی هه‌ڵگـرتن ، عاصیمی کـوڕی

(١) لێره‌دا له‌بیرچوونێك هه‌یه . ره‌نگه ئاوا بێ : «خۆیان کرد بـه ناو سـوپای موشریکه‌کانا» چونکه ته‌رجه‌مه‌ی لێدانی که‌تائیبه .

ثابيت ـ رضي الله تعالى عنه ـ تيرێكى تێ‌گرت و كوشتى ، له پاشا حەرثى كوڕى طەلحەى ئەبوطەلحە بەيياخەكەى هەڵگـرتن ، عاصيمى كـوڕى ثابيت ـ رضي الله تعالى عنه ـ به تيرێ ئەويشى كوشت . له پاشا كيلابى كوڕى ئەبوطەلحە بەيياخەكەى هەڵگـرت ، زوبەيـرى كوڕى عـەووام ـ رضي الله تعـالى عنه ـ كـوشتى ، له پـاشا جـەلاسى كوڕى طـەلحـە بەيياخەكەى هەڵگرت ، طەلحەى كوڕى عوبەيدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ كوشتى . له پاشا ئەرطاتى كوڕى شەرحەبيل بەيياخەكەى هەڵگرت ئيمامى عەلى ـ رضي الله تعالى عنه ـ كوشتى ، له پاشا شورەيحى كوڕى قاريظ بەيياخەكەى هەڵگرتن ئەويش كوژرا ، له پاشا صەووابى غولاميان بەيياخەكەى هەڵگرتن ، سەعدى كوڕى‌ئەبو وەقاص يا ئيمامى عەلى يا قەزمان كوشتى ، ئەمجا هەڕايان كرد] .

ئەصحابى كيرام ـ رضي الله تعالى عنهم ـ دەستيان پێكرد كه تاڵان بگرن ، عەبدوڵلاى كوڕى جوبەير ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووى : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمرى پێ فەرمووم كه له جێى خۆم نەبزووم بەگوێيان نەكرد ، كه ئيبايان كرد ڕێيان لێ هەڵە بوو نەيان‌ئـەزانى كه ڕوو بكـەنە كوێوەو موتەحەيير بوون .

[خاليدى كوڕى وەليد كه شاخى ئوحودى دى خاڵيى بوەو كەسى پێوە نەماوە تەنها عەبدوڵلاى كوڕى جوبەيرو هەشت نۆ ئەصحابى تيا ماوە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بەو سوارانە كه لەگەڵيا = بوون = باى‌دايـەوە سەر ئەصحاب ـ رضي الله تعالى عنهم ـ عەكرەمەى كوڕى ئەبوجەهلى شوێن‌كەوت ، پەلامارى ئەو تيراندازانەيـان دا كه لـەگەڵ عـەبدوڵـلا ـ رضي الله تعالى عنهم ـ مابوونەوە ، هەموويان شەهيدكردن ، صەفى موسوڵمانان دڕيان دا ، ئاشيـان وەرگەڕا ، بـاى صەبـايان بـوو بە بـاى

دەبوور ، ئیبلیس ـ لعنه الله ـ بانگی کرد کە : محەمەد ـ علیه الصلاة والسلام ـ کوژرا ، موسوڵمانان تێکەڵو پێکەڵ بوون ، سەریان لێ شێوا ، بێ شوعوور یەکتریان ئەکوشت ، بە شیر لە یەکتریان ئەدا ، یەمانی باوکی حوذەیفەیان دەورە دابوو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خەریك بوو بیکوژن . هەرچەندە حوذەیفە هاواری کردنێ کە یەمانی باوکمە مەیکوژن گوێیان نەدایێ نیهایەت شەهیدیان کرد ، کە گەیینە پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە جێی خۆی ثابت بوو ئەوەندەی تیر هاویتنێ کە ژێی کەوانەکە پارچە پارچە بوو ، ئەمجا بەردی تێ ئەگرتن ، بە قەد چواردە کەسی لە دەور ما . وەك : ئەبوبەکرو ، عومەرو ، عەلیو ، زوبەیرو ، ئەبوطەلحەو سەعدی بنی وەقاصو ، حەمزەو بەعزێ ئەصحابی تر ـ رضي الله تعالى عن جميعهم ـ] حەفتا کەسیان لێ شەهید کرا [ددانی پێشەوەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ شەهید کرا ، لێوی موبارەکی بریندار بوو ، لاجانگیان بریندار کرد] .

ئەبو سوفیان چوە جێیەکی بەرز بانگی = کرد = : محەمەدتان لە ناوایە ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : جوابی مەدەنەوە ، لە دواییا ئەبوسوفیان بانگی کرد : کوڕی ئەبو قوحافەتان لە ناوایە ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : جوابی مەدەنەوە . بانگی کرد : (ابن الخطاب) تان لە ناوایە ؟ کە جوابی نەدرایەوە رووی کردە موشریکەکان پێی وتن : ئەمانە کوژراون ، ئەگەر زیندوو بوونایە جوابیان ئەدایەوە ! ئیمامی عومەر شێری خواو پێغەمەر ـ ﷺ ـ ورضي عنە ـ خۆی پێ راگیر نەکرا ، فەرمووی : ئەی دوشمنی خوا درۆت کرد ! ئەوانەی کە مەحزوونت بکاو پێی بتەقی خوا بۆ تۆی هێشتۆتەوە . ئەبوسوفیان بانگی بتەکەی کرد : ئەی هوبەل هەر سەرکەوەو بەرز بە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری

پێ فەرموون : جوابی بدەنەوە . عەرزیان کرد : بڵێین چی ؟ فەرمووی : بڵێن : خوا ـ عز وجل ـ بڵندترو بەقووەت‌ترە [لە هەموو ماسیوای خوا ، چە جای هوبەلی قیتکە بەلی تۆ ؟ !]

ئەبو سوفیان وتی : ئێمە عوززامان هەیە ئێوە عـوززاتان نی‌یـە ! پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فـەرمووی : جـوابی بدەنـەوە . عەرزیـان‌کرد : چی بڵێین ؟ فەرمووی = بڵێن = : خوا ـ عز وجل ـ مەولامانەو سەردارمانە ئێوە هیچ مەولاتان نی‌یە . ئەبو سوفیان وتی : ئەم رۆژە بە رۆژی بەدر ، حەرب نەویە نەویەیە ؛ گاە ئێمە گاە ئێوە غاڵب ئەبین . لە ناو کوژراوانا ئەبینن‌کە بەعزێ کەس موثلە کراون : لووت‌و گوێیان کراوە ، من ئەمرم پێ نەکردوە ئەمما پێیشم ناخۆش نی‌یە !

[ئیبن‌و ئیسحاق لە صالحی کوڕی کـەیسان ریـوایەت ئـەکا کـە هیندی ژنی ئەبوسوفیان . . . ژنە موشریکەکانی برد ، دەستیان کرد بە لووت‌وگوێ‌گردنی شەهیدەکان ـ رضي الله تعالى عنهم ـ . ئەوەندەیان لووت‌و گوێی ئەصحابی کیرام بری پاوانەو ملیوانکەی لێ دروست‌کـرد کردی‌یە پێ‌و ملی [. . . . . .] پاوانەو ملیوانکەو گوارەکانی خۆیی دا بە وەحشیی ، جەزای ئەوە کە حەزرەتی حەمزە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی شەهید کردبوو . جگەری حەمزەی ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەڵـدڕی خستیە دەمی‌و جویی بۆی قووت نـەچوو ! دەری‌هـاویتەوە لـە دواییدا پەڕی‌یە سەر بەردێکی بەرز ، تا تیا بوو قیرانی ئەم رەجەزەی وت :

ئێمە بە موقابیلی رۆژی بەدر جەزای ئێوەمان دایەوە ، حەربی دوای حەرب گری لێ هەڵەستێ ـ چونکی بۆئێنتیقامە ـ لەبەر عوتبەو ، برام‌و ، لە = بەر = مامم‌و بەکر صەبرم نەماوە . لە باتی ئەوانە ـ لعنهم الله ـ ئەو ئەصحابی کیرامە شەهیدکران‌و لە لووت‌و گوێیانم کرد بە پێوەنـدو . .

شيفاى دەردى خۆم داو نەذرى خۆمم بەجێ هێنا . ئەی وەحشیی تۆ شیفاى دەردى سنگمت دا ، لە موددەتی عومرما تا لە قەبرا ئێسكم ئەرزێ هەر شوكرى وەحشیی ئەكەم]

[لە طەبەقاتی ئیبن و سەعدا لە عومەیری كوڕی ئیسحاقەوە ریوایەت ئەكا حەمزەی كوڕی (عبدالمطلب) كە شێری خواو پێغەمەری خوا بوو ـ عز وجل ، ـ ﷺ ـ ورضي عنه ـ لە رۆژی ئوحودا لە بەردەمی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ بە دوو شیر حەربی ئەكردو ئەیفەرموو : من شێری خوامو بە راستەو چەپەدا شیری ئەوەشان ، لەو وەختەدا پێی هەڵخلیسكاو بەسەر پشتا كەوت . وەحشیی ئەسوەد كە بەو نەوعەی دی نێزەیێكی بۆ هاویت و شەهیدی كرد ، دیسان لە طەبەقاتا ریوایەت ئەكا كە هیند جگەری حەزرەتی حەمزە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ی جوویی و نەیتوانی قووتی بداو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ بیستی ، پرسی : هیند لە جگەری حەمزە هیچی خوارد یان نا ؟ عەرزیانكرد : خەیر پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ ئیرادەی نەكردوە كە هیچ جوزئێ لە حەمزە بچێتە ناو ئاگرەوە] .

ئەم ریوایەتی ئیبن و ئیسحاقە ـ ئەگەر صەحیح بێو تەئویل هەڵنەگرێ ـ صەریحە لەوەدا كە هیند ئەچێتە جەهەننەمەوە . . . .

١٣٥١/٣٢ زيد بن ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما خرج النبي ـ ﷺ ـ [إلى أحد سنة ثلاث] رجع ناس [عبدالله بن أبي مع ثلاثمائة من أصحابه] ممن خرج معه ، وكان أصحاب النبي ـ ﷺ ـ فرقتين : فرقة تقول : نقاتلهم [لأنهم منافقون] وفرقة تقول : لا نقاتلهم [لأنهم مسلمون . أي ظاهرا] فنزلت : ﴿فما لكم في المنافقين فئتين ✽ والله

أركسهم [ردهم إلى حكم الكفار] بما كسبوا﴾[1] وقال : إنها طيبة تنفي الذنوب كما تنفي النار خبث الفضة [وقال : إنها . . . الخ حديث آخر ذكره في الحج .] ح ـ ٦/٢٨٥ . م ـ ٢٥٤/١٠ . ليس فيه الجملة الثانية .

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی ثابیت ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوو بۆ ئوحود لەوانەی کە = لە = خزمەتیا بوون بەعزێکیان گەڕانەوە [کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی موناڤیق بوو لەگەڵ سێصەد رەفیقی موناڤیقیا] ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بوون بە دوو فیرقە : فیرقەییێکیان فەرموویان : ئەمانە موناڤیقن حەربیان لەگەڵ بکەین . بەعزێکیان فەرموویان : بە زاهیر موسوڵمانن بۆ حەربیان لەگەڵ بکەین ؟ ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە مەعنای وایە : چیە ئێوە بوون بە دوو فیرقە دەرحەق موناڤیقان ؟ خوا ئەوانی لە رێی حەق وەرگێراوە بە واسیطەی ئەو گوناهانەی کە بە حەزو ئارەزوو کردوویانە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : مەدینە (طیبە) یە پاکە ، وەك مووشەدەمە[1] چۆن خەڵتەی زیو نایێڵێ مەدینەیش گوناهی ئینسان نایێڵێ .

١٣٥٢/٣٣ عن سعد بن أبي وقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رأيت رسول الله ـ ﷺ ـ يوم أحد ومعه رجلان : [جبريل ، وميكائيل ـ

---

(١) النساء / ٨٨ .

(١) لە حەدیثەکەدا (النار = ئاگر) وتراوە ، دیارە دانەر ـ خ ـ مەبەستی ئەوەیە ئاگر بە تەنها خۆی زیو پاڵفتە ناکاتو دەبێ کوورەو مووشەدەمەی لەگەڵ بێ ، بۆیە وا تەرجەمەی کردوە .

عليهما السلام . م] يقاتلان عنه [عن يساره وشماله . م] عليهما ثياب بيض ، كأشد القتال ، ما رأيتهما [قط] قبل ولا بعد . ح ـ ٦/٢٨٦ . م ـ ٩/١٧١ .

تەرجەمە :

سەعدی کوری = ئەبو = وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : رۆژی ئوحود دوو کەسم دی لیباسی سپی یان لەبەرا بوو ، لای راستو لای چەپی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ شەرێکی زۆر بە شیددەتیان ئەکرد ، نە لەمەوپێش نە لەوەپاش نەمدیبوون ، ئەو دوو پیاوە حەرزەتی جیبریلو میکائیل = بوون = علیهما السلام ـ .

١٣٥٣/٣٤ عن أبي طلحة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت فيمن تغشاها النعاس يوم أحد حتى سقط سيفي من يدي مرارا : يسقط وآخذه ، ويسقط فآخذه . ح ـ ٦/٢٩١ . فنزل : ﴿ثم أنزل عليكم من بعد الغم أَمَنَةً نعاسا . . . الآيه﴾(١)

تەرجەمە :

ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لەوانە بووم کە لە رۆژی ئوحودا وەنەوز ئەیگرتن ، تا چەند دەفعە شیرم لە دەست کەوتەخوارێ ؛ هەر ئەکەوتو هەڵمئەگرتەوە ، هەرئەکەوتو هەڵمئەگرتەوە . لە پاشا ئەم ئایەتی ئالیعیمرانە نازڵ بوو : لە پاش ئەمە کە فیرارتان کردو کوشتاری زۆرتان لێکرا خوا ئەمینی لە دوشمنو وەنەوزدانی بۆ ناردن . . . (الآية بطولها) .

١٣٥٤/٣٥ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : شُجَّ النبي ـ ﷺ ـ يوم

(٢) آل عمران / ١٥٤ .

أحد ، فقال : كيف يفلح قوم شَجُّوا نبيهم ؟ فنزلت : ﴿ليس لك من الأمر شيئ . . .﴾[1] ح ـ ٦/٢٩٢ . رواه البخاري معلقا وأحمد ، ت ، ن ، موصولا .

تەرجەمە .

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : رۆژی ئوحود پێغەمەر ـ ﷺ ـ سەری موبارەكی بریندار كرا ، فەرمووی : قەومێ كە سەری پێغەمەری خۆیان بشكێنن چۆن نەجاتیان ئەبێ ؟ خوا ـ عز وجل ـ ئەم ئایەتی ئالیعیمرانەی نازڵ فەرموو : ئەی محەمەد تۆ هیچت بـە دەست نیە ؛ نە عەفوكردن نە عەذاب . یەعنی ئیتر بۆچ وا ئەڵێی ؟

١٣٥٥/٣٦ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ كان يقول يوم أُحد : أللهم إنك إن تشأ لاتعبد في الأرض م ـ ٧/٣٢٣ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ رۆژی ئوحود ئەیفەرموو : یا رەببی ئەگەر تۆ ئیرادە بكەی لە ئەرزا عیبادەتت بۆ ناكرێ .

١٣٥٦/٣٧ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ أفرد يوم أُحد في سبعة من الأنصار ورجلين من قريش فلما رهقوه [غشوه] قال : من يردهم عنّا وله الجنة ، أو هو رفيقي في الجنة ؟ فتقدم رجل من الأنصار فقاتل حتى قتل ثم رهقوه ـ أيضا ـ فقال : من يردهم عنّا وله الجنة ، أو هو رفيقي في الجنة ؟ فتقدم رجل من الأنصار فقاتل حتى قتل فلم يزل كذلك حتى قتل السبعة . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ لصاحبيه : ما أنصفنا أصحابنا م ـ ٧/ ٤٣٠ .

(١) آل عمران / ١٢٨

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە رۆژی ئوحودا لەگەڵ حەوت ئەنصارو دوو قورەیشیا جوێبوونەوە کە دوشمن ئیحاطەیان = دان پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی = : کێ ئەوانەمان لێ دوور ئەخاتەوە موقابیل بەوە بەهەشتی بێ ، یا فەرمووی : رەفیقی من بێ لە بەهەشتا ؟ یەکێ لە ئەنصار پێش کەوت شەڕی لەگەڵ کردن تا شەهیدکرا . دووبارە موشریکان دەورەی پێغەمـەریان ـ ﷺ ـ گـرت ، فەرمووی : کێ ئەوانەمان لێ دوور ئەخاتەوە موقابیـل بەوە بـەهەشتی بێ ، یا فەرمووی : لە بەهەشتـا رەفیقی من بێ ؟ پیاوێ لـە ئەنصـار پێش کەوت و شەڕی لەگەڵ کردن تا ئەویش شەهید کرا . ئیتر هەر بەم نەوعە تا هەر حەوت ئەنصارەکە شەهید کران . . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە دوو رەفیقە قورەیشی یەکەیی فەرموو : بە ئینصاف موعامەلەمان لەگەڵ ئەو رەفیقانەمان نەکرد ؛ [چونکی قورەیشی یەکان هیچیان بەو ئیشەوە نەچوون] .

١٣٥٧/٣٨ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أن رسول الله ـ ﷺ ـ كسرت رباعيته يوم أُحد ، وشُجَّ في رأسه فجعل يسلت الدم [يمسحه] عنـه ويقول : كيف يفلح قـوم شجُّوا نبيهم وكسـروا رباعيتـه ، وهو يدعوهم إلى الله ؟ ! فأنزل الله ـ تعالى ـ : ﴿ليس لك من الأمر شيءٌ﴾(١)
م ـ ٤٣٢/٧

١٣٥٨/٣٩ عن عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كأني أنظر إلى رسول الله ـ ﷺ ـ يحكي نبيا من الأنبياء ضربه قومه وهو يمسح

(١) آل عمران / ١٢٨ .

الدم عن وجهه [ينضح الدم عن جبينه . أخرى م] ويقول : رب اغفر لقومي فإنهم لايعلمون . م ـ ٤٣٢/٧ . ح ـ ٤٣٤/٥ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ددانی موبارەکی تەنیشتی دوو ددانی پێشەوەی لە رۆژی ئوحودا شەهیدکرا ، سەری موبارەکی بریندار کرا ، خوێنی لەسەری ئەسریی و ئەیفەرموو : چۆن قەومێ نەجاتی ئەبێ کە ددانی پێغەمەریان بشکێنن و سەری بریندار بکەن ، لەو وەختەدا کە ئەو پێغەمەرە قەومەکەی بۆ لای خوا دەعوەت ئەکا ؟ ! خوا ئەو ئایەتەی نازڵکرد ، فەرمووی : ئەی محەمەد تۆ هیچت بە دەست نی یە : نە عەفو ، نە عەذاب ، چووزانی نەجاتیان نابێ ؟ ـ ئەکثەریان موسوڵمان بوون ـ .

ئیبن و مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەوەم لە پێش چاوە وەك تەماشای بکەم کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ حیکایەتی یەکێ لە پێغەمەرانی ئەفەرموو کە قەومەکەی لێیان دابوو ئەویش خوێنی لە دەم و چاوی ئەسریی و ئەیفەرموو : خوایا لە قەومەکەم خۆش ببە ؛ چونکی ئەوان جاهیلن نازانن . یەعنی بۆیە لێیان داوم .

١٣٥٩/٤٠ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسول الله ـ ﷺ ـ يغزو بأم سليم ونسوة من الأنصار معها إذا غزا ، فيسقين الماء ، ويداوين الجرحىٰ . م ـ ٤٦٤/٧ .

١٣٦٠/٤١ عن أم عطية الأنصارية ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : غزوت مع رسول الله ـ ﷺ ـ سبع غزوات ، أخلفهم في رحالهم ؛ فأصنع لهم الطعام ، وأداوي الجرحى ، وأقوم على المرضى . م ـ ٤٧٢/٧ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : پێغەمـەر ـ ﷺ ـ غەزای بە (أم سليم)و بەعزێ ژنە ئەنصاریی ئەکـرد ـ رضي الله تعالى عنهن ـ ئاویان ئەدانێو ، برینداریان تەداوی ئەکرد .

(أم عطيه)ی ئەنصاریی ـ رضي الله تعـالى عنها ـ ئـەفەرمـوێ : حەوت غەزام لە خذمەت پێغەمەرا کرد ـ ﷺ ـ کە ئەوان غەزایان ئەکرد لە مەنزڵەکەیانا ئەمـامەوە طـەعامم بـۆ دروست ئەکـردنو ، برینـدارم تەداوی ئەکردو ، خذمەتی نەخۆشم ئەکرد .

١٣٦١/٤٢ عن يزيد بن هرمز ـ رحمه الله تعالى ـ قال : كتب نجدة بن عامر الحروري إلى ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال [فشهدت ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حين قرأ كتابه وحين كتب جوابه . وقال ابن عباس : [فقال ليزيد : أكتب إليه ، فلولا أن يقع في أحموقة ما كتبت إليه . أخرى م] والله لولا أن أرده عن نتن يقع فيه ما كتبت إليه ولا نعمة عين . م اخرى] يسأله عن خمس خلال ، فقال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لولا أن أكتم علما ما كتبت إليه . كتب إليه نجدة : أما بعد فأخبرني هل كان رسول الله ـ ﷺ ـ .

١ ـ يغزو بالنساء [والعبيد . أخرى] ؟

٢ ـ هل كان يضرب لهن بسهم ؟

٣ ـ وهل كان يقتل الصبيان ؟

٤ ـ ومتى ينقضي يتم اليتيم ؟

٥ ـ وعن الخمس ؛ لمن هو ؟ [وعن ذوى القربى من هم ؟ أخرى]

فكتب إليه ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : كتبت تسألني : هل كان رسول الله يغزو بالنساء [والعبيد . اخرى] ؟ وقد كان يغزو بهن

فيداوين الجرحى ويحذين [أي يُعطَين الرَّضْخَ] من الغنيمة . وأما بسهم فلم يضـرب لهن [أي ولهم] . وإن رسـول الله ـ ﷺ ـ لم يكن يقتـل الصبيان ، فلا تقتل الصبيان [إلا أن تكون تعلم منهم ما علم صاحب موسى عليهما السلام من الغلام الذي قتله . أخرى م] .

وكتبت تسـألني متى ينقضي يتم اليتيم ؟ فلعمري ! إن الـرجـل لتنبت لحيته ، وإنه لضعيف الأخذ لنفسه ضعيف العطاء منها ، فإذا اخذ لنفسه من صالح ما يأخذ الناس [وأنه إذا ؛ بلغ النكاح ، وأونس منه رشد ، ودفع اليه ماله . اخرى م] فقد ذهب عنه اليتم .

وكتبت تسـألني عن الخمس لِمَنْ هو ؟ [وسـألت عن سهم ذوى القربى الذي ذكر الله مَنْ هم ؟ اخرى م] وإنا كنا نقول : هو لنا فأبى علينا قـومنا ذاك : [وإنـا كنا نـرى أن قرابـة رسول الله ـ ﷺ ـ هـم نحن . أخرى م] م ـ ٧/٤٦٦ ـ ٤٧١ .

تەرجەمە :

یەزیدی کوڕی هورموز ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : نەجدەی کوڕی عـامیری حـەروورِیی ـ خاریجی ـ نـووسی بۆ خـذمەت ئیبن وعـەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ یەزید ئەفەرموێ : لای ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ حـازر بووم کـە کاغـەزەکەی نـەجدەی خـوێندەوەو جوابی نووسیەوە ، فەرمووی : وەڵڵا ئەگەر لەوە نەترسامایە کـە کەتمی عیلم ئەکەم [لە ریوایەتێکا : لەوە نەترسامایە کە نەجدە ئەحـمـەقی یەك ئەکا . لە ریوایەتێکا ئەفەرموێ : لەوە نـەترسـامایـە کە شتێکی پیس و بۆگەن ئەکا] جوابم بۆ نەئەنووسیەوە . نەجدە لە ئیبن وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ی دەرحەق پێنج شت پرسی :

١ ـ (أما بعد) خەبەرم بدەرێ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ژن و عەبدی لە خذمەت

خۆیا ئەبرد بۆ غەزا یان نا ؟
٢ ـ بی بردنایە لە غەنیمەت سەهمی ئەدانێ یان نا ؟
٣ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە غەزادا منالی ئەکوشت یان نا ؟
٤ ـ کەی هەتیوێتی هەتیو تەواو ئەبێ ؟
٥ ـ خومس هی کێ یە ؟ لە روبایەتێکا (ذوي القربى) کە لە قورئانایە کێن ؟

ئیبن و عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بۆی نووسی [لە ریوایەتەکەی تریا : ئەمری پێ کردم بۆی بنووسە] : نووسیبووت : لێت ئەپرسم پێغەمەر ـ ﷺ ـ ژنان و عەبدانی ئەبرد بۆ غەزا یان نا ؟ ئەیبردن . بریندارایان تەدوای ئەکرد . لە غەنیمەت بەشی ئەدان ئەمما وەك غەزایی تر سەهمی نەدەدانێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ منالی نەئەکوشت ، تۆیش مەیان کوژە ، مەگەرەکی تۆیش لەو منالانە ئەوە بزانی کە حەزرەتی (خضر) ـ علیه السلام ـ لەو منالەی زانی کە کوشتی [یەعنی کێ کافر ئەبێ و کامیان موسوڵمان ئەبێ کە گەورە = بوون = لێکیان جوێ بکەیتەوە ئەو وەختە ئەوی کە ئەزانی کە گەورە بوو کافر ئەبێ بیکوژە ، ئەوی کە ئەزانی کە گەورە بوو موسوڵمان ئەبێ مەیکوژە . ئەمما تۆ ئەوە لە کوێ ئەزانی کە حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـ نەیزانیوە ؟ !]

نووسیبووت : کەی هەتیوێتی هەتیو ئەبڕێتەوە ؟ قەسەم بە بەقای خۆم ! [کە هەر مەعلوومی خوایە . یەعنی قەسەم بە عیلمی خوا !] ئینسان ریشی ئەڕوێ لە ئەخذو عەطادا زەعیفە . کە وەك خەڵقی تر روشدی پەیدا کردو ، باڵغ بوو ، زانی ئەخذو عەطا بکاو ، سەفیه نەبێ و ، ماڵی خۆیی تەسلیم کرایەوە . . ئەو وەختە هەتیویی نامێنێ .

نووسیبووت : خومس به کێ ئـه‌درێ [له ریـوایه‌تـه‌که‌ی تـرا : قه‌رابه‌تی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ کێن] ؟ ئێمه وامان ئه‌زانی که خزمی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ئێمه‌ین و خومس به ئێمه ئه‌درێ ، ئه‌مما قه‌ومه‌که‌مان له‌وه ئیبایان کـرد . ئێمه‌یـان به‌و (ذوي القـربى) ایه نـه‌زانی کـه (خمس الخمس)ی ئه‌درێتێ و نه‌یاندایێ .

١٣٦٢/٤٣ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : إشتد غضب الله على قوم فعلوا بنبيه يشير إلى رباعيته . إشتد غضب الله على رجل يقتله رسول الله ـ ﷺ ـ في سبيل الله [كأبي بن خلف] ح ـ ٢٩٥/٦ . م ـ ٤٣٣/٧ . وعن ابن عباس بتقديم الثاني على الأول . وفيه : على قوم دمّوا وجه نبي الله . بدل الرباعية]

ته‌رجه‌مه :

ئه‌م حه‌دیثه مورسه‌لی صه‌حابی‌یه نه ئه‌بوهوره‌یره نه ئیبن و عه‌باس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حازری وه‌قعه‌ی ئوحود نه‌بوون .

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ که له ئوحودا بریندار بوو فه‌رمووی : غه‌زه‌بی خوا له‌سه‌ر ئه‌و قه‌ومه به شیدده‌ت بێ که وای له پێغه‌مه‌ری کرد . ئیشاره‌تی ددانی موباره‌کی ی کرد . غه‌زه‌بی خوا له‌سه‌ر ئه‌و که‌سه به‌شیدده‌ت بێ که وه‌جهی شه‌ریفی پێغه‌مه‌ری ئه‌وی خوێناویی کرد . غه‌زه‌بی خوا له‌سه‌ر ئه‌و که‌سه بێ که پێغه‌مه‌ری ئه‌و بیکوژێ له غه‌زادا له رێی خوادا . [ئه‌وی به قیصاص یا به حه‌ددی شه‌رعیی ئه‌کوژرێ داخڵ نابێ] .

[ئه‌وی روباعیه‌ی پێغه‌مه‌ری ـ ﷺ ـ شه‌هیدکردو لێوی موباره‌کی بریندار کرد عوتبه‌ی کوڕی ئه‌بو وه‌قاص بوو برای سه‌عدی = کوڕی ئه‌بو وه‌قاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ . ئه‌وی وه‌جهی شه‌ریفی بریندار کرد (ابن قميئة) بوو ، دوو حه‌لقه‌ی زرێکه‌ی به ناوچـاوانی موبـاره‌کیا

چەقیبوو . ئەبو عـوبەیـدەی جەڕاح ـ رضي الله تعـالى عنه ـ بـه ددان دەری کێشا ، دوو ددانی ئەبو عوبەیدە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کەوت ئەمجا لێی دەرهێنا ! مالیکی کوڕی سینان بـاوکی ـ باوکی ئـەبو سـەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خوێنی ناوچاوانی مـوبارەکی مـژی لە دواییدا بێزی لێ کردەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هەرکەسێ خوێنی من تـەماسی(1) خـوێنی ئەو بکـا ئاگـری جەهـەنـنەمی لێ نـاکـەوێ . قسطلاني ـ ٦/٢٩٥ .]

١٣٦٣/٤٤ عن عروة عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : لما كان يوم أحد هزم المشركون فصرخ [فصاح . أخرى خ] إبليس ـ لعنة الله عليه ـ : أي عباد الله أخراكم ! فرجعت أولاهم [على أخراهم . اخرى خ] فاجتلدت هي وأخراهم ، فبصر حذيفة فإذا هو بأبيه اليمان [فنادى . أخرى خ] فقال : أي عباد الله أبي ! أبي ! قال [عروة] : قالت : فوالله ما احتجزوا [ما انفصلوا عنه] حتى قتلوه ! فقال حذيفة : يقضي الله لكم . قال عروة : فوالله ما زالت في حذيفة [منها . أخرى خ] بقية خير [من دعاء واستغفار لقاتل أبيه] حتى [لقي الله . أخرى] لحق بالله ـ عز وجل ـ ح ـ ٥/٢٨٨ . ح ـ ٦/١٦٤ ، ٢٨٩ .

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : کە ڕۆژی ئوحود واقیع بوو موشریکان شکان ئیبلیس ـ لعنه الله ـ هاواری کرد : ئەی عیبادی خوا ئاگاتان لە دواتانەوە بێ [یەعنی گاوران لە پشتەوە خەریکن

---

(1) تەماسی . . واتە خوێنی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەر خوێنی هەرکەسێ بکـەوێ و تێکلاوی خوێنی ببێ ناچێتە جەهەننەمەوە .

هوجوومتان بۆ بێنن] لەشکری پێشووی ئیسلام گەڕانەوە سەر لەشکری دواوەی خۆیان ، دەستیان‌کرد بە حەرب لەگەڵیانا ، یەکتریان ئەکوشت . حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاوی پێکەوت کە موسوڵمانەکان دەورەی یەمانی باوکیان داوە خەریکن ئەیکوژن . حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بانگی کرد : ئەی عیبادی خوا باوکمە ! باوکمە ! [یەعنی مەیکوژن] حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : وەڵڵاهی لێی جویێ نەبوونەوە تا شەهیدیان‌کرد . حوذەیفە فەرمووی : خواتان لێ خۆش‌بێ ، عوروە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : لەوەکە موسوڵمانان یەمانی باپیرمیان شەهیدکرد حوذەیفەی باوکم هەر دوعای خێری ئەکرد بۆ ئەوانەی کە یەمانی باوکیان شەهید کرد تا لە دنیا چوە دەرێ و چوە حوزووری خوا ـ عز وجل ـ .

١٣٦٤/٤٥ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ [في سبب نزول قوله تعالى] : ﴿الذين استجابوا لله والرسول من بعدما أصابهم القرح للذين أحسنوا منهم واتقوا أجر عظيم﴾[1] قالت لعروة : يا ابن أختي كان أبوك منهم الزبير وأبو بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لما أصاب رسول الله ـ ﷺ ـ ما أصاب يوم أحد وانصرف المشركون خاف أن يرجعوا قال : من يذهب في إثرهم ، فانتدب سبعون رجلا ، قال كان فيهم أبو بكر والزبير . ح ـ ٢٩٦/٦ .

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە سەبەبی نوزوولی ئەم ئایەتی ئالی‌عیمرانەدا کە ئەفەرموێ : ئەوانەی کە ئیجابەتی دەعوەتی خواو

(١) آل عمران / ١٧٢ .

پێغەمەریان کرد کە بچن بە شوێن موشریکەکانا لە دوای ئەمە کە چەندیان لێ کوژرابوو چەندیان لێ بریندار بووبوو بۆ ئەوانەیان کە عەمەلی چاکەیان کردبوو کە تەقوای خوایان کردبو [کە هەموویان وا بوون] . . ئەجرێکی زۆر گەورەیان هەیە . حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بە عوروەی فەرموو : ئەی کوڕی خوشکی خۆم هەردوو باوکت کە زوبەیرەو ئەبوبەکرە [چونکی ئەبوبەکر باوکی ئەسمای دایکی عوروە بوو] لەوانەن کە ئەم ئایەتەی ئالی‌عیمرانیان دەرحەق نازڵ بوە ، کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە ئوحودا تووشی ئەوە بوو کە تووشی بوو [ددانی شەهیدکراو لێوو ناوچاوانی بریندارکراو غەیری خۆی‌و چواردە ئەصحابی نەبێ لەشکرەکە هەموو هەڕایان کرد] موشریکەکان گەڕانەوە بۆ مەکە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ترسی ئەوەی بوو کە بگەڕێنەوە سەریان فەرمووی : کێ بە شوێنیانا ئەچێ ؟ [کە بزانێ ئەگەڕێنەوە یان نا ؟ هەم تێیان بگەیێنێ کە بەو کوشتارە لەشکری پێغەمەر ـ ﷺ ـ زەعیف نەبوون‌و ئەتوانن کە شوێن دوشمن بکەون] بەو فەرموودەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ حەفتا کەس لەو ئەصحابەی کە حازری وەقعەی ئوحود بوون ئیجابەتی ئەو دەعوەتەیان کردو چوون . عوروە ئەفەرموێ : لە ناو ئەوانەدا ئەبوبەکرو زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ مەوجوود بوون .

[لە طەبەرانیایە : کە ئیبن‌وعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ناوی بەعزێکی بردوە ، ئەبوبەکرو ، عومەرو ، عوثمان‌و ، عەلی‌و ، عەمماری کوڕی یاسیرو ، طەلحەو ، سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص‌و ، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف‌و ، ئەبو حوذەیفەو ، ئیبن‌و مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنهم ـ مەوجوود بوون . ئیبن‌و ئیسحاق ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : کە گەیینە (حمراء الأسد) کە سێ چارەك سەعات لە

مەدینەوە دوورە خوا ترسی نایە دڵیانەوە نەیانوێرا بگەڕێنەوە ، لەوەپێش ئەبوسوفیان گەییە (روحا) (لە واز)[1] لە حەرب پەشیمان بووبووەوە تەمای بوو بگەڕێتەوە بۆ مەدینە .

١٣٦٥/٤٦ عن قتادة بن دعامة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : ما نعلم حيا من أحياء العرب أكثر شهيدا أعزَّ يوم القيامة من الأنصار = قال قتادة : = وحدثنا أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه قتل منهم يوم أُحد سبعون ، ويوم بئر معونة سبعون ، [يقال لهم : القراء] ويوم اليمامة سبعون . قال [قتادة] : وكان بئر معونة على عهد رسول الله ـ ﷺ ـ ، ويوم اليمامة على عهد أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يوم مسيلمة الكذاب . ح ـ ٦/٢٩٧ .

تەرجەمە :

قەتادە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : لە هیچ طائیفە لە عەشیرەتانی عەرەب هیچ کەس نازانین کە لە ئەنصار شەهیدی زیاتر بووبێ و ، لە رۆژی قیامەتا لای خوا عەزیزی زیاتر بێ . ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەبەری داوینێ کە لە رۆژی ئوحودا حەفتایان ، لە رۆژی بیری مەعوونەدا حەفتایان ، لە رۆژی یەمامەدا حەفتایان لێ شەهید کرا . قەتادە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : رۆژی بیری مەعوونە لە زەمانی پێغەمەرا بوو ـ ﷺ ـ ، رۆژی یەمامە لە زەمانی ئەبوبەکری صەدیقا بو ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە رۆژی موسەیلیمەی کەذذابا ـ لعنه الله ـ [خیلاف لە عەدەدیانا هەیە . راجع قسطلاني ٦/٢٩٧] .

(١) ئەوەی نێو کەوانەکانم بۆ نەخوێنرایەوە .

شهادة حمزة ـ رضي الله تعالى عنه ـ

١٣٦٦/٤٧ عن جعفر بن عمرو بن أمية الضمري ، قال : خرجت مع عبيد الله بن عدي بن الخِيار ، فلما قدمنا حمص قال لي عبيد الله بن عدي : هل لك في وحشي نسأله في قتل حمزة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ؟ قلت : نعم ، وكان وحشي يسكن حِمصَ ، فسألنا عنه ، فقيل لنا : هو ذاك في ظل قصره كأنه حَميت [زق كبير للسمن] قال : فجئنا حتى و قفنا عليه بيسير ، فسلّمنا فردَّ السلام ، قال : وعبيد الله معتجر بعمامته ما يرى وحشيّ إلا عينيه ورجليه ، فقال عبيد الله : يا وحشي أتعرفني ؟ قال : فنظر إليه ، ثم قال : لا والله إلا أني أعلم أن عدي بن الخيار تزوج امرأة يقال لها : أم القتال بنت أبي العيص ، فولدت له غلاما بمكة ، فكنت أسترضع له ، فحملتُ ذلك الغلام مع أمه فناولتها إياه فلكأني نظرت إلى قدميك .

[وزاد إبن إسحاق : والله ما رأيتك منذ ناولتك أمك السعدية التي أرضعتك بذي طوى ، فإني ناولتكها وهي على بعيرها ، فأخذْتُك ، فلمعت لي قدمك حين رفَعَتْك فما هو إلا أن وقفت عليَّ فعرفتهما] قال : فكشف عبيد الله عن وجهه ، ثم قال : ألا تخبرنا بقتل حمزة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ؟ قال : نعم ، إن حمزة قتل طُعَيْمة بن عدي بن الخيار ببدر ، فقال لي مولاي جبير بن مطعم : إن قتلت حمزة بعمي فأنت حر . قال : فلما أن خرج الناس عام عينين [وهو عام أحد] وعينين جبل بحيال أُحد ، بينه وبينه وادٍ . . خرجت مع الناس إلى القتال ، فلما أن اصطفوا للقتال خرج سباع فقال : هل من مبارز ؟ قال : فخرج إليه حمزة بن عبدالمطلب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : يا سباع يا ابن أم أنمار مقطعة البظور أتحادّ

الله ورسوله - ﷺ - ؟ قال : ثم شد عليه فكان كأمس الذاهب ! قال : وكَمَنْتُ لحمزة تحت صخرة فلما دنا مني رميته بحربتي فأضعها في ثنّته [عانته] حتى خرجت من بين وركيه ، قال : فكان ذاك العهد به . فلما رجع الناس رجعت معهم فأقمت بمكة حتى فشا فيها الاسلام . ثم خرجت إلى الطائف [هاربا] فأرسلوا إلى رسول الله - ﷺ - رسولا ، فقيل لي : إنه لا يهيج الرسل .

[وعند ابن إسحاق : فلما خرج وفد أهل الطائف إلى رسول الله - ﷺ - ليسلموا ضاقت عليّ الأرض ، وقلت : ألحق بالشام أو باليمن أو ببعض البلاد فإني لفي ذلك إذ قال رجل : ويحك إنه والله ما يقتل رجلا دخل في دينه]

قال : فخرجت معهم حتى قدمت على رسول الله - ﷺ - فلما رآني قال : آنت وحشي ؟ قلت : نعم . قال : آنت قتلت حمزة ؟ قلت : قد كان من الأمر ما قد بلغك . قال : فهل تستطيع أن تغيب وجهك عني . قال : فخرجت . فلما قبض رسول الله - ﷺ - فخرج مسيلمة الكذاب ، قلت : لأخرجنَّ إلى مُسَيلمة لعلِّي أقتله فأكافئَ حمزة - رضي الله تعالى عنه - قال : فخرجت مع الناس فكان من أمره ما كان . قال : فإذا رجل قائم في ثَلْمة جدار كأنه جمل أورَق [أسمر كالرماد] ثائر الرأس . قال : فرميته بحربتي [التي قتلت بها حمزة - رضي الله تعالى عنه -] فأضعها بين ثدييه حتى خرجَتْ من بين كتفيه ، قال : ووثب إليه رجل من الأنصار [عبد الله بن زيد بن عاصم] فضربه بالسيف على هامته قال [عبدالعزيز بن عبدالله بن أبي سلمة] قال عبدالله بن الفضل : فأخبرني سليمان بن يسار أنه سمع عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - يقول : فقالت جارية على ظهر بيت : وا أمير المؤمنين ! قتله العبد الأسود . ح - ٦/٢٩٣ .

تەرجەمە :

جـەعفەری کـوڕی عـەمـری کـوڕی ئـومـەییـەی ضـەمـەریی ئەفەرموێ : لەگەڵ عوبەیدوڵڵای کوڕی عەدیی کوڕی خیار لە مەدینە چووینەدەرێ بۆسەفەر ، کە گەیینە حیمص عوبەیدوڵڵا پێی وتم . نایێی بچینە لای وەحشیی ؟ کە چۆنی حەزرەتی حەمزە ـ رضي الله تعالى عنه ـ شەهیدکـرد ؟ وتم : با بێم : وەحشي لـە حیمصا ئیقـامەتی ئـەکرد ، پرسیمان : لەکوێیە ؟ وتیان : ئەوەتانێ لـە ژێر سێبـەری کۆشکـەکەیـا دانیشتوە ، وەك هیزە رۆن رەش و هەڵاوساو بوو .

چووینە لای ، کەمێ بەسەریەوە وەستاین ، سەلامان لێکرد ، جـوابی سـەلامی داینـەوە ، عـوبـەیـدوڵـلا سـەروچـاوی خـۆی بـە سەرپێچەکەی خۆی داپۆشیبوو ، وەحشیی غەیری کـونی چاوی و پێی هیچ جێیێکی نەئەبینی . لە وەحشیی پـرسی : ئەمنـاسیت ؟ وەحشیی تێی فکری وتی : خەیر وەڵڵا ئەوە نەبێ عەدیی کوڕی خیار ژنێکی هێنا ناوی (أم قتال) بوو کچی (أبو العیص) لە مەککـە کوڕێکی بـە وەلەد هێنا ، بۆکەسێك ئەگەڕام کە شیری بداتێ ، ئەو منالەم هەڵگرت لەگەڵ دایکیا دامە دەست دایکی (کأنە) ئێستە تەماشای پێی تۆ ئەکەم [یەعنی وەك پێی ئەو منالەیە] .

[ئیبن وئیسحـاق ئـەفـەرمـوێ : وەحشیی وتی : وەڵـلاهی لـەو وەختەوە کە تۆم داوەتە دەست دایکە سەعدییەکەت کە شیری داویتێ لە (ذو طوی)دا تۆم نەدیوە ، ئەو بەسەر وشترەکەیەوە بوو تۆم دایە دەستی و وەریگرتی ، لەو وەختەدا کە بەرزمکردییەوە پێتم دی ئیتر هیچی تـر نەبوە تا ئێستە ، کە چاوم بە پێت = کەوت = پێم ناسیتەوە . لە بەینی ئەو وەختەداو ئەو وەختە کەلەگەڵ جەعفەرا چوە لای پەنجا ساڵ رابوردبو] .

جـەعفەر ئـەڵێ : ئەو وەختـە عوبـەیدوڵـڵا دەم و چاوی خـۆیی دەرخست . لەپاشا عوبەیدوڵلا بە وەحشیی وت : خەبەری ئـەوەمان نادەیتێ کە حەمزەت - رضي الله تعالى عنه - چۆن شەهیدکرد ؟ وەحشیی وتی : بەڵێ خەبەرت ئەدەمێ : حەمزە - رضي الله تعالى عنه - طوعەیمەی کوڕی عەدیی [کوڕی خیاری] کوڕی نەوفەلی لە بەدرا کوشت ، مەولام کە جوبەیری کوڕی موطعیمە [لە فەتحا موسوڵمان بوو] پێی وتم : ئەگەر لە باتی مامم = حەمزە = بکوژی تۆ ئازاد بی . کە خەڵق لە ساڵی (عینین)ا چوونەدەرێ . عەینەین : شاخێکە بەرابەر ئوحود لە بەینی ئەوو ئوحودا دەشتێ هەیە ، منیش کە لەگەڵ خەڵقا چووم بۆ ئوحود بۆ شەڕ لەگەڵ موسوڵمانانا کە هەردوو لەشکر صەفیان بەست بۆ شەڕ سەباعی کـوڕی (عبدالعزى)ی خەزاعیی چوە مەیدان وتی : کەسێ هەیـە موبـارەزەم لـەگەڵ بکـا ؟ حەزرەتی = حـەمـزە = - رضي الله تعـالى عنـه - چـوە مەیدانی ، فەرمووی : ئەی سەباع ، ئەی کوڕی (أم أنمار)ی قیتکەبڕ ! [دایکی قیتکەی ژنانی ئەبری و خەتەنەی ئەکردن] بۆ تۆ عیناد لەگەڵ خواو پێغەمەریا ئەکەی - ﷺ - و موحارەبەیان لەگەڵا ئەکەیت و دوشمنایەتییان ئەکەی ؟ لە پاشا هەڵمەتی دایێ و کوشتی وەك دوێنێی رابـوردو رابورد . وەحشیی وتی : لە پەنا بەردێکا خۆم مات دا بۆ ، حەزرەتی حەمزە - رضي الله تعالى عنه - کە لێم نزیك بووەوە نێزەکەم بۆ هاویت ، دام لـە خوار ناوکیەوە لە سێبەندەیەوە چوە دەرێ ، ئیتر ئەوە بوو حەمزەم نەدی - رضي الله تعالى عنه - یەعنی وەفاتی کرد .

کە خەڵق لە ئوحود بۆ مەکە گەڕانەوە لەگەڵیـان گەڕامـەوە ، لە مەککەدا ئیقامەتم کرد ، تا ئیسلامەتی لە مەککـەدا بڵاویـوەوەو فەتحی مەکە کرا . لە پاشا چووم بۆ طائیف ، خەڵقی طایف پیاویـان نارد بـۆ

خـذمەت پێغـەمەر - ﷺ - پێیـان وتم : کە پێغـەمەر - ﷺ - فـروستادە ناکوژێ ، منیش لەگەڵیـانا چـوومە خـذمەتی ، کـە چاوی پێم کـەوت فـەرمووی : تـۆ وەحشیت ؟ عەرزم کـرد : بـەڵێ . فـەرمـووی : تـۆ حەمزەت کوشت ؟ عەرزم کرد : چۆنت پێگەییوە وابوو . فەرمووی : ئەتوانی رووی خۆتم لێ ون بکەی تا نەتبینم ؟ لە خذمەتی چوومەدەرێ .

کە پێغەمـەر - ﷺ - ئەمـری حەقی بـەجێ هێناو مـوسەیلیمـەی کـەذذاب خورووجی کـرد وتم : ئەبێ بچم بـۆ حەربی مـوسەیلیمـەی کەذذاب بەڵکو بیکوژم لە موکافاتی حەزرەتی حەمزەدا،لەگەڵ خەڵق کە حەزرەتی صەدیق ناردنی بۆ حـەربی موسـەیلیمە . منیش چـووم ، ئەو شەڕو شۆڕە بوو کە زۆر لە موسوڵمانان شەهیدکران و لە پاشا موسوڵمانان فەتحیان کرد ، کە دیم موسەیلیمە لە کەلەبەری دیوارێکا وەك وشتری بۆز وەستابوو ، سەروقژی پەرێشان بوو ، بەو نێزەیەی کە حەزرەتی حەمزەم پێ شەهید کـردبوو نێـزەییێکم بۆ هـاویت دام لە بـەینی هەردوو گـۆی مەمکی ، لە بەینی هەردوو شانیەوە چوە دەرێ ، پیاوێکیش لە ئەنصار [عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی عـاصمی مازنـدیی] شیرێکی کێشـا بـەسەریـا. عـەبـدوڵـڵای کـوڕی عـومـەر - رضي الله تعـالى عنهـما - ئەفەرموێ : کە موسەیلیمە کوژرا جاریەیێ لە سەربـانی خانـوویێکەوە وتی ; وای بۆ (أمير المؤمنين) ! عەبدە حەبەشی یەکە کوشتی .

[موسەیلیمە ئیددیعای پێغەمەرێتی ئەکـرد ، ئیددیعـای ئەمیـریی نەئەکرد ، ئەمما چونکی ئیشی ئەوانەی ئەکرد کە ئیمانیان پێ هێنابوو لای ئەو ژنەیش وابوو ؛ چونکی ئیمانیان پێ هێناوە بە موئمینی موسەیلیمە حسێبن بۆیە وتی : (أمير المؤمنين)] .

غزوة خندق

شوال سنة أربع . غزوة قريظة سنة أربع ، غـزوة رجيع وبئـر معونة سنة أربع .

غزوة خندق سنة أربع

١٣٦٧/٤٨ عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن النبي - ﷺ - عرضه [عرضني . م] يوم أحد وهو [وأنا . م] ابن أربع عشرة سنة فلم يجزه [ني . م] وعرضه [ضني . م] يوم الخندق وهو [أنا . م] ابن خمس عشرة سنة فأجازه [ني . م] ح - ٣٠٨/٦ ، م - ٦٧/٨ .

قال نافع : فقدمت على عمر بن عبدالعزيز - رضي الله تعالى عنه - وهو يومئذ خليفة ، فحدثته هذا الحديث ، فقـال : إن هذا الحـد بين الصغير والكبير . فكتب إلى عماله : أن يفرضوا لمن كان ابن خمس عشرة سنة ، ومن كان دون ذلك فاجعلوه في العيال . م - ٦٧/٨ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - ڕۆژی ئـوحود رای نـوانم بۆ غـەزا چوارده سـاڵ بووم قەبووڵی نەکردم . ڕۆژی خەندەق رای نوانم پانزەساڵ بـووم قەبـووڵی کردم .

نافیع - رحمه الله - ئەفەرموێ : چوومە خزمەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز - رضي الله تعـالى عنه - ئـەو وەختە خـەلیفە بـوو . ئەم حەدیثەم بۆ نەقڵ کرد فەرمووی : پانزەساڵی حەددێکە لە بەینی گەورەو بوچووکا . بۆ مەئموورانی خۆیی نووسی : کە ئەوانەی پانزە ساڵیان تەواو

کردبێ بچنە غەزا لە غەنیمەت حیصەیان بۆ جویٚبکەنەوە . ئەوانەی لە پانزە کەمتربن مەیانبەن بۆ غەزا لە ناو ئەهل و عەیالیان بهێڵنەوە .

٤٩/١٣٦٨ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أول يوم شهدته يوم الخندق . ح ـ ٦/٣١٢ .

تەرجەمە :

= ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئـەفەرمـوێ . = ئەوەڵ غەزایێ کە چووم غەزای رۆژی خەندەق بوو .

٥٠/١٣٦٩ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ [قالت في تفسير] : ﴿إذ جاؤكم من فوقكم ومن أسفل منكم ، وإذ زاغت الأبصار ، وبلغت القلوب الحناجر . . .﴾(١) قالت : كان ذلك يوم الخندق . ح ـ ٦/٣١١ . م ـ ١٠/٤٧١ .

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە تەفسیری ئەم ئایەتی سوورەتی ئەحزابەدا کە خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : ئەی ئەوانە کە ئیمانتان هەیە ئەو نیعمەتە بێننەوە پێش چاوتان شوکری بکەن کە ئەحزاب لە سەرەوەو لە خوارەوە هاتنەسەرتان دەوریان دان ، لە ترسا چاوتان ئەبلەق بوو ، رۆح گەیی یە قورقوڕاگەتان [بە ئەنواعی ظەن ظەنتان بە خوا ئەبرد ؛ لاتان وابوو کە نەصرەتتان داوە ؟] . . ئەفەرموێ : کە ئەو رۆژە رۆژی ئەحزاب بوو .

٥١/١٣٧٠ سليمان بن صرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول ـ حين أجلى [إفعال ، معلوم أو مجهول] الأحزاب

(١) الأحزاب / ١٠ .

عنه ـ : الآن نغزوهم ولا يغزوننا ، نحن نسير إليهم . [صدق رسول الله ـ ﷺ ـ] ح ـ ٦/ ٣١٤ .

تەرجەمە :

سولەیمانی کوڕی صورەد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە ئەحزاب لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوورکەوتنەوەو طەرد بوون لێم بیست ئەیفەرموو : ئیتر ئێمە ئەچین غەزایان لەگەڵ ئەکەین ئەوان نایین غەزامان لەگەڵ بکەن ، ئێمە ئەچینە سەریان .

ساڵی دوایی تەشریفی چوو بۆ عومرە نەیان هێشت ، صوڵحی لەگەڵ کردن ، کە ساڵی دوایی تەشریفی بچێ و عومرە بکا ، تا سێ رۆژ لە مەککەدا تەشریفی بەند بێ و رۆژی چوارەم لێی بچێتە دەرێ ، دوای عومرە کە ئەوان عەهدیان هەڵوەشانەوە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوە سەریان و فەتحی مەکەی کرد . ـ صدق رسول الله ـ ﷺ ـ .

١٣٧١/٥٢ عن إبراهيم التيمي عن أبيه قال : كنا عند حذيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال رجل : لو أدركت رسول الله ـ ﷺ ـ قاتلت معه وأبليت . فقال حذيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أنت كنت تفعل ذاك ؟ ! لقد رأيتنا مع رسول الله ـ ﷺ ـ ليلة الأحزاب وأخذتنا ريح شديدة وقُرٌّ [برد] ١ ـ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : ألا رجل يأتيني بخبر القوم جعله الله ـ عز وجل ـ معي يوم القيامة ؟ فسكتنا ، فلم يجبه أحد منا . ٢ ـ ثم قال : ألا رجل يأتيني بخبر القوم جعله الله ـ عز وجل ـ معي يوم القيامة ؟ فسكتنا ، فلم يجبه منا أحد ! ٣ ـ ثم قال : ألا رجل يأتيني بخبر القوم جعله الله ـ عز وجل ـ معي يوم القيامة ؟ فسكتنا ، فلم يجبه منا أحد ! فقال : قم يا حذيفة فأتنا بخبر القوم ! فلم أجد بُدًّا إذ دعاني باسمي أن أقوم . قال : إذهب فأتني بخبر القوم ولا تذعرهم عليَّ [لا تفزعهم ولا

تحركهم عليَّ . والمراد لاتحركهم عليك ، فإنهم إن أخذوك كان ذلك ضررا عليّ] فلما ولَّيت من عنده . جعلت كأنما أمشي في حمّام حتى أتيتهم ! فرأيت أبا سفيان يَصْلِ ظهره بالنار ، فوضعت سهما في كبد القوس فأردت أن ارميه ، فذكرت قول الرسول ـ ﷺ ـ : ولا تذعرهم علي ، ولو رميته لأصبته . فرجعت وأنا أمشي في مثل الحمّام ، فلما أتيته فأخبرته بخبر القوم وفرغت قرِرت ، فألبسني رسول الله ـ ﷺ ـ من فضل عباءة كانت عليه يصلي فيها ، فلم أزل نائما حتى أصبحت ، فلما أصبحت قال : قم يا نَوْمان [كثير النوم] . ح ـ ٧/٤٢٨ .

تەرجەمە :

ئیبراهیمی تەیمی لە باوکیەوە ریوایەت ئەکا ئەفەرموێ : لای حوذەیفە بووین ـ رضي الله تعالى عنه ـ پیاوێ وتی : ئەگەر بگەیمایە زەمانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە خذمەتیا غەزام ئەکردو زۆر چاك شەڕم بۆ ئەکرد ، کە لە ناو ئەصحابا ناوم دەرکەوێ . حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە زانی ئەو پیاوە زۆر خۆی هەڵەکێشێ و موبالەغە ئەکا . . فەرمووی : تۆ وات ئەکرد ؟ ! لە شەوی ئەحزابا لە خذمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ چاوم بە خۆمان کەوت باییکی زۆر بەشیددەت ئەهات و زۆرمان سەرما بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ سێ دەفعە فەرمووی : کەسێ نی‌یە خەبەری قەومی ئەحزابمان بۆ بهێنێتەوە کە چی ئەکەن رۆژی قیامەت ئەو کەسە لەگەڵ من بێ ؟ لە هەر = سێ = جارەکەدا هەموو بێدەنگ بووین و هیچ کەس جوابی نەدایەوە ! دەفعەی چوارەم فەرمووی : ئەی حوذەیفە تۆ بچۆ خەبەری ئەو لەشکری ئەحزابەمان بۆ بهێنەرەوە .

کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە ناوی خۆمەوە منی بانگ = کرد = هیچ چارەم نەما ئەبوو هەڵسم فەرمووی : بچۆ خەبەرمان بۆ بهێنەرەوە ئەمما شتێکی

وا مەكە كە لە (عليه) ی من تەحريكيان بكەی [يەعنی موعامەلەيێكی وا مەكە كە لێت خەبەردار بين و بتگرن ؛ چـونكی ئەوە زەرەری منی تيـا هەيە] كە لە خذمەتی پشتم هەڵكردو ڕۆييم ئـەو باو سـەرمايـەم حيس نەئەكرد وەك لە ناو حەماما بڕۆم وا گەرمم بۆوە ! كە چووم ئەبوسوفيانم دی پشتی خۆی بە ئـاگر گـەرم ئەكـردەوە تيرێكم خستـە ناو جـەرگەی كەوانەكەمەوە تەمام = بوو = تێی بگرم ، ئەو فەرمـوودەی پێغەمـەرەم هاتەوە فكر - ﷺ - كە فەرمووی : تەحريكيان مەكەرە سەرم ، ئەگەر تێم بگرتايە ئەم ئەنگاوت . گەڕامەوە وەك لـە ناو حـەمامـا بڕۆم ، كـە هاتمەوە خذمەت پێغەمەر - ﷺ - و خەبەرم دایێ و وەزيفەكەم بەجێ هێنا دووبارە ئەو سەرمايەم بۆ هاتەوەو تەزيم ! پێغەمەر - ﷺ - بە لايێكی ئەو عەبايەی كە لە بەريا بوو نوێژی پێوەئەكرد دايپۆشيم ، تا وەختی سبەينێ لێی نـوستم كە بـەيانی دا پێغـەمەر - ﷺ - فـەرمووی : ئـەی خەواڵـۆ هەڵسە .

ئەميری لەشكر ئەبێ بە دەوام وريا بێ و جاسووس بنێرێ و كەشفی ئەحواڵی دوشمن بكا ، ئەوی بۆ ئەوە ئـەمری پێكـرد لازمە دەزبـەجێ ئيطاعەی بكا ، ئاگاداری خۆی بێ فەرقی پێ نەكەن .

بەو سەرمايە كە حوذەيفە - رضي الله تعالى عنه - هيچ سـەرمای نەبوە تا هاتـۆتەوە خـذمەت پێغـەمەر - ﷺ - هـەر گەرمـای بوە ئـەوە موعجيزەيێكی زۆر گەورەی پێغەمەرە - ﷺ - .

غزوة بني قريظة عقيب الخندق

١٣٧٢/٥٣ عن أنس - رضي الله تعالى عنه - قال : كأني أنظر إلى الغبار ساطعا في زقاق [سكة . اخرى خ] بني غنم موكبَ جبريل [الموكب نوع من السير وجماعة الفرسان يسيرون برفق] حين سار رسول الله - ﷺ - إلى بني قريظة ح - ٣١٦/٦ ، ح - ٢٥٩/٥ .

ته‌رجه‌مه :

ئه‌نه‌سی كوری مالیك - رضي الله تعالى عنه - ئه‌فه‌رموێ : (كأنه) ته‌ماشای ئه‌و تۆزه ئه‌كه‌م كه هه‌ڵه‌ستا له ناو كۆڵانی به‌نی غونما له‌به‌ر رۆیینی ئه‌سپی جیبریل - عليه السلام - له‌و وه‌خته‌دا كه پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ته‌شریفی چوو بۆ سه‌ر قوره‌یظه .

١٣٧٣/٥٤ عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنه - قال : قال النبي - ﷺ - يوم الأحزاب : لايصلين أحد [منكم] العصر [وفي مسلم الظهر] إلا في بني قريظة ، فأدرك بعضَهم العصرُ في الطريق . فقال بعضهم : لا نصلي حتى نأتيها ، وقال بعضهم : بل نصلي ، لم يُرَد منا ذلك [بل الاستعجال في السير] فذكر ذلك للنبي - ﷺ - فلم يعنف واحدا منهم . ح - ٣١٦/٦ ، ح - ١٩٢/٢ . م - ٣٨٤/٧ . ولفظ مسلم عنه :

قال : نادى فينا رسول الله - ﷺ - يوم انصرف عن الأحزاب : أن لايصلين أحد الظهر إلا في بني قريظة . فتخوف ناس فوت الوقت فصلوا دون بني قريظة . وقال آخرون : لا نصلي إلا حيث أمرنا رسول الله - ﷺ - وإن فاتنا الوقت . قال : فما عنف واحدا من الفريقين . م - ٣٨٤/٧ .

تەرجەمە :

ئیبن و عومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە تەشریفی لە ئەحزاب گەڕایەوەو چوو بۆ بەنی قورەیظە ئەمری فەرموو : هیچ کەس لە بەنی قورەیظەدا نەبێ نوێژی عەصری ـ لە موسلیما نوێژی نیوەڕۆی ـ نەکا . لە ڕێگە نوێژی عەصر داهات ، بەعزێ ترسان ، کە نوێژەکەیان بچێ ، لە پێش ئەمەدا کە بگەنە بەنی قورەیظە نوێژیان کرد ، بەعزێ وتیان : تا نەگەینە ئەوێ کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری پێ کردووین نایکەین ، با وەختیش رابووڕێ ، خەبەریان دا بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ هیچ کامیانی لەوم نەکرد .

موسلیم ئەفەرموێ : نوێژی نیوەڕۆ . بوخاریی ئەفەرموێ : نوێژی عەصر . طەریق و شێخی هەردوکیان یەکێکە ، هیچ فەرقیان نی یە ، ئەم موخالەفەیان لە بەر چی یە ؟

نەوەویی و قەسطەلانی ئەفەرموون : ئەو وەختەی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەوەی فەرموو بەعزێ لە ئەصحاب نوێژی نیوەڕۆیان کردبوو بەوانەی فەرموو : نوێژی عەصرتان مەکەن تا لە بەنی قورەیظە ئەیکەن . بەعزێکیان نەیکردبوو ، بەوانەی فەرموو : نوێژی نیوەڕۆتان مەکەن تا لە بەنی قورەیظە ئەیکەین . ئەوانەی کە نەیانکردبو تا بەنی قورەیظەو تەئخیریان خست وا لە ئەمرەکەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەیبوون کە مەقصوودی (استعجال) کردنە لە ڕۆیینا .

٥٥/١٣٧٤ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان الرجل يجعل للنبي ـ ﷺ ـ النخلات حتى افتتح قريظة والنضير ، وإن أهلي أمروني أن آتي النبي ـ ﷺ ـ فأسأله الذين [الذي نسخة] كانوا أعطوه أو بعضه ، وكان النبي ـ ﷺ ـ قد أعطاها أم أيمن [بركة ـ رضي الله تعالى عنها ـ]

فجاءت أم أيمن فجعلت الثوب في عنقي تقول : كلاّ والذي لا إله إلا هو لا يعطيكم وقد أعطانيها ، أو كما قالت . والنبي ـ ﷺ ـ يقول : [يا أم أيمن أتركيه ولك كذا وكذا . م] لك كذا [من عندي] وتقول : كلا والله حتى أعطاها . [قال سليمان بن طرخان] حسبت أنه [أنسا] قال : عشرة أمثاله [أو قريبا من عشرة أمثاله . م] أو كما قال . ح ـ ٦/٣١٦ ، م ـ ٧/٣٨٨ . بفرق كما ترى .

١٣٧٥/٥٦ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما قدم المهاجرون من مكة المدينة قدموا وليس بأيديهم شئ ، وكان الأنصار أهل الأرض والعقار فقاسمهم الأنصار على أن أعطوهم أنصاف ثمار أموالهم كل عام ويكفونهم العمل والمؤنة ، وكانت أم أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهي تدعىٰ أم سُلَيم وكانت أم عبدالله بن أبي طلحة كان أخا لِأنس لِأمه ، وكانت أعطت أم أنس ـ رضي الله تعالى عنها ـ رسول الله ـ ﷺ ـ عذاقا لها فأعطاها رسول الله ـ ﷺ ـ أم أيمن مولاته أم أسامة بن زيد .

قال ابن شهاب : فأخبرني أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ لما فرغ من قتال أهل خيبر وانصرف إلى المدينة رد المهاجرون إلى الأنصار منائحهم التي كانوا منحوهم من ثمارهم . قال : فرد رسول الله ـ ﷺ ـ إلى أُمّي عذاقها ، وأعطى رسول الله ـ ﷺ ـ مكانهن من حائطه . قال ابن شهاب : وكان من شأن أم أيمن ـ أم أسامة بن زيد ـ ـ رضي الله تعالى عنهم ـ أنها كانت وصيفة لعبد الله بن عبدالمطلب ، وكانت من الحبشة . فلما ولدت آمنة رسول الله ـ ﷺ ـ بعدما تُوفِّيَ أبوه ، فكانت أم أيمن تحضنه حتى كبر رسول الله ـ ﷺ ـ فأعتقها ، ثم أنكحها زيد بن حارثة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ثم تُوفِّيتْ بعد ما تُوفِّيَ رسول الله ـ ﷺ ـ بخمسة أشهر . م ـ ٧/٣٨٦ ،

ح ـ ٤/٣٥٤ .

مەعنای ئەم حەدیثانە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و موهاجیر لە مەکەوە هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە هیچیان نەبوو ، ئەنصار ئەراضیی و عەقاریان بوو ، لەگەڵ موهاجیرەکان بەشیانکرد ، بەم شەرطە کە رەقەبەکەی[1] هی ئەنصار بێ و موهاجیر بەخێوی بکەن و نیوەی حاصلاتەکەیان ببێ . (ام سلیم) ی دایکی ئەنەس و عەبدوڵلای کوڕی ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بەعزێ دارخورمای دا بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ دای بە (أم أيمن) ی دایکی ئوسامەی کوڕی زەید ـ رضي الله تعالى عنهم ـ . کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەتحی قورەیظەو بەنی نەضیرو خەیبەری کرد موهاجیر ئەو ماڵەی کە ئەنصار دابووینێ ئیعادەیان کردەوە بۆ ئەنصار . پێغەمەریش ـ ﷺ ـ ئەوی کە (ام سلیم) ـ رضي الله تعالى عنها ـ دابووی بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ رەدی کردەوە بۆ (ام سلیم) .

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کەس و کارم یەعنی دایکم ئەمری پێکردم کە بچمە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ داوای ئەوەی لێ بکەم کە دایکم دابویێ بۆی ئیعادە بکاتەوە . (أم أيمن) ـ رضي الله تعالى عنها ـ هات جلەکەمی لە ملمەوە ئاڵان ئەیفەرموو : خەیر وەڵلاهی قەسەم بەوەی غەیری ئەو مەعبوودی بەحەق نی یە پێغەمەر ـ ﷺ ـ داویەتی بە من ناتانداتەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەیفەرموو : ئەوەت

(١) رەقەبەکەی : واتە سەرەکەی ، واتە ماڵەکە دەسمایە بێ لای موهاجیرەکان بەڵام بە قازانج بە نیوەیی و دوایی سەرەکە هەر ماڵی ئەنصارەکان بێ .

ئەدەمێ لە ماڵی خۆم ، ئەویش هەر ئەیفەرموو : وەڵڵاهی نـابێ . . تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوو ئەوەندە ، یا فەرمووی : بە قەد دە ئەوەندە کە دایکم دابوویێ دای بە (أم أيمن) ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە موڵکی خالیصی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمجا رازیی بوو .

ئیبن و شـەهاب بـەو ئیسنادە ئـەفەرمـوێ : (أم أيمن) ی دایکی ئوسامەی کوڕی زەید ـ رضي الله تعالى عنهم ـ جـاریەی عـەبدوڵـڵای باوکی پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ ورضي عنه ـ حەبـەشیی بوو ، کـە ئامینـە ـ رضي الله تعالى عنها ـ پێغەمەری بوو ـ ﷺ ـ دوای وەفاتی باوکی (أم أيمن) ـ رضي الله تعالى عنها ـ [لە دوای ئەمـە کە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ لـە طەرەف حەلیمەی سەعدیەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئیعادەکرایەوە بۆ لای دایکی] تەماشای پێغەمەری ئەکرد ـ ﷺ ـ و بەخێوی ئەکـرد ، تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەورە بوو ئەو وەختە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئازادی کردو لـە زەیدی کوڕی حاریثەی مارەکرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە پێنج مانگ دوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالى عنها ـ .

غزوة الرجيع سنة أربع ، وبني لحيان

١٣٧٦/٥٧ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بعث النبي ـ ﷺ ـ عشرة عينا [جاسوسا] وأمَّر عليهم عاصم بن ثابت الأنصاري ، وهو جد عاصم بن عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنهم ـ فانطلقوا حتى إذا كانوا بالهدأة ، وهو بين عسفان ومكة ، ذُكِروا لِحَيٍّ من هذيل يقال لهم : بنو لِحْيان فنفروا لهم قريبا من مائتي رجل كلهم رام ، فاقتصّوا آثارهم حتى وجدوا مأكلهم تمرا تزودوه من المدينة ، فقالوا : هذا تمر يثرب ، فاقتصوا آثارهم ، فلما رآهم عاصم وأصحابه ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لجأوا إلى فَدْفَدٍ [ته پوّلكه] وأحاط بهم القوم ، فقالوا لهم : إنزلوا واعطونا بأيديكم ولكم العهد والميثاق ولا نقتل منكم أحدا . قال عاصم بن ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ ـ أميرُ السرية ـ : أما أنا فوالله لا أنزل في ذمة كافر، أللّهم أخبر عنا نبيك ! فرموهم بالنبل فقتلوا عاصما في سبعة ـ رضي الله تعالى عنهم ـ فنزل إليهم ثلاثة نفر بالعهد والميثاق ، منهم : خبيب الأنصاري ، وابن دثنة : زيد بن معاوية ، ورجل آخر [عبدالله بن طارق البلوي ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] فلما استمكنوا منهم أطلقوا أوتار قسيهم [فربطوهم بها] فأوثقوهم فقال الرجل الثالث : هذا أول الغدر ، والله لا أصحبكم إن في هؤلاء لأسوة ـ يريد القتلى ـ فجرروه وعالجوه على أن يصحبهم فأبى ، فقتلوه [بمرِّ الظهران] فانطلقوا بخبيب وابن دثنة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حتى باعوهما بمكة بعد وقعة بدر ؛ فابتاع خبيبا بنو الحرث بن عامر بن نوفل بن عبدمناف . [واشترى ابن دثنة صفوان بن أمية وقتله بأبيه] وكان خبيب ـ رضي الله تعالى عنه ـ هو قتل الحرث بن عامر يوم بدر [فأخروه عندهم حتى تنقضي الأشهر

الحرم] .

فلبث خبيب عندهم أسيرا [حتى أجمعوا قتله إستعار موسى من بعض بنات الحرث استحد بها . ح ـ ٦/٣٠٢] .

[قال ابن شهاب] : فأخبرني عبيدالله بن عياض أن بنت الحرث [زينب] أخبرته أنهم حين اجتمعوا [لقتله] إستعار منها موسى يستحد بها فأعارته ، فأخذ إبنا لي وأنا غافلة حين أتاه ، قالت فوجدته مُجْلِسه على فخذه والموسى بيده ففَزِعْت فَزْعة عرفها خبيب في وجهي . فقال : تخشين أن أقتله ؟ ما كنت لأفعل ذلك . والله ما رأيت أسيرا قط خيرا من خبيب ، والله لقد وجدته يوما يأكل من قِطْف عنب في يده وإنه لموثَق في الحديد وما بمكة من تمر . وكانت تقول : إنه لرزق من الله رزقه خبيبا ، فلما خرجوا من الحرم ليقتلوه في الحل قال لهم خبيب : ذروني أركع ركعتين ، فتركوه فركع ركعتين ، ثم قال : لولا أن تظنوا أن ما بي جزع لطوّلتها ، اللهم احصهم عددا [واقتلهم بددا ، ولا تبق منهم أحدا ثم أنشأ يقول : ح ـ ٦/ ٢٥٠]

ولست أبالي حين أقتل مسلما
على أي شق كان لله مصرعي
وذلك في ذات الاله، وإن يشأ
يبارك على أوصال شِلْو [جسد] ممزع [مقطع]

[وزاد موسى بن عقبة : فلم يحل الحول ومنهم أحد حي] فقتله [أبو سِرْوَعة عقبة] بن الحرث . فكان خبيب هو سنّ الركعتين لكل امرئ مسلم قتل صبرا . فاستجاب الله لعاصم بن ثابت يوم أصيب ، فأخبر النبي ـ ﷺ ـ أصحابه خبرهم وما أصيبوا ، وبعث ناس من كفار قريش إلى عاصم حين حُدِّثوا أنه قتل ليؤتَوا بشيءٍ منه يعرف ، وكان قد قتل

رجلا من عظمائهم يوم بدر [هو عقبة بن أبي معيط] فبُعث على عاصم مثل الظُّلَّة [أي السحابة المُظِلَّة] من الدَّبْر [ذكور النحل أو الزنابير] فحمته من رسولهم ، فلم يقدروا على أن يقطعوا من لحمه شيئا . ح - ٥/١٥٧ . ح - ٦/٢٤٩ ، ٣٠١ .

هذان البيتان[1] من قصيدة ذكرها ابن إسحاق أولها :

لقد جمع الأحزاب حولي وألّبوا
قبائلهم ، واستجمعوا كل مجمع
وقد قربوا أبناءهم ونساءهم
وقُرِّبت من جذع طويل ممنع
وكلهم يُبدي العداوة جاهدا
عليَّ لأني في وثاق بمضيع
إلى الله أشكو غربتي بعد كربتي
وما جمع الأحزاب لي عند مصرعي
فذا العرش صبرني على ما أصابني
فقد بضعوا لحمي ، وقد ضل مطمعي
وذلك في ذات الاله ، وإن يشأ
يبارك على أوصال شلو ممزع
وقد عرضوا بالكفر والموت دونه
وقد ذرفت عيناي من غير مدمع
ومابي حذار الموت إني لَميِّت

(١) مەبەستی دوو بەیتەکەیە کە لە پێشەوە نووسینی . دانەر ـ خ ـ مانای قەصیدەکەیشی نەکردوە .

ولكن حذاري حرٍّ نار تلفع
فلست بمبد للعدوّ تخشعا
ولا جزعا إني إلى الله مرجعي
فلست أبالي حين أقتل . . . إلخ

تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - دە کەسی بە جاسووسیی نارد ، عاصیمی کوڕی ثابیتی ئەنصاریی کرد بە رەئیسیان ، عاصیم باپیری عاصیمی کوڕی عومەری کوڕی خەطاب بوو - رضي الله تعالى عنهما - . ڕۆیین تا گەیینە هەدئە کە جێیێکە لـە بەینی عەسفان‌و مەکەدا ، خەبەر درا بە قەومێ لە هوذەیل کە بەنی لیحیانیان پێ ئەڵێن . نزیکی دووصەد پیاویان بۆ ناردن ، هەموویان تیرانداز بوون ، شوێنیان هەڵگرتن تا ئەو دەنکە خورمایەیان دۆزی‌یەوە کە لە مەدینەوە هەڵیان گرتبوو کردبوویان بە تێشوو . وتیان : ئەمە خورمای مەدینەیە . دیسان شوێنیان هەڵگرتن تا پێیـان گەیـین . کە عـاصیم‌و رەفیقەکـانی چاویان پێیان کەوت ئیلتیجایان بە تەپۆڵکەیێ کرد ، ئیحاطەیان دان ، دەورەی تەپۆڵکەکەیان لێ‌گرتن ، پێیان‌وتن : بێنەخوارێ دەستی خۆتانمان بدەنێ ، عەهدو پەیمان بێ کە هیچتان لێ نەکوژین . عاصیم - رضي الله تعالى عنه - کە ئەمیریان بوو ، فەرمووی : من لەسـەر عەهـدی کافـر ناچمەخوارێ‌و تەسلیمیان نابم . فەرمووی : خوایا خەبەرمان بدە بـە پێغەمەری خۆت - ﷺ - موشریکەکان تیرەبارانیان کردن عاصیم‌و شەش رەفیقیان شەهید کردن - رضي الله تعالى عنهم - بە عەهدو میثاق سیانیان چوونە خوارێ ، خوبەیبی ئەنصاریی‌و ئیبن‌و دەثینە کە زەیدی کـوڕی موعاویەیەو ، پیاوێکی تریان [کە عەبدوڵلای کوڕی طاریقی بەلەویی یە]

ـ رضي الله تعـالى عنهم ـ كه چـوونو تهسليم بـوون كافـرهكـان ژێی كهوانهكهيان ترازانو توند بهستيان ، پياوهكهی تر كه عهبدوڵلايه ـ رضي الله تعالى عنه ـ فهرمووی : ئهمه ئهووهڵ غهدره كه كردتان . وهڵلاهی لـهگهڵتـان نايێم منيش وهك ئـهو حهوت رهفيقمـه كه شـههيدكـران ، رايان كێشاو لهگهڵی خهريك بوون كه لهگهڵيانا بروا نهرۆيی . [دهستی له بهندهكهی دهركێشاو پهلاماری شيرهكهی خۆيی دا ، لێی دووركهوتنهوهو دهورهيان دا به بهرد شههيديان كرد [له مر الظهران)ا ابن سعد] .

خوبهيبو زهيديان برد له مهكه فرۆتيانن ، خوبهيبيان به ئهولادی حهرثی كوڕی عامير فرۆت ؛ چونكی خوبهيب ـ رضي الله تعالى عنه ـ له بهدرا حهرثی كوشتبوو [ئيبنو دهئينهيان كه زهيده بـه صهفـوانی كوڕی ئومهييه فرۆت ، له باتی باوكی كوشتی . صهفوان ـ رضي الله تعالى عنه ـ خوا هيدايهتی دا له فهتحا موسوڵمان بوو] خوبهيبيان ـ رضي الله تعالى عنه ـ دهزبـهجێ نهكـوشت [دوايان خست تـا (أشهر الحـرم) رابووریێ] بـه ئهسيريی لايان مايهوه ، كه عهزمی ئهوهيان كرد بيكوژن گوێزانێكی له زهينهبی كچی حهرث به ئهمانهت ويست كه خۆيی پێ پاك بكاتهوه .

زهينهب گوێزانهكهی دايێ . زهينهب ئهڵێ : من غافڵ بووم كـوڕێكم چووبوه لای خوبهيبو لهسهر باوشی خۆيی دانابوو ، كه چاوم پێكهوت كوڕهكهم له باوهشياو گوێزانی بهدهستهوه ئهوهنده ترسام كه خوبهيب له سيمـام فهرقی پێكـرد ، وتی : ئهتـرسی كه بيكـوژم ، من قهط ئـهوه ناكهم ، زهينهب ئهڵێ : وهڵلاهی ! قهط ئهسيری له خوبـهيب چاتـرم نهديوه ؛ وهڵلاهی ! رۆژێ چاوم پێيكهوت هێشووێ ترێی به دهستهوه بوو ئهيخوارد ، توند به زنجير شهتهك درابوو ، له مهكهدا خورما نهبوو [چه جای ترێ !] ئهيوت : ئهوه رزقێ بوو له طهرهف خواوه ـ عز وجل ـ

پێی عەطا کرابوو .

که له حەرەم بردیانه دەرێ که له ئەرزی حیللا شەهیدی بکەن فەرمووی : مۆڵەتم بدەن دوو رکات نوێژ بکەم . مۆڵەتیان دا دوو رکات نوێژی کرد ، که سەلامی دایەوە فەرمووی : ئەگەر ئەوە نەبوایە ئێوە وا ظەن ئەبەن که بۆیە طوول بە نوێژەکەم ئەدەم که ترسی ئـەوەم هەیـە بمکوژن طوولم پێ ئەدا . له دواییدا فەرمووی : خوایا یەکە یەکە هەڵیان ژمێرە بە (متفرق) ی بیانکوژە هیچیان مەهێڵەرەوە ، له دواییدا ئەم دوو بەیتەی خوێنەوە که مەعنای وایە :

لەو وەختەدا که به موسوڵمانیی ئەکوژرێم موبالات ناکەم بەوە که بەسەر هەر لایەکما بمخەنو بمکوژن ، ئەو کوژرانی منه صیرف بۆ ئەمەیە که ئیطاعەتی ذاتی خوام کـردوە . ئەگـەر خوا ـ عـز وجل ـ ئیـرادە بکا بەرەکەت ئەخاتە ئەعزای جەسەدێ که لەت‌لەت کراوە .

له پاشا (ئەبو سیروەعە) عەقەبەی کوڕی حەرثی بـرای زەینەب هەڵسا شەهیدی کرد .

عـاصیم ـ رضي الله تعالى عنـه ـ یەکێ لـه گەورەی قـورەیشی کـوشتبوو ، [بـە ئەمـری پێغەمـەر ـ ﷺ ـ که عـەقەبـەی کوڕی ئـەبو موعەیطە ، ئەوەیە که پێغەمەر ـ ﷺ ـ = لـە = سوجـدەدا بوو ، چـوو ورگ‌و ریخۆڵەو پیسـایی وشتری دا بـەسەر شـانیا ! حـەزرەتی (فاطمـة الزهراء) ـ رضي الله تعالى عنها ـ تەشریفی چوو لەسەری لادا] قورەیش ناردیان که ئەعزایێ له عاصیم ـ رضي الله تعالى عنه ـ ببڕنو بۆ ناونیشانی ئەمە که شەهید کراوە پێنیشانیان بدەن تا باوەڕ بکەن بەوە که شـەهید کراوە . خوا وەك پەڵە هەور زەردەواڵەی نارد دەورەی عاصیمیان دا ، رێی فروستادەکەیان نەدا که پارچەیێکی لێ ببڕن !

[مووسای کوڕی عەقەبە کە یەکێکە لە راوییان ئەوەی لە راویەکانی = تر = لە حەدیثەکە زیاد کردوە : ئەو بەنی حەرثە کە خوبەیبیان شەهیدکرد ساڵ تێوەرنەسووڕایەوە یەکێکیان نەما] .

ئەووەڵ کەسێ کە لە پێش قەتلا دوو رکات نوێژی کردوە بە سوننەت خوبەیب بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ چونکی لە زەمانی پێغەمەرا بوو کە بیستی ئینکاری نەکردو بە جوانی زانی .

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوای فەتحی خەیبەر هات (ساڵی ٦) ئەم حادیثەیە (ساڵی ٤) واقیع بوە ، کە وابێ مورسەلی صەحابی یە .

لە کەیفیەتی ئەم حادیثەدا هیچ موسوڵمانێ حازر نەبوە ، دە کەسەکەیش هەموو شەهیدکران هیچیان نەمایەوە کە بیگێڕێتەوە . یا پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە وەحی خەبەری داوە ، وەك لە حەدیثەکەدا ئەفەرموێ : خوا ـ عز وجل ـ دوعاکەی عاصیمی قەبووڵ کرد ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری دا بە ئەصحابی کە عاصیمو ئەصحابی چییان بەسەر هات ـ رضي الله تعالى عنهم ـ یا بەعزێ لەوانە کە حازر بوون موسوڵمان بوونو خەبەریان داوە وەك زەینەبو صەفوان .

(غزوة بئر معونة) حەدیثی دائیر بەو (إن شاء الله) لە روکووعو سوجوودا یێ ؛ چونکی مەبدەئی قونووتە (مع الرجيع سنة أربع) .

(غزوة عكل) حەدیثی لە (سیر)[1] رابورد .

خيبر بعد المريسيع سنة ست أحاديثها مرت ، ويأتي (إن شاء الله تعالى) غزوة مريسيع وبني المطلق سنة ست في شعبان ، وفيها حديث

(١) دانەر ـ خ ـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە نەنووسیوە .

الافك . أحاديثها مرت ويأتي ـ إن شاء الله تعالى ـ .

غـزوة ذات الرقـاع وهي غـزوة محـارب خصفـة وبني ثعلبـة من غطفان ، وهي بعد خيبر ؛ لأن أبا موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ جاء بعد خيبر سنة سبع ، وفيها صلاة الخوف .

١٣٧٧/٥٨ عن جابر بن عبـدالله ـ رضي الله تعالى عنهـما ـ أن النبي ـ ﷺ ـ صلى بأصحابه في الخوف في غزوة السابعة ، غزوة ذات الرقاع . ح ـ ٦/ ٣٢٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە غەزای حەوتەما کە غەزای (ذات الرقـاع) ە صەلاتی خەوفی بە ئەصحابی کرد .

١٣٧٨/٥٩ جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : صلى النبي ـ ﷺ ـ بهم يوم محارب وثعلبة [وهي ذات الرقاع] . ح ـ ٦/ ٣٢٠ .

١٣٧٩/٦٠ جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ (قال) : خرج النبي ـ ﷺ ـ إلى ذات الرقاع من نخل [موضع من أراضي غطفـان] فلقي جمعا من غطفان ، فلم يكن قتال ، وأخاف الناس بعضهم بعضا . فصلى النبي ـ ﷺ ـ ركعتي الخوف . ح ـ ٦/ ٣٢٠ .

عن سلمة[1] بن الأكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : غزوت مع النبي ـ ﷺ ـ يوم القرد . [قبل خيبر بثلاث . ربيع الأول سنة ٦][2] .

(١) دانەر ـ خ ـ لەسەر ئەمەی نووسیوە : (يكتب بعد خيبر) نەمزانی مەبەستی چیە ، تەماشای (ارشاد الساری) م کرد ، ریوایەتی جیاجیای تیایە ؛ هەندێك ئەفەرموون : دوای خەیبەر ، هەندێکیش پێش خەیبەر .

(٢) دانەر ـ خ ـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە نەنووسیوە .

ح ـ ٦/٣٢٠ .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە رۆژی (محارب)و (خصفة)و (ذات الرقاع) ـ کە یەکێکن ـ نوێژی خەوفی بە ئەصحابی کرد . جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوو بۆ (ذات الرقاع) کە جێیێکە لە نەخل کە ئەرازیی غەطفانە ، تووشی جەماعەتێ لە غەطفان بوو ، شەڕ نەکرا بەعزێ لە خەڵق بەعزێکی ترسان ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ نوێژی خەوفی پێکردن .

٦١/١٣٨٠ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : خرجنا مع النبي ـ ﷺ ـ في غـزاة ونحن في ستة نفـر ، بيننا بعـير نعتقبه ، فَنَقَبت أقدامنا ونَقَب قدماي وسقطت أظفاري ، فكنا نَلُفُّ على أرجلنا الخِرَق ، فسمِّيت غزوة ذات الرقاع لما كنا نَعْصِب من الخرق على أرجلنا !

وحدث أبو موسى بهذا الحديث ، ثم كرِه ذلك ، قال : ما كنت أصنـع بـأن أذكـره ! كـأنــه كـره أن يكــون شيٌ من عمله أفشـاه .

ح ـ ٦/٣٢١ . م ـ ٧/٤٧٦ . وفي مسلم زيادة : والله يجزي به .

تەرجەمە :

ئەبو مووسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ چووینە غەزایێ ، ئێمە شەش کەس بووین ، تەنها وشترێکمان بوو بە نۆبە سواری ئەبووین ، پێمان کون‌کون بوو . منیش پێم کون‌کون بوو نینۆکم هەڵوەری ، پەڕۆمان لە پێوە ئەپێچا ، بۆیە ئەو غەزایە ناونرا (ذات الرقاع) .

ئەبومووسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەم حەدیثەی ریوایەت‌کرد ، لە پاشا کەرهانی ، فەرمووی : من چیمە لەمە کە ذیکری ئەو حاڵەتە بکەم !

(كأنه) ئەیکەرهان کە شتێك لە عەمەلی خەیری فاش بکا . [چونکی کەتمانی عەمەل لە ئیفشای ئەوابی زیاترە] .

غزوة ذات قَرَد ـ قبل خيبر بثلاث ـ وحديبية ، وخيبر

١٣٨١/٦٢ سلمة بن الأكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ [يقول : خرجت قبل أن يؤذن بالأولى ، وكانت لقاح رسول الله ـ ﷺ ـ ترعى بذي قرد ، م] قال : خرجت من المدينة ذاهبا نحو الغابة ، حتى إذا كنت بثنية الغابة لقيني غلام لعبدالرحمن بن عوف ، قلت : ويحك ! مابك ؟ قال : أُخِذت لقاح رسول الله ـ ﷺ ـ قلت : من أخذها ؟ قال : غطفان ، وفزارة . فصرخت ثلاث صَرخات : يا صباحاه ! يا صباحاه ! قال : فأسمعت مابين لابتي المدينة . ثم اندفعت حتى ألقاهم ، وقد أخذوها . فجعلت أرميهم وأقول : أنا ابن الأكوع ، واليوم يوم الرضع . [الذين رضعوا اللؤم من ثدي أمهم] فاستنقذتها منهم قبل أن يشربوا . فأقبلت بها أسوقها . فلقيني رسول الله ـ ﷺ ـ فقلت : يا رسول الله إن القوم عطاش ، وإني أعجلتهم أن يشربوا سِقْيَهم فابعث في أثرهم . فقال : يا ابن الأكوع ملكت فأسْجِح [فأرفقْ وأحسِنْ] إن القوم يُقْرَوْن في قومهم .
ح ـ ١٥٥/٦ . م ـ ٤٥٢/٧ ن . ح ـ ٣٤٥/٦ .

١٣٨٢/٦٣ سلمة [بن الأكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : قدمنا الحديبية مع رسول الله ـ ﷺ ـ ونحن أربع عشرة مائة ، وعليها خمسون شاة لاترويها . قال : فقعد رسول الله ـ ﷺ ـ على جبا الركية [حول البئر] فإما دعا ، وإما بَسَق ، قال : فجاشتْ فسقينا واستقينا . قال : ثم إن رسول الله ـ ﷺ ـ دعانا للبيعة في أصل الشجرة ، قال : فبايعتهُ أول الناس ، ثم بايع وبايع حتى إذا كان في وسط من الناس قال : بايع يا سلمة ، قال : قلت : قد بايعتك يا رسول الله في أول الناس ، قال : وأيضا . ورآني رسول الله ـ ﷺ ـ عَزِلا [أو بضمها] يعني ليس معه

سلاح . قال : فأعطاني رسول الله ـ ﷺ ـ جحفة أو درقة ، ثم بايع حتى إذا كان في آخر الناس قال : ألا تبايعني يا سلَمة ؟ قال : قلت : قد بايعتك يا رسول الله في أول الناس ، وفي وسط الناس ، قال : وأيضا . قال : فبايعته الثالثة . ثم قال : يا سلَمة أين جحفتك ، أو درقتك التي أعطيتك ؟ قال : قلت : يا رسول الله لقيني عمى عامر عَزِلا فأعطيته إياها . قال : فضحك رسول الله ـ ﷺ ـ وقال : إنك كالذي قال الأول : اللهم أبغني حبيبا هو أحبُّ إليَّ من نفسي .

ثم إن المشركين راسلونا الصلح حتى مشى بعضنا في بعض ، واصطلحنا ، قال : فكنت تبيعا لطلحة بن عبيد الله : أسقي فرسه ، وأحسه ، وأخدمه ، وآكل من طعامه . وتركت أهلي ومالي مهاجرا إلى الله ورسوله ـ ﷺ ـ . قال : فلما اصطلحنا نحن وأهل مكة واختلط بعضنا ببعض أتيت شجرة فكسحت شوكها فاضطجعت في أصلها . قال : فأتاني أربعة من المشركين من أهل مكة ، فجعلوا يقعون في رسول الله ـ ﷺ ـ فابغضتهم ، فتحولت إلى شجرة أخرى ، وعلقوا سلاحهم واضطجعوا فبينما هم كذلك إذ نادى منادٍ من أسفل الوادي للمهاجرين قتل ابن زُنَيم . قال : فاخترطت سيفي ثم شددت على اولائك الأربعة ، وهم رُقود ! فأخذت سلاحهم ، فجعلته ضغثا في يدي . قال : ثم قلت : والذي كرَّم وجه محمد ـ ﷺ ـ لايرفع أحد منكم رأسه إلا ضربت الذي فيه عيناه ! قال : ثم جئت بهم أسوقهم إلى رسول الله ـ ﷺ ـ قال : وجاء عمي عامر برجلٍ من العَبَلات يقال له : مكرز ، يقوده إلى رسول الله ـ ﷺ ـ على فرس مجفَّف [جل ليّكراو] في سبعين من المشركين ، فنظر إليهم رسول الله ـ ﷺ ـ فقال لهم : دعوهم يكن لهم بدء الفجور وثِناه

[أي : أوله وآخره] فعفا عنهم رسول الله ـ ﷺ ـ وأنزل الله : ﴿وهو الذي كف أيديهم عنكم وأيديكم عنهم ببطن مكة من بعد أن أظفركم عليهم . . .[1] الآية كلها﴾ .

قال : ثم خرجنا راجعين إلى المدينة فنزلنا منزلا بيننا وبين بني لحيان جبل ، وهم المشركون ، فاستغفر رسول الله ـ ﷺ ـ لمن رقيَ هذا الجبل الليلة كأنه طليعة للنبي ـ ﷺ ـ وأصحابه . قال سلَمة : فرقيت تلك الليلة مرتين أو ثلاثا ، ثم قدمنا المدينة فبعث رسول الله ـ ﷺ ـ بظهره مع رباح غلام رسول الله ـ ﷺ ـ وأنا معه ، وخرجت معه بفرس طلحة أُنَدِّيه [ابديه . نسخة] مع الظهر [ئەمبرد بۆ دەشت بیلەوەرێنم و ئاوی بدەم] فلما أصبحنا إذا عبدالرحمن الفزاري قد أغار على ظهر رسول الله ـ ﷺ ـ فاستاقه أجمع وقتل راعيه ، قال : فقلت : يا رباح خذ هذا الفرس فأبلغه طلحة بن عبيد الله وأخبر رسول الله ـ ﷺ ـ أن المشركين قد أغاروا على سرحه .

قال : ثم قمت على أكمة فاستقبلت المدينة فناديت ثلاثا : يا صباحاه ! ثم خرجت في آثار القوم أرميهم بالنبل وأرتجزُ أقول :

أنا ابن الأكوع ، واليوم يوم الرضع .

فألحق رجلا منهم فأصك سهما في رحله حتى خلص نصل السهم إلى كتفه ، قال : قلت : خذها وأنا ابن الأكوع واليوم يوم الرضع ! قال : فوالله ما زلت أرميهم وأعقر بهم ، فإذا رجع إلي فارس أتيت شجرة فجلست في أصلها ثم رميته فعقرت به ، حتى إذا تضايق الجبل

---

(١) الفتح / ٢٤ .

فدخلوا في تضايقه علوت الجبل ، فجعلت أُردِّيهم بالحجارة ، قال : فما زلت كذلك أتبعهم حتى ما خلق الله من بعير من ظهر رسول الله ـ ﷺ ـ إلا خلفته وراء ظهري وخلّوا بيني وبينه ، ثم أتبعتهم أرميهم حتى ألقوا أكثر من ثلاثين بردة وثلاثين رمحا يستخفون . ولا يطرحون شيئا إلا جعلت عليه آراما من الحجارة [علامات ، واحدتها اِرَم] يعرفها رسول الله ـ ﷺ ـ وأصحابه . حتى أتوا متضايقا من ثنية فإذا هم قد أتاهم فلان بن بدر الفزاري ، فجلسوا يتضحون يعني يتغذّوْن وجلست على رأس قَرْن [جبل صغير منفرد] قال الفزاري : ما هذا الذي أرى ؟ قالوا لقينا من هذا البَرْح [شدة] والله ما فارقنا منذ غلس يرمينا حتى إنتزع كل شيْ في أيدينا ! قال : فليقم إليه نفر منكم أربعة . قال : فصعد إليّ منهم أربعة في الجبل ، قال : فلما أمكنوني من الكلام قال : قلت : هل تعرفونني ؟ قالوا : لا ، ومن أنت ؟ قال : أنا سلمة بن الأكوع . والذي كرَّم وجه محمد ـ ﷺ ـ لا أطلب رجلا منكم إلا أدركته ، ولا يطلبني رجل منكم فيدركني . قال أحدهم : أنا أظن .

قال : فرجعوا ، فما بَرِحت مكاني حتى رأيت فوارس رسول الله ـ ﷺ ـ يتخللون الشجر . قال : فإذا أولهم الأخرم الأسدي وعلى إثره أبو قتادة الأنصاري ، وعلى إثره المقداد بن الأسود الكندي . قال : فأخذت بعنان الأخرم ، قال : فولوا مدبرين . قلت : يا أخرم إحذرهم لايقتطعوك حتى يلحق رسول الله ـ ﷺ ـ وأصحابه . قال : يا سلمة إن كنت تؤمن بالله واليوم الآخر وتعلم أن الجنة حق والنار حق فلا تَحُلْ بيني وبين الشهادة ! قال : فخليته فالتقى هو وعبدالرحمن قال : فعقر بعبدالرحمن فرسه وطعنه عبدالرحمن فقتله وتحول على فرسه . ولحق أبو

قتادة فارس رسول الله بعبدالرحمن فطعنه فقتله . فوالذي كرَّم وجه محمد ـ ﷺ ـ لتبعتهم أعدو على رجلي حتى ما أرى من ورائي من أصحاب محمد ـ ﷺ ـ ولا غبارهم شيئا ، حتى يعدلوا قبل غروب الشمس إلى شعب فيه ماء يقال له : ذا قَرْد ليشربوا منه وهم عطاش ، قال : فنظروا إلي أعدو وراءهم فخليتهم عنه [أي طردتهم عنه] يعني أجليتهم عنه . فما ذاقوا منه قطرة . قال : ويخرجون فيشتدون في ثنية ، قال : فأعدو فألحق رجلا منهم فأصكه بسهم في نغض كتفه . قال : قلت : خذها وأنا ابن الأكوع ، واليوم يوم الرضع ! قال : يا ثَكَلْته أمه أكوعه بُكْرَة ؟ قال : قلت نعم يا عدو نفسه أكوعك بكرة . [دايكت رۆڵەڕۆت بۆ بكا تۆ ئەو ئەكوەعەى كە بەيانى شوێنمان كەوتى ؟ وتم : بەڵێ .]

قال : وأَرْدوا [معجمة خلفوا ، ومهملة أهلكوا] فرسين على ثنية ، قال : فجئت بهما أسوقهما إلى رسول الله ـ ﷺ ـ . قال : ولحقني عامر بسطيحة فيها مَذْقة من لبن ، وسطيحة فيها ماء ، فتوضأت وشربت ، ثم أتيت رسول الله ـ ﷺ ـ وهو على الماء الذي حَلأتهم عنه ، فإذا رسول الله ـ ﷺ ـ قد أخذ تلك الابل وكلَّ شيْ استنقذته من المشركين ، وكل رمح وبردة ، وإذا بلال نحر ناقة من الابل الذي إستنقذته من القوم ، وإذا هو يشوي لرسول الله ـ ﷺ ـ من كبدها وسنامها .

قال : قلت : يا رسول الله خلني فأنتخب من القوم مائة رجل فأتبع القوم فلا يبقى منهم مخبر إلاّ قتلته ! قال : فضحك رسول الله ـ ﷺ ـ حتى بدت نواجذه في ضوء النار ، فقال : يا سلمة أتراك كنت فاعلا ؟ قلت : نعم والذي أكرمك ! فقال : إنهم الآن ليَقْرَوْن في أرض غطفان . قال : فجاء رجل من غطفان ، فقال : نحر لهم فلان جزورا فلما كشفوا جلدها

رأوا غبارا . فقالوا : أتاكم القوم فخرجوا هاربين . فلما أصبحنا قال رسول الله - ﷺ - : كان خير فرساننا اليوم أبو قتادة ، وخير رجالتنا سلمة .

قال : ثم أعطاني رسول الله - ﷺ - سهمين : سهم الفارس ، وسهم الراجل . فجمعهما لي جميعا ، ثم أردفني رسول الله - ﷺ - وراءه على العضباء راجعين إلى المدينة . قال : فبينما نحن نسير قال : وكان رجل من الأنصار لايُسبَق شدّا ، قال : فجعل يقول : ألا مسابق إلى المدينة ؟ هل من مسابق ؟ فجعل يعيد ذلك . . . قال : فلما سمعت كلامه قلت : أما تُكرِم كريماً ولاتهاب شريفا ؟ قال : لا إلاّ أن يكون رسول الله - ﷺ - قال : قلت : يا رسول الله بأبي أنت وأمي ! ذرني فلأسابق الرجل . قال : إن شئت . قال : قلت : اذهب إليك ، وثنيت رجلي فطفرت وعدوت ، قال : فربطت عليه [حبست نفسي] شرفا أو شرفين أستبقي نَفَسي [لئلا يقطعني] ثم عدوت في أثره فربطت عليه شرفا أو شرفين ، ثم إني رفعت حتى ألحقه ، قال : فأصكه بين كتفيه . قال : قلت : قد سبقت والله . قال : أنا أظن . قال : فسبقته إلى المدينة .

قال : فوالله ما لبثنا إلا ثلاث ليال حتى خرجنا إلى خيبر مع رسول الله - ﷺ - ، قال : فجعل عمي عامر يرتجز بالقوم :

تالله لولا الله ما اهتدينا
ولا تصدقنا ، ولا صلينا
ونحن عن فضلك ما استغنينا
فثبت الأقدام إن لاقينا
وأنزلن سكينة علينا

فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : من هذا ؟ قال : أنا عامر . قال : غفر الله لك ربك . قال : وما استغفر رسول الله ـ ﷺ ـ لانسان يخصه إلا استشهد . قال : فنادى عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهو على جمل له : يا نبي الله لولا متعتنا بعامر ! قال : فلما قدمنا خيبر قال : خرج ملكهم مرحب يخطِر بسيفه [يرفعه تارة ويضعه أخرى] ويقول :

قد علمت خيبر أني مرحب
شاكي السلاح ، بطل مجرب
إذا الحروب أقبلت تلهب

قال : وبرز له عمي عامر فقال :

قد علمتْ خيبر أني عامر
شاكي السلاح ، بطل مغامر

قال : فاختلفا ضربتين ، فوقع سيف مرحب في ترس عمي عامر ، وذهب عامر يسْفُلُ له فرجع سيفه على نفسه فقطع أكحله ، فكانت فيها نفسه .

قال سلمة : فخرجت فإذا نفر من أصحاب النبي ـ ﷺ ـ يقولون : بطل عَمَلُ عامر : قتل نَفْسَه ! قال : فأتيت النبي ـ ﷺ ـ وأنا أبكي . فقلت : يا رسول الله ـ ﷺ ـ بطل عمل عامر ، قال رسول الله ـ ﷺ ـ : من قال ذلك ؟ قال : قلت : ناس من أصحابك . قال : كذب من قال ذلك . بل له أجره مرّتين . ثم أرسلني إلى علي وهو أرمدُ ، فقال : لَأعطين الراية رجلا يحب الله تعالى ورسوله ـ ﷺ ـ أو يحبه الله ورسوله . فأتيتُ عليا فجئت به أقوده وهو أرمدُ حتى أتيت به رسول الله ـ ﷺ ـ فبسق في عينيه فبرأ ، وأعطاه الراية . وخرج مرحب فقال :

قد علمت خيبر أني مرحب
شاكي السلاح ، بطل مجرَّب
إذا الحروب أقبلت تلهَّب

فقال علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ :

أنا الذي سمَّتني أُمِّي حيدره
كليث غابات كريه المنظره
أوفيهم بالصاع كيل السندره

[مكيال واسع . أي أقتل الاعداء قتلا واسعا]

قال : فضرب رأس مرحب فقتله ، فكان الفتح على يديه ـ رضي الله تعالى عنه ـ م ـ ٧/٤٥٢ إلى ٤٦٢ .

تەرجەمە :

ئەم حەدیثە سێ غەزای تیایە ، بەعزێ لـە صوڵحی حـودەیبییەو (بیعة الرضوان) ، غەزوەی (ذات القرد) ، غەزوەی فەتحی خەیبەر ، سێ موعجیزەیشی تیایە .

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ چـووینە حـودەیبییە ، چـوارده صەد بـووین [یەعنی هەزارو چوارصەد بووین] پەنجا مەڕ لەسەر ئەو بیری حودەیبییە بوو تێرئاوی نەئەکردن ، ئەوەندە ئاوەکەی کەم بوو . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی لەسەر لێـواری بیرەکـە دانیشت ، یا دوعـای کرد ، یـا تفی موبارەکی خوێی تێکرد ، ئاوی بیرەکە جۆشی و ئـاومان لێ خـواردەوەو حەیوانمان لێ ئاودا . [ئەمە موعجیزەیێکە] .

لە پاشا پێغەمەر ـ ﷺ ـ بانگی کردین بۆ بەیعەت لـە بن درەختی

ریضوانا ، لەگەڵ ئەووەڵی خەڵقا بەیعەتم لە خزمەتیا کرد ، لە پاشا بەیعەتی کردو کردی تا نیوەی خەڵق تەواو بوو . لە پاشا فەرمووی : یاسەلەمە بەیعەت ناکەی ؟ عەرزم کرد : (یا رسول الله) لەگەڵ ئەووەڵی خەڵقا بەیعەتم لە خزمەتتا کرد . فەرمووی : دیسان . پێغەمەر ـ ﷺ ـ منی بێ سیلاح دی ، قەڵغانێکی دامێ ، لە پاشا موبایەعەی لەگەڵ خەڵقا کرد تا نیهایەتی خەڵق هات ، فەرمووی : یا سەلەمە موبایەعە ناکەی ؟ عەرزم کرد : لە ئەووەڵاو لە ناوەڕاستی خەڵقا موبایەعەم لە خزمەتتا کردی . فەرمووی : دیسان . دەفعەی سێیەمیش موبایەعەم لە خزمەتیا کرد . لە پاشا پێی فەرمووم : یا سەلەمە قەڵغانەکەت کوانێ ؟ عەرزم کرد : (یا رسول الله) عامیری مامم پێگەیی قەڵغانی نەبوو دام بەو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێکەنی و فەرمووی : تۆ لەو پێشینە ئەچیت کە وتی : یارەببی دۆستێکم بدەرێ لە خۆم لە لام خۆشەویستر بێ !

لە پاشا موشریك ناردیانە لامان بۆ صوڵح ، خەڵق تێکەڵی یێك بوون ، صوڵحیان لە لا ناخۆش بوو ، صوڵحمان کرد . من لەو جێدەدا[1] تابیعی طەلحەی کوڕی عوبەیدیللا بووم ، ئاوم ئەدا بە ئەسپەکەیی و ڕنەکم ئەکردو خزمەتم ئەکردو ، لە طەعامی ئەوم ئەخوارد . تەرکی ئەهل و ماڵ و منالم کردبوو هیجرەتم بۆ لای خواو (رسول الله) کردبوو ـ ﷺ ـ کە ئێمەو ئەهلی مەکە صوڵحمان کرد ئێمەیش چونکی صوڵحمان لەلا خۆش نەبوو تێکەڵ و پێکەڵ بووین ، چووم بە لای دارێکەوە دڕك و مرکەکەم لێ کردەوەو ژێریم ماڵی و لە بنیا ڕاکشام . چوار کەس لە

---

(١) مەبەستی جێگەیە ، بەڵام کە (د)ی یەکەم سووك بکرێ و بە شێوەی ئەوسای سلێمانی بخوێنرێتەوە ، وەك خۆی لە سەرەتای بەرگی یەکەمدا نووسیویە .

موشريكی مەكە هاتن دەستيان كرد بە ناماقووڵی دەرحەق پێغەمەر ـ ﷺ ـ حەزم لێ نەكردن ، چوومە بن درەختێكی ترەوە ، ئەوانيش سيلاحەكانيان بە درەختەكەدا هەڵاوەسی و لێی راكشان . لەو وەختەدا كە ئەوان لێی راكشابوون بانگكەرێ لە خوار وادی‌يەكەوە بانگی كرد : ئەی موهاجيرين (إبن زنيم) شەهيد كرا . منيش شيرم لە كالان دەركێشاو چوومە سەر ئەو چوار كەسە ، خەويان لێ كەوتبوو ، سيلاحەكانيانم هەڵگرت و لە دەستما كۆمەڵم كرد ، لە پاشا پێم‌وتن : قەسەم بەوەی كە ذاتی محەمەدی ـ ﷺ ـ گەورەو موكەرەم كردوە ! هەركامێكتان سەر بەرز بكەنەوە لەوەی ئەدەم كە دووچاوی ئەوی تيايە [يەعنی لەسەری ئەدەم] لە پاشا پێش خۆمم دان و بردمنە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عاميری ماميشم پياوێكی موكرەز ناوی لە عەشيرەتی عەبەلاتی سواری ئەسپێكی جل‌لێكراوی لەگەڵ حەفتا موشريكا بردە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەماشای كردن و فەرمووی : بەريان‌دەن وازيان لێ بێنن با ئەووەڵ و ئاخری خراپە لە طەرەف ئەوانەوە بێ . [يەعنی با ئەوان صولحەكە هەڵوەشێنن] . پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەفوی فەرموون . خوا ـ عز وجل ـ ئەو ئايەتەی نازڵ فەرموو كە مەئالی شەريفی وايە :

خوا ئەو خوايە كە لە دوای ئەوە ئێوەی ظەفەرياب كرد لە مەكەدا بەسەريانا دەستی ئەوانی لە ئێوە بەست نەيانتوانی زەرەرتان پێ بگەيێنن ، دەستی ئێوەيشی لەوان بەست كە عەفووتان كردن .

سەلەمە فەرمووی : لە پاشا لە مەكە چووينە دەرێ گەراينەوە بۆ مەدينە لە مەنزڵێكا دابەزين لە بەينی ئێمەو بەنی لەحيانا شاخێ بوو ، بەنو لەحيان موشريك بوون ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ (إستغفار)ی كرد بۆ ئەو كەسەی ئيمشەو سەر ئەم شاخە بكەوێ وەك جاسووسي بكا . من دوو

دەفعە یا سێ دەفعە سەرکەوتم ، لە پاشا گەیینەوە مـەدینە . پێغـەمەر - ﷺ ـ حەیوانی سواریی و وشترەکانی لەگەڵ رەباحا ـ کە غولامی پێغەمەر بوو ـ ﷺ ـ ناردە لەوەڕ ، منیش لەگەڵ رەباحا ئەسپەکەی طەلحەم برد[1] لـەگەڵ حـەیوانـەکانی پێغـەمەرا ـ ﷺ ـ بـردە دەشتێ کە ئـاوی بدەم و بی لەوەڕێنم ، کە سبەینێمان لێ بووەوە عەبـدورەحمانی فـەزاریی دابووی بەسەری حەیوان و وشترەکانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ و شـوانەکـەی شەهیـد کردبوو و گەلەکەی بردبوو . ئەسپەکەی طەلحەم دا بە رەباح و پێم وت : ئـەم ئەسپـە بگەیێنـەرەوە طەلحـەو خەبـەر بە بـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ کە موشریکان دایان بەسەر گەلەکەیاو بردیان .

لە پاشا خۆم هەڵسام چوومە سەر گردێ و رووم کردە مەدینە ، سێ دەفعە بانگم کرد : ئەی بۆ ئەم سبەینێیە ! [یەعنی بێن بە هاوارمەوە] لە پاشا خـۆم شوێنیـان کەوتم و تیـرم تێ ئەگـرتن و ئـەمـوت : من (إبن الأكوع) م و ئیمرۆ رۆژی ئەوانەیە کە بە منالیی لە مەمکی دایکیان شیری رەزالەتیان مژیوە ! ئەگەییم بە پیاوێکیان و لە بارەکەییم ئەداو پەیکـانی تیرەکە لە شانیەوە ئەهاتەدەرێ . وتم : بیگرە من (إبن الأكوع)م ، ئیمرۆ رۆژی ئەوانەیە کە شیری نامەردییان مژیوە ! فەرمووی : وەڵلاهی لێیان نەکەوتمـەوە هەر تیـرم تێئەگـرتن و لێم ئەکـوشتن . ئەگـەر یەکێکیـان بگەڕایەوە بۆم لە بن دارێ بۆی دائەنیشتم و تیرم تێئەگرت و ئەمکوشت . تا بەینی شاخەکە تەنگ بۆوە ، چوونە ناو تەنگەبەریی شاخەکەوە منیش چوومە سەر شاخەکە بەردم بەسەرا تلۆر ئەکردنەوە ، هەر بەم نـەوعە شوێنیان کەوتم تا هەر وشترێکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە خوا خەلقی کردبوو

(١) ئەم (برد) ە لێرەدا نەبێ باشترە .

پێم بەجێ هێشتن و خستمنە دوای خۆمەوە بۆیان بەجێ هێشتم هەر شوێنیان کەوتم و تیرم تێ ئەگرتن ، تا زیاتر لە سی عەباو رمیان فڕێ دا ، بەوە باری خۆیان سووك ئەکرد ، هەر شتێکیان فڕێ ئەدا بە بەرد نیشانەیێکم لەسەر دائەنا تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەصحابی بیناسن .

تا هاتنە دەربەندێکی تەنگەوە ، فلانی کوڕی بەدری فەزارییان هاتەلا ، دانیشتن و دەستیان کرد بە نان خواردن ، منیش لەسەر شاخێکی جوێ لە شاخەکانی تر دانیشتم ، فەزاری یەکە لێی پرسین : ئەو پیاوە کێیە کە ئەیبینم ؟ پێیان وت : لە تاریکی شەوەوە لەمەوە تووشی ئەذیەت و مەشەقەت بووین . وەڵلاهی لە شەوێوە هەر بەردو تیرمان تێ ئەگرێ ، تا هەرچییێکمان پێ بوو لێی سەندین . پێی وتن : چوار کەستان بچێتە لای ، فەرمووی : چوار لەوان سەرکەوتن بۆ لام ، کە وابوو قسەیان لەگەڵ بکەم پێم وتن : ئەمناسن ؟ وتیان : خەیر تۆ کێی ؟ وتم : من سەلەمەی کوڕی ئەکوەعم ، قەسەم بەوەی کە ذاتی پێغەمەری ـ ﷺ ـ عەزیزو موکەڕەم کردوە ! شوێن هەرکەسێکتان بکەوم ئەیگەمێ ، هەرکەسێ لە ئێوە شوێن من بکەوێ نامگاتێ . یەکێکیان وتی : منیش وا ظەن ئەبەم . ئەو چوارە گەڕانەوە لایان ، لە جێی خۆم نەجوولام تا سوارەی پێغەمەرم ـ ﷺ ـ بەچاوکرد ئەچوونە بەینی درەختەکانەوە ، لە پێشا ئەخرەمی ئەسەدیی هات ، لە دوای ئەو ئەبوقەتادەی ئەنصاریی هات ، لە دوای ئەو میقدادی کوڕی ئەسوەدی کیندیی هات . ئەوان پشتیان هەڵکردو ڕۆیین ، دەستەجڵەوی ئەخرەمم گرت وتم : خۆت بپارێزە مەبادا بڕت بدەن ، صەبر بکە تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەصحابی تەشریفیان یێ . ئەخرەم وتی : ئەی (إبن الأكوع) ئەگەر ئیمانت بە خواو ئاخیرەت و بەوە جەننەت حەقەو جەهەننەم حەقە = هەیە = مەکەوەرە

بەینی منو شەهیدبوون ، بەرەڵلام کرد لەگەڵ عەبدوڕەحمانی فـەزارییا گەیین بە یەك ؛ ئەخرەم ئەسپەکەی عەبدوڕەحمانی کوشت ، ئەویش دای لە ئەخرەم شەهیدی کردو سواری ئەسپەکەی ئەو بوو . ئەبوقـەتادەی سوارچاکیی پێغەمەر - ﷺ - گەیی بە عەبدوڕەحمانو لێیداو کوشتی .

قەسەم بەوەی کە پێغەمەری - ﷺ - گـەورەو موکـەڕەم کردوە ! شوێنیان کەوتمو بە پێیان هەڕام ئەکرد تا لە پشت خۆمەوە نە ئەصحابی پێغەمەرم - ﷺ - و نە تۆزیانم ئەدی لە پشت خۆمـەوە[1] . تا لـە پێش ڕۆژئاوابوونا لایان دا بۆ ناو شاخێ ئاوێکی تیا بو ، ناوی (ذو قەرد) بوو ، تا لە ئاوەکەی بخۆنەوە ، تینوویان بوو ، تەماشایان کرد کە بەشوێنیانەوەم هەڕا ئەکەم لە ئاوەکەم دوورخستنەوە ، قەترەیێکیان لێ تـام نەکـرد ، لەوێ چوونەدەرێو هەڕایان ئەکرد ، لە بەینی دوو شاخـا ئەگـەییم بە یەکێکیانو تیرێکم دا لە نـاوشانی وتم : وەری‌گـرە من (إبن الأكوع)م ئیمرۆ ڕۆژی ئەو کەسەیە کە لە مەمکی دایکی شیری نامەردیی مژیوە ! وتی : ئەی دایکت ڕۆڕۆت بۆ بکا ! تۆ ئەو ئەکوەعەی کە لە بەیانییەوە بـەشـوێنمـانـەوەی ؟ وتم : بــەڵێ ئـەی دوشمنی نــەفسی خـۆی من ئەکوەعەکەم لە سبەینێوە بە شوێنتانەوەم .

دوو ئەسپیان لە کەلێکـا بەجێ هێشت لێمخـورین بۆ خـذمەت پێغەمەر - ﷺ - عامیری مامم پێگەیی مەتارەیێکی پێ بوو کەمێ شیری تیـابـوو ، مـەتـارەیێکیشی پێ بـوو ئـاوی تیـا بـوو دەزنـــوێشم شتو خواردمەوە ، لە پاشا چوومە خذمەت پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی لەسەر ئەو ئاوە بـوو کە لێم دوورخستبـوونەوە نـەمهێشت لێی بخۆنـەوە . کە

(١) ئەم (لەپشت خۆمەوە) یا ئەوەی پێشوویان زیادە .

تێفکریم پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو وشترانەو ئەو شتانە کە لە موشریکەکانم سەندبوو هەمووی لە خذمەتیا هێنابوو ، بیلالیش وشترێکی لەو وشترانە کە لە موشریکەکانم سەندبووەوە سەربریبوو لە جگەرو کۆپارەکەی پشتی بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ی ئەبرژان . عەرزم کرد : (یا رسول الله) بێڵە کە لە ئەصحاب صەد کەس هەڵبژێرم شوێنیان کەوم ، هیچیـان نەیێڵم کـە خەبەر بۆ عەشیرەتەکەیان بەرێتەوە هەموویان بکوژم ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ تا خـرێی موبـارەکی لەبـەر شوعلەی ئـاگرەکـەدا دەرکـەوت پێکـەنی . فەرمووی : یا سەلەمە وا تێئەگەی کە ئەوە ئەکەی ؟ عەرزم = کرد = : بەڵێ قەسەم بەوەی ئیکرامی تۆی گرتوە . فەرمووی : ئێستە ئەوان لە ئەرزی غەطفانا ضیافەتیان بۆ کراوەو ئەیخۆن ، پیاوێ لە غەطفان هات ، وتی : فلاّن وشترێکی بۆ سەربرین ، کە پێستیان گوروو چاویان بە تۆز کەوت وتیان : خەڵقەکەتان بۆ هات لەوێ چوونەدەرێو هەرایان کرد .

[ئەم خەبەردانی پێغەمەرەیش ـ ﷺ ـ بەمـە کە ئـەوانە گـەییونـە ئەرزی غەطفانو ضیافەتیان بۆ کراوە موعجیزەیە]

سـەلەمـە ئەفـەرموێ : کـە رۆژمان لێ بـۆوە پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئیمرۆ چاترینی سوارەی ئێمە ئەبوقەتادەیە ، چاترینی پیادەی ئێمە سەلەمەیە . سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوو سەهمی دامێ : سەهمی سوارەی دامێو ، سەهمی پیادەیشی دامێ هەردووکی بۆ جەمع کردمەوە . [سەهمی سوارە سیانە : دوو بۆ ئەسپەکەی ، یەکێ بۆ خۆی ، هی پیادەیش یەکێکە ، کە وابێ پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەبێ چوار سەهمی پێ عەطا فەرموبێ] لەپاشا پێغەمەر ـ ﷺ ـ سواری پاشکۆی خۆیی کردم لەسـەر (عضباء) بـۆ مەدینـە . سەلـەمە ئەفەرموێ : لەو وەختەدا کە ئەرۆیین پیاوێ بوو لە ئەنصار زۆری هەرا

ئەکرد ، لە هەڕاکردنا کەس نەیەگەیێ ، دەستی پێکرد ، هەر ئەیوت : کەسێ نی‌یە موسابەقەم لەگەڵ بکا ؟ کەسێ نی‌یە موسابەقەم لەگەڵ بکا ؟ هەر نەیبری‌یەوە ئەیوت‌و ئەیوتەوە ! کە ئەوەم لێ بیست پێم‌وت : تۆ ئیکرامی پیاوێکی کەریم ناکەی ؟ یا لە پیاوێکی گەورە ناترسی ؟ [کە لێت پێشکەوێ] وتی : خەیر مەگەر پێغەمەر بێ ـ ﷺ ـ . عەرزی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ : (یا رسول الله) باوك‌و دایکمت بەفیدا بێ ! موساعەدەم بفەرموو کە موسابەقە لەگەڵ ئەم پیاوەدا بکەم . فەرمووی : ئەگەر‌ هەوەست هەیە بیکە .

فەرمووی : پێم‌وت : دەسا هەی پێکە هەڕا کە ! پێم لێ جووت کردو بازدم بردو هەڕام کرد ، دوو سێ سەر خۆم لێ هێواش کرد [تا پشووم بەبەرا بێتەوە] بەوە نەفەسی خۆمم موحافەظە ئەکرد لە تەنگبوون . لە دواییدا کەوتمەوە شوێنی ، هەڕام کرد تاوێ یا دوو تاو پشووی خۆمم دا ، لە پاشا تاوی خۆمم دا تا کە پێی گەییم دەستم ماڵی بە ناوشانیا ، وتم : وەڵڵاهی وا لێت پێشکەوتم . وتی : لام وایە ، ئەمجا لێی پێشکەوتم تا مەدینە .

سەلەمە فەرمووی : وەڵڵاهی سێ ڕۆژ نەبێ لە مەدینە نەوەستاین تا لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ چووین بۆ خەیبەر . عامیری مامم ڕەجەزی بۆ ئەصحاب ئەوت ؛ ئەیوت : تەڵڵاهی ئەگەر ئیرادەی خوا نەبوایە ڕێی ڕاستمان نەئەدۆزی‌یەوەو تەصدیقمان نەئەبوو بە خواوبە پێغەمەری‌و فەرموودەیان‌و ، نوێژمان نەئەکردو ئێمە لە فەضلی تۆ خوایا (إستغنا) مان نی‌یە . کە وابێ لەگەڵ دوشمنا کە مولاقاتمان = بو = پێمان لە جێێ خۆی ثابت بکە [دڵمان بەقووەت بکە هەڕا نەکەین] سوکوونەت‌و قووەی مەعنەویمان بەسەرا بنێرە خوارێ . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی :

ئەمە کێ یە ؟ عامیر وتی : منم عامیرم . پێغەمەر - ﷺ -= فەرمووی = : خوای خۆت لێت خۆش بێ .

سەلەمە فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - بە خوصووصیی ئیستیغفاری بۆ هەرکەسێ کردبێ بە هەمەحاڵ ئەو کەسە ئەبێ شەهید بووبێ .

عومەری کوری خەطاب - رضي الله تعالى عنه - بە سواری وشترێکی خۆیەوە بانگی کرد : (یا رسول الله) کاشکی بە عامیر (متلذذت) بکردینایە ! کە گەیینە خەیبەر مەرحەبی مەلیکی خەیبەر هاتەدەرێ و شیرەکەی بەفەخرەوە هەڵبری و دای ئەنەوان ، ئەی فلّتان : بە تەحقیق ئەهلی خەیبەر ئەزانێ کە من مەرحەبم و سیلاح تیژم و ، لە حەربا تەجرەبەکراوم کە حەرب هەڵەگیرسێ . عامیری مامم بۆی چوە مەیدان ئەیفەرموو : بە تەحقیق هەموو خەیبەر ئەزانێ کە من عامیرم سیلاح تیژم و تێ هەڵکوتم ، ئەخزێمە ناو شەدائیدو خۆم ئەهاومە ناو ئاگری حەربەوە ! شیریان بۆ یەکتر داهێنا شیری مەرحەب لە قەڵغانەکەی عامیری دا ، عامیر خەریکی ئەوە بوو کە شیرەکەی خۆی بدا لە لای خوارووی مەرحەب ، شیرەکەی گەڕایەوە بۆ خۆی دای لە رەگی رۆحی خۆی ، بەوە شەهید بوو .

سەلەمە فەرمووی : کە چوومەدەرێ بەعزێ لە ئەصحاب ئەیانوت : عەمەلی عامیر بەتاڵ بوەتەوە ، خۆیی کوشت ! بەگریانەوە چوومە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزم کرد : (یا رسول الله) ئایا عەمەلی عامیر بەتاڵ بوەتەوە ؟ فەرمووی : کێ وا ئەڵێ ؟ عەرزم کرد : بەعزێ لە ئەصحابی تۆ . فەرمووی : هەرکەسێ وای وتوە درۆی کردوە ، عامیر دوو ئەجری هەیە .

دوای ئەوە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردمی بە شوێن عەلیدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاوی ئەیێشا . فەرمووی : بەیاخەکە ئەدەم بە یەکێ خوای خۆشەوێو رەسوولی خوای خۆشەوێ ـ ﷺ ـ ، یا فەرمووی : خواو رەسوولی خوا ـ ﷺ ـ ئەویان خۆشەوێ . [....]

سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : چوومە لای عەلی ـ رضي الله تعالى عنه وقهر أعداءه في الدنيا والآخرة ـ چاوی ئەیێشا ، دەستم راکێشا تا بردمە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ تفی موبارەکی خۆیی کردە ناو چاوی ئەو مەحبووبی خواو پێغەمەرە ـ ﷺ ـ ، بەو موعجیزەی پێغەمەرە ـ ﷺ ـ چاوی چاك بۆوەو بەیاخەکەی پێ عەطا فەرموو . مەرحەب هاتە مەیدانو فلّتانیو رەجەزەکەی پێشووی خوێنەوە . حەزرەتی عەلیی شێری خوا ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆی چوە مەیدانو فەرمووی : من ئەوەم کە دایکم حەیدەری ناو ناوم وەك شێری بێشە وامو مەنظەرەیێکی بەهەیبەتو ترسناکم هەیە ، موکافاتی کافران ئەدەمەوە ، بە کەوێکی گەورە بۆیان ئەپێوم . ئەوەی فەرموو لە سەری مەرحەبی داو کوشتی .

ئەمجا بە تەرتیب صوڵحی حودەیبییەو خەیبەر ئەنووسم . ـ ان شاء الله تعالى ـ (ذو القرد) لەو بەینەدا بوە ، ئەم حەدیثە بۆ ئەو کافی‌یە .

صلح الحديبية
المصالحة على ثلاثة أيام

١٣٨٣/٦٤ حدث البراء - رضي الله تعالى عنه - أن النبي - ﷺ - لما أراد أن يعتمر [يوم الحديبية] أرسل إلى أهل مكة يستأذنهم ليدخل مكة ، فاشترطوا عليه : ألا يقيم بها إلا ثلاث ليال ، ولا يدخلها بسلاح إلا بجُلُبّان [وبضم فسكون] السلاح . ولا يدعو منهم أحدا . قال : فأخذ يكتب الشرط بينهم علي بن أبي طالب - رضي الله تعالى عنه - فكتب : هذا ما قاضى عليه محمد رسول الله ، فقالوا : لو علمنا أنك رسول الله لم نمنعك ولَبايعناك ، ولكن أكتب هذا ما قاضى عليه محمد بن عبدالله . فقال : والله أنا محمد بن عبدالله ، وأنا والله رسول الله . قال : وكان لايكتب [أي ولا يقرأ] قال : فقال لعلي ، - رضي الله تعالى عنه - : أمْح رسول الله . فقال علي - رضي الله تعالى عنه - : والله لا أمحاه [لغة في أمحوه] أبدا ، قال : فأرنيه فأراه فمحاه النبي - ﷺ - بيده ، فلما دخل ومضى الأيام أتوا عليا - رضي الله تعالى عنه - فقالوا : مر صاحبك فليرتحل ، فذكر ذلك لرسول الله - ﷺ - فقال : نعم ثم إرتحل
ح - ٢٣٦/٥ . م - ١٩/٧ ٤ . ح - ٤٠٦/٤ ولفظه :

١٣٨٤/٦٥ عن البراء - رضي الله تعالى عنه - قال : لما صالح رسول الله - ﷺ - أهل الحديبية كتب علي بن أبي طالب - رضي الله تعالى عنه - بينهم كتابا ، فكتب : محمد رسول الله ، فقال المشركون : لاتكتب محمد رسول الله ، لو كنت رسولا لم نُقاتلك . فقال لعلي - رضي الله تعالى عنه - : أمحه ، فقال علي - رضي الله تعالى عنه - : ما أنا بالذي أمحاه ، فمحاه رسول الله - ﷺ - ، وصالحهم على أن يدخل هو وأصحابه ثلاثة

أيام ولا يدخلوها إلا بجُلْبان السلاح ، فسألوه ما جلبان السلاح ؟ فقال : القراب بما فيه . ح ـ ٤/٤٦ . م ـ ٧/٤١٩ د .

٦٦/١٣٨٥ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : إعتمر النبي ـ ﷺ ـ في ذي القَعدة فأبى أهل مكة أن يدَعوه يدخل مكة حتى قاضاهم على أن يقيم بها ثلاثة أيام ، فلما كتبوا الكتاب كتبوا : هذا ما قاضى عليه محمد رسول الله ، فقالوا : لا نُقرُّ بها ، فلو نعلم أنك رسول الله ما منعناك ، لكن أنت محمد بن عبدالله . قال : أنا رسول الله وأنا محمد بن عبدالله . ثم قال لعلي ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أمح رسول الله . قال : لا والله لا أمحوك أبدا ! فأخذ رسول الله ـ ﷺ ـ الكتاب فكتب [أي فمحاه وأمره بأن يكتب] هذا ما قاضى محمد بن عبدالله : لا يَدْخُل مكة سلاح إلا في القراب ، وأن لايخرج من أهلها بأحد ـ إن أراد أن يتبعه ـ ، وأن لا يمنع أحدا من أصحابه أراد أن يقيم بها .

فلما دخلها ومضى الأجل أتوا عليا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقالوا : قل لصاحبك أخرج عنا ، فقد مضى الأجل . فخرج النبي ـ ﷺ ـ فتبعتهم إبنة حمزة [عمارة ، أو أمامة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] : يا عمّ ! يا عمّ ! فتناولها علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأخذ بيدها وقال لفاطمة ـ عليها السلام ـ [المناسب رضي الله تعالى عنها] دونكِ إبنة عَمِّكِ حملتها فاختصم فيها علي ، وزيد ، وجعفر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ فقال علي : أنا أحق بها وهي إبنة عمي . وقال جعفر : إبنة عمي وخالتها تحتي . وقال زيد : إبنة أخي [لأن رسول الله ـ ﷺ ـ آخى بين زيد وحمزة ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] فقضى بها النبي ـ ﷺ ـ لخالتها ، وقال : الخالة بمنزلة الأم . وقال لعلي : أنت مني وأنا منك . وقال لجعفر : أشبهتَ خَلْقي

وخُلْقي . وقال لزيد : أنت أخونا ومولانا . ح ـ ٤/٤٠٦ ت ، خ ـ ٦/٣٦٥ .

تەرجەمە :

سێ حەدیث یەك حادیثەیە .

بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە (ذي القعدة)دا کە ئیرادەی عومرەی کرد ناردی‌یە لای ئەهلی مەکە ئیذنی لێخواستن کە تەشریفی بچێتە مەکەو عومرە بکا ، ئەهلی مەکە ئیبایان کرد مەگەر بەو شەرتە کە : سێ رۆژی زیاتر تیا دانەنیشێ . هیچ کەس لە ئەهلی مەکە لەگەڵ خۆی نەباتە دەرێ . بە کالانەو کیفەوە نەبێ سیلاح نەباتە مەکەوە . ئیمامی علی ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەستی پێکرد کە بەو شەرتە موصالەحەنامە بنووسێ . نووسی : ئەمە ئەوەیە کە محەمەد کە رەسوولوڵلایە صوڵحی لەسەر کردوە . موشریکەکان وتیان : ئێمە ئیقرار بەوە ناکەین ، ئەگەر بمانزانیایە کە تۆ رەسوولوڵلای شەڕمان لەگەڵ نەئەکردی‌و مەنعمان لە عومرە نەئەکردی . بنووسە : محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا . فەرمووی : وەڵلاهی من رەسوولوڵلام‌و محەمەدی کوڕی عەبدوڵلام . ئەمری بە ئیمامی عەلی فەرموو : رەسوولوڵلا مەحو بکەرەوە . ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وەڵلاهی من تۆ مەحو ناکەمەوە ! فەرمووی : پێنیشانم بدە کامەیە ، پێنیشانی دا ، بە دەستی خۆی ئەو لەفظەی مەحو کردەوە . ئەمری پێ فەرموو نووسیی : ئەمە ئەوەیە کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا موصالەحەی لەگەڵ قورەیش کردوە کە بە بێ کیف‌و کالان بە سیلاحەوە نەچێتە مەکەوە . کە چوو لە سێ رۆژی زیاتر تیا دانەنیشێ ، کە لێی چوە دەرێ کەس لە ئەهلی مەکە ـ با لەسەر دینی ئەویش بێ ـ نەباتە دەرێ . کەسێکیش لە تەبەعەی ئەو

ئيرادەی بوو کە لە مەکەدا بمێنێتەوە مەنعی نەکا .

کە تەشریفی چوە مەکەو عومرەی بەجێ هێناو موددەتەکە رابورد موشریکەکان چوونە خذمەتی ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیانکرد : بچۆ بە رەفیقەکەت بڵێ : موددەتەکە تەواو بوە ئیتر لە ناومان بچێتە دەرێ ، ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ چوە خذمەتی عەرزیکرد ، فەرمووی : بەڵێ . کە تەشریفی لە مەکە چوە دەرێ کچێکی ئیمامی حەمزەی ـ رضي الله تعالى عنها ـ شوێن کەوت ، مامە مامەی دەست پێکرد ، ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەڵیگرت و دای بە حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : لەگەڵ خۆت هەڵیبگرە . لە مەدینە عەلیو ، جەعفەرو ، زەیدی کوری حاریثە نیزاعیان لەسەر کرد ، ئیمامی عەلی فەرمووی : ئامۆزای خۆمە من (أحقم) بەو . جەعفەر فەرمووی : ئامۆزامەو خوشکی دایکی لە لای منە . زەید وتی : کچی برامە ؛ چونکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستە برایەتیی لەگەڵ ئەوو حەزرەتی حەمزەدا گرتبو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ حوکمی فەرموو : بدرێ بە خوشکی دایکی ؛ چونکی = خوشکی دایکی = وەك دایك وایە . وە پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە عەلیی فەرموو : تۆ لە منیو من لە تۆم . بە جەعفەری فەرموو : خیلقەتو خولقی تۆ بە من ئەشوبهێ . [ئەمە مەنقەبەیێکی زۆر گەورەیە بۆ جەعفەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] . بە زەیدی فەرموو : تۆ برای ئێمەیی و مەولامانی .

١٣٨٦/٦٧ أبو الزبير سمع جابرا يسأل : كم كانوا يوم الحديبية ؟ قال : كنا أربع عشرة مائة ، فبايعناه وعمر آخذ بيده تحت الشجرة ، وهي سمرة . فبايعناه غير جد بن قيس الأنصاري إختبأ تحت بطن بعيره ! م ـ ٥٧/٨ .

١٣٨٧/٦٨ وعنه أيضا سمع جابرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ يُسأل : هل بايع النبي ـ ﷺ ـ بذي الحليفة ؟ فقال : لا ولكن صلى بها ، ولم يبايع عند شجرة إلا الشجرة التي بالحديبية . وسمع جابرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : دعا النبي ـ ﷺ ـ على بئر الحديبية . م ـ ٥٧/٨ .

١٣٨٨/٦٩ عن معقل بن يسار ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رأيتني يوم الشجرة والنبي ـ ﷺ ـ يبايع الناس وأنا رافع غصنا من أغصانها عن رأسه ، ونحن أربع عشرة مائة . قال : لم نبايعه على الموت ، ولكن بايعناه على أن لا نفرَّ . م ـ ٥٩/٨ .

تەرجەمە :

ئەبوزوبەیر ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : گوێم لێ بوو لە جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ یان پرسی : ئەصحابی کیرام لە رۆژی حودەیبییەدا چەند بوون ؟ فەرمووی : چواردە دەفعە صەد بووین [یەعنی هەزارو چوارصەد بووین] بەیعەتمان لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ کرد ، عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەستی موبارەکی گرتبوو ، لە ژێر دارێکی مۆردا غەیری جیددی کوڕی قەیس کە لە ژێر زگی وشترێکا خۆی شاردبووەوە بەیعەتی نەکرد . . هەموو بەیعەتمان لە خزمەتیا کرد .

هەم ئەفەرموێ : لە جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ م بیست لێیان ئەپرسی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە (ذي الحليفة) بەیعەتی کرد یان نا ؟ فەرمووی : لەوێ نوێژی کرد ، بەیعەتی هەر لە ژێر ئەو داری حودەیبییەدا کرد . لێم بیست فەرمووی : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دۆعای خوێن بەسەر بیرۆی حودەیبییەدا .

مەعقەلی کوڕی یەسار ئەفەرموێ : چاوم لە خۆمە لە ژێر شەجەرەی حودەیبییەدا بووم پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەیعەتی لەگەڵ خەڵقا ئەکرد

لقیّ له لقی ئه‌و دارەم هه‌ڵبریبوو له‌سه‌ر سه‌ری موباره‌کی لێی نه‌که‌وێ ، ئێمه چوارده که‌ره‌ت صه‌د بووین . له‌سه‌ر مردن موبایه‌عه‌مان نه‌کرد ، له‌سه‌ر ئه‌مه موبایه‌عه‌مان کرد که فیرار نه‌که‌ین . [چونکه مه‌قصوود له غه‌زا خۆبه‌کوشت‌دان نی‌یه ، مه‌قصوود مه‌نعی کوفرو غه‌ڵه‌به‌ی ئیسلامه‌و نه‌شریه‌تی با به‌خۆبه‌کوشت‌دانیش ئه‌و مه‌قصه‌ده پێك بێ] .

١٣٨٩/٧٠ جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال لنا : قال رسول الله ـ ﷺ ـ يوم الحديبية : أنتم خير أهل الأرض ، وكنا ألفا وأربعمائة ، ولو كنت أبصر اليوم لأريتكم مكان الشجرة . ح ـ ٦/٣٣٤ معلق وصله الاسماعيلي . م ـ ٨/٥٧ بتقديم وتأخير .

١٣٩٠/٧١ عبدالله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كان أصحاب الشجرة ألفا وثلاثمائة . وكانت أسلم ثُمْنَ المهاجرين [وجزم الواقدي بأن أسلم كانت في غزوة الحديبية مائة] ح ـ ٦/٣٣٤ . م ـ ٨/٥٩ .

ته‌رجه‌مه :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : رۆژی حوده‌یبییه پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ پێی فه‌رمووین : ئیمرۆ ئێوه چاترینی هه‌موو ئه‌هلی ئه‌رزن . ئێمه هه‌زارو چوارصه‌د بووین ئه‌گه‌ر چاوم ببینایه جێی ئه‌و دره‌خته‌م پێ‌نیشان ئه‌دان . عه‌بدوڵڵای کوڕی ئه‌بو ئه‌وفا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : ئه‌صحابی شه‌جه‌ره هه‌زارو سێصه‌د بووین . ئه‌سله‌م هه‌شت‌یه‌کی موهاجیر بوون [واقیدی ئه‌ڵێ : ئه‌سله‌م صه‌د که‌س بوون] .

١٣٩١/٧٢ عن قتادة [بن دعامة] قلت لسعيد بن المسيب : بلغني أن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ كان يقول : كانوا أربع عشرة مائة . فقال سعيد : حدثني جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : كانوا خمس

عشرة مائة . . الذين بايعوا النبي ـ ﷺ ـ يوم الحديبية . ح ـ ٦/٣٣٤ .

تەرجەمە :

قەتادە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : بە سەعیدی کوڕی موسەییبم وت : وام پێگەییوە کە جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرموویەتی : کە ئەصحابی شەجەرە چواردە صەد بوون . سەعید ـ رحمه الله ـ پێی فەرمووم : جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وای قسە بۆ کردووم ئەوانە لە ڕۆژی حودەیبییەدا بەیعەتیان لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ کرد پانزە کەرەت صەد بوون .

١٣٩٢/٧٣ عن سعيد بن المسيب ـ رضي الله تعالى عنه ورحمه الله ـ عن أبيه أنه كان فيمن بايع تحت الشجرة ، فرجعنا إليها العام المقبل فعُمِّيت علينا . ح ـ ٦/٣٣٧ .

تەرجەمە :

موسەییب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لەناو ئەوانەدا بووم کە لە ژێر دەرەختی حودەیبییەدا بەیعەتیان بە پێغەمەر ـ ﷺ ـ کرد . ساڵی دوایی [کە بۆ (عمرة القضا) چووینەوە] شوێنەکەمان لێ ون بووبوو .

١٣٩٣/٧٤ عن طارق بن عبدالرحمن [البجلي] قال : إنطلقت حاجا فمررت بقوم يصلون . قلت : ما هذا المسجد ؟ قالوا : هذه الشجرة حيث بايع رسول الله ـ ﷺ ـ بيعة الرضوان ، فأتيت سعيد بن المسيب ـ رحمه الله ورضي عنه ـ فأخبرته ، فقال سعيد : حدثني أبي أنه كان فيمن بايع رسول الله ـ ﷺ ـ تحت الشجرة ، قال : فلما خرجنا من العام المقبل نسيناها فلم نقدر عليها . فقال سعيد : إن أصحاب محمد ـ ﷺ ـ لم يعلموها وعلمتموها أنتم ؟ فأنتم أعلم . ح ـ ٦/٣٣٧ .

تەرجەمە :

طاريقى كورِى عەبدورەحمانى بەجەلى ئەفەرموێ : چووم بۆحەج بە لاى قەومێكا رابوردم نوێژيان ئەكرد ، لێمپرسين : ئەم مزگەوتە چە مزگەوتێكە ؟ = وتيان = : ئەمە مزگەوتى ئەو درختەيە كە پێغەمەر ـ ﷺ ـ (بيعة الرضوان)ى لە ژێرا كردوە . چوومە لاى سەعيدى كورِى موسەييب ـ رضي الله تعالى عنه ورحمه الله ـ عەرزمكرد ؛ فەرمووى : باوكم قسەى بۆكردووم كە خۆى لە ناو ئەوانەدا بوو كە لە ژێر شەجەرەى ريضوانا بەيعەتيان لە خذمەت پێغەمەرا كرد ـ ﷺ ـ . ساڵى دوايى كە چووينەوە لە فكرمان چۆوە نەمانئدۆزىيەوە . سەعيد ـ رحمه الله ـ فەرمووى : ئەصحابى محەمەد ـ ﷺ ـ (شجرة الرضوان) يان نەزانيوە ئێوە ئەيزانن ؟ كە وابێ ئێوە لەوان عالمترن !

١٣٩٤/٧٥ زيد بن أسلم [رحمه الله] عن أبيه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : خرجت مع عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ إلى السوق فلحقتْ عمرَ ـ رضي الله تعالى عنه ـ إمرأةٌ شابة ، فقالت : يا أمير المؤمنين هلك زوجي وترك صبية صغارا ، والله ما يُنضجون كُراعا ، ولا لهم زرع ولا ضرع ، وخشيت أن تأكلهم الضبع ، وأنا بنت خُفاف بن أيماء الغِفاري [ولأبيه وجده صحبة] وقد شهد أبي الحديبية مع رسول الله ـ ﷺ ـ . فوقف معها عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ولم يمضِ ، ثم قال : مرحبا بنسب قريب . ثم إنصرف إلى بعير ظهير [قوي الظهر] كان مربوطا في الدار ، فحمل عليه غِرارين ملأهما طعاما ، وحمل بينهما نفقة وثيابا ، ثم ناولها بخطامه . ثم قال : إقتاديه ، فلن يفني حتى يأتيكم الله بخير . فقال رجل : يا أمير المؤمنين أكثرت لها ! قال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ثَكِلَتكَ أمك ! [دايك رۆڵەرِۆت بۆ بكا !] والله إنى لأرى

أبا هذه وأخاها قد حاصرا حصنا زمانا ، فافتتحاه ، ثم أصبحنا نستفيُ سهمانهما فيه .

ح - ٦/٣٣٦ .

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی ئەسلەمی ئازادکراوی ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه ، ورحمهما الله تعالى - ئەفەرموێ : باوکم فەرمووی : لە خزمەت ئیمامی عومەرا - رضي الله تعالى عنه - چوومە بازاڕ ، ژنێکی جەهێڵی پێگەیی ، وتی : (یا امیر المؤمنین) مێردەکەم مردوە ، چەند مناڵی بچکۆلانەی بەجێ هێشتوە ، وەڵڵاهی پێچکەییەکیان نییە بی کوڵێنن ، زەراعەتێکیان نییە ، دۆشندەییەکیان نییە ، ئەترسم کەمتیار بیانخوا . منیش کچی خوفافی کوڕی ئیمای غیفاریم ، باوکیشم لە خزمەت پێغەمەرا - ﷺ - حازری حودەیبیە بوە . ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - لەوێدا بۆی راوەستا نەڕۆیی ، لە پاشا فەرمووی : مەرحەبابێ لە نەسەبێکی نزیك ، لە پاشا گەڕایەوە بۆ لای وشترێکی پشت بەقووەت [کە شت زۆر هەڵبگرێ] لە خانوەکەی ئیمامی عومەرا - رضي الله تعالى عنه - بەسترابووەوە ، دوو خەراری پڕ لە طەعامی بۆ لێکرد لەسەر باریشی نەفەقەو لیباسی بۆ دانا ، لە پاشا هەوسارەکەیی دایە دەست ، فەرمووی : رایکێشە نابڕێتەوە تا خوا خێرتان بۆ ئەنێرێ .

پیاوێ وتی : (یا أمیر المؤمنین) زۆرت دایێ ! فەرمووی : دایکت رۆڵەڕۆت بۆ بکا ! وەڵڵاهی من باوكو برای ئەمەم دی موددەتێ قەڵایێکیان موحاصەرە دا فەتحیان کرد ، لە پاشا سبەینێ ئێمە سەهمی خۆمان لەو فەتحی ئەوانا بەش ئەکرد .

٧٦/١٣٩٥ المسيب بن رافع [رحمه الله] قال : لقيت البراء بن عازب

ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فقلت : طوبى لك صحبت النبي ـ ﷺ ـ وبايعته تحت الشجرة ، فقال : يا ابن أخي إنك لاتدري ما أحدثنا بعده . [....] ح ـ ٦/٣٣٨ .

تەرجەمە :

موسەییبی کوڕی رافیع ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : بە بەرای کوڕی عازیب گەییم ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عەرزم کرد : خوا هەر چاکیی و خێرتان بۆ بکا ؛ صوحبەتی پێغەمەرتان کرد ـ ﷺ ـ ، لە ژێر شەجەرەی ریضوانا بەیعەتتان پێکرد . فەرمووی : ئەی کوڕی برای خۆم تۆ نازانی دوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە چیمان کرد !

١٣٩٦/٧٧ عن أبي قلابة [رحمه الله] أن ثابت بن الضحاك أخبره أنه بايع النبي ـ ﷺ ـ تحت الشجرة . ح ـ ٦/٣٣٨ .

تەرجەمە :

ثابیتی کوڕی ضەحاك ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەبەری داوە بە ئەبو قەلابە ـ رحمه الله ـ کە لە ژێر درەختی ریضوانا بەیعەتی کردوە لە خزمەت پێغەمرا ـ ﷺ ـ .

١٣٩٧/٧٨ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ﴿إنا فتحنا لك فتحا مبينا﴾[1] قال : الحديبية . قال أصحابه ـ ﷺ ـ ورضي عنهم] هنيئا [لا إثم فيه] مريئا [لاداء فيه . يا رسول الله غفر الله لك ماتقدم من ذنبك وما تأخر] فما لنا ؟ فأنزل الله [عز وجل] ﴿ليدخل المؤمنين والمؤمنات جنات تجري من تحتها الأنهار﴾[2] قال شعبة : فقدمت الكوفة فحدثتُ

---

(١) الفتح / ١

(٢) الفتح / ٥

بهذا كُلِّه عن قتادة ، ثم رجعت فذكرت له [القتادة] فقال : أما ﴿إنا فتحنا لك . . . ﴾ فعن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ وأما هنيئا مريئا فعن عكرمة . ح ـ ٦/٣٣٨ . ن

تەرجەمە :

شوعبە لە قەتادەوە ئەویش لە ئەنەسەوە ـ رحمهما الله ورضي عنه ـ ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : ﴿انا فتحنا لك فتحا مبينا﴾ [یەعنی ئێمە فەتحێکی باشمان بۆ کردی ، ئەو فەتحە فەتحی مەکە نیە] فەتحی حودەیبییەیە [یەعنی (بیعة الرضوان)ە] ، ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی پێغەمەریان کرد ـ ﷺ ـ : (یا رسول الله) هیچ گوناهی تیا نەبێ عافیەتت بێ ، هیچ دەردی بۆ تۆ تیا نەبێ [خوا گوناهی ئەووەڵو ئاخری تۆی عەفوکردوە] ئەی بۆ ئێمە چی هەیە ؟ ئەو ئایەتەکەی دوایی نازڵ بوو کە مەئالی شەریفی وایە : ئەو فەتحەمان بۆ کردی کە خوا موسوڵمانان پیاویانو ژنیان بخاتە بەهەشتێکەوە کە بە ژێر درەختەکانیا ئەنهار جاریی ئەبێ . شوعبە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : چوومە کووفە ئەم حەدیثەم بە تەواوەتی لە قەتادەوە ریوایەت کرد ، کە گەڕامەوە بۆ لای قەتادە پێموت ، قەتادە فەرمووی : (إنا فتحنا لك . .) لە ئەنەسەوەیە . (هنیئا مریئا) لە عەکرەمەی مەولای ئیبن وعەباسەوەیە . [یەعنی هەمووم لە ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ نەبیستوە]

١٣٩٨/٧٩ عن عروة بن الزبير ـ رحمه الله تعالى ورضي عنه ـ عن المسور بن مَخْرُمة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ومروان بن الحكم [. . . . .] يزيد أحدهما على صاحبه ، قالا : خرج النبي ـ ﷺ ـ عام الحديبية في بضع عشرة مائة من أصحابه ، فلما أتى ذا الحليفة قلد الهدي وأشعره ، وأحرم منها بعمرة ، وبعث عينا له من خزاعة ، وسار النبي ـ ﷺ ـ حتى

كان بغدير الأشطاط أتاه عينه [بسر بن سفيان] قال : إن قريشا جمعوا لك جموعا ، وقد جمعوا لك الأحابيش ، وهم مقاتلوك ، وصادوك عن البيت ومانعوك . فقال : أشيروا أيها الناس عليَّ ؛ أترون أن أميل إلى عيالهم وذراري هؤلاء الذين يريدون أن يصدونا عن البيت ؟ فإن يأتونا كان الله ـ عز وجل ـ قد قطع عينا من المشركين [يعني الذي بعثه ـ عليه الصلاة والسلام ـ أي غايته ، انا كنا كمن لم يبعث الجاسوس ولم يعبر الطريق وواجههم بالقتال] وإلا تركناهم محروبين . قال أبو بكر : يا رسول الله خرجتَ عامدا لهذا البيت ، لا تريد قتل أحد ، ولا حرب أحد ، فتوجَّهْ له ، فمن صدَّنا عنه قاتلناه . قال : امضوا على اسم الله . ح ـ ٦/ ٣٤٠ .

تەرجەمە :

عوروەی کوڕی زوبەیر ـ رحمە الله تعالی ، ورضي عنە ـ لە میسوەری کوڕی مەخرومە ـ رضي الله تعالی عنهما ـ و مەروانی کوڕی حەکەم . . . ریوایەت ئەکەن ، لە ریوایەتەکەیانا لە یەکتری زیادو کەم ئەکەن ؛ ئەڵێن : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە ساڵی حودەیبییەدا تەشریفی لە مەدینە چوە دەرێ هەزارو ئەوەندەی لە ئەصحابی کیرام لە خذمەتا بوو کە گەیینە (ذو الحليفة) بە ملی وشترەکانیانا عەلامەتی هەدیان هەڵاوەسی و پشتیان بریندار کردن و ئیحرامیان بە عومرە دابەست ، لە خوزاعە بوسری کوڕی سوفیانی بە جاسووسیی نارد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی حەرەکەتی کرد تا گەیی یە گۆلی ئەشطاط ، جاسووسەکەی هاتەوە عەرزی کرد : قورەیش گەلێ جەماعەتی لە قەبائیلی موختەلیفە بۆ کۆکردوونەوە حەربت لەگەڵا ئەکەن و مەنعت ئەکەن لەچوونە بەیتەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی خەڵقینە تەدبیرتان چیە پێم بڵێن ؟ ئەگەر

ئەڵێن بگەڕێمەوە سەر ماڵو منالّی ئەوانەی کە ئیرادەیان وایە رێی بەیتمان لێبگرنو مەنعمان بکەن لە عومرە ؟ ئەگەر هاتنەسەر رێمانِ بۆ شەڕ خوا قەطعی جاسووسی لە موشریکین کردوە .

ئەگەر نەیشهاتن ئێمە بێ ماڵو منالّ ئەیان هێڵینەوە . ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (يا رسول الله) تۆ بۆیێ هاتووی ئەم بەیتە طەواف بکەی ، بۆیە نەهاتووی کە کەس بکوژیو حەرب بکەی ، تەشریفت روو بکەرە بەیت ، ئەوی رێی بەیتمان لێبگرێ شەڕی لەگەڵ ئەکەین [یەعنی رێیشیان لێ نەگرتین طەوافی خۆمان ئەکەین] پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بە ناوی خواوە برۆن بۆ بەیت .

٨٠/١٣٩٩ عن أبي وائل شقيق قال : قام سهل بن حنيف يوم صِفِّين فقال : يا أيها الناس إتّهموا أنفسكم ، لقد كنا مع رسول الله ـ ﷺ ـ يوم الحديبية ، ولو نرى قتالا لقاتلنا ، وذلك في الصلح الذي كان بين رسول الله ـ ﷺ ـ وبين المشركين ، فجاء عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فأتى رسول الله ـ ﷺ ـ فقال : يا رسول الله أَلَسْنا على حق وهم على باطل ؟ قال : بلى . قال : أليس قتلانا في الجنة وقتلاهم في النار ؟ قال : بلى . قال : ففيم نُعطي الدَّنية في ديننا ونرجع ولما يحكم الله بيننا وبينهم ؟ فقال : يا ابن الخطاب إني رسول الله ولن يضيعني الله أبدا . قال : فانطلق عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فلم يصبر متغيظا فأتى أبا بكر ، فقال : يا أبا بكر ألسنا على حق وهم على باطل ؟ قال : بلى . قال : أليس قتلانا في الجنة وقتلاهم في النار ؟ قال : بلى . قال : فعلى م نعطي الدنية في ديننا ونرجع ولما يحكم الله بيننا وبينهم ؟ فقال : يا ابن الخطاب إنه رسول الله ـ ﷺ ـ ولن يضيعه الله أبدا . قال : فنزل القرآن على

رسول الله ـ ﷺ ـ بالفتح فأرسل إلى عمر فأقرأه إياه . فقال : يا رسول الله أوَ فتح هو ؟ قال : نعم . فطابت نفسه ورجع . ح ـ ٥/٢٣٥ . م ـ ٧/٤٢٤ .

٨١/١٤٠٠ وعنه سمعت سهل بن حنيف ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول بصفين : أيها الناس إتّهموا آراءكم ، والله لقد رأيتني يوم أبي جندل ولو أني أستطيع أن أردَّ أمر رسول الله ـ ﷺ ـ لرددته . والله ما وضعنا سيوفنا على عواتقنا إلى أمر [قط] إلا أسهلن بنا إلى أمر نعرفه إلا أمركم هذا . ح ـ ٥/٢٣٥ ، م ـ ٧/٤٢٤ .

تەرجەمە :

شەقیق ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : رۆژی صیففین [کە موعاویەو حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ صوڵحیان لەسەر ئەوە کرد کە حەکەم تەعیین بکەن و حەرب نەکەن ، سەهلی کوڕی حەنیفیش طەرەفداری صوڵح بوو ، ئەوانەی کە طەرەفداری حەرب بوون طەعنیان لە سەهل و ئەصحابی دا] سەهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هەڵسا فەرمووی : ئەی خەڵقینە ئێوە طەعن لە من مەدەن [کە حەز ناکەم خوێنی موسوڵمانان بڕێژرێ] طەعن لە خۆتان بدەن [کە طەرەفداری فیتنەو خوێن ڕژانن] لە رۆژی حودەیبییەدا لە خزمەت پێغەمەرا بووین ـ ﷺ ـ ئەگەر بمتوانیایە ئەمری پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە صوڵحی ئەکرد لە بەینی خۆیان و کوففار [وخەڵق بە صوڵح رازی نەبوون]رەد بکەمەوەو حەرب بکەین ئەمکرد . [ئەمما نەمتوانی ئەمری ئەو رەد بکەمەوە] .

عومەری کوڕی خەطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ و عەرزی کرد : (یا رسول الله) بۆ ئێمە لەسەر حەق نین و

ئەوان لەسەر باطيل ؟ فەرمووی : بەڵێ . عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ عەرزیکرد : بۆ شەهیدی ئێمه له بەهەشتا نیەو تۆپیوی ئەوان لە جەهەننەما ؟ فەرمووی : بەڵێ . عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ عەرزیکرد : كه وابێ بۆچی له دینا دەنائەت قەبووڵ بكەین و بێ ئەمه خوا حەق و باطیل له یەك جوێ بكاتەوه بگەرێینەوه ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : (یا ابن الخطاب) من رەسوولی خوام [یەعنی وام ئەمر پێكراوه] خوا قەت من به ضایع نادا . عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ له خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ چوه دەرێ صەبری نەكرد ، به رقەوه چوه خزمەت حەزرەتی ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالی عنه ـ چی عەرزی پێغەمەر ـ ﷺ ـ كردبوو عەرزی ئەویشی كرد . پێغەمەر ـ ﷺ ـ چه جەوابێكی دابووەوه ئەویش عەینی ئەو جوابەی دایەوه . ئەو وەختە سوورەتی (إنا فتحنا) نازڵ بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناردی بەشوێن ئیمامی عومەرا ـ رضي الله تعالی عنه ـ سوورەتەكەی بۆخوێنەوه . عەرزیکرد : (یا رسول الله) بۆ ئەوه ، یەعنی صوڵحی حودەیبییه ، فەتحه ؟ فەرمووی : بەڵێ .

[چونكی له طەرەف ئەوانەوه صوڵحەكە هەڵەوەشێنرێ و پێغەمەر ـ ﷺ ـ رێی ئەبێ بچێتە سەریان و مەكە فەتح بكا] ئەو وەختە عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ دڵی رەحەت بوو گەڕایەوه .

له حەدیثە دوەمەكەدا سەهل ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : ئەی فیتنەفرۆشینه ! ئێمه بۆ هیچ شتێ شیرمان نەناوەتە سەرشان ئەو شیرسەرشان نانه ئێمەی نەبردبێ بۆ ئیشێكی مەشرووع و باش . ئەمما ئێوه شیرتان ناوەتە سەرشان بۆ ئەمری مونكەر و غەیرەمەشرووع و بۆ خوێنڕشتنی موسوڵمانان .

[ئەم دوو حەدیثەم ئەگەر لە فیتنەدا نووسیبیّ لیّره مەینووسن][1]

١٤٠١/٨٢ عروة بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ورحمه الله ـ عن المِسور بن مَخْرمة [الصحابي ابن الصحابي] ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ومروان يصدق كل منهما صاحبه . . . . . قالا : خرج رسول الله ـ ﷺ ـ زمن الحديبية [يوم الاثنين لهلال ذي القعدة سنة ست] حتى كانوا ببعض الطريق قال النبي ـ ﷺ ـ : إن خالد بن الوليد [ولم يسلم بعد] بالغميم [بوزن عظيم ، ومصغرا] في خيل لقريش طليعة فخذوا ذات اليمين .

فوالله ما شعر بهم خالد حتى إذا هم بقَتَرة الجيش [غبارهم] فانطلق يركض نذيرا لقريش وسار النبي ـ ﷺ ـ حتى إذا كان بالثنية [أي ثنية المِرار] التي يُهبَط عليهم منها بركت به راحلته ، فقال الناس حَلْ حَلْ [زجر للراحلة] فألحّت ، فقالوا : خلأت القصواء ، خلأت القصواء [حرنت وتصعبت . به كوردى : گەدەى گرت] فقال النبي ـ ﷺ ـ : ما خلأت القصواء وما ذاك لها بخلُق ، ولكن حبسها حابس الفيل . ثم قال : والذي نفسي بيده ! لايسألوني خطّةً [خصلة] يُعظّمون فيها حرمات الله إلا أعطيتهم إياها ، ثم زجرها فوثبت .

قال : فعدل عنهم حتى نزل بأقصى الحديبية على ثمد قليل الماء يتبرَّضه الناس تبرضا . [يأخذون منه الماء بالكف قليلا قليلا] فلم يُلَبِّثه الناس حتى نزحوه . وشُكِيَ إلى رسول الله ـ ﷺ ـ العطش ، فانتزع سهما من كنانته ، ثم أمرهم أن يجعلوه فيه . فوالله ما زال يجيش بالرِّي حتى صدروا عنه [وزاد ابن سعد حتى اغترفوا بآنيتهم جلوسا على شفير البئر]

(١) گەرام لە فیتنەدا نەمدۆزینەوە .

فبينا هم كذلك إذ جاء بديل بن ورقاء الخزاعي في نفر من قومه من خزاعة ، وكانوا عَيبة نصح رسول الله ـ ﷺ ـ [موضع سره وأمانته ووعائه لايفشونه] من أهل تهامة ، فقال : إني تركت كعب بن لؤي وعامر بن لؤي نزلوا أعداد مياه الحديبية ومعهم العوذ [النوق الحديثات النتاج ذات اللبن] المطافيل [بیّچوو لەبەر] وهم مقاتلوك وصادّوك عن البيت . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : إنا لم نجئ لقتال أحد ، ولكنا جئنا معتمرين ، وإن قريشا قد نهكتهم الحرب [هزلتهم] وأضرَّتْ بهم ، فإن شاؤا ماددتهم مدَّةً يُخلُّوا بيني وبين الناس ، فإن أظهرْ فإن شاؤا أن يدخلوا فيما دخل فيه الناس فعلوا . وإلا فقد جمّوا [إستراحوا . ولابن عائذ عن الزهري ، فإن ظهر الناس عليَّ فذلك الذي يبغون] وإن هم أبوا فو الذي نفسي بيده ! لأقاتلنهم على أمري هذا حتى تنفرد سالفتي [رقبتي] ولَيُنفِذنَّ الله أمره . فقال بديل : سأُبلِّغُهم ما تقول .

قال : فانطلق حتى أتى قريشا ، قال : إنا قد جئناكم من هذا الرجل وسمعناه يقول قولا ، فإن شئتم أن نعرضه عليكم فعلنا . فقال سفهاؤهم [عكرمة بن أبي جهل والحكم بن أبي العاص] : لاحاجة لنا أن تخبرنا عنه بشيٍ . وقال ذو الرأي منهم : هات ما سمعته . يقول : قال : سمعته يقول كذا وكذا . . . فحدثهم بما قال النبي ـ ﷺ ـ . فقام عروة بن مسعود [الثقفي أسلم ورجع إلى قومه ودعاهم إلى الاسلام ، فقتلوه ! ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فقال : أي قوم ألستم بالوالد ؟ قالوا : بلى . قال : فهل تتهموني ؟ قالوا : لا . قال : ألستم تعلمون أني إستنفرت أهل عكاظ [نصرة لكم] فلما بلَّحوا عليَّ [امتنعوا أو عجزوا] جئتكم بأهلي وولدي ومن أطاعني ؟ قالوا : بلى . قال : فإن هذا قد عرض لكم خُطَّة رُشد [خصلة خير وصلاح] إقبلوها ودعوني آتيه . قالوا:إئته . فأتاه ،

فجعل يكلم النبي ـ ﷺ ـ فقال النبي ـ ﷺ ـ نحوا من قوله لِبُدَيل . فقال عروة عند ذلك : أي محمد أرأيت إن استأصلت أمر قومك هل سمعت بأحد من العرب إجتاح [أهلَك] أهله قبلك ؟ ! وإن تكن الأخرى فإني والله لا أرى وجوها [أي أشرافا] وإني لأرى أشوابا [أخلاطا] من الناس خليقا أن يفرّوا ويدعوك ! فقال له أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : امْصَصْ [من باب علم] بِبَظر اللات ! أَنحن نَفِرُّ عنه ونَدَعه ؟ ! فقال : من ذا ؟ قالوا : أبو بكر . قال : أما والذي نفسي بيده لولا يدٌ [نعمة] كانت لك عندي لم أَجْزِك بها لأجبتك [وهي أن عروة تُحمِّل بدية فأعانه فيها أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بعشر قلائص] .

قال : وجعل يكلم النبي ـ ﷺ ـ فلما تكلم أخذ بلحيته [الشريفة] والمغيرة بن شعبة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قائم على رأس النبي ـ ﷺ ـ ومعه السيف ، وعليه المِغفر . فكلما أهوى عروة بيده إلى لحية النبي ـ ﷺ ـ ضرب يده بنعل السيف [ما يكون اسفل القراب من فضة أو غيرها] وقال له : أَخِّر يدك عن لحية رسول الله . [زاد عروة بن الزبير ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لاينبغي لمشرك أن يمسه] فرفع عروة رأسه ، فقال : من هذا ؟ قالوا : المغيرة بن شعبة [إبن اخيك] فقال : أي غُدَر ! ألست أسعى في غدرتك ؟ وكان المغيرة صحب قوما في الجاهلية [زائرين المقوقس] فقتلهم [لما قصر به المقوقس] وأخذ أموالهم ، ثم جاء فأسلم . [فقال له أبو بكر : ما فعل المالكيون الذين كانوا معك ؟ قال : قتلتهم وجئت بأسلابهم إلى رسول الله ـ ﷺ ـ فكان سعى عروة عمّه حتى أخذوا منه دية ثلاثة عشر رجلا] فقال النبي ـ ﷺ ـ : أما الاسلام فأقبل ، وأما المال فلست منه في شئ ؛ [لأنه أخذه غدرا] .

ثم إن عروة جعل يرمُقُ أصحاب النبي ـ ﷺ ـ بعينيه . قال :

فوالله ماتنخم رسول الله ـ ﷺ ـ نخامة إلا وقعت في كف رجل منهم فدلك بها وجهه وجلده ، وإذا أمرهم إبتدروا أمره . وإذا توضأ كادوا يقتتلون على وَضوئه ، وإذا تكلم خفضوا أصواتهم عنده ، وما يُحِدُّون إليه النظر تعظيما له .

فرجع عروة إلى أصحابه ، فقال : أي قوم والله ! لقد وفدتُ على الملوك ، ووفدت على قيصر وكسرى والنجاشيِ ، والله إنْ رأيت ملكا قط يعظمه أصحابه ما يعظم أصحاب محمدٍ محمداً ـ ﷺ ـ . والله إن تنخم نخامة إلا وقعت في كف رجل منهم فدلك بها وجهه وجلده . وإذا أمرهم إبتدروا أمره ، وإذا توضأ كادوا يقتتلون على وَضوئه ، وإذا تكلم خفضوا أصواتهم عنده . وما يُحِدُّون إليه النظر تعظيما له . وإنه قد عرض لكم خُطَّة رشد فاقبلوها .

فقال رجل [حليس] من بني كنانة : دعوني آتيه . فقالوا : ائته . فلما أشرف على النبي ـ ﷺ ـ وأصحابه قال رسول الله ـ ﷺ ـ : هذا فلان [حليس بن علقمة سيد الأحابيش] وهو من قوم يعظمون البُدْن ، فابعثوها له ، فبعثت له ، واستقبله الناس بلبون ، فلما رأى ذلك قال : سبحان الله ما ينبغي لهؤلاء أن يصدوا عن البيت !

فلما رجع إلى أصحابه قال : رأيت البدن قد قُلِّدت وأُشعِرت [طعن في سنامها] فما أرى أن يصدوا عن البيت [زاد إبن إسحاق : وغضب وقال : يا معشر قريش ! ما على هذا عاقدناكم ، أَيصدُّ عن بيت الله من جاء معظما له ؟ ! فقالوا : كُفَّ عنا يا حليس حتى نأخذ لأنفسنا ما نرضى] .

فقام رجل منهم يقال له : مِكْرز بن حفص ، فقال : دعوني آتيه ، فقالوا : إئته فلما أشرف عليهم قال النبي ـ ﷺ ـ : هذا مكرز وهو رجل

فاجر [غادر ناقض عِهد] فجعل يكلم النبي - ﷺ - فبينما هو يكلمه إذ جاء سهيل بن عمرو . قال معمر : فأخبرني أيوب عن عكرمة أنه لما جاء سهيل بن عمرو قال النبي - ﷺ - : لقد سَهُل لكم من أمركم . [هذا القدر مرسل وصله ابن أبي شيبة من حديث إبن الأكوع - رضي الله تعالى عنه -] .

قال الزهري في حديثه : فجاء سهيل بن عمرو [وفي رواية ابن إسحاق : فلما انتهى إلى النبي - ﷺ - جرى بينهما القول حتى وقع بينهما الصلح على : أن توضع الحرب عشر سنين . وأن يؤمِّن بعضهم بعضا . وأن يرجع عنهم عامَهم] فقال : هات أكتب بيننا وبينكم كتابا . فدعا النبي - ﷺ - الكاتب [عليا - رضي الله تعالى عنه -] فقال النبي - ﷺ - أكتب :

بسم الله الرحمن الرحيم . قال سهيل : أما الرحمان فوالله ما أدري ماهو ! ولكن أكتب : باسمك اللهم ، كما كنت تكتب [وكنا نكتب . فلما نزلت آية النمل كتب بسم الله الرحمن الرحيم . فأدركتهم حمية الجاهلية .] فقال المسلمون : والله لانكتبها إلا بسم الله الرحمن الرحيم . فقال النبي - ﷺ - : أكتب باسمك اللهم . ثم قال : هذا ما قاضى عليه محمد رسول الله - ﷺ - فقال سهيل : والله لو كنا نعلم أنك رسول الله ما صددناك عن البيت ولا قاتلناك . ولكن أكتب محمد بن عبدالله . فقال النبي - ﷺ - والله إني لرسول الله - وان كذَّبتموني - أكتب محمد بن عبدالله .

قال الزهري : وذلك لقوله : لايسألوني خطة يعظمون فيها حرمات الله إلا أعطيتهم إياها .

فقال النبي - ﷺ - : على أن تُخلُّوا بيننا وبين البيت فنطوف به .

فقال سهيل : والله لاتتحدث العرب أنا أُخِذنا ضُغطة ، ولكن ذلك من العام المقبل ، فكتب ، فقال سهيل : وعلى أنه لا يأتيك منا رجل ـ وإن كان على دينك ـ إلا رددته إلينا . قال المسلمون [منهم : عمر ، وأسيد بن حضير ، وسعد بن عبادة ، وسهل بن حُنيف . . . ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] : سبحان الله ! كيف يُردُّ إلى المشركين وقد جاء مسلما ؟ !

فبينما هم كذلك إذ دخل أبو جندل ابن سُهيل بن عمرو [وكان أسلم وحُبس وعُذِّب في الله] يَرْسُف في قيوده [يمشي فيها] وقد خرج من أسفل مكة حتى رمى بنفسه بين أظهُرِ المسلمين . فقال سهيل : هذا يا محمد أول ما أُقاضيك عليه أن تردَّه إليَّ ! فقال النبي ـ ﷺ ـ : إنا لم نقض الكتاب بعد . قال : فوالله إذاً لم أُصالحك على شيً أبدا . قال النبي ـ ﷺ ـ : فأَجِزه لي . قال : ما أنا بمجيزه لك . قال : بلى فافعل . قال : ما أنا بفاعل . قال مكرز : بل قد أجزناه لك . قال أبو جندل ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أي معشر المسلمين أُرَد إلى المشركين وقد جئت مسلما ! ألا ترون ما قد لقيت ؟ وكان قد عذب عذابا شديدا في الله [زاد ابن إسحاق : فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : يا أبا جندل إصبر واحتسب فإنا لا نغدر وإن الله جاعل لك فرجا ومخرجا . . وإجازة مكرز لم تكن في أن لا يرده إلى سهيل ، بل في تأمينه من التعذيب . وأخذ أبا جندل هو وحويطبُ فأدخلاه فسطاطا وكفَّا أباه عنه .]

فقال عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ : فأتيت نبي الله ـ ﷺ ـ فقلت : ألستَ نبي الله حقاً ؟ قال : بلى . قلت : ألسنا على الحق وعدونا على الباطل ؟ قال : بلى . قلت : فلِمَ نعطي الدَّنِيَّة في ديننا إذاً ؟ قال : إني رسول الله ـ ﷺ ـ ولستُ أعصيه وهو ناصري . قلت : أوليس

كنت تحدثنا أنا سنأتي البيت فنطوف به ؟ قال : بلى ، فأخبرتك أنا آتيه العام ؟ قال : قلت : لا . قال : فإنَّك آتيه ومطوِّفٌ به ! قال : فأتيت أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقلت : يا أبا بكر أليس هذا نبي الله حقاً ؟ قال : بلى . قلت : ألَسنا على الحق وعدونا على الباطل ؟ قال : بلى . قلت : فلم نعطي الدَّنية في ديننا إذاً ؟ قال : أيها الرجل إنه لرسول الله ـ ﷺ ـ وليس يعصي ربه وهو ناصره ، فاستمسك بغرزه [بركابه] فوالله إنه على الحق . قلت : أليس كان يحدثنا أنا سنأتي البيت ونطوف به ؟ قال : بلى ، أفأخبرك أنك تأتيه العام؟ قلت : لا . قال : فإنك آتيه ومطوف به !

قال الزهري : قال عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : فعملت لذلك أعمالا [صالحة] قال : فلما فُرِغ من قضية الكتاب قال رسول الله ـ ﷺ ـ لأصحابه : قوموا فانحروا ثم احلقوا ، قال : فوالله ما قام منهم رجل حتى قال ذلك ثلاث مرات . فلما لم يقم منهم أحد دخل على أم سلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ فذكر لها ما لقي من الناس . فقالت أم سلمة ـ رضي الله تعالى عنها : يا نبي الله أتحب ذلك ؟ أخرج ثم لاتكلم منهم أحدا حتى تنحر بدنك وتدعو حالقك فيحلقك . فخرج فلم يكلم أحدا منهم حتى فعل ذلك ؛ نحر بُدْنه ودعا حالقه [خِراش بن أمية ـ رضي الله تعالى عنه ـ فحلقه] فلما رأوا ذلك قاموا فنحروا وجعل بعضهم يحلق بعضا ، حتى كاد بعضهم يقتل بعضا غمًّا [أي إزدحاما . . ما أوقر أم سلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ عقلا وفضيلة !]

ثم جاءه نسوة مؤمنات ، فأنزل الله ـ تعالى ـ : ﴿يا أيها الذين آمنوا إذا جاءكم المؤمنات مهاجرات فامتحنوهن . . (حتى بلغ) بعصم

الكوافر . . ﴾[1] فطلق عمر يومئذ إمرأتين كانتا له في الشرك ، فتزوج إحداهما [قريبة] معاوية بن أبي سفيان ، والأخرى صفوان بن أمية ، ثم رجع النبي ـ ﷺ ـ إلى المدينة . فجاءه أبو بصير ـ رضي الله تعالى عنه ـ رجل من قريش [اسمه عتبة بن أسيد] وهو مسلم فأرسلوا في طلبه رجلين [خنيس بن جابر وأزهر بن عوف] فقالوا : العهد الذي جعلت لنا . فدفعه إلى الرجلين ، فخرجا به حتى بلغا ذا الحُلَيفة ، فنزلوا يأكلون من تمر لهم ، فقال أبو بصير ـ رضي الله تعالى عنه ـ لأحد الرجلين : والله إني لأرى سيفك هذا يا فلان جيدا ، فاستلّه الآخر فقال : أجل والله إنه لجيّد لقد جرَّبت به ثم جربت . فقال أبو بصير ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أرني أنظر إليه ، فأمكنه منه . فضربه حتى برد ، وفرّ الآخر حتى أتى المدينة فدخل المسجد يعدو . فقال رسول الله ، حين رآه : لقد رأى هذا ذعرا [خوفا] فلما انتهى إلى النبي ـ ﷺ ـ قال : قُتل والله صاحبي ، وإني لمقتول . فجاء أبو بصير ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : يا نبي الله قد والله أوفى الله ذمتك ؛ قد رددتني إليهم ثم أنجاني الله منهم . قال النبي ـ ﷺ ـ : وَيْلُمِّهِ مِسْعَر حرب لو كان له أحد . فلما سمع ذلك عرف أنه سيردّه إليهم ، فخرج حتى أتى سِيف البحر [ساحله] .

قال : وينفلت منهم أبو جندل بن سهيل فلحق بأبي بصير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فجعل لايخرج من قريش رجل قد أسلم إلا لحق بأبي بصير حتى اجتمعت منهم عصابة ، فوالله ما يسمعون بعير خرجت لقريش إلى الشام إلا اعترضوا لها . فقتلوهم وأخذوا أموالهم . فأرسلت قريش إلى النبي ـ ﷺ ـ تناشده بالله والرَّحِم لما أرسل [إلى أبي بصير

(١) الممتحنة / ١٠

وأصحابه - رضي الله تعالى عنهم -]فمن أتاه فهو آمن . فأرسل النبي - ﷺ - إليهم . فأنزل الله تعالى : ﴿وهو الذي كف أيديهم عنكم وأيديكم عنهم ببطن مكة من بعد أن أظفركم عليهم . . . (حتى بلغ) الحمية حمية الجاهلية . . .﴾[1] وكانت حميتهم أنهم لم يُقرُّوا أنه نبي الله ، ولم يقروا ببسم الله الرحمن الرحيم . وحالوا بينهم وبين البيت . ح . ٤/٤٢٦ .

وقد مرَّ في حديث سلمة - رضي الله تعالى عنه - أنه نزل في الذين أرادوا من قريش أن يأخذوا المسلمين غرة فظفروا بهم فعفا عنهم النبي - ﷺ - كما في م - ٧/٤٥٢ .

تەرجەمە :

عوروەی کوڕی زوبەیر - رضي الله تعالى عنه ، ورحمه الله - لە میسوەری کوڕی مەخرومە - رضي الله تعالى عنهما - و مەروانی کوڕی حەکەم [. . .] ریوایەت ئەکا میسوەرو مەروان کوڵلێکیان تەصدیقی حەدیثی ئەوی تریان ئەکا ، ئەڵێن : پێغەمەر - ﷺ - لە زەمانی صوڵحی حودەیبییەدا [لە (ذی القعدة) ی ساڵی شەشەما] تەشریفی لە مەدینە چوە دەرێ ، کە تەشریفی بەعزێ رێی قەطع کرد [گەیی یە (ذو الحليفة) عەلامەتی هەدیی کردە ملی وشترەکانیەوەو کۆپارەی پشتیانی بریندارکردو خوێناویی کردن ، هەزارو چوارصەد تا هەزارو پێنج صەد ئەصحابی کیرامی لە خذمەتا بوو] فەرمووی : خالیدی کوڕی وەلید لەگەڵ دەستەیێ سوارەی قورەیش [کە میقداری دووصەد سوار بوون عەکرەمەی کوڕی ئەبو جەهلیشیان لە ناوا بوو] پێشەنگی لەشکری

(١) الفتح / ٢٤ - ٢٦ .

قوره‌یشن ، لای راست بگرن پیّ نه‌زانن . وه‌ڵلاهی خالید پێی نه‌زانین تا له‌شکری پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ تێپه‌ڕ بوو ، خالید دووراودوور تۆزی بینین ، ئه‌و وه‌خته چوارناڵه گه‌ڕایه‌وه‌و خه‌به‌ری برد بۆ قوره‌یش که وا پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ته شریفی یێته سه‌ریان .

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ = ویارانی = لێیان‌دا ڕۆیین تا گه‌یینه (ثنية المرار) که به‌سه‌ر قوره‌یشا ئه‌چێته‌خوارێ . له‌وێدا وشتره‌که‌ی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ گه‌ده‌ی گرت ، چۆکی دادا . خه‌ڵق بۆ هه‌ڵسانني وشتره‌که حه‌ل‌حه‌لیان ده‌ست پێکرد ، وشتره‌که مانی گرت له جێی خۆی نه‌بزووت . وتیان : قه‌صواء مانی گرتوه‌و سه‌ررِه‌ق بوه . دوو جار وایان وت ، پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : گه‌ده‌ی نه‌گرتوه‌و مانی نه‌گرتوه ، قه‌ت عاده‌تی وا نه‌بوه که مان بگرێ . ئه‌مما ئه‌وی که فیلی ئه‌بره‌هه‌ی حه‌بس کرد له مه‌که ئه‌وه‌یه که وشتره‌که‌ی له ڕۆیین حه‌بس کردوه . [چونکی پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ به‌و له‌شکره‌وه ته‌شریفی بچێ بۆ مه‌ککه قوره‌یش مومانه‌عه‌تی ئه‌که‌ن ، ئه‌مانیش موقابه‌له‌یان ئه‌که‌ن ، ئه‌وه‌یش (منجرّ)[1] ه‌بێته سه‌ر شه‌ڕو خوێن‌ڕژانن له مه‌ککه‌دا ، له عیلمی ئه‌زه‌لی خوادا وا نووسراوه که گه‌لێ که‌س له‌و موشریکانه موسوڵمان ئه‌بن] .

له پاشا پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : قه‌سه‌م به‌و ذاته‌ی که نه‌فسم به ده‌ستی قودره‌تیه‌تی ! هه‌رچیێکم لیّ طه‌له‌ب که‌ن که له‌وه‌دا ته‌عظیمی حورروماتی ، یه‌عنی ئه‌وامیرو نه‌واهی ، خوای تیابێ [به واسیطه‌ی ئه‌وه‌وه شه‌ڕ له مه‌ککه‌دا نه‌کرێ‌و خوێنی تیا نه‌ڕژێ] ئه‌یانده‌مێ . له پاشا پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ ده‌نگی له وشتره‌که کردو وشتره‌که ته‌کانی خۆیی داو

---

(١) واته ئه‌کێشێته سه‌ر شه‌ڕو کوشتار .

هەڵسا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستەجڵەوی وەرگێرا لە مەککەو تا تەشریفی چوو لە ژوور حودەیبییەوە لەسەر سەرچاوەیێکی کەمئاو دابەزی . ئاوەکەی ئەوەندە کەمبوو خەڵق بە لوێچ ئاویان لێ هەڵەهێنجا ، ئەوەندەیان پێ نەچوان تا هەموو ئاوەکەیان دەردا تنۆکێکیان تیا نەهێشت . لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ شکاتی تینوێتی کرا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تیرێکی لە تیرکەشەکەی دەرکێشا ئەمری پێ فەرموون بیخەنە ناو ئاوەکەوە ، وەڵلاهی ئەو ئاوە کەمە دەستی کرد بە هەڵقولاّن تا ئەو لەشکرە هەموویان بە تێراوبی خۆیان و ماڵیاتیان گەڕانەوە !

لەو وەختەدا کە ئەوان مەشغوولی ئەوە بوون بودەیلی کوڕی وەرقای خوزاعیی هات لەگەڵ چەند کەسێ لە قەومەکەی لە خوزاعە . بودەیل و رەفیقەکانی سیرپۆشی پێغەمەر بوون ـ ﷺ ـ لە ناو ئەهلی ئەطرافی مەکەدا . [هەر خەبەرێکی مەکەیش بوایە بۆ پێغەمەریان ـ ﷺ ـ بە راستیی ئەهێنا] بودەیل عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ کە کەعبی کوڕی لوئەیو عامیری کوڕی لوئەییم وا بەجێ هێشت کە لەسەر هەموو سەرچاوەکانی حودەیبییەدا دابەزیون وشتری تازەزاوی شیرزۆری بێچوداریان لەگەڵە [کە بە شیری ئەوانە ئیدارە بکەن و مەجبوور نەبن بە گەڕانەوە تا مەنعتان ئەکەن لە طەوافی بەیت] هەموو شەرت لەگەڵ ئەکەن مەنعت ئەکەن لە بەیت . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئێمە بۆیە نەهاتووین کە لەگەڵ هیچ کەسێکا شەڕ بکەین ، بۆیە هاتووین کە عومرە بکەین ، قورەیشیش ئەوەندەیان حەرب کردوە کە حەزب زەعیفی کردوون [نە قووەتی هێشتوون نە ماڵیانی هێشتوە] حەرب زەرەری پێگەیانوون . . ئەگەر هەوەسیان هەیە موددەتێکیان بۆ دائەنێم لەو موددەتا حەربیان لەگەڵ نەکەم ، واز لە من و کوففاری عەرەب بێنن

دەخڵمان نەکەن ، نەبن بە مانیع کە حەربیان لەگەڵ بکەین ، ئەگەر من غاڵب بووم بەسەریانا ئەو وەختە هەوەسیان پێێ ئەوانیش وەك خەڵق بێنە ژێر ئیطاعەمەوە ، ئەگەر غاڵب نەبووم ئێوە لە حەرب‌کردن لەگەڵ منا رەحەت ئەبن .

[ئیبن و عائیذ لە زوهری‌یەوە ریوایەت ئەکا کە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەگەر عـەرەب غاڵب بـوون بەسـەرما ئـەوە مەقصـوودی ئەوانەو بەجێ بێت] ئەگەر ئەوان هەر ئیصرار بکەن‌و مەنعم بکەن لە طەوافی بەیت قەسەم بەوەی کە نەفسی من بە دەستی قودرەتیەتی لەسەر ئەم ئیشی خۆمە ، کە تەبیلغی ریسالەت‌و ئەوامیـرو نەواهی خـوایە ، حەربیان لەگەڵا ئەکەم تا رۆح لەسەرما بێ‌و سەرم لێ جوێ ئەبێتەوە . بە تەحقیق خوا ئیشی خۆی ئەباتەسەر [دینی خۆی نوصرەت ئەدا] .

بـودەیل عـەرزی پێغەمـەری کـرد : ئـەم فـەرمـوودەی تـۆیـان پێ ئەگەیێنم . بودەیل لێیدا رۆیی تا چوە ناو قورەیشەوە ، پێی‌وتن : لای ئەم پیاوەوە هاتووم قسەییێکم لێ بیست کە ئەیفەرموو ، ئەگەر هەوەستان پێێ پێتان بڵێم ؟ سوفـەهای قـورەیش [وەك عەکـرەمەی کـوری ئەبـو جەهل‌و حەکەمی باوکی مەروان ، مەروان لێرەدا ئیعتیـرافی کردوە بـە سەفاهەتی باوکی] = وتیان = : ئێمە ئیحتیاجیمان بەوە نی‌یە کە لەوەوە خەبەری هیچمان بدەیتێ . صاحیب عەقڵەکانیان بە بودەیلیـان وت : چیت لێ بیستـوە کە فـەرموویـەتی بیڵێ . ئـەوی کە پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووبووی هەمووی پێ‌وتن .

عوروەی کوری مەسعوودی ئەقەفی هەڵسا وتی : ئەی قەومی من بۆ ئێوە باوك نین ؟ وتیان : بەڵێ . بۆ ئێوە کوری باوکتان نین ؟ وتیان :

بەلْێ . وتی : هیچ تومەتم پێ ئەبەن [کـە لەگـەڵتان راست نـەبم] ؟ وتیان : خەیر . وتی : بۆ ئێوە نازانن کە من خەڵقی عوکاظەم هەڵتاوان کە بێن موعاوەنەتتان بکەن کە ئیمتیناعیان لەوە کرد کە بە قسەم بکەن ئەهلو ماڵو منداڵو ئەوانەی کە بە گوێیان کردم هەڵسابن و هاتمە ناو ئێوە ؟ وتیان : بەلێ . وتی : ئەم پیاوە [کە پێغەمەرە - ﷺ -] رێیێکی خێری پێ نیشان داون کە صوڵحە قەبوولی بکەن بێڵن بچمە لای . وتیان : بچۆ .

هـاتە خـذمەت پێغـەمەر - ﷺ - دەستی کـرد بە قسـەکـردن لـە خذمەتیا . پێغەمەر - ﷺ - وەك بە بودەیلی فەرموو بوو بەویشی فەرموو . ئەو وەختە عوروە عەرزی پێغەمەری کرد - ﷺ - : ئەی محەمەد ئەگەر تۆ قەومەکەی خۆت لە بێخ دەرهێنی هیچ کەسێکت لە عەرەب بیستوە لە پێش خۆتەوە کـە کەس و کـارو خزمی خـۆی لە بێـخ دابێ ؟ ئەگـەر بە نەوعێکی تر بێ [یەعنی قەومەکەت بەسەر تۆدا غاڵب ببن مەپرسـە کە چیت بەسەرا یێنن !] وەڵڵاهی من لەگەڵ تۆدا ئەشرافی خەڵق نابینم ! لە قەبائیلی موختەلیفە بەعزێ کەست لەگەڵا ئەبینم لایەقن بەوە کە هەموو فیرار بکەن و بـە تەنها بتهێڵنـەوە . ئەبـوبەکـر - رضي الله تعالى عنـه - فەرمووی : قیتکەی لات بمژە ! ئێمە فیرار ئەکەین و بە تەنها بـە جێی بێڵین ؟ ! عوروە پرسی : ئەمە کێیە ؟ فەرموویان : حەزرەتی ئەبوبەکرە - رضي الله تعالى عنه - عوروە وتی : قەسەم بەوەی کە نەفسی من بـە دەستی قودرەتیەتی ئەگەر نیعمەتێکت بەسەرمەوە نەبوایە کە ئێشتا پاداشم نەداویتەوە جوابم ئەدایتەوە . [ئەو نیعمەتە ئەوەیە کە عوروە خوێنێکی گرتبوە سەر خۆی کە بیدا . حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - یاریدەییکی باشی دا دە وشتری بۆ بژارد] .

عوروه هەر قسەی لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ ئەکرد هەر قسەیێکی ئەکرد [بە عادەتی عەرەب بە مولاطەفە] ریشی موبارەکی پێغەمەری ئەگرت ـ ﷺ ـ موغیرەی کوڕی شوعبەی برای عوروە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ژوور سەری پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ [بۆ موحافەظە] دەست بەشیرەوە راوەستابوو کڵاوزرێی لەسەرا بوو [خۆی لە عوروەی مامی شاردبوەوە] هەر وەختێ کە عوروە دەستی ئەهێنا بۆ ریشی موبارەکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ موغیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ [بۆ تەعظیمو ئیجلالی پێغەمەر ـ ﷺ ـ] بە قەبزەی شیرەکەی لە دەستی عوروەی ئەدا پێی ئەفەرموو : دەستت لادە لە ریشی موبارەکی پێغەمەر ـ ﷺ ـ [لایەق نی یە بۆ موشریك دەستی لێدا] . عوروە سەری هەڵبڕی وتی : ئەمە کێیە ؟ پێیان فەرموو : موغیرەی کوڕی شوعبەیە [ئیبنوئیسحاق ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ . زەردەخەندەی کرد . عوروە عەرزیکرد : ئەمە کێیە ئەی محەمەد ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەوە = موغیرەی = کوڕی = شوعبەیە = موغیرەی براتە !]

عوروە بە موغیرەی وت ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ئەی غەدداری عەهدشکێن بۆ من لەو غەدرەدا کە کردت هەوڵم بۆ نەدای تا لەوە نەجاتم دای ؟ موغیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە زەمانی جاهیلییەتا لە ثەقیف بوو بە رەفیقی چەند کەسێ ، هەمووی کوشتنو ماڵەکەی بردن . لە پاشا هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ و موسوڵمان بوو .

[مەسئەلەکە وایە : چەند کەسێ لە ثەقیف ئەچن بۆ میصر بۆ لای (مقوقس) ، موقەوقەس حورمەتیان ئەگرێو خەڵاتیان ئەکا ، دەرحەق موغیرە بێموبالاتیی ئەکا ؛ چونکی موغیرە لەو زائیرانە نەبوو ، ئەوان لە بەنیمالیکی ثەقەفیی بوون ، موغیرە ئەوەی بەدڵەوە گرت کە وەختێ لە

ڕێدا دائەبەزن و شەراب ئەخۆنەوەو سەرخۆش ئەبن ئەنوون . . موغیرە ئەیانکوژێ و ماڵەکانیان ئەبا ، کە ئەو خەبەرە ئەگا بە ثەقیف کەس و کاری مەقتولەکان تەمای شەڕکردنیان ئەبێ لەگەڵ قەومی موغیرەدا . عوروەی مامی بۆی تێ‌ئەکەوێ ، تا خوێنی سێنزە کەسیان لێ سەندو صوڵحیان کرد ، کە موغیرە - رضي الله تعالی عنه - بە موسوڵمانیی ئەچێتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - لێی ئەپرسێ : مالیکی یەکانت چی لێ‌کرد ؟ عەرزی‌کرد : کوشتمن و ماڵەکانیانم هێناوەتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - کە تەخمیسی بکاو ، چی لێ ئەکا بیکا] پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئیسلامەتی قەبووڵ ئەکەم ، ئەمما ماڵەکانیانم ناوێ و ئیشم پێی نی‌یە [چونکی بە غەدر لێی سەندوون ، ماڵی موشریك هەر لە حەربا تالاّن ئەکرێ . پێغەمەر - ﷺ - ماڵەکەی بە دەست موغیرەوە هێشت بە ئومێدی ئەوە کە قەومی مەقتولەکان موسوڵمان ببن و بیانداتەوە] .

لە دواییدا عوروە - رضي الله تعالی عنه - هەردوو چاوی بڕیبوە ئەصحابی پێغەمەر - ﷺ - ، عوروە وتی : وەڵلاهی پێغەمەر - ﷺ - هیچ بەڵغەمێکی فڕێ نەدەدا کە نەکەوێتە ناو دەستی صەحابەیێکەوەو لە سەرو چاوی خۆیی و بەدەنی هەڵنەسوێ ! کە ئەمرێکی پێ‌ئەفەرموون دەزبەجێ بەجێیان ئەهێنا ، کە دەزنوێژی ئەشت لەسەر ئاوی دەزنوێژی نزیك بوو کە لەگەڵ یەکتریدا شەڕ بکەن ! کە قسەی ئەفەرموو لە خزمەتیا دەنگی خۆیان پەست ئەکرد ، لەبەر تەعظیمی چاویان تێ‌نەئەبری . عوروە گەڕایەوە بۆ لای ڕەفیقەکانی پێی‌وتن : ئەی قەومی من وەڵلاهی چوومە لای پادشایان ، چوومە لای قەیصەرو ، کیسراو ، نەجاشیی . وەڵلاهی هیچ پادشایێکم نەدیوە کە ئەصحابی تەعظیمی

بكەن بەو نەوعەی کە ئەصحابی محەمەد ـ ﷺ ـ تەعظیمی محەمەد ئەکەن ـ ﷺ ـ . وەڵڵاهی هیچ بەڵغەمێ فڕێ نادا کە نەکەوێتە ناو دەستی یەکێ لە ئەصحابی و لەسەرو چاوو بەدەنی خۆیی هەڵئەسوێ ، کە ئەمرێکیان پێ بکا دەزبەجێ بەجێی بێنن ، نزیکە لەسـەر ئاوی دەزنـوێژی شـەڕ بکەن ، کە قسەی فەرموو دەنگی خۆیان پەست ئەکەنەوە لە خذمەتیا لەبەر تەعظیم و ئیجلالی ، چاوی لێ وردناکەنەوە . . ئەو شتێکی چاك و باشی پێ نیشان داون [کە صوڵحە] قەبووڵی بکەن .

[عوروە ـ رضي الله تعالی عنه ـ موسوڵمان بـوو گەڕایـەوە بۆ نـاو قەومەکەی دەعوەتی کردن بۆ ئیسلامەتی شەهیدیان کرد] .

پیاوێ لە بەنی‌کەنانە [کـە حولـەیسە] وتی : وازم لێ بێنن بچمـە لای ، وتیان : بچۆ . کە نزیك بۆوە لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەصحابی ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەمە فلانی کوڕی فلانە [حولەیسی کوڕی عەلقەمەیە] لە قەومێکە کە تەعظیمی وشتری حەج ئەکەن ، وشترەکانی بەن بەپیرەوە . وشترەکانیان برد بە پیرەوەو بە (لبيك لبيك) چوون بە ئیستیقبالیەوە . حولەیس وتی : (سبحان الله) دروست نی‌یە ئەمانە مەنع بکرێن لە طەوافی بەیت . کە گەڕایەوە بۆ لای قورەیشی رەفیقی وتی : چاوم پێکەوتن قەلادەیان بە ملی وشترەکانیانا هـەڵاوەسیوە ، کـۆپارەی وشترەکانیان بریندار کردوە ، خوێنیان تێ‌هـەڵسوە . رەئیم وا نی‌یـە کە ئەمانە لە طەوافی بەیت مەنع بکرێن .

[ئیبن و ئیسحاق ئەفەرموێ : وتی : ئەی جەماعەتی قورەیش من وام موقاوەلە لەگەڵ نەکردوون ! چۆن کەسێ تەعظیمی بەیت بکاو بۆ طەوافی بەیت بێ مەنع ئەکرێ لە طەواف ؟ ! قورەیش پێیان‌وت : ئەی حولەیس واز لەم نەوعە قسانە بهێنە تا ئێمە شتێکی وا ئەکەین کـە لێی

رازیی ببین] .

پیاوێکی تریان که میکرەزی کوڕی حەفصی پێ ئەڵێن وتی : وازم لێبێنن من بچمە لای . وتیان : بچۆ . که له پێغەمەر ـ ﷺ ـ نزیك بوەوە فەرمووی : ئەمە میکرەزی فاجیری عەهدشکەنە [فەقەط لە حودەیبییەدا عەهدی نەشکان] دەستی کرد بە قسەکردن لە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەو وەختەدا کە قسەی عەرزئەکرد سوهەیلی کوڕی عەمر هاتە خزمەتی [سوهەیلیش لە غەزای فەتحا موسوڵمان بوو] .

موعەممەر کە یەکێکەلەراویی‌ئەم حەدیثە ئەفەرموێ : عەکرەمە وتی : کە سوهەیل هات پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئیشتان بۆ سەهل بوو . [ئەم میقدارە مورسەلە ، شاهیدێکی مەوصوولی هەیە ، ئیبن‌وئەبی شەیبە لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە ریوایەت ئەکا کە قورەیش سوهەیلی کوڕی عەمرو حوەیطیبیان ناردە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە صولحیان لەگەڵ بکا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە چاوی بە سوهەیل کەوت فەرمووی : ئیشتان بۆ سووك بوو] . موعەممەر لە زوهری‌یەوە ریوایەت ئەکا فەرمووی : سوهەیل هات . [ئیبن‌و ئیسحاق ئەفەرموێ : کە سوهەیل گەیی‌یە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە بەینیانا قسە کرا ، تا صوڵحیان کرد لەسەر ئەوە : کە دە ساڵ حەرب نەکەن ، لە یەکتر ئەمین بن ، ئیمساڵ بگەڕێنەوە] سوهەیل عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : بێنە صوڵحی بەینی ئێمەو ئێوە بنووسە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ کاتبی بانگ‌کرد [کە حەزرەتی عەلی‌یە ـ کرم الله وجهه ـ] .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بنووسە : (بسم الله الرحمن ارحیم) ، سوهەیل وتی : وەڵڵاهی نازانم کە رەحمان چیە (باسمك اللهم) بنووسە ، وەك لەمەوپێش ئەتنووسی . موسوڵمانان فەرموویان :

وەڵڵاهی ئەوە نانووسین ، هەر (بسم الله الرحمن الرحیم) ئە نووسین .[1] پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : (باسمك اللهم) بنووسە . لە پاشا پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئەمە ئەوەیە کە محەمەدی رەسوولی خوا صوڵحی لەسەر کردوە . سوهەیل وتی : وەڵڵاهی ئەگەر بمانزانیایە کە تۆ رەسوولوڵڵای لە طەوافی بەیت مەنعمان نەئەکردی و حەربمان لەگەڵ نەئەکردی ، بنووسە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : وەڵڵاهی بە تەحقیق من رەسوولوڵڵام با ئێوەیش پێم باوەڕ نەکەن و تەکذیبم بکەن ، محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا بنووسن .

محەمەدی کوڕی موسلیمی کوڕی شەهابی زوهریی ئەفەرموێ : بۆیە پێغەمەر - ﷺ - هەرچی سوهەیل وتی ئەوەی نووسی چونکی لەو وەختەدا کە وشترەکەی مانی گرت و نەڕۆیی فەرمووی : هەر شتێکی تەعظیمی حورمەتی خوای تیابێ و بەوە مەنع ئەبن لەوە کە لە حەرەما شەڕو شۆڕ نەبێ و لێمیان بوێ ئەیاندەمێ . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : لەسەر ئەوە بەینی ئێمەو بەیت بەرەڵڵا بکەن کە طەوافی بکەین . سوهەیل وتی : وەڵڵاهی نابێ عەرەب بڵێن کە ئێمە بە زۆرو قووەت گیرراوین ، طەوافی ئێوە هی بەیت ساڵی دوایی بێ . عەلی - رضي الله تعالی عنه - ئەوەی نووسی . سوهەیل وتی : لەسەر ئەوەیش هەر پیاوێ لە ئێمە - با لەسەر دینی ئێوەیش بێ - کە هاتە لای ئێوە بۆمان رەد بکەنەوە . موسوڵمانان فەرموویان : (سبحان الله) چۆن پیاوێ بە

(١) لە دەقە عەرەبی‌یەکەدا هەندێك جیاوازیی لەگەڵ ئێرەدا هەیە ، واتە دانەر هەندێ شتی کورت‌کردوەتەوە ، وەك باسی نازڵبوونی ئایەتی سوورەتی نەمل .

موسوڵمانەتی بێتە لای ئێمە ئەدرێتەوە بە موشریکان ؟ !

لەو وەختانەدا ئەبو جەندەلی کوڕی سوهەیل زنجیری رائەکێشاو ئەرۆیی هاتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی لە خوار مەکەوە لە مەکە هاتبوە دەرێو خۆی هاویتە بەینی موسوڵمانانەوە . سوهەیل وتی : (یا محمد) ئەمە ئەووەڵ کەسێکە کە صوڵحی لەسەر ئەکەم کە بۆم ئیعادە بکەیتەوە . پێغەمەر فەرمووی : ئێمە ئێشتا صوڵحنامەکەمان تەواو نەکردوە [یەعنی هاتنی ئەبوجەندەل لە پێش نووسینی صوڵحنامەکەدا بوە ، داخڵ نابێ] سوهەیل وتی : کە وابێ وەڵڵاهی ئیتر لەسەر هیچ شتێ صوڵحت لەگەڵ ناکەم . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئەمە [یەعنی ئیعادەنەکردنەوەی ئەبوجەندەل] بۆ من راببوێرە . سوهەیل وتی : خەیر رای‌نابوێرم . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : خەیر بیکە . سوهەیل وتی : هیچ نایکەم . میکرەز وتی : بەڵێ وا ئێمە ئەوەمان بۆ تۆ بەجێ هێنا .

[پێغەمەر - ﷺ - چونکی موعاهەدەتنامەکەی لە بەینی ذاتی سەعادەتی ئەوو سوهەیلا بوو ئیعتیباری بە ئیجازەکەی میکرەز نەکردو رازیی بوو بە ئیعادەی ئەبو جەندەل][1]

ئەبوجەندەل - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : ئەی جەماعەتی موسوڵمانان بۆ من رەدئەکرێمەوە بۆ موشریکان ؟ من بە موسوڵمانەتی هاتووم

(١) دانەر -خ- لەسەر ئەمە - لە دەقە عەرەبی‌یەکەدا - نووسیویە : ئیجازەی میکرەز بۆ ئەوە نەبوو کە نەیدەنەوە بە سوهەیل ، تەنها بۆ ئەوە بوو کە بردیانەوە مەکە - وەك پێشوو- سزای نەدەن . جا لەگەڵ حوەیطیبدا ئەبوجەندەلیان برد لە شوێنێکدا دایان‌ناو دەستی باوکیان لە سزادانی کۆتا کرد .

نابینن کە تووشی چی بووم ؟ ئەبو جەندەل - رضي الله تعالى عنه - لەبەر ئەمە کە دینی خوای قەبووڵ کردبوو موسوڵمان بوبوو زۆر عەذابیان دابوو ، بە عەذابێکی قورس عەذاب درابوو [ئیبن وئیسحاق ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - بە ئەبوجەندەلی فەرموو : ئەی ئەبوجەندەل صەبر بکەو بەو صەبرە ئەجر لە خوا طەلەب بکە ، ئێمە غەدر ناکەین صوڵح هەڵناوەشێنین ، خوایش فەرەجێك و رێگەی نەجاتێ بۆ تۆ هەڵەخا . . . - ئەم فەرموودەی پێغەمەرە - ﷺ - زۆر زوو تەحەقوقی کرد . صدق رسول الله . ﴿وما ينطق عن الهوى﴾][1] .

ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : چوومە خذمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزم کرد : بۆ تۆ پێغەمەری بە حەقی خوا نیت ؟ فەرمووی : با . عەرزم کرد : بۆ ئێمە لەسەر رێی حەق و ئەوان لەسەر رێی باطیل نین ؟ فەرمووی : با . عەرزم کرد : ئەی بۆچی ئێمە لە خوصووصی دینا ذیللەت قەبووڵ بکەین و هەرچی ئەوان لێمان طەلەب بکەن پێیان عەطا بکەین ؟ پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : بە تەحقیق من رەسوولی خوام لەوانە نیم کە عیصیانی لێ بکەم . ئەو نەصرەتم ئەدا . عەرزم کرد : بۆ تۆ خەبەرت نەداینێ کە ئەچینە بەیت طەوافی ئەکەین ؟ فەرمووی : بەڵێ بۆ من خەبەری ئەوەم داویتێ کە ئیمساڵ ئەچینە بەیت ؟ عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : عەرزی کرد : خەیر . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : بە تەحقیق تۆ ئەچیتە بەیت و طەوافی ئەکەی .

عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : چوومە خذمەت

(١) النجم / ٤ .

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عـەرزم‌کرد : ئـەی ئەبـوبەکـر . . . (والحاصل) چی عەرزی پێغەمەر ـ ﷺ ـ کردبوو عەینی ئەوەیشی عەرزی حەزرەتی ئەبوبەکر کرد ، چە جوابێکی لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەرگرتبوو بێ کەم و زیاد ئەو جوابەیشی لە حەزرەتی صەدیقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەرگرت .

زوهریی ـ رحمه الله ـ هەر بەو ئیسنادە ئەفەرموێ : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بۆ ئەو قسانەی کـە لە خـزمەت پێغـەمەرا ـ ﷺ ـ و لە خزمەت ئەبوبەکرا ـ رضي الله تعالى عنه ـ کردبـووم گەلێ ئەعمالی صالیحەم کـرد . [ئیبن و ئیسحاق ـ رحمـه الله ـ ئەفـەرموێ : عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیفەرمـوو : بۆ کـەفارەتی ئـەو قسانـە صەدەقەم ئەکردو ، نوێژم ئـەکرد ، رۆژووم ئـەگرت ، عـەبدم ئـازاد ئەکرد . . ـ ئیمامی عومـەر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەو قسـانەی کـە فەرموویبووی بۆیە فەرموویبووی کە لە حیکمەتی ئەو موصالەحەیە بگاو ، لەسەر حیرصی بوو کە کافران ذەلیل بکا . حەزرەتی ئەبوبەکر چونکی ئیمانی لە ئیمانی هەموو ماسیوای پێغەمەر ـ ﷺ ـ کامڵترو بەقووەتتر بوو تەسلیمی بۆ ئەوامیری پێغەمەر ـ ﷺ ـ زیاتر بوو ، لێی یەقـین بوو کـە پێغەمەر ـ ﷺ ـ هیچ بێ حیمکەت و بێ ئەمری خوا ناکا . . هیچ شەقی شەفەی[1] نەکردو ئیعتیرازی نەگرت ـ رضي الله تعالى عنهم أجمعين ـ . راویی ئەفەرموێ : کە صوڵحنامـەکە تـەواو بوو [لـە موسـوڵمانـان وەك ئەبوبەکرو عومەرو عەلی و گەلێ ریجالی تر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ و گەلێ لە موشریکان وەك میکرەز شەهادەتیان لەسەر دا] .

(١) واتە لێوی نەکردەوەو دەمی نەدڕی‌یەوە .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری بە ئەصحابی کیرامی فەرموو هەڵسن هەدیەکانتان سەرببڕن و سەرتان بتاشن . وەڵڵاهی پیاوێکیان هەڵنەسا [مونتەظیری نوزووڵی وەحی بوون] سێ دەفعە ئەو ئەمرەی تیکرار کردەوە هەر هەڵنەسان . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوە لای (أم سلمة) ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەو موعامەلەی ئەصحابەی پێ فەرموو . ئوممومسەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ عەرزی کرد : حەزەکەی کە ئەصحاب لە ئیحرام بێنەدەرەوەو هەدیەکانیان سەرببڕن و سەر بتاشن . [ئیبن و ئیسحاق لە ریوایەتی خۆیا ئەفەرموێ : (أم سلمة) ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : (یا رسول الله) لەومی ئەصحابت مەکە بەوە کە لە مەسئەلەی صوڵحا زۆر زەحمەتت کێشاو بێ ئەمە فەتحی مەکە بکەی بگەڕێیتەوە زۆر دڵ مەحزوون بوون] تەشریفت بچێتە دەرێ و قسە لەگەڵ هیچ کەسا مەکەو هەدیەکانت سەر ببڕەو دەلاکت بانگ کە سەرت بتاشێ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ وەك (أم سلمة) ـ رضي الله تعالى عنها ـ عەرزی کردبوو تەشریفی چوەدەرێ و وشترەکانی خۆیی سەربڕی و ، دەلاکەکەی [کە خیراشی کوڕی ئومەییەی خوازعیی بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ] بانگ کردو سەری موبارەکی تاشی . کە ئەصحاب ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەوەیان دی هەموو هەڵسان وشترەکانیان سەربڕی و سەری یەکتریان تاشی . لەبەر زۆرییان وەخبوو کە یەکتری بکوژن و بپلیشێننەوە . [تەماشای عەقڵ زۆری و زەکاوەتی (ام سلمة) بکەن ـ رضي الله تعالى عنها ـ !] .

لە موددەتی ئەو صوڵحەدا چەند ژنێکی مەککەیی موسوڵمان بوون و هیجرەتیان کرد بۆ خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ [موافیقی عەهدنامەکە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیرادەی وابوو ئیعادەیان بکاتەوە] خوا ـ عز وجل ـ ئەو

ئایەتی سوورەتی مومتەحینەی نازڵ فەرموو کە ئەفەرموێ : ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هەیە کە ژنی موسوڵمان هیجرەتیان کردو هاتنە لای ئێوە ئیمتیحانیان بکەن تا بزانن کە بە تەواویی موسوڵمان بوون یان‌نا . تا (بعصم الكوافر) نازڵ بوو .

[ئایەتەکە بە تەواویی مەعنای وایە : ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هەیە کە ژنانی موسوڵمان‌بوو بە موسوڵمانەتیی هیجرەتیان کرد بۆ لای ئێوە ئیمتیحانیان بکەن . خوا عیلمی هەیە بەمە کە بە دڵ موسوڵمان بوون یان نا . ئەگەر ئەوانتان بە موسوڵمان زانی ئیعادەیان مەکەنەوە بۆ کافران ، نە ئەو ژنانە بۆ کافران حەڵاڵن ، نە کافران کە مێردەکانیانن بۆ ئەو ژنانە حەڵاڵن . ئەو مارەیی‌یەی کە مێردە کافرەکانیان داویانێ بیاندەنەوە ، گوناه نیە بۆ ئێوە ئەو ژنانە لە خۆتان مارە بکەن ؛ چونکی بە ئیسلام‌بوونیان لە مێردەکانیان جوێ‌ئەبنەوە . بەو شەرتە دروستە مارەیان بکەن کە مارەیی بدەنێ ، ئەو ژنە کافرانە کە لە لاتانن بەو نیکاحەی کە کردووتانە لای خۆتان رایان‌مەگرن . ئەو مارەیی‌یەی کە داوتانێ وەری‌بگرنەوە ، ئەوانیش ئەو مارەیی‌یەی کە داویانە بەو ژنانە کە موسوڵمان بوون‌و ئێوە مارەیان ئەکەن . . لە ئێوە پستێننەوە . ئەم رەددو بەدەڵە حوکمی خوایە ، خوا بەو نەوعە لە بەینتانا حوکم ئەکا .] ئەو رۆژە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوو ژنی تەڵاق دا کە لە زەمانی موشریکیدا هێنابوونی . [یەکێکیان (قريبة) ی کچی ئەبوئومەییە بوو ، یەکێکیان کچی حەروەڵی خوزاعیی بوو] . موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان قەریبەی مارەکرد ، صەفوانی کوڕی ئومەییە ئەوی تری مارە کرد .

لە پاشا پێغەمەر تەشریفی گەڕایەوە بۆ مەدینە . ئەبوبەصیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە پیاوێکە لە قورەیش بە موسوڵمانی هات بۆ خزمەت

پێغەمەر ـ ﷺ ـ دوو پیاویان نارد بە شوێنیا [خونەیس و ئەزهەر] عەرزی پێغەمەریان ـ ﷺ ـ کرد : بەو عەهدەی لە حودەیبییەدا لەگەڵ ئێمەت کرد ئەبوبەصیرمان بدەرەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەبوبەصیری تەسلیم کردنەوە ، بردیانە دەرێ تا گەیینە (ذو الحليفة) لەوێ دابەزین ، خورما یان پێ بوو بیخۆن . ئەبوبەصیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە یەکێ [خونەیس] لەو دوو پیاوەی وت : بە خوا لام وایە شیرەکەت زۆر باشە ، ئەوی تریان [ئەزهەر] شیرەکەی لە کالان دەرکێشاو تێی فکری وتی : بەڵێ وەڵڵا زۆر شیرێکی باشە ، تەجرەبەم کردوەو ، تەجرەبەم کردوە . ئەبوبەصیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئا بمدەرێ تەماشای بکەم . کە شیرەکەی دایەدەستی و وەری گرت ئەبوبەصیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ شیرێکی لێداو کوشتی و مردو بەلادا هات ، ئەوی تریان هەرای کرد ، تا گەیی یە مەدینەو چوە ناو مەسجیدی نەبەوی یەوە ـ علیه الصلاة والسلام ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە چاوی پێی کەوت فەرمووی : ئەمە ترسێکی دیوە . کە گەیی یە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی کرد : رەفیقەکەم کوژراو وەڵڵاهی منیش ئەکوژرێم ! ئەبوبەصیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هاتەوە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی کرد : (یا نبي الله) وەڵڵاهی خوا وەفای بە عەهدی تۆ کرد ، منت تەسلیم کردنەوەو خوا لە دەستیان نەجاتی دام . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : دایکی بۆی بلاوێنێتەوە چە شەڕهەڵگیرسێنەرێکە ئەگەر کە سێکی ببێ موعاوەنەتی بکا ؟ !

ئەبوبەصیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە ئەوەی لە پێغەمەر بیست ـ ﷺ ـ تێگەیی کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئیعادەی ئەکاتەوە . لە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ چوەدەرێ و چوو بۆ ساحیلی بەحر [بەینی شام و مەککە کە

(عيص)ی ناوە] ئەبوجەندەلیش [وەك پێغەمەر - ﷺ - پێی فەرمو بوو] لە دەست موشریکان نەجاتی بووبوو ، ئیلتیحاقی کرد بە ئەبوبەصیر ، هەرچی لە قورەیش موسوڵمان ببوایە ئەچوو بۆ لای ئەبوبەصیر . . تا جەماعەتێکی بەقووەت کۆبوونەوە . وەڵڵاهی هیچ کاروانێکی قورەیشییان نەئەبیست کە لە مەککە بچێتە دەرەوە بۆ شام بە تیجارەت کە ئەبوبەصیرو رەفیقەکانی رێیان پێ نەگرن‌و نەیان کوژن‌و ماڵەکانیان بە تالان نەبەن .

قورەیش ئەبو سوفیانیان ناردە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - بە خواو بە رەحمێ کە لە بەینیاندا بوو ، پێغەمەریان - ﷺ - سوێن‌ئەداو طەڵەبی ئەوەیان لێ ئەکرد کە بنێرێتە لای ئەبوبەصیر کە قورەیش ئەذیەت نەداو رێی کاروانیان نەگرێ‌و نەیان کوژێ‌و تالانیان نەکا ، بەو شەرتە هەرکەسێ کە موسوڵمان بێ‌و بچێتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - ئەمین بێ لەوە کە ئیعادەبکرێتەوە بۆ قورەیش . پێغەمەر - ﷺ - ناردی بۆ لای ئەبوصیر کە ئیتر دەخڵیان نەکا . خوا ئەو وەختە ئەم ئایەتەی نازڵ کرد کە مەئالی شەریفی وایە : خوا ئەو خوایەیە کە دەستی کافرانی لە ئێوە بەست‌و دەستی ئێوەیشی لەوان مەنع کردوە لە مەککەدا لە دوای ئەمە کە ئێوەی بەسەرا (مظفر) کردن . . تا (الحمية حمية الجاهلية) . حەمییەتی ئەوان ئەوە بوو ئیقراریان نەکرد بە پێغەمەریی پێغەمەر - ﷺ - و بە (بسم الله الرحمن الرحيم) و بوون بە مانیعی ئەمە کە طەوافی (بيت الله) بکەن .

[لە حەدیثەکەی ئەنەسدا - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : دەرحەق ئەوانە نازڵ بوو کە تەمایان بوو فرصەت لە پێغەمەر - ﷺ - بزانن‌و بیکوژن . پێغەمەر - ﷺ - گرتنی‌و عەفوی کردن] [. . . .] .

۱٤۰۲/۸۳ عن أنس - رضي الله تعالى عنه - أن ثمانين رجلا من أهل

مكة هبطوا على رسول الله ـ ﷺ ـ من جبل التنعيم متسلحين ، يريدون غرة النبي ـ ﷺ ـ [أي غفلته] وأصحابه ، فأخذهم سَلْمًا ، فاستحياهم . فأنزل الله ـ عز وجل ـ ﴿وهو الذي كفَّ أيديهم عَنكم وأيديكم عنهم ببطن مكة ، من بعد أن أظفركم عليهم . . .﴾[1] ببطن مكة .
م ـ ٤٦٣/٧ .
ئەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : هەشتا کەس لە ئەهلی مەککە لە شاخی تەنعیمەوە بە سیلاحەوە هاتنەخوارێ کە بدەن بەسەر پێغەمەر ـ ﷺ ـ داو بـە غەفڵەت خـۆیو ئەصحـابی بگرن . پێغـەمەر ـ ﷺ ـ [لە دوای ئەمە کە هیچیان نەکردو عاجز بوون] بە صوڵح گرتنیو کردنی بە ئەسیر . پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەیکوشتنو عەفوی کردن . ئەووەختە ئەو ئایەتە نازڵ بوو کە ئەفەرموێ : خوا ئەو خوایەیە کە دەستی کافرانی لە ئێوە بەستو نەیانتوانی زەرەرتان پێ‌بگەیێنن ، دەستی ئێوەیشی لـەوان مەنع کردو عەفوتان کردن ، لە دوای ئەمە کە لە مەککەدا ئێوەی بەسەر ئەوانا غاڵب‌کرد .

١٤٠٣/٨٤ عن نافع أن الناس يتحدثون أن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أسلم قبل عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وليس كذلك . ولكن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يوم الحديبية أرسل عبدالله إلى فرس له عند رجل من الأنصار يأتي به ليقاتل عليه ، ورسول الله ـ ﷺ ـ يبايع عند الشجرة وعمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لايدري بذلك ، فبايعه عبدالله ، ثم ذهب إلى الفرس فجاء به إلى عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وعمر يستلئم للقتال

(١) الفتح / ٢٤ .

فأخبره أن رسول الله - ﷺ - يبايع تحت الشجرة . قال : فانطلق فذهب معه حتى بايع رسول الله - ﷺ - فهي التي يتحدث الناس ان ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أسلم قبل عمر - ح - ٦/٣٤٢ .

٨٥/١٤٠٤ نافع عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن الناس كانوا مع النبي - ﷺ - يوم الحديبية تفرقوا في ظلال الشجر ، فإذا الناس محدقون بالنبي - ﷺ - فقال : يا عبدالله أنظر ما شأن الناس قد أحدقوا برسول الله - ﷺ - ؟ فوجدهم يبايعون ، فبايع ثم رجع إلى عمر - رضي الله تعالى عنه - فخرج فبايع . ح - ٦/٣٤٢ .

ئەرجەمە :

نافیع - رحمە الله - ئەفەرموێ : خەڵق ئەڵێن کە ئیبن‌وعومەر لە پێش عومەرا - رضي الله تعالى عنهما - موسوڵمان بوە وا نی‌یە . ئەمما رۆژی حودەیبییە عومەر عەبدوڵڵای نارد بۆ ئەسپێکی لای پیاوێکی ئەنصار بوو بۆی بێنێ کە حەربی لە سەر بکا پێغەمەر - ﷺ - لای شەجەرەی ریضوان بەیعەتی لەگەڵ خەڵقا ئەکرد ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - خەبەری لەوە نەبوو ، عەبدوڵڵا بەیعەتی کرد ، لە پاشا چوو ئەسپەکەی بۆ هێناو ئەویش زرێی ئەپۆشی بۆ حەرب ، خەبەری دایێ کە پێغەمەر - ﷺ - لە ژێر (شجرة الرضوان)ا بەیعەت لەگەڵ خەڵقا ئەکا . عومەر - رضي الله تعالى عنه - تەشریفی چوو بۆ خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەبدوڵڵایش - رضي الله تعالى عنه - لە خزمەتیا چوو ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - بەیعەتی کرد ، عەبدوڵڵایش - رضي الله تعالى عنه - دووبارە بەیعەتی کرد . ئەوەیە کە خەڵق ئەڵێن عەبدوڵڵا - رضي الله تعالى عنه - لە پێش باوکیا موسوڵمان بوە

ئيبن وعـومـەر ـ رضي الله تعـالى عنهـما ـ ئـەفـەرمـوێ : رۆژی حودەیبییە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەگەڵ ئەصحابا بوو ، خەڵق لە ژێر سێبەری درەختانا بلاوبوونەوە ، ئەوەندەی پێ نەچوو خەڵق لە دەوری پێغەمەر ـ ﷺ ـ کۆبوونەوە ، عومەر ـ رضي الله تعالى عنـە ـ فەرمـووی : ئەی عەبدوڵلا بچۆ تێفکرە کە بـۆچ خەڵق کـۆبوونـەوە لە دەوری پێغـەمەر ـ ﷺ ـ ؟ عەبدوڵـلا چوو تێفکـری خەڵق مـوبایـەعە ئـەکەن ئـەویش موبایەعەی کرد ، گەڕایەوە خەبەری دا بە عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەویش چوو موبایەعەی کرد [دووبارە عەبدوڵلایش موبایەعەی کرد] .

لەم دوو ریوایەتەوە وا دەرەکەوێ کە لەو وەختەدا عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەبدوڵلای نارد بۆ ئەسپەکەی چاوی کەوت بە خەڵق کە دەورەی پێغەمەریان ـ ﷺ ـ دابوو ئەمری پێکرد کە ئەسپەکەیشی بۆ بێ و ئەوەیش تەحقیق بکا کە بۆچ خەڵق لە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ کۆبـوونەوە ؛ چونکی حادیثە هەر یەکێکە ، کە وابێ موبایەنەت لە بەینی ریوایەتەکانا نابێ .[1]

---

(١) ئەم حەدیثە لە بەرگی سێ یەمدا بە ژمارە (١٨٧ / ١٠٦٤) لەگەڵ کەمێك جیاوازیدا رابورد .

غزوة بني المصطلق هي والمريسيع واحدة ، وفيها وقع الافك .

قال إبن إسحاق : سنة ست ، وقال موسى بن عقبة سنة أربع .

١٤٠٥/٨٦ ابن عون [عبدالله] قال : كتبت إلى نافع فكتب إليَّ أن النبي - ﷺ - أغار على بني المصطلق وهم غارّون [غافلون] وأنعامهم تُسقى على الماء ، فقتل مقاتلتهم ، وسبى ذراريهم ، وأصاب يومئذ جويرية - رضي الله تعالى عنها - . ح - ٣٠٦/٤ . م - ٣٠٩/٧ . وفيه : كتبت إلى نافع أسأله عن الدعاء [إلى الاسلام] قبل القتال ، قال : فكتب إليَّ : إنما كان ذلك في أول الاسلام . قد أغار رسول الله - ﷺ - . . إلخ .

قال نافع : حدثني به عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنه - وكان في ذلك الجيش . ح - ٣٠٦/٤ . م - ٣٠٩/٧ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عەون ئەفەرموێ : نووسیم بۆ لای نـافیع ، لێم‌پرسی : پێغەمەر - ﷺ - لە پێش ئەمەدا کە لەگەڵ قەبیلەیێ حەرب بکـا ئەو قـەبیلەی دەعوەت‌کـردوەتە سـەر ئیسلامـەتیی یان نـا ؟ بۆی نووسیمەوە : کە ئەوە لە پێش ئەمەدا = بوە = کە ئیسلامەتیی ظوهوور بکاو شویووع ببێ لە ناو خەڵقا ، لە ئیبتیدای ظوهووری ئیسلامـەتیدا بوە . عەبدوڵڵای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - لە غەزای (بنی المصطلق)ا لە خذمەت پێغەمەرا بوە ، قسەی بۆ کردووم کـە پێغەمـەر - ﷺ - دای بەسەر بەنی‌موصطەلەقا غافڵ بوون ، حەیوانیان لەسەر ئاو بوو ئاو ئـەدران ، ئەوانـەیانی کـوشت کە حـەربیان پێ ئـەکرا ، ژن‌و

منالّەکانی کرد بە ئەسیر ، ئەو رۆژە جوەیرییەی حەرەمی پێغەمەر ـ ﷺ ، ورضي عنها ـ لە ناو ئەو ئەسیرانەدا بوو . [کچی رەئیسەکەیان بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئازادی کردو لە خۆیی مارەکرد . بە بەرەکەتی موصاهەرەی پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ ئەو ئەسیرانە بە دەست هەر کەسێکەوە بوون ئازادیان کردن . جوەیرییە ـ رضي الله تعالى عنها ـ چە بەرەکەتێکی گەورە بوو بۆ قەومەکەی !] .

غزوة خيبر بعد المريسيع سنة ست

١٤٠٦/٨٧ عن سلمة بن الأكوع - رضي الله تعالى عنه - قال : خرجنا مع النبي - ﷺ - إلى خيبر ، فسرنا ليلا ، فقال رجل من القوم [أسيد بن حضير - رضي الله تعالى عنه -] لعامر - رضي الله تعالى عنه - : يا عامر ألا تسمعنا من هنيهاتك ؟ وكان عامر رجلاً شاعرا ، فنزل يحدو بالقوم ، يقول :

اللهم لولا أنت ما اهتدينا
ولا تصدقنا ، ولا صلينا
فاغفر فداء لك ما أبقينا [من الآثام]
وثبت الأقدام إن لاقينا
وألقِينْ سكينة علينا
إنا إذا صيح بنا [دعينا إلى الباطل] أبينا
وبالصياح عوّلوا علينا [إستغاثوا علينا][1]

فقال رسول الله - ﷺ - : من هـذا السائق ؟ قـالوا عـامر بن الأكوع . قال : يرحمه الله .

[وعند أحمد من رواية إياس بن سلمة ، فقال : غفر لك ربك . قال : وما استغفر رسول الله - ﷺ - لانسان يخصه إلا استشهد] قال رجل من القـوم : [هو عمـر بن الخطاب . م- - رضي الله تعـالى عنه -] :

(١) نزيك بەم ڕیوایەتە لـە حەدیثی ١٣٨٢/٦٣دا ڕابـوردو ، لەوێـدا باسی ئەوەیشی تیایە کە عامیر لە شەڕی مەرحەبا، شەهیدکرا . هەروەها باسی شیعری عامیرو مەرحەبیشی تێدایە . سەرەتای شیعرەکانیش لەوێ لە باتی (اللهم) (تالله) یە.

وجبت ، يا نبي الله لولا أمتعتنا به ؟ فأتينا خيبر فحاصرناهم حتى أصابتنا مخمصة شديدة ، ثم إن الله فتحها عليهم . فلما أمسى الناس مساء اليوم الذي فتحت عليهم أوقدوا نيرانا كثيرة . فقال النبي ـ ﷺ ـ : ما هذه النيران ؟ على أي شيء توقدون ؟ قالوا : على لحم . قال : على أي لحم ؟ قالوا : لحم حمر الانسية . قال النبي ـ ﷺ ـ : أهريقوها واكسروها . فقال رجل : يا رسول الله أو يهريقوها ويغسلوها ؟ قال : أو كذلك . فلما تصاف القوم كان سيف عامر قصيرا ! فتناول به ساق يهودي ليضرب به ويرجع ذباب سيفه فأصاب عين ركبة عامر ، فمات منه .

قال : فلما قفلوا قال سلمة رآني رسول الله ـ ﷺ ـ وهو آخذ بيدي ، قال : مالك ؟ قلت له : فداك أبي وأمي ! زعموا أن عامرا حبط عمله . قال النبي ـ ﷺ ـ : كذب من قاله . إن له لأجرين ، وجمع بين أصبعيه ، إنه لجاهد مجاهد قلّ عربي مشى بها مثله . ـ نشأ بها أخرى ـ م ـ ٧/٤٤٦ ، ح ـ ٦/٣٤٦ .

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ چووین بۆ خەیبەر بە شەو رۆیین پیاوێ لە قەومەکە ، کە ئوسەیدی کوڕی حوضەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە عامیری مامی وت : ئەی عامیر بۆچی شتێکمان بۆ ناڵێی لەوەی کە ئەیزانی گوێی لێ بگرین ؟ عامیریش پیاوێکی شاعیر بوو ، دابەزیو دەستی کرد بە گۆرانی بۆ خەڵقەکە ئەیفەرموو : خوایا تۆ ئیرادەت نەبوایە ئێمە نە هیدایەتمان ئەبوو نە نوێژمان ئەکرد نەصەدەقەمان ئەدا . ئێمەت بە فیدا بین ، ئەو گوناهەی کە پاشەکەوتمان کردوە لێمان خۆش ببە ، قووەی مەعنەویمان بۆ بنێرە ، کە موقابەلەمان لەگەڵ دوشمن کرد (ثابت

قلم) مان بکە فیرار نەکەین ، ئێمە کە دوشمن بەسەرمانا بنەرِێنێ کە لە رێی حەق لادەین ئیبای لێ ئەکەین . لە وەختی سبەینێدا ئەوان بۆ ئەمە کە خەڵق بە ئیمدادیانەوە بێن بۆ شەرِکردن لەگەڵ ئێمە هاواریان کردنێ .

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئـەم گۆرانی بێـژەکێیە ؟ عـەرزیان کرد : عامیری کورِی ئەکوەعە . فەرمووی : رەحمەتی خوای لێ بێ ، [لە ریوایەتی ئەحمەدا ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خوای خۆت لێت خۆش بێ . ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە خوصووصی دوعای مەغفیرەتی بۆ هەرکەسێ کردبێ ئەو کەسە شەهید بوە] .

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : بە واجب گەرِا [یەعنی عامیر ئەبێ شەهید ببێ] (یا نبي الله) بۆچ بە عامـیر (متلذذ)ت نەکردین ؟ بۆچ ئەو دوعایەت بۆ کرد ؟ ئیتر شەهید ئەکرێ و لە کیسمان ئەچێ . هاتینە خەیبەر موحاصەرەمان دا ، تا تووشی برسێتی بووین . [چونکی موحاصەرەکە طوولی کێشاو طەعامان نەبوو بیخۆین] لە پاشا خوا بۆی فەتح کردین . ئێوارێی ئەو رۆژە کە بۆمان فـەتح کـرا خەڵق ئاگرێکی زۆریان کردەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەو ئاگرەیان بۆ کردۆتەوە ؟ لە ژێر چیا کردوویانەتەوە ؟ عەرزیان کرد : لە ژێر گۆشتا . فـەرمووی : گـۆشتی چی ؟ عەرزیـان کرد : گـۆشتی کـەری مـاڵیی . فەرمووی : بێ رێژن و زەرفەکـانی بشکێنن . پیاوێ عـەرزی کرد : (یـا رسول الله) یاخۆ بێ رێژن و زەرفەکانی بشۆن ؟ فەرمووی : یا وا بکەن .

سەلەمە ئەفەرموێ : کە خەیبەری و ئەصحابی کیرام بەرابەر بـە یەك صەفیان بەست شیری عامیری مامم کورت بوو ، تـەمای بـوو لە قاچی جوولەکەیێکی بدا [مەرحەب] کە بۆی داهێنا دەمی شیـرەکەی گەرِایەوە بۆ قاچی خۆی . دای لە ئەژنۆی خۆی بەوە مرد . کە پێغەمەر

ـ ﷺ ـ وئەصحابی کیرامی تەشریفیان گەڕایەوە [خەڵق دەستیان کرد بە قسەکردن دەرحەق عامیر کە خۆی کوشتوەو هەمـوو عەمـەلی چاکـەی کردوویەتی بەتاڵ بۆتەوەو ! پێم ناخۆش بـوو دەستم کرد بـە گریـان ، چوومە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ] کە دیمی دەستی گرتم و فـەرمووی : چیت لێ روودراوە ؟ عەرزم کرد : (یا رسول الله) باوك و دایکم بە فیدات بێ ! ئەڵێن : عامیر هەموو عەمەلی بەتاڵ بوەتەوە ! فەرمووی : ئـەوی وای وتوە درۆی کردوە . دوو پەنجەی موبارەکی کۆکردەوەو فەرمووی : دوو ئەجری هەیە ، ئەو جاهیدەو موجاهیدە ، کەم کەس هەیە وەکوو ئەو بەسەر ئەرزا رۆییبێ ! لە ریوایەتێکا ئەفـەرموێ : لـە ئەرزا وەك ئـەو پێگەییبێ .

١٤٠٧/٨٨ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ ﷺ ـ جاءه جاءٍ ، فقال : أكلتِ الحُمُر ، فسكت . ثم أتاه الثانيـة ، فقال : أكلتِ الحُمُر ، فسكت . ثم أتاه الثالثة فقال : أُفنِيت الحُمُر ! فأمر مناديا فنادى في الناس : أن الله ورسوله ينهـاهم عن لحوم الحمـر الأهلية ، فأكفئت ، وإنها لتفور باللحم . ح ـ ٣٤٨/٦ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ یەکێ هاتـە خذمـەتی عەرزی کـرد : کەرەکـان خـوران . پێغەمـەر ـ ﷺ ـ بێدەنـگ بوو ، دەفعـەی دوەمیش هاتـەوە خذمەتی عەرزی کرد : کەر هەمـوو خوران ، دووبـارە بێدەنـگ بوو . دەفعەی سێیەم هاتەوە خذمەتی عـەرزی کرد : کـەر [یان نـەهێشت ، هـەموو خـوران و] بە فـەنادا بـران ![1] = پێغەمـەر ـ د ـ فـەرمـانی بـە

(١) دانەر ـ خ ـ لێرە بەدواوە تەرجەمەی حەدیثەکەی نەنووسیبوو ، وەك بیری چووبێت وایە ، ئێمە هەر لەسەرەوەو لە شوێنی خۆیدا تەواومان کرد .

بانگكەرێك دا - كە ئەبوطەلحە بوو - ئەويش بانگەوازى كرد : خواو پێغەمەرى خوا نەهێتان لىٚ ئەكەن لە خواردنى گۆشتى كەرى ماڵى . خەڵكەكە مەنجەڵەكانيان لە كاتێكدا ئەكوڵان و قوڵپيان ئەدا قڵپ كردەوە . =

١٤٠٨/٨٩ يزيد بن أبي عبيد قال : رأيت أثر ضربة في ساق سلمة [بن الأكوع - رضي الله تعالى عنه -] فقلت : يا أبا مسلم ما هذه الضربة ؟ قال : هذه ضربة أصابتني يوم خيبر ، فقال الناس : أُصيب سلمة ، فأتيت النبي - ﷺ - فنفث فيه ثلاث نفثات [وهي فوق النفخ ودون التفل] فما اشتكيتها حتى الساعة . ح - ٣٥٢/٦ .

تەرجەمە :

يەزيدى كورى ئەبوعوبەيد - رحمه الله - ئەفەرموێ : جێ دەمى شيرێكم لە قاچى سەلەمەى كورى ئەكوەعا - رضي الله تعالى عنه - دى ، عەرزم كرد : ئەى ئەبو موسليم ئەم شوێنە شوێنى چيە ؟ فەرمووى : لە رۆژى خەيبەرا ئەم برينەم لىٚ كرا ، خەڵق وتيان : سەلەمە ئەنگێورا ، چوومە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - بەسووكەوە تفێكى لىٚ كرد ئيتر تا ئێستە ئێشم لىٚ نەبينيوە .

تفى پێغەمەر - ﷺ - ترياقە بۆ هەموو دەردىٚ ، ئاخ بۆ تۆزێكى !

١٤٠٩/٩٠ عن أنس - رضي الله تعالى عنه - أن النبي - ﷺ - غزا خيبر ، فصلينا عند صلاة الغداة بغلس ، فركب نبي الله - ﷺ - وركب أبو طلحة وأنا رديف أبي طلحة - رضي الله تعالى عنه - فأجرى نبي الله - ﷺ - في زقاق خيبر ، وإن ركبتي لتمس ركبة رسول الله - ﷺ - ثم حسر الازار عن فخذه حتى أنظر إلى بياض فخذ نبي الله - ﷺ - فلما دخل القرية قال : الله أكبر خربت خيبر إنا إذا نزلنا بساحة قوم ﴿فساء صباح

المنذرين﴾[1] قالها ثلاثا . قال : وخرج القوم إلى أعمالهم فقالوا : محمد والخميس ، قال عبدالعزيز : وقال بعض أصحابنا : والخميس يعني الجيش قال : فأصبناها عنوة [قهرا] فجمع السبي ، فجاء دَحية ، فقال : يا نبي الله أعطني جارية من السبي ، قال : إذهب فخذ جارية . فأخذ صفية بنت حيي ، فجاء رجل إلى النبي ـ ﷺ ـ فقال : يا نبي الله أعطيت دِحية صفية بنت حُييٍّ سيدة قريظة والنضير ؟ لاتصلح إلا لك [لأنها من بيت النبوة من ولد هارون . عليه السلام والرياسة] قال : أدعوه بها . فجاء بها ، فلما نظر إليها النبي ـ ﷺ ـ قال : خذ جارية من السبي غيرها [لئلا يتميز بها دحيةُ مع أن في الجيش من هو أفضل منه] قال : فأعتقها النبي ـ ﷺ ـ وتزوجها . فقال له ثابت [البناني] : يا أبا حمزة ما أصدقها ؟ قال : نفسها ؛ أعتقها وتزوجها . حتى إذا كان بالطريق جهزتها له أم سليم ، فأهدتها له من الليل . فأصبح النبي ـ ﷺ ـ عروسا .

فقال : من كان عنده شيٌ فليجئ به ، وبسط نِطْعا ، فجعل الرجل يجئ بالتمر ، وجعل الرجل يجئ بالسمن . قال [عبدالعزيز] وأحسبه [أنسا] قد ذكر السويق فحاسوا حَيْسا [خورماو رِوْن به پەنير] فكانت وليمة رسول الله ـ ﷺ ـ [من الوَلم ، وهو الجمع لاجتماع الزوجين] ح ـ ١/ ٣٩٠ . ح ـ ٦/٣٤٩ . م ـ ٦/١٧٢ . م ـ ٧/٤٤٣ . د ، ن . ح ـ ٦/٣٤٨ . مختصرا . وفيه : فأصبنا من لحوم الحمر ، فنادى منادي النبي ـ ﷺ ـ : إن الله ورسوله ينهيانكم عن لحوم الحمر فإنها رجس . وليس فيه قصة صفية ـ رضي الله تعالى عنها ـ بل في حديث منفرد .

---

(١) الصافات / ٧٧ .

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - غەزای خەیبەری کرد ، نوێژی سبەینێمان بە تاریکیی کرد . پێغەمەر - ﷺ - سوار بوو ، ئەبوطەلحەیش لە خزمەتیا سواربوو ، منیش لە پاشکۆی ئەبوطەلحەدا بووم . پێغەمەر - ﷺ - لە ناو کۆڵانی خەیبەرا لنگی دا ، ئەژنۆم لە ئەژنۆی پێغەمەر - ﷺ - ئەکەوت ، لە پاشا پێغەمەر - ﷺ - ئیزارەکەی لەسەر رانی لادا تا چاوم بە سپێتی رانی موبارەکی پێغەمەر - ﷺ - کەوت . کە تەشریفی چوە ناو دێی خەیبەرەوە سێ دەفعە فەرمووی : (الله أكبر) خەیبەر وێران بوو ، ئێمە [بەحەرب] کە چووینە سنووری قەومێکەوە چە خراپ ئەبێ رۆژلێبوونەوەی ئەو قەومەی [کە ئێمە بە هەیبەت] ئەیان ترسێنین !

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : جوولەکەکانی خەیبەر بە خاکەنازو پاچ و بێڵەوە بۆ ئیش و فرمان ئەچوون ، کە ئێمەیان دی وتیان : وەڵلاهی محەمەدو لەشکری ئەوە ! بە زۆرو قووەت خەیبەرمان گرت . ئەسیرەکانیان کۆکرایەوە . دەحیە هاتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزیکرد : (یا نبي الله) جاریەیێکم لەم ئەسیرانە پێ عەطا بفەرموو . فەرمووی : بچۆ جاریەیێ هەڵبگرە ، دەحیە صەفیەی کچی حویەیی هەڵگرت .

یەکێ هاتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزیکرد : (یا رسول الله) صەفیەت داوە بە دەحیە[1] کە گەورەی قورەیظەو نەضیرە ؟ هەر لایەق بە تۆیە . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : دەحیەم لەگەڵ جاریەکە بۆ بانگ

(١) صەفیە گەورەی قورەیظەو نەضیرە نەك دەحیە .

بکەن . دەحیە جاریەکەی هێنایە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - کە پێغەمەر - ﷺ - چاوی بە صەفیە کەوت و تەماشای کرد بە دەحیەی فەرموو : بچۆ جاریەیەکی تر هەڵبگرە .

[بۆیە پێغەمەر - ﷺ - وای کرد چونکی صەفیە - رضي الله تعالى عنها - لە ئەولادی حەزرەتی هاروون بوو ، لە گەورەی ئەو قەومە بوو ، لە ناو ئەصحابیشا لە دەحیە گەورەتر بوو ، ئەو نازەنینەجوانەو پێغەمەرزادە ئەصیلە لە بەینی ئەصحابا بدا بە دەحیە موناسبی نەزانی] .

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - صەفیەی ئازادکردو لە خۆی مارەکرد . ثابیتی بەنانی کە لە ئەنەسەوە ریوایەت ئەکا فەرمووی : عەرزی ئەنەسم کرد : ئەی ئەبو حەمزە ! چی کرد بە مارەیی ؟ ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : نەفسی صەفیەی کرد بە مارەیی ؛ ئازادی کردو لە خۆی نیکاح کرد تا لە رێ گەیینە جێیێ لەوێدا (أم سليم) - رضي الله تعالى عنها - تەدارەکی کردو بە بووکیی بردی بۆ پێغەمەر - ﷺ - پێغەمەر - ﷺ - بە زاوایەتی رۆژی کردەوە . لە پاشا فەرمووی : هەرکەسێ شتێکی پێیە بیهێنێ و سفرەیێ چەرمی راخست . یەکێ خورمای هێناو ، یەکێ رۆن هێناو ، یەکێ کەشکی هێنا . . ظەننم وایە کە ئەنەس بەحثی لە قاوتیش کرد . فەرمووی : خورماو رۆنێکیان[1] دروستکرد ، ئەوە نانی شایی پێغەمەر بوو - ﷺ - [کە بۆ صەفیەی کرد - رضي الله تعالى عنها -] .

لە ریوایەتەکەی ترا ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی :

---

(١) لە کاتی نووسینی عەرەبی‌یەکەدا نووسیی : (خورماورۆنی بەپەنیر) . بەڵام لێرەدا وای نووسیوە .

دەستمانكرد بە گۆشتی كەر لێنان ، لە پاشا مونـادیی پێغەمـەر ـ ﷺ ـ بـانگی كـرد : خـواو رەسـوولی خـوا نـەهێتـان لێ ئـەكـەن لـە گۆشتی‌كەرخواردن ؛ چونكی پیسە .

ئەحكامی ئەم حەدیثە :

- ئەو وەختە ران عـەورەت نەبـوە ، دەرخستن و تێفكرینی دروست بوە .
- دووپشتەكیی سواربوون دروستە .
- گۆشتی كەر حەرامەو پیسە .
- ژنی غەیرەدینی ئەسیر بكرێ عیددەی ناوێ .
- چێشتی شلیی سونەتە لە دوای زەفاف .
- ئەمیری لەشكر بۆی دروستە مەنع و ئیعطاو ئیستیرداد = بكا = .

غزوة الفتح

في رمضان لنقض أهل مكة صلح الحديبية سنة سبع ونصف ، أو ثمان .

٩١/١٤١٠ عن عروة قال : لما سار رسول الله - ﷺ - عام الفتح فبلغ ذلك قريشا خرج أبو سفيان : صخر بن حرب ، وحكيم بن حزام ، وبديل بن ورقاء يلتمسون الخبر عن رسول الله - ﷺ - فأقبلوا يسيرون حتى أَتَوْا (مرّ الظهران) فإذا هم بنيران كأنها نيران عرفة ! فقال أبو سفيان : ما هذه ؟ فقال بديل بن ورقاء : نيران بني عمرو . فقال أبو سفيان : عمرو أقل من ذلك . فرآهم ناس من حرس رسول الله - ﷺ - فأدركوهم فأخذوهم فأتوا بهم رسول الله - ﷺ - فأسلم أبو سفيان . فلما سار [عليه الصلاة والسلام] قال للعباس : إحبس أبا سفيان عند حَطْم الخيل [أي إزدحامها] حتى ينظر إلى المسلمين . فحبسه العباس - رضي الله تعالى عنه - فجعلت القبائل تمرُّ مع النبي - ﷺ - كتيبةً - كتيبةً على أبي سفيان ، فمرت كتيبة ، قال : يا عباس من هذه ؟ قال : هذه غفار . قال : ما لي ولغفار ! ثم مرَّتْ جهينة قال مثل ذلك . ثم مرت سعد ابن هذيم فقال مثل ذلك . ومرت سليم فقال مثل ذلك . حتى أقبلت كتيبة لم ير مثلها . قال : من هذه ؟ قال : هؤلاء الأنصار ، عليهم سعد بن عبادة - رضي الله تعالى عنه - معه الراية . فقال سعد بن عبادة : يا أبا سفيان اليوم يوم الملحمة . اليوم تُستحل الكعبة . فقال أبو سفيان : يا عباس حبذا يوم الذِّمار [أي الهلاك] .

[وفي مغازي الأموي : أن أبا سفيان قال للنبي - ﷺ - لما حاذاه : أمرتَ بقتل قومك ؟ قال : لا . فذكر له ما قال سعد بن عبادة ، ثم

ناشده الله والرحمَ . فقال : يا أبا سفيان اليوم يوم المرحمة . اليوم يُعز الله قريشا . وأرسل إلى سعد فأخذ الراية منه ودفعها إلى ابنه قيس] .

ثم جاءت كتيبة وهي أقل الكتائب فيهم رسول الله وأصحابه ، وراية النبيِّ - ﷺ - مع الزبير بن العوام - رضي الله تعالى عنه - . فلما مرَّ رسول الله - ﷺ - بأبي سفيان قال : ألَم تعلم ما قال سعد بن عبادة ؟ قال : ما قال ؟ قال : قال كذا وكذ . فقال : كذب سعد . ولكن هذا يوم يعظم الله فيه الكعبة ، ويوم تكسى فيه الكعبة . قال : وأمر رسول الله - ﷺ - أن تركز رايته بالحجون [موضع قريب من مقبرة مكة] ح - ٦/٣٧٦ .

قال [عروة] : وأخبرني نافع بن جبير بن مطعم . قال : سمعت العباس يقول للزبير بن العوام - رضي الله تعالى عنهما - : يا أبا عبدالله ههنا أمرك رسول الله - ﷺ - أن تركُز الراية . قال : وأمر رسول الله - ﷺ - يومئذ خالد بن الوليد أن يدخل من أعلى مكة من كداء . ودخل النبي - ﷺ - من كُدىٰ . فقتل من خيل خالد يومئذ رجلان حبيش بن الأشعر ، وكُرْز بن جابر الفِهري - رضي الله تعالى عنهم - ح - ٦/٣٧٧ .

تەرجەمە :

ئەم حەدیثە مورسەلی صەحابی‌یە ؛ چونکی عوروە تابیعی‌یە ، ئەبێ لە زوبەیری باوکی بیستبێ یا لە صەحابەییێکی تر .

عوروە - رحمه الله - ئەفەرموێ : کە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی چوو بۆ مەککە لە ساڵی فەتحاو ، ئەو خەبەرە گەیی بە قورەیش ئەبوسوفیان و ، حەکیمی کوڕی حیزام و ، بودەیلی کوڕی وەرقاء لە مەککە چوونەدەرێ بۆ تەحقیقی خەبەری پێغەمەر - ﷺ - ڕوویان کردە دەشت و ئەڕۆیین ، تا

گەیینە (مر الظهران) چاویان کەوت بە ئاگرێ زۆر کرابوەوە ، وەك ئاگری عەرەفە وا زۆر بوو . ئەبو سوفیان وتی : ئەم ئاگرە چیە ؟ بودەیلی کوڕی وەرقاء وتی : ئاگری بەنی عەمرە . ئەبوسوفیان وتی : عەمر لەوە کەمترە .

بەعزێ لە پاسەوانانی پێغەمەر - ﷺ - چاویان پێیان کەوت ، پێیان گەیین و گرتنیانن و بردنیانن بۆ خزمەت پێغەمەر - ﷺ - . ئەبو سوفیان موسوڵمان بوو . کە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی ڕۆیی ئەبوسوفیانی لە لای ئەو جێیەی کە کۆمەڵی سوارەکانی بەلادا ئەڕوا حەبس کرد ، تا لە شکری موسوڵمان ببینێ . عەباس - رضي الله تعالى عنه - لەوێدا وەستانی . قەبائیل دەستە - دەستە لە خزمەت پێغەمەرا - ﷺ - بەسەر ئەبوسوفیانا ڕائەبوردن . دەستەیێ رابورد ئەبوسوفیان وتی : یاعەباس ئەم دەستەیە کێن ؟ فەرمووی : ئەمە غیفارە . وتی : من و غیفار دەخڵمان بەسەر یەکەوە نی یە . لە پاشا جوهەینە رابوردو ، سەعدی بنی هوذەیم رابوردو ، سولەیم رابورد . یەکە یەکە ئەبوسوفیان پرسی و جوابی درایەوە . تا لەشکرێکی زۆر کە میثلی نەبینرابێ رابورد ، وتی : ئەمانە کێن ؟ فەرمووی : ئەنصارن . سەعدی کوڕی عوبادە - رضي الله تعالى عنه - بەیاخی پێبوو ، سەرکردەیان بو ، بە ئەبوسوفیانی فەرموو : ئەی ئەبوسوفیان ئیمڕۆ ڕۆژی کوشتارە ، ئیمڕۆ ڕۆژێکە کە کەعبە ئیباحە ئەکرێ . ئەبوسوفیان وتی : ئەی عەباس چە ڕۆژێکی خۆشە کە قورەیش لە ریشە بێنرێتە دەرێ ! لە پاشا دەستەیێ هات لە هەموو دەستەکان کەمتر بوون ، پێغەمەر - ﷺ - یان لە ناوا بوو ، بەیاخی پێغەمەر - ﷺ - بە دەست زوبەیری کوڕی عەوامەوە بوو . کە پێغەمەر - ﷺ - بە لای ئەبوسوفیانا تەشریفی رابورد ئەبوسوفیان عەرزی‌کرد : ئەزانی سەعدی

کوڕی عوبادە چی وت ؟ فەرمووی : چی وت ؟ عەرزی‌کرد : ئەوەو ئەوەی وت . پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : سەعد درۆی کردوە . ئیمرۆ رۆژێکە خوا لەو رۆژەدا تەعظیمی کەعبە ئەکا ، ئیمرۆ رۆژێکـە لەو رۆژەدا بەرگی کەعبە ئەپۆشرێ .

عوروە فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - ئەمری بە زوبەیر کرد بەیاخەکەی لە حەجووندا بچەقێنرێ . عوروە ئەفەرموێ : نافیعی کـوڕی جوبـەیری کوڕی موطعیم خەبەری داومێ لە عەبـاس - رضي الله تعالى عنـه - م بیست بە زوبەیری کوڕی عەوامی وتوە : ئەی ئەبـو عەبـدوڵلا لێـرەدا پێغەمەر ئەمری پێ‌کردی کە بەیاخەکەی دابچەقێنی .

عوروە ئەفەرموێ : ئەو رۆژە ئەمری بە خالیدی کوڕی وەلید کرد لای سەرووی مەکەوە لە کەدائەوە بچێتە ناو مـەکە . پێغـەمەر - ﷺ - خۆیشی تەشـریفی لە کـوداوە چوە مـەکە . [ئـەمە مـوخالیفـە بۆ ئـەو حەدیثانەی کە یێن ئەفەرموێ : خالیدی کوڕی وەلید لە لای خواروی مەکەوە داخڵی مەکە بوو . پێغەمەر - ﷺ - لای ژووروی مەکەوە داخڵی مەکە بوو] ئەو رۆژە لە سوارەی خالید دوو کەس شەهید کرا : حوبەیشی کوڕی ئەشعەرو ، کورزی کوڕی جابیری فیهریی [کورز بوو دای بەسەر حەیوانی پێغەمەرا - ﷺ - و بردنی لە پاشا موسوڵمان بوو گەلێ هونەری نوان - رضي الله تعالى عنه -]

١٤١١/٩٢ عبدالله بن رباح عن أبي هريرة - رضي الله تعـالى عنه - قال : وفدت وفودا إلى معاوية ، وذلك في رمضان ، فكان يصنع بعضنا لبعض الطعام ، وكان أبو هريرة مما يكثر أن يدعونا إلى رحله ، فقلت : ألا أصنع طعاما فأدعوهم إلى رحلي ؟ فأمرت بطعام يصنع ، ثم لقيت أبا

هريرة من العشي ، فقلت : الدعوة عنـدي الليلة . فقال : سبقتني ، قلت : نعم . فدعوتهم فقـال أبو هـريرة : ألا أُعلمكم بحـديث من حديثكم يا معشر الأنصار ؟ ثم ذكر فتح مكة ، فقال : أقبل رسول الله - ﷺ - حتى قدم مكة ، فبعث زبيرا على إحدى المجنبتين ، وبعث خالدا على المجنبة الأخرى . وبعث أبا عبيدة على الحُسَّر [البياذقة ، أخرى . بمعنى الحُسّر] ، [بن زرى] فأخذوا بطن الوادي ورسول الله - ﷺ - في كتيبة قال : فنظر فرآني ، فقال : أبو هريرة ؟ قلت : لبَّيك يا رسول الله - ﷺ - فقال : لا يأتيني إلا أنصاريٌّ . زاد غير شيبان : فقال : إهتف لي بالأنصار ، قال : فأطافوا به ، ووبشت قريش أو باشا لها [جمعت جموعا من قبائل شتى] وأتباعا ، فقالوا : تقدم هؤلاء ، فإن كان لهم شيً كنا معهم ، وإن أصيبوا أعطينا الذي سئلنـا . فقال رسـول الله - ﷺ - : ترون أوباش قريش وأتباعهم ، ثم قال بيديه إحداهما على الأخرى . [فقال : يا معشر الأنصار هل ترون أوبـاش قريش ؟ قـالوا : نعم . قـال : أنظروا إذا لقيتمـوهم غدا أن تحصـدوهم حصدا وأحفى بيـده ووضع يمينه على شماله ، وقال : مـوعدكم الصفـا . م أخرى] . ثم قال : حتى توافوني بالصفا ، قال : فانطلقنا فما شاء أحد منـا أن يقتل أحداً إلا قتله ، وما أحد منهم يوجه إلينا شيئا .

قال : فجاء أبو سفيان فقال : يا رسول الله أبيحت خضراء قريش [أبيدت . أخرى . م] لاقريش بعد اليوم ! ثم قال : من دخل دار أبي سفيان فهو آمن [ومن ألقى السلاح فهو آمن ، ومن أغلق بابه فهو آمن . م . اخرى] .

فقالت الأنصار بعضهم لبعض : أمـا الرجـل فأدركتـه رغبة في قريته ، ورأفة بعشيرته . قال أبو هريرة : وجاء الوحي ، وكان إذا جاء

الوحي لايخفى علينا ، فإذا جاء فليس (منّا) أحد يرفع طرفه إلى رسول الله - ﷺ - حتى ينقضي الوحي ، فلما انقضى الوحي قال رسول الله : يا معشر الأنصار ! قالوا : لبيك يا رسول الله . قال : قلتم : أما الرجل فأدركته رغبة في قريته . قالوا : قد كان ذلك . قال : كلا إني عبدالله ورسوله هاجرت إلى الله وإليكم ، المَحْيا محياكم والممات مماتكم ! فأقبلوا إليه يبكون ويقولون : والله ما قلنا الذي قلنا إلا الضنَّ بالله وبرسوله - ﷺ - قال : إن الله ورسوله يصدقانكم ويعذرانكم . قال : فأقبل الناس إلى دار أبي سفيان ، وأغلق الناس أبوابهم .

قال : فأقبل رسول الله - ﷺ - حتى أقبل إلى الحجر فاستلمه ، ثم طاف بالبيت ، قال : فأتى على صنم إلى جنب البيت كانوا يعبدونه ، قال : وفي يد رسول الله - ﷺ - قوس وهو آخذ بسية القوس [المنعطف من طرفيه] فلما أن أتى على الصنم جعل يُطعن في عينيه ويقول : جاء الحق وزهق الباطل فلما فرغ من طوافه أتى الصفا فعلا عليه حتى نظر إلى البيت ورفع يديه فجعل يحمد الله ويدعو بما شاء أن يدعو . م ـ ٧/٤١١ ـ ٤١٥ و٤١٦ بفرق اشير إليه .

١٤١٢/٩٣ عبدالله بن مطيع عن أبيه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت النبي - ﷺ - يقول يوم فتح مكة : لايقتل قرشي صبرا [أي يسلمون كلهم ولا يرتد أحد منهم كما إرتد غيرهم بعده - ﷺ - ممن حورب وقتل صبرا . وليس المراد أنهم لايقتلون ظلما صبرا ؛ فقد جرى على قريش بعد ذلك ماهو معلوم . نووي . . .] بعد هذا اليوم إلى يوم القيامة . م ـ ٧/٤١٨ ذكر بهذا الاسناد وزاد : قال : ولم يكن أسلم أحد من عصاة [من سمي عاصا . نووي] قريش غير مطيع . كان اسمه العاص فسماه رسول الله - ﷺ - مطيعا . م ـ ٧/٤١٨ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی ڕەباح لە ئەبوهورەیرەوە ڕیوایەت ئەکا کە فەرمووی : لە ڕەمەزانا چووین بۆ لای موعاویە بە نۆبە ضیافەتمان بۆ یەکتری ئەکرد ، ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - زیاتر لە هەموومان ئێمەی بانگەکردە لای خۆی . لە دڵی خۆما وتم : بۆچ من ضیافەتێکیان بۆ نەکەم و بانگیان کەمە لای خۆم ؟ ئەمرم کرد طەعامێکمان بۆ دروست بکەن ، لە پاشا ئێوارێ بە ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - گەییم پێم وت : ئیمشەو دەعوەت لای منە . فەرمووی : دەستپێشەکیت لێکردم ؟ فەرمووی : بەڵێ . بانگم کردن چێشتەکەمان پێ نەگەییبوو ، عەرزم کرد : (یا أبو هريرة) تا چێشتەکەمان پێ ئەگا حەدیثێکی پێغەمەرمان - ﷺ - بۆبگێرەرەوە .[1] فەرمووی : ئەی مەعشەری ئەنصار حەدیثێکی ئێوە ئەگێڕمەوە . لە پاشا بەحثی فەتحی مەکەی کرد ، فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی رووی کردە مەکە تا تەشریفی گەیی یە مەکە زوبەیری کوڕی عەوامی کرد بە سەرکردەی لایێکی لەشکرەکە ، خالیدی کوڕی وەلیدی کرد بە سەرکردەی لایەکەی تری . ئەبوعوبەیدەی جەڕاحی کرد بە سەرکردەی ئەوانەی کە بێ زرێ بوون ، خۆیشی - ﷺ - لەسەر دەستەیێ بوو ، تەماشای فەرموو دیمی ، فەرمووی : ئەبوهورەیرە ! عەرزم کرد : بەڵێ لە خذمەتتام (یا رسول الله) . فەرمووی : هەر ئەنصاری بێنە لام . ئەنصارم بۆ بانگ = بکە = بانگم کردن ، بە هەڕاکردن هاتن ، دەورەی پێغەمەریان - ﷺ - دا

---

(١) لە «بانگم کردن چێشتەکەمان . .» تا ئێرە لە دەقە عەرەبی یەکەدا نەنووسراوە . بەڵام لە ریوایەتێکی دیکەی (مسلم)دا ئەم زیادە هەیە .

قورەیشیش لە عەشائیری موختەلیفەی عەرەب چەند جەماعەتێکیان کۆکردبۆوەوە ، ئەو ئەوباشانە وتیان : وا ئەوانە [یەعنی پێغەمەر - ﷺ - و ئەصحابی] هاتن ئەگەر ئەوان شتێکیان کرد لەگەڵ ئەوان ئەبین ، ئەگەر شکان ئەوانەمان ئەدرێتێ کە ئەمان ئەوێ .

پێغەمەر - ﷺ - بە ئەنصاری فەرموو : چاوتان لە ئەوباشی قورەیش و تەبەعەیانە ؟ فەرموویان : بەڵێ . فەرمووی : کە سبەینێ مولاقاتتان بوو بەدروونەوە بیان‌درووننەوە ، دەستی راستی لەسەر دەستی چەپی موبارەکی دانا ، لە پاشا فەرمووی : لە صەفادا بێنە لام . فەرمووی : ئێمە رۆیین ، ئیرادەی کوشتنی هەرکەسێکمان لەوان بکردایە ئەمانکوشت ، ئەوان هیچیان بە ئێمە نەئەکرد ، فەرمووی : ئەبوسوفیان هاتە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) زەردو سووری قورەیش بەربادکرا ، لە دوای ئیمرۆ ئیتر هیچ قورەیش نی‌یە ! پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : هەرکەسێ بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان ئەو کەسە ئەمینە ، هەرکەسێ سیلاحی فرێ بدا ئەو کەسە ئەمینە ، هەرکەسێ دەرگا لەسەر خۆی دابخا ئەو کەسە ئەمینە . ئەنصار بەعزێکیان بە بەعزێکیانی وت : ئەم پیاوە [یەعنی پێغەمەر - ﷺ -] هەوەسی دێیەکەی خۆیی و شەفەقەتی عەشیرەتەکەی خۆیی هەڵساوە .

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : وەحی بۆ پێغەمەر - ﷺ - هات ، کە وەحیی بۆ بهاتایە لێمان خەفی نەئەبوو ، کە وەحی بۆ ئەهات تا تەواو نەئەبوو کەس سەری چاوی هەڵ‌نەئەبری بۆ پێغەمەر - ﷺ - کە نوزوولی وەحیەکە برایەوە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئەی جەماعەتی ئەنصار ! عەرزیان‌کرد : لە خزمەتتاین (یا رسول الله) فەرمووی : ئێوە وتتان : ئەم پیاوە حوببی وەطەن و قەوم و عەشیرەتی لێ

نیشتوه ؟ عه‌رزیان‌کرد : به‌لێ (یا رسول الله) وتمان . فه‌رمووی : ناوی من چیه ؟ حاشا ئه‌وی ئێوه وتووتانه وا نی‌یه . من عه‌بدی خوام و ره‌سوولی ئه‌وم ، هیجره‌تم بۆ لای خواو ئێوه کردوه ، ژیانم له‌گه‌ڵ ئێوه‌یه‌و مردنم له‌گه‌ڵ ئێوه‌یه [یه‌عنی قه‌ت لێتان جوێ نابمه‌وه] به گریانه‌وه روویان‌کرده پێغه‌مه‌ر - ﷺ - ئه‌یانفه‌رموو : ئێمه ئه‌وه‌مان وه‌ڵلاهی بۆیه وت که به‌خیلیی ئه‌وه‌مان ئه‌کرد خواو پێغه‌مه‌ری - ﷺ - مان له کیس بچێ . پێغه‌مه‌ر - ﷺ - فه‌رمووی : له‌وه‌دا که مه‌قصوودتان وا بوه خواو پێغه‌مه‌ر ته‌صدیقتان ئه‌که‌ن‌و به مه‌عزوور تان ئه‌گرن .

ئه‌بوهوره‌یره - رضي الله تعالى عنه - فه‌رمووی : خه‌ڵق چوونه ماڵی ئه‌بوسوفیانه‌وه‌و [ئه‌وی بۆ ماڵی خۆی چوو] ده‌رگای له‌سه‌ر خۆی داخست . پێغه‌مه‌ر - ﷺ - رووی‌کرد بۆ طه‌ره‌فی (حجر الاسود)و ته‌شریفی چوو ده‌ستی لێداو طه‌وافی کرد ، له طه‌وافه‌که‌یا هات بۆ سه‌ر بتێ له ته‌نیشت به‌یته‌وه بو ، که قوره‌یش عیباده‌تیان بۆ ئه‌کرد . پێغه‌مه‌ر - ﷺ - که‌وانێکی به ده‌سته‌وه بوو ئه‌و جێیه که ژێی تێ‌ئه‌خرێ گرتبووی که ته‌شریفی هاته نزيك صه‌نه‌مه‌که‌وه سه‌ری که‌وانه‌که‌ی کرد به هه‌ردوو چاوی بته‌که‌دا ئه‌یفه‌رموو : حه‌ق هات‌و باطیل هیلاك بوو ، که طه‌وافه‌که‌ی ته‌واو کرد ته‌شریفی چوو بۆ صه‌فا ، سه‌رکه‌وت تا به‌یتی لێ ده‌رکه‌وت ، ته‌ماشای به‌یتی کردو حه‌مدی خوای کردو به‌وه‌ی که هه‌وه‌سی هێنا دۆعای کردو ، ئه‌و دۆعایه‌ی که ئاره‌زووی بوو کردی .

عه‌بدوڵلای کوری موطیع له باوکیه‌وه - رضي الله تعالى عنه - ریوایه‌ت ئه‌کاکه فه‌رمووی : له پێغه‌مه‌رم بیست - ﷺ - له رۆژی فه‌تحی مه‌که‌دا ئه‌یفه‌رموو : له دوای ئیمرۆ هیچ که‌س له قوره‌یش به زوڵم ناکوژرێ تا رۆژی قیامه‌ت . له ریوایه‌تی ئیبن‌ونه‌میرا ئه‌وه‌ی لێ

زیادکردوه : ئەو رۆژە لەوانەی کە ناویان عاص بوو بێ غەیری موطیع ئێشتا کەسیانی لیّ موسوڵمان نەبووبو . موطیع ناوی عاص بو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ ناوی نا موطیع .

[نەوەویی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : عاص بـە مەعنـا گونـاهکار نی‌یە ؛ چونکی زۆر گونەهکار لە دوای ئەو رۆژە موسوڵمان بوون . هەم ئەفەرموێ : مەعنـای ئەوە کـە پێغەمـەر ـ ﷺ ـ فەرمـوویەتی : هیـچ قورەیشیێ لەمەولا بە عەذابی شەدیدو بە زوڵم ناکوژرێ . . مەعنای وایە هەموو موسوڵمان ئەبن و مورتەد نابن ، وەك گەلێ لە غەیری ئەوان لە دوای ئەمە کە موسوڵمان بوون لە دین وەرگەڕان . . .

غزوة حنين بعد الفتح

لست خلون من شوال سنة ثمان

١٤١٣/٩٤ أياس بن سلمة - رضي الله تعالى عنه ، ورحمه الله - حدثني أبي قال : غزونا مع رسول الله - ﷺ - حنينا فلما واجهنا العدو تقدمت فأعلو ثنية ، فاستقبلني رجل من العدو فأرميه بسهم فتوارى عني ، فما دريت ما صنع ، ونظرت إلى القوم فإذا هم قد طلعوا من ثنية أخرى ، فالتقوا هم وصحابة النبي - ﷺ - ، فولى صحابة النبي - ﷺ - وأرجع منهزما ، وعلي بردتان متزرا بإحداهما مرتديا بالأخرى ، فأستطلق إزاري فجمعتهما جميعا ، ومررت على رسول الله منهزما وهو على بغلته الشهباء فقال رسول الله - ﷺ - : لقد رجع ابن الأكوع فزعا فلما غشوا رسول الله - ﷺ - نزل عن البغلة ثم قبض قبضة من تراب من الأرض ، ثم إستقبل به وجوههم ، فقال : شاهت الوجوه ! فما خلق الله منهم إنسانا إلا ملأ عينيه ترابا بتلك القبضة ! فولّوا مدبرين فهزمهم الله بذلك ، وقسم رسول الله - ﷺ - غنائمهم بين المسلمين . م - ٤٠٧/٧ .

تەرجەمە :

سەلەمە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا - ﷺ - غەزای حونەینمان کرد ، کە لەگەڵ دوشمنا رووبەڕوو وەستاین ، پێشکەوتم ، لە کەلێ سەرەکەوتم پیاوێکم بەرەوڕوو هات ، تیرێکم تێگرت لێم ون بوو نەمزانی چی لێ هات ، تەماشام کرد دوشمن لە کەلێکی تر سەرکەوتن . ئەوان و صەحابەی پێغەمەر - ﷺ - بەیەك گەیین ، صەحابەی پێغەمەر - ﷺ - پشتیان هەڵکردو هەرایان کردو شکان ، منیش فیرارم کردو گەڕامەوە ، دوو لیباسم بوو ؛ یەکێکم بەشانما

دابوو ، یەکێکیشم گرتبۆوە ، ئەوی وەك پەشتەماڵ گرتبوومەوە کرایەوە ، هەردووکم کۆکردەوە کە فیرارم ئەکرد بە لای پێغەمەرا - ﷺ - رابوردم ، پێغەمەر - ﷺ - سواری ئێسترە بۆرەکەی بوویوو [ثابیت بوو فیراری نەکردبوو لە موددەی عومریشیا قەت فیراری نەکردوە] پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : (إبن الأكوع) بە ترسەوە گەڕایەوە ، دوشمن کە دەوری پێغەمەریان گرت - ﷺ - پێغەمەر لە ئێسترەکەی تەشریفی دابەزیی و لە ئەرزی مستێ خۆڵی هەڵگرت رووی کردە دوشمنەکە [و بۆی هاویتن] فەرمووی : روویان قەبیح و ناشیرین بێ . هەرکەسێ خوا خەلقی کردبوو لەو دوشمنانە هیچ کەس نەمایەوە کە هەردوو چاوی لەو خۆڵە پڕ نەبێ ! پشتیان هەڵکردو خوا شکانی پێغەمەر - ﷺ - غەنیمەتەکەیانی تەقسیم کرد لە بەینی موسوڵمانانا .

٩٥/١٤١٤ إسماعيل [بن أبي خالد] قال : رأيت بيد ابن أبي أوفى - رضي الله تعالى عنهما - ضربة [على ساعده . إسماعيلي] ، [فقلت : ما هذه ؟ أحمد] قال : ضربتها مع النبي - ﷺ - يوم حنين . قلت : شهدت حنينا ؟ قال : قبل ذلك . ح - ٣٨٧/٦ .

تەرجەمە :

ئیسماعیلی کوڕی خالید - رحمه الله - ئەفەرموێ : جێ دەمی شیرێکم دی بە دەستی عەبدوڵلای کوڕی ئەبو ئەوفاوە - رضي الله تعالى عنه - لێم پرسی : ئەوە چیە ؟ فەرمووی : لە رۆژی حونەینا لێم دراوە . وتم : بۆ تۆ لە حونەینا حازربووی : فەرمووی : لە پێش ئەوەیشا ! [وەك حودەیبییە] .

٩٦/١٤١٥ قال عباس - رضي الله تعالى عنه - : شهدت مع رسول الله - ﷺ - يوم حنين فلزمت أنا وأبو سفيان بن الحرث بن عبدالمطلب

رسول الله - ﷺ - فلم نفارقه ، ورسول الله - ﷺ - على بغلة له بيضاء ، أهداها له فروة بن نفاثة الجذامي [نعامة . أخرى . إسمها دلدل] فلما إلتقى المسلمون والكفار ولّىٰ المسلمون مدبرين ، فطفق رسول الله - ﷺ - يُركضُ بغلته قِبل الكفار . قال العباس : وأنا آخذ بلجام بغلة رسول الله - ﷺ - أكُفُّها إرادة أن لاتسرع ، وأبو سفيان آخذ بركاب رسول الله - ﷺ - فقال رسول الله - ﷺ - : أي عباس ناد أصحاب السَّمُرة . فقال عباس - رضي الله تعالى عنه - وكان رجلا صيِّتاً : فقلت بأعلى صوتي : أين أصحاب السَّمُرة ؟ قال : فوالله لكأن عطفتهم حين سمعوا صوتي عطفة البقر على أولادها ! فقالوا : يا لبيك . يا لبيك . قال : فاقتتلوا والكفَّارَ والدعوة في الأنصار [أي إليهم] يقولون : يا معشر الأنصار ! يا معشر الأنصار ! قال : ثم قصرت الدعوة على بني الحرث بن الخزرج . فقالوا : يا بني الحرث بن الخزرج ! يا بني الحرث بن الخزرج ! فنظر رسول الله - ﷺ - وهو على بغلته كالمتطاول عليها إلى قتالهم ، فقال رسول الله - ﷺ - : هذا حين حمي الوطيس [التنوّر] قال : ثم أخذ رسول الله - ﷺ - حصيات فرمىٰ بهن وجوه الكفار ، ثم قال : إنهزموا ورب محمد ! - ﷺ - قال : فذهبت أنظر فإذا القتال على هيئته فيما أرى [وكأني أنظر إلى النبي - ﷺ - يركض خلفهم على بغلته . أخرى] قال : فوالله ما هو إلا أن رماهم بحصياته فما زلت أُرى حدَّهم كَلِلا ، وأمرهم مدبرا . م - ٧/٣٩٩ . فيه معجزة أي معجزة !

تەرجەمە :

عەباس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا - ﷺ - حازری غەزای حونەین بووم ، من و ئەبو سوفیانی کوڕی حەرثی

[مامی پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەو ئەبوسوفیانە کە هەجوی پێغەمەری ئەکرد ـ ﷺ ـ و حەسان ئیذنی لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ خواست کە موقابەلەی بکا ئێستە بە موسوڵمانیی لە خذمەت پێغەمەرایە ـ ﷺ ـ موحافەظەی ئەکا !] هەردوکمان مولازیمی پێغەمەر بووین ـ ﷺ ـ لێی جویٚ نەبووینەوە ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ سواری ئەو دوڵدوڵە بوو کە فەروەی کوڕی نوفاثە ـ یا نوعامە ـ ی جوذامیی بە هەدیەیە بۆی ناردبوو ، ئێسترێکی سپی بوو کەمێ مووی ڕەشی تیا بوو . کە موسوڵمانان و کافران بەرابەر بە یەك وەستان موسوڵمانان هەڕایان کردو شکان ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەمای بوو ئێسترەکەی غار بدا بۆ سەر کوففار من دەستەجڵەوی ئێسترەکەم گرتبوو کە خێرایی نەکاو ئەبو سوفیانیش ئاوزەنگی یەکەی گرتبوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەی عەباس ئەصحابی سەموره [کە شەجەرەی ریضوانە] بانگ بکە . عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە پیاوێکی دەنگ بەرز بوو فەرمووی : بە دەنگێکی زۆر بەرز تا تیاما بوو بانگم کرد : ئەصحابی سەموره لە کوێن ؟ وەڵڵاهی هەر ئەوەندە بوو کە دەنگی منیان بیست وەك گاگەل چۆن بائەداتەوە بۆ سەر بێچوەکانیان وا بایان دایەوە سەرمان ! ئەیانوت : (یا لبیك ، یا لبیك !) .

ئەوان و کوففار دەستیان کرد بە حەرب . ئیتر بانگ کردن حەصر کرایە سەر ئەنصار ، ئەیانوت : ئەی جەماعەتی ئەنصار ! ئەی جەماعەتی ئەنصار ! لە دواییدا دەعوەت حەصرکرایە سەر بەنی حەرثی کوڕی خەزرەج ؛ بانگیان ئەکرد : ئەی بەنی حەرثی کوڕی خەزرەج ! ئەی بەنی حەرثی کوڕی خەزرەج ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەسەر ئێسترەکەیەوە تێفکریوە لنگ بدا بۆ حەربیان ، فەرمووی : = ئەمە = وەختێکە تەنوور [یەعنی ئاگری حەرب] هەڵگیرساوەو گەرم بوە .

عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پاشا پێغەمەر ـ ﷺ ـ نەختێ بەردە وردەی هەڵگرت و هاویتی بە رووی‌انا ، لە پاشا فەرمووی : قەسەم بە خوای محەمەد شکان ! چووم تێفکریم وام دی کە حەرب هەر وەکوو خۆیەتی . وەڵڵاهی هەر ئەوە بوو کە وردەبەردەکانی بۆ هاویتن کە تێفکریم توندو تیژییان کول ئەبوو ، ئیشیان بەرەودوا ئەبۆوە .

ئەمە موعجیزەیێکی گەورەیە بۆ پێغەمەر ـ ﷺ ـ .

١٤١٦/٩٧ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أم سليم إتخذت يوم حنين خنجرا ، فكان معها ، فرآها أبو طلحة ، فقال : يا رسول الله هذه أم سليم معها خنجر . فقال لها رسول الله : ما هذا الخنجر ؟ قالت : إتخذته إن دنا مني أحد من المشركين بقرت به بطنه ! فجعل رسول الله ـ ﷺ ـ يضحك . قالت : يا رسول الله آقتل من بعدنا من الطلقاء إنهزموا بك ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : يا أم سليم إن الله عزوجل قد كفى وأحسن . م ـ ٧/٤٦٤ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئوممو سولەیمی دایکی ـ رضي الله تعالى عنها ـ رۆژی حونەین خەنجەرێکی دروست کرد ، ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ چاوی پێکەوت عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : ئەمە ئوممو سولەیمە خەنجەری پێیە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێی پرسی : ئەم خەنجەرە چیە ؟ عەرزی کرد : دروستم کردوە کە ئەگەر یەکێ لە موشریکان لێم نزیك بێتەوە بەو خەنجەرە زگی هەڵبدڕم ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێکەنی . ئوممو سولەیم عەرزی کرد : (یا رسول الله) ئەو طولەقایانەی پێ ئەکوژم کە هەڕایان

كردو [لەشكـرى] تۆيـان شكان ! پێغـەمەر ـ ﷺ ـ فـەرمووى : ئـەى ئوممومسولەيم خوا ـ عز وجل ـ كيفايەتى ئێمەى كردو زۆر چاك يارىيەى داين .

[طولەقا : ئەوانەن كە لە فەتحا موسوڵمان بوون و پێغەمەر ـ ﷺ ـ نـەيكردن بـە ئـەسيـرو بـەرەڵـلاى كـردن . ئيمـانيـان زەعيف بـوو ، ئوممومسولەيم ـ رضي الله تعالى عنها ـ لاى وابوو چونكى هەڕايان كردبوو كە مونافيقن ، كوشتنيان دروستە . .]

غزوة الطائف

في شوال سنة ثمان بعد حنين

١٤١٧/٩٨ أم سلمة - رضي الله تعالى عنها - دخل عليَّ النبيُّ - ﷺ - وعندي مُخَنَّثٌ [أي : يتكسَّر ويتثنىٰ مقلدا للنساء] فسمعته يقول لعبد الله ابن أمية [ابن أبي أمية : كش] : يا عبدالله أرأيت إن فتح الله عليكم الطائف غدا فعليك بأم غيلان [أسلمت هي وأبوها] فإنها تقْبِل بأربعٍ ، وتُدْبِر بثمان . فقال النبي - ﷺ - : لا يدخُلَنْ هولاء عليكن . المخنث هيت . ح - ٦/٣٩٣ . م - ٨/ ٤٨٠ . ن ، جه . عن عائشة . وفيه : فقال النبي - ﷺ - : ألا أرى هذا يعرف ما ههنا ؟ لايدخلن عليكن . قالت [عائشة - رضي الله تعالى عنها -] فحجبوه .

تەرجەمە :

ئومم و سەلەمە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی هاتەلام ، موخەننیثێکم لەلا بوو ، گوێم لێ بوو بە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئومەییەی ئەوت : خەبەرم بدەرێ کە سبەینێ طائیفتان بۆ فەتح کرا (أم غيلان)ت لە کیس نەچێ ؛ کە رووی کردە ئینسان بە چوار لۆچ رووی تێ ئەکا ، کە پشتی کردە ئینسان بە هەشت لۆچ پشتی تێ ئەکا [یەعنی لۆچی زکی لە پێشەوە چوارن ، لۆچەکان لە پشتەوە هەر یەکێکی ئەبێ بە دوان کە ئەکا هەشت .] پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئەمە کە ئەم شتانە ئەزانێ نەیێتە لاتان .

ئەو (مخنث)ە ناوی هیت = بوو = [یا هیت لەقەبی بوو ناوی (ماتع) بوو] .

١٤١٨/٩٩ عن عبدالله بن عمرو [بن العاص . أو ابن عمر - رضي

الله تعالى عنهم ـ] قال : لما حاصر رسول الله ـ ﷺ ـ الطائف فلم ينل منهم شيئا قال : إنا قافلون إن شاء الله [تعالى] فثقُل عليهم ، وقالوا : نذهب ولا نفتحه ! وقال : مرة نقفُل . فقال [عليه الصلاة والسلام] : اغدوا على القتال ، فغَدَوْا ، فأصابهم جراح ، فقال : إنا قافلون غدا إن شاء الله . فأعجبهم فضحك النبي - ﷺ - . ح - ٦/٣٩٤ . م - ٧/٤٠٨ . ن .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ، یا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ موحاصەرەی طائیفی دا هیچی پێ نەکردن ، فەرمووی : (إن شاء الله) ئەگەڕێینەوە ، ئەصحاب لەبەریان گران بوو ، فەرموویان : ئەڕۆین و فەتحی ناکەین ! پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : سبەینێ بچن حەرب بکەن ، چوون بۆ حەرب ، [کوففار لەسەر قەلعەکەوە تیرەبارانیان کردن] بریندار بوون . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : سبەینێ (إن شاء الله) ئەگەڕێینەوە ، پێیان خۆش بوو ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێکەنی .

وفد بني تميم

١٠٠/١٤١٩ قال ابن إسحاق غزوة عيينة [فاعل] = بن حصن = بن حذيفة بن بدر بني العنبر [مفعول] من بني تميم بعثه النبي - ﷺ - إليهم [لما أغاروا على ناس من خزاعة] فأغار وأصاب منهم ناسا [أحد عشر رجلا] وسبى منهم نساء [إحدى عشرة إمرأة] ، [فقدم رؤساؤهم بسبب ذلك] ح - ٦/٤١٥ .

تەرجەمە :

[لە بەنی تەمیم بەنی عەنبەر دابوویان بەسەر بەعزێ لە خوزاعەدا] پێغەمەر - ﷺ - عویەینەی کوڕی حوذەیفەی = کوڕی حیصنی = کوڕی بەدری ناردەسەریان تالآنی کردن ، یانزە پیاوو یانزە ژنیان ئەسیر کرد [رەئیسەکانیان هاتنە خذمەت پێغەمەر - ﷺ - کە نەجاتیان بدەن] .

وفد بني حنيفة

١٠١/١٤٢٠ أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : بعث النبي - ﷺ - خيلا قبل نجد ، فجاءت برجل من بني = حنيفة = يقال له : ثمامة ابن ثال ، فربطوه بسارية من سواري المسجد ، فخرج إليه النبي - ﷺ - فقال : ما عندك يا ثمامة ؟ فقال : عندي خير يا محمد ، إن تقتلني تقتل ذا دمٍ ، وإن تُنْعِم تُنْعِم على شاكرٍ . وإن كنت تريد المال فسَلْ منه ما شئت . فتُرِك حتى كان الغد ، ثم قال - عليه الصلاة والسلام - : ما عندك يا ثمامة ؟ فقال : ما قلت لك ؛ إن تنعم تنعم على شاكر فتركه حتى كان بعد الغد ، فقال : ما عندك يا ثمامة ؟ قال : عندي ما قلت لك .

فقال : أطلقوا ثمامة .

فـانطلق إلى نجـل [نخل . نسخـة] [مـاء مستنقـع] قـريب من المسجد ، فاغتسل ، ثم دخل المسجد ، فقال : أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله . يا محمد والله ما كان على الأرض وجه أبغض إليَّ من وجهك ، فقد أصبح وجهك أحب الوجوه إليَّ . والله ما كان من دين أبغض إليَّ من دينك فأصبح دينك أحب الدين إليَّ . والله ما كان من بلد أبغض إليَّ من بلدك ، فأصبح بلدك أحب البلاد إليَّ . وإن خيلك أخذتني وأنا أريد العمرة فماذا ترى ؟ فبشره رسول الله ـ ﷺ ـ وأمره أن يعتمر ، فلما قدم مكة قال لـه قائـل : صَبَوْتَ . قـال : لا والله ولكن أسلمت مع محمد رسول الله ـ ﷺ ـ ولا والله لا يأتيكم من اليمامة حبة حنطة حتى يأذن فيها النبي ـ ﷺ ـ .

[زاد ابن هشام : ثم خرج إلى اليمامة فمنعهم أن يحملوا إلى مكة شيئا ، فكتبوا إلى النبي ـ ﷺ ـ : إنك تأمـر بصلة الرحم . فكتب إلى ثمامة أن يُخلِّيَ بينهم وبين الحمل إليهم] ح ـ ٦/٤١٨ .

له (صبوت)ەوە تا ئاخرىيەكەيى و زيادەكەى هيشام دەرەكەوێ كە ئەم حادیثەیە لە پێش فەتحی مەکـەدا بوە ، مـوناسب وایـە لەوێـدا بنووسرێ .

تەرجەمە :

ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەستەیێ سوارەی نارد بۆطەرەفی نەجد ، لە بەنی = حەنیفە = ثومامەی کوڕی ئاليان بە ئەسیریی هێنا ، بە کۆڵەکەیێکی مزگەوتەکەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ یان بەستەوە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوە لای ، فەرمووی : ئەی ثومامە لات چۆنە دەرحەق ئەو موعامـەلەیـەی کە دەرحـەق تۆی

ئەكەم ؟ عەرزیکرد : یا محەمەد ظەننی خێرم لایە ؛ ئەگەر بمکوژی خوێنکەرێك ئەکوژی ، ئەگەر عەفومکەیی و ئینعامم بەسەرا بکەی بە عەفوو ئینعام بەسەر کەسێکا ئەکەی کە شوکرت ئەکا . ئەگەر ماڵم لێ داوا بکەی چیت ئەوێ طەڵەب کە . پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەجێی هێشت ، ڕۆژی دوایی دووبارە پێغەمەر ـ ﷺ ـ لێی پرسی : ئەی ثومامە ظەننت چۆنە بە من کە دەرحەقتی ئەکەم ؟ عەرزیکرد : ظەننم ئەوەیە کە عەرزم کردی ئەگەر بە عەفو ئینعامم بەسەرا بکەی بە عەفو ئینعام بەسەر کەسێکا ئەکەی کە شوکرت بکا پێغەمەر ـ ﷺ ـ بەجێی هێشت . ڕۆژی سێیەم دیسان لێی پرسی ؛ عەرزیکرد : ئەوەیە کە عەرزم کردی . پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمری فەرموو : ثومامە بەردەن ، بەریان دا .

چوو بۆ لای ئاوێ کە = لە = مزگەوتەوە نزیك بوو غوسڵی کردو هاتەوە مزگەوت بۆ خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : (أشهد ان لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله) . ئەی محەمەد وەڵڵاهی هیچ ڕوویێ نەبوە لەسەر ئەرزا لە ڕووی تۆ لام مەبغووضتر بێ ئێستە ڕووی تۆ وای لێ هاتوە کە لە هەموو ڕووی تر لە لام مەحبووبترە . وەڵڵاهی هیچ دینێ نەبوە لە دینی تۆ لە لام مەبغووضتر بێ ئێستە دینی تۆ وای لێ هاتوە کە لە هەموو دینێ لە لام خۆشەویستترە . وەڵڵاهی هیچ شارێ لە شاری تۆ لام مەبغووضتر نەبوە ، ئێستە شاری تۆ لە هەموو شارێ لە لام خۆشەویستترە . من بۆ عومرە ئەچووم سوارەی تۆ گرتمیان ئەمرت چیە ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ موژدەی ئەوەی دایێ کە خوا لە هەموو گوناهی پێشووی خۆش بوە . ئەمری پێکرد کە عومرە بکا .

کە چوو بۆ مەککە یەکێ پێی وت : لە دین وەرگەڕاوی ؟ فەرمووی : خەیر وەڵڵاهی لە دین وەرنەگەڕام [چونکی دینم نەبوە تا لێی

وەربگەڕێم ؛ چونکی دینی ئێـوە دین نی‌یە] . (لکن) مـوسوڵمـان بووم لەگەڵ پێغەمەر ـ ﷺ ـ . خەیر وەڵلاهی [دینی ئێوە کە پێی ئەڵێن دین دین نی‌یە قەت ناگەڕێمەوە سەری‌و] لە یەمامەوە دەنکە گەندمێکتان بۆ نایێ تا پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەمر نەکا .

[ئیبن‌و هیشام لە ریوایەتی خۆیا ئەوەی لێ‌زیاد کردوە : کە ثومامە ـ رضي الله تعالى عنه ـ گەڕایەوە بۆ یەمامە مەنعی کرد نەیهێشت کە لـە یەمامەوە هیچ شتێك بچێ بۆ مەککە . مەککەیی نووسییان بۆ خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ : تۆ ئەمر ئەکەی بە صیلەی رەحم . پێغەمەر ـ ﷺ ـ نووسی بۆ ثومامە کە رێیان بو بەرەڵلا بکا] .

١٤٢١/١٠٢ مهدي بن ميمون قـال : سمعت أبا رجـاء العطاردي [رحمهما الله ، أسلم زمن النبي ـ ﷺ ـ ولم يره] يقول : كنا نعبد الحجر فإذا وجدنا حجرا هو أخير منه ألقيناه وأخذنا الآخر ، فإذا لم نجد حجرا جمعنا جُثْوةً [قطعة] من تراب ثم جئنا بالشاة فحلبنـاه عليه [حتى يلتئم كالحجر] ثم طفنا به ، فإذا دخل شهر رجب قلنا : مِنْصل الأسنة ؛ فلا ندع رمحا فيه حديدة ولاسهما فيه حديدة إلا نزعناه وألقيناه شهر رجب .

وسمعت أبا رجاء يقول : كنا يوم بعث النبي [أي إشتهر أمره] ـ ﷺ ـ غلاما أرعىٰ الابل على أهلي ، فلما سمعنا بخروجه [أي ظهوره على قومه بفتح مكة] فررنـا إلى النـار : إلى مسيلمـة الكـذاب .

ح ـ ٦/٤٢٠ .

تەرجەمە :

مەهدیی کوڕی مەیموون ئەفەرموێ : لە ئەبو رەجای عەطاریدیم بیست ئەیفەرموو : ئێمە بەردمان ئەپرست ، کە بەردێکی باشترمان لەو بەردە دەستکەوتایە ئەو بەردەمان فڕێئەدا ئەوی‌ترمان هەڵەگـرت بۆ

عیبادەت ، بەردمان دەستنەکەوتایە خۆڵمان کۆئەکردەوەو مەرمان بەسەرا ئەدۆشی تا وەك بەرد رەق بێو طەوافیمان ئەکرد ، کە مانگی رەجەب ئەهات ئاسنی رمو تیرمان هەموو فڕێ ئەدا هیچ رمو تیرمان نەئەهێشت کە ئاسنی پێوە بمێنێ دەرمانئەهێناو فڕێمان ئەدا لە مانگی رەجەبا .

لێمبیست ئەیفەرموو : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ خەبەری بیعثەتی شوهرەتی بەست ، منالْ بووم وشتری خۆمانم ئەلەوەڕان ، کە خەبەری ئەوەمان بیست پێغەمەر ـ ﷺ ـ غالْب بوو بەسەر قەومەکەیاو مەککەی فەتح کرد فیرارمان کردە ناو ئاگر بۆ لای موسەیلیمەی کەذذاب .

[ئەبو رەجاء ـ رحمه الله ـ لە زەمانی پێغەمەرا ـ ﷺ ـ موسوڵمان بوو ئەمانەی دی] .

۱۰۳/۱٤۲۲ عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بعثَ النبي ـ ﷺ ـ سريةً فاستعمل عليها رجلا من الأنصار [عبدالله بن حذافة ـ رضي الله تعالى عنه ـ ليس أنصاريا ، بل هو سهمي . والمعنى من الناصرين لدين الله] وأمرهم أن يطيعوه فغضب [فأغضبوه . م] فقال : أليس أمركم النبي ـ ﷺ ـ أن تطيعوني ؟ قالوا : بلى . قال : فأجْمعوا لي حطبا ، فجمعوا ، فقال : أوقدوا نارا فأوقدوها . فقال : أدخلوها .

[وفي رواية حفص بن غياث : عزمت عليكم لما جمعتم حطبا وأوقدتم نارا ثم دخلتم فيها] فهمّوا وجعل بعضهم يمسك بعضا ويقولون : فررنا إلى النبي ـ ﷺ ـ من النار ! فما زالوا حتى خمدت النار فسكن غضبه . فبلغ النبيَّ ـ ﷺ ـ فقال : لو دخلوها ما خرجوا منها إلى يوم القيامة . الطاعة في المعروف . ح ـ ٦/٤٠٢ .

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - جەماعەتێکی نارد بۆ جێیێ پیاوێکی ئەنصاریی [کەعەبدوڵلای کوڕی حەذافەی سەهمی یە - رضي الله تعالى عنه -]ەکرد بە سەرکردەیان ئەمری پێ فەرموون کە ئیطاعەی بکەن رقیان هەڵسان . فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - ئەمری پێ نەفەرموون کە ئیطاعەم بکەن ؟ فەرموویان : بەڵێ . فەرمووی : کە وابێ دارم = بۆ = کۆبکەنەوە ، بۆیان کۆکردەوە . فەرمووی : هەڵی گیرسێنن ، هەڵیان گیرسان . فەرمووی : بچنە ناوی ، تەمایان بوو کە بچنە ناوی ، بەعزێکیان بەعزێکیانی ئەگرت نەیئەهێشت بچێتە ناوی ، ئەیانفەرموو : ئێمە لە ئاگر فیرارمان کردوە بۆ لای پێغەمەر ! - ﷺ - ئیتر هەر بەم نەوعە مەنعی یەکتری یان ئەکرد تا ئاگرەکە کووژایەوە . ئەو وەختە غەضەبی عەبدوڵلا دامرد .

ئەو خەبەرە گەیی بە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئەگەر ئەچوونە ناوی تا رۆژی قیامەت لێی نەئەهاتنە دەرێ . ئیطاعەت لە ئەمری مەعرووفا لازمە .

[ئیبن وسەعد لە طەبەقاتا ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - ئەو سریەی بۆیە نارد خەبەری ئەوەی پێگەیی کە ئەهلی جیددە بەعزێ خەڵقی حەبەشیان دیبوو . پێغەمەر - ﷺ - لە (ربیع الآخر)ی ساڵی نۆیەمی هیجرەتا عەلقەمەی کوڕی (مجزز) ی لەگەڵ سێصەد کەس نارد بردنی تا جەزیرەیێ کە بە شوێنیانا چوە ناو بەحرەکەوە هەرایان کرد ، کە گەڕایەوە بەعزێ لەوانەی کە لە خذمەتیا بوون عەجەلەیان کرد بۆ ناو ماڵو مناڵیان گەڕانەوە . ئەو وەختە عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنه - ئەمری بەوانە کرد کە عەجەلەیان کردبوو .] ح - ٦/٤٠٢ .

م - ٨/٣٥ . د ، ن .

١٤٢٣/١٠٤ عن أبي سعيد الخدري - رضي الله تعالى عنه - أن رجالا من المنافقين على عهد رسول الله - ﷺ - كان إذا خرج رسول الله - ﷺ - إلى الغزو تخلفوا عنه ، وفرحوا بمقعدهم خلاف رسول الله - ﷺ - فإذا قدم رسول الله - ﷺ - إعتذروا إليه وحلفوا ، وأحبُّوا أن يحمدوا بما لم يفعلوا ، فنزلت : ﴿لاتحسبن الذين يفرحون بما أتوا ويحبون أن يحمدوا بما لم يفعلوا . .﴾[1] ح - ٧/٦٦ ، م - ١٠/٢٥٤ .

تەرجەمە :

ئەبو سەعیدی خدریی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا - ﷺ - بەعزێ لە مونافیقان کە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی بچوایە بۆ غەزایێ لێی دوائەکەوتن ، بە دواکەوتنەکەیان دڵخۆش ئەبوون ، کە پێغەمەر - ﷺ - تەشریفی ئەهاتەوە ئەچوونە خذمەتی عوذریان بۆ ئەهێنایەوەو سوێنیان ئەخوارد ، حەزیان ئەکرد بەو ئیشەی کە نەیانکردوە مەدح بکرێن . ئەو وەختە ئەم ئایەتی (آلی عمران)ە نازڵ بوو : ئەی محەمەد ظەن مەبە کە ئەوانەی بەوە کەیفخۆش ئەبن کە مەدح بکرێن بە ئیشێ کە نەیانکردبێ بەوە نەجاتیان ببێ لە عەذاب .[2]

١٤٢٤/١٠٥ علقمة بن وقاص [وكان من أجلِّ التابعين] أخبر أن مروان قال لبوَّابه : إذهب يا رافع إلى ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - فقل : لئن كان كل امرئ فرح بما أوتي وأحب أن يحمد بما لم يفعل . .

---

(١) آل عمران / ١٨٨ .

(٢) (بەوە نەجاتیان ببێ لە عەذاب) تەواوکەری ئایەتەکەیەو لە عەرەبییەکەدا نەنووسراوەو دانەر - خ - خۆی تەواوی کردوە .

معذبا لنعذبن أجمعون ! فقال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : وما لكم ولهذه [المسألة] ؟ إنما دعا النبي - ﷺ - يهود فسألهم عن شيئ [عن صفة النبي - ﷺ - عندهم] فكتموه إياه وأخبروه بغيره فأروه أن قد استحمدو عليه بما أخبروه عنه فيما سألهم وفرحوا بما أوتوا من كتمانهم . ثم قرأ ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : ﴿وإذ أخذ الله ميثاق الذين أوتوا الكتاب [لتُبَيِّنُنَّهُ للناس ولا تكتمونه . . إلى آخر الآية الثانية . .]﴾[١] ح - ٧/٦٦ . م - ١٠/٢٥٥ . عن حميد بن عبدالرحمن بن عوف بفرق ما .

تەرجەمە :

عەلقەمەی کوڕی وەقاص - رحمه الله - ئەفەرموێ : مەروان بە دەرگاوانەکەی وت : ئەی رافیع بچۆرە خزمەت ئیبن وعەباس - رضي الله تعالى عنهما - لێی بپرسە : ئەگەر هەرکەسێ کە دڵخۆش ئەبێ بەوەی کە خوا پێی عەطاکردوەو حەزەکا کە مەدح بکرێ بەوەی کە نەیکردبێ عەذاب بدرێ . . ئێمە هەمووممان عەذاب ئەدرێین ! ئیبن وعەباس - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : دەخڵیان چیە بەسەر ئەم مەسئەلەیەوە ؟ پێغەمەر - ﷺ - جوولەکەی بانگ کرد شتێکی لێ پرسین لێیان کەتم کردو بە نەوعێکی تر جوابیان دایەوە ، بەوە دڵخۆش بوون کە بەو جوابە درۆیە پێغەمەر - ﷺ - لێیان مەمنوون بوە حەمدیان ئەکا . لە پاشا ئیبن وعەباس - رضي الله تعالى عنه - ئەو دوو ئایەتی ئالی عیمرانەی خوێنەوە .

---

(١) آل عمران / ١٨٧ .

ئەم سەبەبی نوزوولە موبایینی سەبەبی نوزوولی ئەبوسەعیدە . نە لە موسلیما نەوەویی ، نە لە بوخاریدا قـەسطەلانی قسـەیان لیٚنـەکردوە . رەنگە سوئال لە یەهوودیو ئیعتیذاری مونافیق لە وەختیٚکا بووبیٚ .

تمت الغزوات بحمد الله ـ تعالى ـ

پیٚنج شەنبە ٢٠ شوباط ٩٤١

بدء الخلق

که ئەفەرموێ (باب بدء الخلق) ئینسان وا تێئەگا که له ئیبتیدای خەلقی عالەمەوە خوا چی خەلق کردوە هەمووی یەکە یەکە کەیفییەتی خەلقی ئەرزو ئاسمان و مەلائیکەو جینن و ئینس و بەهەشت و جەهەننەم . . هەمووی بەیان ئەکا . ئەمما دائیر بەوانە یەك حەدیث نی یە ، هەر ئەوەی تیایە کە مەلائیکەو جینني و شەیطان چی ئەکەن هیچی تر . کەیفییەتی خەلقی ئەوانە بە موجمەلی لە قورئانا هەیە .

جومعە ٩٤١/٢/٢١

بدء الخلق

بسم الله الرحمن الرحيم

ما جاء في = بدء الخلق =

١ ـ قوله ـ تعالى ـ : ﴿وهو الذي يبدأ الخلق ثم يعيده ، وهو أهون عليه ، [وله المثل الأعلى في السماوات والأرض وهو العزيز الحكيم]﴾[1] ح ـ ٥/٢٣٨

٢ ـ ﴿الله يبدأ الخلق ، ثم يعيده ، ثم إليه تُرجَعون﴾[2] الروم

٣ ـ ﴿أوَلَمْ يروا كيف يبدئ الله الخلق ثم يعيده ؟ إن ذلك على الله يسير﴾[3] عنكبوت .

٤ ـ ﴿قل : سيروا في الأرض فانظروا كيف بدأ الخلق ثم الله ينشئ النشأة الآخرة . إن الله على كل شيئ قدير﴾[4] عنكبوت .

ته‌رجه‌مه :

خوا ـ عز وجل ـ ئه‌و خوایه‌یه که ئه‌و له ئینسان‌و هه‌موو ذی‌ڕۆح خه‌لق ئه‌کا ، که به هیلاك چوون له دوای هیلاکبوونیان ، هه‌ر وه‌ختێ ئیراده بکا ، ئیعاده‌یان ئه‌کاته‌وه . به نه‌ظه‌ر ئوصوول‌و قاعیده‌و قودره‌تی ئێوه‌وه ئیعاده‌کردنه‌وه‌ی له سه‌ر خوا ـ عز وجل ـ سووکتره له‌مه که = له = ئه‌وه‌ڵه‌وه خه‌لقی بکا ؛ چونکی خه‌لقی ئیبتیدائی ئه‌صلێك‌و ئه‌ساسێك‌و

---

(١) الروم / ٢٧ .

(٢) الروم / ١١ .

(٣) العنكبوت / ١٩ .

(٤) العنكبوت / ٢٠ .

میثالێکی نی یە کە لەسەری دروست بکا . فەقەط بۆ ئیعادەکـردنەوەی ئەساس و میثالێ هەیە . ئەمما بە نیسبەت قودرەتی قاهیری خواوە خەلق : ئیبتیدائی و ، ئیعادەکردنەوەی هیچ فەرقیان نی یە . هەردووکی سووکە ؛ چونکی = خوا = ـ عز وجل ـ صیفەتێکی عەجیبی هەیە وەك : قودرەتی عامە ، حیکمەتی تامە لە ژوور عیلم و قودرەتی هەموو ماسیوای خۆیا کە لە خەلقی سەماوات و ئەرزایە هەر خوایە کـە قادر بیٚ و غـالب بیٚ بەسـەر هەموو شتا ، عاجـز نەبیٚ لـە خەلق و ئیعـادەو کە هـەموو ئـەفعالی بـە موقتەضای حیکمەت بیٚ .

خوا ـ عز وجل ـ (إبتداءً) بە بیٚ میثال و نموونە خەلق دروست ئەکاو ئیعادەی ئەکاتەوە ، لە پاشا کە ئیعادەکرانەوە هەموو روجووع ئەبنە لای ئەو بۆ : حیساب و ، ثەواب و ، عیقاب .

کوففار کە ئینکاری بەعث ئەکەن ئایا تیٚ نافکرن کە چۆن ئیبتیدای خەلق ئەکاو کە بە هیلاك چوون ئیعادەیان ئەکـاتەوە ؟ خـەلق و ئیعادە لەسەر خوا زۆر ئاسانە .

ئەی محەمەد بە مونکیری بەعث بلیٚ : سەیاحەتی ئەرز بکـەن ، تیٚفکرن ، نەظەر لە ئەنواعی مەصنووعاتی ئیلاهی یە بکەن ، چۆن خوا خەلقی خەلق کردوەو عیلم و قودرەتی بوە بەسەر خەلقیانا بەو نەوعەیش خوا دووبارە ئیجادیان ئەکاتەوە .

دەلائیل و ئایات لە قورئانا زۆرە ئەم میقدارە کافی یە .

١٤٢٥/١ عن عمران بن حصين ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : دخلت على النبي ـ ﷺ ـ وعقلت ناقتي بالباب ، فأتاه ناس من بني تميم ، فقال : أقبلوا البشرى يا بني تميم . قالوا : قد بشرتنا ، فأعطنامرتين . ثم دخل عليه ناس من أهل اليمن [وهم الأشعريون] ، فقال : إقْبلوا البشرى يا

أهل اليمن إذ لم يقبلها بنو تميم . قالوا : قبلنا يا رسول الله نسألك عن هذا الأمر [العالَمِ] قال : كان الله ولم يكن شيٌ غيره . وكان عرشه على الماء [أي ثم كان] وكتب في الذكر ـ أي اللوح المحفوظ ـ كُلَّ شيٌ . وخلق السماوات والأرض . فنادى مناد : ذهبتْ ناقَتُك يا ابن الحصين ! فانطلقت فإذا هي يقطع دونها السرابُ . فوالله ! لَوَدِدْتُ أنِّي كنت تركتها . [ليتني تركتها . أخرى . خ] خ/٥/٢٣٩ . ح ـ ١٠/٣٨٣ . ت ، ن .[1]

١٤٢٦/٢ عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قام فينا النبي ـ ﷺ ـ مقاما ، فأخبرنا عن بدء الخلق حتى دخل أهل الجنة منازلهم ، وأهل النار منازلهم . حفظ ذلك من حفظه ، ونسيه من نسيه . ح ـ ٥/٢٤١ .

تەرجەمە :

عیمرانی کوری حصەین ـ رضي الله تعالى عنە ـ ئەفەرموێ : چوومە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە بەردەرکی مزگەوتەکەدا وشترەکەم ئەشکێڵ کرد . بەعزێ کەس لە بەنوتەمیم هاتنە خذمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموون : مـوژدەی بەهەشتو مەقاماتی عالی یەتان ئەدەمێ ! عەرزیانکرد : موژدەت داوینێ [بۆیە هاتووین شتمان بدەیتێ] شتمان بدەرێ دوو دەفعەیان وت . [رووی پێغەمەر ـ ﷺ ـ تێکچوو . أخرى] لە پاشانا بەعزێ لە ئەهلی یەمەن هاتنە خذمەتی [ئەبو مووسای ئەشعەریی و رەفیقانی ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموون : کە بەنوتەمیم موژدەیان قەبووڵ نەکرد ئێوە قەبووڵی بکەن . عەرزیانکرد : (یا رسول الله) قەبووڵمان کرد . عەرزیانکرد . بۆیە

(١) سەرەتای ئەم حەدیثە نەختێك لە حەدیثی ژمارە (١١٢٩/٢٥٢) دەچێت .

هاتووینه خذمەتت کە ئەحوالّی ئەم عالەمەمان تێبگەیێنی چۆن بوەو چۆن ئەبێ . فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ مەوجوود بوەو هیچی تر نەبوە ، لە پاشا خوا ـ عز وجل ـ ئاوو عەرشی خەلق کرد ، عەرشی لەسەر ئاو بوو ، لە (لوح المحفوظ)ا هەموو شتێك کە دروست ئەکرێ هەمووی نووسرا ، ئاسمانو ئەرز خەلق کرا ، لەو وەختەدا بانگکەرێ بانگی کرد : ئەی کوڕی حوصەین وشترەکەت ڕۆیی ! بە شوێنیا چووم ، تێفکریم سەراب کەوتۆتە بەینمانەوە ڕێی ئەوەی لێگرتووم کە بی بینم . = خۆزگە وازم لێ بهێنایەو گوێم پێ نەدایە = .

عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ لەسەر مینبەر تەشریفی ڕاوەستا خەبەری داینێ لە بەدئی خەلقەوە ، تا ئەهلی بەهەشت چوە بەهەشتەوەو ئەهلی جەهەننەم چوە جەهەننەمەوە ، تا بەهەشتیو جەهەننەمی چوونە مەنزلّی خۆیانەوە ، ئەوی حیفظی کردبێ حیفظی کردوە ، ئەوی لە فکری چووبێتەوە لە فکری چۆتەوە .

١٤٢٧/٣ [في حديث أبي زيد الأنصاري عند أحمد] ومسلم عن عمرو بن أخطب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : صلى بنا رسول الله ـ ﷺ ـ صلاة [الفجر . م] وصعد المنبر فخطبنا حتى حضرت الظهر . ثم نزل فصلى بنا الظهر ، ثم صعد المنبر فخطبنا ثم العصر كذلك [فخطبنا حتى غربت الشمس . م] حتى غابت الشمس ؛ فحدثنا بما كان وما هو كائن . فأعلمنا أحفظنا . م ـ ١٠/٣٥٥ . ح ـ ٥/٢٤١ .

تەرجەمە :

[چی فەرموەو چی نەفەرموە ، حەرفێکی هیچ کەس بەیانی نەکردوە ، ڕەنگە هەر ئەوانە بێ کە = لە = فیتنەو ، ئەشراطو ، ئەحوالّی ئاخیرەتو ، سائیرەدا بەیان کرابێ . والله أعلم] .

ئەبوزەید . . عەمری کوری ئەخطەب - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - نوێژی سبەینێی پێ کردین ، تەشریفی چوە سەر مینبەر ، خوطبەی بۆ خوێندین تا وەقتی نیوەرۆ . لە پاشا تەشریفی هاتە خوارێ نوێژی نیوەرۆی پێ کردین ، لە پاشا تەشریفی سەرکەوتەوە سەر مینبەر خوطبەی بۆ خوێندین تا عەصر ، تەشریفی هاتەخوارێ نوێژی عەصری بۆ کردین ، تەشریفی چوەوە سەر مینبەرەکە تا ئێوارێ رۆژ ئاوابوو . تا ئەو وەختە چی بوەو لەوەلایش چی ئەبێ خەبەری دایێ .

[چی ئەبوو بەعزێ ئەصحاب بەعزێکی لەو فەرموودەیان بۆ نەقڵ بکردینایە . رەنگە ئەوامیرو نەواهی هیچ تیا نەبووبێ . هەر خەبەردان بووبێ لە حەوادیث گینا ئەمری ئەکرد بە تەبلیغی .]

١٤٢٨/٤ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - ﷺ - : أُراه يقول الله : شتمني ابنُ آدم وما ينبغي له أن يشتمني ، ويكذبني وما ينبغي له . أما شتمه : فقوله : إن لي ولدا . وأما تكذيبه : فقوله : ليس يعيدني كما بدأني . ح - ٥/٢٤١ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : وا ظەن ئەبەم کە وای فەرموو : خوا - عز وجل - ئەفەرموێ : بەنی ئادەم جوێنیان پێدام ، لایەق نی یە بۆ ئەوان جوێنم پێ بدەن . تەکذیبیان کردم لایەق نی یە بۆ ئەوان کە تەکذیبم بکەن . جوێندانیان ئەوەیە کە ئەڵێن : وەلەدی هەیە ؛ [چونکی وەلەدی ببێ ئەبێ خۆیشی لە باوك و دایکێ بەوەلەد بووبێ ، ئەوە (مستلزم)ی حودووث و نەقصە] تەکذیبکردنیان ئەوەیە کە ئەڵێن : دووبارە دروستم ناکاتەوە وەك لەوەپێش کە خەلقی کردووم .

١٤٢٩/٥ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - أن رسول الله - ﷺ - قال : لما قضى الله - تعالى - الخلق كتب [على نفسه . م] في كتابه [وهو غير اللوح] فهو عنده فوق العرش ، [واللوح تحت العرش] : إن رحمتي سبقت [غلبت] غضبي . ح . ٢٤٢/٥ . ح - ٤١٠/١٠ . ن وفيه : سبقت بدل غلبت . م - ١٩٠/١٠ . في رواية منه : سبقت . وفي أخرى : تغلب .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : کە خوا لە خەلقکردنی خەلق بۆوە لە کتێبێکا کە مەخصووصە بە ذاتی خۆیەوە [لەسەر خۆیی . م] نووسی : کە رەحمەتی من پێش غەضەبم کەوتوە . [کە رەحمەتی من غاڵب بوە بەسەر غەضەبما . أخرى] ئەو کتێبە لە خذمەت خۆیایە لە ژوور عەرشەوە . [غەیری (لوح المحفوظ)ە ئومووری قەطعی یەی خوای تیایە . غەیری ئەوو ئەوانەی کە ئیرادەی ئەفەرموێ : هیچ کەس (مطلع) نی یە بەسەریا ، پاشکەوتن و پێشکەوتن و تەبدیلی نی یە ؛ چونکی هەمووی مەعلووماتی خوایە ناگۆڕرێ . (لوح المحفوظ) لە ژێر عەرشایە ئەگۆڕرێ . ئەو کتێبە قەدری ئەزەلی یە بە نەظەر ئەو کتێبەوە نوێژ و رۆژوو عیبادەت و دوعاو تەداویی هیچ تەئثیری نی یە ، تەئثیریان بە نیسبەت (لوح المحفوظ)ەوەیە . یەعنی خوا دوو کتێبی هەیە : یەکێکیان لەوحە ، ئەوی تریان (ام الکتاب)ە] .

١٤٣٠/٦ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - . . . م - ٢٦٥/١٠ .

تەرجەمە :

ئەم حەدیثەم نەنووسی ، حەدیثی پێغەمەر نی یە - ﷺ -

(إسرائيليات) ی (كعب الأحبار) ە راویی لێی تێکچوە ، بە غەلەطا چوە کە ئیسنادی داوەتە ئەلای پێغەمەر - ﷺ - چونکی موخالیفی قورئانە . (راجع قسطلاني ٥/٢٤٤ . نەوەویی قسەی لێ نەکردوە .[1]

١٤٣١/٧ عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : قال رسول الله - ﷺ - خُلِقت الملائكة من نور ، وخُلِق الجانُّ من مارج من نار . وخلق آدم - عليه السلام - مما وصف لكم . م - ١٠/٤٣٧ .

تەرجەمە :

عائیشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : مەلائیکە لە نوور خەلق کراوە ، جان لە دووکەڵێکی تاریکی ئاگر دروست کراوە . حەزرەتی ئادەم - عليه الصلاة والسلام - لەوەی کە لە قورئانا بۆتان تەعریف کراوە خەلق کراوە .

---

(١) دانەر - خ - هیچی لە حەدیثەکە نەنووسیوەو بە گوێرەی لاپەڕەی دیاریکراوی موسلیم و قسەکەی قەسطەلانی ئەم حەدیثەیە :

(عن أبي هريرة ، قال : أخذ رسول الله - ﷺ - بيدي فقال : خلق الله التربة يوم السبت ، وخلق فيها الجبال يوم الأحد ، وخلق الشجر يوم الاثنين ، وخلق المكروه يوم الثلاثاء ، وخلق النور يوم الأربعاء ، وبث فيها الدواب يوم الخميس ، وخلق آدم - عليه السلام - بعد العصر من يوم الجمعة في آخر الخلق في آخر ساعة من ساعات الجمعة فيما بين العصر إلى الليل .)

قەسطەلانی قسەی لەم حەدیثە کردوەو ئەنجام ئەڵێ : بە گوێرەی ئەمە زەوی لە حەوت رۆژا خەلق کراوەو بەڵام بە گوێرەی قورئان لە چوار رۆژدا خەلق کراوە . واتە ئەمەی ئێرە پێچەوانەی قورئانە ، بۆیە دانەر - خ - نەینووسیوە .

١٤٣٢/٨ عائشة - رضي الله تعالى عنها - زوج النبي - ﷺ - حدثت أنها قالت للنبي - ﷺ - : هل أتى عليك يوم كان أشد من يوم أُحد ؟ قال : لقد لقيت من قومكِ ما لقيت . وكان أشد ما لقيت منهم يوم العقبة [شوال سنة ١٠ ، التي بمنى] إذ عرضت نفسي على ابن عبد ياليل بن عبد كُلال فلم يجبني إلى ما أردت . [وعند موسى بن عقبة أنه - ﷺ - = توجه الى الطائف = رجاء أن يؤوه ، فعمد إلى ثلاثة نفر من ثقيف ، وهم سادتهم ، وهم إخوة عبد ياليل وحبيب ومسعود بنو عمرو ، فعرض عليهم نفسه ، وشكا إليهم ما انتهك منه قومه . فردوا عليه أقبح رد ، ورضخوه بالحجارة حتى أدْمَوْا رجليه] . فانطلقت ، وأنا مهموم ، على وجهي ، فلم أستفق إلا وأنا بقرن الثعالب ، فرفعت رأسي فإذا أنا بسحابة قد أظلَّتني فنظرت فإذا فيها جبريل ، - عليه الصلاة والسلام - فناداني ، فقال : إن الله قد سمع قول قومك وما ردوا عليك ، وقد بعث إليك ملك الجبال لتأمره بما شئت فيهم ، فناداني ملك الجبال فسلَّم عليَّ ثم قال : يا محمد ، فقال ذلك فيما شئت إن شئت أن أُطْبق عليهم الأخشبين [جبلي مكة : أبا قبيس ومقابله قُعَيقعان] فقال النبي - ﷺ - : بل أرجو أن يخرج الله من أصلابهم من يعبد الله وحده لايشرك به شيئا .
ح - ٢٦٥/٥ . م - ٤٣٦/٧ . ن .

تەرجەمە :

عائيشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەر - ﷺ - م کرد : هیچ رۆژێکت بەسەرا هاتوە کە لە رۆژی ئوحود بەشیدەتتر بووبێ ؟ فەرمووی : لە قەومی تۆ تووشی ئەوە بووم کە تووشی بووم . بەشیدەتترینی ئەوەی کە لەوانەوە تووشی بووم ئەوە بوو کە لە عەقەبەی مینادا تووشی بووم : خۆمم رانوان بەسەر ئیبن و

عەبدی یالەیلی کوڕی عەبدی کولالا کە موحافەظەم بکا لە قورەیش جوابی موافیقی مەقصوودی نەدامەوە . [مووسای کوڕی عەقەبە ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی چوو بۆ طائیف بە ئومێدی ئەوەی کە پەنای بدەن ، تەشریفی چوە لای سێ کەس لە ئەقیف ، کە گەورەیان بوون ، ئەو سێ کەسە برابوون : عەبدی یالەیلو ، حەبیبو ، مەسعوودی کوڕی عەمر بوون . لە خوصووصی خۆیەوە کە قەبووڵی کەن ، تەشریفی بچێتە لایان ، قسەی لەگەڵ فەرموون ، شکایەتی ئەوەی لاکردن کە قەومەکەی ئەذیەتی ئەدەنو تەحقیری ئەکەن . جوابێکی زۆر قەبیحو ناشیرینیان دایەوە = دایانە بەر بەرد = پێی موبارەکیان بریندارکرد . فەرمووی : بە عاجزیو غەمەوە ڕۆییم نەمەزانی کە بۆ کوێ ئەچم لەو غەمە ئیفاقەم نەبوو تا گەییمە (قرن الثعالب) [کە شەوو ڕۆژێ لە مەکەوە دوورە] سەرم هەڵبڕی هەورێکم دی ، سێبەری کرد بۆم ، تێفکریم جیبریل ـ علیه الصلاة والسلام ـ ی لە ناوا بوو ، بانگی کردم ، فەرمووی : کە خوا ئەوەی بیست کە قەومەکەت چییان جواب دایتەوەو چییان پێ وتی . خوا مەلائیکەی جیبالی بۆ ناردووی تا دەرحەق قەومەکەت چییان ئەمر پێ ئەکەی بیکەی .

مەلائیکەی جیبال بانگی کردم ، سەلامی لێ کردم ، فەرمووی : ئەی محەمەد . . ئەوی جیبریل فەرمووی ئەویش فەرمووی . [فەرمووی : ئەی محەمەد خوا منی بۆ لای تۆ نارد ، من مەلائیکەی مەئمووری جیبالم تا چیم ئەمر پێ ئەکەی دەرحەق قەومەکەت بۆت بکەم] ئەگەر ئیرادە بکەی کە شاخی ئەبوقوبەیسو شاخی قوعەیقیعانیان بەسەرا بێنمەوە یەك ئەیکەم . فەرمووی : خەیر ، ئومێدم وایە کە لە صولبی ئەمانە خوا

کەسێ بێنێتەدەرێ کە هەر عیبادەتی خوا بکەن و هیچ کەس نەکەن بە شەریکی لە عیبادەتا .

ذكر الجن وجنود إبليس

١٤٣٣/٩ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : إذا استجنح الليل أو كان جنح الليل [إذا دخل ظلامه] فكفُّوا صبيانكم ؛ فإن الشياطين تنتشر حينئذ ، فإذا ذهب ساعة من العشاء فَحلّوهم ، وأغلق بابك واذكر اسم الله [عليه] [فإن الشيطان لايفتح بابا مغلقا . أخرى ، ٢٩٨] وأطفئ مصباحك واذكر اسم الله [عليه] وأوك سقاءك واذكر اسم الله ، وخمر إناءك واذكر اسم الله ولو تعرِض عليه شيئا . ح ـ ٢٨٤/٥ ، ٢٩٨ . م ـ ٢٦٩/٨ بأخصر ، د ، ن . ح ـ ٣١٨/٨ .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە شەو داهات منالّتان لە چوونەدەرەوە مەنع بکەن ؛ چونکی شەیطانان لەو وەختەدا بلاّوئەبنەوە ، کە سەعاتێ لە شەو رۆیی بەرەڵلایان بکەن . دەرگات دابخەو ناوی خوای لەسەر ببە ؛ چونکی شەیطان دەرگای داخراو ناکاتەوە . چراتِ بکووژێنەرەوەو ناوی خوای لەسەر ببە . دەمەڵبێنی کونەت ببەستەو ناوی خوای لەسەر بێنە . سەری ظەرفت داپپۆشەو ناوی خوای لەسەر بێنە . بابەوەیش داپپۆشی کە شتێکی بەسەرا رائەنگێوی .

١٤٣٤/١٠ وعنه وعن عطاء ـ رضي الله تعالى عنهما ـ رفعه قال :

خمروا الآنية ، وأوكوا الأسقية ، وأجيفوا الأبواب [أغلقوها] وأكفتوا صبيانكم عند العشاء ، فإن للجن انتشارا وخطفة [فرانن] وأطفئوا المصابيح عند الرقاد ، فإن الفويسقه ربما إجترّت الفتيلة فأحرقت أهل البيت . ح ـ ٥/٣٠٢ .

١٤٣٥/١١ وعنه قال سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : غطوا الاناء ، واوكئوا السقاء ؛ فإن في السَّنةِ ليلة فينزل فيها وباء لايمرُّ بإناء ليس عليه غطاء ، او سقاء ليس عليه وكاء إلا نزل فيه من ذلك الوباء م ـ ٨/٢٧١ .

وفي أخرى زيادة : قال الليث : فالأعاجم عندنا يتقون ذلك في كانون الأول . م ـ ٨/٢٧٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرموویەتی : ظەرف داپۆشن ، کونە ببەستن ، دەرگا دابخەن ، منالْ مەنع بکەن نەچنەدەرەوە لە وەختی ئێوارێدا ؛ چونکە شەیاطینی بڵاوئەبنەوەو دەست ئەوەشێنن . کە نوستن چرا بکوژێننەوە چونکی مشك پلیتەکەی دەرەکێشێ و ئەهلی ماڵەکە ئەسووتێنێ ، لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : لە ساڵا شەوێ هەیە وەبا نازڵ ئەبێ لەو شەوەدا وەبا بە لای هەر ظەرفێکا رابووورێ کە سەری دانەپۆشرابێ بە لای هەر کونەییێکا رابووورێ کە دەرکی نەبەسترابێ ئەو وەبایە ئەچێتە ناوی .

لەیث ئەفەرموێ : عەجەم لە کانوونی ئەوەلا لەوە خۆیان ئەپارێزن [فەقەط حەدیثەکە شموولی هەیە بۆ هەموو ساڵەکە] .

١٤٣٦/١٢ عن سليمان بن صرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنت جالسا مع النبي ـ ﷺ ـ ورجلان يستبَّان ، فأحدهما إحمرٌ وجهه ،

وانتفخت أوداجه [عرق في المذبح] فقال النبي ـ ﷺ ـ : إني لأعلم كلمة لو قالها ذهب عنه مايجد ؛ لو قال : أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ذهب عنه مايجد . فقالوا له : إن النبي ـ ﷺ ـ قال : تعوَّذْ بالله من الشيطان الرجيم ، فقال : وهل بي جنون ؟ ح ـ ٥/٢٨٦ . م ـ ١٠/٤٥ . د ، ن . ح ـ ٩/٦٨ .

تەرجەمە :

سولەیمانی کوڕی صورەد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ دانیشتبووم دوو پیاو شەڕەجوێنیان ئەکرد ، یەکێکیان سووربووبوەوەو رەگی ملی ئاوسابوو . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کەلیمەیێك ئەزانم ئەگەر بیڵێ ئەو غەضەبەی لێ دەفع ئەبێ . پێیان‌وت : پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەفەرموێ : بڵێ : (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) وتی : بۆ من شێتم ؟

ئەو پیاوە هەر وای‌زانیوە کە هەر شێت لە شەیطان (إستعاذە) ئەکا ، نەیزانیوە کە شەیطان تەحریکی هەموو کەسێ ئەکا لەسەر خراپە . بۆیە ئینسان کە رقی هەڵسا ناپرسێتەوە ، دارو بەرد ئەدا بەسەر یەکاو ماڵی خۆی بە تەلەف ئەداو ، پیاو ئەکوژێو ، لە ولاغی ئەداو ، لە ژن‌و کوڕو کچی خۆی ئەداو ، ژن تەڵاق ئەدا . . ئەوانە هەمووی لە تەحریکی شەیطانە . ئەو پیاوە یا مونافیق بوە یا (جاف) بووە[1] یا لە بەر رق عەقڵی لە سەرا نەماوە بۆیە بەو نەوعە موقابەلەی ئەمری پێغەمەری کردوە .

أعوذ بالله من الشيطان الرجيم

---

(١) واتە : وشك‌و بێ دەم‌و دووو نەزان‌و نەفام .

الأمر بقتل الحيَّات إلا الجانَّ لاحتمال انه من الجانِّ[1]

١٤٣٧/١٣ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنه سمع النبي ـ ﷺ ـ يخطب على المنبر يقول : اقتلوا الحيَّات ، واقتلوا ذا الطفيتين [الذي على ظهره خطان أبيضان] والأبتر [الذي لا ذنَب له ، أو قصيره] فإنهما يطمسان البصر [يمحوان نوره] ويستسقطان [يسقطان . نسخة] الحَبَل [اي الولد بنظر أمه إليه] قال عبد الله ـ رضي الله تعالى عنه ـ : فبينا أنا طارد حية لِأقتلها ، فناداني أبو لُبابة : لا تقتلها ، فقلت : إن رسول الله ـ ﷺ ـ قد أمر بقتل الحيات . قال : إنه نهى بعد ذلك عن ذوات البيوت . قال الزهري : وهي العوامر . م ـ ٨١/٩ . ح ـ ٢٩٥/٥ .

١٤٣٨/١٤ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : أمر النبي ـ ﷺ ـ بقتل الأبتر . وقال : إنه يصيب البصر ، ويذهبُ الحَبَل أي الجنين . ح ـ ٣٠٠/٥ .

١٤٣٩/١٥ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كان يقتل الحيات ، ثم نهى . قال : إن النبي ـ ﷺ ـ هدم حائطا له فوجد فيه سلخ حية ، فقال : أنظروا أين هو ، فنظروا فقال : أقتلوه . فكنت أقتلها لذلك ، فلقيت أبا لبابة ، فأخبرني أن النبي ـ ﷺ ـ قال : لا تقتلوا الجنان [الحية البيضاء ، أو الصغيرة] إلا كل أبتر ذي طفيتين ؛ فإنه يُسقط الولدَ ويذهب البصر . فاقتلوه . ح ـ ٣٠١/٥ .

---

(١) فەرماندانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ بە کوشتنی مار ، مارە وردە نەبێ ، نەوەك ئەو مارەوردانە لە جنۆکەکان بن .

تەرجەمە :

ئیبن و مولەیکە ئەفەرموێ : ئیبن و عومەر - رضي الله تعالى عنهما - ماری ئەکوشت لە پاشا نەهی لیٚکرد فەرمووی : پێغەمەر - ﷺ - دیوارێکی تێك ئەدا ، کاژەمارێکی دی فەرمووی : تەماشا بکەن لە کوێیە ، تەماشایان کرد [دۆزییانەوە] فەرمووی : بیکوژن لەبەر ئەوە من مارم ئەکوشت ، ئەبولوبابەم پێگەیی خەبەری دامێ کە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ماری ماڵیی مەکوژن ، ئەمما هەموو مارێ کە دوو خەط بەسەر پشتی‌یەوە هەیەو کولـەوەیباب بکوژن ؛ چونکی چاوپێکەوتنی نووری چاو ئەبا ، بەر بە ژنی بەردار ئەخا ، ئیتر وازی لیٚ هێنا .

١٦/١٤٤٠ ابن السائب مولى هشام بن زهرة - رحمه الله - دخل على أبي سعيد الخدري - رضي الله تعالى عنه - في بيته ، قال : فوجدته يصلي ، فجلست أنتظره حتى يقضي صلاته ، فسمعت تحريكا في عراجين في ناحية البيت ، فالتفتت فإذا حية ، فوثبت لأقتلها ، فأشار إليَّ : أن اجلس ، فجلست ، فلما انصرف أشار إلى بيت في الدار ، فقال : أترى هذا البيت ؟ فقلت : نعم . فقال : كان فيه فتى منا حديث عهد بعرس ، قال : فخرجنا مع رسول الله - ﷺ - إلى الخندق ، فكان ذلك الفتى يستأذن رسول الله بأنصاف النهار ، فيرجع إلى أهله ، فاستأذنه يوما ، فقال له رسول الله - ﷺ - : خذ عليك سلاحك ؛ فإني أخشى عليك قريظة .

فأخذ الرجل سلاحه ثم رجع ، فإذا امرأته بين البابين قائمة ، فأهوى إليها بالرُّمح ليطعنها به ، وأصابته غيرة ! فقالت له : أكفف عليك رمحك وادخل البيت حتى تنظر ما الذي أخرجني ، فدخل فإذا بحية عظيمة منطوية على الفراش ! فأهوى إليها بالرمح فانتظمها به ثم خرج ،

فركزه في الدار فاضطربت عليه ، فما يدري أيهما كان أسرع موتا : الحيةُ ، أم الفتى ؟ ! قال : فجئنا إلى رسول الله ـ ﷺ ـ وذكرنا ذلك له . وقلنا له : أدع الله يحييه لنا . فقال : إستغفروا لصاحبكم . ثم قال : إن بالمدينة جنا قد أسلموا ، فإذا رأيتم منهم شيئا فآذنوه ثلاثة أيام ، فإن بدا لكم بعد ذلك فاقتلوه فإنما هو شيطان . م ـ ٩/٨٦ .

١٤٤١/١٧ وفي اخرى عنه مثله ، فقال له رسول الله ـ ﷺ ـ : إن لهذه البيوت عوامر فإذا رأيتم شيئا منها فحرجوا عليها ثلاثا ، فإن ذهب ، وإلا فاقتلوه فإنه كافر ، وقال لهم : إذهبوا فادفنوا صاحبكم . م ـ ٩/٨٧ .

تەرجەمە :

ئەبوسائیبی مەولای هیشام ئەچێتە خزمەت ئەبوسەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ماڵەوە ، ئەبوسائیب ئەفەرموێ : کە تێفکریم نوێژی ئەکرد ، دانیشتم مونتەظیری بووم تا لە نوێژ ئەبێتەوە ، گوێم لە خشەیێ بوو لە ژێر پووش و پەلاشی ئەو لقەخورمایانەدا بوو کە لە گۆشەیێکی ژوورەکەدا بوو ، ئاورم دایەوە ، کە تێفکریم مارێ بوو ، پەلامارم دا کە بیکوژم ، ئیشارەتی کردم : کە دانیشە . دانیشتم ، کە لە نوێژ بوەوە ئیشارەی ژوورێکی خانوەکەی کرد ، فەرمووی : چاوت لەو ژوورەیە ؟ عەرزمکرد ؛ بەڵێ . فەرمووی : لەوێدا کورێکی جەهێلی ئێمەی تیا بوو ، تازەزاوا بوو . لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ چووین بۆ غەزای خەندەق . ئەو جوانکەیە لە وەختی نیوەڕۆیانا ئیذنی لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەخواست ئەچوە ماڵەوە لای عائیلەکەی ، ڕۆژێ ئیذنی لێ خواست ، پێی فەرموو : سیلاحت لەگەڵ خۆت ببە ، لە قورەیظە ئەترسم زەرەرت پێ بگەیێنن .

ئەو پیاوە سیلاحەکەی لەگەڵ خۆی بردو چوەماڵەوە ، کە تێفکری ژنەکەی لە ناودوو دەروازەی دەرگاکەدا وەستابوو ، رمی بۆ داهێنایەوە کە لێی داو غیرەت گرتی ! ژنەکەی پێی وت : رمەکەت بگێرەرەوەو بچۆرە ژوورێ چاوت پێ بکەوێ کە چی منی هێناوەتە دەرێ ! کە چوە ژووری = دی = مارێکی گەورە گینڵەی خواردبوو لەسەر نوێنەکەی ، بە رمەکەی کوشتی و چوە دەرێ ، رمەکەی داچەقان ، مارەکە بەسەریا هەڵبەزی یەوە ، نەزانرا کامیان لە پێشا مرد : مارەکە ، یا جوانکەکە !

ئەبوسەعید - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : چووینە خزمەت پێغەمەر - ﷺ - عەرزمان کرد کە : دوعای بۆ بکە کە خوا زیندووی بکاتەوە بۆمان ، فەرمووی : (إستغفار) بۆ رەفیقەکەتان بکەن ، لە پاشا فەرمووی : لە مەدینەدا طائیفەیێ لە جنیی موسوڵمان بوون ، کە چاوتان بە بەعزێ لەوانە بکەوێ [لە شکڵی مارا] تا سێ رۆژ خەبەری بدەنێ کە بڕوا ، ئەگەر ئەمجا دیتان بیکوژن ، ئەوە شەیطانە [یەعنی لەو جنیی یانە نی یە کە موسوڵمان بوون] .

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : ئەم خانوانە بەعزێ جینی هەیە تیایانا ساکنن و ئاوانیان کردۆتەوە ، هەر وەختێ لەم ماڵانەدا شتێکتان لەمانە دی ، سێ رۆژ سوێنیان بدەن ، ئەگەر رۆیی ظەریفە ، ئەگەر نەڕۆیی و دەرکەوت بیکوژن ؛ چونکی ئەوە کافرە . پێی فەرموون : بچن رەفیقەکەتان بنێژن . [یەعنی تا لێتان مەعلووم نەبێ کافرە یا موسوڵمان مەیکوژن] .

وسوسة

١٨/١٤٤٣ عن عثمان بن العاص الثقفي ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه أتى النبي ـ ﷺ ـ فقال : يا رسول الله إن الشيطان قد حال بيني وبين صلاتي وقراءتي يلبسها عليَّ ، فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : ذاك شيطان يقال له خِنْزَب ، فإذا أحسَسْته فتعوذ بالله منه واتفل عن يسارك ثلاثا ، قال : ففعلت ، فأذهبه الله عني . م ـ ٩/٣٤ .

تەرجەمە :

عوثماني كوڕی عاصی ئەقەفی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشريفی چوە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزی کرد : (يا رسول الله) شەيطان يێتە بەينی من و نوێژ و قيرائەتمەوە لێم تێك ئەدا . پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەوە شەيطانێکە ناوی خينزەبە ، کە حيسی ئەوەت کرد کە هاتوە ، [يەعنی خستی يە وەسوەسەوە] ئيستيعاذەی لێ بکە بە خواو سێ دەفعە تف بکە بە لای چەپتەوە . عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کردم خوا ـ عز وجل ـ لێی دەفع کردم .

باوێشك و پژمە

١٩/١٤٤٣[1] عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ ﷺ ـ : إذا تثاوب أحدكم في الصلاة فليَكْظم ما استطاع ؛ فإن الشيطان يدخل . وفي أخرى : فليمسك بيده على فمه . م ـ ١٠/٤٣٦ .

---

(١) دانەر ـ خ ـ بە هەڵە ژمارە (١٤٤٣) ی دووپات کردوەتەوە .

تەرجەمە :

ئـەبوسـەعیدی خـدریی ـ رضي الله تعالى عنـه ـ ئەفـەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە یەکێ لە ئێوە لە نوێژا باوێشکی دا تـا ئەتوانێ بیگێڕێتەوە ؛ چونکی [باوێشك لە طەرەف شەیـطانەوەیـە] کە ئینسان باوێشکی دا شەیطان ئەچێتە ناو دەمیەوە . لە ریوایەتەکەی ترا : دەست بگرێ بە دەمیەوە .

٢٠/١٤٤٤ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : التثاؤب من الشيطان ؛ فإذا تثاوب أحدكم فليرده ما استطاع ؛ فإن أحدكم إذا قال : ها ، ضحك الشيطان . ح ـ ٥/٢٨٨ .

٢١/١٤٤٥ وعنـه عن النبي ـ ﷺ ـ قال : إن الله يحب العـطاس ، ويكره التثاوب ، فإذا عطس فحمد الله فحق على كل مسلم سمعه أن يشمِّته [أن يقول له : يرحمك الله . ح أخرى] وأما التثاوب فإنما هو من الشيطان فليرده ما استطاع ، فإذا قال : ها ، ضحك منـه الشيطان . ح ـ ٩/١٢٢ .

٢٢/١٤٤٦ وعنه عن النبي ـ ﷺ ـ قال : إذا عطس أحدكم فليقل : الحمد لله ، وليقل له أخوه أو صاحبه : يرحمك الله ، فإذا قال له يرحمك الله فليقل يهديكم الله ويصلح بالكم . ح ـ ٩/١٢٢ . د ، ن .

تەرجەمەکانیان :

١ ـ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : باوێشك لە طەرەف شەیتانەوەیە ، کە = یەکێکیان = باوێشکی دا تا ئـەتوانێ بیگێـڕێتەوە . کـە ئینسان وتی : ها شەیطان پێی پێ ئەکەنێ .

٢ ـ ئەفەرموێ : خوا پژمین ئەحوبێنێ ، باوێشك ئەبوغضێنێ . کـە پژمی و حەمـدی خوای کـرد لە = سـەر = کولـلی موسـوڵمانێ کـە

حەمدەكەی گوێ لێ بێ حەق وایە كە تەشمیتی بكـا ، پێی بڵێ :
(يرحمك الله) . بـاوێشك لـە شەيـطانەوەيـە ، تا ئـەتوانێ رەدی
بكاتەوە ، كە باوێشكی داو وتی : ها شەیطان پێی پێ ئەكەنێ .
٣ ـ ئەفەرموێ : كە پژمی بڵێ : (الحمـد لله) برای دینی ئـەو ، یا
فەرمووی : رەفیقەكەی پێی بـڵێ : (يرحمـك الله) كە پێی وت :
(يرحمك الله) ئەویش بڵێ : (يهـديكم الله) خوا هیـدایەتتـان بدا
(ويصلح بالكم) قەلبتان ئیصلاح بكا .

١٤٤٧/٢٣ عن أبي مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : عطس رجلان [عامر بن الطفيل ، وابن أخيه] عند النبي ـ ﷺ ـ فشمَّت أحدهما [خوا دوشمنی پێ خۆش نەكا] ولم يشمِّت الآخر ، فقيل له ، فقال : هذا حمِد الله وهذا لم يحمد الله . ح ـ ٩/ ١٢٠ .

[عبادة ، مسلم : فقال الـذي لم يُشَمِّته : عـطس فلان فشمتتـه وعطست ولم تشمتني ؟ قال : إن هـذا حمد الله ، وإنـك لم تحمد الله . د ، ت ، ن ، جه] .

١٤٤٨/٢٤ عن أبي بردة قال : دخلت على [أبي] أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهو في بيت ابنة الفضل بن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فعـطست ، فلم يشمتني ، وعـطست فشمَّتهـا ، فـرجعت إلى أمي فأخبرتها ، فلما جاءهـا قال : عـطس عندك ابني فلم تشمتـه وعطسَت فشمَّتها ! فقال : ابنك عطس فلم يحمد الله . فلم أشمته ، وعطستْ فَحمدت الله فشمَّتها . سمعت رسـول الله ـ ﷺ ـ يقول : إذا عـطس أحـدكم فحمـد الله ، فشمِّتـوه ، فـإن لم يحمـد الله فـلا تشمِّتـوه . م ـ ١٠/ ٤٣٥ .

تەرجەمە :

ئەبوبوردە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : چوومە لای ئەبوموسای باوکم ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ماڵی (أم كلثوم) ی کچی فەضلا بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ من پژمیم تەشمیتی نەکردم . (ام كلثوم) پژمی تەشمیتی کرد ، گەڕامەوە بۆ لای دایکم خەبەرم دایێ کە (نوبەیا)[1] باوکم هاتەوە لای پێی وت : کوڕەکەم لای تۆ پژمیوە تەشمیتت نەکردوە ، (أم كلثوم) پژمیوە تەشمیتت کردوە ! فەرمووی : کوڕەکەی تۆ پژمی حەمدی خوای نەکرد تەشمیتم نەکرد ، (أم كلثوم) پژمی حەمدی خوای کرد تەشمیتم کرد . لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیست ئەیفەرموو : یەکێ لە ئێوە کە پژمی ئەگەر حەمدی خوای کرد تەشمیتی بکەن ، ئەگەر نەیکرد تەشمیتی مەکەن .

تەشمیت : لە (شماتة) ە یەعنی دوشمن پێ خۆش بوون . نەقڵی بۆ بابی (تفعیل) بۆ ئیزالەیە وەك (جلدت البعیر) یەعنی پێستم گوروو . تەشمیتیش بە مەعنا دوعاکردنە بۆ لابردنی ئەو شتە کە دوشمن پێی دڵخۆش بێ .

(أم كلثوم) کچی فەضلی کوڕی عەباس بوو ـ رضي الله تعالى عنها ـ ژنی ئیمامی حەسەن بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو طەلاقی دا ئەبوموسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ مارەی کرد ، مووسای لێ بوو ، کە ئەبوموسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەفاتی کرد عیمرانی کوڕی طەلحە مارەی کرد ، ئەویش طەلاقی دا لە کووفە وەفاتی کرد .

١٤٤٩/٢٥ سلمة بن الأكوع ـ رضي الله تعالى عنه ـ حدَّث أنه سمع

(١) ئەم وشەیەم بۆ نەخوێنرایەوە ، وەك خۆی نووسیم .

النبيَّ ـ ﷺ ـ وعطس رجل عنده ، فقال : يرحمك الله . ثم عطس أخرى . فقال رسول الله ـ ﷺ ـ له : الرجل مزكوم . م ـ ١٠/ ٤٣٥ .

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ئەفەرموێ : پیاوێ لە خزمەت پێغەمەرا ـ ﷺ ـ پژمی پێی فەرموو : (یرحمك الله) دەفعەییێکی تریش پژمی پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : ئەم پیاوە هەلامەتیە .

١٤٥٠/٢٦ عن عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] في قوله ـ عز وجل ـ : ﴿أولئك الذين يدعون يبتغون إلى ربهم الوسيلة﴾[1] قال : كان نفر من الانس يعبدون نفرا من الجن ، واستمسك الانس بعبادتهم . فنزلت .

وفي أخرى مثله قال : كان نفر من الجن أسلموا ، فكانوا يُعبدون ، فبقي الذين كانوا يَعبدون على عبادتهم ، وقد أسلم النفر من الجن . م ـ ١٠/ ٤٧٩ .

١٤٥١/٢٧ وعنه قال : نزلت في نفر من العرب كانوا يعبدون نفرا من الجن ، فأسلم الجنِّيون والانس الذين كانوا يعبدونهم لا يشعرون فنزلت . . م ـ ١٠/ ٤٨٠ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەو ئایەتەی کە لە سوورەتی ئیسرادایەو مەعنای وایە : ئەوانەی کە موشریکان عیبادەتی بۆ ئەکەن و ئەیان پەرستن خۆیان بۆ وەسیلە ئەگەڕێن کە کامیان لە خواوە نزیکە رجایان بۆ بکا لە خزمەت خوادا کە عەفویان

(١) الاسراء / ٥٧ .

بكا ، ئومێدیان به ره‌حمه‌تی خوا هه‌یه‌و له عه‌ذابی ئه‌ترسن ، به ته‌حقیق عه‌ذابی خوا مه‌حذووره ؛ یه‌عنی به شیدده‌ته ئه‌بێ ئینسان خۆیی لێ بپارێزێ . . بۆیه نازڵ بوو به‌عزێ له عه‌ره‌ب عیباده‌تی به‌عزێ له جینی یان ئه‌کرد ، له پاشا جنی یه‌کان موسوڵمان بوون ئه‌وان پێیان نه‌زانیبوو له‌سه‌ر عیباده‌ت بۆکردنیان هه‌ر ده‌وامیان کرد لێیان لانه‌دا ، ئه‌مجا خوا ـ عز وجل ـ[1] مه‌عبووده‌کانیان خۆیان موحتاجن به مه‌رحه‌مه‌تی خواو بۆ شه‌فاعه‌ت کونه‌نده ئه‌گه‌ڕێن ئه‌و موشریکانه چۆن عیباده‌تیان بۆ ئه‌که‌ن ؟

١٤٥٢/٢٨ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت النبي ـ ﷺ ـ يقول : إن الشيطان قد أيس أن يعبده المصلون في جزيرة العرب ولكن في التحريش بينهم [بالخصومات والشحناء والحروب والفتن . . . وهذا من معجزاته ـ عليه الصلاة والسلام ـ من نووي] .

ته‌رجه‌مه :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئه‌فه‌رموێ : له پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ م بیست ئه‌یفه‌رموو : شه‌یطان له‌وه مه‌ئیووس بوه که له (جزيرة العرب)ا عیباده‌تی بۆ بکه‌ن ، ئه‌مما فیتنه‌و فه‌ساد ئه‌خاته به‌ینیانه‌وه .

١٤٥٣/٢٩ وعنه قال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : إن عرش إبليس على الأرض فيبعث سراياه يفتنون الناس ، فأعظمهم عنده أعظمهم فتنة . م ـ ١٠/٢٨٩ .

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ ﷺ ـ فه‌رمووی : عه‌رشی ئیبلیس له‌سه‌ر به‌حره ،

---

(١) لێره‌دا ناته‌واوی و له‌بیرچوونێك هه‌یه ، به‌ڵام نه‌مزانی چیه . ره‌نگه ئاوا بێ : ئه‌مجا خوا ـ عز وجل ـ ئه‌م ئایه‌ته‌ی نارد که مه‌عناکه‌ی ئه‌مه‌یه : . . . .

لەشكرى بەملاو بەولادا ئەنێرێ فيتنە بخەينە . بەينى خەڵقەوە ، گەورەترينيان لە لاى ئەو ئەوەيانە كە فيتنەى گەورە بێ .

١٤٥٤/٣٠ وعنه قال : قال رسول الله - ﷺ - : إن إبليس يضع عرشه على الماء ثم يبعث سراياه ، فأدناهم منه منزلة أعظمهم فتنة ، يجيُ أحدهم فيقول : فعلتُ كذا وكذا . فيقول : ما صنعتَ شيئا ! قال : ثم يجيُ أحدهم فيقول : ما تركته حتى فرَّقتُ بينه وبين امرأته . قال : فيدنيه منه ويقول : نعم أنت . م - ١٠/٢٩٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - فەرمووى : شەيطان تەختى لەسەر ئاو دائەنێ ، لەشكرى بڵاو ئەكاتەوە كامى فيتنەى گەورەيە ئەوە لە لاى لە هەموويان لە پێشترە . يەكێكيان يێتەوە ئەڵێ : ئەوەم كردو ئەوەم كرد ! پێى ئەڵێ : هيچت نەكردوە . يەكێكيان يێتەوە دەڵێ : مۆڵەتم نەدا تا لەگەڵ ژنەكەى لێكم جوێ‌كردنەوە . مەرتەبەى لە خۆى نزيك‌ئەخاتەوە ئەڵێ : چەندە باشى [كوڕ وا ئەبێ بێتە جێى باوكى . دهلێژى[1] - رحمه الله -]

١٤٥٥/٣١ عن عبدالله بن مسعود - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - ﷺ - : ما منكم من أحد إلا وقد وكل الله به قرينه من الجن قالوا : وإيّاك يا رسول الله ؟ قال : وإيّاى إلا أن الله قد أعانني عليه ، فأسلم فلا يأمرني إلا بخير . م - ١٠/٢٩٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - ﷺ - ئەفەرموێ : هيچ كەسێ نى‌يە لە ئێوە كە خوا

(١) نازانم مەبەستى دانەر - خ - لەم (دهلێژى)يە كێيە ، رەنگە قسەى ناو كەوانەكە [كوڕ . . .] ى لە دێلێژەيى‌يەوە نەقڵ كردبێ .

شەیطانێکی نەکردبێ بە قەرین و رەفیقی و بەسەریا موسەللەط نەکردبێ .
عەرزیانکرد : تۆیش (یا رسول الله) ؟ فەرمووی : منیش ، ئەوەندەی
هەیە خوا موعاوەنەتی دام بەسەریا ، موسوڵمان بوو ، هەر بە خێر ئەمرم
پێ ئەکا .

١٤٥٦/٣٢ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسـول الله ـ ﷺ ـ قال : لما صور الله آدم في الجنة تركه ما شاء الله أن يتركه . فجعل إبليس يُطيف به ينظر ماهو . فلما رآه أجوف عرف أنه خلق خلقا لايتمالك . م ـ ٤٦/١٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : کە خوا = ئادەمی دروستکرد = لە بەهەشتا تەرکی کرد تا خوا حەزەکا ، ئیبلیس بەدەورەیا ئەهات تێی ئەفکری ئەمە چیە ؟ کە چاوی پێکەوت ناوەکەی هەڵۆڵە وتی : خەیر خوا خەلقێکی خەلق کردوە دەرەقەتی نەفس و نەوسنیی خۆی نایێ .

١٤٥٧/٣٣ عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ ﷺ ـ حدَّثت أن رسول الله ـ ﷺ ـ خرج من عندها ليلا ، قالت : فغِرت عليه ، فجاء فرأى ما أصنعِ . فقال : مالكِ يا عائشة أغِرْتِ ؟ فقلت : وما لي لا يغار مثلي على مثلكَ ؟ فقال رسول الله ـ ﷺ ـ : أقَدْ جاءكِ شيطانكِ ؟ قالت : يا رسول الله أوَ معيَ شيطان ؟ قال : نعم . قلت : ومع كلِّ إنسان ؟ قال : نعم . قلت : ومعك يـا رسول الله ؟ قـال : نعم ، ولكن ربي أعانني عليه حتى أسلم . م ـ ٢٩١/١٠ .

تەرجەمە :

عائیشەی حەرەمی پێغەمەر ـ ﷺ ـ . ورضي عنها ـ ئەفەرموێ : پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ شـەوێ تـەشـریفی لـە لام چـوە دەرێ ، غیـرەتم

جۆشی سەند ، پێغەمەر ـ ﷺ ـ تەشریفی = هاتەوە = چاوی بەوە کەوت کە ئەمکرد ، فەرمووی : چی لێ رووداوی ؟ بۆ غیرەتت هاتۆتە جۆش ؟ وتم : چی یە بۆ من کە ژنی وەکوو من بـۆ یەکێکی وەکـوو تۆ غیـرەت نەیگرێ ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : بۆ شەیطانەکەت هاتۆتە لات ؟ وتم : (یا رسول الله) بۆ شەیطانم لەگەڵا هەیە ؟ فەرمـووی : بەڵێ . عـەرزم کرد : لـەگەڵ هـەموو ئینسـانا هـەیە ؟ فـەرمـووی : بـەڵێ . عەرزم کرد : لەگەڵ تۆیشا هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، ئەمما خوا ئیعانەی دام بەسەریا تا موسوڵمان بوو .

الكُهّان

١٤٥٨/٣٤ عن معاوية بن الحكم السلمي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قلت : يا رسول الله أمورا كنا نصنعها في الجاهلية : كنا نأتي الكُهّان . قال : فلا تأتوا الكُهان . قال : قلت : كنا نتطير ، قال : ذلك شيْ يجده أحدكم في نفسه ، فلا يصدنكم . م ـ ٧٣/٩ .

وفي أخرى عنه : قال : قلت : ومنا رجال يخطُّون ، قال : كان نبي مِن الأنبياء يخط فمن وافق خطه فذاك . م ـ ٧٥/٩ .

تەرجەمە :

موعاويەی کوڕیٚ حەکەمی سەلەمیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویٚ : عەرزی پێغەمەرم کرد ـ ﷺ ـ : (يا رسول الله) ئێمە لە زەمانی جاهیلییەتا بەعزیٚ شتمان ئەکرد : ئەچووینە لای کوڵێنانی . فەرمووی : مەچنە لای کوڵێنانی . عەرزمکرد : ئێمە لە بەعزیٚ شتا بەدیومنی ئەکەین ، فەرمووی : ئەوە شتێکە ئینسان پیٚ بە دڵیا ، ئەوە مەنعتان نەکا لە ئیشکردن . ئەفەرمویٚ : عەرزم کرد : (يا رسول الله) بەعزیٚ پیاو هەن لە ئێمە خەط ئەکێشن . [یەعنی بەوە بەعزیٚ شت (إستخراج) ئەکەن] فەرمووی : پێغەمەریٚ لە پێغەمەران خەطی ئەکێشا ، ئەگەر ئەو کەسەی کە خەط ئەکێشیٚ خەطەکەی موافیقی خەطی ئەو پێغەمەرە بیٚ باشە [عەمەلی پیٚ ئەکریٚ (وإلا) هیچ] .

نەوەویی ئەفەرمویٚ : شەرحی ئەم حەدیثە لە صەلاتا رابورد ، من نەمدۆزییەوە .

١٤٥٩/٣٥ قالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها : ـ سأل ناس رسول الله ـ ﷺ ـ عن الكهان ، فقال لهم رسول الله ـ ﷺ ـ : ليسوا بشيْ .

قالوا : يا رسول الله فإنهم يحدِّثون أحيانا الشيَ يكون حقا ! فقال رسول الله - ﷺ - : تلك الكلمة من الحق يخطفها الجني فيَقرُّها في أُذن وليِّه قرَّ الدجاجة فيخلطون فيها أكثر من مائة كِذْبةٍ . ح - ٩/١١٦ . م - ٩/٧٦ . ح - ٨/٣٨٣ .

تەرجەمە :

عائیشە - رضي الله تعالی عنها - ئەفەرموێ : بەعزێ کەس لە پێغەمەر - ﷺ - یان پرسی : کە کوڵنانی چین ؟ فەرمووی : هیچ نین . عەرزیانکرد : (یا رسول الله) بەعزێ وەقت قسە لە بەعزێ شت ئەکەن بە حەق دەرەچێ ! فەرمووی : ئەو کەلیمە حەقە جینی لە مەلائیکەی ئەفرێنێ ئەیخاتە گوێی دۆستە کاهینەکەی ، دەنگی لێ ئێنێ وەك مریشك کە دەنگی لێوەیێ . ئەو کەلیمە حەقەی کە جینی لە مەلائیکەی ئەفرێنێ زیاتر لە صەد درۆی تێکەڵ ئەکا .

١٤٦٠/٣٦ عن صفية عن بعض أزواج النبي - ﷺ - [ورضي عنهن] عن النبي - ﷺ - قال : من أتى عرَّافا فسأله عن شيَ لم تقبل له صلاة أربعين ليلة . م - ٩/٧٨ .

تەرجەمە :

صەفیە لە بەعزێ حەرەمانی پێغەمەرەوە - ﷺ - ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر - ﷺ - فەرمووی : هەرکەسێ بچێتە لای یەکێ لەوانەی کە تەعریفی جێی شتی دزراوو شتی ونبوو ئەکەن تا چل شەو نوێژی لێ قەبووڵ ناکرێ . [یەعنی ئەوابێ نابێ با فەرزیشی لەسەر لابچێ . نووي] .

١٤٦١/٣٧ عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - زوج النبي - ﷺ - أنها

سمعت رسـول الله ـ ﷺ ـ يقول : إن الملائكة تنـزل في العنان وهـو السحاب فتذكر الأمر [الذي] قضي في السماء ، فَتَسْتَرِقُ الشياطين السمع [أي تختلسه منهم] فتسمعه فتوحيه إلى الكُهّان فيكذبون معها مائة كذبة من عند أنفسهم . ح ـ ٥/٢٥٨ .

تەرجەمە :

عائیشەی حەرەمی پێغەمەر ـ ﷺ ـ لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ی بیستوە کە ئەیفەرموو : مەلائیکە یێنە ناو هەورەوە ، ئەو ئەمرە کـە خوا ـ عـز وجـل ـ لە ئـاسمانـا حوکمی پێ کـردوە کـە ئـەبێ ذیکـری ئـەکـەن ، شەیاطینیش گوێی ئەدەنێ ئەیبیێنو وەحیی ئەکەنە گوێی کاهینانـەوە ، لەگەڵ ئەوە لە طەرەف خۆیانەوە صەد درۆی لەگەڵ ئەکەن .

وفي أخرى : فتقرُّها في أذن الكاهن كما تُقَرُّ القارورة ، فيزيدون معها مائة كذبة :

ئەیئاخننە گوێی کـاهینەوە وەك سـەری شووشـە ئەئـاخنرێ ، لەگەڵ ئەوە صەد درۆی لە طەرەف خۆیانەوە لێ زیاد ئەکەن .

القَدَر

ئه‌م ئه‌حادیثانه هی به‌دئی خه‌لقه

١٤٦٢/٣٨ عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : حدثنا رسول الله ـ ﷺ ـ وهو الصادق المصدوق ، قال : إن أحدكم يجمع [خلقه م] في بطن أمه أربعين يوما ثم يكون علقة مثل ذلك ، ثم يكون مضغة مثل ذلك ، ثم يبعث الله [إليه . أخرى ح] ملكا . فيؤمر بأربع كلمات [ويقال له :] أكتب : عمله ، ورزقه ، وأجله ، وشقي أو سعيد . ثم ينفخ فيه الروح . فإن الرجل ليعمل [بعمل أهل الجنة . أخرى] حتى ما يكون بينه وبين الجنة إلا ذراع ، فيسبق عليه كتابه فيعمل بعمل أهل النار [فيدخل النار ـ خ] ويعمل [بعمل أهل النار . ح] حتى مايكون بينه وبين النار إلا ذراع فسيبق كتابه فيعمل بعمل أهل الجنة فيدخل الجنة . ح ـ ٥/٣١٤ ، م ـ ٧٤/١٠ . ح ـ ٥/٣٣٠ . ح ـ ١/ ٣٥٠ . وليس فيه : إن الرجل يعمل . . إلخ .

١٤٦٣/٣٩ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ ﷺ ـ قال : إن الله وكَّل في الرحم ملكا فيقول : يا رب نطفة ، يارب علقة ، يا رب مضغة ، فإذا أراد أن يخلقها قال : يارب أذكر ، يارب أنثى ، يارب شقيٌّ أو سعيد ؟ فما الرزق فما الأجل فيكتب كذلك في بطن أمه . ح ـ ٥/٣١٥ . ح ـ ٩/ ٣٣٠ .

١٤٦٤/٤٠ عن حذيفة بن أسيد ـ رضي الله تعالى عنه ـ يبلغ به النبي ـ ﷺ ـ قال : يدخل الملك على النطفة بعد ما تستقر في الرحم بأربعين أو خمسة وأربعين ليلة ، فيقول : يارب أشقيٌّ أو سعيد ؟ فيكتبان .

فيقول : أي رب أذكر أو أنثى ؟ فيكتبان . ويكتب عمله ، وأثره ، وأجله ، ورزقه ، ثم تطوى الصحف فلا يزاد فيها ولا ينقص . م - ١٠/٧٨ .

١٤٦٥/٤١ عمران بن حصين - رضي الله تعالى عنهما - قال : قال رجل [هو نفسه] : يا رسول الله أيعرف أهل الجنة من أهل النار ؟ قال : نعم . قال : فَلِمَ يعمل العاملون ؟ قال : كلٌّ يعمل لما خلق له ، ولما يسر له . ح - ٩/٣٣١ . م - ١٠/٨٤ .

١٤٦٦/٤٢ عن أبي الاسود الديلي قال : قال لي عمران بن حصين - رضي الله تعالى عنهما - : أرأيت ما يعمل الناس اليوم ويكدحون فيه ؟ أشئ قضي عليهم ومضى عليهم من قدر ما سبق أو فيما يستقبلونه مما أتاهم به نبيهم وثبتت الحجة عليهم ؟ فقلت : بل شئ قضي عليهم ومضى عليهم . قال : فقال : أفلا يكون ظلما ؟ قال : ففزعت من ذلك فزعا شديدا ، وقلت : كل شئ خلق الله وملك يده ؛ فلا يسأل عما يفعل وهم يسألون . فقال لي : يرحمك الله إني لم أرد بما سألتك إلا لأحزر عقلك . إن رجلين من مزينة أتيا رسول الله - ﷺ - فقالا : يا رسول الله أرأيت ما يعمل الناس اليوم ويكدحون فيه ؟ أشئ قضي عليهم ومضى فيهم من قدر قد سبق أو فيما يستقبلون به مما أتاهم به نبيهم وثبتت الحجة عليهم ؟ فقال : لا بل شئ قضي عليهم ومضى فيهم ، وتصديق ذلك في كتاب الله - عز وجل - : ﴿ونفس وما سواها ، فألهمها فجورها وتقواها﴾[1] م - ١٠/٨٤ .

١٤٦٧/٤٣ عن جابر قال : جاء سراقة بن مالك بن جعشم - رضي

(١) الشمس / ٩ - ١٠ .

الله تعالى عنهما ـ .

تەرجەمە :

[ئەو سوراقەیە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ هیجرەتی فەرموو بۆ مەدینە ئەبوجەهل و ئەبوسوفیان و ئەمثالیان صەد وشتریان وەعد دا بەو کەسە کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ و ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالی عنه ـ بگرێ یا بیانکوژێ . سوراقە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەوەی (تعهد) کرد ، لە رێ پێیان گەیی ، ئەسپەکەی چوارپەلی داچوو بە ئەرزا تا سنگی ، هاواریکردە پێغەمەر ـ ﷺ ـ تا نەجاتی دا ، خوا هیدایەتی داو لە دوای بەینێ موسوڵمان بوو] هاتەخزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ عەرزیکرد : (یا رسول الله) دینی خۆمانمان بۆ بەیان بکە (كأنه) ئێستە خەلق کراوین ، ئێمە لە چییا عەمەلی تەقوا ئەکەین و چاکەو خراپە ئەکەین لەوەدا کە قەڵەمی قودرەت نووسیویەتی و مەرەکەبەکەی وشك بۆتەوەو قەزاو قەدەر وا رابوردوە ، یا خۆ لەمەولا هەرکەس بە کەیفی خۆی چاکەو خراپە ئەکا [ئەمجا بەپێی ئەوە خوا موعامەلەیان لەگەڵ ئەکا ، یەعنی قەدەری ئەزەلیی نییە] ؟ پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : خەیر بەڵکو لەوەدا عەمەلی چاکەو خراپە ئەکەین کە لە ئەزەلا نووسراوەو براوەتەوە ، قەدەر بەوە جاریی بوە . سوراقە عەرزیکرد : کە وابێ بۆچی عەمەل بکەین ؟ زوهەیر ، کە یەکێکە لە راوییان ، ئەفەرموێ : (ابو الزبير) کە راوییە لە جابیرەوە ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەکەللومی بەشتێ کردو تێی نەگەییم ، پرسیم : کە (أبو الزبير) چی وت ؟ وتیان : وای وت کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئێوە عەمەلی چاکە بکەن کوللی کەسێ بۆچی خەلق کراوە ئەوەی بۆ ئاسان ئەکرێ .(١)

(١) دانەر ـ خ ـ لە ناوەڕاستدا تەرجەمەی حەدیثەکەی کردوە ، ئێمەیش وەك ←

قال : يا رسول الله بين لنا ديننا كأنا خلقنا الآن فيم العمل الآن ؟ أفيما جفت به الأقلام وجرت به المقادير ؟ أم فيما يستقبل ؟ قال : لا ، بل فيما جفت به المقادير . قال : ففيم العمل ؟ قال زهير : ثم تكلم أبو الزبير بشيْ لم أفهمه . فسألت : ما قال ؟ فقال : إعملوا فكل ميسر . [فقال رسول الله - ﷺ - : كل عامل ميسر لعمله . أخرى .] م - ١٠/٨٣ .

١٤٦٨/٤٤ عن عبدالله بن عمرو بن العاص - رضي الله تعالى عنهما] قال : سمعت رسول الله - ﷺ - يقول : كتب الله مقادير الخلائق قبل أن يخلُقَ السماوات والأرض بخمسين ألف سنة . قال : وعرشه على الماء . م - ١٠/٨٩ .

١٤٦٩/٤٥ وعنه يقول أنه سمع رسول الله - ﷺ - يقول : قلوب بني آدم كلها بين إصبعين من أصابع الرحمان كقلب واحد ، يصرفه حيث يشاء . ثم قال رسول الله - ﷺ - : أللهم مصرِّف القلوب صرِّف قلوبنا على طاعتك . م - ١٠/٩٠ .

١٤٧٠/٤٦ عن طاوس أنه قال : أدركت ناسا من أصحاب رسول الله - ﷺ - يقولون : كل شيْ بقدر ، قال : وسمعت عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - يقول : قال رسول الله - ﷺ - : كل شيْ بقدر حتى العجز والكيس ، أو الكيس والعجز . م - ١٠/٩١ .

١٤٧١/٤٧ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : جاء مشركو قريش يخاصمون رسول الله - ﷺ - في القدر ، فنزلت : ﴿يَوْمَ يُسحبونَ في النار على وجوهم : ذوقوا مس سقر ، إنا كل شيْ خلقناه بقدر﴾[1]

خۆی نووسیمان ، نازانم مەبەستی چی بوە لەمەدا . (١) القمر / ٤٨ .

م - ١٠/٩١ . مرسل صحابي ؛ لأن أبا هريرة لم يدرك هذه الوقعة .

١٤٧٢/٤٨ عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - ﷺ - : ما من مولود إلا يولد على الفطرة فأبواه يهودانه ، وينصرانه ، ويمجّسانه ، كما تُنْتج البهيمة بَهْمةً جمعاء ، هل تُحسون فيها من جدعاء ؟ [حتى تكونوا أنتم تجدعونها . م أخرى . فإن كانا مسلمين فمسلمين . م - ١٠/٩٥] ثم يقول أبو هريرة : واقرؤا ، إن شئتم ، : ﴿فطرة الله التي فطر الناس عليها ، لا تبديل لخلق الله . . . الآية﴾[1] م - ١٠/٩٤ .

١٤٧٣/٤٩ وفي أخرى بدل ويمجّسانه ويشركانه . فقال رجل : يا رسول الله أرأيت لو مات قبل ذلك ؟ قال : الله أعلم بما كانوا عاملين . م - ١٠/٩٤ .

١٤٧٤/٥٠ عن أبي هريرة قال : سئل رسول الله - ﷺ - عن أطفال المشركين من يموت منهم صغيرا . فقال : الله أعلم بما كانوا عاملين .

وعن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - عينُهُ . وفيه : إذ خلقهم . م - ١٠/٩٩ .

١٤٧٥/٥١ عن أبي بن كعب - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - ﷺ - : إن الغلام الذي قتله الخضر [عليه السلام] طبع كافرا ، ولو عاش لأرهق أبويه طغيانا وكفرا . م - ١٠/٩٩ .

١٤٧٦/٥٢ عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - = أم المؤمنين = قالت : توفي صبي ، فقلت : طوبى له عصفور من عصافير الجنة . فقال

(١) الروم / ٣٠ .

رسول الله ـ ﷺ ـ : أوَ لاتدرين أن الله خلق الجنة وخلق النار فخلق لهذه أهلا ولهذه أهلا ؟ م ـ ١٠/ ٩٩ .

١٤٧٧/٥٣ وفي أخرى عنها قالت : دُعي رسول الله ـ ﷺ ـ إلى جنازة صبي من الأنصار ، فقلت : يا رسول الله طوبى لهذا عصفور من عصافير الجنة ؛ لم يعمل السوء ولم يدركه . قال : أوَ غير ذلك يا عائشة . إن الله خلق للجنة أهلا وخلقهم لها وهم في أصلاب آبائهم ، وخلق للنار أهلا خلقهم لها وهم في أصلاب آبائهم . م ـ ١٠/ ١٠٠ .

١٤٧٨/٥٤ عامر بن واثلة حدث أنه سمع عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : الشقي من شقي في بطن أمه ، والسعيد من وعظ بغيره . فأتى رجلا من أصحاب رسول الله ـ ﷺ ـ يقال له : حذيفة بن أسيد الغفاري ـ رضي الله تعالى عنه ـ فحدثه بذلك من قول ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : وكيف يشقىٰ رجل بغير عمل ؟ فقال له الرجل : أتعجب من ذلك ؟ ! فإني سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ يقول : إذا مرَّ بالنطفة إثنان وأربعون ليلة بعث الله إليها ملكا فصورها ، وخلق سمعها وبصرها وجلدها ولحمها وعظامها ، ثم قال : يارَبِّ أذَكرٌ أم أنثىٰ ؟ فيقضي ربك ما شاء ويكتب الملَك ثم يقول : يا ربّ أجله ، فيقول ربّك ما شاء ويكتب الملك ثم يقول : يارَبّ رزقه ، فيقضي ربّك ما شاء ويكتب الملك ، ثم يخرج الملك بالصحيفة في يده فلا يزيد على أمر ولا ينقص . م ـ ١٠/ ٧٩ .

١٤٧٩/٥٥ أبو الطفيل قال : دخلت على أبي سَريحة : حذيفة بن أسيد الغفاري ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : سمعت رسول الله ـ ﷺ ـ بأُذُنيَّ هاتين يقول : إن النطفة تقع في الرحم أربعين ليلة ، ثم يتصور

عليها الملك . قال زهير : حسبته [أي عبدالله بن عطاء] قـال : الذي يخلقها ، فيقول : ياربِّ أذَكَرٌ أم أنثى ؟ فيجعله الله ذكرا أو أنثى . = ثم يقول : يارب أسويٌّ أم غير سويٍّ ؟ فيجعله الله سويا أو غير سويٍّ = ثم يقول : ياربِّ مـا رزقه ؟ مـا أجله ؟ ما خلقـه ؟ ثم يجعله الله شقيا أو سعيدا . م ـ ١٠/ ٧٩ .

٥٦/ ١٤٨٠ عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كُنَّا في جنازة في بقيع الغرقد ، فأتانا النبي ـ ﷺ ـ فقعد وقعدنا حوله ومعه مخصرة ، فنكَّس فجعل ينكت بمخصرتـه . ثم قال : مـا منكم من أحد ، مـامن نفس منفوسة إلا وقد كتب الله مكانها من الجنة والنار ، وإلا وقد كتبت شقية أو سعيدة ، قال فقال رجل [علي نفسه ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : يا رسول الله أفلا نتكل على كتابنا وندع العمل ؟ فمن كان منا من أهل السعادة فسيصير إلى عمل أهل السعادة ، وأمـا من كان منـا من أهل الشقـاوة فسيصير إلى عمل أهل الشقاوة ؟ قال : أما أهل السعادة فييسرون إلى عمل أهل السعادة ، وأما أهل الشقاوة فييسرون لعمل الشقـاوة ، ثم قــرأ : ﴿فـأمــا من أعــطىٰ واتقىٰ . . الآيــة﴾[1] . ح ـ ٢/ ٤٤٤ ، ح ـ ٧/ ٤٠٧ ح ـ ٩/ ١١٨ ، ٣٣٥ . م ـ ١٠/ ٨٠ . د ، ت ، جه .

تەرجەمەكانیان :

نۆزده حەدیث دائیر به (قەدەر) نووسـراوه ، مەئـالی هەمـوویان ئەوەیه كه : خوا ـ عز وجل ـ له عیلمی ئەزەلیدا له ئیبتیدای خەلقەوه تا مونتەهای ـ كه مونتەهای نیيه ئەبەدیيه ـ هەرچییێكی خـەلق كردووه و خەلقی ئەكا هەموو ئەحواڵی عالەمی تا ذەرِەییێكی نووسیوه ، خیلافی ئەوه

---

(١) الليل / ٥ .

نابێ ، هەمووی بێتە وجوود ، ئەگەر نەیێتە وجوود خیلافی عیلمی خوا واقیع ئەبێ ئـەوەیش مەحـاڵە ، زوڵمیش نی‌یـە ؛ چونکی خـوا (مالـك الملك) ە (لا یُسأل عما یَفعل) سوئالی لێ ناکرێ ، حیکمەتێکی ئەزەلیی کە مەخصووصە بە خـواوە ـ عز وجـل ـ لەوەدا هـەیە ، هـەم خوا عیلم‌و ئیرادەو قودرەتی بەسەر کردن‌و نەکردنا داوە بە ئینس‌و جین ، رێی چاك‌و خراپی پێ‌نیشان داوە ، هەرچی بکا بە ئیرادەو ئیختیاری خۆی ئەیکاو خوایش خەلقی ئەکا ، خوا ـ عز وجل ـ چونکی عیلمی ئەزەلیی ئەو لە ئەزەلا تەعەللوقی پێوەبەستوە موافیقی ئەو عیلمی خۆیە نووسیوەتی . چۆن ئاوێنە عەکسی ئەشیای تیایە عیلمی خـوایش ـ عز وجـل ـ میثالی ئاوێنەیە هەموو (ما کان‌و سیکون) ی تیایە . چۆن ئاوێنە هیچ تەئثیری لەو شتانەدا نی‌یە کە تیا مونطەبیع بوە عیلمی خوایش وایە تەئثیر لە خـەلق ناکا . (مؤثر) قودرەتە بە موافیقی عیلم‌و ئیرادە ، فـەقەط تـەعەللوقی قودرەتی خوا لە دوای ئەوەیە کە مەخلووق عەزمی جەزم ئەکا لەسـەر کردنی ئەو شتە بە ئیختیار ، موافیقی ئەو عەزم‌و جەزمە ئیرادەو قودرەتی خوا تەعەللوقی پێوە ئەبەستێ ، لەوەدا چە زوڵمێ هەیە ؟

بەعزێ لەم حەدیثانە تەرجەمە ئەکەم (ومن الله التوفیق) :

١ ـ عەبدوڵڵای کوری مەسعوود ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە صادقە لە فەرموودەیاو مەصدووقە لەوەدا کە خوا وەعدەی پێداوە ، یەعنی بۆی یێنێتە جێ ـ فەرمووی : هـەر یەکێ لە ئێوە خوا لە زگی دایکیا تا چل شەو خیلقەتی کۆ ئەکاتەوە لە پاشا ئەبێ بە پـارچەیێ خـوێن تا چـل شەو ، لـە پاشـا ئەبێ بـە دەمەجۆیێ گۆشت تا چل شەو [ئەمە چوار مانگ] لە پاشا خـوا

مەلائیکەیێ ئەنێرێ ، بە چوار کەلیمە ئەمری پێ ئەکرێ کە بینووسێ : ئەمری پێ ئەکرێ کە عەمەلی ، رزقی ، ئەجەلی ، شەقی یە یا سەعیدە . لە پاشا رۆحی بەبەرا ئەکرێ . بە تەحقیق پیاوێ [یەعنی یەکێ] لە ئێوە ئەو ئیشانە ئەکا کە پێی بچێتە بەهەشتەوە تا ذیراعێکی ئەمێنێ کە بچێتە بەهەشتەوە ، ئەو کیتابەی کە بۆی نووسراوە لێی پێش ئەکەوێ دەست ئەکا بە ئیشی جەهەننەمی ئەچێتە جەهەننەمەوە . [أعاذنا الله وأحبَّاءنا وأقرباءنا عن مثل هذه الحالة] = یەکێ لە ئێوە = عەمەلی ئەهلی جەهەننەمی ئەکا تا ذیراعێ لە بەینی ئەوو جەهەننەما ئەمێنێ کیتابەکەی لێی پێشەکەوێ دەست ئەکا بە ئیشی بەهەشتیی ، ئەچێتە بەهەشتەوە . [اللهم اجعلني منهم] .

٣ - [1] عن أنس - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - ﷺ - قال : إن الله وَكَّل في الرحم ملكا فيقول : يا رب نطفة ، يا رب علقة . . إلخ . پێغەمەر - ﷺ - فەرموویەتی : خوا - عز وجل - مەلائیکەیێکی (موکل) کردوە بەسەر رەحەما[2] عەرزی خوا ئەکا : یا رەببی نوطفەیە ، یارەببی عەلەقەیە ، یارەببی گۆشتپارەیە ، کە ئیرادەی کرد [موافیقی ئەمری خوا دروستی بکا] عەرزی ئەکا : نێر بێ یا مێ بێ ؟ شەقیی بێ یا سەعید بێ ، رزقی چیە ، ئەجەلی چیە . . . بەو نەوعە ئەنووسرێ لە زگی دایکیا .

٤ - حوذەیفەی کوڕی ئوسەیدی غیفاریی - رضي الله تعالى عنه - لە

(١) دانەر بە هەڵە ژمارەی (٢) ی لەبیرچوە .

(٢) رەحەم : منداڵدان .

پێغەمەرەوە ـ ﷺ ـ ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : لە پاش چل شەو کە نوطفە لە رەحەما قەراری گرت مەلائیکە ئەچێتە سەر نوطفە یا فەرمووی : لە دوای چل وپێنج شەو عەرزی خوا ئەکا : یارەببی شەقی یە یا سەعیدە ؟ ئەنووسرێن . عەرزی ئەکا : یارەببی نێرە یا مێیە ؟ عەمەلی ، ئاثاری ، ئەجەلی ، رزقی . . ئەنووسرێن ، لە پاشا صەحیفەکە ئەپێچرێتەوە نە لێی زیاد ئەکرێ نە لێی کەم ئەکرێ .

٥ ـ عیمرانی کوری حصەین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پیاوێ ـ کە خۆیەتی ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ ﷺ ـ : (یا رسول الله) ئەهلی جەنەت لە ئەهلی جەهەننەم فەرق ئەکرێ ؟ فەرمووی : بەڵێ . عەرزی کرد : کە وابێ بۆچ عیبادەت بکەین ؟ یەعنی بیکەین و نەیکەین جەهەننەمیی ئەچێتە جەهەننەمەوەو بەهەشتیی ئەچێتە بەهەشتەوە . فەرمووی : هەرکەسێ بۆچی خەلق کرابێ و چی بۆ ئاسان کرابێ ئەوە ئەکا .

٦ ـ ئەبوئەسوەدی دوئەلی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : عیمرانی کوری حصەین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پێی وتم : خەبەرم بدەرێ ئەوی ئێستە خەلق ئەیکاو خۆیی تیا ماندو ئەکا ئایا شتێکە خوا ـ عز وجل ـ حوکمی بەسەرا کردوون بە قەدەری ئەزەلی بەسەریانەوە رابوردوە یا بە کردن و نەکردنی حوججەتیان لەسەر ثابت ئەبێ و پێی مەسئول و یا موثاب ئەبن بە موجەررەدی ئەوەی کە پێغەمەرەکەیان خەبەری داونێ لە موستەقبەلا ، یەعنی قەدەری ئەزەلیی نی یە ؟ عەرزم کرد : خەیر شتێکە کە لە ئەزەلا لە سەریان

تـەقديـر كراوەو بـەسەريـانـەوە رابـوردوە لـە كـردن‌و نـەكـردنی هەركامێكی بۆ موقەددەر كرابێ هەر ئەوە ئـەبێ‌و خيلافی مـومكين نی‌یە . فەرمووی : ئەمجا ئەوە زوڵم نابێ ؟ لەوە داچڵەكيم‌و ترسام ، وتم : هەموو شتێ موڵكی خوايەو مەخلووقی ئەوە ، سوئـالی لێ ناكرێ لەوە كە ئـەيكا ، ئـەوان سوئـاليان لێ‌ئـەكرێ لـە كردن‌و نەكردنيان . كە وام وت پێی فەرمووم : رەحمەتی خوات لێ بێ بەوە كە لێم پرسيت مەقصوودم هەر ئەوە بوو كە ميقداری عەقڵی تۆی پێ تەخمين بكەم . دوو پياو لە موزەينە هاتنە خذمەت پێغەمەر - ﷺ - عەينی ئەو سوئالەی من لە تۆم كرد ئەوانيش لە پێغەمەر - ﷺ - يان كرد ، پێغەمەر - ﷺ - عەينی ئەو جوابەی دانەوە كە تۆ داتەوە . ميصداقی ئەوە ئـەو ئايـەتەيـە كە لـە سوورەتی (والشمس) دايـە مەعنای وايە : قەسەم بەو نەفسەو بەو ذاتەی كە خەلقی كردوەو فوجوورو تەقوای پێ ئيلهام كردوە ! هەركەسێ تەزكيەی نەفسی خۆی بكاو بە ئەعمالی صاليحە تەربيەي بكا ئەو كەسـە نەجـاتی ئەبێ ، هەركەسێ كە بە ئەعمالی (سيئە) تەلويثی بكا ئەو كەسە خەسارەت‌مەند ئەبێ .

٧ ـ تەرجەمەی رابورد .

٨ ـ عەبدوڵڵای كوڕی عەمری كوڕی عاص - رضي الله تعـالی عنه - ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم - ﷺ - بيست ئەيفەرموو : پەنجا هەزار ساڵ لە پێش ئەمەدا كە خوا - عز وجل - مەخلووقاتی خەلق‌كردوە ، موقەددەراتی هەموويانی ، كە چۆن ئەبن‌و چۆن نابن ، هەمووی نووسيوە ، ئەو وەختە عەرشی خوا لەسەر ئاو بوو .

٩ ـ ئەفەرموێ : کە لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ م بیست کە ئەیفەرموو : قەلبی هەموو ئینسان وەك تەنها قەلبێ لە بەینی دوو پەنجەی خوادایە ، یەعنی لە بەینی ئیرادەو قودرەتی ئەوایە ، چۆن ئیرادە بکا وا ئـەو قەلبانە وەرەگێرێ ، لە پاشا ئەیفـەرموو : خـوایا ئـەی (مصرف القلوب) قەلبی ئێمە وەرگێرەرە سەر طاعەتی خۆت .

١٠ ـ طاوس ئەفەرموێ : بە گەڵێ ئەصحابی پێغەمەر ـ ﷺ ـ گەییوم ، هەموو ئـەیانفـەرموو : کـوللی شتێـك بە قـەزاو قەدەرە . لـە عەبدوڵڵای کوری ئیمامی عومەرم بیست ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەیفـەرمـوو : پێغـەمـەر ـ ﷺ ـ فـەرمـووی : هـەمـوو شتێ بەقەدەرە ، حەتتا عاجزبوون لە عەمەل و زیرەکیش .

١١ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفەرمـوێ : موشـریکی عـەرەب هاتنـە خزمـەت پێغەمـەر ـ ﷺ ـ موجـادەلـەیـان لـە خوصووصی قەدەرا لە خزمەتا کرد ، ئەو ئایەتی (إقترب) نازڵ بوو کە مەعنای وایە : لەو رۆژەدا کە موشریکان لە جەهەننەما لـەسەر لـەپ[1] رائەکێشـرێن پێیان ئـەڵێن : عـەذابی سـەقـەر بچێژن ، ئێمە هەموو شتێکمان بە قەدەر خەلق کردوە .

ئەم سوورەتە لە مەککەدا نازڵ بوە ، ئەبوهـورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ حازری ئەو وە قعەیە نەبوە ؛ چونکی ئەو لە دوای فەتحی خەیبەر هاتە خزمەت پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە وابێ حەدیثەکەی مورسەلی صەحابییە ، لە حوکمی مەرفووعایە .

(١) بە گوێرەی تەرجەمەی ئایەتەکە دەبوو بینووسیایە (لەسەر روو . . .) بەڵام رەنگە لەبەر ئەوە وای نووسیبێ کە لەکوردیدا دەڵێن : (لەپەو روو) .

١٢ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : هیچ مەولوودێ نی‌یە کە لەسەر فیطرەتی ئیسلام خەلق نەکرێ . لە دواییدا باوكو دایکیان ئەیانکەن بە جوولەکەو بە گاورو بە مەجووس‌و بە موشریك ، چۆن مەڕو بزن بێچوولەیان ببێ هەموو ساغن ، گوێبڕاوو کەلیان تیا نی‌یە ئێوە گوێیان ئەبڕن‌و کەلیان ئەکەن ئەگەر دایك‌و باوکیان موسوڵمان بن ئەوانیش موسوڵمان ئەبن .

ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : ئەگەر هەوەستان یێنێ ئەو ئایەتە بخوێننەوە : ئەوە خەلقی خوایە کە خوا خەلقی لەسەر ئەوە خەلق کردوە ، خەلقی خوا ناگۆڕرێ ، یەعنی لە ئەزەلدا چۆنی تەقدیر کردبێ وا ئەبێ . یەکێ لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ ئەپرسێ : (یا رسول الله) ئەگەر ئەو منالانە لە پێش ئەمەدا بمرن کە ببن بە جوولەکەو گاورو مەجووس چۆنەبن ؟ فەرمووی : خوا عالمە پێیان ، لەو وەختەدا کە خەلقی کردوون ئەگەر بمێنن چی ئەکەن .

١٣ ـ ئوبەیی کوڕی کەعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەو غولامەی کە حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ کوشتی بە کافریی خەلق‌کرابوو ، ئەگەر بمایە دایك‌و باوکەکەیی تووشی طوغیان‌و کوفر ئەکرد .

١٤ ـ عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ ﷺ ـ دەعوەت‌کرایە سەر جنازەی منالێکی ئەنصار ، عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) خۆشی لە خۆی چۆلەکەیێکە لە چۆلەکەی بەهەشت هیچ گوناهی نەکردوەو نەگەییوەتە ئەو وەختەی کە گوناە بکا !

فەرمووی : یا غەیری ئەوە ئەبێ . ئەی عائیشە خوا بۆ جەننەت ئەهلێکی خەلق کردوە لەو وەختەدا کە لە صولبی باوکیانا بوون .
بۆ ئاگر ئەهلێکی خەلق کردوە کە لە صولبی باوکیانا بوون .

١٥ ـ عامیری بنی واثیلە لە ئیبن و مەسعوودەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە شەقیی لە زگی دایکیا شەقی یە ، سەعید لـە زگی دایکیا سەعیدەو = سەعید = ئەوەیە بە غەیر (متعظ) بێ .
عامیر ئەچێتە لای حوذەیفەی کوڕی ئوسەیدی غیفـاریی ، ئەم حەدیثی ئیبن و مەسعوودەی پێ ئەڵێ ، عەرزی ئەکـا : ئینسان چۆن شەقیی ئەبێ ئێشتا هیچ ئیشی خراپەی نەکردبێ ؟ حوذەیفە ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێی ئەڵێ : بۆ لەوە عەجایەبت ئەمێنێ ؟ ! من لە پێغەمەرم ـ ﷺ ـ بیست ئەیفەرموو : کە چل و دوو شەو بەسەر نوطفەدا رابورد خوا مەلائیکەیێکی بۆ ئەنێرێ تەصویری ئەکا ، گوێ و چاوو پێست و گۆشت و ئێسکی بۆ دروست ئەکا ، لە پاشا ئەڵێ : یارەببی نێرە یا مێیە ؟ خوا چۆنی ئیـرادە کردبێ حوکمی پێ ئەکـاو مەلائیکـەکە ئـەینووسێ ، ئـەڵێ : یارەببی ئەجەلی ؟ خوا چی ئیرادەکردبێ مەلائیکەکە ئەینووسێ . لەپاشا ئەڵێ : یارەببی رزقی ؟ خوا ئیرادە ئەکاو مەلایکەکە ئەینووسێ .
لە پاشا مەلایکەکە یێتە دەرێ صەحیفەکەی بە دەستەوەیـە لێی زیاد ناکرێ و لێی کەم ناکرێ .

١٦ ـ عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : حازری جەنازەیێ بووین لە (بقیـع الغرقـد)ا ، پێغەمـەر ـ ﷺ ـ تەشـریفی هاتـە لامـان ، دانیشت ئێمەیش لـە دەوری دانیشتین ، عـەصاییکی بنباخەڵی پێ بوو ، وەك مەحزوون سەری موبارەکی دانەوان بە

عەصاكەی لە ئەرزیيەوە ئەژەن ، لە پاشا فەرمووی : هیچ کەسێ نی یە لە ئێوە ، هیچ نەفسێ نی یە کە نەفەس بدا ئیللا ئەو کەسە یا ئەو نەفسە جێی لە بەهەشتا یا لە جەهەننەمدا نووسراوە ، سەعید بێ یا شەقیی بێ نووسراوە . پیاوێ [کە ئیمامی عەلی خۆیەتی ـ رضي الله تعالى عنه ـ] عەرزیکرد : کە وابێ بۆ ئیعتیماد نەئەینە سەر ئەوەی کە بۆمان نووسراوەو تەرکی عەمەل نەکەین ؟ هەرکەسێ لە ئێمە لە ئەهلی سەعادەت بێ بۆ ئەو جێیە ئەچێ کە ئەهلی سەعادەت بە عەمەل بۆی ئەچن ، هەرکەسێ لە ئەهلی شەقاوەت بێ ئەچێتە ئەو جێگەیە کە ئەهلی شەقاوەت بە عەمەل ئەیچێتێ !

پێغەمەر ـ ﷺ ـ فەرمووی : ئەهلی سەعادەت عەمەلی ئەهلی سەعادەتیان بۆ ئاسان ئەکرێو ئەیکەن ، ئەهلی شەقاوەت عەمەلی ئەهلی شەقاوەتیان بۆ ئاسان ئەکرێو ئەیکەن . لە پاشا ئەو ئایەتی (والليل) ەی خوێنەوە کە مەعنای وایە : ئەمما ئەو کەسەی کە ماڵ ببەخشێو تەقوای خوا بکا ، یەعنی ئەوامیرو نەواهی بەجێ بێنێو تەصدیقی ئاخیرەت بکا . . ئێمە رێی چاکە بۆ ئەو کەسە ئاسان ئەکەین ، ئەمما ئەو کەسەی کە بوخل بکاو ئیستیغنا بکاو تەقوا لە خوا نەکاو تەکذیبی ئاخیرەت بکا ئێمە رێگەی خراپەکردن بۆ ئەو کەسە ئاسان ئەکەین .

حەدیثی حەزرەتی عائیشەو ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە ظاهیر دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەمە کە منالی موسوڵمان مەعلووم نی یە کە ئەچنە بەهەشت . حەدیثی ئیبنو عەباسو حەدیثێکی تری ئەبوهورەیرە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە کە منالی موشریك تابیعی عیلمی خوان ؛ ئەگەر خوا بۆ جەهەننەمی خەلق کردبێ ئەچنە جەهەننەم ، ئەگەر بۆ

بەهەشتی خەلق کردبن ئەچنە بەهەشت .

حەدیثی غولامەکەی کە حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ کوشتی وا ئەگەیێنیٚ کە فەرق نی یە لە بەینی منالی موشریك و منالی موسولمانا ؛ چونکی دایك و باوکی ئەو منالە موسولمان بوو ، ئەویش (دون البلوغ) بوو . روئیاکەی پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە بوخاریی لە روئیاداو لە جەنائیزا ذیکری کردوە . . لەو روئیایەدا حەزرەتی ئیبراهیمی پیٚ نیشان دراوە کە زۆر منالی لە دەور بوو ، جوبرەئیل ـ علیه السلام ـ پیٚی ئەفەرمویٚ : ئەوانە منالی ئەون . لە پێغەمەر ـ ﷺ ـ یان پرسی : کە منالی موشریکیشی لە خزمەتا بوو ؟ فەرمووی : منالی موشریکیشی لە خزمەتا بوو . لەوەیش وا دەرەکەویٚ کە منالی موشریکیش ئەچنە بەهەشت .

نەوەویی ـ رحمه الله ـ تەوفیقی ئەم حەدیثانە ئەکا ، حاصلەکەی ئەمەیە کە (أصح) لە مەذهەبی عولەما وایە کە هەموو منال کە = لە = پێش تەکلیفا بمریٚ موکەللەف نین ، کە موکەللەف نەبن گوناهیان نی یە ، کە وابیٚ ئەچنە بەهەشت باوك و دایکیان موسولمان بن یا کافر بن . ﴿ولا تَزِرُ وازِرَةٌ وِزْرَ أخرىٰ﴾[1] پێغەمەر ـ ﷺ ـ کە فەرموویە : خوا عالمە بەوەی کە لە دوای بلووغ ئەیکەن یەعنی لە عیلمی خوادا وابیٚ کە لە دوای بلووغ موسولمان ئەبن ئەچنە بەهەشتەوە . ئەگەر لە عیلمی خوادا وابیٚ کە لە دوای بلووغ کافر ئەبن ئەو وەختە مەعنای وا ئەبیٚ کە بمێنن بە کافریی بالغ ببن لەسەر کوفر بمێنن تا ئەمرن ئەچنە جەهەننەمەوە . ئەمما ئەو

(١) الانعام / ١٦٤ . الاسراء / ١٥ . الفاطر / ١٨ . الزمر / ٧ .
واتە : تاوانی کەس ناچێتە ئەستۆی کەس و ، هەرکەس کۆڵ و باری خۆی هابە کۆڵی خۆیەوە .

وەختە کە بە منالّی بمرن موکەللەف نین بێ گوناهن ، خوا ـ عز وجل ـ بە بێ گوناه کەس عەذاب نادا ئەچنە بەهەشتەوە .

غولاّمەکەی کە حەزرەتی خضر ـ علیە السلام ـ کوشتی لەو ئایەتەدا کە ئەفەرموێ : بۆیێکم کوشت کە دایك و باوکی موسولمان بوون ، لەوە ترساین کە گەورە ببێ دایك و باوکەکە بخاتە کوفرو طوغیانەوە . . دەلالەت نییە = لەسەر ئەوە = کە لەو وەختەدا کە کوژرا موستەحەقی جەهەننەمە ؛ چونکی ئەو وەختە منالّ بوو ، موکەللەف نەبوو ، هەر لەسەر ئەوە دەلالەت ئەکا ئەگەر گەورە ببێ کافر ئەبێ ، دایك و باوکەکەیشی ئەگێرێتە سەر کوفر . ئەمما گەورە نەبوو بە منالّیی کوژرا .

ئەو حەدیثەی کە ئەفەرموێ : بە کافریی مۆر بەسەر دلّیا نرابوو مەعنای وایە ـ واللە أعلم ـ : وامۆر نراوە بەسەر دلّیا کە گەورە بوو کافر ئەبێ ، مەعنای وا نییە کە لە وەختی کوژرانیا کافر بوە .

حەدیثەکەی حەزرەتی عایشە ـ رضي اللە تعالى عنها ـ کە فەرمووی : خۆشیی لە خۆی چۆلەکەیێکە لە چۆلەکەی بەهەشت . . پێغەمەر ـ ﷺ ـ پێی فەرموو : ئەی عایشە خوا بۆ جەهەننەم خەلقێکی خەلق کردوە ، بۆ بەهەشت ئەهلێکی خەلق کردوە مەعنای وا نییە کە ئەو منالّە ئەنصارییە مەعلووم نییە کە ئەچێتە بەهەشت . مەقصوودی پێغەمەر ـ ﷺ ـ وابوە کە زەجری حەزرەتی عائیشە ـ رضي اللە تعالى عنها ـ بکا لەوە بە بێ دەلیلی قەطعیی حوکم بەسەر شتا بکا . (نووي مختصرا) .

ئەحادیثی قەدەر دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە کە هیچ شتێ قەدەر

ناگیرێتەوە ، نە : دوّعا ، نە صەدەقە ، نە عیلاج ، نە تەدبیر . فەقەط لە (لوح المحفوظ)ا نووسراوە کە ئەو کەسە (مەثەلا) ئەگەر صەدەقە بکـا حەفتا ساڵ عومری ئەبێ ، ئـەگەر نـەیکا بـە سی ساڵیی ئـەمرێ ، لـە دەفتەری قەدەردا نووسراوە کە صەدەقە ئەکاو حەفتا ساڵ تەواو ئەکا ، یا صەدەقە ناکاو بە سی ساڵیی ئەمرێ . لە (لوح المحفوظ) ا ئەو جـەزمە نی یە ، نەتیجەی ئەو قیاسە نەنووسراوە ، کە وابوو هیچ فائیدەی ئـەوە نی یە کە ئینسان بڵێ : وام بکردایە وا ئەبوو ، وام نەکردایە ئەوەم بەسەرا نەئەهات .

تم ما أردت نقله من القَدَر بعون الله وقدره
أللهم أقدر لنا إكماله !

حەدیثێکی بەدئی خەلق ماوە .

١٤٨١/٥٧ عن أبي هـريرة ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ أن رسـول الله ـ ﷺ ـ قال : الأرواح جنود مجنّدة ؛ فما تعارف منها إئتلف ، وما تناكر منها إختلف . م ـ ٦٩/١٠ . ح ـ ٣١٥/٥ معلقا عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ ومرفوعا في الأدب المفرد عن عبدالله بن صالح .

تەرجەمە :

ئەفەرموێ : ئەرواح ئەو لەشکری خوایـەیە بـە پێی ئەخـلاق و صیفاتیان تەرتیب کراون ؛ چاکیان هەیەو خراپیان هەیە ، ئەوانەی کە صیفاتیان موافیقی یەکتری بێ ، ئەخلاقیان موناسبی یەکتری بێ لە حینی خەلقیانا لە دنیادا ئولفەت بەوەوە ئەگرێ کە لە صیفاتا وەکوو ئەو بێ ، ئەوانە کە صیفات و ئەخلاقیان لە یەك جوێ بێ لە دینا ئیختیلافیان ئەبێ و ئولفەتیان لەگەڵ یەك نابێ . لە دنیادا ئینسانی چاك مەیلی ئینسانی چـاك

ئەکا . ئینسانی خراپ مەیلی خراپ ئەکا ، خوا بە ئیلهام ئەخاتە دڵیانەوە ئەگەر موئمینێ لە ناو صەد موناڧیقا بێ موئمینێکی تر بچێتە ئەو جێیە ئەچێ لە لای ئەو موئمینە دائەنیشێ ، موناڧیقیش وایە .

هەرەمی کوڕی حیببان ـ رحمه الله ـ کە ئەچێ بۆ عیراق ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەمری پێ ئەکا کە حەزرەتی وەیسی قەرەنیی ببینێ ، کە ئەگاتە خزمەت وەیس وەیس ـ رحمه الله ـ بە ناوی خۆی و باوکی یەوە خیطابی لەگەڵ ئەکا ! هەرەم ـ رحمه الله ـ عەرزی ئەکا : نەمن تۆم دیوە نە تۆیش منت دیوە چۆن ناوی خۆم و باوکمت زانی؟ فەرمووی : رۆحم رۆحی تۆی ناسی .

تم بعون الله بدء الخلق يوم السبت ١/٣/٩٤١ .

بابەت و سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپەڕە	بابەت

فضائل الأنصار

خوێنەری ئازیز !

لە کۆتایی بەرگی سێ یەمدا گلەییم لە چاپخانە هەبوو ، نووسیم : چواردە مانگە ئەم بەرگە لە ژێر چاپدایە . بەڵام وەك دەڵێن خوا خراپتر نەدا . ئەم بەرگە کە ئێستە دەکەوێتە بەردەستی تۆ (٢٤) مانگ زیاترە لە چاپخانەدایەو منیش لە ئەمسەرەوسەردام . تەنها ئاواتم ئەوەیە کە خودا ئەم رەنجەم لێ وەربگرێ و لە تای ترازووی چاکەمدا بۆم دابنێ .

لەو کاتەوە بەرگی سێ یەم دەرچوە خۆم بە چەند هەڵەیەکی چاپی کتێبەکەم زانیوەو مامۆستایان و برادەرانیش لە چەند هەڵەیەکی دیکەیان ئاگادار کردووم ، بە هیوای ئەوەی کە فەرمایشتەکانی پێغەمەر ـ ﷺ ـ و تەرجەمەکانیان لە هەڵە دوور بن . . وا لێرەدا هەڵەکان تۆمار دەکەمو تۆی ئازیزیش لە لای خۆتەوە نوسخەکەی خۆت راستبکەرەوە :

لاپەرە	دێر	هەڵە	راست
٧٤	٢	ریواتە	ریوایەتە
٨٢	٨	یستشرفە	تستشرفە
٨٥	١٨	ذوی	زوی
٨٦	٤	٤٥٣	٣٥٤
٩١	٧	نەوەی	نەوەوی

١٨٦	٨	هەرچێیکیان	هەرچێیکیان
١٩٠	١٦	تحدد منه جمال اللؤلؤ	تحدر منه جمان كاللؤلؤ
١٩٠	١٨	بلدة	[بلدة]
١٩١	٩	مدٍ	مدرٍ
٢١٣	١٢	والمسكور	والمكسور
٢٢٥	٧	نضرة الخير	نضلة الخير
٣٨٠	١٣	ئیندنی	ئیذنی
٣٩٣	٦	عەزری	عەرزی
٤٠٢	٢٢	(ام الرمان)	(أم الرومان)
٤١٩	١٧	لەگمەڵا	لەگەڵا

سوپاس

برای بە نرخم مامۆستا (أحمد عبد الوهاب) لە هەڵەگیریی ئەم بەرگەدا یارمەتیی‌یەکی دڵسۆزانەی دام ، خودا وێنەی زۆربکات.

رقم الايداع ٧٢ في المكتبة الوطنية ببغداد لسنة ١٩٨٧

طبع في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة

الجمهورية العراقية
وزارة الاوقاف والشؤون الدينية
إحياء التراث الاسلامي
- ٢٣ -

إقتران النيرين في مجمع البحرين

تاليف

ملا رشيد بيگ بابان

تحقيق

محمد علي القره‌داغي

الجزء الرابع

چاپخانه‌ى (دار الشؤون الثقافية العامة)